



# یادیک لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد
## سیاستمەدار، نووسەر و شاعیر

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- ژیاننامە ........................................................ ئا؛ بوار نورەدین سابیر ......... ٥
٢- بۆ یادی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی نەمر ........................................ بارزان شێخ عوسمان ................ ٩
٣- د.موکەڕەم تاڵەبانی لەمیانی بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانیدا ........................................................ ١١

بابەتی ساڵی: ٢٠١٥ .......................... لاپەڕەی ................. ١٦

٤- برایم ئەحمەد، لەنێوان شۆڕش و ئەدەبدا ................................................ مەحمود نەجمەدین
٥- برایم ئەحمەد، نووسەرو مرۆڤ .................................................... لەتیف فاتیح فەرەج
٦- پێشەنگی شیعری ریالیزم و پەخشان نووسی ئەدەبی کوردی ................................................ عەدنان وەلی
٧- ئیبراهیم ئەحمەد لە نێوان ڕەهەندی داهاتووبینی و وەهمی ناحەزانیدا .................. بەرزان حاجی برایم چەرمەگا

بابەتی ساڵی: ٢٠١٦ ................................. لاپەڕەی ........... ٣٠

٨- پیرەمێرد و برایم ئەحمەد و شارستانێتی ئەدەب ................................. عومەر مەعروف بەرزنجی
٩- هەندێ لەبیرەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر ....................................... مام جەلال
١٠- برایم ئەحمەد لەدیدی رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانەوە ................................................ کوردستانی نوێ
١١- برایم ئەحمەد وەک سایکۆلۆجیستی جەماوەری ................................................ حسەین لەتیف
١٢- صرخە کردستان؛ گۆڤارێکی فەرامۆشکراو ................................................ نەوزاد عەلی ئەحمەد
١٣- برایم ئەحمەد چرای روناکی ........................................................ مەحمود نەجمەدین
١٤- شوێنی ژانی گەل لەئەدەبیاتی کوردیدا ................................................ دانا عەسکەر
١٥- لەنێوان بلەی ڕۆماننوس و برایم ئەحمەدا ................................................ ئیسماعیل حەمەئەمین
١٦- گۆڤاری گەلاوێژ، دەروازەیەک بۆ رێبازی کوردایەتیی و فیکری سەربەخۆیی ......................... بارزان شێخ عوسمان
١٧- بەئیمزای مامۆستا برایم ئەحمەد ................................................ ماڵپەڕی کوردستانی نوێ
١٨- کتێبەکانی برایم ئەحمەد ........................................................ ماڵپەڕی کوردستانی نوێ



سەرچاوە
Serchawe

١٩- ئیبراهیم ئەحمەد بیبلۆگرافیا و پێرستی لەکتێبی کوردیدا ساڵی ١٩٥٩ - ٢٠١٠ .............. ماڵپەڕی کوردستانی نوێ
٢٠- رووناکی برایم ئەحمەد لەکوردستانی نوێ دا ............................................ ماڵپەڕی کوردستانی نوێ
٢١- تیۆری زیرەکی ئارتیفیشاڵی لەشیعرەکانی برایم ئەحمەد دا ................................ پ.د.زاهیر لەتیف کەریم
٢٢- کوردبوون لە شیعرێکی (مامۆستا برایم ئەحمەد)دا ........................................ سەدیق سەعید رەواندزی
٢٣- لە نێوان (شاناز و شانازی)دا ........................................................................... دیار ئەحمەد
٢٤- لە یادی ١٦ ساڵەی کۆچی دوایی ئیبراهیم ئەحمەد .................................................. مستەفا ساڵح کەریم

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٧ ................................ لاپەڕەی ........... ١٠٢

٢٥- مامۆستا برایم ئەحمەد، لە باسی پەیوەندیی ژێکاف بە(هیوا)و بیرەوەرییەکانی لەگەڵ مامۆستا رەفیق حیلمی دا .......
...................................................................................................... گۆران حکیم
٢٦- ئیبراهیم ئەحمەد لەناو رووناکیی مێژوودا ........................................................ مەحمود مەلا عزت
٢٩- ئیبراهیم ئەحمەدو رۆژنامەوانی ............................................................... نەوشیروان مستەفا ئەمین
٣٠- رێبازەکەی مامۆستا ئیبراهیم ................................................................... بارزان شێخ عوسمان
٣١- پەلکەزێرینەی خەبات و داهێنان .............................................................. کوردستانی نوێ
٣٢- چالاکییەکانی ١٧ەمین ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا برایم ئەحمەد .................................. کوردستانی نوێ
٣٣- پێناسەیەک بۆ کتێبی "برایم ئەحمەد و ستراتیژییەتی دەق" .............................................. ژینۆ عەبدوڵلا
٣٤- گەلاوێژ لەسلێمانی هەڵدێتەوە ................................................................ خەلیل عەبدوڵلا

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٨ - ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ ........... ١٤٣

٣٥- بیری نەتەوەیی لە هۆنراوەکانی(برایم ئەحمەد) دا ............................................ سامان سەلاح لەتیف
٣٦- بۆ یادی مامۆستا برایم و یادی رۆژنامەگەری کوردستانی نوێ .................................. ماڵپەڕی کوردستانی نوێ
٣٧- برایم ئەحەمەد ............................................................................... لەتیف فاتیح فەرەج
٣٨- ژن لە قەڵەمە نهێنییەکەی ئیبراهیم ئەحمەد دا .......................................................... مەریوان مەسعود



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٩

٣٩- برایم ئەحمەد؛ مەشخەڵی بیری نوێ ................................................ ماڵپەڕی کوردستانی نوێ
٤٠- ئیبراهیم ئەحمەد، باوکی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد ............................................... ڕێبین عومەر
٤١- بەها زاڵەکان لە شیعری برایم ئەحمەد دا ......... پ. د. زاهیر لەتیف کەریم - پ. د. نیان نەوشیروان فوئاد مەستی
٤٢- مامۆستا برایم ئەحمەد، مامۆستای کوردایەتیی ............................................... ماڵپەڕی خاک
٤٣- برایم ئەحمەد و ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی ............................................... سەلاحوددینی موهتەدی

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠

٤٤- برایم ئەحمەد؛ مەشخەڵی بیری نوێ ................................................ خەلیل عەبدوڵڵا
٤٥- مامۆستا!.. یادداشتێک سەبارەت بە جیهانبینیی ............................................... سوورێن ئیبراهیم
٤٦- برایم ئەحمەد، ئەو رابەرەی کە هەمیشە ڕێبازەکەی ئاوەدان و فراوانتر دەبێت ................... باززان شێخ عوسمان
٤٧- ئیبراهیم ئەحمەد، میراسێک تێکۆشان بۆ یەکێتیی نەتەوەیی ............................................ بەرهەم لەتیف



# ژیاننامە

## ئیبراهیم ئەحمەد



* ئیبراهیم ئەحمەد فەتاحزادە مستەفا، بەچەند ناوێکی تریش (بلە - برایم ئەحمەد) ناسراوە.

* ٦ - ٣ - ١٩١٤ لە سلێمانی لەدایکبووە. باوکی دۆستێکی نزیکی شێخ مەحمود بووە. رەمزی بەگی مامی ئەفسەری سوپای عوسمانی بووەو کاتی دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی شێخ، گەڕاوەتەوە سلێمانی و وەک ئەفسەرێکی رووناکبیرو بەئەزموون بەشداری ئەو خەباتەی کردووە.

* ئیبراهیم، خراوەتە حوجرەو پاشان قوتابخانەو تا پۆلی دووەمی ناوەندی لە سلێمانی و پۆلەکانی سێیەمی ناوەندی و دوو پۆلی لقی ئەدەبی ئامادەیی و کۆلێژی حقوقی (١٩٣٧) لە بەغدا تەواوکردووە، مامە رەمزی زۆر کاری تێکردووەو لە خوێندنیشدا هاوکاری سەرەکی بووە.

* لە زانکۆی بەغدا (هەمزە عەبدوڵڵا)ی ناسیوەو ساڵی ١٩٣٧ بە هاوکاری ئەو، نامیلکەی (العرب والاکراد)یان بە عەرەبی بڵاوکردووەتەوە، بە زیرەکی و وریایی نووسراوەو بەشێوەیەک باسی مافی نەتەوەکانی عیراقی کردووە کە شایەنی وەرگرتن و تێگەیشتن بێت، چەند بابەتێکی وروژاندووە کە لە سەردەمەکەیدا سەرکێشی بوون و باسی مافی چارەی خۆنووسینی کوردیشی تێدا کراوە، ئەمەش دەنگۆی زۆری ناوەتەوەو قەدەغەکراوەو هەردووکیان دراونەتە دادگا.

* سەرەتای ساڵانی سی، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کۆمەڵی (لاوانی کورد)یان لە بەغدا پێکهێناوەو دوو گۆڤاری (یادگاری لاوان) و (دیاریی لاوان)یان دەرکردووە (کە ساڵی ١٩٦٤ "پ.بوخارد برینتس"ی ئەڵمانی بابەتێکی لەسەر بایەخی ئەم قۆناغەی رۆشنبیریی کورد نووسیوە). تەمەنی هەژدە ساڵ بووە کە لە رۆژنامەی (ژیان)دا کاریکردووەو هاوڕێی نزیکی فایەق بێکەس و گۆران بووە.

* ساڵی ١٩٣٩ بە پشتیوانی کوردێکی فەیلی (محەممەد باشقە ١٨٩٠ - ١٩٨٠) مۆڵەتی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی وەرگرتووە، سەرەتا زۆربەی کاروباری گۆڤارەکەی بەتەنها راپەڕاندووە. ١٩٤٢ ناچارکراوە وەک حاکم لە شاری هەولێر دابمەزرێت و ئەوەندەی پێنەچووە گوازراوەتەوە هەڵەبجە، پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ رووناکبیرانی ئەو دوو شارەدا هەبووە. میری تەنگی پێهەڵچنیوەو ناچار ئابی ١٩٤٤ وازی لە حاکمی هێناوەو هاتووەتەوە سلێمانی و کاری پارێزەری کردووە. (عەلائەدین سوجادی ١٩١ - ١٩٨٤) هاوکاری سەرەکی گۆڤارەکە بووەو تا ١٩٤٩ بەردەوامبووەو ١١٨ ژمارەی بە ١٠٥ بەرگ لێ بڵاوبووەتەوە.

* ١٩٤٧ وەک سەرکردەیەکی دیاری پارتی دەرکەوتووەو لە ١٩٤٩ەوە نزیکی دوو ساڵ زیندانی کراوە، بەبیانووی ئەوەی خاوەنی گۆڤارەکە (زیندانی)یە، ئیتر راگیراوە.

* لە ١٩٤٤ـەوە لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی تردا، کۆمەڵەی (ژ - ک)یان دامەزراندووەو ئەمیش وەک لێپرسراوی لقەکە هەڵبژێراوە. توانیویانە لە زۆربەی کوردستاندا، لقی بەهێز بۆ (ژ - ک) و پاشان بۆ (حدک) دروستبکەن، کە بۆ یەکەمینجار خانمێک (زەکییە بابان) پۆستی سەرکردایەتی هەبووە.

* کاتێک بۆ یەکەمین کۆنگرەی پارتی بانگکراوە، حەزی نەکردووە بچێتە ریزەکانی پارتی و لقی (ژ - ک) هەڵبوەشێنێتەوە کە (حزبی دیموکراتی کوردستان) لەسەر بنەماکانی (ژ - ک) دامەزراوە، ئەوانیش لقەکەی خۆیان کردووەتە قوربانی ئەو پارتە سیاسییەو دوای ڕووخانی (کۆمار) هەر ئەم ئەندامانە، چوونەتەوە ریزی (پارتی دیموکراتی کورد - عیراق) و هەندێکیشیان چوونەتە ناو (حشع)ـەوە، ئەم کراوەتەوە بە لێپرسراوی لقی سلێمانی پارتی.

* دوای ئازادبوونی و سەرەتای مارتی ١٩٥١ بەشداری دووەم کۆنگرەی پارتی کردووە لە بەغدا، بۆچوونی زۆربەی ئەندامانی کۆنگرەی یەکخستووە، بەکۆی دەنگ وەک سکرتێری گشتی پارتی هەڵبژێرراوە. لەسەر پێشنیاری ئەم کۆنگرە ناوی حیزبەکە گۆڕاوەو بەرنامەی پێشووی بەلاوەنراوە. بڕیاریشیداوە پرۆگرامێکی نوێ و پێشکەوتوخوازی چەپتری هەبێت. لەمکاتەدا لەسەر ئەرکی خۆی رۆنیۆیەک و تایپێکی بۆ پارتی کڕیوە.

* ئەو ڕێبازە نوێیەی پارتی، بووەتە هۆی نزیکبوونە لە (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)، لە عیراقیشدا لەگەڵ (حزب وحدە الشیوعیین) و (حزبی نیشتمانیی دیموکراتی) و (حزبی شیوعیی عیراق)دا، پەیوەندی هاوخەباتی بەستووە، بەتایبەت دوای ئەوەی (حشع) دانی بەمافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد دا ناوە، کە ئامانجێکی سەرەکی ئەم بووەو پاشان لە پرۆگرامی پارتیشدا جێیکردووەتەوە.

* نێوانی لەگەڵ قازی محەمەددا هەبووەو پێشەوا بە (بیلە- بیلبیلەی چاو) ناویبردووە، ئەمیش بە (شینی پێشەوا) سۆزی بۆ لەسێدارەدانی دەربڕیوە. خەمخۆری کوردانی پارچەکانی تری کوردستان بووە، ئەوکاتەی سکرتێری گشتی پارتی بووە، هەندێک ئەندامی پارتی بۆ تورکیا ناردووە لەپێناوی خوێندن و دۆزینەوەی کەسانی کوردپەروەرو چەپڕەو، لەو سەردەمەشدا پێشوازی لە د.قاسملۆ کردووەو هاوکاری نێوانی پارتی و (حدکا)ی خۆشتر کردووە.

* لە کۆنگرەی سێیەمدا کە بەڕێبەری خۆی لە کەرکوک (٢٦ - ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣) بەستراوە، پێڕەو و پرۆگرامی نوێی بۆ پارتی داڕشتووەو بەرەو خەباتی هەموو چین و توێژەکانی بردووە، هەروەها پێشنیاری دامەزراندنی (یەکێتی)ی قوتابیان و لاوان و ژنانی کوردستانی کردووەو بەڕێنوێنی ئەم، هەرسێکیان دامەزراون. نووسینگەی داکۆکیکردنیان لەپێناوی خەباتی جیانیەتیدا کردووەتەوە، بەکردەوەش بەرگرییان لە جوتیاران کردووە، لەم خەباتەدا م.برایم ساڵی ١٩٥٤ کراوەتە ئامانجی ئاغایەک و بەخەستی بریندارکراوە.

* ساڵی ١٩٥٤ ڕۆڵی سەرکەوتووی لە یەکخستنی (حشع)دا هەبووە، هەمان ساڵ و دوای هاتنە سەرکاری (نوری سەعید) ماوەیەک خۆی شاردووەتەوەو بەنهێنی خەباتی کردووە. ساڵی ١٩٥٥ بە پێشنیاری ئەم و بۆ یەکەمجار چەند خوێندکارێکی کورد (کە سەرۆکی وەفدەکە مام جەلال بووە) نێرراون بۆ فێستیڤاڵی لاوان وخوێندکارانی جیهان لە وارشۆ، یەکێک لە ئەرکەکانیان پەیوەندیکردن بووە بە (مەلا مستەفای بارزان) لە سۆڤێت و سەرکەوتوو بوون .

* ساڵی ١٩٥٦ بەهەوڵی ئەم باڵەکانی پارتی یەکخراونەتەوەو (پ.د.ک) دروستبووە. ساڵی ١٩٥٧ ویستوویەتی سەردانی جەمال عەبدولناسر بکات. ١٦ی تەمموزی ١٩٥٨ کۆمیتەی ناوەندی (پ.د.ک) کۆبوونەتەوەو لەسەر پێشنیاری ئەم، بڵاوکراوەیەکی پشتگیرییان بۆ شۆڕشەکە دەرکردووە. لەپێناوی چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد لە دەستووری کاتیدا، ٢٧ی تەمموز بە سەرۆکایەتی م.برایم و نوێنەری شارەکانی کوردستان، سەردانی بەغدایان کردووە. هەوڵی زۆریان داوە ئۆتۆنۆمی بخەنە دەستووری کاتییەوە، کە سەرکەوتوو نەبوون و توانراوە برگەی (کوردو عەرەب هاوبەشن لە نیشتماندا...) بخرێتە دەستوورەکەوە. دیداری بارزانی لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا ڕێکخستووە، کە سەرییەشەیەکی زۆری بۆ م.برایم دروستکردووە، بەتایبەت لای عەبدولکەریم قاسم.

* رەزامەندیی رۆژنامەی (خەبات)ی وەرگرتووەو یەکەم ژمارەی لە ٤ - ٤ - ١٩٥٩ دا دەرچووە، کە بڵاوکراوەیەکی رۆژانەی پڕتیراژی پێشکەوتووخواز بووە. زۆربەی سەروتارەکان خۆی نووسیونی و سەرپەرشتی هەموو بەشەکانی کردووە، پەیداکردنی چاپخانەکەش هەر بە دەستپێشکەری و کۆششی ئەم بووە. دواتر ئیمتیازی (خەبات)ی داوە بە پارتی و مۆڵەتی رۆژنامەی (کوردستان) وەرگرتووەو مام جەلال تاڵەبانی کردووەتە سەرنووسەری، کە تەنها پێنج ژمارەی لێدەرچووە.

* وەک سەرکردەیەکی خەباتی شاخ، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ کردووە، تا ١٩٦٤ کە بەناوی (باڵی مەکتەبی سیاسی) لە پارتی جیابوونەتەوە، ناکۆکییەکە تا ١٩٧١ بەردەوامبووەو ئەوسا بوونەتەوە بەپشتگیری شۆڕش.

* پاش ١٩٧٥ لە لەندەن نیشتەجێبووە. چالاکییەکانی دە ساڵی دوایی تەمەنی لەپێناوی چالاکی کوردستانی گەورەدا تەرخانکردووەو گۆڤاری (چریکەی کوردستان)یان دەرکردووە.

* ئێوارەی ٨ - ٤ - ٢٠٠٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کردو لە (گردی سەلیم بەگ - سلێمانی) نێژراوە.

* ئیبراهیم ئەحمەد دوای شێخ مەحمودی حەفید، بە دیارترین سیاسەتمەداری کوردستانی عیراق دادەنرێت، بەتایبەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا. لەبواری نووسیندا سەرەتا وەک رۆمانتیکێکی شۆڕشگێر دەرکەوتووە، دواتر چووەتەسەر رێبازی ریالیزم، ئەوسا وەک پەخشاننووسێکی کارامە دەرکەوتووە. شاعیرو کوردیزانێکی باشبووەو چەندین داهێنانی لە وشەسازیی کوردیدا کردووە.

* لە رۆمان و چیرۆکنووسیندا پێشەنگی سەردەمەکەی بووە، کوێرەوەری و ژانی گەل و دواتیری کەوان، نموونەی شاکارە ئەدەبییەکانی ئەمن، تا ساڵی ٢٠١٠ نزیک بە ٢٦ کتێب و سیپارەی چاپکراوی هەیە (رۆمان، کورتەچیرۆک، وەرگێڕان، شیعرو پەخشان، مێژوو، زمانەوانی و رۆژنامەگەری... هەندێکیان چەندجارێک چاپکراونەتەوە)، ١٧ کتێبی سەربەخۆ لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی و لە ٢٦ کتێبیشدا، بابەتی لەبارەوە نووسراوە.

* ساڵی ٢٠٠١ رێکخراوی (ئیبراهیم ئەحمەد) دامەزرا، کە ساڵانە (خەڵاتی بلە) پێشکەش بە کەسایەتییە دیارو سەرکەوتووەکان دەکات. ساڵی ٢٠٠٧ (جەمیل رۆستەمی) کاری دەرهێنانی بۆ رۆمانی (ژانی گەل) کردو لەلایەن (کۆمپانیای سولی فیلم)ـەوە بەرهەمهێنرا.

سەرچاوە:

* پوختەی ژیاننامەی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر، مام جەلال تاڵەبانی، بڵاوکراوەی مەکتەب ڕێکخستنی (ی.ن.ک)، سلێمانی، ئۆفسێتی ڕووناکبیری، ٢٠٠١.

* ڕۆژنامەی ژیان، چوارەم بەرگ - بەشی یەکەم، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، بنکەی ژین - سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٢.

ژانی گەل، برایم ئەحمەد، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ (ئاراس)، هەولێر، ٢٠١٠، پێشەکی: کەمال فوئاد، کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد: جووتیار؟

* ئیبراهیم ئەحمەد - بیبلیۆگرافیاو پێڕستی لە کتێبی کوردیدا ١٩٥٩ - ٢٠١٠، ئا: بوار نوورەدین (دەستنووس)

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپەیلی ٢٠١٦

-------------------------------------------------------

## بۆ یادی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی نەمر



بارزان شێخ عوسمان

سەرکردەی نەمر مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەسەردەمێکی زۆر ناسک و پڕ کێشمەکێشمی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیدا هاتە مەیدانی خەبات کەکەرتەکان هەمووی تێکەڵبوون و جیاکردنەوەی هەروا ئاسان نەبوو.

کورد بەدەست هەردوو کێشەی نەتەوایەتی و چینایەتییەوە دەینالاند، کەلتووری دەرەبەگایەتی بەسەر کۆمەڵدا زاڵبوو،

ئابووریی ولات لاوازو بێ هێز بوو.

دەزگاو دامەزراوەکانی ولات بەجێماو و میراتگری سەردەمی عوسمانلی بوون، هەرەشەکان لەهەموولایەکەوە ئاراستەی گەلەکەمان دەکرا، فیکری سیاسیش لەکوردستان بگرە عیراقیشدا بەرچاوڕوونی تێدا نەبوو، بۆیە بلیمەتی ئەم رۆڵە هەڵکەوتووەی گەلی کوردستان لەوەدا دەرکەوت کەهەم فیکری سیاسی خستەسەر شاڕێی خۆی، هەم نەخشەیەکی رێگەشی دانا بۆ مامەڵەکردن لەتەک رووداوەکانی ئەو سەردەمەدا.

سیاسەتمەدارو رووناکبیرو ئەدیب و پارێزەرو رۆژنامەنووس مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد زۆر شارەزایانەو وەک سیاسەتمەدارێکی بەئەزموون لەهەموو مەیدانەکاندا کاریکردو شەڕی هەموو بەرەکانی بەقەڵەم و بیرە رووناک و کراوەکەی کرد.

لەسیاسەتدا، دیموکراسی و پێکەوەژیان و بیری کوردایەتییەکی مۆدێرن و پێشکەوتنخوازو شارستانیی کردە هەتوانی هەموو برینەکان و رێگەچارەی کێشەی نەتەوەیی و چینایەتی لەکوردستان.

لە ڕووناکبیری و ئەدەبدا، بووژانەوەو هەڵکردنی چرای ئازادی دەربڕین و سوودوەرگرتن لەئەدەبی جیهانی کردە رێنما بۆ پێڕاگەیشتنی کورد بەڕووناکبیری و رۆشنبیریی شارستانی و پێشکەوتوو.

لەپارێزەریشدا، قانوون و کارکردن بەبنەماکانی قانوونی کردە ئەو چەکەی کەمافی بەشخوراوان بگەڕێتەوەو بسەنرێتەوە، هەر بەو چەکەش داکۆکی لەچینی هەژارو چەوساوەی گەلەکەی دەکرد.

لەڕۆژنامەنووسیشدا، لەرێی گۆڤاری گەلاوێژەوە پانتایی و رووبەرێکی فراوانی رەخساند بۆئەوەی رۆژنامەگەریی ببێتە ئەو دەلاقەو کلاوڕۆژنەیەی کەکورد بتوانێت داواکانی خۆی بخاتەڕوو بەئازادی رادەربڕینیش ئاشنابێت.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی نەمر لەهەموو بەرەکانی بەرەنگاری و شەڕدا کوڕو رۆڵەی ئەو بەرەیە بوو کەشەڕی تێدا دەکرد، چ سیاسەت، چ پارێزەری، چ رۆژنامەگەریی. ئەو لەسالانی پەنجاو شەستی سەدەی رابردوودا شەڕێکی گەورەی بردەوە لەداکۆکیکردنی لەمافەکانی گەلی کوردستان کەشۆڤێنییەکانی نەتەوەی سەردەست دژی کورد بەرپایان کردبوو، ئەویش لەڕێی وەلامدانەوەیان لەڕێی زمانحاڵی پارتییەوە لەو سەردەمەدا.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کەیەکەم سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد بوو و دواتر بووە پارتی دیموکراتی کوردستان. بەڵگەنامە مێژووییەکانی کردبووە چەکێکی بەهێز بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد لەعیراق کە بەرهەم و نووسینەکانی ئەو سەردەمەی تائێستاش گەنجینەیەکی بەنرخ و گرنگن.

مامۆستای نەمر پەیامی کوردایەتی بەپەیامێکی پڕ بەهای مرۆڤایەتی و یەکسانیی مرۆڤەکان لەئەرک و ماف و بەدیهێنانی کۆمەڵێکی یەکسان و وەک یەک سەیر دەکرد، کوردایەتیشی لەڕیزی پێشەوەی هەر مەسەلەیەکدا دانابوو تا ئەو رۆژەشی ماڵئاوایی یەکجارەکی لەنەتەوەکەی و چینی نەدارو هەژاران و رەنجدەرانی بیروبازو کرد لەپێناویدا خەباتی کردووە بۆ ساتێکیش لەو خەبات و تێکۆشانەدا وچانی نەداو سازشی نەکرد. ئەمڕۆش نەوەکان لەکوردستان شانازیی بەو ئیبراهیم ئەحمەد-ەوە دەکەن کە لەدوێنێیەکی پڕ لەسەختی و زەحمەت و ئاڵۆزیدا بەتاقی تەنیا هاتە مەیدان و لەسیاسەت و رووناکبیری و قانووندا گەورەترین خزمەتی نەتەوەکەی کردو چەندین تێکۆشەرو سیاسی و رووناکبیری پێگەیاندو گەنجینەو سامانێکی لەتەواوبوون نەهاتووی بۆ نەتەوەکەی جێهێشت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٠

-----------------------------------------------

**د.موکەڕەم تاڵەبانی لەمیانی بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانیدا (١٩٢٣ - ١٩٥٨):**
**شاکارە شیعرییەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەزیندانی بەغدادەوە سەرچاوەی گرت**



بەمەبەستی تیشک خستنەسەر نزیکەی هەشت دەیە لەژیانی تایبەتیی خۆیو رووداوە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانو عیراقو بەستنەوەیان بەڕووداووەکانی ناوچەکەو جیهانەوە، د. موکەڕەم تاڵەبانی کەسایەتیی سیاسیی ناوداری کورد بەمدواییانە بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیووەتەوە، بەوپێیەی بۆخۆی لەچەند دەیەیەکی ئەو مێژووەدا کارەکتەرێکی گرنگی سیاسیی بووە لەسەر ئاستی عیراقو کوردستانو لەهەندێک قۆناغی گرنگی ململانێو گفتوگۆکانی عیراق لەگەڵ

کوردستانو وڵاتانی دەوروبەردا رۆڵی میانگیریی بینیووەو لەبیرەوەرییەکانیدا بەدۆیکۆمێنتەوە تۆماری کردوون، کوردستانی نوێ بەپێویستی زانی بەرێککەوتن لەگەڵ نووسەردا پوختەیەکی ئەو بیرەوەرییانە بڵاوبکاتەوە.

**بەشی چوارەم - بەرگی دووەم**

**ئا: محەمەد مێرگەسۆری**

رۆژێکیان «منو جەمال حەیدەریو نافع یونسو ئەحمەد غەفورو یوسف حناو سابیر قادرو مەجید شێخ جەلالو توما شابە«یان لەژوورێکدا کۆکردوە. ئەمە ئەوەی گەیاند کە بۆ دادگاکردنە. دەمانزانی دادگاییکردن تەنها بۆ چاو بەستەکییەو سزا لەجێگایەکی تر دەردەچێ، جەمال حەیدەری لەبنەماڵەی حەیدەری (ماوەران)ە خۆیو براکانی، هەر لەسەرەتای ژیانیانەوە رێگای خەباتی شۆڕشگێرانەیان گرتەبەر. جەمال خوێندنی سەرەتاییو ئامادەیی لەشاری هەولێر تەواوکرد، دواتر چووە کۆلێژی پەروەردە لەشاری بەغداد، لەوێش لەڕیزی خەباتکەرانی حزبی شیوعی درێژەی بەخەباتدا. رۆژێکیان عەمیدی کۆلێژ «نازناوی هاشمی هەبوو» لەسەر چالاکی سیاسی بێ شەرمانە لەکچێک بەناوی (ئایدن الرحال) دەدات. جەمال حەیدەری لەوە بێدەنگ نەبوو و بەعەمیدی وتبوو: شەرم ناکەیت دەست لەکچان بەرز دەکەیەوە، ئەگەر پیاوی وەرە لە من بدە. عەمید ئەنجومەنی کۆکردەوەو بڕیاری دوورخستنەوەی جەمال حەیدری لەکۆلێژ دەرکرد. بەمەش کۆڵی نەداو خۆی تەرخانکرد بۆ چالاکیو خەباتی رێکخراوەییو حزبی. لەم بنەماڵەیەدا، هەر یەک لەعاسمو جەمالو جەمشیدو ساڵح لەڕیزی پێشەوەیی خەباتکراندا جێگایان وەرگرتبوو. هەر لەم بنەماڵەیەدا تاهیر حەیدەری وەکو کاربەدەستێکی دەستپاکو میللەتپەروەرو بەوەفا ناسراوە. نافع یونس کوڕی شێخ یونسی هەولێرییە، کە بەمرۆڤێکی ئاینداری بەڕێز ناسرا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کچەکانی یەکەم کچی هەولێر بوون، کە کۆتی کۆمەڵایەتیان شکاندو هاتنە ریزی خەباتکەرانەوە. نافع خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی لەهەولێر تەواوکرد، هەر لەو ماوەیەشدا پەیوەندی بەشیوعییەکانەوە کرد، کە رابەری ئەو سەردەمە لەهەولێر مەلا شەریف بوو، نافع لەپاش تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، هاتە کۆلێژی حقوق لەشاری بەغدادو لەسەر خەبات بەردەوام بوو، لەپاش کۆتایی هێنان بەخوێندنی کۆلێژ، هاتە کەرکوک، وەکو سکرتێری لیژنەی کەرکوکو ئەندامی لیژنەی لقی حزبی شیوعی لەکوردستان دەست بەکاربوو. ئەحمەد غەفور لەبنەماڵەی بابانە، بەڵام لەدەوڵەمەندانی نەبوو، مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو، بووە سکرتێری لیژنەی سلێمانیو ئەندامانی لیژنەی لقی کوردستانی حزبی شیوعی عیراقی. موکەڕەم تاڵەبانی لەبنەماڵەی تاڵەبانییە لەساڵی ١٩٢٣ لە گەرەکی بەرتەکیە لەشاری کەرکوک هاتۆتە دونیاوە، لەتەمەنی یەک ساڵی چووتە دێی زەرداو، کە ٢٣ کیلومەتر لەباشووری شاری کفرییەوەیە. لەساڵی ١٩٣١ چووە خوێندنگای سەرەتاییو لەساڵی ١٩٣٧چووە خوێندنگای ناوەند لەکەرکوکو لەگەڵ هاوڕێیانیدا، کۆمەڵەی دارکەریان دامەزراند، پاش ساڵێک بووە حزبی هیوا بەسەرۆکایەتی مامۆستا رەفیق حیلمی. لەساڵی ١٩٤٣چووە کۆلێژی حقوقو لەساڵی

١٩٤٦ بڕوانامەی قانوونو سیاسەی وەرگرتو بووە ئەندامی حزبی شیوعی عیراق، هاوکات بووە پارێزەر لەکەرکوکو لەدادگای کەرکوک پارێزگاری لەسەرکردەکانی مانگرتنی کرێکارانی نەوت کرد. لەساڵی ١٩٣٧ لەدادگایی سزای شاری بەغداد پارێزگاری لەهاوڕێ فەهدو هەڤاڵانی کرد.

سابیر قادر، خەڵکی شاری» کۆیە«یەو لەشاری کەرکوک ماموری فەرمانگەی ئاوەدانکردنەوە بوو، هاتە ناو ریزی حزبی شیوعییەوە.

مەجید شێخ جەلال قەرەداغی باوکی لەکەرکوک فەرمانبەر بوو، لەخوێندنگا دەیخوێندو بووە ئەندامی حزبی شیوعی. تۆما شابە لەکۆمپانیای نەوت شۆفێر بوو، لەبەرئەوەی فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو بوو، بۆ ماوەی شەش مانگ، لەدێیەکی کوردستان بەنهێنیٔ مایەوە. لەو ژوورەی کۆکراینەوە، لەبەر دەرگاکەی عەریفی ئاسایش ئەبو حەمیدو هاوڕێیەکەی لێ بوو، هەرجارێک، کەدەردەچووین بۆ سەر دەستشۆری، بەزۆر پیاڵەیەکی چای دەرخوارد ئەدام، کە پێیان ناخۆش بوو، بەڵام ئەبو حەمید خۆی بەموریدی شێخانی تاڵەبانی دادەناو ئەمەی بەبچووکترین خزمەت دەزانیو لەپاراستنی ژوورەکانو کاروباریان بەولاوە ئەرکی تریان نەبوو. لەپێش دادگاییکردن قژی سەرم زۆر هاتبوو نەمویست بەمجۆرە بچمە دادگا، سەرتاشێکی لێ بوو، کە دەرکراین بۆ سەر دەستشۆری، چووم سەرم تاشی. زۆر سەیر بوو، کە نافع یونس بەرپرسیی حزبیم بوو، کردیە مشتومڕ لەگەڵمدا، کە چۆن بەبێ پرس سەرم تاشیوە؟.

### لەبەردەم دادگایی عورفیدا

ڕۆژێک ئاگاداریان کردین، کە بۆ بەیانی ئامادەبین بۆ بردنمان بۆ دادگا. لەسەعات ٩ ئەو ڕۆژە بەئۆتۆمبێلێکی ڕەشی داخراو براینە دادگا. سەرۆکی دادگا عەقید عەبدوڵڵا نەعسانی بوو، بەدادوەرێکی بێ ئابڕووی دوژمنی نیشتمانپەروەران ناسرابوو، کە کراینە قەفەسی تۆمەتباران، هەر لەسەرەتاوە بەپێی ریز بەندی سزادان ریز کراین، چونکە سزا لەتەحقیقاتی جینائییەوە دادەنرا، ریزی یەکەم: جەمال حەیدەریو نافع یونسو ئەحمەد غەفور بوون.

ریزی دووەم: من و سابیر قادر بووین.

ریزی سێیەم: تۆما شابەو مەجید جەلال بوون، لەدوای تۆمارکردنی ناوو ناونیشانمان، دادوەر دەپرسێت تاوانباریت؟

لەوەڵامدا: نا.

نەعسانی داوای کرد شایەد مالک سیف بانگ بکەن، کە چاوم پێکەوت، ناسیمەوە. جارێک هاتە کەرکوک ویستی فانع یونس ببینێت، من بەماڵی نافعم نەدەزانی، یان خۆی دەهاتە ماڵم یان یوسف حنا، حەلقەی پەیوەندیم بووەو یوسف بەو ناوە، لەنووسینگەی پارێزەریمدا سکرتێرم بوو، ئەو گەیاندیە لای نافع. مالک سیف، یەک یەک بەرپرسیاری حزبیمانی بۆ دادوەر ژماردو ئەوەشی وت: کە لەکەرکوک هاتە لام. وتی: پێیان وتبووم ئەگەر موکەرەم لەوێ نەبوو، لەچێشتخانەکەی عەلی بەگ یەکێکی قەڵەو هەیە ناوی مەهدی حەمیدە، لەڕێگای ئەوەوە دەتوانێت نافع یوسف ببینێت. لەدوای مالک، فوئاد بەهجەت-یان بانگکرد، بەشەرمەوە ئەوەی لەسەرمانی دەیزانی، بەدادگای وت. مەجید رەئوفیش زمانی دەگرت، کە بەرامبەر ئێمە وەستا، بەتەواوی لاڵ بوو.

دوای ئەوانەی ناوم بردن، دادگاییکردن گەیشتە ئێمەو لەڕیزی یەکەمەوە دەستی پێکرد تاکو ریزی دوایی، هەرچەندە دانمان بەئەندامێتی حزبی شیوعی نەنا بوو، پارێزگاریمان لەبیروباوەڕی نیشتمانی کرد.

نەعسانی پێی دەوتین: «احجو شما تحجون»بەنووسەرەکەشی دەوت: ئەمانە تۆمار مەکە، کە لێ بووینەوە، دواجار دادگا بڕیاریدا، ریزی یەکەم دە ساڵو ریزی دووەم حەوت ساڵو ریزی سێیەم بەدوو ساڵ زینداننییکردن سزا دراین، لەکاتی خوێندنەوەی بڕیاری حکومداندا، ناوی مەجید جەلال نەبوو، نە بەسزاو نە بەئازادکردن، مەجید وتی: ناوم نەهات، من چی بکەم؟ دادوەر بەبێ ئەوەی ناوی بپرسێت وتی: بڕۆ تۆش دوو ساڵ حوکم درای.

### لەبەندیخانەی سەرەکی بەغداد

عەبدولڕەزاق عەبدولغەفور بەحوکمی تاوانباریو سزاوە لەگەڵماندا هاتە بەندیخانەی سەرەکی بەغداد، کە لەگەڕەکی (العیوضیە)ی نزیکی باب المعظم بوو، تاکو چۆن چۆنی کارکردنیان بەرامبەرمانیان پێ بڵێت. هەر کە گەیشتین، جلەکانمانیان لێسەندو جلی بەندیخانەیان داینێ، یەکێک شەڕواڵی پانو کورتو کراسی تەسکو یەکێک شەڕواڵی تەسکو کراسی پانوپۆڕ، بەجلی تانجیش نەدەشیا؟. سەرتاشێکیان ئامادەکردبوو، بەزۆرداری موویان بەسەرمانەوە نەهێشت.

لەجیاتی زنجیر تاوانبارانی دزو پیاوکوژ، ئەوەشیان پێ ڕەوا نەبینین، دوو زنجیرو لەنێوانیاندا شیشێک بەدرێژایی ٣٠ سم، لەلایەن ئاسنگەرەوە لەپێمان داکوترا، کە نەماندەتوانی هەنگاوێک بڕۆینو نە پێشمان جووت بکەین. بەمجۆرە وەکو منداڵێک کەتازە پێ بگرێت بەهەزار حاڵ گەیشتینە ئەو بەشەی، کە بۆ شیوعییەکان دانرابوو، هەر گەیشتینە لای ئەوانە لەپێش ئێمەدا سزادرابوون، بەزرەی زەنجیرەوە پێشوازیان لێکردینو پێخەفەکانیان لێ وەرگرتینو جێگایان بۆ ئامادەکردینو ئاو و چایان بۆ هێنایین. لەوانەی کە دەمناسین خلوق ئەمین زەکیو عەبدول جەبار شوکت سریو سوبحی محەمەد قوبانجیو



سەرچاوە
Serchawe

جەعفەر ئەبو لعیس...تاد. بوون.

لەدوای چەند رۆژێک کەسوکار بۆ دیدارمان هاتن، کە دەریانهێنایین وەکو منداڵی یەکساڵان، بەتاتی-تاتی یاخوا بەخێرهاتی، پێیان گەیشتینو پێداویستیی وەک بەرگو خۆراکیان بۆ هێنابووین. لەدوای ئەوە، بەچەند رۆژێک، هاوڕێیانم جەمال حەیدەریو فائق یونسو ئەحمەد غەفورو مەجید جەلالو توما شابەیان دەرهێنرانو لێمان جیاکرانەوەو بەسەر بەندیخانەی (نوگرە سەلمان)و (بەندیخانەی کوت)دا دابەشکران. بەڵام من لەبەندیخانەی سەرەکی بەغداد مامەوە، لەبەرئەوەی لەپایەی حزبیدا لەهەموویان باڵاتر بووم، بەرپرسیاری رێکخستنی حزبیو کاروباری ژیانی رۆژانەیان لەناو بەندیخانەدا خستە ئەستۆی من.

بۆیە رۆژ بەرۆژ، دەستە دەستە، شیوعیو نیشتمانپەروەرانیان بەسزای جۆراوجۆر دەئاخنیە ئەو بەندیخانەیە، هەر لەدوو ساڵەوە تاکو زیندانی هەتاهەتایی تێدابوو، لەبەر ئەوە ئەمە وەکو وێستگەی گواستنەوەی لێهاتبوو، ئەو بەندکراوانە چەند رۆژێک دەمانەوەو لەپاش بینینی کەسوکاریان، دەگوێزرانەوە بۆ بەندیخانەی نوگرە سەلمانو کوت. بەڵام ئەوەی واستەی هەبوایە، لەبەندیخانەی سەرەکی بەغداد دەمایەوە. ئەم بەشەی بەندیخانە بریتیبوو لەچوار ژوورو حەمامو دەستشۆریو حەوشێکی تەسک لەبەردەمیاندا هەبوو. بەڕێوەبەری بەندیخانە موقەدەم ساڵح فەوزی بوو، کە لەکاتی خۆیدا لە لەشکردا ئەفسەر بوو، بەنەتەوەپەرستی ناسرابوو، لەبەرئەوەی هاوکاری ئینقلابەکەی رەشید عالی گەیلانی کرد بوو، لەپاش سزادانو ئازادکردنی پەشیمان ببووەوەو کرایە بەڕێوەبەرەی بەندیخانەی بەغداد، زۆر دڕندە نەبوو، بەڵام دژی شیوعی بوو. هەروەها ماموری بەندیخانە ملازم سەعدون محەمەد رامز بوو، کە ئەویش لە لەشکر دەرهێنرا بوو و کرابووە مأموری ئەم بەشەو و گرتوخانەی گشتی، کە لەئێمەوە نزیک بوو، لەگەڵ ئێمەشدا باش بوو، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو مأمورێکی تری رووگرژو توندڕەو بەناوی عەبدول فەتاح سەعدون هات، هەموو رۆژێک کێشەیەکی بۆ دەنایەوە، تاکو رۆژێک لەهیچەوە شەقا زللەیەکی لەعەلی فەتاح دەیبیدا، کە دزییەکان زۆربەیان بەرەو ئاراستەی نیشتمانپەروەریو نەتەوەیدا دەرۆیشتن، وەکو کوڕانی عەزیز ئاغا برایمو جەوهەرو کانەبیو کوڕانی حەمەد ئاغا نوریو عزەدینو کوڕانیو لەدوایشدا وەچەکانیان لەوانەی هێنرایە ئەم بەندیخانەیە، حسێن بەگی جاف وارماوە بوو، کە بەتاوانی شیوعی بەدوو ساڵ زیندانی سزادرا بوو، عەلی کوڕێکی هێمنو عاقڵ رووخۆش بوو، لەدوای ئازادبوونی لەبەندیخانە، بەچەند ساڵێک چووە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان. لەوانەی لەوێ مانەوە شەریف شێخو عەبدول رەحیم شەریفو حسێن الرچی (سەلام عادل) بوون. لەدوایشدا مامۆستایان خوالێخۆشبوو برایم ئەحمەدو خەلیل هوشیار بەتاوانی ئەندامەتی لەلیژنەی هاوکاری لەگەڵ حزبی شیوعیدا، بەدوو ساڵ زیندانی سزا درابوون. بۆیە کە لەو بەندیخانەیە، کە مامۆستا برایم ئەحمەد، گوێ لەزرەی زنجیری پێی ئێمە بوو، کە دڵمان لێی نەدەلەرزی، لەدڵیدا جێگیر ببوو، کە دواتر شاکارە شیعری (لەزرەی زنجیر دڵت نەلەرزێ)یی، نووسی.

ئێمە زۆر بەرێزەوە پێشوازیمان لەمامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو خەلیل هوشیار کردو ئەوانیش لەناو ئێمەدا خۆیان بەغەریب نەدەزانی. بەڵام کە حەمید عوسمان لەدژی فەرماندەی شەرعی حزب لەبەندیخانەکاندا ئینقلابی کرد، سەرۆکی سەندیکای کرێکاران عەبدول موحسین عەبدول جەباری بەناوی نەخۆشی لەبەندیخانەی کوتەوە نارده بەغدادو بەرپرسیاری ئەم بەشەی بەندیخانەی لەمن سەندو کارو کردەوەکانی لەگەڵ غەیرە شیوعییەکاندا بەعاقڵانە نەبوو، بۆیە هەر کە هات،

شیوعییەکانی لەنیشتمانپەروەرانی تر جیاکردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

---

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٥

---

### برایم ئەحمەد، لەنێوان شۆڕشو ئەدەبدا




مەحمود نەجمەدین

برایم ئەحمەد لە ٦ - ٣ - ١٩١٤ لەبنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی لەدایکبووە، ڕەمزی فەتاح کە ئەفسەرێکی کورد بووەو مامی مامۆستا برایم ئەحمەد بووە، کاریگەریی زۆری لەسەر لایەنی ڕۆشنبیربوونی برازاکەی هەبوو، هەربۆیە زوو ڕەوانەی قوتابخانەی دەکات.

ئەم کاریگەرییەی مامی تا قۆناغەکانی دواناوەندیی خوێندنی هەر بەردەوام بوو، لەساڵی ١٩٣٧ لەشاری بەغدا کۆلیژی

یاسا تەواو دەکات. هەر زوو مامۆستا برایم ئەحمەد لەشاری سلێمانی گوێبیستی سروودو هۆنراوەی نیشتمانپەروەرانو هەواڵی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر بووە، هەروەها بۆردومانی شاری سلێمانی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە کاری تێکردووە، جگە لەو هەلومەرجە تایبەتییەی ئەوکاتەی سلێمانی، (مامە رەمزی)یشی رێبەرایەتی کردووە بۆ ئاشناکردنی بەخەباتی رزگاریی و نەتەوایەتیی. لەساڵانی سییەکانداو لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کورد لەبەغدا گرووپێکی پێکهێناوە بەناوی (لاوانی کورد)و گۆڤارێکیشی بەناوی (دیاریی لاوان) بڵاوکردۆتەوە. مامۆستا برایم ئەحمەد بەدامەزرێنەری و لێپرساوی (ژ.ک) لەکوردستانی باشوور دەناسرێت، کە سەر بەمەڵبەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی رۆژهەڵات بووە، کە سەرەوەری دامەزراندنی کۆماری کوردستان (مەهاباد ١٩٤٦)ی هەیە.

لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا توانیبووی لەزۆر ناوچەی کوردستان لق بۆ (ژ.ک)و پاشان بۆ (حدک) بکاتەوە. پاش رووخانی کۆماری مەهاباد لەساڵی ١٩٤٧ دا مامۆستا برایم ئەحمەد بەسەرۆکی لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

### ناچاربوو شاری بەغدا بەجێبهێڵێت

لەساڵی ١٩٤٨ پاش ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی عیراق بەربوونە گیانی شۆڕشگێڕانی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان، برایم ئەحمەد بۆ ماوەی ساڵو نیوێک بەندکرا. ئەوکاتەی ئازادکرا تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ی عیراق رێگای خەباتی نهێنی گرتەبەر. لەشوباتی ساڵی ١٩٥١ لەمیانەی کۆنگرەی دووەمی پارتی لەشاری بەغدا بەکۆی دەنگ کۆنگرەی پارتی برایم ئەحمەدی بەسکرتێری گشتی پارتی هەڵبژارد. هەر لەمیانەی هەمان کۆنگرەدا لەسەر پێشنیازی ئەو ناوی (پدک) گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان-عیراق.

لەسەر کارو چالاکی رامیاری لەهاوینی ساڵی ١٩٥١ لەسلێمانییەوە بۆ کەرکوک گوێزرایەوە. لەساڵی ١٩٥٣ کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرێبەرایەتی برایم ئەحمەد کراو لەم کۆنگرەیەدا دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتان و لاوان و قوتابیان پەسەندکرا.

لەساڵی ١٩٦١ برایم ئەحمەد وەک سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانو سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات کاری دەکرد، پێش داخستنی رۆژنامەی خەباتو هەڵگرتنی مۆڵەتی پارتی لەکۆتایی ساڵی ١٩٦١، ناچاربوو شاری بەغدا بەجێبهێڵێت و خۆی بشارێتەوە.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول روویکردۆتە شاخ و لەڕووی سیاسییەوە شۆڕشەکەی بەڕێوەبردووە.

لەساڵی ١٩٦٤ تا ساڵی ١٩٧١ سکرتێری باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، پاش هەرەسی شۆڕشەکە رووەکاتە هەندەرانو زۆربەی ژیانی لەشاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا گوزەراندووە.

## ژیانی ئەدەبی و رۆژنامەنووسی

برایم ئەحمەد هەر لەسەرەتای ژیانییەوە دەستی داوەتەکاری نووسینو کاری رۆژنامەنووسی، هەربۆیە لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا لەرۆژنامەی (ژیان) کاریکردووەو نوبەری نووسینەکانی لەوێ بڵاوکردۆتەوە. لەبەر شارەزایی نووسین حاجی تۆفیق (پیرەمێرد)ی شاعیرو خاوەنی رۆژنامەی ژیان لەنووسینێکدا ستایشی برایم ئەحمەد دەکاتو دەڵێت: «ژیان چاوەڕێی ئەم کوردییە رەوانەیە، پیرەمێردیش بەهیوای نەوجەوانانە. کاتیکێش خوێندن تەواو دەکات، دیسان پیرەمێرد باسی دەکاتو دەڵێت: «لەخوێندەوارە هەڵبژێردراوەکانمان برایم ئەحمەد کە کۆلێژی مافی تەواوکردووە.»

لەساڵی ١٠٣٩ بۆ ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ مامۆستا عەلادین سەجادی گۆڤاری (گەلاوێژ) دەردەکەن، هەربۆیە ناچار دەبێت لەساڵی ١٩٤٤ دەست لەکاری حکومی هەڵبگرێت. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری رزگاریی پێبەخشراو هاوکات بەرپرسیارێتی رۆژنامەی (خەبات)یشی دەکرد.

برایم ئەحمەد بێجگە لەو رۆژنامانەش خاوەنی رۆژنامەی (کوردستان)یش بوو، کە جەلال تاڵەبانی زاوای سەرنووسەری بووە.

بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێکی بەرووی دەسەڵاتدارانی عیراقدا، خەباتو کوردستان لەساڵی ١٩٦١ داخرانو فەرمانی زیندانیکردنیش بۆ برایم ئەحمەد دەرچوو.

لەبواری ئەدەبیشدا برایم ئەحمەد چەندین کاری بەنرخی نووسیوە، ئەویش بەچەند شاکارێکی بەنرخی وەک (ژانی گەل، کوێرەوەری، دوا تیری کەوان و ...هتد). نامیلکەی (الاکراد والعرب)یش کە لەساڵی ١٩٣٧ بەعەرەبی نووسیویێتی، هەوڵێک بووە بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان کوردو عەرەب لەعیراقدا.

برایم ئەحمەد لەتەمەنی ٨٦ ساڵییدا لەئێوارەی ٨ - ٤ - ٢٠٠٠ لەلەندەن کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ شاری سلێمانیو هەر لەوێش نێژرا.



سەرچاوە
Serchawe

### پیاوی داهێنان و تێکۆشان بوو

٨٦ ساڵ ژیانی ئەم پیاوە تێکۆشەرە بەرهەمەکەی کۆمەڵێک شاکاری ئەدەبیو رۆژنامەوانیو هاوکات شاکاری سیاسیو تێکۆشانە، برایم ئەحمەد لەماوەی ژیانی سیاسی و رۆشنبیریدا تا دوا هەناسە پیاوی داهێنان و تێکۆشان بوو، ساڵەهایەک بێ ماندووبوون خزمەتی کرد، لەرۆژنامە کوردییەکانی وەک ژیان، خەبات، کوردستان کاری کردووەو چەندین بابەتی سیاسیو ئەدەبیی نووسیوە. هاوزەمان بەشدارێکی چالاک و کاریگەری هەبووە لەتێکۆشانی شۆڕشگێڕی گەلی کورددا.

لەگەنجێتییەوە هەنگاوی بۆ شۆڕش ناو لەنێو پارتو رێکخراوە سیاسیو شۆڕشگێڕییەکاندا رۆڵی بەرچاوی هەبووە. چ لەنێو کۆمەڵەی ژ.ک-و چ لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق.

ژیانی ئەم پیاوەو چالاکیی سیاسیو شاکارە ئەدەبییەکانی بەڵگەی داهێنانو قودرەتی ئەم پیاوە دەردەخەن کە لەماوەی ژیانیدا چەند چالاکانەو بێ ماندووبوون لەبواری ئەدەبو رۆژنامەگەرییو سیاسیدا کاری کردووەو ئەمەش وادەکات بڵێین برایم ئەحمەد پیاوی تێکۆشان بوو لەخەباتو شۆڕشدا، لەئەدەبو رۆژنامەگەریشدا داهێنەربووە.

### خەڵاتی پیاوێکی شایستە بۆ مرۆڤە شایستەکان

ئەم نووسەرو خەباتکارە ماندوونەناسەی کە ئەمرۆ پانزە ساڵ بەسەر مردنیدا تێدەپەڕیو ساڵانە خەڵاتی ئەوی شایستە دەبەخشرێتە کۆمەڵێک خەڵکی شایستە، لەدوای کۆچکردنییەوە، لەساڵی ٢٠٠٢ەوە رێکخراوی برایم ئەحمەد فاوندەیشن ساڵانە بەهاوکاریی ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاک خەڵاتی نموونەیی دەبەخشێتە ئەو کەسانەی کە دیاریی دەکرێن لەبوارەکانی دایکی نموونەیی، خوێندکاری نموونەیی، پێشمەرگەی نمونەیی، هونەرمەندی نمونەیی، نووسەری نمونەییو کارمەندی نموونەیی. لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا کۆمەڵێک خەڵکی شایستەو ماندوونەناسو تێکۆشەر لەبوارە جیاوازەکاندا لەپای ئەو خزمەتەی کە کردوویانە خەڵاتی بلە -یان پێ بەخشراوە. لەوانە کە ئەو خەڵاتەیان پێ بەخشراوە: خەڵاتی دایکی نموونەیی بەخشراوەتە کۆمەڵێک دایکی ئازاو تێکۆشەر لەوانە» گوڵەباخ نامیق عەبدوڵڵا، نەسرین فەتاح مستەفا، رەحمە ئیسماعیل مەحمود، خەیاڵ سەمەد، خاتوو سەبیحەی خێزانی شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری، خاتوو گەلاوێژ رەشید تۆفیقی خێزانی شەهید عەبەی ئایشێ، گەلاوێژ قادر حسێن، پەروین عەلی قادر، لیمۆ ئیبراهیم شەریف.

خەڵاتی پێشمەرگەی نمونەییش بەخشراوەتە: محەمەد عەبدولرەحمان محەمەد، عەلی شامار ئەمین، عەبدوڵڵا سەعید

عەبدوڵڵا کە بەعەبدوڵڵای سەعەمیراو ناسراوە، عەلی عەبدولعەزیز، عەلی عەبدولقادر عەزیز کە بەعەلی ڕەشی گەرمیان ناسراوە، محەمەد عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە(حەمە کۆشکی)، سەلامی کوێخا عەزیز، لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی، سەعدی کەریم مەحمود (مامە سەعە)، محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد ناسراو بەحەمە پارێوڵەییو گیانبازیی هوشیار عەبدول حەسەن ناسراو بە(هوشیاری ئەڵغام).

خەڵاتی کارمەندی نموونەییش بەخشراوەتە ئەمانە: عەزیز حسێن محەمەد، عەمید ئاراس ڕەئوف محەمەد، حەمەسەعید حەسەن سەعید. مامۆستا موبارەک حسێن.

خەڵاتی خوێندکاری نموونەیی بەخشراوەتە: کاروان بەختیار محەمەد، سۆران لەتیف سلێمان، ڕەنجدەر شێخ حسێن شێخ کەریم، مەسعود مستەفا، ئەمیر محەمەد عەبدوڵڵا، هێمن حسێن شەریف سەعید، ڕەوەز ئیسماعیل قادر، سەفەر حەسەن، هەرێم عەلی ئەحمەد، ڕۆژان ئیبراهیم فەقێ.

خەڵاتی هونەرمەندی نموونەییش بەخشراوەبە: دلێر ئیبراهیم، عەلی جۆلا، خالید سەرکار، سەردار ئەحمەد عەبدوڵڵا، فرەنسیس داود، کەریم کابان، بێژەن کامکار، باکووری، شڤان پەروەر.

بۆ خەڵاتی نووسەری نمونەیی-ش دڵزاری شاعیر، ڕەووف بێگەرد، قوباد بەهرەوەر، محەمەد مەلا کەریم، (د. ڕەفیق سابیر، نووسەری ناوداری عەرەب شاکر خەسباک، د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، مەسعود کەتانی، لەتیف هەڵمەت، کەلیموڵڵا تەوەحودی و خەڵاتەکەیان وەرگرتووە.

خەڵاتی وەرزشکاری نموونەییش بەخشراوەتە سوبحی کامیل، ڕەئوف ئاکرێیی، خەڵاتی شوێنەوارناسی نموونەیی بەخشراوەتە سمکۆ بەهرۆز محەمەد، خەڵاتی نەخۆشخانەی نموونەیی، بەخشراوەتە نەخۆشخانەی (هیوا) کە د.میران محەمەد بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی بەنوێنەرایەتی نەخۆشخانەکە، خەڵاتەکەی وەرگرت، هاوکات لەدواهەمین یادکردنەوەی مامۆستا برایم ئەحمەددا ڕێکخراوەکە میدالی خەبات وەک خەڵاتێک تایبەت بۆ کەسایەتی نموونەیی بەخشیوەتە سەرکردەی باکوور عەبدوڵڵا ئۆجەلان. ئەو خەڵاتە تایبەتەش بۆ پشتیوانیکردنی خەباتی کورد بوو لەکوردستانی باکوورو میدالی زێڕینی تایبەت بەیوبیلی سەد ساڵەی لەدایکبوونی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمربووەو خەڵاتەکەش لەلایەن خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدەوە بەخشرایە ئەو سەرکردەیەو لەلایەن حیسامەدین زەندەلی ئۆغڵوی پەرلەمانتارو مەزلوم دینچ پارێزەری بەڕێز ئۆجەلانەوە وەرگیرا.

**بۆچوونی ڕۆشنبیران لەسەر برایم ئەحمەد**

**سەلاحوددینی موهتەدی: برایم ئەحمەد لەو ڕێبەرانەیە خەباتی خۆی وەک ڕووناکبیر لەگەڵ خەباتی سیاسەتمەدار لەیەکتری موتوربە کرد.**

**سەلاحوددینی موهتەدی لەبابەتتێکدا بەناونیشانی (برایم ئەحمەدو ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی) دەڵێت: برایم ئەحمەد؛ لەو ڕێبەرانەیە کە خەباتی خۆی وەک ڕووناکبیرو تیۆریسیەن لەگەڵ خەباتی وەک (سیاسەتمەدارو بەڕێوەبەر) لەیەکتری موتوربە کردو لەئەنجامدا: دەستەملانێو هاوپەیمانیو هەماهەنگێکی دیالکتیکو هارمۆنێک لەنێوان داخوازیی (چینایەتیو نەتەوایەتی)و دژایەتیکردنی هەر ڕێبازێکی راستڕەوو چەپڕەو کە یەکێک لەو دوو ناوەڕۆکە فەرامۆش بکات، حاشای لێبکات یان وەلای بنێ، بوو بەتیۆری ناسیۆنالیزمی نوێی کوردیو بوو بەداهێنانێکی مێژوویی لەو کاروانە دوورو درێژەی کوردایەتیدا، کە مۆرکی برایم ئەحمەد-ی بۆ هەتاهەتا لەسەر نەخشاوە.**

**حەمەدلێر ئەمین میسری: برایم ئەحمەد لەسەرەتای لاوێتییەوە ئایدیای خۆی دیاری کردبوو**

**مامۆستا حەمەدلێر ئەمین میسریش لەبابەتێکدا بەناونیشتانی مامۆستا برایم ئەحمەد، شا قەڵەمی بوێرو ترۆپکی هەڵوێست لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا دەڵێت: مامۆستا برایم هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە، ئایدیاو بیری خۆی دیاری کردبوو، یاخی بوو لەنەریتی باوو سەرکەش بوو بەرامبەر یاسای سەپێنراوو ڕێگەچارەی جیاوازتری هەبوو بۆ خەباتو بەگژاچوونەوە، بەڵام ئەم سووربوونە پەیوەستە بەبیروڕای ناسیۆنالیزمو چەپەوە، تووشی دەمارگیرییان نەکرد، ڕێزی ئەویدی لابوو، باشترین بەڵگە لاپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژە لە ١٩٣٩ - ١٩٤٩ هەموو دەنگ و قەڵەم و بیروبۆچوونێکی لەسەر خوانی لاپەڕەکانی ڕازاندۆتەوە، دەرگای لەڕووی کەسدا کلۆم نەکردووە، لێگەڕاوە بابنووسن و سەربەست بن، هەر ئەو سنگفراوانیو بڕوابوون بەدایەلۆگە بوو (گەلاوێژ) یان کردە (یەکێک لەگۆڤارە بەرزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەردەمی خۆی).**

**حسەین لەتیف: برایم ئەحمەدو پیرەمێردو عەلادین سەجادی و گۆران زمانی ئەدەبیی کوردیان لەهەژموونی ئەو زمانە ئاینییە ڕزگارکرد کە لەحوجرەکانەوە هات**

**حسێن لەتیف نووسەرو لێکۆڵەر لەنووسینیکدا بەناوی «برایم ئەحمەد وەک سایکۆلۆجیستی جەماوەری»کە لە سایتی میللەت بڵاوبوەتەوە دەڵێت: بۆ من برایم ئەحمەدی ڕۆماننوسو چیرۆکنووسو ڕۆژنامەنووس جیاوازە لەبرایم ئەحمەدی سیاسی. برایم**

ئەحمەدێک لەگۆڤاری گەلاویـژو لەژیـن کـاری کـردووە لەگەڵ پیرەمێـردو عەلادیـن سوجادیو گۆرانـدا زمـانی ئەدەبیـی کوردی لەهەژمـوونی ئەو زمـانە ئـاینییە رزگـار دەکەن کە لەحوجرەکـانەوە هـاتو زمـانی بـاوی نووسین بـوو، تەنـانەت لەسـەردەمی حکومەتەکەی شیخی نەمریشدا زمـانی رەسمی نووسین بـوو. بەڵام هەوڵەکـانی ئەوان بـرایم ئەحمەد لەچیرۆکداو پیرەمێردو گۆران هەریەکەو بەتـایبەتمەندیی خۆیانەوە لەشیعرداو عەلادین سوجادی لەرەخنەدا تـارادەیەکی زۆر بـاش هەژموونی زمـانی دینییان لەسەر زمانی نووسینی کوردی کاڵکردەوە.

تەها بابان: یاسـاناسی هـۆیەک بـوو بـرایم ئەحمەد بەکاریهێنـاوە بـۆ گەیشتن بەئـامـانجێکی دوورتـرو گەورەتـر تەهـا بابـان لەنووسینێکدا سەبارەت بەبرایم ئەحمەد دەڵێ: من کە لەمێژووی ژیـانی بـرایم ئەحمەد دەکۆڵمەوە نەک هەر هەست، بەڵکو بەتەواوی ئەو راستییەم بۆ دەردەکەوێت کە یاسـاناسی خواستی بەرودوای ئەو نەبووە، بەڵکو هۆیەک بوو کە بەکاریهێنـاوە بـۆ گەیشـتن بەئـامـانجێکی دوورتـرو گەورەتـر کە ئەویـش ئـازادیی میللەتەکەیو رزگـارکردنی نیشـتمانەکەی بـووە لەژێردەسـتیی. بەواتـایەکی تـر ئەو کاتێـک خوێنـدنی یاسـای هەڵبـژاردووە بـۆ ئەوە نەبـووە کە ببێت بە پـارێزەرو لەدواییـدا بەدادوەرو بەوە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی شیاوو ژیانێکی خۆشی رەنگاورەنگ وەک ئەوانی تر بۆخۆی فەراهەم بکات، نەخێر بەڵکو لەبەرئەوە بووە تـابتوانێ لەهەموو جۆرەکانی تر بەتوانای بکاتو بەهرەکانی بتەقێنێتەوەو زیـاتر بشێت بـۆ ئەو دەورەی کە قەدەر پێـی رەوابینی لەچارەنووسی میللەتەکەیدا لەوەشدا بەهەڵەنەچوو بـوو، چونکە زۆربەی پیـاوانی مێـژوو سیاسـەتمەدارانی دوێنـێو ئەمرۆی جیهان لەیاساناسەکانن هەر وەک ئەو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٥

------------------------------------------

## برایم ئەحمەد، نووسەرو مرۆڤ



لەتیف فاتیح فەرەج

برایم ئەحمەد نووسەر و شاعیر و رۆمانوس و سیاسی، وەک چۆن لە سیاسەتدا واقعی و پڕ ئومێد بووە و هەرگیز، بە نائومێدی نەبینراوە، تەنانەت لەدوا دوای تەمەنی و لە دیدارە جیاجیاکاندا هەمیشە ئومێدی بە سبەینێی باشتر هەبووە، لە نووسینەکانیشیدا، بە رۆمانە زۆر تراژیدی و پڕ کارەساتەکانیشیەوە، هەمیشە ئومێدی بەخشیوەتەوە.

لەگەڵ کاروانی رزگاری،
گەلان ئەڕوا بەچالاکی
لەسەختی رێ، لەدووری جێ،
دڕیی دوژمن نییە باکی
نەکۆڵدانو نەلادانو نەوێستانی نییە هەرگیز
پشو نادا هەتا نەبڕێ،
رەگی چەوسانەوەو ماکی

ئەمە پەیام و بەردەوامی برایم ئەحمەد بووە، ئەو نووسەر و مرۆڤەی چ لەڕۆژگاری ژیانیا، چ دواتر، بێ هیچ هۆیەکی دروست بەردەوام لە لایەن هەندێ کۆنەخواز و تاریکبینەوە هێرش کراوەتە سەری و ئەویش، کە لەژیاندا بووە، زیاتر ئەو هێرشانە هانیداوە، بەردەوام بێت و نەکەوێ، بەنووسینەکانی نەک هەر کورد، تەنانەت عەرەبیشی هێناوەتە پای ئەوەی بیر لەمافی ئەوانی تر بکەنەوە و لەڕێگەی نووسینەوە بەرچاوی زۆر رۆشنبیرو سیاسی عەرەبی رۆشنکردووەتەوە، بۆ ئەوەی رێز لە کورد بگرن و وەک نەتەوەو مرۆڤ سەیری بکەن، نەک وەک دوژمن، وەک هاوبەش لەگەڵیا بژین نەک وەک ئەوەی ئەو بەردەست بێت و ئەوان سەردەست.

ئەو زۆر زوو بە عەرەبەکانی وتوە، یان هاوبەشی و برایەتی، یان دەبێ بەدووی دەرچەیەکی دیکەدا بگەڕێین، ئەمەشی لەزۆر بۆنەدا دووبارە کردوەتەوەو لای وابوە ناکرێ بەزۆرە ملێ کورد ناچاری ئەوە بکرێ لەنێو ئەوانی تردا بتوێتەوە «نە عەرەبم نە ئێرانیم - نە تورکێکی شاختستانیم».

ئەمە پەیامی ئەو بووە بۆ ئەوانی تر، زۆر داکۆکی لەوەش کردوە کە پێویستە کورد پێکەوە بن لە بەرانبەر ئەوانی تردا، بۆ ئەمەش خۆی داوای لە مەلا مستەفای بارزانی کردوە رێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وەربگرێ و ئەو سەرۆکایەتی حزبەکە بکات، ئەمەشی بۆ ئەوە بووە کە زۆرترین خەڵک هەم بەهۆی حزبەکەوە هەم بە هۆی بارزانییەوە لەدەوری بزوتنەوەکە کۆبنەوە.

ناکرێ رەورەوەی مێژو رابگیرێ برایم ئەحمەد بڕوای تەواوی بەوە هەبووە، کە ناکرێ نەشۆڕش و نەمرۆڤ هیچیان لەیەک ساروودۆخدا بمێننەوەو گۆڕانکاری دروست نەبێ، بۆ ئەمەش هەمیشە جەغتی لەوە کردوەتەوە کە ناکرێ رەورەوەی مێژو رابگیرێ، لە دیدارێکدا لەگەڵ ئاپۆ لەو بارەیەوە لەسەر زۆر پرس دەوەستێ و قسەیان لەبارەوە دەکات و باسی ئەوە دەکات گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهیچ کەسێک راناگیرێ. بلە پارێزەرێکی گەورەو ناسراوی کورد بووەو پیشەکەی بۆ داکۆکی لەخەڵکی هەژارو نەدار بەکارهێناوە، رەنگە کەم بن ئەوانەی کردەوەو نووسینیان وەک یەک بێت، بەڵام برایم ئەحمەد لەنووسیندا چۆن خاوەنی هەڵوێست و پیاوێکی شۆڕشگێڕ بووە، لە کرداریشدا هەروابووە و هەر لەسەرەتاوە بەرپرسیارەتی «ژێ کاف»ی وەرگرتوەو سڵی نەکردوەتەوە لەوەی ئەمە سەرهێشەی بۆ دروست دەکات.

لەخۆپیشاندان و تورەبییەکانی خەڵکیشدا لەو سەردەمە هەمیشە ئامادەیی هەبووەو بۆ هەموو بۆنەو خۆپیشاندانەکان قسەی خۆی هەبووە، ئەوەش بەشێک بووە لەهەڵوێست و ئاکارو کردەوەکانی. برایم ئەحمەد جگە لەوەی خۆی شیعری نووسیوە لەئینگلیزییەوە شیعریشی کردوەتە کوردی، لەوە دەچێ هەرگیز برایم ئەحمەد نەیویستبێ وەک شاعیرێک بناسرێ، بەڵام خۆی وتەنی لەبەر ئەوەی «شیعر ژیانە» هەم شیعری نووسیوە هەم شیعری شاعیرانی وەک «شیللی، شکسپیر، تۆماس مۆر»ی وەرگێڕاوە، لەوەرگێڕانی شیعریشدا هەوڵیداوە چێژو سیماو ناوەڕۆکی شیعرەکان لەدەست نەچن.

نزیکەی ٦٠ ساڵ لەمەوبەر برایم ئەحمەد نووسەر و شاعیر و رۆماننوس و سیاسیەکی ناودار بووەو دەستی بردبێ بۆ هەر کارێک ویستویەتی لەوانی دیکە نەچێت، نزیکەی ٦٠ ساڵ لەمەوبەریش لەنامیلکەی «العرب و الاکراد»دا دیدو سەرنجی وردی خۆی بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئەو دوو گەلە خستوەتەڕوو، کەواتە ئەو وەک مرۆڤێک، وەک کوردێک کە نەتەوەکەی پارچە پارچەو پرش و بڵاو کراوەتەوە، ئەوەی لەبیر نەچووە، چۆن بەپێی قۆناغەکان ئەو نادادیە راست بکرێتەوە کە لەسایکس بیکۆو جەنگی جیهانی یەکەمدا لەکورد کراوە، ئەو لای وابووە پێویستە بەپێی پێشکەوتنی زەمەن کوردو عەرەب



سەرچاوە Serchawe

بگەنە ئەو ئاستەی چ جۆرێک لەپێکەوە ژیان هەڵبژێرن.

قسە کردن لەبارەی برایم ئەحمەدەوە، قسەکردنە لەبارەی کەسێکەوە کە زیاتر لە فەرهەنگێک دەچێت تا کەسێکی ئاسایی، ئەوەش هەر لەبەر ئەوەی کە ئەو لەزۆر بواردا بوون و ئامادەیی بەرچاوی هەبووە، رۆمانەکانی «ژانی گەل، کوێرەوەری» شاهیدی ئامادەیی بەرچاوی ئەون لەبواری رۆماننوسیدا، بۆ بوارەکانی دیکەش هەروایە، ئەم کورتە نووسینەم زیاتر بۆ ئەوە بوو، تا ببێتە وەڵامێک بۆ ئەوانەی بەبۆنە و بێبۆنە پەلاماری ئەو پیاوە دەدەن.

ئەو پیاوەی هەمیشە هەوڵی داوە نێو ماڵی کوردەواری تەباو رێک بێت بۆ ئەمەش باجی گەورەی داوە، بەڵام هەمیشە وەک چرایەکی روناک دەمێنێتەوە. نا نا من هەر خۆم نیم بە تەنیا نەکەوتومە رێ هەزاران هەزاران هەژارانین هەموو بە جارێ، ئەمجارە هەموو بەجارێ ئەڕۆین بەرەو روناکی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٥

---------------------------------------------------

## پێشەنگی شیعری ریالیزم و پەخشان نووسی ئەدەبی کوردی



عەدنان وەلی

ماٶستای هەمیشە زیندوو برایم ئەحمەد.....

ئەگەرلە قوتابخانە شیعری یە ڕیالیزمی کۆتایی میرنشینی بابان چەند کەڵە شاعیرێکی تیادا هەڵکەوتبێ، ئەوە بێ سێ و دوو، ماٶستای هەمیشە زیندوو، برایم ئەحمەد یەکێک بووە لەو کەڵە هۆزانڤانانە، ئەگەر بزاڤی ڕزگاری خوازانەی کورد

چەند سیاسەتمەدارێک وسەرکردەیەکی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا، تیادا هەڵکەوتبێ ئەوە بێ شک مامۆستا برایم ئەحمەد یەکێک بووە لە هەرە سەرکردە دیارەکانی شۆڕشی رزگاری خوازی گەلی کورد، ئەگەر قۆناغی پاشایەتی و دەرەبەگایەتی ئەو سەردەم تەنگی بە چەوساوەو جوتیاران هەڵچنی بێ، ئەوە تیشکی خۆری لێ ڕاپەیوە وشەوەزەنگی بەرەو ڕووناکی بردوە، بۆیە ئەوەی شایەنی باسە و پێویستە باسی لێوە بکرێت ئەویش، قۆناغەکانی ژیانی سیاسی و ئەدەبی ئەو رۆناکبیرە مەزنەیە، مامۆستا برایم ئەحمەد ناسراو بە (بلە)لە ساڵی ١٩١٤ ز لەگەڕەکی گۆیژە لە شاری هەڵمەت وقوربانی لە شاری هونەرپەروەی سلێمانی لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٧ خوێندنی حقوقی تەواوکردوە، تەنیا بۆ ماوەی ٢ ساڵ کارمەندی میری بووە وەک دادوەر، لە ساڵی ١٩٤٤ وازی لە وەزیفەکەی هێناوە و لە هەمان ساڵدا بۆتە بەرپرسی لقی کۆمەلەی ژیانەوەی کوردستان (ژ - ک)، لە ساڵی ١٩٤٦ بووە بە ئەندامی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، لەساڵی ١٩٥٠ لە گۆنگرەی ٣ دا بووە بە لێپرسراوی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێک بووە لە هەرە سەرکردە دیارەکانی (پارتی دیمۆکراتی کوردستان) و بزاڤی رزگاری کورد، لە ئەنجامی بیرورای جیاوازودروست بوونی کێشە و ناکۆکیەکانی بالی مەکتەبی سیاسی، لەکۆنگرەی ٦ و دوو لەتبوونەکەی تەمووزی ١٩٦٤، مامۆستا برایم ئەحمەد وازی لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان هێناوە، دەتوانین بلێین مامۆستا برایم ئەحمەد هەر لەساڵانی زووەوە تێکەڵاو بە دونیای ڕاپەرینی سیاسی و رۆشەنبیری و بزوتنەوەی سەربەست خوازانەی گەلی کورد بووە و رۆڵی گرنگی لەوبوارەوەدا گێراوە، لەساڵی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ زۆربەی رووناکبیرانی ئەو سەردەمی شاری سلێمانی دا گفتووگۆی چڕوپڕی هەبووە بە تایبەتی لەگەڵ مامۆستا (عەلائەدین سجادی) لەسەر ئەوەی رێککەون کە کاتی ئەوە هاتووە پارتیەک، رێکخراوێکی رۆشەنبیری، رۆژنامەیەک، گۆڤارێک سەربە بیری نەتەوەی دامەزرێنن بە مەبستی گوردان بەباری رۆشەنبیری و بزوتنەوەی سەربەست خوازی گەلی کورد، ئەوەبوو لە هەمان ساڵدا توانیان گۆواری (گەلاوێژ) دەر بکەن، بۆ ماوەی ١٠ ساڵی رەبەق بەردەوام بوو زیاتر لە ١٠٠ دانەی بە چاپ گەیاند، ئامانجی سەرەکیان گەیاندنی بیری نەتەوەی بوو لەرێگای ئەو گۆوارەوە بۆخەڵکی ستەم دیدەی کوردستان، ئەوەی شایەنی باسە مامۆستا برایم ئەحمەد لەو رێگەوە خزمەتێکی بێ پایەنی گەلی کوردی کرد و گەڵێک بابەتی سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشەنبیری و... هتد تیادا بلاودەکردەوە، سەرجەم نووسینەکان و هۆنراوەکانی بریتی بوون لە هاندان و وریا کردنەوەی گەلی کوردو پشتگیری لە شۆرشی رزگاری کورد، جێگای داخە لە ساڵی ١٩٤٩ رژێمی ئەو سەردەم گۆڤاری گەلاوێژیان داخست و مامۆستا برایم ئەحمەد بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک زیندانی کرا، بە کورتی مامۆستا برایم ئەحمەد، جگە لەوەی سیاسەتمەدارو سەرکردەیەکی ناودارو بوێری کورد بوو، هەموو ژیانی خۆی و قەڵەمەکەی تا دواهەناسەی ژینی تەرخانکردبوو لە پێناو دۆزی رەوای گەلی کورد، مامۆستا برایم ئەحمەد چەندین بەرهەمی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەدەبی بە چاپ گەیاندوە، لەوانە (شاکارە جوانەکەی شیرین بەهارەی یادگارو هیوا، لەولاتی قارەمانانا، الاکراد و العرب، ژانی گەل، کوێرەوەری و ... جگە لەزمانی کوردی، شارەزاییەکی تەواوی هەبووە لە زمانی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی)، هیچ زێدە رۆیی نییە گەر بلێین پێشەنگ بووە ویەکێک بووە لەو کەڵە شاعێرانەی کە رۆلێکی بەرچاوی هەبووە لە بوژانەوەی ئەدەبی ریالیزمی کوردی وپەخشان و بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد، بۆیە زۆرجاران لەسەر ئەو هەلوێستە



سەرچاوە
Serchawe

جوامێرانەیدا گیراوە و توشی زندانی و روبەروی دادگایی بۆتەوە، گەر لەبەر ململانێی سیاسی نەبوایە، هۆنراوەی (هەرکورد ئەبین)، یەکێکە لە شاکارترین هۆنراوکانی ئەو سەردەمە شایەنی ئەویە کە بکرێتە سرودی نیشتمانی هەرچوارپارچەی کوردستان....


داگیرکەری دڵ پڕ لەقین
دڕندەی بێ ویژدان ودین
گەر قەندیل و ئاگری و شیرین
یەکسان کەی لەگەڵ رووی زەمین
ناتوانی واکەی کورد نەبین
هەرکورد بوین و هەر کورد ئەبین

ئوستراليا - سیدنی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی دیسەمبەری ٢٠١٥

-----------------------------------------------

**ئیبراهیم ئەحمەد لە نێوان ڕەهەندی داهاتووبینیو وەهمی ناحەزانیدا**



بەرزان حاجی برایم چەرمەگا

پرۆسەی شێواندنی وێنەی ڕاستەقینەی پاڵەوان لە مێژوودا حاڵەتێکی ئاساییەونامۆ نییەولە قوڵایی مێژووی مرۆڤایەتیدا بوونی چەسپاوی خۆی هەیە. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەم دۆزەش بریتیبێت لەوەی کە پاڵەوان بەزۆری بانگەشە بۆ هزرگەلێک دەکات، کە دابڕاوە لەگەڵ ئەو تێڕوانینو ترادیسیا وەستاوانەی کە جەماوەر نەوە بەدوای نەوە وەک میراتییک پێکیانهێناوەوپارێزگارییان لێکردووە.

جا کاتێک ئەو کەسانانە(پاڵەوانان) ئەو واقیعە تێدەپەڕێنن و بانگەشە بۆ هزرگەلێکی نوێ دەکەنو کار بۆ فەراهەمهێنانی ئامرازو شێوازی جۆراوجۆر دەکەن بۆ گۆڕینی واقیعی کۆمەڵایەتیو پاککردنەوەی لە چەمکە پەکخەر(تعگیل)و مردووەکانی نێو کۆمەڵگە، بێگومان ئەوەش شەپۆلگەلێکی گەردەلولیی لێپەیدا دەبێت کە هەژانی کۆمەڵایەتی قوڵ دەوروژێنێت و دۆخی بێدەنگیووەستاوی دەشڵەقێنێت.

ئەو کات کۆمەڵگە بە چەند بەرەیەکدا دابەشدەبێت و لە ڕووکەشدا دووانیان بەدیار دەکەون، یەکێکیان لایەنگیری ئەو(کۆن)ە دەکات، کە لە پێشینەکانەوە بە میراتی بۆی ماوەتەوە، بەڵام ئەوی دیکەیان پەیوەندی بە کاروانی چاکخواز یا شۆڕشگێڕ یاخود نوێکارەوە دەکاتوتەبەنی هزرە نوێیەکان دەکاتولە پێناو سەر لەنوێ بونیاتنانەوەی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی ئەو هزرگەل و ڕزگارکردنی لە چەمکە کۆنەکان تێدەکۆشێت.

ئەمە لە کاتێکدا بەرەی یەکەم بەتوندی بەرگری هەر هەوڵدانێک دەکات بۆ پێداچوونەوەی ڕابردووو خوێندنەوە و شیکردنەوەی پێکهێنەر(مکونات)ەکانی، تێڕوانینی کلاسیکی و هەموو شێوازێک کە تواناى بەسەردا بشکێت دەگرێتەبەر بۆ لەباربردنی ئەو هەوڵانە، جا ڕەنگە شێواندنی هزری چاکەخوازو ناشرینکردنی وێنەکەی وروژاندنی گومان دەربارەی پەیامو بانگەوازەکەی یەکەمو ئاسانترین ئامرازبن کە ڕابردو و خوازان پشتی پێدەبەستن.

لێرەوە گەلێک جار وا ڕێک دەکەوت، کە لە کۆڕو کۆبوونەوەکانمانداو یا لە چەندین جێگەی تردا مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) دەبووە بابەتی گفتوگۆو کەمو زۆر بیروڕا لە بارەیەوە ئاڵ و گۆڕ دەکرا، ئەو دەمانەی - من وەک خۆم ژانی گەلم دەخوێندەوە ڕوبەری کاریگەری ئەو کەڵە نووسەرە زیاتر بەناخمدا شۆڕبوویەوەو بە کاریزما شێوازو ڕەهەندەکانی ئەودیو بەرهەمەکانی ئاشنا بووم بە سیاسەتمەدارێک لە ڕەحمی نەتەوەیەکی بێدەرەتاندا هەڵقولابێتو ئاکامی بیرمەندیو لێوەشاوەیی هەر زوو خستبێتییە ژێرباری مەینەتیو باری گرانی ئاکاری نەتەوەکەی.

ڕۆژێک کادرێکی ئەو سەردەمەی ساڵانی شەستەکانم بینیو دەربارەی کاری سیاسی ئەم ڕۆژگارە کەوتینە گفتوگۆوە، پێی ووتم با بەسەرهاتێکی واقعییت بۆ بگێڕمەوە، ئەو وتیی: ساڵی (١٩٦٣) من کادری حیزبی بوومو دەربارەی حیزبایەتی بۆ خەڵکی



سەرچاوە
Serchawe

دەدوام، ڕۆژێک مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) بۆهەندێ ڕاسپاردەو کاروباری حیزبی ناردی بە دوامدا، لەنێو قسەکاندا پرسیارم لێکرد: ئەم بارودۆخە چی لێبەسەردێت؟ لە وەڵامدا ووتی زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی باشتر تێت بگەیەنم، بەڵام دەست بخە ژوور سەرت بۆ چل ساڵی تر چونکە تا ئەو کاتە بەرژەوەندی کوردو ئەوروپاو ئەمریکا ناچنە سەر یەک هێڵ!

ئەدیبو ڕەخنەگرو مافناسو سیاسەتمەدارو سەرکردە ئەم پێشبینیانەی کردبێتو ڕەهەندی بیرو نەتەوە لە دووڕیانی ئاسۆیەکی داهاتوودا وەک خۆی بینیبێت، تازە دەبینین لێرەو لەوێو هەندێ جار لەسەر رووبەری گۆڤارو ڕۆژنامەکان، ئەو ویژدان مردووانەی چاوی ڕاستی لە تاریکیدا دەکەنەوەو بە نارەوا مەلاشوی بەدرۆو ئاودراوییان واڵا دەکەنو جەسارەتی ئەوە دەکەن، کە ئەو زاتە بکەنە بابەتو مێژووی پڕشکۆو درەوشاوەی بەلاڕێدا بەرن، ئەوانە نیشانە لەشەوەزەنگدا دەنێنەوەوچاڵ کەن هەمیشە لە بنی چاڵدایە! گۆڤاری گەلاوێژ، ڕەخنەی سیاپۆش، بەرگریکاری جوتیاران، ژانی گەل، شیرین بەهارە، مشتێکن لە خەرواری پڕ سەروەریو وەڵامدەرەوەیەکی شیاوی مایە پووچی جیهانی سیاسەتو لەبارچوونی گەلو نەتەوەن!

هەر لەبەر ئەو تەمەنە پڕ بەرهەمەبوو کە لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەماندا وەک هەڵۆی بەرزەفڕی ئاسمانی ئەدەبیاتو خاوەن قەڵەمی پڕ بڕشتی ڕەخنەو قەڵغانی جوتیارانی بێ دەرەتانو ستەملێکراوان، ناوی نەخشێنرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٥

------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

**بابەتی ساڵی: ٢٠١٦**

# پیرەمێرد و برایم ئەحمەد و شارستانێتی ئەدەب



لەچوارمین ساڵیادی مامۆستا برایم ئەحمەد دا

عومەر مەعروف بەرزنجی

**وتەیەکی بەرایی**

کام سەردەمی مێژوویی بگرین و بەدووچاوی سەرنج لێی وردبینەوە، دەبینین کە وەک کارێکی سروشتی دەستەیەک خوێندەوار و شاعیر و نووسەر و کەسانی باڵای بەخۆوە گرتووە و سەرجەم شەقڵ و تام و بۆی ئەو رۆژگارەیان پێوەلکاوەو بوونەتە نوێنەری قۆناغەکە.

لەنیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا (١٩٠٠ - ١٩٥٠) خوالێخۆشبوو حاجی تۆفیقی ناسراو بەپیرەمێرد (١٩ - ٦ - ١٨٦٧ - ١٩٥٠) وەک کەسێکی دیار و دڵسۆز لەبوارەکانی شیعر و چیرۆک و پەخشان و وەرگێڕانو سەربوردی دێرین و نووسین و چاپکردنی کتێب و کاری رۆژنامەنووسی و خولیاو سەوداسەری نەورۆزی کورد, گەیشتبووە ئاستێکی باڵاو شێوەی فەیلەسوفێکی دەنواند.

پیرە مێرد کەسێکی بەتوانست و بەرچاو روون بووە، یەکێک لەخاسیەتە درەوشاوەکانی پەلگرتن و رێنمایی و هاندانی

نەوەی تازەپێگەیشتوو بووە، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەرەتاوە پرشەی زرنگی و لێهاتوییان پێوە دیاربووە، لێرەدا دەتوانین کەرووناکبیری خوالێخۆشبوو (برایم ئەحمەد) بکەینە نموونەیەکی رەزا سووکی ئەم رەوتە شارستانییە.

- ۱ -

(برایم ئەحمەد) لەدایکبووی ساڵی ۱۹۱٤ی گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانییە، لەسەرەتاوە وەک خوێندەوارێکی تازە کوورەی تەمەن هەژدە ساڵان بەکوڵ و دڵەوە رووی لەرۆژنامەی (ژیان)ی پیرەمێرد کردووە و نۆبەرەی نووسینی تێدا بڵاوکردۆتەوە، ئەم بابەتە سەرەتاییە بەبێدەنگی بەسەر خوێندەوارانو بەڕێوەبەری رۆژنامەکەدا تێنەپەڕیووە، بەڵکو پیرەمێردی نەمر بەچاوی سەرنجو رێزەوە بابەتەکەی نرخاندووەو بەخۆشنوودییەوە پێشوازیی لێکردووەو بووەتە یەکەم هاندەری و لەهەمان ژمارەدا نووسیویەتی: (ژیان چاوەڕێی ئەمجۆرە کوردییە رەوانەیە، پیرەمێردیش بەهیوای نەوجەوانانە) (۱) و مزگێنی دەداتێ کە لاپەڕەکانی رۆژنامەکەی بۆ ئەمجۆرە بابەتە بەپێزانە ئاواڵەیە، دیارە لەم نووسینەوە برایم ئەحمەد وەک قەڵەمێکی بەتوانست و نووسەرێکی درەوشاوە دەکەوێتە بەرچاوی پیرەمێرد و پەیوەندیی نێوانیان بەرەو بەهێزی و هەڵکشان دەڕوات، ئەوەتا لەکاتێکدا کە برایم ئەحمەد کۆلێژی- حقوق- تەواو دەکاتو دەبێتە پارێزەر، پیرەمێرد یەکەم کەس بووە کەبەشەوقو ئەلهاوە پیرۆزبایی لێکردووەو لەرۆژنامەکەیدا هەواڵەکەی بەخوێندەواران گەیاندووەو نووسیوێتی: (لەخوێندەوارە هەڵبژێراوەکانمان ئیبراهیم ئەحمەد کۆلێجی - حقوقی تەواوکردووە، سەودای وەزیفەی نەکەوتۆتە کەللەوە، هاتووە- ئەوقات-ی ئەکا، ئەم کوڕە ئێمە ئەیناسین، لەهەرچی زمان هەیە شێوەیەکی زۆر پەسەندی بۆخۆی داناوە، خەلەفی- خەلەف شەوقی یە، بەزەوقێکی عیلمی جەزبەیەکی شاعیری هەیە، ئەتوانێ دەعوا لەپەردەیەکی جوان دا تەسویر بکاو بیباتە زیهنی گوێگرانەوە، خوا وێنەیان زیادبکات) (۲).

ئەو بیروڕایەی کەپیرەمێرد بەرامبەر بەبرایم ئەحمەد نووسیویەتی, تابڵێی کارێکی شایستەو دانسقەیە، لەو تەمەنەدا برایم ئەحمەدی کردووە بەجێگرەوەی نووسەری گەورە و زمانزان و رۆژنامەنووسی سەرکەوتوو (خەلەف شەوقی داودی)(۳) کە لەو رۆژگارەدا لەقەڵەمە دەرکەوتووەکان بووەو خاوەنی چەندین کاری چاپکراوە.

- ۲ -

گۆڤاری گەلاوێژ ۱۹۳۹ - ۱۹٤۹ لەمێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا شوێنێکی شایستە و بەدیمەنی گرتووە، لەلایەن نووسەرو شاعیرە ناسراوەکانی کوردەوە هاوکاری کراوەو چەندین قەڵەمی ناوازەو بەتوانستی لەدەور کۆبووەتەوە، لەپێش هەموویانەوە (پیرەمێرد)ی نەمر لەیەکەم ژمارەوە تاکۆتایی لەهاوکاری نەپچڕاوەو بەردەوام ئاگای لەگۆڤارەکە بووەو بەبینینی گەشاوەتەوەو بەلاوازبوونیشی دڵتەنگ بووە، ئەوەتا ساڵی ۱۹٤۳ کەدەبینێ لەبەر نەدارایی ماوەیەک لەکار وەستاوەو سەرلەنوێ بووژاوەتەوە، لەرۆژنامەی (ژین)دا نووسیویەتی:

ئۆخەی گەلاوێژ وا دەرکەوتیەوە

وەک چرای بەختی کورد سەرکەوتیەوە (٤)

یان ساڵی ١٩٤٨ دەربارەی دەوری چراخانی گەلاوێژ دیسانەوە روودەکاتە گۆڤارەکەو دەڵێ:

گەلاوێژەکەی سەرچیای گمۆ

ئێستا هیوامان هاتووەتە سەرتۆ

لەناو گێتی دا هەرتۆمان ماوی

بۆ بەدخوای کوردان تانەی سەرچاوی (٥)

لەلایەکی ترەوە لەساڵی پێنجەمی گۆڤارەکەوە تا ساڵی نۆیەم, هەموو ساڵێک بە شیعر پیرۆزبایی لێکردووەو شیعرەکان لە گەلاوێژدا بڵاوکراونەتەوە.

- ٣ -

پێوەندی و دۆستایەتی و هەڵچوون و لێکدابڕان سروشتێکی ئاسایی مرۆڤە و بەشێکی دانەبڕاوی ژیانێتی، بەڵام گەورەیی و سەربڵندی لەوەدایە کە ئەم کارە نەخرێتە پێش بەرژەوەندیی گشتی و مەسەلە بنەڕەتییەکەی ژیانی نەتەوەوە، دیارە ئەمەیش نیشانەی بەرچاوڕوونی و تێگەیشتن و بەئاگاییە لەبنەماکانی شارستانێتی ئەدەب.

نووسەرو رووناکبیری دڵسۆز خوالێخۆشبوو (عەبدوڵڵا جەوهەر ١٩٢٠ - ١ - ٦ - ١٩٨٢) چەند جارێک و لەبۆنەی تایبەتیدا پێوەندی نێوان پیرەمێردو برایم ئەحمەدی بۆ باسکردووم، تەنانەت لەو چاوپێکەوتنە پێنج سەعاتییەدا کە کاک (حسێن محەمەد عەزیز) لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا سازی کردووە، خوالێخۆشبوو مەسەلەی پێوەندی و دوورکەوتنەوەی وەک نموونەیەکی هەڵوێستی وروژاندووە، بەڵام گەر ئاوڕێک بدەینەوەو بۆ رۆژگاری داخستنی گۆڤاری گەلاوێژو بەندکردنی خوالێخۆشبوو (برایم ئەحمەد)و چاوێک بگێڕین بەژمارە (٩٧٨)ی رۆژنامەی ژین-ی رۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٤٩، دەبینین کەچۆن پیرەمێرد ئۆقرەی لێدەبڕێ و بەهەموو لایەکدا چەپۆکان دەکات و نامەیەکی پەلەی ماتەمیش بۆ مامۆستا (سەجادی) دەنێرێ و لەرۆژنامەی ژین-دا بۆ گۆڤارەکە دەلاوێنێتەوەو کوڕی شیوەنی بۆ گەرم دەکات و ناوی (برایم ئەحمەد)و (عەلائەدین سەجادی) دەخاتە شیعرەکەوە:

داد لەدەست جەورت هەی چەرخی سەرچەوت

وا گەلاوێژ کەوت، گەلاوێژ بۆچ کەوت

ئاسۆی ئەدەبی کوردی پڕ تەمە

سفیدەی بەیان شینە، ماتەمە

ژین بۆ گەلاوێژ بووبوو بەپەرژین

ئێستا لەدوای ئەو بێزارە لەژین

(ئیبراهیم) لەناو (نار)ا سوتاوە

(سەجادە)ی تەقوا بێ رایەڵ ماوە

هیوامان وایە کەچەرخ وەرگەڕێ

سەجادەم بەسەر شەتدا بگەڕێ

پیاوێکمان بمرێ تەعزێی بۆ دەگرین

بۆچ بۆ گەلاوێژ نەگرین تا دەمرین

گەلاوێژ هەرچەند جارجارە هەڵدێ

لەبورجی خۆیدا دوایی هەر هەڵدێ

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١- (ژیان) ژ: ٣٢٦ رۆژی ١١ی حوزەیرانی ١٩٣٢

٢- ژیان، ژ ٥٢٨، رۆژی ٣٠ی ئابی ١٩٣٧.

٣- خەلەف شەوقی ساڵی ١٨٩٨ لەدایکبووە، نووسەرێکی دیارو شارەزابووە، بەکوردیو تورکیو عەرەبی بەرهەمی هەیە، لەچەندین گۆڤارو رۆژنامەی رۆژگاری خۆیدا کاری کردووە، خاوەنی کۆمەڵێ بەرهەمی چاپکراوە، ساڵی ١٩٣٩ کۆچی دوایی کردووە.

٤- ژین، ژ ٧١٧ رۆژی ٥ - ٨ - ١٩٤٣.

٥- ٥ی گەلاوێژ، ژ ١ - ساڵی ١٩٤٨.

سەرچاوە: ئارشیڤی بابەتەکانی خاک - رێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠١٦

-----------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## هەندێ لەبیرەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر



مام جەلال

### یەکەم چاوپێکەوتن

دیارە من ناوی مامۆستا برایم ئەحمەدم بیستبوو. هەر لەدوای ٢ - ٣ ساڵ لەدەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژەوە ناویم بیستبوو. بگرە لەدووریشەوە دیبووم. من خوێندکاری سەرەتایی بووم ئەویش بۆ چەند رۆژێک بەحاکمی نێردرابوو بۆ کۆیە. لەوێ دەعوایەکی دژی هەقەکان هەبوو. مامۆستا برایمی حاکم پشتیوانی کردبوون و تەبریەی کردبوون. ئەوەش دەنگی دایەوە چونکە حکومەت و هەندێ لەئاغاکان دژی هەقەکان بوون. لەوساوە، لەدوورەوە، مامۆستا برایمم ناسی نەک هەروەک خاوەنی چاکترین گۆڤاری سەردەمی خۆی. بەڵکو وەک دڵسۆزێکی هەژاران و پشتیوانێکی جوتیاران و لێ قەوماوانی کوردیش. بەڵام هەم سەبارەت بە تەمەن و هەم سەبارەت بەنەبوونی هیچ موناسەبەیەک بەدیداری مامۆستا برایم شاد نەبووم تاکو ئەو ساڵەی لەزیندان ئازاد کرا، ساڵی ١٩٥١. لەشوباتی ئەو ساڵەدا لەگەڵ خوالێخۆشبووان عەونی یوسفو نوری شاوەیس لەهەولێرەوە چووبووین بۆ کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد-عیراق کە لەماڵی شەهیدی نەمر عەلی حەمدی بەرواری دەبەسترا.

ئەوسا ناکۆکی یەکی توند هەبوو لەناو پارتیدا، کۆنگریس (٣) بەش بوو، ئێمەمانان، خوالێ خۆشبووان حلمی عەلی شەریف، نوری شاوەیس، عەلی حەمدی بەرواری لەگەڵ بەندە و کاک مەجیدو کاک بەکرو چەند هەڤاڵێکی تر باڵی مامۆستا حەمزە عەبدوڵڵای خوالێخۆشبوو بووین. کاک سەلاح روشدیو خواڵێخۆشبوو مستەفا کەریمو مەلا سەیفوڵڵا مزوریو مەلا سدیق بلوکینی باڵی کاک سالحو دژی کاک هەمزە بوون. مامۆستایانی خوالێ خۆشبوو برایم ئەحمەدو کاکە دەبابە، جەلیل هوشیارو عەونی یوسف لەگەڵ کاک عەلی عەبدوڵلا بێ لایەن بوون. بەڵام بەپێچەوانەوەی باڵەکەی کاک سالح روشدی لەگەڵ پاراستنی یەکێتی پارتی دا بونو ئامادەی خۆنەپاڵاوتنەوەش بوون بۆ سەرکردایەتی پارتی لەپێناوی ئەو یەکێتی یەدا.

مامۆستا برایم و کاک جەلیل تازە لەزیندان ئازاد کرابوون، بۆیە جێگەی موتمانەو ڕێزی هەموو باڵەکان بوون: بۆیە کەوتنە بەینەوە بۆ پاراستنی یەکێتی پارتی، ئێمە مانانی (حەمزەیی)منیان هەڵبژارد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ مامۆستا برایم کە لەئوتێل ترۆکادیرۆ دابەزیبوو.

کاکی کاکان منی بردە لای و منی پێ ناساند. ئەویش زۆر بەلوتفەوە منی دواندو پێویستی پاراستنی یەکێتی ریزەکانی پارتی بۆ روون کردمەوەو تێی گەیاندم کە نابێ لەو راستایەدا مەسەلەی بەشە زۆر و کەم بێتە کایەوە. منیش ئەوەم قبووڵ کرد بەو شەرتەی نەک هەر مامۆستا حەمزە لەسەرکردایەتی دا نەبێت بەڵکو هەموو ئەندامانی پێشووی ک.م-ی تیا نەبێت تاکو کۆنگرەی داهاتوو، مامۆستا برایمیش ئەو پێشنیارەی لێ قبووڵ کردم بەو شەرتەی ئێمەش دەنگ بدەین بۆ کاک جەلیل هوشیار بۆ ک.م. کە گەڕامەوە لای هەڤاڵەکانی باڵی خۆمان هەموویان پەسندیان کرد بەمامۆستا حەمزەشەوە.

دیارە ئەو رۆژە هەموومان جگە لەکاک ساڵح روشدیو تاقمەکەی مامۆستا برایم ئەحمەدمان وەک رزگاربهێنەر بۆ پارتی و رێبەرێکی شۆڕشگێری پێشکەوتنخواز دادەنا. هەر بۆیەش بەگشتی دەنگی کۆنگرەی دوو کرا بەسکرتێری پارتی و بۆ ک.م-یش.لە هەڵبژاردندا هەڤاڵان خوالێخۆشبوو نوری شاوەیسو خوالێخۆشبوو حەمەدەمین مەعروف کاک بەکر ئیسماعیلو مام جەلال هەڵبژێردران.

دوای ئەوە مامۆستا برایم منی جیاکردەوە و گوتی ئەوە هەڤاڵانی ئێوە بەپێچەوانەی رێککەوتنەکەمان کاک جەلیل-یان هەڵنەبژاردووە بەڵکو تۆیان هەڵبژاردوە. منیش پێم راگەیاند کە من خۆم نەپاڵاوتبوو، هەر بۆ خاتری سەرخستنی رێککەوتنەکەش تەنازول دەکەم و دوای من کاک جەلیل دێت و دەبێتە ئەندامی ک.ن. هەرواشم کرد ئەوسا مامۆستای نەمریش رازی بوو.

لەیەکەم دیدارما لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمردا زۆر ئیعجابم پێی پەیدا کرد. جارێ بەکوردیەکی رەوانی زۆر جوان، بیروباوەڕی خۆی بۆ روون کردمەوەو تێی گەیاندم کە دەبێ یەکێتی پارتی بپارێزین، جارێش وەختی گۆڕینی پەیڕەو و پرۆگرام نییە، چونکە کاری وا گرنگ بە پەلەو بەسەرپێیی ناکرێ. دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکەین. پرۆژەیەکی تێروتەسەل ئامادە بکەین، بیخەینە بەردەست هەڤاڵان لەهەموو شانە و لیژنەکاندا بیروڕای خۆیانی لەسەر بدەن، دەوڵەمەندی بکەنو گەشەی پێ بدەن، ئینجا بهێندرێتەوە بەردەم کۆنگرەیەکی فراوانتر و(شەرعی تر) لەمەی ئێستا بۆ بریار لێ دانی.

بیروباوەڕە چەپیەکانیشی سەرنجی راکێشام، مامۆستا برایم هەر لەسەرەتای ژیانییەوە، چەپ بوو، زۆریش لەژێر تەئسیری لینیزم دا بوو، دوای ئەو بەماوتسی تۆنگ و تاقی کردنەوەی چینی موعجەب بوو. بۆ یەکەمین جار گوێم لێی بوو، پاشانیش

زۆری دەگوتەوە، کە(خۆزیا ماکسیزم - لینینیزم لە ڕێگەی چینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێمە دەهات) ئەو بیرۆکەی خۆی باش بۆ شەرح کردم و پێی سەلماندم. سەبارەت بەوەی کە هەلومەرجی چین لەهی ڕۆژهەڵاتی ئێمە زۆر نزیکترە هەتاکو هەلومەرجی ئەوروپا. چینیش وەک ئێمە وڵاتێک بوو نیمچە سەرمایەدارو نیمچە دەرەبەگ، بن دەست و بێ بەش لەسەربەخۆیی، ئەویش لەقۆناغی ڕزگاری نیشتمانیو دیموکراسی دا بوو، دیموکراسییەکەشی دیموکراسیی نوێ بوو. کە مامۆستا برایم باشی تێ گەیشتبوو و چاکیش لەمنی گەیاند. مامۆستا برایم دەیەویست ئەوەش بخاتە ناو پرۆگرامی پارتیەوە، واتە دیموکراسی نوێ، کە قۆناغێکە لەبەینی سەرمایەداری کلاسیکی و سۆشیالیزمدا.

مامۆستا برایم لەکۆنگرەی دووەمدا هەڵبژێردرا بەسکرتێرو بیروڕاکەشی لێ پەسەند کرا کە هەر تەنها ناوی حزب بگۆڕدرێتو کرا بە(پارتی دیموکراتی کوردستان - عیراق) پرۆگرامو پەیڕەوی کۆنیش بەلاوەنران، بەڵام بۆ هی نوێ خرایە ئەستۆی(ک.ن)ی نوێ کە ئامادەی بکات بۆ کۆنگرەی سێی پارتی.

دوای تەواوبوونی کۆنگرە مامۆستا برایم لەدوی ناردم و چوومە لای لە ئۆتێلەکە. سوپاسی کردم و ڕێزی لە هەڵوێستەکەم گرت و زۆریشی پێ خۆشبوو کە بۆم باس کرد بە دڵ و بە گیان ئەو هەڵوێستەم هەبووە. بەتایبەتی من خۆشم بە شایستەی ئەو شوێنە نەدەزانی سەبارەت بەوەی کە ئەوسا سنفی چواری سانەوی بووم و ئاستی هوشیاری سیاسیم زۆر بەرز نەبوو.

هەر لەوکۆبوونەوەیەدا ڕێنوێنی کردم کە(الديمقراطية الحديثة ) کەی مامۆستا خوالێخۆشبوو زەکی خەیری بخوێنمەوە کە بەشێکی بە عەرەبی کراوی کتێبە گۆرینەکەی ئەدگار سنو بوو بەناونیشانی (ئەستێرەیەکی سوور بەسەر چینەوە). پێی گوتم کە هەوڵدەم دیموکراسی نوێی ماویش پەیدا بکەم و بیخوێنمەوە، هەروەک باسی ئەوەشی بۆ کردم کە پێویستە ئیهتیمام بە کرێکاران و جوتیاران و خوێندکاران بدەین و ئامۆژگاری کردم ک کادری جوتیاری پەروەردە بکەین بۆ لادێی دەشتی هەولێر و قەراج و بەرانەتی، واتە سەرنجی بۆ لای ڕەنجدەرانی بیروبازوو ڕاکێشام.

لە وەرامی پرسیارێکی من دا باسی بۆ کردم کە ستالین لە موحازەرەیەکیا بۆ زانکۆی ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵات باسی ٣ جۆر پارتی پێشڕەو دەکات یەکێکیان لەو وڵاتانەی کە پرۆلیتاریا تیا بە ژمارە هەندە و بە چۆنایەتش خەملیوە، یەکێکیان ئەو وڵاتانەی پرۆلیتاری بەڵام زۆر نییە و تاقی کردنەویە کرێکارانەی کەمە، یەکێکیان وڵاتانی بن دەستەی بێ چینێکی کرێکاری خەملێون، کە دەبێ پارتی پێشڕەویان (دیموکراتی شۆڕشگێر) بێت.

بەراستی بەو دوو دانیشتنەوە زۆر کەڵکم لەمامۆستا برایم وەرگرت و زۆری لێ فێربووم و زۆریش چووە دڵ و دەروونمەوە، بەتایبەتی کە ئێمەمانان ئەوساش باڵی چەپ بووین، لەناو پارتیشدا باڵە چەپە توندڕەوەکە بووین و مامۆستا برایمی



سەرچاوە Serchawe

ئەمریش بە سیاسەتەکەی خۆی وەتەری دڵمانی ئەلەراندەوە.

* ئەم بابەتە لەژمارە (٢١٢٢)ی کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

-----------------------------------------------

**برایم ئەحمەد لەدیدی رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانەوە**



**راپۆرتی کوردستانی نوێ**

ئەزموونی سیاسی و رۆشنبیریی برایم ئەحمەد لەنێوەندیسیاسیو رۆشنبیریی کوردیدا ئەزموونێکی دەوڵەمەندەو یەک لەو نووسەرە شۆڕشگێڕانەیە کە بە تەمەنی خۆی بەردەوام خزمەتی نەتەوەکەی کردووەو چ لەدنیای رۆشنبیریی چ لەدنیای سیاسەت و شۆڕشدا رۆڵی گرنگی هەبووەو چەندین نەوەی پێگەیاندووە. لەپای تێکۆشانی سیاسیو یاسایی و رۆشنبیرییدا ژیانی هەموو بەنەهامەتی وزیندان وئاوارەیی بەسەر بردووە.

چوست و چالاکی وهەوڵە باشەکانی ئەم شۆڕشگێڕە ماندوونەناسە سەرنجی زۆر نووسەر و رۆشنبیری سەردەمەکەی خۆی وپاش خۆشی ڕاکێشاوەو قسەیان لەسەر کردووە،

ئێمە لێرەدا بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەمان چەند نموونەیەک لە ڕاوبۆچوونی نووسەر و رۆشنبیرو سیاستەمەدارەکان وەردەگرین کە لەبارەی برایم ئەحمەدەوە گوتویانە.

دانیاڵ میتران دایکە دڵسۆزەکەی کورد لەبارەی ماموستا برایمەوە و تویەتی: برایم ئەحمەدی شاعیر و نووسەر و سیاسەتمەدار کە خەباتی کرد بۆ ئاشتی و ئازادی و هەروەها وڵاتەکەی و گەلەکەشی خۆشدەویست.

مام جەلال سەبارەت بەبرایم ئەحمەد وتویەتی: پێویستە لەپێشەوە ئەو ڕاستەیە بسەلمێنین کە پێکهاتەی کەسایەتی ماموستا برایم ئەحمەد تێکەڵاوبوونی بەهرەو تواناو بیرو هۆش وهەست وخۆستی خۆیەتی، هەر لەماڵەوەوە لەسەر دەستی مامی ڕەوشت و خوە بەرزەکانی وەک سەرراستیو راستگۆیی و سەراحەت و جورئەت و قسەی حەق لەڕووی دوژمندا و بێزکردنەوە لەدوو ڕووی و نۆکەرایەتی بێگانەو هەستی کوردایەتی و جوامێری و دلێرایەتی فێر بووە.

نەوشیروان مستەفاش سەبارەت بەبرایم ئەحمەد وتویەتی: دەتوانین بلێین وتاری (شاعیرەکانمان) مەبەست وتاری برایم ئەحمەدە، چوار چێوەیەکی تیرۆرییە بۆ گۆڕینی شیعری کوردی لەڕووی ناوەڕۆک و شێوەدا. هەوڵێکە بۆ ڕەخنەیەکی وردی ئەدەبی بۆ دەربازکردنی شیعری کوردی لەقاڵبی کلاسیکدا بەرەو نوێکردنەوەو ئەم وتارە تا ئێستا نرخێکی ئەدەبی هەیە.

نووسەرو سیاسەتمەدار کەمال فوئاد لەپێشەکی چاپی رۆمانی ژانی گەل دا سەبارەت بەرۆمانەکە نووسیویێتی: ئەوەی راستی بێ، بەرلەوەی ڕێگای خۆی بگرێ بەرەو چاپخانە، ماوەی چەند مانگێکیش لەلای من مایەوە. لەم ماوەیەدا چەند جارێکم خوێندەوە، جاربەجار لەلام شیرین تر ئەبوو، ویستم لەم پێشەکییەدا شتێک لەسەر ناوەڕۆکەکەی بنووسم، چەند لاپەڕەیەکم ڕەشکردەوە، تەماشام کرد هەقی خۆیم نەداوەتێ، لەبەر ئەوە وام بەباش زانی کە ئەم ئەرکە بەرەو ڕووی شارەزایانی ئەدەب بکەمەوە.

سەبارەت بەئەزموونی چیرۆک و رۆمانی برایم ئەحمەد چیرۆکنووس و رۆماننووس حوسێن عارف پێی وایە: لەچیرۆکە کورتەکاندا ململانێی چینایەتی زاڵەو لەرۆمانەکاندا نەتەوایەتی ئەگەرچی لەهەردووکیاندا فیکرێکی روونی شۆڕشگێڕانە هاندەرو ڕەنگرێژی بەرهەمەکانە. عومەر مارف بەرزنجی لەکتێبی برایم ئەحمەد لەکارە زانستی و ئەدەبییەکانی پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەداردا نووسیویێتی: برایم ئەحمەد چیرۆک نووسێکی گەورەیە، پاڵەوانی چیرۆکەکانی لەدوو بەرەدا دەوەستن، لایەک جوتیاری هەژارو دواکەوتووی کوردە، لایەکەی تر دەرەبەگ و دەوڵەمەندو مووچە خۆری میری و دەستوپێوەندەکانێتی، ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی لەناخی ڕوداو و ژیانی هەناسە ساردی خەڵکی ساکارەوە هەڵهێنجاوە، بەشی زۆری بەسەرهاتەکانی بەچاوی خۆی بینیوە و لەگەڵیاندا ژیاوە.

دکتۆر جەمال نەبەز لەبارەی برایم ئەحمەدەوە وتویەتی: لەگۆڕەپان و زمانی وێژە وبزوتنەوەی رامیاری کوردا، بەدرێژایی سەدەی بیستەم، بابەتێکی دیارو بەرفراوانەو شایەنی لێوردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی زانستیانەی رۆشنبیرانەیە.

بارزان شێخ عوسمان لەبارەی مامۆستا برایمەوە وتویەتی: مامۆستا برایم ئەحمەد هەمیشە سەرخستنی قانون وسەروەریی قانونی بەلاوە گرنگ بووە ئەمەش لەپیشەکەیدا رەنگی داوەتەوەو هەمیشە داکۆکی لەهەژاران و جوتیاران کردووەو لایەنگری ئەوان بووە، چونکە لای بەرجەستە بووبوو کە قانون بەقازانجی ئەوانە لەو پێناوەشدا لەساڵی ١٩٥٤ دا خەریک بوو گیانی خۆی ببەخشێت.

نووسەر و مێژوونووس مەحمود مەلا عزەت لەنووسینێکدا بەناونیشانی لەناو رووناکیی مێژوودا سەبارەت بەمامۆستا برایم ئەحمەد وتویەتی: مامۆستا برایم ئەحمەد لەهەریەکە لەلایەنەکانی ژیانی سیاسی و دیپلۆماسیی، حزبایەتیو کاری فیکری ورێکخستن و تیۆری، رۆژنامەگەریی، شاعیری چیرۆک و رۆماننووسیی، نووسەری، زمانەوانی و رەوانبێژی، یاساناسی، ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردەواریی و سیاسییەکی گەورەی بەتوانا و رابەرێکی گەورەی کوردایەتی و رێبازی کوردستانییەت بووە، بیرچەپی واقیعبینانە هەمیشە پاڵپشتی هەژار و لێقەومان بووە

نووسەرو لێکۆڵەر ئامانج حەسەن ئەحمەد لەکتێبی برایم ئەحمەد رۆڵی لەبزاڤی رزگاریخوازیو روناکبیریی گەلی کورددا نوسیویتی: شایەنی باسە رۆژنامەگەریی بەشێکی فراوانی لەژیانی (برایم ئەحمەد) داگیر کردووە یەکێک لەحەزو ئارەزووەکانیشی کارکردن بووە لەبواری نووسین ورۆژنامەگەریدا، چوونیشی بۆ کۆلێژی یاسا هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە، چونکە لەو کاتەدا هەر یەکێک کە خاوەن ئمتیاز یا سەرنووسەر یان بەڕێوبەری نووسین بوایە پێویست بوو کە دەرچووی کۆلێژی یاسا بێت، کە بێگومان ئەمەش جۆرێک لەفشارو سانسۆری حکومەتی پاشایی دەردەخات بەرانبەر بەخاوەندارێتی رۆژنامە و بڵاوکراوەکان.

عەلی قازی کوڕی پێشەوا سەبارەت بەمامۆستا برایم وتویەتی: پێش پێکهاتنی کۆماری مهابادو لەکاتی کۆماردا یارمەتی کۆماری داوەو جێ پەنجەی بلە زۆر دیارو ئاشکرا بووە.

د. تاهیر لەتیف کەریم لەکتێبێکیدا بەناوی برایم ئەحمەدو شیعرییەتدا نووسیوێتی: مامۆستا بەو پێیەی سیاسەتمەدارو یاساناس و خاوەن بەهرەیەکی ئەدەبی وشیعریش بوو، هەمیشە هەوڵیداوە تاکی کورد رابهێنێت لەسەر پرسیار و کێشە و داواکارییەکانیان، کە لە لایەن رژێم ودەسەڵاتە سەرکوتکەرەکانەوە کۆت وزنجیر کرابوو. هەر لەبەر ئەمەشە نووسین ودەقە ئەدەبیو شیعرییەکانی هەڵقوڵاوی ژینگەیەتی بەتایبەت بازنە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسییەکان.

لەتیف فاتیح فەرەج لەبابەتێکدا کە لەسایتی وێستگە بڵاوبوەتەوە بەناونیشانی برایم ئەحمەد نوسەرومرۆڤ دەڵێت: نزیکەی ٦٠ ساڵ لەمەوبەر برایم ئەحمەد نووسەر و شاعیرو رۆماننوس و سیاسیەکی ناودار بووەو دەستی بردبێ بۆ هەر

کارێک ویستویەتی لەوانی دیکە نەچێت، نزیکەی ٦٠ ساڵ لەمەوبەریش لەنامیلکەی «العرب و الاکراد»دا دیدو سەرنجی وردی خۆی بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئەو دوو گەلە خستوەتەڕوو، کەواتە ئەو وەک مرۆڤێک، وەک کوردێک کە نەتەوەکەی پارچە پارچەو پرش وبڵاو کراوەتەوە، ئەوەی لەبیر نەچووە، چۆن بەپێی قۆناغەکان ئەو نادادیە راست بکرێتەوە کە لەسایکس بیکۆو جەنگی جیهانی یەکەمدا لەکورد کراوە، ئەو لای وابووە پێویستە بەپێی پێشکەوتنی زەمەن کوردو عەرەب بگەنە ئەو ئاستەی چ جۆرێک لەپێکەوە ژیان هەڵبژێرن.

بۆ کۆکردنەوەی بۆچوونی ئەم رۆشنبیر و سیاسەتمەدارانە سوودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە

* رۆژنامەی کوردستانی نوێ، پاشکۆی بەرەو روناکی کە رێزلێنانی کوردستانی نوێ بووە لەبرایم ئەحمەد
* سایتی وێستگە
* برایم ئەحمەد و شیعریەت - د. تاهیر لەتیف کەریم
* برایم ئەحمەد ژیان و بەهرە داهێنان - ئحمەد شەریف عەلی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

---

**برایم ئەحمەد وەک سایکۆلۆجیستی جەماوەری**



**حسەین لەتیف**

بۆ من برایم ئەحمەدی رۆماننوسو چیرۆکنوسو رۆژنامەنووس جیاوازە لەبرایم ئەحمەدی سیاسی. برایم ئەحمەد لەگۆڤاری گەلاویژو لەژین کاری کردووە لەگەڵ پیرەمێرد وعەلائەدین سوجادیو گۆران دا زمانی ئەدەبیی کوردی لەهەژموونی ئەو زمانە

ئاینییە رزگار دەکەن کە لەحوجرەکانەوە هاتو زمانی باوی نوسین بوو تەنانەت لەسەردەمی حکومەتەکەی شیخی نەمریشدا زمانی رەسمی نوسین بوو. بەڵام هەوڵەکانی ئەوان برایم ئەحمەد لەچیرۆکداو پیرەمێرد وگۆران هەریەکەو بە تایبەتمەندیی خۆیانەوە لەشیعردا عەلائەدین سوجادی لەرەخنەدا تارادەیەکی زۆر باش هەژموونی زمانی دینییان لەسەر زمانی نوسینی کوردی کاڵ کردەوە.

برایم ئەحمەد رۆشنبیرێکی مەوسوعی بووە لەنووسینی چیرۆک و رۆماندا،بەتایبەتی لەرۆمانی(ژانی گەل)دا چەندە بەتەنگ نوسینی رۆمانێکی هونەرییەوەیە ئەوەندەش وەک دەروون ناسێک دەردەکەوێت.ساڵی ١٩٩٠ بۆ یەکەم جار ئاشنای نووسینی چیرۆک و رۆمانەکانی بووم (ژانی گەل)یەکەم جار خوێندەوە باس لەوە دەکات(ژنێک ژان دەیگرێت و مێردەکەی دەروات مامانی بۆ پەیدا بکات. بەڵام لەدەروە خۆپیشاندان بەرێوە دەچێت. بەرێکەوت دەکەوێتە ناو خۆپیشاندانەکەوەو دەگیرێت. خۆپیشاندەران داوای ئازادکردنی دەکەن.)

ماموٚستا برایم ئەحمەد لەپەنای ئەم گێرانەوەیەوە دەیەوێت پێمان بڵێت: کۆمەڵگەی کوردی قارەمانەکانی بەرێکەوت دروست بوون. دروست بوونی قارەمانەکانی هاوشێوەی قارەمانی رۆمانی ژانی گەل بەرهەمی هۆشیاریقارەمانەکەنییە ئەوەندەی بەرهەمی رێکەوت وجەماوەرێکی بێئاگایە.

کۆمەڵگەی کوردی پاڵەوانەکانی بەسروشتی بەرهەم ناهێنێت بەڵکو بەرێکەوتە. ئەمەش برێکی زۆر پەیوەندی بەسایکۆلۆجیای جەماوەرەو هەیە کە تیایدا تاک خودئاگای و هۆشیاری لەدەست دەدات و دەبێتە بەشێک لە(حشد)، لەلایەن کۆمەڵەوە ئاڕاستە دەکرێت نەک خۆی توانای ئاڕاستە کردنی هەبێت.پاڵەوانەکەی رۆمانی ژانی گەل ویستی خۆی نییە بۆ بوون بە پاڵەوان بەڵکوو(حشد) ئاپۆڕا دروستی دەکەن. ئەگەر شانۆ نامەنوسی نەرویجی هێنریک ئەپسن لەدوژمنی گەل دا وێنەی تێکشکانی دکتۆر ستوکمان بەپلانی کاربەدەستان و جەماوەرێکی غافڵ بکێشێت ئەوا برایم ئەحمەد وێنەی دروست بوونی پاڵەوانێکی نەتەوەییمان بۆ دەکێشێت کە بەرهەمی جەماوەرێکی غافڵە. خاڵی هاوبەشی نیوان برایم ئەحمەدو هنرێک ئەپسن ئەوەیە هەردووکیان کار لەسەر عەقڵ و سایکۆلۆجیای جەماوەر دەکەن. عەقڵ و سایکۆلۆجیای جەماوەر لای برایم ئەحمەد پاڵەوان دروست دەکات ولای ئەپسن پاڵەوان تێک دەشکێنێت. خاڵێک کە برایم ئەحمەد و ئەپسن لەیەک نزیک دەکاتەوە تێگەیشتن و روانینیانە بۆ جەماوەر خاڵێکیش لەیەکیان جیادەکاتەوە جۆنیەتی و میکانیزمی خستنە رووی روانینەکانینە بۆ جەماوەر.میکانیزمی یەکەمیان رۆمانەومیکانیزمی دووەمیان شانۆیە. پەنابردنی برایم ئەحمەد بۆ رۆمان لەخستنە رووی پرسێکی وەهادا دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی جگە لەوەی خۆی ئەدیب بووە رۆمانیش لەسەرەتای دەرکەوتنی بووە لەم رۆشنبیرییەدا، پەیوەندی بەوەشە وە هەبوو کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی نامۆ بەدیالۆگەبەڵکو شەیدای گێڕانەوەیە.ئەمەش دووبارە سایکۆلۆجیستی بوونی برایم ئەحمەد دەسەلمێنێتەوە ئەگەرنا دەیتوانی بەوتارێکی رۆژنامەوانی

مۆعالەجەی پرسێکی وەها بکات.

گۆستاف لوبون لەکتێبە نەناوبانگەکەیدا سایکۆلۆجیای جەماوەر باس لەبێ متمانەیی خۆی بەجەماوەر دەکات. پێوایە(ئەو شتەی ئەمڕۆ جەماوەر دروستی دەکات سبەینێ هەر خۆی دەیڕوخێنێتەوە).جەماوەر چەندە هێزی دروستکردنی هەڵگرتووە لەخۆیدا، هێندەش هەڵگری هێزی وێرانکەرە. برایم ئەحمەد هێزی دروستکردنی جەماوەری نیشانداوەتەوە. ئەپسنیش هێزە وێرانکارەکەی نیشان داوەتەوە. خالێ هاوبەش و جەوهەری لە نێوانیاندا ئەوەیە کردەی جەماوەری کردەی ناعەقڵانییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## صرخە کردستان، گۆڤارێکی فەرامۆشکراو



نەوزاد عەلی ئەحمەد

بۆ ئەم باسە؟!

زۆربەی هەرەزۆری نووسەرو ئەدیبو رۆژنامەنووسانی کورد ئاشنان بە بەرهەم و کارەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، منیش هەر زوو لەکۆتایی هەفتاکانی سەدەی رابردوو یەکەمین بەرهەم کە خوێندمەوە رۆمانی «ژانی گەل»بوو. بەڵام بۆ لەنزیکەوە ناسینی بۆ ئەو سەردانەی دەگەڕێتەوە کە لەهاوینی ساڵی ١٩٩١ هاتەوە کوردستان و زۆربەی کات لەشاری شەقڵاوەبوو، ئێمەش ئەو کاتە خەریکی خۆئامادەکردن بووین بۆ کۆنگرەی نووسەرانو پێش کۆنگرە هەر لەشەقڵاوە بەناوی یەکێتیی نووسەران چەندان کۆڕی ئاوازەمان سازکرد، لەنێو ئەو کۆڕانەدا کۆڕێکمان بۆ مامۆستا برایم بوو، ئەو کۆڕە من بەڕێوەم دەبرد، بەداخەوە نازانم دەقی تۆمارکراوی ئەو کۆڕە کەوتۆتە لای کێ!؟. هەروەها لەکاتی کۆچی دوایی تا رۆژی

چلەکەیدا هەفتانە یەک لاپەڕەم سەبارەت بەڕۆڵ وجێ پەنجەی مامۆستا برایم لەرۆژنامەی خەبات دا لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ دەنووسی، بۆ چلەکەی، بابەتەکە کرا بەکتێب و لەهۆڵەکەدا دابەشکرا. هەروەها چەندان بابەتی تریشم سەبارەت بە بەرهەمەکانی مامۆستا برایم نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە. ئەم هۆکارەو هۆکاری هەرە سەرەکیی من مامۆستا برایم بەناوێکی رەچەشکێن لە بواری ئەدەب و رۆژنامەگەرییدا دەبینیم، هەربۆیە کەوتمە خوێندنەوەو گەڕان و سۆراغکردنی بەرهەمەکانی، یەکێک لەو گۆڤارانەش لەکاتی سۆراغکردنەکانمدا کەوتە بەرچاوم گۆڤاری صرخه کردستان بوو.

ئەمەو خاڵی هەرە جەوهەری بۆ نووسینی ئەم بابەتە، تا ئێستاش پسپۆران و مێژوونووسانی کورد گۆڤاری «صرخه کردستان» ناناسن و زانیاریان نیە، ئەوەندەی باسکراوە تەنیا ئاماژەدانە بەناوی گۆڤارەکە. خاڵێکی تر ئەوەی زۆر دڵگرانی کردووم پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی، گۆڤاری «چریکەی کوردستان» یان چاپکردەوە، بەڵام بەداخەوە کەوتوونەتە چەند هەڵەیەکەوە. لێرەدا ئەو کورتە وتارەم تێهەڵکێشی ئەم پێشەکییە دەکەم کە دوای چاپکردنەوەی حەوت ژمارەکەی چریکەی کوردستان نووسیم بەڵام وتارەکەم بڵاونەکردەوە وا لێرەدا بۆ یەکەمجار بڵاویدەکەمەوە؛دوای چاپکردنەوەی « چریکەی کوردستان» سەرنج و پێشنیار بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی

چەند هەفتەیەک لەمەوبەر لەدەستپێکی کارە چاپکراو و رۆژنامەگەرییەکانیدا، یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی لە دوو بەرگدا ٧ ژمارە لە گۆڤاری «چریکەی کوردستان»ی چاپکردووە. گۆڤاری ناوبراو دوا بەرهەمی رۆژنامەگەریی‌و رۆژنامەنووسییەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد-ە. بەرهەمەکەی یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی سلێمانی بەهەق جێگای دەستخۆشی و پیرۆزانینە. لەبەرگی یەکەمی کۆبەندی ژمارەکانی گۆڤارەکەدا ٤ ژمارە داندراوە و لەبەرگی دووەمیشدا ٣ ژمارە. هەردوو بەرگەکە لەچاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە. بۆ چاپکردنەوەی گۆڤارەکە یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی سلێمانی پێشەکی نووسیوەو ئیندێکسی بۆ بابەتەکان ونووسەران ئامادەکردووە. لەپەرەگرافی پێشەکیەکەدا نووسیویانە: (مایەی شانازی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە کە نۆبەرەی چالاکییە چاپەمەنییەکانی، چاپکردنەوەی ئەم گۆڤارە بایەخدارەیە کە شاکارێکی تری مامۆستای مەزن، ئەدیب و رۆژنامەنووس، شاعیر و سیاسەتمەدارو کەسایەتی ناوداری کورد مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمرە. گۆڤاری چریکەی کوردستان لەماوەی ساڵانی ١٩٧٩ - ١٩٨٣ دا ئەگەرچی تێکڕا حەوت ژمارەی بە کوردی ودوو ژمارەی بەعەرەبی بەناوی صرخه کردستان لێ بڵاوکرایەوە). چاپکردنەوەی کارێکی لەوجۆرە پێویستی بە بەدواداچوون و پرس و را هەیە. سەرەتا سەرنجەکانم لەو چەند دێڕە سەرچاوە دەگرن کە پێشتر گواستوومەتەوە. گۆڤاری چریکەی کوردستان ئەوەندەی تا ئێستا من بینیوومە و لەکتێبخانە گەڕۆکەکەمدا پاراستوومە ٧ ژمارەی لێ دەرنەچووە، بەڵکو ٩ ژمارەیە. پاشکۆی گۆڤارەکەش کە بەناوی صرخه کردستان بڵاوکراوەتەوە ٢ ژمارە نیە بەڵکو ٥ ژمارەیە. کەواتە دوا ژمارە ساڵی ١٩٨٣ دەرنەچووە، ئەگەر پشت بە پاشکۆی گۆڤارەکە ببەستین ئەوە دواژمارە ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە، بەڵام ژمارە ٨ - ٩ ی کوردییەکە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٥ بڵاوکراوەتەوە. ئەو گۆڤارە تەنیا لەیەک دوو سەرچاوەدا باس کراوە بەڵام

زانیارییەکان پڕن لەکەموکوڕی و هەڵەی سەیر. من لەچەندان شوێندا ئاماژەم بەو گۆڤارەدا داوە، بەڵام ساڵی ٢٠٠٤ لەساڵرۆژی کۆچی دوایی مامۆستا برایمدا، لەستۆکهۆڵم کۆڕێکی شایستە لەلایەن کۆمەڵەی گەلی کوردستان بەڕێوەچوو، لەکۆڕەکەدا باسێکی وردم سەبارەت بەگۆڤاری ناوبراو پێشکەشکرد و پاشان لەژمارە ٩ی گۆڤاری «ڕۆژنامەنووس» بابەتەکەم بڵاوکردەوە، کە دەکرا ئامادەکەرانی چاپکردنەوەی گۆڤارەکە سەرەتا بانگەوازێکیان بڵاوبکردبایەوە، تا بە کۆمەڵێک سەرچاوە کتێبەکەیان دەوڵەمەند بکردبووایە بەم شێوەیە وتارەکەم کۆتایی دێت.

بەڵام ئەوەی دڵگرانتری کردووم ئەوە چوار ساڵ زیاترە ژمارە ٨ - ٩ی گۆڤاری چریکەی کوردستان لەگەڵ هەر ٥ ژمارەکەی صرخە کردستان-م ئامادەکردووەو بەیەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی-م داناوە، ساڵی یەکەم چەندان وەعدی چاپکردنیان پێدام، کەچی نە وەعد جێ بەجێ کرا نەمسوەدەی کتێبەکەشیان بۆ گەڕاندمەوە؟! هیوادارم خەمخۆرێکی بەرهەمەکانی مامۆستا برایم وەڵامم بداتەوەو بەهەق گۆڤاری صرخە کردستان شایانی چاپکردنەوەیە.

### مامۆستا برایمی ڕۆژنامەنووس

وەک لەپێشەوە ئاماژەم پێدا چەند ساڵێک لەمەوبەر لێکۆڵینەوەیەکم سەبارەت بەگۆڤاری «چریکەی کوردستان» نووسی، لەوێ بەکورتی ئاماژەم بەژیانی ڕۆژنامەنووسی ئیبراهیم ئەحمەد دابوو، وا لێرەدا ئەو چەند دێڕەم کورتتر دەکەمەوە و بەم شێوەیە ئەو بەشەی ژیانی مامۆستا برایم پۆلێن دەکەم:

١- گۆڤاری گەلاوێژ لەنێوان ساڵانی ١٩٣٩- ١٩٤٩ دەرکردووەو(١١٦) ژمارەی لێدەرچووە.
٢- نووسەرێکی دیاری ڕۆژنامەی (ڕزگاری)ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد بووە.
٣- ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەدەرکردنی ڕۆژنامەی (خەباتی کوردستان).
٤- ڕۆژنامەی خەبات (٤ - ٤ - ١٩٥٩) تا (٢٨ - ٣ - ١٩٦١) (٤٦٢) ژمارەی بەئاشکراو بەرەسمی لەبەغدا لێدەرچووەوخاوەن و سەرنووسەری بووە.
٥- ڕۆژنامەی(کوردستان) ساڵی ١٩٦١ پێنج ژمارەی بەئاشکراو بەرەسمی لەبەغدا لێدەرچووە، پێکەوە لەگەڵ مام جەلال دەریانکردووە.
٦- تا دوو لەتبوونەکەی پارتی لەساڵی ١٩٦٤دا(خەبات)لەساڵی ١٩٦٢ - ١٩٦٤، یازدە ژمارەی لێدەرچووەو ئەو یازدە ژمارەیە بەنهێنی دەرچووەو مامۆستا برایم سەرپەرشتی کردووە.
٧- ڕۆژنامەی(خەبات)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، باڵەکەی مەکتەبی سیاسی لەدەرچوون بەردەوام بووەو تا ڕۆژی تێکەڵاوبوونەوەکەی پارتی لەساڵی ١٩٧٠دا زیاتر لە(١٠) ژمارەی لێدەرچووەو مامۆستا برایم سەرپەرشتی کردووەو نووسینی



سەرچاوە Serchawe

تێدا بڵاوکردۆتەوە.

٨- لە نێوان ساڵانی(١٩٧٩ - ١٩٨٥)دا لە لەندەن-ی پایتەختی بەریتانیا گۆڤاری (چریکەی کوردستان)ی بەزمانی کوردی دەرکردووەو پاشکۆیەکیشی بۆ گۆڤارەکە بەناوی (صرخه کردستان) بەزمانی عەرەبی دەرکردووە. ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین دواکاری رۆژنامەنووسی مامۆستا برایمە، بەتایبەتی صرخه کردستان چونکە دوا ژمارەی ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە، بەڵام گۆڤارە ئەسڵیەکە واتە «چریکەی کوردستان» دوا ژمارەی ساڵی ١٩٨٥ دەرچووە.

### فۆرم و دیزاین و ناساندن

گۆڤاری(صرخه کردستان) ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٨٦ لە لەندەن دەرچووە، ئەگەرچی ناوی مامۆستا برایم لەسەر گۆڤارەکە نەنووسراوە بەڵام دوای سۆراغ و بەدواداچوون وبینینی چەند بەڵگەنامەیەک، ئەو گۆڤارەکەی دەرکردووەو زۆربەی هەرەزۆری بابەتەکانی ئامادەکردووەو وەرگێڕاوە. ئامانج لەدەرکردنی ئەم گۆڤارەدا زیاتر کارێکی دۆکیۆمێنتکاری بووە، وەک لە ژمارە ١ دا نووسیویەتی: «بەشداریکردنێکە بۆ تەوسیقکردنی برایەتی خەبات لەنێوان کورد وگەلە تێکۆشەرەکان لەپێناوی رزگاری لەچەوسانەوەو ئیمپریالیزم وئیستغلالدا، هەروەها لە پێناوی خۆشەویستی بۆ ئازادی و دیموکراتی وئاشتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی و جیهان بەگشتی. ئەمە و ئەرکێکی تری گۆڤارەکە گوزارشتکردنە لەئازارو هیواکانی نەتەوەی کورد لە تەواوی بەشەکانی نیشتمانەکەی کوردستان دا» هەروەها لەپەرەگرافی دووەمدا هاتووە: «ئەمەو نەتەوەی عەرەب لەپێشەوەی ئەو نەتەوەو گەلانە دێت کە هەوڵدەدەین پەیوەندی تێکۆشان لەگەڵیاندا بکەین، چونکە هەر لەکۆنەوە پەیوەندی مێژوویی، ئاینی، رۆشنبیریو دراوسێیەتی بەهێز لەنێوان هەردوو نەتەوەدا هەیە».

گۆڤاری صرخەکردستان، بەزمانی عەرەبی دەرچووە، پێنج ژمارەیە، بابەتەکانی بەتایپی دەستی تایپکراونو لەوەدەچێت دوای دیزاینکردنی لەرێگای ئامێری فۆتۆکۆپی دانەی لەبەرگیراوەتەوە. قەبارەکەی بریتیە لە ١٤،٥ بە ٢٠،٥ سم، لەهەر پێنج ژمارەکەدا نەخشەی کوردستان لەسەر بەرگەکەی داندراوە. لەباری چاپدا بەراورد بەگۆڤارەکانی ئەوێ رۆژی کە لەئەوروپا دەردەچوون پێشکەوتوو نیە. لەناوەوەی ژمارەکاندا ناونیشانی بانکی چەند وڵاتێک داندراوە بەمەبەستی بەشداریکردن لەکڕینی گۆڤارەکەدا. گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە نەداوە تەنیا لەژمارە ٤ - ٥ چەند وێنەیەکی بڵاوکردۆتەوە. لەچاپکردنیدا کاغەزێکی کوالێتی باش بەکارهاتووە، بۆ بەرگەکەشی کارتۆن بەکارهێنراوە. ئەوەندەی زانیاریم کۆکردۆتەوە تەواوی کارەکان لەتایپکردنەوە تا دیزاین و کۆپی و کۆکردنەوە و دابەشکردندا مامۆستا برایم خۆی رایی کردوون، تەنیا بۆ هەندێک لە کارەکاندا هاوسەرو کچەکانی یارمەتیان داوە.

لەژمارە ١ و ٢ دا هیچ پێناسەیەک بۆ گۆڤارەکە دانەندراوە، بەڵام لە ژمارە ٣ و ٤ - ٥ دا لەسەر بەرگی گۆڤارەکەدا

نووسراوە؛ گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە.

### بابەت و ناوەڕۆک

گۆڤارەکە لەژمارە ١ دا وەک گۆڤارێکی دۆکیۆمێنتاریی خۆی ناساندووە، بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دەوڵەمەندە بەچەندان بابەت و باس کە رۆژنامەکانی جیهان سەبارەت بەکورد و کوردستان و ناوچەکە بڵاویاندەکردەوە، هەروەها کۆمەڵێک راگەیاندنی ئەمنیستی ئینەرناشناڵی تیایە کە سەبارەت بەتاوانەکانی عیراق دەریکردووە، لەچەندان شوێن و ژمارەدا دەقاودەق ئۆرجیناڵی کۆمەڵێک دۆکیۆمێنت کۆپیکراوەتەوەو جارێکیتر بڵاوکراوەتەوە، بۆ نموونە نووسینگەی گەلی جەماوەری گەلی سۆشیالیستی عەرەبی لیبی لەستۆکهۆڵم واتە«باڵیۆزخانەی لیبیا لەستۆکهۆلم» نامەیەکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کردووەو رێککەوتی رۆژی ٣٠ - ٣ - ١٩٨١ی لەسەرە. هەروەها لەگەڵ بڵاوکردنەوەی چەند بەڵگەنامەیەکدا شیکار بۆ بەڵگەنامەکان کراون، ئەوەی جێگای سەرنجیشە چەند باس و لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستیشی بڵاوکردۆتەوە کە تەنیا ئاماژە بەناونیشان و ناوەڕۆکی چەند بابەتێک دەدەم، لێکدانەوەیەکی ورد لەژمارە ١دا سەبارەت بەجەنگی ئێران-عیراق بڵاوبۆتەوە، ئەوەی گرنگە لەم نووسینەدا هۆکاری جەنگەکەو هەڵوێستی وڵاتان سەبارەت بەجەنگەکە روونکراوەتەوە، بۆ باسەکە پشت بەچەندان زانیاری ورد بەستراوە، هەر لەم ژمارەیەدا بابەتێکی تر لەمەڕ دەسەڵاتی سوپا لەتورکیا دێتە بەرچاو کە پڕە لە داتا و زانیاری بەسوود، بە هەمان شێوە لەژمارەکانی تریشدا کۆمەڵێک بابەتی تر سەبارەت بەمێژووی نەتەوەی کورد، رێککەوتنامەی جەزائیر. لە ژمارە ٣دا دوو نووسین سەرنجی راکێشام؛ ئیسلام و کورد لەگەڵ بابەتی کەرکوک شاری ئاگرو رۆشنایی لەژێر ئەم ناونیشانەدا دوو نووسین داندراوە یەکێکیان کەرکوک لە قاموسی ئەعلام « ل . ن» لەزمانی تورکی وەریگێڕاوە، ئەویتریش لەئینسکلۆپێدیای ئیسلامی وەرگیراوەوهەڵکەوت حەکیم وەریگێڕاوە، ئەم دوو بابەتە دوو بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن بۆ کوردستانییەتی شاری کەرکوک و دەوروبەری، هەردوو نووسینەکە بەچەندان پەراوێز و سەرنج دەوڵەمەندکراون.

لەژمارە ٤ - ٥ دا ئەمەو چەندان نووسین و بابەت سەبارەت بەمافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها لەهەر پێنج ژمارەکەدا گرنگییەکی دیار بە ئەدەب دراوەو لەژێر گۆشەی«باخچەی ئەدەب»کۆمەڵێک دەقی شیعری بڵاوکراونەتەوە کە زۆربەی دەقەکان دەچنە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە، ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشاوم زۆر گرنگی بەجارێکیتر بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی شاعیری فەڵەستینی سەمیح ئەلقاسم دراوە، ئەمەو لەهەر پێنج ژمارەکەدا مامۆستا برایم تەنیا یەک شیعری وەرگێڕدراوی خۆی بڵاوکردۆتەوە، شیعری«ئازار و ئازارەکان» لە نووسینی مامۆستا برایمە و لەژێر ئیمزای «ب. ا. ر» واتە« بلەی ئەحەرەش» بڵاویکردۆتەوە و ئەم چەند دێڕەی لە سەرەتای شیعرەکە نووسیوە:«ئەم

شیعرەم لە بیرەوەری رێککەوتنامەی ئازاری ١٩٧٥ نووسیوە و ئەو کارەساتانەی روویاندا دوای ملکەچکردنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ فەرمانەکانی ئەمریکا و شا، ئەویش بە دانانی چەک و وەستاندنی خەباتی چەکداری کە لە پێناوی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عیراق بوو»

پێویستە ئاماژەش بەوە بدەم زۆربەی هەرەزۆری نووسین و باس و بابەتەکانی ئەم گۆڤارە مامۆستا برایم نووسیویەتی یان ئامادەی کردوون یاخود بۆ سەر زمانی عەرەبی وەریگێڕاون بەڵام بەبێ ئیمزا بڵاویکردوونەتەوە.

## ناونیشانی بابەتەکان

بۆ باشتر ئاشنا بوونی خوێنەران بە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە، وا ناونیشانی بابەتەکان بە وەرگێڕدراوی بۆ سەر زمانی کوردی دەنووسمەوە:

- ژمارە١، مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١، ٩٠ لاپەڕەیە.


پێشکەشە - دەستەی نووسەران... ل ١

ئێران لەنێو زریان دا... ... ل ٢

سەبارەت بەجەنگی ئێران - عیراق... ل ٥

لیبیای جەماوەری ومافی نەتەوە چەوساوەکان، م. د ..... ل ١٣

حوکمی ژەنەڕاڵەکان لەتورکیا...... ل ١٧

سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکی...... ل ٢٧

سادات وبیگن........ ل ٣٢

کێشەی ئەفغانی....... ل ٤٢


### باخچەی ئەدەب


- گوتارێک لەبازاری بێکاریدا، سەمیح ئەلقاسم..... ل ٥٣
- تاوانبارکردن،مزەفەرئەلنەواب.... ل ٥٥
- ئازارو ئازارەکان، ب. ا. ر....... ل ٥٥

عیراق: بەڵگەیئازاردان، ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ.... ل ٦٩

تیرۆر،ناوەندەزانستییەکانیعیراق رادەماڵێت..... ل ٧٤
دەقی وتاری سەرۆک معەمەر قەزافی.. ل ٧٩
ئۆتۆنۆمی نموونەیی، د. ل ...... ل ٨٥
لەگەڵ چەند کورتە بابەتی تردا.....

- ژمارە ٢، مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٢، ٨٦ لاپەڕە

عیراق دوای رووخانی سەدام..... ل ١
رژێمی خومەینی و سیاسەتی راگواستنی کورد...... ل ١٠
نەتەوەی کورد لەژێر سایەی چەوساندنەوەی بێسنوور،شێرکۆ...... ل ١٣
بەیاننامەی کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافەکانی دیموکراتی لەتورکیا سەبارەت بەزیندانیان لە زیندانەکانی دیاربەکردا.... ل ١٥
شێخ عیزەددین حوسێنی رژێمی خومەینی ئیدانە دەکات...... ل ١٧
پرسیار و وەڵام، نون ..... ل ١٨
هەستەکانی کوردێکی کۆچبەر بەرامبەر بەمەرگەساتەکانیفەڵەستین-لوبنان.... ل ٢٠
هەڵبژاردن لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا... ل ٢١
سوپا بەبۆمب ورەشاش هێرش دەکاتە سەر زیندانیانی کورد...... ل ٢٦
گەلی کورد ورێککەوتننامەی جەزائیر... ل ٢٩

باخچەی ئەدەب

- بڵاوکراوەی فیدائیەکان لەسەر دیوارەکانی ئیسرائیل، نزار قەبانی..... ل ٣٣
- چەند بەشێک لەگۆرانی لاوک، لەتیف هەڵمەت ....... ل ٣٦
- سێ شیعری سەمیح ئەلقاسم..... ل ٣٨
- سرووی خۆڕاگری، گۆران....... ل ٤٠

سەکۆی ئازاد..... سەبارەت بە تەرویجی بیری خەباتی کوردستانی، کامەران دڵسۆز.... ل ٤١
- ژمارە ٣، مانگی ئابی ساڵی١٩٨٤، ١٠٢ لاپەڕە
ئیمپریالیزمی ئەمریکیو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.... ل ١

ئیسلام و کورد ...... ل ۹

لەگەڵ گۆڤاری Arabia لە راپۆرتێکدا سەبارەت بەکورد، بەشی یەکەم..... ل ۲۰

هەر تەنیا نەتەوەیی بەسنیە..... ل ۲٦

باخچەی ئەدەب

- نامەکان بۆ نیشمان، سەمیح ئەلقاسم..... ل ۳۳
- نوێژەکەم، کریستۆ بۆتیڤ...... ل ۳٥
- سبەینێ،خەسرەو گوڵسروخی، وەرگێڕانی: فەرهاد شاکەلی.... ل ۳۷
- ئەستێرە، کالینی چاچان، وەرگێڕانی: ع. م .......ل ۳۹

کەرکوک: شاری ئاگرو رۆشنایی، کەرکوک لەقاموسی ئەعلام، وەرگێڕانی ل .ن..... ل ٤۱

کەرکوک لە ئینسکلوپیدیای ئیسلام، وەرگێڕانی: هەڵکەوت حەکیم...... ل ٤٥

هەڵبژاردە لەرۆژنامە وگۆڤارەکاندا..... ل ٥۷

ستراتیژێکی نوێ، جوناپان کنورت...... ل ۷۱

سەکۆی ئازاد: گەلی کورد پێویستی بە پاڵنەری دەرەکی نیە، برزوو عەلی.... ل ۷۷

- ژمارە ٤ - ٥، مانگی ئابی ساڵی ۱۹۸٦، ۲۰۸ لاپەڕە

رای صرخە؛ جەنگی عیراق - ئیران..... ل ۱

تاوانی ئیدارەی ریگان لە بڵاوکراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیدا..... ل ۷

بروسکەی ئەمینداری گشتی بۆ سەرکردەی شۆڕشی فاتیحی لیبی..... ل ۹

نەتەوەی کوردو مافی جێگیری مێژوویی بۆ مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی « دەوڵەتی کوردستانی یەکگرتوو»، سیوەیلی.... ل ۱۱

هەڵوێستی شۆفێنی بەرامبەر بەگەلی کوردوکێشە نەتەوەییەکەی، ناکرێت بەرامبەری بێ دەنگ بین، د.ماجد رەزا.... ل ۱٦

باخچەی ئەدەب

- فکرەیەک ئازارم دەدات، شندور بیتوفی.... ل۳۳
- شۆڕشی هوشیاری، ئیبن ئەلخەزرا..... ل ۳٤

- هەناسەمان بۆنی نیشتمانی لێ دێ، شاخەوان..... ل ٣٥
- جەنگی ئازادی، نازم حیکمەت. وەرگێڕانی؛ ئۆزدەمیر..... ل ٣٧
- بیرەوەری و هیوا....... ل ٣٨
- سرووودی یەکێتی..... ل ٤٢
- دوا چامە، خەسرەو روزبە...... ل ٤٣

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەدیبی کوردی سۆڤیەتی حاجی جندی؛ رۆشنبیری تەنیا لە سایەی دیموکراتیدا گەشە دەکات، سازدانی: سەعدی مالح...... ل ٤٤

مافەکانی مرۆڤ و کێشەی کورد، جین دان......ل ٤٩

وروژاندنی کێشەی کورد لە کۆمیتەی مافەکانیمرۆڤینەتەوەیەکگرتووەکاندا.. ل ٥٩ باسیل نیکیتین؛ دەروازەیەک بۆ ژیان و کارەکانی ١٨٨٥ - ١٩٦٠،هەڵکەوت حەکیم.. ل ٦٩

گەلی کورد و بەڵگەنامە بیانییەکان، م. هاوار...... ل ٨١

کورد، سابیر ئەحمەد...... ل ٩٣

بۆچوون؛ سەبارەت بە وەستانی جەنگ، م. د ...... ل ١٠١

سەکۆی ئازاد؛ سەبارەت بە کتێبی کێشەی کورد لە بیستەکان دا، ئاگادار..... ل ١٠٥

بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووسی گەلی کورد مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی میللی...... ل ١٣٣

دەرکردنی یەکێتی و ڕێکخراوەکانی خوێندکارانی بەعس..... ل ١٧٥

بۆچوونی صرخە؛ خۆپارێزی لە چەکی ناوەکی بەرگریکردنە لە مرۆڤ و بەهایەکەی.. ل ١٨١

بۆچوونی صرخە؛ هەر شتێک بە کەڵکی سەدام بێت زیان بە عیراق دەگەیەنێت... ل ١٨٧

جمهوری ئیسلامی ئیدانەی دەستدرێژی تورکی دەکات.... ل ١٩٥

ئیسلام و نەتەوایەتی؛ بۆچوونێک سەبارەت بە ئەزموونی گەلی کورد، فازیل رەسووڵ. ل ١٩٨

لەگەڵ چەند کورتە بابەتێکی تردا.....

## ئەنجام و پێشنیار

گۆڤاری صرخە کردستان، وەک پاشکۆی گۆڤاری چریکەی کوردستان خۆی ناساندووە، دوا کارو بەرهەمی رۆژنامەگەریی برایم

ئەحمەد-ە، بەرهەمێکی دۆکیۆمێنتاریی دەوڵەمەندە بە دەیان وتارو بابەت کە لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی جیهاندا سەبارەت بە کوردو کوردستان بڵاوکراونەتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا چەندان نووسین وباسی دیکەی بڵاوکردۆتەوە، ئەگەرچی زۆربەی هەرەزۆری نووسینەکان ناوی نووسەریان بەسەرەوە نیە بەڵام وتارگەلێکن دەکرێت پسپۆران و لێکۆڵەران هەڵوەستە بۆ ناوەڕۆکیان بکەن. گۆڤاری صرخه کردستان لەباری فۆرم ودیزایندا دەچێتە خانەی ئەوێ رۆژێی رۆژنامەگەریی کوردی لە تاراوگەدا. سەبارەت بەم گۆڤارە گەلاوێژ خانی هاوسەری مامۆستا برایم لەکوردستانی نوێ، ژمارە (٢١٥٠) رۆژی شەممە ٢٥ - ٥ - ٢٠٠٠ دەڵێت:(لەدەربەدەری و ئاوارەیی لە لەندەن دەرئەکرا، بەدەستی خۆی تایپی ئەکرد و فۆتۆکۆپی ئەکردو ڕێکی ئەخست، تەنیا بۆ بەرگ تێگرتن ئەینارده بازاڕ، هەموو ئەم کارانە هەر خۆی ئەیکرد، چونکی پارەی نەبوو لەچاپخانەکان بۆی چاپ بکەن).

لەکۆتایی ئەم نووسینەدا پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەکی پسپۆر پێکبهێنرێت بۆ بەدواداچوون و سۆراغکردن وکۆکردنەوەو پاشان پۆلێنکردنی بەرهەمەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، ئینجا کتێبخانە و ئەرشیڤێکی تایبەت بە بەرهەم و چالاکییەکانی بکرێتەوە، ئایا رەوایە تا ئێستا رۆژنامەی خەبات«قۆناغە ئاشکرا»یەکەی چاپ نەکراوەتەوە؟ ئەرێ بۆ دیوانێکی کوالێتی بەرزی نیە؟ ئەرێ بێجگە لەوکارانەی من کردووە چ کارێکی رۆژنامەگەریی رۆژگاری نهێنی مامۆستا برایم کۆکراوەتەوەوچاپکراوەتەوە؟ئەرێ هەق نیە نامەو دەستخەتەکانی چاپ نەکرێن یاخود بخرێنە بەردەست توێژەران؟ ئەرێ هەر تەنیا ئەو چەند چیرۆکەی نووسیوە کە چاپ وبڵاوکراونەتەوە؟ من دڵنیام خاوەنی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندە وهەزاران سەرنج و تێبینی لەپەراوێزو قەراغ وسەر پەڕەی کتێبەکان نووسیوە!ئەرێ بەرهەم وچالاکی ئەو سەنتەرەی لەبەریتانیا دامەزرا چییە و چی بەسەرهات؟ هیوادارم خانەوادەکەی بە زووترین کات خەمێک لەو هەزاران وتار و بەیاننامەیە بخۆن کە مامۆستا برایم نووسیویەتی وکەس نازانێت بە قەڵەمی ئەو نووسراون، کە رەنگە رەشنووسی هەندێک لە وتارەکانی هەڵگرتبێت!


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## برایم ئەحمەد چرای روناکی



**مەحمود نەجمەدین**

سەدەی رابردوو بۆ کوردو گەلێک نەتەوەی دیکە سەدەیەک بوو سیخناخ لەشەڕو کاولکاری و خوێنڕشتن. دوو جەنگی جیهانی گەورە کە بەملیۆنەها مرۆڤی تێدا بووە قوربانی. کوردستانیش پریشکی ئەو ئاگرەی بەرکەوت، شەڕو کاولکاری جەنگە گەورەکان و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی، لەعیراقیش کۆتایی هاتن بە پاشایەتی و دامەزراندنی کۆماری خوێن و مەرگ. شەڕ درێژەی هەبوو تا سەردەمی پەیدابوونی بەعسییەکان، لەعیراق و سوریا بە پەیدابوونی بەعسییەکان دۆخەکە هێندەی تر خراپبوو، بەعسیزم نازیزم بوو لەکەوڵێکی نوێدا. بەهاتنی سەدام حوسێن زنجیرەی شەڕ وماڵوێرانی و خوێن رشتن ئەم وڵاتەی کاولکرد، کوردستانی باشووری بەزۆرلکێنراو بەعیراقەوە تووشی نەهامەتی و ئاوارەیی و بەدبەختی بوو. کورد لەم بەشە داگیرکراوەی کوردستاندا هیچکات ئاگرەکەی دانەمرکاوەو هەمیشە شۆڕش لەکڵپە سەندنابووە. سەدان پیاوی تێکۆشەرو رۆشنفیکر لەپێناوی نەتەوەو ئازادی و سەربەخۆییدا شەهید بوون. لەپاڵ شۆڕش و سیاسەتدا نووسەران و رۆشنبیرانی ئەو رۆژگارە بێدەنگ نەبوون و لەژێر باری قورسی ستەمی داگیرکەردا بەرەزالەت و نەهامەتی و نەبوونی ژیان تێکستی زۆر جوانیان بەرهەمهێنا.

بەرهەمی ئەو ستەم و نەهامەتییانەی کە بەسەر گەلی کوردا هێنرا. نووسەری وەک عەلادین سەجادی و مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ و پیرەمێرد و گۆران و تۆفیق وەهبی و چەندین رۆشنبیری دیکە بوون. ئێمە لێرەدا باسی شۆڕشگێڕ و رۆشنفیکرێک دەکەین کە نەوەی ئەو سەردەمی ستەم و خوێن و جەنگەیە، ئەو پیاوە (برایم ئەحمەد) ە. ژیانی مامۆستا برایم ئەحمەد لەسال ١٩١٤ دەستپێدەکات و لەساڵی ٢٠٠٠ کۆتایی بەبوونە جەستەییەکەی دێت. ئەگەر سەرنجی ئەو ساڵانە بدەین کە مامۆستا برایم تێیدا ژیاوە سیخناخ بووە لە شەڕو شۆڕش و ئاوارەیی و کودەتا، هەر دوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی، شەڕی داگیرکاری و جەنگی ئێران عیراق و کودەتا و داگیرکردنی کویت و راپەڕینی کورد لە باشوور ... هەر لەو ساڵانەی ژیانی برایم ئەحمەد دا لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا کورد چەند جارێک راپەڕیوەو شۆڕشی کردوە، لەراپەڕینی



سەرچاوە
Serchawe

شەشی ئەیلول و شۆڕشی کوردانی سۆڤیەت و بەهەرێم بوونییان و شۆڕشی شێخ مەحمودو قازی محەمەدو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و بەرخودانی پارتی کرێکارانی کوردستان و.. چەندین راپەڕینی جەماوەری و شۆڕش و تێکۆشانی دیکە کە لەکوردستاندا هەڵگیرساون، لەبەشی زۆری ئەم شۆڕشانەدا برایم ئەحمەد ڕۆڵی گرنگی هەبووەو بەدڵ و بەگیان لەگەڵ نەتەوەکەیدا بووە، لەبەشێکی ئەم شۆڕش و راپەڕینانەدا مامۆستا لەبەر ئەوەی تەمەنی زۆر نەبووە وەک گەنجێک بەدڵگەرمییەوە لەگەڵ شۆڕش و راپەڕیندا بووە و لەبەشێکی ئەو شۆڕشانەشدا مامۆستا تێیدا وەک سەرکردەی سیاسی ڕۆڵی زۆر گرنگی هەبووە، دارێژەر و بیرمەندی خەباتی نوێ بووە و هەمیشە بەبیرۆکەو شێوازی نوێوە گەنجەکان و پیاوانی دڵ گەرمی شۆڕش لەدەوری کۆبوونەتەوە. برایم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی و چەند سەرکردەیەکی دیکە لەرۆژگاری شۆڕشی ئەیلولدا کۆمەڵێک سەرکردەی گەنجی خوێنەوارو خاوەن فیکر بوون. ئەم پیاوە لەپاڵ شۆڕش و تێکۆشانی سیاسی پەنجەکانی هەرگیز ماندوو نەبوون لەنووسینی جوان و بەرهەمی داهێنەرانە و لەپای ئەو بەشدارییە چالاکانەی چەند جارێک زیندانی کراوەو ژانی ئاوارەیی و ستەمی دوژمنانی چەشتوە.

لەژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی خۆیدا گەلێکی سەختی بینیوە، بەرهەمە ئەدەبییەکانیشی گوزارشتن لەو سەختی ونارەحەتی و نەهامەتییانەی بەسەر گەلەکەیدا هاتووە. ئەگەر بەوردی سەرنجی بەرهەمە ئەدەبییەکانی یانزی تەواوی نووسینەکانی بدەین گوزارشتن لەو بەد بەختییانەی بەسەر گەلەکەیدا هاتووە. تەنانەت ئەو بەرهەمانەش کە وەریگێڕاون دیسانەوە گوزارشت بوون لەنەهامەتی و ستەمی زۆرداران. واتە ئەم پیاوە هەمیشە لەگەڵ ئەو چینە چەوساوەیە بووە لەهەر کوێیەکی دنیا بووبێ. لەگەڵ ئەوەی ژیانی ئەم پیاوە ناجێگیربووە، بەشداری سیاسی و تێکۆشان و ژیانی شاخ و خەبات بەردەوام لەناجێگیریدا بووە یان بەشاخەوە بووە، یان لەزیندان و یاخود ئاوارەی کێوان و وڵاتان بووە و ئەو نەهامەتیان هەوێنی داهێنان بووە بۆی و هەمیشە بیری پڕ بووە لەداهێنان. لەژیانیدا کاتی بەفیڕۆنەداوەو لەکوێ بۆی گونجاوە و چۆن بۆی گونجاوە کاری کردووەو بەردەوام لەجوڵەدابووە، هەر بۆیە کارو چالاکی ئەم نووسەرە شۆڕشگێڕە بەسەر چەند بوارێکدا دابەش بووە. کە ئێمە لێرەدا باسی ئەو بوارانە دەکەین مامۆستا کاری تێدا کردووە. ئەگەر لێکۆڵینەوەی وردو چڕ لەبارەی بەرهەمەکانی ئەم تێکۆشەرەوە بکەین بەنووسینی وتارێک ناتوانین بابەتەکە تێر بکەین، چونکە بابەت و کارو چالاکی رۆشنفیکری و ئەدەبی مامۆستا هێندە زۆرە تەنێ دەتوانین لێرەداو لەم بابەتە کورتەدا سەرژمێریان بکەین.

### قارەمانی دادگا

با سەرەتا لەکاری پارێزەرییەوە دەست پێبکەین. برایم ئەحمەد وەک پارێزەر خاوەنی کۆمەڵێک دۆسییە کە مێژوو شاهیدی تواناوهەڵوێستی ئەوە، لەدۆسیی پارێزەریدا توانیوێتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ وەک پارێزەرێکی چاونەترس و ئازا بەرگری لەهەژاران و ستەم لێکراوان کردووە. دژی ئاغاکان بووەو مەحکەمەی لێگرتوون، نەیهێشتوە پارووی هەژاران



سەرچاوە
Serchawe

بەگرووپاندا ڕۆبچێتە خوارو هیچ کات لەدەسەڵاتداران و ستەمکاران نەترساوە، تەنانەت هەڕەشەو بریندارکردنیشی نەبوەتە هۆی ئەوەی مامۆستا برایم بۆ ساتێک پاشگەزبێتەوە لەوکارەی کردویەتی و هەمیشە سنگی ناوەتە بەرگوللەو تیری ئەو ئاغاو دەسەڵاتدارانەی ستەمیان لەهەژارو نەداران کردووە. بۆیە بواری پارێزەریشی وەک هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی کە هەندێک جار بەرەو مەرگی بردووە، بەمۆفەقی و سەرکەوتن بەڕێکردووەو ئازاو چاونەترسانە بەرگریی لەحەق کردووە.

### داهێنان لەئەدەبیاتدا

برایم ئەحمەد لەدنیای ئەدەبیات و نێوەندی رۆشنبیرییدا نووسینی زۆر جوان و نایابی بەرهەم هێناوە، ئەزموونی ئەدەبی و رۆشنبیریی ئەم نووسەرە هاوتەی بوارەکانی دیکەی پڕە لەکار و چالاکی، کە بەسەر کۆمەڵێک بواردا دابەش دەبێت لەوتاری ئەدەبی وچیرۆک ورۆمان و شیعرەوە تا دەگاتە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی بیانی. بەرهەمی ئەدەبی برایم ئەحمەد بریتییە لەرۆمان و چیرۆک و وتارو شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی و وەرگێڕان. «شیرین لەسەرە مەرگدا، شین بۆ گوڵێ، نموونەی وتارەکانێتی. نامیلکەی «الاکراد و العرب»یش کە لەساڵی ١٩٣٧ بەعەرەبی نووسیوێتی، و هەوڵێک بووە بۆ بەدەستهێنان مافی کورد لەعیراقدا و بۆ پەیوەندی ئاشتەوایی نێوان کوردو عەرەب لەعیراقدا.

رۆمانی ژانی گەل و دڕک وگوڵ و چیرۆکەکانی کوێرەوەری، باوک و کوڕ، پرسەی شەهید، کەرەلۆتی مەنوچەر، خازێ، تۆڵەسەندن، لەوڵاتی قارەمانا.. هەموو ئەوانە بەرهەمی ئەدەبی مامۆستا برایمن کە تێیدا چیرۆکی نەهامەتی نەتەوەیی و چیرۆکی ستەمی زۆرداران و ئاغا و دەسەڵاتدار دەگێڕێتەوە. ئەم نووسەرە لەرۆمانەکانیدا دەمانباتەوە بۆ سەرهاتی نەتەوەو ستەمی دەسەڵات لەگەل. لەچیرۆکەکانیشدا باسی ستەمی دەرەبەگ دەکات لەجوتیارو سەپان و خەڵکی هەژار. بەرهەمی شیعر لای برایم ئەحمەد کۆمەڵێک شیعرن کە هەموو گوزارشتن لەجەربەزەیی و هەڵویست و سۆز بۆ نیشتمان و شۆڕش، شیعرەکانی برایم ئەحمەد بریتین لە » یادگار و هیوا، خۆشەویستەکەم، ئێستەی تەماوی، نەیژەن، دوا تیری کەوان، هەر کورد ئەبین، بۆ گیانی حەمید باتاس، ئازارو بەهار، کوردە هاوارە، یاران، بەرەو ڕووناکی، نەورۆزی من.... چەندین شیعری دیکە، کە هەموو گوزارشت لەهەڵوێست و چاونەترسی شاعیر چۆن بەچەک و بەپێنووس و بەیاسا تێکۆشانی کردووەو نەترسانە بەرانبەر بەدوژمن وەستاوتەوە .

ئەو وتارانەی مامۆستا برایم وەریگێڕاون بریتین لە( وڵاتی ژاپۆن، ژنانی ترکستان، چۆن ئیش بکەین، بلیمەتی، ڕەگەزو خوێنی پاک، شێت یان ژیر، رۆژنامەنهێنییەکەی پلۆدسکی، نبرەیەکی تاڵ، چی دەزانی لەبابەت دڵتەوە ... چەندین وتاری دیکە.) چیرۆکە وەرگێڕدراوەکانیشی بریتین لە( بازرگانی ڤینیسیا، نووسینی شکسپیر. خان و کوڕەکەی، نووسینی مەکسیم گۆرگی. لەشەوی جەژنا، نووسینی هانز کرستیان ئەندرسۆن. تاوانی باوکێک، خەوبوو، داستانی کچێک، سێ چیرۆکی

مۆپاسانە، لیرەیەک، نووسینی لووسیان دی هەم. قارمانی کچێکی لیتوانی، نووسینی نیپو منباشچی. دکتۆری دان، شەوێکی بەسام، دوو چیرۆکی چیخۆف، بێ تاوان، نووسینی تۆڵستۆی. هەڵاتوو، نووسینی ئەلفرید دۆدێ.کۆشکی چۆڵ، نووسینی بەلزاک. چیرۆکی خزمەتکار نووسینی سیمیۆنوف...چەندین چیرۆکی دیکە. لەشیعرە وەرگێڕدراوەکان دڵ بەندیەک، نووسینی جرازیا دیلیدا. دوای مردن، نووسینی گریگۆر واهانیان. کە هەرچارە نەبێت بمرین، نوسینی کلۆد ماکی. بەردەباز، نووسینی راج داندریج. خۆشەویستی نەمر، نووسینی شکسپیر... چەندین شیعری دیکە.

لەقیمەت و بەهای هەوڵەکانی هیچ نووسەرو وەرگێڕێک کەمناکەینەوە. سوپاسگوزاری هەموو نووسەرو وەرگێڕێکین کە تێکستێک دەنووسێ یان تێکستێک وەردەگێڕێ و بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەدەب و پێشکەوتنی نەتەوەکەی. لەبواری وەرگێڕاندا خەڵکانی وەک شوکور مستەفا و عەبدوڵڵای حەسەن زادە... تا دەگاتە ئەمڕۆ خەڵکانی وەک سەباح ئیسماعیل و ئەمین گەردیلانی و عەزیز گەردی فرە چالاک و چەندین وەرگێڕی دیکە. هەموو ئەمانە وەرگێڕی بەتوانا و خاوەن سەلیقەن و ئینکاری جواننووسی و وەرگێڕانی پڕ سەلیقەیان ناکرێ، بەڵام با قسەیەک لەبارەی وەرگێڕێکەوە بکەین کە لە رۆژگارێکی سەخت و پڕ نەهامەتیدا ئەو هەموو کارە جوانەی کردووە، مامۆستا برایم لەبواری وەرگێڕاندا یەکێکە لەو وەرگێڕە بەتوانا و بەسەلیقانەی کە زۆر بەچڕی کاری کردووە و چەندین بابەت و چیرۆک و شیعری وەرگێڕاوە، بەڵام داخی گرانم نەدەزگایەک و نەوەزارەتی رۆشنبیرییەکەمان و نەدەزگا ئەهلییەکان و هیچ لایەنێک بیریان لەوە نەکردووەتەوە ئەو بەرهەمە نایابانەی مامۆستا وەریگێڕاون و لەگەڵ نووسینەکانی هەمووی لەدووتوێی چەند بەرگێکدا کۆبکرێتەوەو چاپبکرێ. ئەوەی جێی داخە گەلێک نووسەر هەن بەرهەمەکانیان چەند بارە چاپکراوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بەشێک لەو نووسەرانە هێشتا بەرهەمەکانیان لەژێر زەمینی چاپخانەکاندا کەڵەکە کراون و کەچی جارێکی تر چاپدەکرێنەوە، بەرهەمی برایم ئەحمەدیش بێناز و فەرامۆشکراو. برایم ئەحمەد سەردەمانێک چیرۆکی نووسیوە چیرۆکنووسانی کوردستان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران، زەمانێک ئەم رۆشنبیرە چیرۆکی مۆپاسان و چیخۆف و تۆلستۆی و سیمیۆنوف و شکسپیر وبەلزاک و... وەرگێڕاوە بۆ خوێنەری کورد نوێبوون، برایم ئەحمەد خاوەنی رۆشنبیرییەکی دەوڵەمەند بووە و ئینگلیزی زانێکی باشبووەو هاوکات خوێنەرێکی جیدی بووە تێکست ناسبووە، نووسەری باش و خراپی لەیەک جیاکردوەتەوە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی ئەو لەو رۆژگارەدا مۆپاسان و بەلزاک و تۆڵستۆی و سیمیۆنوف و.. بەخوێنەری کورد ناساندووە. لەوەرگێڕانی شیعریدا کۆمەڵێک شاعیری جیهانی ناسراوی بەخوێنەری کورد ناساندووە.

### چرای رۆژنامەگەری

لەبواری رۆژنامەنووسیشدا لەگەڵ ئەوەی لەگەنجێتییەوە بەردەوام کاری کردووە و بابەتی بۆ رۆژنامەکان ناردووە بۆخۆشی وەک سەرنووسەر و بەرپرس لەم بڵاوکراوانەدا رۆڵی گرنگی هەبووەو توانیوێتی چەندین نەوە پێبگەیەنێ، لەساڵانی ١٩٣٩

تا ١٩٤٩ گۆڤاری گەلاوێژی دەرکردووە، لە ساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦١ ڕۆژنامەی و ساڵانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٥ چریکەی کوردستان و ساڵانی ١٩٨١تا ١٩٨٦ صرخە کردستان وساڵی ١٩٦١ ڕۆژنامەی کوردستان. لەساڵانی سییەکانیشدا لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کوردی لەبەغدا گروپێکی پێکهێناوە بەناوی «لاوانی کورد» و گۆڤارێکیشی بەناوی «دیاری لاوان» بڵاوکردۆتەوە وهەروەها شوێن پەنجەی بەرۆژنامەی ڕزگاریشەوە دیار بووە. مامۆستا بەدەر لەوەی وەک بەرپرس و سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیاز لەچەند بڵاوکراوەیەکدا شوێن پەنجەی دیاربووە، وەک نووسەرو وەرگێڕێکی بەسەلیقەو چالاک بەردەوام بووە لەنووسین .

ئەو هەموو کارە نایابەی کە ئەم نووسەرە نووسیونی، ئەمە لەکاتێکدا بەشێکی زۆری ژیانی ئەم نووسەر لەزیندان و ئاوارەیی دا بووە، یان سەقاڵی کاری سیاسی بووە واتە وەک نووسەرانی دنیا ئەو چانسەی نەبووە کە بەئاسوودەیی و بێکێشە سەرقاڵی نووسین بێت. جا ئەگەر برایم ئەحمەد کێشەی سیاسی نەبوایە و لەوڵاتێکی ئازاد و بێکێشە بوایە لەوانە بوو بەرهەمەکانی زۆر زیاتر بووایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی نووسین و وەرگێرانی ئەم نووسەرە هێندە زۆرە ئەگەر بێتو کۆی بەرهەمەکانی چاپ بکرێتەوە لەو باوەڕەدام لەدە بەرگدا خۆی ببینێتەوە.

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.


* برایم ئەحمەد و شیعریەت - د. تاهیر لەتیف کەریم
* برایم ئەحمەد ژیان و بەهرە داهێنان - ئەحمەد شەریف عەلی
* پاشکۆی بەرەو ڕووناکی ڕێزلێنانی کوردستانی نوێ لەبرایم ئەحمەد لەگەڵ ژمارە ٦٣ ٤٨ی ڕۆژنامەکەدا بڵاوبوەتەوە
* ئیبراهیم ئەحمەد لە سێ بەڵگەنامەی مێژووییدا - شازین هێرش


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

-------------------------------------------

## شوێنی ژانی گەل لەئەدەبیاتی کوردیدا



دانا عەسکەر

بەکورتی لەبارەی رۆمانی(ژانی گەل)وە لەراستیدا ناکرێت قسە لەسەر رۆمانێکی وەک ژانی گەل بکەین و ئاوڕ لەقۆناغەکانی ئەدەبی کوردی نەدەینەوە، بۆ ئەوەی لەرِوئیاو دونیابینی و زمان و ئیستاتیکاو فەنتازیا لەو رۆمانەدا بخوێنینەوە دەبێ بەوردی لەواقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو قۆناغە بکۆڵینەوە کە ئەو رۆمانەی تێدا نووسەرەوە، گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئەو مێژووە، گەڕانەوەیە بۆ قۆناغ ودونیابینی ئەدەبی کوردی سەردەمێک بەداخەوە هەم مێژووی ئەدەب وهەم رۆڵی ئەدەبی کوردیمان تێیدا بەهەند وەرنەگرتووە، لەئێستادا دەکرێت ئێمە وردتر لەجومگە بنەڕەتێەکانی بدوێین، ئەوانیش فیکرو زمان و خەیاڵ و ئیستاتیکاو دونیابینییە، راستە لەرۆماندا کۆمەڵێک جومگەی سەرەکی هەن پێویستە بەگرنگییەوە تەماشابکرێن، ئەوانیش (زمان وکات وشوێن)ن، لەم رۆمانەدا رەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەشێوەیەکی گشتی کاری لەسەرکراوە، ئەمە سەرچاوەکەی بۆ پەیوەندی نێوان شۆڕش و لێکچوونی ئازارەکان دەگەڕێتەوە، کەواتا رەوتی ریالیستی لەئێستادا ئەگەر بەفیکری ئێستا قسەی وردتری لەسەر بکەێن، بێگوومان دەبێ قسە لەسەر ئەشکالییەتی زمان و فۆرم و فەنتازیاش بکەین، بۆ ئەوەی سیاقی قسەکردنی ئێمە لەسەر رۆمانی ژانی گەل سیاقێکی بابەتیانە بێت، دەبێ سەرەتا ئەوە بڵێین ئەم رۆمانە بۆ سەردەمی خۆی یەکێک بووە لەرۆمان یا چیرۆکە کاریگەرەکانی ئەدەبیاتی کوردی، بەڵام ئەوەی ئەم رۆمانەی خستە دەرەوەی خوێندنەوەی بیری ئێمە، بێسەلیقەیی رەخنەی ئەدەبی کوردی بوو، کە من لەبابەتێکدا بەوردی باسم لێوە کردووە، بۆیە کاتێک قسە لەسەر ئەم رۆمانە دەکەین دەبێ ئەوەمان بیرنەچێت کەرەستەی ئێشکردن و روئیای نووسینی بابەتی ئەدەبی لەو قۆناغەدا لەژێر کاریگەری رەوتی حەماسەتدا بوو، بۆیە هەموو جومگەکانی ئەم رۆمانە لەناو ئەو جۆرە فەزایەدا گەورە دەبێت، هەر نووسینەوەی ئەم رۆمانەوپێشکەشکردنی بەشۆڕشی جەزائیر، ئەوەمان پێدەڵێت کە پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەویش شۆڕش و ئازارەکانی ئینسان هەموو لەیەک دەچن، تەنانەت زمان و دونیابینیشی بەئاڕاستەیەکدا بردووە، رەنگە قورس بێت بمانەوێ زمان لەو رۆمانەدا وەک زمان لەرۆمانێک لەئێستادا نووسرابێت تەفسیر بکەین، ژانی گەل، بۆ خۆی لەناونیشانەکەیەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە بەدیدێکی ریالیستیانە نووسراوە، بۆیە سەرەتا لەوەوە

دەست پێدەکەین، ئەم ڕۆمانە هەڵگری چ دیدێکی دونیابینی و هەڵگری چ سیحرێکی جیاوازە کە لەواقیع بەمانا وجوودیەکەی جیا بکاتەوە.

لەمێژووی نووسینی ڕۆمانەکەوە دەتوانین وردتر ئاماژە بەمەکانەتی زمان وفیکر بدوین وبزانین چ کاریگەری بەسەر واقیعی ئەدەبی کوردییەوە هەبووە، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی هیچ میتۆدیکی فیکری مەعریفی و زانستی نین، بەپێی جیاکردنەوەی قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی.

من لەوتاریکدابەناوی(قۆناغەکانی ئەدەبی کوردیو بێسەلیقەیی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی)، قۆناغەکانی ئەدبی کوردیم دابەش کردووەتە سەر چوار قۆناغی جیاواز، کە لەساڵەکانی ١٩١٩ و ١٩٢٠ دەردەکەون، تا دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١.

بۆ ئەوەی لەسیاقیی بابەتیانەی بابەتەکەمان دەرنەچین، من هەوڵ ئەدەم تەنها باس لەقۆناغی دووهەم بکەم کە تێیدا خاوەنی ئەم ڕۆمانە، واتا برایم ئەحمەد، وەک یەکێک لەکارەکتەرە دیارەکانی ئەم قۆناغە دەناسرێت.

### قۆناغی دووهەم لەرۆژگاری جەنگی جیهانی دووهەم دەردەکەون (١٩٤٤ - ١٩٤٧)

گووتاری ئەم نەوەیە لەرۆژگاری سەرهەڵدانی گرژیی و ئاڵۆزیدا سەرهەڵدەدات، ئەم گووتارە بەجیاواز لەگووتارو ڕەوتی پێش خۆی دەردەکەوێت، گووتارێک دەیان خەون لەزاکیرەی نەوەکان دەکووژێت،خەونێک لەهەوڵی ئەوەدایە نەتەوەیەک بخاتە سەر ڕێچکەکانی مژدە و چاوکراوەیی،خەونێک نەتەوە دەخاتە بەردەم ڕوانین بەرەو ئاسۆکانی ڕوونی، گووتارێک لەخەونی نەتەوەوە بۆ خەونی حیزب دەگۆڕدرێت، لێرەوە خەونو مژدەکان بچووک دەکرێنەوە، حیزب دەچێتە شوێنی نەتەوە، نەتەوەش چرای بەختی کزدەبێتەوە، کۆمەڵێک گەنج دەردەکەون دەیانەوەی حیزبی سیاسی دروست بکەن، ئیتر حیزب بەر لەهەر شتێک قسە دەکات، نەتەوەو نیشتمان بەزمانی حیزب دەدوێن ڕوئیاو دیدی نەتەوە لەسیاقی بەرتەسکی حیزبدا دەردەکەوێت، ئەمان لەبری ئەوەی بەناوی ڕۆشنبیرەوە قسەبکەن، بەناوی حیزبەوە قسەدەکەن، ئەمان لەبری دونیابینی ڕۆشنبیریی وەک گرووپێکی ناسیونالیستی دەردەکەون، خەونی ئەمان ئێشکردنە وەک ناسیونالستی کوردی، بەڵام لەناو حیزب، بۆیە بێ ویستی ئەمان هەم ڕۆشنبیریی وەک کایەیەکی مرۆیی و نەتەوەش لەچوارچێوەی حیزبدا بچووک دەکەنەوە، کەسە دیارەکانی ئەم قۆناغە برایم ئەحمەد ورەفیق حیلمی بوون، ئەمان ئەگەرچی خۆیان حیزبیان دروستکردو بەردەوام وەک خەڵکی سیاسی دەردەکەوتن لەهەمان کاتدا نووسەری لێهاتووی قۆناغەکەی خۆیان بوون، ژانی گەل ڕۆمانێکی دیاری برایم ئەحمەدە، لێرەوە دەتوانین قسە لەسەر ڕۆمانی ژانی گەل بکەین، ئەگەر لەپێشەکییەکەی کەمال فوئادەوە لەم ڕۆمانە بڕوانین کە ٢١ - ١٠ - ١٩٧١ نووسیویەتی، ئەو لەو پێشەکیدا دەڵێ:ئەم نووسینە پرۆژەیەک بوو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ


ساڵی ١٩٥٦، و کاریگەری نووسینی ئەم رۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی جەزائیر لەدژی داگیرکاریی فەرەنسا، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بزانین نووسینی ئەم رۆمانە پەیوەندی بەشۆڕشی کوردییەوە نییە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم رۆمانە خزمەتی بە ئەدەبیاتی کوردی نەکردووە، خەونی خاوەنی ئەم رۆمانە زۆر لەوە گەورەتر بووە وەک کەسێکی ناسیونالیستی بیربکاتەوە، ئەگەر وردتر لەناوەرۆکی ئەم رۆمانە بڕوانین، رووداوەکانی کوردستانە، بەڵام سروشتی بیرکردنەوەی نووسەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە شۆڕش بۆخۆی لەهەر پانتاییەکی دونیا بێت ئینسان دەتوانێت لەواقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتی خۆیدا تەرجەمەی سەر ئەرزی واقیعی بکات، خەونی قۆناغی دووهەمە بزوتنەوەی ئەدەبی کوردی ئەگەرچی لەناو حیزبەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام هێشتا مەیلی حیزب هەر لەسێبەری نەتەوەدا بیردەکاتەوە، بۆیە دروستکردنی حیزب نابێتە رێگر لەبەردەم بیرکردنەوەی دونیابیانە، ئەگەر ژانی گەل بۆخۆی رونیایەکی دونیایی هەبێت بێگومان سەرەوەریەکەی بۆ ئەدەبی کوردیو نووسەرەکەیەتی کە شۆڕشی جەزائیری وەک هەنگاوێک بۆ رزگاربوون لەداگیرکاریی تەماشاکردووە، واتا هەموو گۆشەیەکی ئەم رۆمانە وەک ئەدەبی ریالیستی پەیوەندییەکی قووڵیی لە نێوان شوێنەکاندا هەیە، رەهەندی قووڵی ترادسیۆنی کۆمەڵایەتیو سیاسی نێوان کوولتوورەکان لەکۆمەڵێک گۆشەوە دەچنەوە سەریەک، بۆیە شوێنو فەزای سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستانەوخەونی ئازادکردنەکەش جەزائیرە کە پەیوەندیی راستەوخۆی بەرزگارکردنی کوردستانەوە هەیە، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە رۆمانی(ژانی گەل) رۆمانێکی لۆکاڵی نییە، بەڵام لەناو ئەدەبی کوردییدا نەتوانراوە بەو بووعدە دونیاییە تەماشابکرێت و تەنانەت لەناو خودی ئەدەبی کوردیشدا وەک رۆمانێکی گرنگ تەماشا بکرێت، ئەمەش بۆ بێسەلیقەیی رەخنەی ئەدەبی کوردی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی لەسەلیقەی نووسینەوەی ئەم رۆمانە بکۆڵینەوە، هێندەی پێویستمان بەدوونیابینیی نووسەری رۆمانەکە هەیە، هێندە بیر لەزمانو ئیستاتیکا ناکەینەوە، من بۆخۆم هێندەی وەک چیرۆکێکی درێژ تەماشای دەکەم، هێندە وەک رۆمانێک تەماشای ناکەم، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە ئەم رۆمانە یا ئەم چیرۆکە کاریگەریی ئیجابی نەبووە، بۆیە من ئەگەڕێمەوە سەر سەردەمی دەرکەوتنی ئەم دوو بکەرە ئەگتیڤەی ئەدەبی کوردی لەو قۆناغەدا، واتا لەساڵەکانی(١٩٤٤ - ١٩٤٧). بۆخۆی ناچارمان دەکات لەهەر خوێندنەوەیەکدا هەڵوێستە لەسەر ئەمقۆناغەوبکەرەکانیبکەین،دروستبونی حیزبی کوردی لەو سەردەمە بەهەموو سلبیاتەکەیەوە بۆخۆی رەهەندی نیشتمانی هەیە، بەوەی رۆمانی ژانی گەل لەقوڵایی شۆڕشی جەزائیرەوە سەرچاوە دەگرێت، واتا رۆمانی ژانی گەل تەرجەمەیەکی فیکریی شۆڕشە بۆ سەر ئەرزی واقیعی کوردی، وەک چۆن ئێمە سوودمان لەرۆمانی(دایک)ی مەکسیم گۆرکی وەدیانی تریینی، بیگومان ژانی گەلیش بۆخۆی شۆڕشێکی مەجازییە هەم لەفەرهەنگی سیاسی کوردی و هەم لەئەدەبیاتی کوردیدا، ئەوەی ئەم رۆمانە یا چیرۆکە دەخانە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیە، بێدەنگی رەخنەی کوردی و بێسەلیقەیی نووسینی کوردیە تاکوو ئێستا بەجیدی ئاوڕی لەوێستگە گرنگەکانی ئەدەبی کوردی نەداوەتەوە، تۆ بزانە تا ئێستا چەند لێکۆڵینەوەی ورد و جیدی لەسەر(مەم و زین)ەکەی ئەحمەدی خانی کراوە؟، لەم دووییەدا بەوردی قسە لەسەر نالی ومەحوی کراوە، پێشتر مامۆستا عەبدوالکەریمی مودەریس و مەسعود محەمەدو محەمەدی مەلا کەریم زیاتر کەم بوون ئەوانەی ئاوڕیان لەئەدەبیاتی ئەو کەڵە نووسەرانە داوە، تا ئێستا جگە لەمەلا عەبدولکەریم

مودەریس کێ لەسەر مەولانا خالید لیکۆلینەوە یا نووسینێکی کردووە، بۆیە دەبێ بزانین نەک هەر ئاوڕ لەرۆمانی ژانی گەل نەدراوەتەوە، ئێمە بەشێوەیەکی گشتی لە بەرانبەر مێژوو وسەلیقەی ئەدەبیاتی خۆمان زۆر کەمتەرخەمین، ئەگەر بەمێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا بچینەوە، دەبینین مێژوویەکی ساردووسڕ، دەقە کوردیەکان هەژارترین هاوڕێی نووسین و لێکۆڵینەوەن، کتێبخانەی کوردی هەژارترین کتێبخانەی دونیایە، ئیتر ئەوە حەقیقەتێکە دەبێ بگووترێت، ئەوە ژانی گەل نییە بەساردی تێدەپەڕێت و کۆتایی دێت، نا ئەوە رەخنەی ئەدەبی کوردییە چەقۆ دەنێتە گەردنی زۆربەری نووسینە ناوازەکان و ئەدەبی کوردی دەخاتە بەرسێبەری کەمتەرخەمییەکی قووڵی بێ ئامانەوە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## لەنێوان بلەی ڕۆماننوس و برایم ئەحمەددا



**ئیسماعیل حەمەئەمین**

لەوەتەی لەم لەندنە قەرەباڵغەدا نیشتەجێ بووم، دوای نۆزدە ساڵ ژیان لەئەڵمانیا، کولتوری لەندەن و ڕەنگە هەمیشییەکانی بۆ خۆیم ڕادەکیشێت. لەهەمانکاتیشدا نەرمی زمانی ئینگلیزی وحەزی ئینگلیز بۆ چیرۆکنوسین، بەپێچەوانەی ئەڵمان کە حەزکردن بۆ پیشەسازی، پیشەی دەستی، کاری قورس لەئایدیاکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا، زیاتر سەرسامم دەکات. ئینگلیز نوسین ونوسینی داهێنەرانەی هەمیشە لەلاگرنگ بووە، جگە لەوە لەندەن خۆی شاری هەموو ڕۆژهەلاتیەکانە، بەنوسەرو هونەرمەندو سیاسیەکانەوە.

کولتوری ئینگلیز کولتوری چیرۆک و هونەری گێڕانەوەیە،لەوەتەی من لێرە نیشتەجێ بووم هەمیشە تارمایی یەکێک

دەبینینم وەک خۆم، تارمایی چیرۆکنوسێک کە لەشەستەکانی سەدەی بیستەوە هاتووە بۆ لەندەن وهەر لەوێش بەبێدەنگی ڕۆژەکانی خۆی بەدووی خۆیدا ڕاکێشاوە وبەتەنهایی لەگەڵ خۆیدا مردووە. ئەو کەسە بلەی چیرۆکنوسە، بلەیەک هەرگیز حەزینەکردووە ببێت بەبرایم ئەحمەدی سیاسی.

لەنێوان سیاسەت وئەدەبدا، برایم ئەحمەد هەمیشە ناوی دووهەمی پێخۆش بوو، ئەویش مرۆڤە سادە کوردە دڵ ساف و جوانەکەیە کە(بلە)یە. هەر بۆیە کۆی نوسینی برایم ئەحمەدسێبەرەکانی بلەی پێوە دیارەو زۆربەشیان خۆی لەژێر ئەو نازناوە بڵاویکردوونەتەوە.

برایم ئەحمەد یەکێکە لەمنەوەرەکانی سەدەی بیستی کوردی، یەکێکە لەو کەسانەی بڕوای بەپرنسیپەکانی ڕۆشنگەری هەبوو کە لەشۆڕشی فەڕەنسیدا لەم سێ وشەیەدا تەعبیری لەخۆی کردووە(ئازادی،یەکسانی،برایەتی). هەروەها برایم ئەحمەد پیاوێکی چەپی مارکسی لینینی بووە، پیاوێک بووە لەڕیزی بلە هەژارەکانی میللەتەکەیدا بووە. سەرەڕای ئەوە وەک(کافکا) پارێزەربووە لەشارێکدا کەسێ چارەکی نەخوێندەواری (ئەلف وبا) بوون، بەمانای یەکێک بووە لەکەسە دەگمەنەکان کەبڕوانامەی بالای هەبێت وچەپ بێت، هەروەها کەسێکی سیاسی بووە تاپلەی سەرکردایەتی. بەڵام لەنێو ئەم برایم ئەحمەدە سیاسی و پارێزەرەدا، جۆرێک بێزاری هەیە لەگەڵ زەمەنی کوردیدا، زەمەنی سیاسەتی دیوەخانەسیاسیەکان کە تاوەکو ئەمڕۆ درێژدەبنەوە. زەمەنی سیاسەتی ئەقڵی باوکسالاری وشەڕکردن لەگەڵ ئەم ئەقڵە کە لەجیابوونەوەی باڵی ڕۆشنبیرەکانی نێو پارتی تەعبیری لەخۆی کرد.

لەنێو ئەم ڕووداوانەدا ئەقڵی کوردی حەزدەکات برایم ئەحمەدی مێژوویی وسیاسی وسەرکردە بناسێت، بەڵام زۆر ئاوڕ لەبێدەنگەی مەنفای ناداتەوە، کەبێدەنگی بلەی ڕۆماننوسە! چونکە لەنێو ناخی نوستووی هەر تاکێکی کوردا حەزکردنێک هەیە بۆ پیاوی بەهێز کە لەسەر کورسی سیاسەتە، لەنێو ناخی هەر کوردێکدا وەک هەر ڕۆژهەڵاتیەک ماسۆشیەتێک هەیە بۆ باڵاکردنی وێنەی دەسەڵات.

لێرەدا لەم پێچە ترسناکەدا وەک(کافکا) کەنەیدەویست(دکتۆر فرانز کافکا)ی یاساناس بناسرێت و(گریگۆری سامسا)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی(دەعەجانیبوون )وەئاگادێنیتەوەلەخۆیدا و لە (نامەیەک بۆ باوکم) ئەم خودەی خۆی ئاشکرادەکات. ئاوەهاش برایم ئەحمەدی سیاسی بلەکەی ڕۆحی وەئاگا دێنیتەوەو بۆئەبەد سیاسەت بەجێدەهێڵێت تامردن ئاوڕ لەسیاسەت ناداتەوە، لێرەوە بلەی ڕۆماننووس برایم ئەحمەدی سیاسی لەکوردستان جێدەهێڵێت و بەرەو مەنفای لەندەنی سەرهەڵدەگرێت.

کەسێتی(جوامێر)نەگوتراوی بلەی ڕۆماننوسە، بەشێکە لەبیۆگرافیای ئەو، وەک ئەوەی بڵێت؛ منی برایم ئەحمەد وەک جوامێر بەڕێکەوت کەوتمە ئەم سیاسەتەوە، من خەمی لەدایکبوونی ڕۆمان وچیرۆکم هەبوو، بەڵام سیاسەت لەگەڵ خۆیدا بردمی. لەم پێچەدا برایم ئەحمەدو جوامێری نێو ڕۆمانەکەی(ژانی گەل) ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە وقسە لەگەڵ یەکتردا دەکەن، لەم پێچەدا دیالۆگی ئەم دووانە دەیگەیەنێتە بڕیارێکی ژیانی کە لەیەکەم فرسەتدا جێبەجێیدەکات، بەوەی ئەو وەک چارەنوسی جوامێری لێ بەسەرنەیەت. ئەو نایەوێت بەڕێکەوتیش چیدی خۆی نەکاتەوە بەخۆپیشاندان و قەرەباڵغێ سیاسەت کەکۆتایی نایەت، بەڵکو بەکۆڵانی پشتەوەی سیاسەتدا بڕوات ودەیەوێت بیێتەوە بەو بلەیەی لەبێدەنگی خۆیدا تامردن، ڕۆمانێک بنوسێتەوە کە(ڕۆمانی بێدەنگی)یە.

هەموو جارێک کەدەچمە میترۆکانی لەندەنەوە بیر لەم پیاوە بێدەنگە دەکەمەوە، کە لەشەستەکانی سەدەی بیستەوە تامردنی بەبێدەنگی وەک بلەی ڕۆماننوس، وەک بلەی کوردی وجوامێرە دڵشکاوەکەی نێو ڕۆمانەکەی لەبەردەم ئەم میترۆیانەدا وەستاوە، دەبێت بیری لەچی کردبێتەوە؟!

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦**

---

### گۆڤاری گەلاوێژ، دەروازەیەک بۆ ڕێبازی کوردایەتیی و فیکری سەربەخۆیی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد



**بارزان شێخ عوسمان**

هەر کەسێک، لەبیروباوەڕو فیکرو ڕێبازی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ورد بێتەوە، ئەو ڕاستییەی لا بەرجەستە دەبێت کە ئەم ڕۆڵە هەڵکەوتوەی کورد، ئەم سەرکردەورابەرە خاوەنی مەدرەسەو ڕێبازێکی فراوانە کە چەندین لقی لێ دەبێتەوە، ئەوەشی لاساغ دەبێتەوە کە خەم و خولیاکانی تەنیاو تەنیا بۆ گەیاندنی گەل ونەتەوەکەی بوە بۆ ئەو کەنارە ئارامەی کە گەلانی

دنیا پێی گەیشتون، خەمەکانی بۆ هوشیار بونی گەلەکەی بوە بەچەکێکی بەهێزی نەتەوەیی دیموکراسیی پێشکەوتنخوازی هاوچەرخ و ئازادو سەربەخۆ وبەدیهێنانی کۆمەڵێکی یەکسان بەرێبازێکی نوێ کە عەدالەتی کۆمەڵایەتیی تیایدا بەرقەرار بێت. هیواو ئاواتی ئەو بوە کە رۆڵەکانی نەتەوەکەی بەزانست و زانیاریی پڕ چەک بن.

ئەگەر زۆر بەقوڵییش نەچینە ناو جیهان بینیی وفیکرو روانینەکانی ئەم زاتە،تەنیا چاو بەژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا بگێڕین بەوە ئاشنا دەبین کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کوردایەتیی لەریزی پێشەوە داناوەوخەباتی بۆ چەکەرە کردن وگەشەکردنی بیری سەربەخۆیی بوە هەر لەسەربەخۆیی بیر باوەڕی فەردیی وسەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسیی تا سەربەخۆیی نەتەوەیی. بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتیی و دامەزراندنی کۆمەڵێکی بێ چەوساندنەوەی چینایەتیش ئەو رێبازەبو کە مامۆستای نەمر بەگرنگ ونەخشەی رێگای پێکەوە ژیانی چینەکانی داناوە لەناو کۆمەڵێکی فرەییدا. هاوکات پەی بەو راستییەش دەبەین کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد گۆڤاری (گەلاوێژ)ی بەرێگاودەروازەیەکی گرنگ زانیوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزانە، هەربۆیە سەرباری رێگریی و دروستکردنی کۆسپ وتەنگ وچەڵەمەی زۆر، کۆڵی نەداوەو سور بو لەسەر ئەوەی(گەلاوێژ)لەناو ئەو ژانە بەئازارەی نەتەوەکەیدا لەدایک ببێت و پەیامە فرەئامانج و رێبازە مرۆیی وسیاسییە پیرۆزەکەی بگەیەنێت، چونکە دەیزانی ئەم گۆڤارە دەتوانێت چ رۆڵێکی کاریگەر ببینێت لەبوارە جیاجیاکانداو چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر بیرکردنەوە کان وئاڕاستەکردنی چین وتوێژەکانی کۆمەڵ. لەپرۆژەی(گەلاوێژ)ەوە کە داهێنانێکی مەزن بو بۆبەرهەم هێنانی نەوەیەکی نوێ، بەفیکرو رێبازەکەی مامۆستای نەمر ئاشنا دەبین کە چەندە تینوی ئازادیی و سەربەخۆیی گەل و نەتەوەکەی بوە، لەو کاتەدا هەمو پۆست و دەستکەوتێکی ماددی وشەخسیی رەتکردۆتەوە وخەبات وکۆششەکەی چڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی لەرێی رۆژنامەگەریی وخەباتی فیکریی وروناکبیریی و ئەدەبییەوە رۆڵەکانی گەل گۆش بکات و ئامادەیان بکات بۆ تێکۆشانێکی زانستیی سەردەمیانەی شارستانیی.

هەربۆیە بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکانی گەلاوێژو پیاچونەوە بە بابەتەکانیدا، دەبینین گۆڤارەکە مەدرەسەو رێبازێکی دەوڵەمەندە و لەهەمو دەرگاکانی ژیانی داوەو دائیرە تولمەعاریفێکی ئێجگار گەورەیە لەهەمو بوارەکانداو هەوڵدانێکی بێ نەزیرە لەپێناوی رێکخستن و ئامادەکردنی نەوەکان بۆ بەشداریکردنێکی چالاکانە لەبزوتنەوە فیکریی، سیاسیی، ئابوریی، زانستیی، زمانەوانیی، ئەدەبیی، کۆمەڵایەتیی، جێندەریی و بوارەکانی تری کلتوریی و قانونیی و شۆرشی چینایەتیی. خوێنەر یان ئەوانەی بەدواداچونیان هەیە، هەر بابەتێکی گۆڤارەکە بگرن لەهەر بوارێکدا پەی بەوە دەبەن کە گەلاوێژ شۆڕشێکی روناکبیریی هێمن ولەسەرخۆی دور لەپەلە پڕوزێ ودور لەدەمارگیریی نەتەوەیی یە و سەکۆیەکی ئازادە تا نەوەکان ئامادە بکات بۆدیالۆگ ولێک تێگەیشتن و چەندین پرۆسەی تری شارستانیی و مەدەنیی، هاوکات کۆمەڵ هان دەدات بۆ کرانەوەو وەلانانی بەندوکۆتی بەسەرچوی کۆمەڵایەتیی وپێشوازیکردن لەسەردەمی نوێ وکەڵچەری تازە.


بەکورتیی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی مەدرەسەیەکی فیکریی وریبازێکی نوێخوازی مۆدێرن وپەیامێکی مرۆڤ دۆستانەی شارستانیی و دیموکراسیی بو، کوردایەتیشی بەریتم وشێوازێکی پێشکەوتنخواز دارشتبو کە پێکەوە ژیان و رێزگرتنی نەتەوەو گەلان لەیەکتری گرتبوەخۆ، هەمیشە ئەزمون و تاقیکردنەوەی گەلانی بۆ سەربەخۆیی و بەدیهێنانی مافی چارەنوس کردبوە دەروازەیەک تا هەمو ئەندامێکی کۆمەڵی کوردەواریی بەجیاوازیی بیرو پەیوەندیی سیاسییەوە بەتاسەوە بێت بۆ شاد بون بەمافی چارەنوس وسەربەخۆیی.

دیارە ئەم مەدرەسەو قوتابخانە فیکرییەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە تائێستاش بەهاو پیرۆزییەکەی لە لوتکەدایە نەوەکان سودی لێ دەبینن و شانازیی پێوە دەکەن، هەر زو هاتە بەرهەم و سەدان هەزار لەرۆڵەکانی کورد لەهەمو پارچەکانی کوردستان تیایدا پەروەردە بون، سەدان سەرکردەی تیادا پێگەیشت و هەڵکەوت، هەزاران پێشمەرگەی ئازاو گیان فیدای تیادا هاتە بەرهەم کە تائێستاش بەردەوامە، بەشێکی زۆری ئامانج وهیواکانیشی بەو شێوازو جیهانبینییەی پێش بینی بۆ کردبو هاتونەتەدی ونەوەکانی ئێستا بە بەرهەمەکەی شاد بون، بۆ بەدیهێنانی بەشەکانی تری پەیامەکەی خەبات درێژەی هەیەو ئەرکی ئەم نەوەی نوێ یە تەواوی بکات. کەواتە ئەم سەرکردەو رابەرە مەزنە کە خاوەنی مەدرەسەو رێبازێکی وەها پیرۆزە ناو وریبازو فیکرە گەوهەرییەکەی هەر بەنەمریی و شکۆیی دەمێنێتەوەو روانین و جیهان بینییەکانیشی هەر بەنرخن بۆ ئەمرۆشمان هەر تازەو نوێن و دەتوانرێت رێنماو نەخشەی رێگا بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان و یەکلاییکردنەوەیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## بەئیمزای مامۆستا برایم ئەحمەد



ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

ناوم «بلە» واتە ئیبراهیم ە باوکم ئەحەڕەشی فەتاحەڕەشی مستەفای ناوە. ساڵی ١٩١٤ لەسلێمانی لەدایک بووم لەبنەماڵەیەکی کاسبکار. خوێندنی سەرەتایی ناوەندیم لەسلێمانی تەواو کردووە، لەپاشا بۆ خوێندن چوومەتە بەغداولەساڵی ١٩٣٧ دا لەکۆلێجی حقووق دەرچووم وبووم بە ئەوقات(وەکیل) لەسلێمانی. لەتەمەنی ١٢ - ١٣ ساڵییەوە حەزم لەخوێندنەوەی شیعروچیرۆک کردووە. لە ١٤ - ١٥ ساڵیمەوە وردە وردە کەوتوومەتە شیعردانان و شت نووسین.

لە ١٩٣٢ ەوە چەند جار وتارو شیعرم لەگۆڤاری(هاوار)دا بڵاو کراوەتەوە، کەوا لەشام دەردەچوو، هەروەها لەرۆژنامەی«ژیان»یشدا کە لەسلێمانی بڵاوئەکرایەوە بەبێ ناوی خۆم.

لە ١٩٣٣ ەوە کە لەبەغدا ئەمخوێندو ئەندامی کۆمەڵی لاوان بووم کە وا ساڵانە نامیلکەیەکی دەرئەکرد، من کرام بەلێپرسراوی دەرکردنی ژمارەی ئەو ساڵە، منیش بەیارمەتیی چەند نوسەرێکی لاوی تر(یادگاری لاوان)م دەرکرد، کەوا پێشکەشەکەی و نزیکەی وتارو شیعرەکانی نووسینی خۆمن بەبێ نووسینی ناوم.

لە ١٩٣٥ ەوە تا ١٩٣٧ جاروبار وتارم وەردەگێڕا لەئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی و لەرۆژنامەی« البلاد»دا بڵاو دەکرایەوە بەناوی خۆمەوە. لە ساڵی ١٩٣٧ ەوە بەر لەوەی کۆلێجی حقووق تەواو بکەم، نامیلکەیەکم بەعەرەبی لەژێر ناوونیشانی«الاکرادو العرب»دا بڵاو کردەوە بە ناوی(چەند لاوێکی کورد)ەوە، لەسەر ئەم نامیلکەیە درام بەمەحکەمە.

لە ساڵی ١٩٣٩دا، پاش نزیکەی دوو ساڵ هەوڵدان توانیم ئیمتیازی بڵاو کردنەوەی گۆڤاری(گەلاوێژ) وەرگرم کە بۆ ماوەی دە ساڵ لەبەغدا بڵاو دەکرایەوە بەرێکوپێکی و دەگەیشتە زۆربەی خوێندەواری ئەو سەردەمە.

لە ١٩٤٢دا، بەئامۆژگاریی چەند دۆستێک بۆ خۆرزگارکردن لەمەترسیی گرتن، بووم بە(حاکم)، بەڵام کە حکوومەت لە ١٩٤٤ دا لەرێی هەندێ زۆڵە کوردەوە پێی زانی کە من خاوەنی گۆڤاری «گەلاوێژ» یشم، داوایان لێکردم کە یان واز لەگۆڤارەکە بهێنم و یا لەحاکمیەتی، منیش وازم لەحاکمێتی هێنا و بوومەوە بە ئەوقات. لەمانگەکانی دوایی ١٩٤٤ دا، بووم بەئەندام لەکۆمەڵەی(ژ.ک)و لقی کوردستانی عیراقمان دامەزراند لەسلێمانی و من کرام بەلێپرسراوی لق و کەوتینە چالاکی و هەروەها ماینەوە تا ڕووخاندنی (کۆماری مهاباد) و نەمانی حیزبی دیموکرات. ئەوجا لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی لقەکەمان چووینە (پارتی دیموکراتی کورد)ەوە، کە لە ١٦ - ٨ - ١٩٤٦ دا دامەزرا بوو لە کوردستانی لەمەڕ عیراق دا و منیش کرام بەلێپرسراوی بەشی سلێمانیی پارتییەکە.

ساڵی ١٩٤٩، گرتیانم و پاش سێ چوار مانگ دایانم بەمەحکەمەی عورفی لەبەغدا و بەتۆمەتی دەسکردی ئەندامەتیم لەحیزبی شیوعیی عیراق دا حوکم درام بەدوو ساڵ حەپس و دوو ساڵیش خستنە ژێر چاودێریی پۆلیسەوە. حکوومەت ئەم حوکمدانە ناهەقەی کرد بە بەهانە بۆ داخستنی گۆڤاری(گەلاوێژ) ش لەمانگی ئاغستۆسی ١٩٤٩دا.

لەمارتی ١٩٥١ دا ماوەی حەپسی یەکەمم تەواو کرد. هێشتا لەبەغدا بووم، بەنهێنی کۆنگرەسی دووەمی پارتیمان بەست، کە لەپێشەوە خۆی بۆ ئامادە کرابوو بەنیازی ڕێکخستنەوەو چالاکی دەست پێکردنەوەی پارتییە هەڵتەکێنراوەکان. کۆمیتەیەکی ناوەندیی کاتی دانار بۆ بەجێهێنانی ئەم کارە و دانانی ڕوونووسی پرۆگرام و بیرۆیەکی نوێ بۆ پارتی. سەرکردایەتیی ئەم لیژنەیەیان دا بەمن لەگەڵ ئەرکی ئامادەکردنی پێڕەو و پرۆگرام. لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٣ دا بەنهێنی لەکەرکووک، کۆنگرەسی سێیەمی پارتی بەسترا و پرۆگرام و پێڕەوی تازەی بۆ دانرا و ناوی کرا بە«پارتی دیموکراتی کوردستان» و کۆمیتەیەکی ناوەندیی بۆ هەڵبژێردراو منیش کرام بەسکرتێر.

بەدرێژایی ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٨ بەیاننامە و نووسینی گۆڤارەکانی پارتی کە بەنهێنی دەردەچوون، من دەمنووسین کە ئۆرگانی یەکەمی پارتی ناوی(رزگاری) و هی پاش ئەو ناوی «خەباتی کوردستان» بوو.

لەئەیلوولی ١٩٥٨ دا بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی، چووم بۆ چیکۆسلۆڤاکیا بۆ هێنانەوەی مەلا مستەفا بەرزانی سەرۆکی پارتیەکەمان و لەتشرینی یەکەمی ١٩٥٨ دا پێکەوە گەڕاینەوە بەغدا.

لەساڵی ١٩٥٩ دا چیرۆکێکم بە ناوونیشانی «کوێرەوەری» یەوە بڵاو کردەوە، کە بریتی بوو لەهەڵبژاردەی هەندێ لەو چیرۆکانەی کاتی خۆی لەگۆڤاری گەلاوێژدا نوسیبوومن. هەر لەو ساڵەدا ئیمتیازی رۆژنامەی «خەبات/ النضال» م لەعەبدولکەریم قاسم وەرگرت و ناو بەناو بەکوردی و بەعەرەبی لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تێکڕا چەند

ژمارەیەکمان لێ بڵاو کردەوە.

لەشوباتی ١٩٦٠دا حکوومەت بەڕەسمی ئیجازەی ئاشکراکردنی پارتیی داینێ بە ناوونیشانی(پارتی دیموکراتی کوردستانی)یەوە و لەمایسی ١٩٦٠ دا یەکەم کۆنگرەسی ئاشکرای پارتی لەبارەگای پارتی لەبەغدا گیرا و پێڕەو و پرۆگرام پەسەند کراو کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و مەلا مستەفا بەسەرۆک و من بەسکرتێری پارتی هەڵبژێردراین. ئیتر رۆژنامەی خەبات - النضال،بوو بەئۆرگانی ڕەسمیی پارتیەکەمان و هەتا شوباتی ١٩٦١ بە رێکوپێکی رۆژانە بڵاوئەکرایەوە بەعەرەبیو هەفتەی جارێکیش بەکوردی، ئەگەر بمپەرژایە بەزۆری سەروتار من ئەمنووسی. لەمانگی شوباتدا حکوومەت ئەمری گرتنی منی دەرکرد و منیش خۆم شاردەوە و ئەم ونبوونەی منی کردە بەهانە بۆ داخستنی رۆژنامەکە.

هەتا ئەیلوولی ١٩٦١ بەنهێنی کاروباری سیاسیم ئەکرد لەبەغدا، ئینجا بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی پارتی، بەدزییەوە چوومە سلێمانی. لەو مانگەدا هێرشی لەشکری عیراق بۆسەر کوردستان دەستی پێکرد. زۆربەی ئەندامانی پارتی دژی شەڕ بوون بەتایبەتی لەوکاتەدا کە هێرشی سپای عەبدولکەریم قاسم شووڵی لێ هەڵکێشا. کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١ دا بڕیاری دا کە نەک هەر هاوبەشی شۆڕش بکا، بەڵکوو ئەرکی هەڵسووڕانیش بگرێتە ئەستۆی خۆی.منیش پاش چەند مانگێ چالاکیی نهێنی لەسلێمانی، بڕیار درا بچمە شاخ و لەوێ مامەوە وەک سکرتێری پارتی تا ١٩٦٤. بۆیە زۆربەی بەیاننامە و وتاری سەرەکیی(خەبات)من ئەمنووسین، ئەگەر لەسەفەر نەبوومایە. لەپاش رێکەوتی مەلا مستەفا لەگەڵ حکوومەت لە ١٩٦٤ دا، بەبێ ڕەزامەندیی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی، ئیتر پارتی بوو بەدوو کوتەوە، مەکتەبی سیاسی و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەلایەک ومەلا مستەفاو دەستەودایەرەشی لەلایەکی ترەوە.دوای ئەوە مەلا مستەفا کۆنگرێسێکی تایبەتی گرت و کۆمیتەی ناوەندیی بۆ دانا و بەیارمەتیی هێزی حکوومەت و هەندێ عەشیرەت پەلاماری شوێنەکانی پارتیی دا، ئێمەش بەناچاری کشاینەوە بۆ سنووری ئێرانو لەپاشا بە پەنابەر قبووڵ کراین لە ئێران وهەتا ئاغستۆسی ١٩٦٦ من لەتاران مامەوە.ئەوسا گەڕامەوە بۆ بەغدا لەسەر دوای برادەرانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی و هەر کە هاتمەوە، کەوتمە تەقەلادان بۆ رێکەوتن لەگەڵ مەلا مستەفا، بەڵام تەقەلاکانم بێ سوود دەرچوون وشەڕی براکوژی هەتا ئەهات گەرمتر ئەبوو.

لە ١٩٧٠دا دوای بەیانی ئادار بەچەند مانگێ لەگەڵ مەلا مستەفا رێکەوتین و من و چەند هەڤاڵێکی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی چووینە لای مەلا مەستەفا و من لەچۆمان دەسبەسەر دانیشتم هەتا تازەبوونەوەی شەڕ لەگەڵ عیراق دا لە ١٩٧٤ دا بە هاندانی ئێران و ئەمریکا. لەم کاتەدا من بەماڵ ومنداڵەوە بەر لەهەمووکەسێ نێردرامە ورمێ(رضائیە)وپاش چەند مانگێ بردیانینە تاران. دوای ئاشبەتاڵ، حکوومەتی عیراق زۆرم لەگەڵ خەریک بوو کە بچمەوە بۆ عیراق، ملم نەدا، ئەوجا داوایان لە ئێران کرد کە دوورم خەنەوە لەسنوور، چونکە هەروا هوریا ئەنێمەوە لەسەرووی عیراقدا.ئێرانیەکانیش

مەسەلەکەیان تێ گەیاندم و وتیان ئێمە چارمان نییە ئەبێ بەقسەی عیراق بکەین بەپێی ریکەوتنامەی جەزائیر. ئێستا تۆ ئەبێ یا بەخاوخێزانەوە بچیتە(زاهدان)و یا ئێران بەجێ بهێڵیت. منیش ئەمیانم پەسەند کردو هاتمە بەریتانیاو کرام بەو پەنابەر و لەوساوە بەماڵو منالەوە لە لەندەن ئەژیم.

لەسەرەتای ١٩٨٠ لەگەڵ هەندێ دۆستی وەک وهبی بەگ و کاک هاوار و چەند کەسێکی تر قسەم کرد کە گۆڤارێکی وەزری دەر بکەین، لەپێشا بەکوردیو لەپاشا بەعەرەبیو ئینگلیزیو ئەو زمانانەی پێمان ئەکرێت. بەڵێنی هاوکارییاندا و منیش کەوتمە دەرکردنی گۆڤاری(چریکەی کوردستان)و پاش ماوەیەک چاپی عەرەبیشمان لێ بڵاو کردەوە بە ناوونیشانی «صرخە کوردستان»ەوە هەمووی بەسەریەکەوە ١٦- ١٧ ژمارەیەکی بڵاو بووەوە. دوایی لەبەرئەوەی کە ئەرکی نووسینەوەو نووسین وهەڵبژاردنی ناوەڕۆک وتایپکردنو فۆتۆکۆپیکردن وبڵاوکردنەوەو بەپۆستە ناردنیش هەمووی لەسەر شانی تەنیا خۆم بوو وجگە لەچەند کەسێک کە بەسەخاوەت یارمەتییان ئەدا، زۆربەی خوێندەواران پارەیان نەئەناردو هەندێ جار کرێی پۆستە ئەگەیشتە نرخی گۆڤارەکە، ئەمە لەلایەک. لە لایەکی تریشەوە نالەباریو ئاڵۆزیی وەزع لەکوردستان وپەیوەندییدژانەی هێزە نیشتمانیەکانی وڵات، هێنامیانە سەر ئەو بریارەی کە دەست لە «چریکە» هەڵگرم و بەداخەوە دەستیشم لێ هەڵگرت.

هەتا ئێستا جگە لە «کوێرەوەری» تەنیا داستانی(ژانی گەل)م بڵاو کراوەتەوە. ئەمساڵ داستانێکی کەشم لەسوید چووەتە ژێر چاپکردن، ناوی(درک وگوڵ)ە، بریتییە لەبەشی ١ و ٢ ی داستانەکە، بەشی سێیەمیشی هیوام وایە لەپاشا چاپ بکرێت. سێ داستانی درێژی کەی چاپ نەکراویشم هەیە لەگەڵ(بیرەوەریانم) بەداخەوە ٣،٤ داستانی کەشم سەبارەت بەدەربەدەری و خۆشاردنەوەی لەپۆلیس و ڕاکردن لەم شارەوە بۆ ئەو شار، لەناو چوون. ئەمەیە کورتەی بەسەرهاتی ژیان وەک بیرم بێت.

ئەم بابەتە کە بەپێنوسیی مامۆستا برایم خۆی نوسراوە لەکتێبی چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەدەوە وەرگیراوە. لەنووسینی د. عەبدوڵڵا مردۆخیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

--------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کتێبەکانی برایم ئەحمەد




**ماڵپەڕی کوردستانی نوێ**

**مامۆستا برایم ئەحمەد ئەدیب و تێکۆشەری ڕێگای خەباتی گەلی کورد بەدەر لەخەباتی سیاسیو خەباتی شاخ لەژیاندا کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیو سیاسی نووسیوەو هەروەها کۆمەڵێک بەرهەمی جیهانیشی وەرگێڕاوە. ئێمە لێرەدا گەشتێک بەنێو کتێبەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد دەکەین ڕۆمانی ژانی گەل کە یەکێکە لەبەرهەمە ناوازەکانی مامۆستا و چەند جارێک چاپکراوەو چاپە جیاوازەکانی: ڕۆمان ژانی گەل چاپی ١٩٧٢ لەچاپخانەی کاکەی فەلاح، لەسلێمانی بڵاوکراوەتەوەو د. کەمال فوئاد پێشەکی بۆنووسیوە. چاپێکی دیکە ڕۆمانەکەبەڕێوبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە لەساڵی ٢٠٠٢ چاپ و بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ پێشەکییەکەی د. کەمال فوئاد دا وهەروەها تەیەکی محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەییشی تێدا بڵاوبووەتەوە. چاپی ساڵی ٢٠٠٧ ی ڕۆمانی ژانی گەل لەناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک بووەو ئەحمەد قادر سەعید ئامادەکاری بۆ کردووە. دەزگای ئاراسیش چاپی کردووەتەوە. بەرهەمێکی دیکەی مامۆستا برایم ڕۆمانی هەرزەکاریی، ئەم ڕۆمانە لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنیو ڕاگەیاندنی خاکە ساڵی ٢٠٠٦. کوێرەوەری کۆمەڵە چیرۆکێکی مامۆستا برایم ئەحمەدە لەپێنج چیرۆکی کورت پێکهاتووە، ئەم بەرهەمە لەساڵی ١٩٥٩ لەچاپخانەی النجاح لەبەغداچاپکراوە، چیرۆکەکانی دوو توێی ئەم کتێبە بریتین لەچیرۆکەکانی(کەرەلۆتی مەنوچەر، خازێ، کوێرەوەری، تۆڵەسەندنەوە، لەوڵاتی قارەمانا.) لەساڵی ١٩٨٢ جارێکی تر ئەم کۆمەڵە چیرۆکە چاپو بڵاوبوەتەوە لەدەزگای ئینتیشاراتی سەییدیان لەمهاباد. چاپێکی دیکەی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ساڵی ١٩٩٦ لەسلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەئامادەکردنی ئومێد ئاشنابووە. چاپێکی دیکەی کۆمەڵە چیرۆکی کوێرەوەری لەناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاکە لەساڵی ٢٠٠٥. دڕک و گوڵ بەشی یەکەم و دووەمی چیرۆکێکی درێژ، بەرهەمێکی دیکەی برایم ئەحمەدە لەساڵی ١٩٩٢ لەسوید بڵاوبووەتەوە. هەمان ڕۆمان لەساڵی ٢٠٠١ ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک چاپی کردوەتەوە، بەشی سێیەمی ڕۆمانی دڕک و گوڵ ساڵی ٢٠٠٣ ناوەندی چاپەمەنی وڕگەیاندنی خاک چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی برایم ئەحمەد بەناونیشانی بەرەو روناکی ساڵی ٢٠٠٧ ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاکە چاپ وبڵاوی کردوەتەوە،**



سەرچاوە
Serchawe

کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی عومەر مارف بەرزنجییە. چاپێکی دیکەی دیوانی بەرەو روناکی کە ئومێد ئاشنا ئامادەی کردووەو ساڵی ١٩٩٦ لەسلێمانی چاپکراوە. پەلکە زێرینە چەند وێنەیەک لەنووسینی جیهانی برایم ئەحمەد وەریگێڕاو بۆ کوردی و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنایە ولەساڵی ١٩٩٦ لەسلێمانی چاپکراوە. لە یادی نەمراندا توێژێ لەخەباتی کاکە عومەر دەبابە بەرهەمێکی دیکەی برایم ئەحمەدەو ئامادەکردنی ئومێد ئاشنایەوساڵی ١٩٩٦ لە سلێمانی چاپکراوە. دڵی تەنیایی چەند وێنەیەک لەشیعری جیهانی  وەرگێڕانی برایم ئەحمەدەو ئامادەکردنی ئومێد ئاشنایەو ساڵی ١٩٩٦ لە سلێمانی چاپکراوە. شوین بۆ گوڵێ پەخشانەکانی مامۆستا برایم ئەحمەدە و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنایە و لە ساڵی ١٩٩٦ لە سلێمانی چاپکراوە. وڵات پەرستی کۆمەڵە چیرۆکێکی جیهانییەو برایم ئەحمەد کردویەتی بەکوردی وئامادە کردنی ئومێد ئاشنا لەساڵی ١٩٩٦ لە سلێمانی چاپ کراوە. چۆن زمانەکەمان بنووسین؟ هەوڵێک بۆ ڕێنووسی کوردی بەرهەمێکی دیکەی برایم ئەحمەدەو ئامادەکردنی ئومێد ئاشنایەو ساڵی ١٩٩٦ لەسلێمانی چابووە. پەیامی دڵسۆزی نووسینی برایم ئەحمەدو ئامادەکردنی ئومێد ئاشنایە. بازرگانی ڤینیسیا بەرهەمێکی شکسپیر مامۆستا برایم ئەحمەد لەئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنایە. کوردو عەرەب کتێبە بەناوبانگەکەی مامۆستا برایم ئەحمەدەو مام جەلال پێشەکی بۆنووسیوە و وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە ڕێبەر. هەر ئەم کتێبە چەند جارێکی تر چاپبووەتەوە چاپێکی دیکەی کە بەعەرەبییە، لە بلاوکراوەکانی دەزگا خاکە بۆ چاپ و بڵاو بوونەوە. چاپێکی دیکەی بەزمانی عەرەبی لە بڵاو کراوەکانی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە. ساڵی ٢٠٠٤.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ  -  ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئیبراهیم ئەحمەد بیبلۆگرافیا و پێرستی لەکتێبی کوردیدا ساڵی ١٩٥٩ - ٢٠١٠




**ماڵپەڕی کوردستانی نوێ**

ئەم کتێبە بوار نورەدین ئامادەی کردووەو بازیان جەلال نەخشەسازی بەرگو ناوەوەی بۆ کردووە، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنیو ڕاگەیاندنی خاکە لەدوو تویێ ١٤١ لاپەڕەدایە ناوەڕۆکی کتێبەکە بریتییە لەپێشەکی، سەرنجێکی گشتی، کورتکراوەکان، ئەم بیبلۆگرافیایانە، ژیاننامەی برایم ئەحمەدە، کتێبەکانی برایم ئەحمەد لەساڵی ١٩٥٩تا ساڵی ٢٠١٠ ، کتێبی سەربەخۆ لەبارەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە لەساڵانی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٩، پێرستی نووسینەکانی ئیبراهیم ئەحمەد لەناوەڕۆکی کتێبی کوردیدا ١٩٨٩ تا ٢٠١٠، پێرستی ئیبراهیم ئەحمەد لەناوەڕۆکی کتێبی کوردیدا ١٩٧٣ تا ٢٠١٠،

**بیبلۆگرافیای بیبلۆگرافیاکانم.**

ئەم بەرهەمە کتێبێکی بیبلۆگرافیاییە ئەو کتێبانە دەناسێنی کە مامۆستا برایم ئەحمەد لەساڵانی تەمەنی داهێنەرانەیدا نووسیونی یان وەریگێڕاوە. هەروەها ئەوکتێبانەی کە لەبارەی برایم ئەحمەدەوە نووسراون لە لایەن نووسەرانەوە. ئەو بابەتانەش کە برایم ئەحمەد نووسیونی و لەکتێبی دیکەدا بڵاوبووەتەوە، ئامادەکاری ئەم کتێبە بەپێی پێڕستو زنجیرە هەموو ئەو کتێبانەی نووسەری جیاکردوەتەوەو هەروەها ئەو کتێبانەی لەبارەی نووسەرەوە نووسراونو ئەو کتێبانەش کە بابەتی مامۆستا برایمی تێدایە. لەکتێبەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد کە لەم بیبلۆگرافیایەدا ناوی هاتووە: ڕۆمانی ژانی گەل و دڕک و گوڵ و هەرزەکاریی و کۆمەڵە چیرۆکی کوێرەوەری و کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی و... هەموو کتێبەکانی دیکەی. لەو کتێبانەی کە لەسەری نووسراون کتێبی ئیبراهیم ئەحمەد لەسێ بەڵگەنامەی مێژوویی دا، برایم ئەحمەد لەکارەزانستییەکانی د. مارف خەزنەداردا، پوختەی ژیانی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر، چەند یاگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەدنووسینی... چەندین کتێبی دیکە. سەبارەت بەم کتتێبە ڕۆژنامەنووس بوار نورەدین وتی: بیبلیۆگرافیا، پێویستییەکی زانستییەو کارئاسانی لێکۆڵەران دەکات، کتێبخانەی کوردیش، لەم بوارەدا هەژارە، لەبەر ئەمە پێویستە بیبلیۆگرافیای تایبەت بۆ زۆربەی ئەو بابەتانە هەبێت و بکرێت، کە لەنێو کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە و تەنانەت ماڵپەڕەکانیشدا



سەرچاوە
Serchawe

بڵاوبوونەتەوە، وەک: کەسایەتی، بۆنەو ڕووداوی مێژوویی، شارو ناوچەکان، چینو توێژەکانی کۆمەڵگە...هتد، چونکە کاتێک لێکۆڵەران بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوە ڕوو لەکتێبخانەکان دەکەن، ماندووبوونو کات و خەرجیی زۆریان پێویستە، ئەمەش ئەو ئەرکەیە، کە بیبلیۆگرافیا جێبەجێی دەکات. ئەم بیبلیۆگرافیایەو هەموو ئەوانەی پێشتر ئامادەم کردوون، بەرهەمو ئەنجامی ئەو پرۆژەیەن، کە نزیکەی ١٢ ساڵ خەریکی بووم:(کوردو کوردستان- بیبلیۆگرافیاو پێڕستیان لەکتێبی کوردیدا ١٩٢٠ - ٢٠١٠)، کە ٥٦٨٠ کتێبی تێدا ناسێنراوەو لە ١٢ بەرگ و ٥٢٠٥ لاپەڕە پێکهاتووە، لەئێران چاپ کراوە.

لەماوەی ئەو چەند ساڵەی خەریکی ئەو پرۆژەیە بووم، چەند بیبلیۆگرافیایەکی تایبەتم ئامادە کردووەو چەند دانەیەکیان، وەک کتێب وسیپارە بڵاوبوونەتەوە: شێرکۆ بێکەس ٢٠١٣ و ٢٠١٤، عەلائەدین سەجادی ٢٠١٣، مام جەلال تاڵەبانی ٢٠١٤، هەندێکیشیان لەگۆڤارو ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکاندا بڵاوبوونەتەوە، یان بەتایبەت بۆ توێژەران ئامادە کراون و بۆ بڵاوکردنەوە نەبوون. لە پاشکۆی ئەم بیبلیۆگرافیایەی (م.برایم ئەحمەد)دا، (بیبلیۆگرافیای بیبلیۆگرافیاکانم) دانراوە...

ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای گشتیوتایبەت،ئەرکێکی ئاسان نییەو چەند گرفتێکیشی هەیە، کە هەندێکیان کێشەی کتێبی کوردی و کتێبخانەکانی کوردستانن، وەک: نەبوونی کتێبخانەی نیشتمانیو ئەرشیفی تایبەت بەلایەنە کاراکانی کۆمەڵگە، نالەباریی دۆخی سیاسیی کوردستان، نەبوونی دەزگای تایبەت بەبڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی، هەروەها لەدوای ڕاپەڕینیشەوە، هیچ ناوەندێکی حکومیو ناحکومی بایەخی تایبەتی بەئامادەکردنی (بیبلیۆگرافیا) نەداوە...هتد.

لەبیبلیۆگرافیای تایبەتدا، بایەخ و پێگەو ڕەنگدانەوەی کارەکتەرو کرۆکی بیبلیۆگرافیاکە، خۆی بەسەر کارو پرۆژەکەدا دەسەپێنێت، بۆ نموونە کاتێک دەست بەئامادەکردنی ئەم کتێبە دەکەیت، ئەوە کارو ڕەنج و ماندووبوون و خەباتی(م.برایم ئەحمەد)ە، کە ئاستی پرۆژەکە دیاری دەکات، چونکە ئەو خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە: سیاسی، نووسەر و وەرگێڕ، چیرۆکنووس، ڕۆژنامەنووس، زمانزان، پارێزەر...هتد، ئەمە جگە لەوەی، خاوەنی چەندین کتێب و نووسین و وەرگێڕانە، لە لایەکی تریشەوە، بەهۆی کاریگەریی بەسەر مێژووی کوردەوە، دەیان کتێب و نووسینی لەبارەوە نووسراوە.

لەدرێژەی قسەکانیدا هەر لەو بارەیەوە وتی: ئەم بیبلیۆگرافیایە، بەپاڵپشتی پرۆژە گەورەکە ئامادە کراوە، هەروەها هەوڵی تایبەتیشی بۆ دراوە، تا بتوانێت بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت و مافی بابەتەکە بدات، بۆ نموونە هەندێک لەو بابەتانەی لە بیبلیۆگرافیاکەی (م.برایم)دا تۆمار کراون، لەپرۆژەکەدا لایان لێ نەکراوەتەوە، وەک: دیوانی شیعر، ڕۆمان، چیرۆک...هتد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کارەکەمان هێشتا ماویەتی، چونکە جگە لەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەیان پێ کرا، سەختی بارودۆخی ژیان و خەباتی مامۆستا برایمیش، بوونەتە هۆی ئەوەی نەتوانین هەموو بەرهەمەکانی بدۆزینەوە، ئەو بابەتی بەچەند ناوێکی خوازراو نووسیوە، کە ئەمەش ئەرکێکی تری ئەم پرۆژەیەیەو بڕیارە ساڵانی داهاتوو،



سەرچاوە
Serchawe


بەهاوکاریی (بنکەی ژین)، کارێکی فراوانتری بۆ بکەین.

سوپاسی (ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک) دەکەم، کە دڵسۆزانە بە دەنگمەوە هاتن و توانرا بەشێوەیەکی شایستە چاپ بکرێت. هیوادارین توانیبێتمان پاداشتێکی بچووکی خزمەتەکانی (م.برایم) بدەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## ڕووناکی برایم ئەحمەد لەکوردستانی نوێ دا




یادگارو هیوا چەپکە گوڵی وەفادارییە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد

ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

یادگارو هیوا چەپکەگوڵی وەفادارییە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد کتێبێکە لەبڵاوکراوەکانیکوردستانی نوێیە لەدووتوێی ١٦٤ لاپەڕەدایە. بابەتەکانی دووتوێی ئەم کتێبە باسوخواسی تێکۆشانی مامۆستا برایمە لەخەباتی سیاسیوچەکداری وشاخ و زیندان وئاوارەیی، باسی ڕۆڵی مامۆستا برایمە لەبواری ڕۆژنامەگەری ئەدەبو سیاسەتدا. لەگەڵ ژیاننامەی مامۆستا برایم ئەحمەدو ڕۆڵی ئەو لەبوارەکاندا وناوەڕۆکی کتێبەکە لەکۆمەڵێک بابەت پێکدێ، کە لەبارەی مامۆستا برایم ئەحمەدەوە نووسراوە. لەبابەتەکانی دوو توێی ئەم کتێبە(پوختەی ژیاننامەی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر، کە باسوخواسی کوردایەتی وخەباتوتێکۆشانی برایم ئەحمەدەو باسی ئەزموونی سیاسیو ئەدەبی مامۆستایە. هەندێ لەبیرەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر نووسینێکی مام جەلالە لەبارەی مامۆستا برایم ئەحمەد و باس لەیەکەم دیداری خۆی لەگەڵ مامۆستا برایم دەکات کە چۆن پێی سەرسام بووە. بابەتەکانی دیکەی ئەم کتێبە یادەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستای پایەبەرزی کوردایەتی ئیبراهیم ئەحمەددا، نووسینی ئەحمەد کەلاری. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدحەفتا ساڵی بێ پسانەوە لەداهێنان،

نووسینی ئەحمەد شەریف. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدم چۆن ناسی، نووسینی بەڵێن عەبدوڵلا، دوورایی چوارەم لەسیاسەتدا، نووسینی عەباس بەدری. بیرەوەرییەکم لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر، عەبدوڵلا حەبیب. بابە... نووسینی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد. کەسەرێکی گەورە نووسینی سدیق ساڵح. ئەگەر مامۆستا برایم ئەحمەد کورد نەبوایە، نووسینی محەمەد نوری تۆفیق. ئیبراهیم ئەحمەد نموونەی سیاسییەک کە پێویستمان پێیەتی، نووسینی خەلات عومەر...چەند بابەتێکی دیکە لەگەڵ ئەو وتار و بابەتانەی کە بۆ مەراسیم وپرسەی مامۆستا برایم خوێندراونەتەوە و پێشکەش کراون.) جگە لەمانە بەشێکی ئەم کتێبە لەبارەی یادی مامۆستا برایم ئەحمەدە لەمیدیاکاندا. ئەم بەرهەمە کتێبێکی گشتگیروهەمە لایەنە لەبارەی وێستگەکانی ژیانی مامۆستاوە.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەک ئەرکی خۆی ساڵانە لەیادی برایم ئەحمەد دا بەنووسین ودیدار وبابەت لەبارەی تێکۆشان و خەبات و ئەزموونی ڕۆشنبیریی مامۆستا برایمەوە پاشکۆی تایبەتی ئامادە دەکات، ئەو پاشکۆیانەش کە ڕێزلێنانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ یە لەمامۆستا برایم لە ٨ی ٤ی هەموو ساڵێکدا بڵاودەبنەوە.

سەروتاری زێرین ڕێزلێنانێکی کوردستانی نوێیە لەمامۆستا برایم ئەحمەد، لە ٨ی ٤ی ٢٠١٢ دا بڵاوبوەتەوە. لەدوو توێی ئەم پاشکۆیەدا کۆمەڵێک بابەت بڵاوبونەتەوە بابەتەکان بریتین لە(نووسین لەخزمەت مافی دەستوریی نەتەوەدا، مامۆستا برایم ئەحمەد دووربین و دەروونزان لەسیاسەتدا. نەتەوەی کوردو مادەی دووەمی دەستوور. بەداری کورد وعەرەب لەمادەی سێی دەستووردا. برایم ئەحمەد، سەرکردەیەکی دووربین وپارێزەری چەوساوەکانو ئەدیبێکی بیرفراوان، نووسینی بارزان شێخ عوسمان.)

پاشکۆی بەرەو ڕووناکی لەرۆژی ٨ی ٤ی ٢٠١٣ دا بڵاوبوتەوە. ئەم پاشکۆیە کە بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد تەرخانن کراوەوڕێزلێنانی ڕۆژنامەکەمانە لەو پیاوە مەزنە، ناوەرۆکی ئەو پاشکۆیە لەکۆمەڵێک بابەت پێک هاتووە لەبابەتەکانی دووتوێی پاشکۆکە(مام جەلال لەساڵ ڕۆژی کۆچی دوایی مامۆستا برایم ئەحمەد دا، ئەمە وتاری مام جەلالە لەبارەی ئەزموون وتێکۆشانی مامۆستا برایمەوە. مامۆستا برایم ئەحمەد بەپێنووسی خۆی، نووسینی سدیق ساڵح، چەند وێستگەیەکی پرشنگداری تر لەژیان وخەبات وهەڵوێستی شکۆمەندانەی بلە، نووسینی حەمە دلێر میسری، بابەتێکی فەریدئەسەسەرد بەناونیشانی برایم ئەحمەد، خەباتی نەتەوەکەی لەپێناوی ئازادیدا بەڕەواترین وپیرۆزترین دەزانێت، ئامادەکردنی بارزان شێخ عوسمان، حقوق و حدودی کورد لەمورافەعەیەکی مامۆستا برایم ئەحمەد دا، نووسینی ستران عەبدوڵلا. چەند وێستگەیەک لەژیانی مامۆستا برایم ئەحمەد، کوردستانی نوێ، برایم ئەحمەد رابەرو داهێنەری نوێخوازی لەکوردەواری، نووسینی سەلاح شێخ شەرەف.)



سەرچاوە
Serchawe

پاشکۆی بەرەو رووناکی ٨ی ٤ی ٢٠١٤ بڵاوبوەتەوە کە ڕێزلێنانی کوردستانی نوێیە لەیادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی مامۆستا برایم وچواردە ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا برایم. ناوەڕۆکی ئەم پاشکۆیە لەکۆمەڵێک بابەت پێکدێ کە لەبارەی ئەزموونی سیاسی و یاسایی و ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی مامۆستا برایمەوە نووسراون. بابەتەکانی ناو ئەم پاشکۆیە بریتین لە(بەرەو رووناکی درامای بندەستی غوربەتو ئیرادە، نووسینی ستران عەبدوڵڵا، فەرهەنگی شیعری برایم ئەحمەد وەک نموونە، نووسینی د. تاهیر لەتیف کەریم، برایم ئەحمەد بلێسەی شیعر و شۆڕش، نووسینی مەحمود نەجمەدین، برایم ئەحمەد لەناو رووناکی مێژوودا، دوو نامەی مامۆستا برایم و د. مارف خەزنەدار کە بۆیەکتریان نووسیوە. لەچواردەهەمینساڵیادی مامۆستا برایم ئەحمەددا پیرەمێردو برایم ئەحمەدو شارستانێتی ئەدەب نووسینی عومەر مارف بەرزنجی. یادی ئەو مرۆڤە مەزنەی کە فێری کردین بمرین بۆ بەرزی گەل و وڵات نەک بەدیلی بژین، نووسینی بارزان شێخ عوسمان. چریکەی کوردستان لەگەرووی نیشتمان و ئاوارەییدا، نووسینی حەمە دلێر میسری. برایم ئەحمەدو شیعرییەت، نووسینی ژینۆ عەبدوڵڵا،یادێکی هەرگیز لەبیرنەچووی من، نووسینی گەلاوێژ.)

یادگاروهیوا پاشکۆیەکی دیکەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە لە ٨ی ٤ی ٢٠١٥ دا بڵاوبوەتەوە کە ڕێزلێنانێکی دیکەی کوردستانی نوێیە لەمامۆستای ئەدەب وکوردایەتی برایم ئەحمەد، لەم پاشکۆیەشدا کۆمەڵێک بابەت بڵاوبوەتەوە کە لەبارەی ئەزموونی سیاسی و ئەدەبی و تێکۆشانی برایم ئەحمەدەوە نووسراون. بابەتەکانی ئەم پاشکۆیە بریتین لە(ئەدگارێکی گشتگیرتری بلە، نووسینی ستران عەبدوڵڵا. بیروبۆچوونەکانی بلە وپرانسیپەکانی کوردایەتی، نووسینی سەربەست کەرکوکی. برایم ئەحمەد لەنێوان شۆڕش و ئەدەبدا، نووسینی مەحمود نەجمەدین. قەڵەمی بەرگریی‌و دەنگی زوڵاڵی نەتەوەیی بلە لەکوردستانی ١٩٦١ دا، نووسینی حەمە دلێر میسری. ستراتیژییەتی دەق،نووسینی د. زاهیر لەتیف کەریم. دیدارێک لەگەڵ سەڵاحودینی موهتەدی لەبارەی مامۆستا برایم ئەحمەدەوە، کە پێشتر لە تەلەفزیۆنی خاک سازدراوەو لەکوردستانی نوێ‌و لەم پاشکۆیەدا بڵاوکراوەتەوە. برایم ئەحمەد ئەو ڕابەرەی نەوەکانی فێری کوردایەتی‌و کوردستانیی کرد، نووسینی بارزان شێخ عوسمان.)

بەدەر لەم پاشکۆیانە کوردستانی نوێ ساڵانە لەیادی مامۆستا برایم ئەحمەد دا چەندین وتارو دیدارو لێکۆڵینەوەی لەبارەی مامۆستا برایمەوە بڵاوکردوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

----------------------------------------------------

## تیۆری زیرەکی ئارتیفیشاڵی لەشیعرەکانی برایم ئەحمەد دا



پ. د. زاهیر لەتیف کەریم

گەرچی تیۆری ئارتیفیشاڵی(دەستکرد)هەتا ئەمڕۆکە نەهاتۆتە نێو جیهانی ئەدەبو شیعرەوە، بەڵام لەڕووی زانستەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم وماتماتیک ودەزگا بەرگریەکانو بەرنامە مەعریفییەکانی داتا کۆمپیتەرییەکان گرنگییەکی تایبەتی خۆی پێدەدرێت بەو پێیەی ئەم تیۆرە توانای و وردکردنەوەی شتەبچوکەکانی بەشێوەیەکی ئەندازەیی هەیەو بەزارەکی ناڕوانێتە کەیس و ڕاستییەکانی ژیان. هەر لەبەر ئەمەشە، ئەم تیۆرە لەبنەڕەتدا پشتی بەدوو ڕێگە وسستمی جیاواز بەستووە:

**یەکەمیان**: بە بەرنامەکردنی ئەو تاکانەی کە لەبنچینەدا کەسانێکی سروشتی نین بەتایبەتی لەڕووی بیرکردنەوە وڕاڤەکردن و کارکردنەوە.

**دوهەمیان**: بەگەڕختنی بەرنامە مەعریفی وعەقڵی وفەلسەفییەکان کە لەدەرەوەی ئەو جۆرە تاکانە لەدایک دەبن. بەمەش هەردوو ڕێگا وسستمەکە وەک کارێکی کارلێکی کار دەکەن وەک ئەوەی حاڵەتی دوهەم بەبێ حاڵەتی یەکەم نرخی نەبێتوپێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

لەڕێگە وسستمی یەکەمیاندا تاکەکان هەمیشە لەخەمی بیرکردنەوەدان کە چۆن بتوانن کێشەیەک یان کەیسێک چارەسەر بکەن یان ڕێگەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە. بێگومان ئەم جۆرە تاکانە لەدۆخە ناسروشتییەکاندا دروست دەبن. واتە لەو کاتانەی کە گەندەڵی یان ڕێبازوسستمێکی خراپو نالەبار، لەڕووی سۆسیۆلۆژیا و ئابووری و فیکری و سیاسیەوە، کۆنترۆڵی دۆخ وشتەکان دەکات. ئەم جۆرە تاکانەش، لەبەرامبەرو وەک کارێکی کاردانەوە، لەدایک دەبن ودواتر، بەهۆی بزێویی خۆیانەوە، هەڵویستە وەردەگرن و لەهەوڵی ئەوەدا دەبن دۆخەکان یان بۆشاییەکان پڕ بکەنەوە یان کۆنترۆڵی بکەن. لێرەدا، گەرچی نموونە زۆرن، بەڵام بۆ ناونیشانی نووسینەکەمان تەنها جەخت لەسەر برایم ئەحمەد(بلە) دەکەین. بلە

لەزەمەنێکی زۆر ئاڵۆز و دژواری فیکری و سیاسی و سۆسیۆلۆژی و ئابوریدا لەدایک بوو. جەنگی جیهانی یەکەم و ئاسەوارەکانی لەدایک بوونی مارکسییەتودامەزراندنی سۆڤییەت. شۆڕشی مەلیک مەحمود و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەندین وڵات و دەوڵەتی جیاوازی ترسناک.جەنگی جیهانی دوهەم و دڕندەیی ئەڵمانیای هێتلەری‌و نازی و سەرکەوتنی هاوپەیمانان لەجەنگدا و دەرکەوتن و سەرکەوتنی بلۆکی سۆشیالیست لەجیهاندا بەگشتی وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی. چەوسانەوەی کورد لەهەموو ئەم دۆخانەدا ودروست بوونی شۆڕشێکی نوێ دوای شکست پێهێنانی شۆڕشەکەی مەلیک مەحمود لەلایەن ئینگلیزەوە بەپلەی یەکەم،بەڵام بەهەمان سیتراتیژیەتی شۆڕشەکەی مەلیک گرتن و کوشتنی پیاوانی کورد وبڵاوبونەوەی هەژاری و نەخوێندەواری لەناوچەکە هەموو ئەمانەوزیاتریش پاڵدەروهاندەرێکی ئەکتیڤ و پۆزەتیڤ بوون بۆ بلە و هاوشێوەکانی کە هەمیشە لەبیری ئەوەدا بن چۆن بتوانن ئاڕاستەی دۆخ وهاوکێشەکان بگۆڕن. بەمانایەکی تر، بلە،وەک کەسێکی بزێو، توانای هەستکردن وکارکردن و بەدەرخستنی وێنەوهەڵەکانی ناوخۆ ودەرەوەی هەبوو کە ئەم بەدەرخستنە لەڕێگەی چەند سەرچاوەیەکەوە ئەنجام دەدرێت وەک دەسەڵاتی هۆش زگماکی(حدس) وگوێگرتن لەدەنگە ناوخۆیی و دەرەکییە جیاوازەکان وکارکردن لەسەر لۆژیکی پێوانەیی و هەڵسەنگاندنی دۆخ و شتەکان لەڕێگەی بەراووردکارییەوە بەو پێیەی ئێمە ناتوانین باس لەبوونی خۆمان بکەین تا لەڕێگەی لێکچوون و جیاوازییەکانەوە خۆمان بەراوورد نەکەین لەگەڵ دەرەوە. لەهەموو ئەمانەدا، بلە،وەک دەردەکەوێت، هەمیشەویستوییەتی نزیکایەتییەک یان هاوشێوەی ئەو تاکانە بێت کە تا ڕادەیەکی زۆر، بەهۆی ئەو سیفەتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، نموونەیی بوون و سەرکەوتنی گەورەیان بۆ میللەتەکانیان، یان بۆ مرۆڤایەتی بەدەست هێناوە بەنموونەی مارکس و ئینگلز وغاندی...ئەمانە وزۆریش زیاتر، جۆری بیرکردنەوەکانیان لە تێکڕای خەڵکی زۆر جیاوازبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، بلە گەرچی کاریگەر بووە بەجیهانی دەرەوەو خوازیاریش بووە لێکچوونێک لەگەڵیدا دروست بکات یان ویستویەتی شوێن پێی ئەوان بۆ شتە جوان و پیرۆزەکان بگرێتە بەر، بەڵام لەهەمان کاتیشدا، هەوڵی داوە شتێکی جیاوازیش بخوڵقێنێت. لەپاڵ سیاسەتدا ڕۆژنامەنووسی و ئەدیب و شاعیرو ڕۆمانووس. ئەو تاکانەی کە دەچنە نێو چوارچێوەی تیۆری زیرەکی ئارتیفیشاڵی، بەنموونەی بلە، ئەوا وەک پڕۆسەی پڕۆگرامە کۆمپیتەرییەکان هەڵسوکەوت دەکەن وزۆر حەزیان بەدرێژەدان وگێڕانەوە بێ هۆکان وڕاڤەکردنە سیاقییەکان نیە. هەر لەبەر ئەمەشە لەلایەکەوە نەفەسی شیعرەکانیان کورت خایەنە، لەلایەکی تریشەوە لەهەوڵی چۆنێتی بابەتەکانیاندان. گەر سەیرێکی خێرای شیعرەکانی بلە بکەین ئەوا، بەئاشکرا، ئەم دوو خەسڵەتەی تێدا بەدی دەکرێت وێنەکان دووبارە ناکاتەوە تا ڕووبەر وژمارەی شیعرەکانی گەورەتر وفراوانتر بکات. بەمانایەکی ڕوونتر،بەپێچەوانەی زیرەکییە ئارتیفیشاڵییەکەی بلە، بەڕێژەکی زۆر، تێبینی ئەوە دەکرێت کە شاعیران لەبازنەیەکی بابەتی دیاریکراودا بەشێواز ودەربڕینی جیاواز دەسوڕێنەوە تا ڕووبەر وماوەی شیعرەکانیان گەورە بکەن کە ئەمە لەلایەکەوە کاری زۆرە ملێیی پێوە دیارە لەلایەکی تریشەوە دوورمان دەخاتەوە لەڕاستگۆیی ئەزموونی شیعری. کەواتە بلە ونموونەکانی هەمیشە لەهەوڵی فرسەت هێنانی بابەت ودۆخەکانن کە ڕوو دەدات. بەمەش خۆیان نابەستنەوە بە نەخشەیەکی پێش وەختی دیاریکراو. بۆیە کارکردن لەسەر ئەم بەرنامەیە پێویستی بەدەربڕینێکی تەمومژاوی



سەرچاوە
Serchawe

دەستکردنیەبەڵکو، بەپێچەوانەوە، دەستەواژەکان زۆر نزیکن لەزمان ودەربڕینە گشتییەکانی کۆمەڵ بەو پێیەی خاوەن پرۆسەی زیرەکی ئارتیفیشاڵی لەپێناو مانا گەورە و گرنگەکاندا کار دەکات و خۆی نابەستێتەوە بەدەستەواژە ئاڵۆز و نامۆکان. ئەم خەسڵەتە، جارێکی تر،زۆر نزیکە لەبەرنامە کۆمپیتەرکییەکان کە یاساو ڕێنما و زانیارییەکانیانی گشتگیرییە و داتاکان بە یەک چاو دەڕوانێتە بەرنامەکان و سەرجەم ئەوانەی بەکاری دەهێنن و کاری لەسەر دەکەن بەیەک سستم و بەرنامە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئایین و ناوچە و جوگرافیا.

پێناسەی زیرەکی ئارتیفیشاڵی گەلێک زۆرە، بەڵام ئەم چوارەی خوارەوەیان لەهەموویان گرنگترە، چونکە لەبواری زانیارییە تەکنەلۆژیاییەکاندا، کاری زیاتری لەسەرکراوە. لێرەدا ئێمەش هەوڵدەدەین کاری تیۆر و پێناسەکان بگوێزینەوە نێو دەقی ئەدەبی بەنموونەی دەقەکانی بلە:

**یەکەم**: بریتییە لەو سستم وتوخمانەی کە وەک مرۆڤ بیردەکەنەوە.

بلە، وەک تاکێکی هەستیار و پەیوەست بەیاسا و ڕێسایەکی فیکری دیاریکراو کە خۆی لەڕیالیستی ڕەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانە و سۆشیالیستانەدا دەبینێتەوە، نایەوێت،لەڕووی سۆسیۆلۆژیاوە، جیاواز بێت لەوانی تر وخۆی بەگەورەتر بزانێت ئەویش لەڕوانگەی ئەوەی لەخێزانێکی خانەوادە و نەجیبزادەی شارە و دەرچووی کۆلێژی یاسایە و بیرمەندێکی سیاسییە. بەڵکو دەیەوێت وەک کەسە ڕەش و ڕووت و تێکڕاکان هەڵس وکەوت بکات وهەر وەک ئەوانیش چێژ لەئازارەکان ببینێت بەو پێیەی کێشەی ئەوان کێشەی ئەمە و ئەمیش بەپێی دەسەڵاتە ئەدەبی و ئایدیۆلۆژی و مەعریفییەکانی بەئەرک و کارنامەکانی خۆی هەڵدەستێت. بەئاڕاستەیەکی تر بلە وەک توخمێکی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیایی ڕووبەری خۆی، وەک کەرەستەیەکی جیبڕی، دەکشێنێت و فراوانی دەکات بەرەو فەزایەکی گەورەتر ئەویش مرۆڤ و کێشەکانێتی. عەبدوڵلا مەردۆخی لە «چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد»، لاپەڕە ١٨ دا دەڵێت؛ «مامۆستا هیچ کات نەکەوتە داوی ناسیونالیزمی بەر تەسک بەرچاوتەنگی (کوردایەتی) تۆخەوە. هەمیشە دەیوت من بڕوام بە نەتەوەیی نیە. هەر ئەوەندە بڕوام پێیەتی کە وەک خەڵک بژیم، گەلەکەم وەک گەلانی دیکە بێ. ئەو کوردایەتیەی کە مامۆستا بڕوای پێ بوو، کوردایەتییەک بوو بێ خەوش وبێگەرد....لایەنگری سەربەستی و بەرابەری هەموو مرۆڤ بوو لەپێناو بەشداری و هاوبەشیدا..». بەمەش مامۆستا دەبێتە بزوێنەرێک بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکان لەیاسا ڕاوەستاوە کلاسیکییەکان بۆ یاسا دانراوە نوێیەکان هەر وەک لەدروشمی شۆڕشی فەرەنسادا هاتووە(یەکسانی وبرایەتی ودادپەروەری سۆشیاڵی وپێکەوەژیان). لێرەدا بەسوود وەرگرتن لەم یاسا نوێیە و بەرنامەکانی جیهانی سۆشیالیست، بلە دەسەڵات بەخۆی دەدات کە یاسا کلاسیکییەکان هەموار بکاتەوە بەو پێیەی ئەم جۆرە یاسایە لەگەڵ خواستی سەردەمدا ناگونجێت، بەڵکو زۆریش ڕێگرە لەبەردەم ئازادییەکاندا بەتایبەتی لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەمیشە سەرچاوەی کێشەکان بووە. لەبەر ئەمەشە هەر



سەرچاوە
Serchawe

لەسەرەتاوە دەڵێت «شیعر تەرجومانی دڵە، ئێش و ئازار، دەرد و خەفەت، هیواو و نائومێدی، شین و شادی، شیرینیو تاڵی، خۆشەویستی و قین، گومان و باوەڕ، ترس و بێباکی، خراپی و چاکیمان بەواتەی ڕێکوپێک لەشێوەیەکی دڵگیردا بۆ دەردەخات، گیان تینووی جوانی و دڵیش برسی شیرینییە،نە ئەم تێری لێئەخواتو نەئەو تینوێتی لێئەشکێ... شیعر ژیانە، بێدەنگ و سەنگ،هاوارکەر وقیژێنەر، ڕووخۆش و مۆن، چاو بەگریان، دەم بە پێکەنین»(بڕوانە: برایم ئەحمەد کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی،عومەر مەعروف بەرزنجی،لاپەڕە (٧ - ٨). هەر لەهەمان کاتدا ئەوەش دەڵێت کە شیعر توانای بەدەرخستنی نهێنی و وێنە شاراوەکانی هەیە(هەمان سەرچاوەی پێشوو). لە شیعری(ئازار و بەهار)دا خودی بکەری شاعیر جەخت لەسەر ئێش و ئازاری نەتەوەکەی دەکات و لەرێگەی یاسا ئایدیۆلۆژیاکەیەوە وەک خودەکانی تر بیردەکاتەوە و شێوازی بیرکردنەوەکەشی لەجۆری هاندان و خوڵقاندنی گڕو جۆشی ئاگری خەباتە دژ بەداگیرکەران:

دیسان ئازارە، دیسان ئازارە
لای خۆی سەرەتای گوڵ و بەهارە

کەچی بۆ گەلی کوردی بێچارە
هەمووی پەژارە و دەرد و ئازارە

تەنانەت لەپێناو بەرجەستەکردنی بەخودکردنی خودەکانی تر خودی بکەری شاعیر پەنا بۆ بەیتە شیعرێکی پیرەمێرد دەبات کەلەلایەکەوە ئەم بەیتە سەرچاوەیەکی بەنرخی کوردایەتیە بۆ بلە و چەندینی تر، لەلایەکی تریشەوە گڕ وئاگری خەباتەکەی پێ گەورەتر وپیرۆزتر دەکات :

(کورد نابڕێتەوە خەیاڵی خاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە)

لەشیعری (هەر کورد ئەبین) شاعیر تەنها خۆی نابەستێتەوە بەخودەکانی خویو نەتەوەکەی، بەڵکو خودەکانی گشتگیرییەو بەوپێیەی ئازاری ئەوان ئازاری ئەمەو سەرکەوتنی ئەوانیش سەرچاوەو ئەزموونێکی بەنرخە بۆ سەرکەوتنەکانی ئەم:

نەنەنگییە و نەپیاوەتی
جیاوازی نەتەوایەتی

گەلان هەموو برای منن
هەر زۆردارانم دوژمنن

خەبات وچالاکی ئەوان
بۆ من هیوایە وپشتیوان
ورەو پەندیان لێوەرئەگرم
هاو خەباتیانم تا ئەمرم

لەکۆتایی شیعرەکەشدا، شاعیر ئایدیۆلۆژیاکەی دەخاتە گەڕ و بەڵکو لەمەش زیاتر یاساکەی بەئاشکرا بەدەردەکەوێت، ئەویش ڕیالیستی شۆڕشگێرانەیە:

هەتا ماوم خەبات ئەکەم
نیازی خەباتمان شەڕ نییە
دەستخستنەوەی ئازادییە
بەڵام کە نرخی ئازادی
مردن بێ ئەمرین بە شادی

لەمانەدا، ئەم بەشەی زیرەکی ئارتیفیشاڵی لەبەر دەم دوو ڕێگەدایە:

**یەکەم**: تێگەیشتنی ئەو مۆتیڤانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی بۆچوونەکان وکارکردن لەسەر ئەو بۆچوونانە یان لاسیکردنەوەیان. بلە لەڕووی ئەزموونی ژیانەوە، لەهەموو ڕوویەکەوە، کەسێکی سروشتی نەبوو. شارەزا لەسیاسەت و ئەدەب و شیعر و دۆخە سۆشیۆلۆژی و ئابوورییەکان و توانای تێگەیشتنی ماناکانی هەبوو، بەڵکو ڕاهێنانی لەسەر دۆخە لاوەکی و دەرەکییەکان کردووە و دەرەوەشی وەک سەرچاوەیەکی بەهێز سەیر کردووە:

هەموو گەلانی سەر ڕووی زەمین
هەیانبێ مافی چارەی خۆ نووسین
تەنیا لە چارەی کورد نووسرابێ
(هەتا ماون بە دیلی بژین)

**دووهەم:** سوود وەرگرتن لەئەزموونە سایکۆلۆژی وشیکارییەکانی مرۆڤ. لەمەشیاندا بلە وەک کەسێکی سۆشیالناس ئاگاداری ڕەفتار و کردەوەی تاکەکانە بەناوخۆ ودەرەوە. بۆ نموونە، چاک دەزانێت کە کۆمەڵگای کوردی نوقمی ناکۆکی و نیفاق و دووبەرەکی و دوودڵی و ساویلکەییە. چاکیش دەزانێت دیکتاتۆرەکان بەنموونەی هێتلەر و سەددام، لە ڕووی سایکۆلۆژیا و ڕەوشتەکانەوە، کەسانێکی نەخۆش و تەندروست نین و لەخۆڕا کێشە بۆ خۆیان و کۆمەڵگاکانیان و بەڵکو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش دەنێنەوە:

کوردستان وەک بوک ئەڕازێتەوە
ئاوازی شادی بەرز ئەبێتەوە
تەنیا بەو مەرجەی تەبا وهوشیار بین
یەک ڕێ، یەک ئامانج، ڕاست و یەک بار بین

هەروەها دەڵێت:

ئەوە هێتلەر خواوەندی شەڕی سەر ڕووی زەمین بوو خۆ
------
هەموو ئەڵمانیای نازی لەدەستا وەک نگین بوو خۆ
-----
سەددام کوردستان موڵکی تۆ نیە

**دووهەم:** بریتیە لەو ستەم و توخمانەی کە وەک مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکەن.

لەنموونە زانستییەکاندا، ستەمە ئامێری و کۆمپیتەری و ڕۆبۆتەکان دەتوانن ڕۆڵی مروڤ ببینن. بۆ بلەی شاعیریش بریتیە لەبە بەرنامەکردنی ئایدیۆلۆژیا تا شاعیر تەواو ئەرک و خەسڵەت و بنەماکانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە جێبەجێ بکات بەبێ لادانەکان. لێرەدا ئایدیۆلۆژیا دەبێتە کەرەستە و ستەم و توخم و تاکەکانیش بەنموونەی بلە تەواو پەیوەست دەبن بەپێی. بەمەش تاکەکان پابەندی خۆیان بۆ ئەم ئایدیۆلۆژیایە ڕادەگەیەنن وەک ئەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیایە تەنها ڕزگارکەرێکی ئامانجی بێت نەک ئامرازی. بەم جۆرە شاعیرانە دەوترێت (شاعیرە پەیوەستەکان). بەمانایەکی تر، پەیوەستێتی شاعیر دەبێتە ئامێرێک بۆ جێبەجێ کردنی پرۆگرامی یاساکانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە. بلەش، وەک خاوەن بەرنامە، پرنسپی

عەفەویەتی تێپەڕاندووە کە لە زەمەنی هەستە سۆسیۆلۆژییەکانیدا کاری لەسەرکردووە. بەوپێیەی سیاسەت ونەتەوە و نیشتمان رووبەرێکی گەورەیان لە شیعروژیانی شاعیردا داگیر کردووە، ئەوا تەواو کارنامەکانی ڕیالیزمی سۆشیالیستی و شۆڕشگێری ورەخنەیی جێبەجێ کردووە. لێرەدا، بەهۆی چەمکی کارلێکەوە، جێگۆڕکێیەک لەنێوان شاعیر و ئایدیۆلۆژیاکەیدا دروست دەبێت و شاعیر دەبێتە پرۆگرام و یاسا و ئایدیۆلۆژیا. دیارە بلە، بەهۆی تواناکانیەوە، هێزی نوێنەرایەتی کردنی ئایدیۆلۆژیاکەی هەیە بەڵکو زۆریش فیداکاری بۆ کردووە وەک گرتن و دوورخستنەوە و دەرکردن و ئازاردان و ململانێکان و وەستان دژ بەدوژمن و داگیرکەر. لەبەرامبەردا، ئایدیۆلۆژیاکەی لەپێناو گەشە و بڵاوبوونەوەی پرۆگرام و ڕاگەیاندنەکانی، ڕێگر نابێت لەو نوێنەرایەتیکردنە بەڵکو دەسەڵاتی ڕەهاشی پێداوە داوە کە بەرنامەکان لەخۆ بگرێت و بڵاویشیان بکاتەوە. لەشیعری(یادگار و هیوا )دا بلە وەک کەسێکی شۆڕشگێر و خاوەن هەڵوێست بەدەر دەکەوێت. ئایدیۆلۆژیای ئەم هەڵوێست وشۆڕشە پێش بلە و لەزەمەنی بلەشدا هاوردە کرابوو و ئازادیخوازان و خەمخۆرانی نیشتمان و گەل بەچاوی ڕێزەوە سەیریان دەکردو کاریشیان لەسەری کردووە. دیار بوو لەو کاتانەدا کارکردن لەسەر ئەو ئایدیۆلۆژیایە و ڕێبازەکەی سوودبەخش بووە بۆ زۆرێک لەگەلانی جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی:

مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان
لە زڕەی زنجیر، دڵت نەلەرزێ
پێوەند بۆ لەشە و نەوەک بۆ گیان
------
بمرین بەمەردی و گەردن ئازادی
بمرین لە ڕێگەی تۆڵە سەندنا
نەک لەسەر جێگە بە نامرادی
------
ڕێی ژیان سەختە، پڕ ترس و لەرزە
نابێ بترسی، لەگەرمی و ساردی

لەشیعرێکی تریشدا، کەناونیشانی لەسەر نیەو لەساڵی ١٩٣٧ لەسەر کارتێک نوسراوە و بڵاوکراوەتەوە، شاعیر لەو ڕۆژگارەدا و زۆر بوێرانە مامەڵە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و مەسەلەی ڕەوای کورد دەکات ئەوەی لەسەر شانێتی بەزیادەوە جێبەجێی دەکات:

کوردی بێکەس بەسیە هەستە، تێپەڕی هەنگامی شەو
ڕۆژی ئازادیت ببینە، تا نەمێنێ سامی شەو
خوێن بڕێژە، لەش بنێژە، قەت مەچێژە تامی خەو
چونکە قوربانی ئەوێ، هەڵهاتنی ڕووی ڕۆژی نەو

لەشیعری (بەرەو ڕووناکی) شدا شاعیر، لەپێناو بەرجەستەکردنی ئەرکی ئایدیۆلۆژیاکەی، چاک دەزانێت کە ئەرکەکەی ئاسان نیە وبەڵکو زۆریش سەختە، بەڵام، لەلایەکەوە وەک تاکێکی خاوەن هەڵوێست چێژ لەو سەختییە دەبینێت، لەلایەکی تریشەوە بەردەوامی خۆی نیشان دەدات ولەگەڵیدا دەڕوات گەرچی لەسەر و بەندی ڕۆشتنەکەیدا توشی چەندین لێدان تەوقکردنە مل و زنجیر دەبێتەوە. دیارە ئەمە داوای ئایدیۆلۆژیاکەیەتی کە ئەندامەکانی دەبێت بەو شێوە شۆڕشگێرییە هەنگاو بنێن. لێرەدا ئایدیۆلۆژیا و شاعیر پێکەوە زۆر گەشبینن کە ئاینده بەئازادییەکان دەشکێتەوە:

لەناو جەرگەی تاریکییەوە
دەست بەکەلەپچەو تەوق لەمل و زنجیر لەپێ
لەکانگای نەزانی و هەژاری و دیلییەوە
کەوتوومە ڕێ، هاتووم، ئەڕۆم بەرەو ڕوناکی
پشتم دارزاوی جەزرەبەی قەمچییە
ناوچەوانم تفی پیا دێتە خوارەوە
پێم شەلی دارکارییە
فرمێسک لەچاوما قەتیس ماوە
پێستم بەسەر ئێسکما وشک بۆتەوە
بەڵام بەدڵێکی وەک پۆڵاوە
ڕێم گرتوتە بەر، ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی

لەزەمەنی پاشایەتیدا، زۆرێک لەشاعیران بەهۆی هەڵویست وەرگتن و بانگەوازی سەربەستی و ئازادی و سەربەخۆیی کەوتونەتە بۆسەی زیندان. بلەش یەکێکە لەوانە. لە(چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد)ی عەبدوڵلا مەردۆخیدا خۆی دەڵێت (لەساڵی ١٩٤٩ گرتیانم و پاش سێ چوار مانگ دایانم بەمەحکەمەی عورفی لەبەغداو بەتۆمەتی دەسکردی ئەندامێتیم لە حیزبی شیوعیی عێراق دا حوکم درام بەدوو ساڵ حەپس و دوو ساڵیش خستنە ژێر چاودێریی پۆلیسەوە. حکوومەت ئەم حوکمدانە ناهەقەی کرد بەبەهانە بۆ داخستنی گۆڤاری (گەلاوێژ)یش لەمانگی ئۆگەستی ١٩٤٩ دا « لاپەڕە

٣١. لەگەڵ ئەم ناهەقییەدا، شاعیر لەماوەی زیندانییەکەیدا، خۆڕاگرانە، خاوەن هەڵوێستەی خۆی بووە و لە هەڵوێستەکانیدا کەسێکی نەگۆڕ بووە. لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سیاسەتە چەوتەکەی هێتلەری نازی کەخاوەن دەسەڵات و خواوەندی شەڕ بوولەسەر رووی زەمین، رووی دەمی لەبەرپرسانی پاشایەتی دەنێت کە ئەنجامیان هەمان ئەنجامی نازییەکانە. لێرەدا چەکی فیکری و سیاسی شاعیر خەباتکردنە. خەباتەکەش لەجۆری ئەو شۆڕشانەیە کە پێشتر بەشێک لەگەلانی جیهان خۆیان پێ رزگار کردووە. ئەمیش پشتی بەست بە ئایدیۆلۆژیاکەی و سەرچاوەلێگرتنی ئەو سەرکەوتن و شۆڕشانە ئایندە مسۆگەر دەکات:

لەلای ئێمە هەڵەنگوتن یەکەم هەنگاوی زاڵبوونە
لەناو بۆتەی خەباتا توانەوە هەر شەرتی قاڵبوونە
لە نووچدان و هەڵەنگوتن نییە ترسی کوردان
وەکوو ڕێگەی خەباتی خۆی، شکانی تۆی لەلا ڕوونە
-----
نەکۆڵدان ونەلادان ونەوێستانی نییە هەرگیز
پشوو نادا هەتا نەبڕێ، ڕەگی چەوسنەوەو ماکی

**سێهەم**: بریتیە لەو ستەم و توخمانەی کە بەشێوەکی عەقڵانی بیردەکەنەوە.

هەر لە زەمەنی یونانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆوە بیرمەند و زاناکان بەدوای بیرکردنەوە لۆژیکییەکاندا دەگەڕێن بەوپێیەی بۆچوونە هەڕەمەکی و بێ پلانەکان کارەساتی گەورە دەخوڵقێنن. بیرمەندەکان، بە نموونەی بلە، توانای وەرگرتن و تێگەیشتن و ڕاڤکردن وشیکارییان هەیە و عەقڵەکانیان وەک ئامێرێکی ئەندازەیی کاردەکات کە زۆر جیاوازە لەبیرکردنەوەی تێکڕای خەڵکی. بلە هەر لەسەرەتاوە خۆی لەم جۆرە ئامێرە ئەندازەییەدا دیوەتەوە و ڕاهێنانیشی لەسەر کردووە. لەلایەکەوە پەروەردەی لۆژیکە یاساییەکان بوو، کە خۆی سەرەتا وەک قوتابی ودواتر یاساناس و پارێزەر، لەلایەکی تریشەوە پەیوەست بوونی بە بەرنامە خوێندنەوەیی و سیاسییەکان کە لەبنچینەدا بەرهەمی بەرنامە و ئەدەب و ڕۆشنبیریەتە جیهانییەکان بوو بەتایبەتی جیهانی سۆشیالیست و دیموکراسییەت. لە هەموو حاڵەتەکانیشدا، لەپێناو چارەسەری کێشە نەتەوایەتی و نیشتمانی و مێژووییەکانی خۆی، لۆژیکە مەعریفی و عەقڵییەکانی خستۆتە گەڕ. ئەم کارە بە عەفەوییەتی بۆچوونەکان نابرێت بەڕێوە. لە شیعری (هەر کورد ئەبین) شاعیر، بەپێی بۆچوونە سۆشیالیستەکان، هەموو نەتەوەکانی جیهان، جگە زۆرداران، بە دۆست و هاوخەباتی خۆی دەزانێت و دووردەکەوێتەوە لەدەمارگیری و و شکە بۆچوونەکانی نەتەوەپەرستی، کە ڕەنگە لەزەمەنی دەقدا زەرەرێکی گەورەی پێگەیاندبێت. واتە شاعیر لە ڕێگەی

دۆستایەتیکردن بەگەلانی چەوساوەی هاوشێوەی کورد، کە وەک سەرچاوەیەکی فیکری شۆڕشگێڕی بەکارهاتووە، دەیەوێت سوودمەند بێت لەگوتار و دەربڕین وسیاسەتەکەی. لەهەمان کات و شیعردا شاعیر نایەوێت لادانێک لەسەر گەلانی جیهان دروست بکات، چونکە بەپێی ستراتیژییەتی بلۆکی سۆشیالیست ئەم لادانە تاوانێکی گەورەیە بەمرۆڤایەتی. هەر لەبەر ئەمەشە قایل نابێت بەجیاوازی نەتەوایەتی. بۆ ئەم مەبەستەش گەلانی جیهان بە دۆستی خۆی دەزانێت، بەڵکو هاوبیر و هاوخەباتیشیانە:

نەنەنگییە و نە پیاوەتی
جیاوازی نەتەوایەتی
-----
گەلان هەموو برای منن
هەر زۆردارانم دوژمنن
خەبات و چالاکی ئەوان
بۆ من هیوایە و پشتیوان
ورەو پەندیان لێوەرئەگرم
هاوخەباتیانم تا ئەمرم

لەگەڵ ئەمەشدا مافی خۆشیەتی کە بڵێت:

نە عەرەبم نە ئێرانیم
نە تورکێکی شاخستانیم
نەک هەر من خۆم، مێژووش ئەڵێ
کە کوردم و کوردستانیم

لەشیعری «کوردە هاوارە» شاعیر هاواری بانگەوازی تەبایی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا لێ بەرزدەبێتەوە وهەر بەپێی دروشمی ئایدیۆلۆژیاکەی دەیەوێت سەرجەم تاک وبۆچوون وهەوڵەکان لەدووتوێی یەک فیکری و بازنەیی وبەرنامەییدا کۆبکاتەوە، بەوپێیەی سەرکەوتنەکان و ڕزگاربوون لەکۆیلایەتی و زنجیر وکۆت، لەو ڕێگەیەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت:

هەر بە یەکێتی و فیداکاری خۆت

ڕزگارت ئەبێ لەزنجیر وکۆت

هەر بە ویستن وتەبایی وخەبات

گەلانی جیهان گەیوونە ئاوات

تەبایی نەبێ چیت لەوان کەمە ؟

هەر(ناتەبایی) سەرچاوەی خەمە

لەشیعری (ئازار وبەهار) شاعیر، جارێکی تر، بەپێی ئایدیۆلۆژیاکەی نەفەس و هەوڵ و تێکۆشانی درێژە و کۆڵ نادات تا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت. بیر وبەرنامەی ئایدیۆلۆژیاکەی داوای ئەوەی لێدەکەن کە ئازارەکان چەند قورس و زۆر بن ئەوا خواست و هیوایەک هەیە کە ڕۆژێک دێت ئازارەکان دەڕەوێنەوە وڕۆژە تاریکەکانیش ڕووناک دەبنەوە و ئاواتەکانیش دێنە دی. لەگەڵ ئەمەشدا ئایدیۆلۆژیاکەی ئامۆژگاری ئەوەشی دەکات کە تاک و میللەت پێویستە هوشیارانە مامەڵە لەگەڵ کەیسەکەی خۆیاندا بکەن و لەنێو خۆیاندا یەک ڕیز و یەک ئامانج و یەک بار و تەبا بن:

فرمێسک شەونمە،نێرگز چاوانە

(گوڵاڵەی سوورمان جەرگی لاوانە)

-----

دەبا ئازار بێ، با هەر ئازار بێ

سەد هێندەی ئێستەش دەرد و ئازار بێ

ڕۆژمان تاریکتر لەشەوی تار بێ

دوژمن سەد هێندەی گورگی هار، هار بێ !

شیرینی ژیان بام ژەهری مار بێ ؟

چ خەباتێکە کە بێ ئازار بێ

گەلێ نەبەزو تەبا و هۆش

-----

ڕۆژێ دێ کوردیش هەڵئەسێتەوە

تەمی مەینەتی ئەڕەوێتەوە

-----

تەنیا بەو مەرجەی تەباو هوشیار بین

یەک ڕێ، یەک ئامانج، ڕاست و یەک بار بین

لەشیعری «کاوەی ڕاستەقینە» دا شاعیر تەواو پابەندە بەبڕیاری ئایدیۆلۆژیاکەی. داواکردنەکە خۆی لە کۆکردنەوەی هێزی کرێکارو جوتیار و کاسبکار و خوێندکاراندا دەبینێتەوە ئەویش بەمەبەستی خەباتکردن دژ بەداگیرکەران لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادی تاکی کورد. لەهەمان کاتدا داوای ئەوەشیان لێدەکات زۆرداران، کە ئیمپریالیزم نوێنەرایەتیان دەکات، تا سەر زۆردارییان بۆ ناچێتەسەر و کاوەیەک یان چەند کاوەیەکیان لێپەیدا دەبێت کە تەخت وحوکمیان هەڵدەتەکێنن. کاوە، کە پاڵەوانی سەرەکی دەق و چیرۆکەکەیە، هێمای داس و چەکوش و هێزی کرێکارە کە هەموو ئەمانەش خۆیان لە ئایدیۆلۆژییەکەی شاعیردا دەبیننەوە:

ئەو ڕۆژەی کە کورد پاڵە و جوتیاری
لەگەڵ کاسبکار، گشت خوێندەواری
هەموو دڵسۆزی دێهات و شاری
بڕیاری خۆی دا لەسەر ڕزگاری
بۆ سەربەخۆیی و ئازادی ژیان
بۆ هاتنە ڕیزی گەلانی جیهان
پێکی کاوەیان نایە نەڕەی شان

**چوارهەم**: بریتیە لەو سستم و توخمانەی کەبەشێوەیەکی عەقڵانی هەڵس و کەوت دەکەن.

هەڵسوکەوت بەشێوەیەکی عەقڵانی بەو مانایە دێت کە خودی بکەر لەڕێگەی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیاکەیەوە ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. لێرەدا ئەم خودە پێویستە خاوەنی ئەم خەسڵەتانەی خوارەوە بێت:

**یەکەم**: ئامادەباشی کردار. واتە ئەو خودە لەبنچینەدا توانای وەرگرتن وتێگەیشتنی هەبێت و لەڕێگەی بیروباوەڕەکەیەوە دەسەڵات بدات بەخۆی کە بەکارە ڕاسپێراوەکەی هەڵسێت و لەدوورەوە نەڕوانێتە دروشمی ئایدیۆلۆژیاکەی. بەمەش ئایدیۆلۆژیاکەی بلە پێویستی بەکردار و پراکتیکە نەک بەتیۆریکردنی. ئەم حاڵەتی پراکتیکە لەزۆر رووەوە بلەیان تووشی ناڕەحەتی و دەردەسەری کردووە بەگرتن و دوورخستنەوە ودەرکردن. لەهەمووشیان پیرۆزتر پێشمەرگایەتیکردنی لەپێناو ئەو دروشمانەی کە هەمیشە هەڵی گرتبوو. لەشیعری(سروودی پێشمەرگە)دا بەڕوونی جەخت لەسەر ئەم جۆرە کردار وپراکتیکە دەکات:

من پێشمەرگەی کوردستانم

ئامادەی جەرگەی مەیدانم

بەسەر و ماڵ وژیانم

ئەیپارێزم نیشتمانم

دەست لەخەبات هەڵناگرم

تاسەر ئەکەوم یا ئەمرم

لەشیعری(دوا تیری کەوان)یشدا زۆر ڕاشکاوانە بەشداری خۆی، بە پراکتیک و کردار، بۆ ئایدیۆلۆژیاکەی دووپاتدەکاتەوە. نەک تەنها خۆی، بەڵکو هاوبیرەکانیشی هەمان ڕێچکەیان گرتووە. بۆیە لەسەر زمانی قسەکەری کۆ دایەلۆگمان بۆ دەکات:

لەگەڵ کاروانی ڕزگاری گەلان ئەڕوا بەچاکی

لەسەختی ڕێ، لەدووری جێ ودڕی دوژمن نییە باکی

نەکوڵدان و نەلادان و نەوێستانی نییە هەرگیز

پشوو نادا هەتا نەبڕێ، ڕەگی چەوسانەوە و ماکی

لەشیعری (بەرەو ڕووناکی)یشدا زۆر ڕوونتر پەیوەستێتی خۆی، لەڕووی پراکتیکەوە، بۆ ئایدۆلۆژیاکەی نیشان دەدات گەرچی لەڕووی عەقڵی وزهنیشەوە چاک یش دەیزانی کە ئایدیۆلۆژیاکەی تووشی گرفتی دەکات بەنموونەی گرتن و لێدان و کەلەبچە و تەوق و زنجیر و ئازار. واتە شاعیر هوشیار بوو لەوەی کە گۆڕانکارییەکان لەدۆخێکی خراپەوە بۆ دۆخە ئاساییەکان کارێکی ئاسان نیە و پێویستی بەفیداکاری و ئێش و ئازارە:

ئەزانم دوژمنەکانم چ بلیمەتێکن لە ئازاردان و کوشتنا

ئەو داخانەم لەپێشچاوە کە بەناوچەوانی باوو باپیرمیانەوە ناوە

ئەزانم چ شەیتانێکیان لێ دەرچووە لەویجدان مراندن و گیان کوشتنا

بەڵام لەهەموو داخی لای من ناسۆر تر داخی دڵم،و

لەهەموو بەندیخانەکانی ئەوان تاریکتر و پڕ ئازار تر ژیانی ئێستەی خۆمە

بۆیە هێز نییە بم وەستێنێ، دەسەڵات نییە لامدا

لەڕێ ڕۆیمو ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی

**دوهەم**: سەربەستی جێبەجێ کردن. ئایدیۆلۆژیاکەی بلە ڕێگر نەبووە لەجێبەجێ کردنی ئەرک و کارنامەکان، بەڵکو، وەک لەخاڵی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا، سەربەستی تەواویان پێبەخشیوە. ئەم کارەش نامۆ نیە بەئایدیۆلۆژیاکەی چونکە ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە بنەڕەتدا بانگەوازی سەربەستی دەکات بۆ سەرجەم خودەکان نەک تەنها خودی بکەری شاعیر. لەهەمان کاتیشدا لەدایکبوونی ئایدیۆلۆژیاکەی بەمەبەستی گۆڕانکارییە سۆسیۆلۆژی و ئابوری و فیکری و سیاسییەکانە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەم ئایدیۆلۆژیایە داوا لەخودی بکەر دەکات کە سەربەستانە کار بکات تا بتوانێت ئەرکە سەرەکییە داوالێکراوەکان جێبەجێ بکات. کار و ئەرکی خودی بکەریش لەپێناو خودەکانی تردایەوکارەکەش زۆر پیرۆزە و دوورە لە خۆپەرستی و خۆویستییەوە. لە شیعری(ئەی مانگ لێڵ نەبی بەو میوانانە) شاعیر وەک ڕاناوی قسەکەر سەربەستی تەواوی لەبەر دەمدایە تا بتوانێت لەجیاتی ئایدیۆلۆژیاکەی بانگەوازی ئازادی ڕابگەنێت:

تۆ ئێستەش هەر ئەو دۆستەی جارانی

هاوڕێ وهاودەمی دەستەی یارانی

خوێنمژی گەورەی سەرمایەداری

------

ئیمپریالیزم و زوڵم و زۆرداری

زۆر زووتر لەوەی بگەن بە ئاوات

تیری خەباتکەر لە باڵیان ئەدات

بازووی جەماوەر گیانیان دەردێنێ

-----

ڕەنجی کرێکار، زانین، پێشکەوتن

بەکار ئەهێنرێن بۆ ژین خۆشکەری

هەمان وێنە لەشیعری «بۆ گیانی حەمید باتاسی» دا، کە دەقئاوێزانێکی بێکەس ی شاعیری پێوە دیارە، بەدی دەکرێت:

گەلێ ئازادی بەخوێنی بکڕێ

نییە بتوانێ ڕێگەی لێ بگرێ

زۆردار لای وایە بەزەبری کوشتن

گەل بێزار ئەکات لەخەبات کردن

نازانێ کەوا داری ئازادی

هەر بەخوێنی گەش دێتە بەر گرتن

لەهەموو ئەم پێناسانەی کە ئاماژەمان پێدا، بلە خۆی لەم هاوکێشانەی لای خوارەوەدا دەبینێتەوە:

**یەکەم:** پێدانی زانیاری هەستیار بەتاکەکان کە پێشتر وەک پێویست وبەپێی لۆژیکی ئایدیۆلۆژیایی کاری لەسەر نەکراوە، یان تاکەکان لەنێو بۆشاییەکاندا گوزەریان دەکرد و شاعیر، وەک ئەرک و پەیوەستێتی، لە هەوڵی پڕکردنەوەی زانیاریەکاندا بوو. بەمەش بۆشاییەکان تا ڕادەیەکی باش بەزانیاری پڕبوونەوە. ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بوو لەبەر دەم فیکر و ڕۆشنبیریەتی کوردیدا تا لەزەمەنی دەقەکان ودواتریش قوتابخانەیەکی لۆکاڵی دابمەزرێنن ئەویش بەمەبەستی وەبەرهێنانی بابەت وتاکێکی تەندروست هاوشێوەی گوتاری ئایدیۆلۆژیاکەی بلە.

**دووەم:** پێدانی بوێری بەتاکەکان تا بتوانن لەزەمەنی دەق و دواتریش قوتابخانەیەکی شۆڕشگێڕی دابمەزرێنن.

**سێهەم:** کۆپی کردنی زەمەنی دەق ودابەشکردنی بەسەر تاکەکاندا تا ئەوانیش وەک بلە بتوانن پارێزگاری لەبابەتە ڕەسەنەکان بکەن و لەڕەفە تۆزاوییەکاندا نەیشارنەوە و هەڵیبگرن، چونکە ئەو بابەتانەی کە بلە کاری لەسەرکردووە هەموویان بابەتی دانسقە و بەپێز بوون و ناکرێت بەچاوی نزمەوە سەیریان بکرێت.

**چوارەم:** برەودان وبایەخدان بەخوێندنەوە ومێژوو و پراکتیزەکردنی بابەتەکان کە بەلای بلە وە گرنگی خۆیان هەیە. بەمەش بلە، بەشێوەیەک لەشێوەکان، مەبەستی بووە دەزگایەکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بۆ ئەرشیفەکان دابمەزرێنێت و خوێنەری کورد نەفەسی گوتاری بلە درێژ بکەنەوە یان گەورەتری بکەن، چونکە پارێزگاریکردن لە کوردوکێشە ودۆخەکانی تەنها ئەرکی بلە نییە، بەڵکو ئەرکی هەموانە بەبێ جیاوازی فیکر وئایدیا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

## کورد بوون لە شیعرێکی (مامۆستا برایم ئەحمەد)دا



سەدیق سەعید ڕەواندزی

کوردبوون وەک چەمکێک، یەکێکە لەو سۆبژێکتانەی ڕووبەرێکی بەرفراوانی لەئەزموونی شیعری کوردیو لەدنیابینی شاعیرانی ئێمە، لەگشت قۆناغەکان، بەبێ جیاوازی، داگرتووە. پرسی ناسنامەو شوناسی نەتەوەیی و شانازیکردن بەکوردبوون، وەک تایبەتمەندییەکی سیاسیو نەتەوەیی کە جیامان دەکاتەوە لەوانی تر، ئەو گوتارە بووە، کە بەدرێژایی مێژووی چەوسانەوەو ژێر دەستەیی گەلی کورد، لەئەدەبی کوردیدا بەگشت ژانرەکانەوە بوونی هەیە. ئەگەر لەئاستی واقیعدا پرسی هێشتنەوەی کوردبوون وەک ناسنامەیەکی نەتەویی لەڕێگەی خەباتی چەکداری و تێکۆشان و قوربانیدانەوە بوویێت، ئەوا بەشێکی دیکەی ئەو بەرگریکردنە لەناسنامە دەچێتە چوارچێوەی ئەدەبی بەرگری کوردییەوە. لەئەدەبی شۆرشگێریدا، پرسی بەرگریکردن لەنەتەوە، ناوەڕۆکو گوتاری سەرەکی شیعرەکان پێک دێنێت. کورد وەک نەتەوەیەک لەبەر ئەوەی بەدرێژایی مێژوو، چەوساوەو ژێر دەستە بوە، ئیدی ئەدەبەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵومەرجە سیاسیو شۆرشگێڕییە بووە، کە کورد وەک نەتەوەیەک تیایدا ژیاوە. پانتایەکی گەورە لەئەدەبی کوردیدا، ڕەنگدانەوەی سیماکانی بەرگری و تێکۆشان و داکۆکیکردن لەناسنامەی نەتەوەیی بووە، کە خۆی لەکوردبووندا بەرجەستە دەکات. ئەم گوتارە کە فۆڕمێکی سیاسی هەیە، زۆرجار بەگوتاری مانەوە، وەسف دەکرێت. واتە گوتارێک کە هەموو بنەماکانی هێشتنەوەی نەتەوە، لەبەرگری، تێکۆشانو قوربانیدان دەبینێتەوە. خەسڵەتی سەرەکی ئەم گوتارە بەبۆچوونی من وەک خوێنەرێک لەوە دایە، کە ئەوەندەی گوتارێکی ئێستاییە، ئەوەندە گوتارێکی داهاتووخوازانە نەبووە. بەو مانایەی لەو گوتارەدا، نەتەوەوەک هێزێکی خۆڕاگر، مانەوە، بەرگریکار وێنا کراوە. لەبری ئەوەی وەک هێزێکی گەشبین و ئاییندەخوازو هێرش بەر ببینرێت. کورد چونکە لەمێژوودا نەتەوەیەکی شەرخوازنەبوە و هەمیشە لەلایەن نەیارەکانیەوە شەڕی بەسەردا سەپاوە، ئیدی بەهۆی ئەو واقیعەوە، زۆرتر لەدۆخێکی بەرگریکردن دابوە، وەک لەوەی هێرش بەرێت. ئەم هەڵومەرجە سیاسی و شۆرشگێریە، ڕەنگدانەوەی لە دووتوێی گوتاری شیعری کوردی هەبووە، بەشێوەیەک کە بەگوتاری مانەوە دەناسرێت، واتە وەستانەوەو بەرگریکردن و داکۆکیکردن لە ناسنامەی نەتەوەییمان. ئەم فۆڕمە بەشێکی سەرەکی کۆی ئەدەبی بەرگری و شیعری نیشتمانی پێک دێنێت. بۆیەشە ئەو

گوتـاره وەک گوتـارێکی مـانەوە، وێنـا کـراوە. بۆنمـوونە: ئەگەر ئـێمە سـەرنج بـدەین دەبینـین، بەشـێکی هەره زۆری ئەو شیعرانەی لەدوای کارەساتی ئەنفالەوە نووسراون، هەڵگری دنیـابینیەکی نائومێـدانەو ڕەشبینانەیە. بەشێکی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسـی لێـدەرچێت، کە لەدوای ئەنفـالەوە ئومێـدێکی سـەرلەنوێ هەڵسـانەوەو گەشـبینی لەهەمـبەر ئایینـدەی نەتەوەکەمانـدا، تیـادا بەرجەسـتەیە. دەنـا بەشـێکی زۆری ئەوانـی تـر، گوزارشـت لەوخەمەو لەقوربانیەکـانو لاوانەوەو گوزارشتکردنی کارەساتەکە دەکەن. زەمەنـی دوای ئەنفـال بـۆ کـورد، زەمەنـی نائومێـدیو بێـدەنگی و شۆکی دەروونییە. ئەم بارودۆخە، کاریگەریەتی قوڵی بەسەر ژیانو دنیابینی مرۆڤی کورد بەگشتی و شـاعیران بەتـایبەتی جێهێشن. بەو مانـایەی کە ئیـدی ئەسـتەمە، جـارێکی تـر، کـورد وەک نەتەوەیەک هەڵسـێتەوە، سەربەسـت و ئـازاد بێـت. ئەو شـێوە ڕوانیـنە نائومێدیانە، بۆ ژیان و بوونی نەتەوە، دەرەنجام ئەو هەستە لای مرۆڤەکان بەرجەستە دەکـات، کە کەمتر کەسێکی گەشبین و ئاییندە خوازبن.

بەپێچەوانەوە بەڵکو تەنها گوزارشت لەو کـات وسـاتە دەکەن، کە تیایـدا دەژیـن. کـاتێ مـرۆڤیش خەونـی گەورەی نەبـوو، لەژیان مانای وایە ئومێدی نییە. بۆیە دەبینین، بەشێکی زۆری شیعری بەرگری کوردی تەنهـا گوزراشت لەو سـەردەمەو زەمەنە دەکـات، کە ڕەنگدانەوەی هەڵومەرجی سیاسی و کارەستباری نەتەوەیە، کە خۆی لەگوتـاری مـانەوەدا بەرجەسـتە دەکـات. ئەو گوتـارەی بنەمـای سـەرەکی و هەمیشـەیی، تەنهـا مـانەوەو پارێزگـاری کـردنە لەنەتەوە. بێگومـان یەکـێ لەو شیعرانەی، کە هەڵگری دیدێکی دیکەی جیاوازە بۆ کوردبوون، وەک شوناسی نەتەوە، شیعرەدیارەکەی(ماموستابرایم ئەحمەدە) بەنـاوی هەر کوردبـووین وهەر کـورد ئەبـین.لەو تێکسـتەدا خـوێنەر، بەر دنیـابینیەکی دیـکەی کوردبـوون دەکەوێـت، کەلەسـەر ئاسـتی جیاجیا،دەردەکەوێت. دەشێ ئەو شیعرەی ماموستا(برایم ئەحمەد) بەپانۆڕامایەکی سیاسیو مێژوویی، دروستبوونی نەتەوەیەک بناسێنین، کە نەیـاران ودوژمنـانی مێژوویکـی پـڕ لەچەواشـەیان داوەتە پـاڵ، وەک ئەوەی کـورد هـیچ بنەمـاو تـوخمێکی نەتەوەییبـوونی نەبێـت، هاوشـانی نەتەوەکـانی دیـکەی فـارس و عەرەب. بەڵام شـاعیر لەو دەقەیـدا، هەمـوو ئەو بنەمـاو تیۆرانە پوچەڵ دەکاتەوە، کەوەک وەهمێک بۆ مێژووی نەتەوەیەک کە کوردە، داتـاشراون. بەپێچەوانەوە شـاعیر کوردبـوون وەک شوناسی نەتەوەیەک دەبەستێتەوە، بە ئەزەلیەتـی بـوون و مێـژوو. بەو مانـایەی کـورد هەر لەسـەرەتاکانی دروستبوونی مرۆڤـایەتیەوە، وەک نەتەوەیەک بـوونی هەبـوە. بەدەربڕینێکـی تـر، کوردبـوون، زادەی کـورد خـۆیەتی نەک هـیچ مێژوویکـی چەواشەوداتاشراوودروستکراو، لەلایەن دوژمنـانیەوە، وەک ئەوەی بەردەوام گوێبیستی دەبین. بـۆیە ماموسـتا بـرایم ئەحمەد، لەو شیعرەی خۆیـدا، هەمـوو ئەو تیـۆرانە پـوچەل دەکـاتەوەو ئەو پەیـامە دەداتە نەیـارانی کـورد، کە لەوەتەی دنیـا هەیە کوردیش هەیە، تەنانەت پێش هەموو قۆناغێکی مێژوویيو ئەتنۆگرافی دیاریکراو. لێرەوەش ئەگەر ئێمە تیۆری پەرەسـەندنی ڕەوتـی مرۆڤـایەتی هەر لەکۆمـۆنەی سـەرەتاییەوە، وەک یەکەمـین قۆنـاغ و چوارچێـوەی ژیـانی کـۆمەڵایەتی مرۆڤەکـان، تاقۆناغەکـانی ترودواتـریش سەرهەڵدانی دەوڵەتـی ناسیۆنـاڵی وەربگـرین، ئەوا بە پێچەوانەوە کورد بە دەرە لەو تیـۆرەو هەر لە سەرەتاوە، بەکوردی خەلق بووەو دروستکراوە. بۆیە شاعیر دەڵێ:

لە پێش ئاگر پەرستیدا...

لە پێش موسڵمانیەتیدا..

بەستنەوەی شوناسی کورد وەک نەتەوەیەک، بەمێژوویک کە لەپێش ئاگر پەرستی و پێش شوناسە ئایینیەکان بوونی هەبوە، ئاماژە یەکە بۆ مەزنێتی نەتەوەیەک لەمێژوودا. بەدەربڕینێکی تر، مامۆستا برایم ئەحمەد لەڕێی ئەو شیعرەوە وەڵامی هەموو ئەو نەیارانە دەداتەوە، کە مێژوویێکی وەهمی و چەواشە دەدەنە پاڵ کورد، بەوەی کە مێژوو، شارستانیەت و فەرهەنگ و کلتووری نییە. ئەگەر هەموو ئەو تایبەتمەندیانە، لەڕووی ژیارییەوە هێما بن بۆ نەتەوەیەک، ئەوا بێگومان دەبێ ئەو نەتەوە مێژوویێکی سەرهەڵدانو دروستبوونیشی هەبێت. چونکە پرۆسەی دروستبوونو بونیادنان و فەرهەنگی نەتەوەیەک، پرۆسەیەکی دورو درێژو دەرەنجامی چەندین قۆناغی مێژوویی و کۆمەڵایەتیو ژیارییە. بۆیە کاتێ مامۆستا برایم ئەحمەد، مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد، گرێدەدات بۆ پێش چاخەکان و بگرە سەرەتاییترین مێژووی مرۆڤایەتی، جۆرێکە لەبەراوردکاری لە گەڵ دروستبوونی نەتەوەکانیتر، بەتایبەتیش دوژمنانی کورد. لەو ڕوانگەیەوە شاعیر ئەو پەیامە دەداتە ئەوانی تر کە مێژووی کورد وەک نەتەوەیەک دێرینتر و ڕەسەنترە، لەمێژووی نەتەوەکانی دیکەی دنیا. بەڵام پرسیار ئەوەیە مامۆستا بۆچی مێژووی کورد، لەڕووی سەرهەڵدانیەوە، دەباتەوە سەردەمێکی هێندە دوور؟ مەبەستی چییە لەوەی کاتێ دەڵێ لەپیش ئاگرپەرستیشدا، کە هێمایە بۆ قۆناغ و سەردەمێکی یەکجار کۆنی مرۆڤایەتی، هەر کوردبووەو هەر کوردیش ئەبێت؟

لە درێژەی دەقەکەدا، شاعیر وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە. بۆیە ئەمجارەیان دەڵێ:

نە عەرەبم..نە ئێرانیم..

نە تورکێکی شاخستانیم..

ئەگەر دوژمنانی کورد، هەمیشە نەتەوەی کوردیان وەک تورکێکی شاخی، یاخود، بەشێک لەخۆیان بینیبێت، کە هیچ ماکێکی بە نەتەوەیی بوونی تێدانییە، ئەوا شاعیر لەڕێی دەرخستن و نیشاندانی مێژووی کورد، بۆسەردەمی پێش ئاگرپەرستی و موسڵمانیەتیدا، ئەو تێڕوانینە شۆڤێنیانەی عەرەب و فارس و تورک، پوچەڵ دەکاتەوە. بەوەی کە کورد وەک نەتەوەیەک، هەر لەسەرەتاکانی مێژوودا، بوونی هەبوە. تەنانەت پێش نەتەوەکانی دیکەش. ئەمەش ڕاستییەکە کە نەک تەنها خودی ئەو نەتەوانەو مرۆڤایەتیش دەیزانێت، بەڵکو مێژووش وەک ڕەگەزێک کە دەرخەری ڕووداوەکانی مرۆڤایەتییە ئەو ڕاستیە دەزانێت. وەک ئەوەی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر ئەمجارەیان دەڵێ:

نەک من هەر خۆم مێژووش ئەڵێ..

کە کوردم و کوردستانیم...

لێرەوەش مێژووی کورد وەک نەتەوەیەک هاوشانی مێژووی مرۆڤایەتی، دەبینرێت. بەو مانایەی ئەوە هەر تەنها شاعیرێک نییە، لەشیعرێکدا، بانگەشەی کوردبوون دەکات و نەتەوە دەبەستێتەوە بە سەردەمێکی دوور. بەڵکو مێژووش ئەو ڕاستیە دەدات، کە شاعیر کوردو کوردستانیشە. ئەگەر مێژووش ئەو گەواهیە بدات، ئایا کەس دەتوانی شوناسی نەتەوەیی ئەو، بەتورکێکی شاخستانی بناسێت؟ ئەگەر پێوەرەکانیبوونی هەر نەتەوەیەک، مێژوو بێت، ئەوا کورد وەک نەتەوەیەک، مێژوویێکی درێژی هەیە، کە تەنانەت چ لەسەربەستی بێت، یاخود دیلی، هەر کورد بووە هەر بەکوردیش ماوەتەوە. کەواتە لێرەدا، ئاستی یەکەمی کوردبوون، وەک مێژوو، وەک شوناس، وەک ڕەچەڵەکی ئەتنیکی، نیشاندەدرێت. ئەمجارەیان لەئاستی دووەمدا، مامۆستا لەشیعرەکەیدا، فۆرمێکی دیکەی کوردبوون، بەرجەستە دەکات، کە ئەویش فۆرمی بەرگری و خەبات و تێکۆشانە، لە پێناو ئازادی نەتەوە. بۆیە ئەگەر سەرەتا مامۆستا برایم ئەحمەد لەشیعرەکەیدا، باس لەمێژووی دروستبوون وسەرهەڵدانی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز لەئەوانی تربکات، ئەوا لەئاستی دووەمدا، ئەو دڵنیایە دەداتە دوژمنەکانی کە لەنێو بردنی کورد، جگە لەوەهم و مەحاڵێک هیچی تر نییە. بەدەربڕینێکی تر، شاعیر هەر لەسەرەتادا، نەیارانی ڕووبەرووی دۆخێکی نائومێدانەوڕەشبینانە دەکاتەوە، بەوەی کە هەر هەولێک بۆ تواناوەی کورد وەک نەتەوەیەک، بێ ئاکامە. بۆیە دوژمنانی چەند دڕندەو بێ ویژدان و دڵ پڕ لەڤین بن، دواجار هەر ناتوانن کورد لەنێو بەرن. بۆیە ئەمجارەیان دەڵێ:

داگیر کەری دڵ پڕ لەڤین..

دڕندەی بێ ویژدان و دین...

ناتوانی واکەی کورد نەبین..

هەر کورد بوین و هەر کورد ئەبین..

هەموو ئەو وێنە ناشرین و شەڕانگێزو پڕ لەڤینانەی، مامۆستا برایم ئەحمەد لەشیعرەکەیدا داویەتە پاڵ دوژمنانی، بەبۆچوونی من دەلالەتێکی راسیزمیو دژە هیومانیزمیان نییە. وێنا کردنی دوژمن بەو دەستەواژانە، بەکەم تەماشاکردن و شکاندنی شکۆی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیانەی کەسەکان نییە. بەدەربڕینێکی تر، دوژمنان کە دڕندەن، لەبەر ئەوە نا کە هەر لەبنەڕەتدا، هەڵگری ئەو شوناسەن. بە پێچەوانەوە. بەبۆچوونی من مەبەستی شاعیر، لەو جەختکردنەوەیە، نیشاندانی بەهێزی دوژمنانە بەو مانایەی ئەوان چەند هێزو دەسەڵاتیشیان هەبێت، دواجار ناتوانن کورد لەنێو بەرن. ئەوان چەند دڕندەش بن، هەر ناتوانن ئەو کارەبکەن. تەنانەت یەکسانکردنی شاخەکانی کوردستان لەگەڵ ڕووی زەمین، کارێکە زۆر

ئاسانترە لەوەی دوژمنان بتوانن کورد لەناوبەرن. لێرەوەش مامۆستا برایم ئەحمەد، پرۆسەی لەنێو بردنی نەتەوەی کورد، دەباتە ئاستێک، لەمەحاڵ مەحاڵتر. چونکە تەختکردنی شاخەکان لەگەڵ ڕووی زەمین، کارێکی نەکردەیە. کەچی شاعیر ئەوەیان بەئاسانتر دەزانێت، لەوەی دوژمنان بتوانن وا لەئێمەو شاعیر بکەن کە کورد نەبین. ئەمە نیشاندانی ئاستێکی دیکەی جیاوازە لەکوردبوون لەشیعری کوردیدا. چونکە ئەگەر گوتاری مانەوە، هەمیشە لەفۆرمی بەرگری و پارێزگاری لەشوناسی نەتەوە، لەشیعری کوردیدا خۆی بە رجەستە کردبێت، ئەوا لەوشیعرەی شاعیردا، لەنێوبردنی کورد پرۆسەیەکی مەحاڵە. شاعیر بەهێزی و مانەوەی کورد لەئاست دوژمنانیدا، دەگەیەنێتە رادەی یەکسانکردنی شاخەکان لەگەڵ زەمین. بێگومان نەتەوەیەکیش بەو شێوەیە خۆراگرو بەهێز بێت، ئەوا هەمیشە بەکوردی دەمێنێتەوە. لێرەوەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاعیر بۆچی هێندە دڵرەقانە، دەڕوانێتە دوژمن، ئەمە لە سۆنگەی ئەوە نییە، کە دوژمن بەهێزو دڕندەیە، ئێمەش نەتەوەیەکی ژێر دەستەو بێ دەسەلات. بەپێچەوانەوە، بەلکو لەو ڕوانگەیەوەیە کە ئەگەر دوژمنان هەزار هێندەش دڵ پڕلەقین و دڕندەو خوێن ڕێژ و بەهێزبن، هەر ناتوانن شوناسی کوردبوون لە ئێمە بسێنەوە. بەهێزی دوژمن ئاماژەیەک نییە بۆ ترس و دڵەڕاوکێی ئێمە، بەو مانایەی دوژمن ئەو هەموو هێزو توانایەی هەیە. بەڵکو لەبەرامبەر ئەو بەهێزیەدا، ئیرادەیەکی پتەو، خۆڕاگریەکی گەورەی نەتەوەیی هەیە، کە سەرەنجام دڵرەقی و بەهێزی دوژمنان، ناتوانن چۆکی پێ دابدەن. بەهێز نیشاندانی دوژمن، لەبەرامبەریدا، وەستانەوەو خۆڕاگری نەتەوەیەکیش هەیە. کەواتە با دوژمنان هەر دڕندەو دڵرەق بن، هەر ناتوانن وابکەن کە کورد نەبین. بەپێچەوانەوە تا دەشمرین هەر کوردبووینەو هەر کوردیش دەبین. بێگومان ئەگەر بەوردی سەرنج لەو شیعرەی مامۆستا برایم ئەحمەد بدەین، ڕەنگە بیرمان بۆ لای ئەوە بچێت، کە گوتارو ناوەڕۆکی ئەو شیعرە، هەڵگری دنیابینیەکی ڕاسیزمانی و دەمارگیری نەتەوەییە. چونکە شاعیر ئەوەندە پابەندبوونی خۆی بە نەتەوەو شانازیکردن بەکوردبوونو پاراستنی ناسنامەی نەتەوەی دەردەبڕێت. ئەو شیعرە یەکێکە لەو دەقانەی کە لەگەڵ خوێنەوەو گوێبیست بوونیدا، مرۆڤ تا ئەندازەیەکی بێ سنوور گرێدەداتەوە بەناسنامەی نەتەوەیی. وێنەو دەربڕینەکانی، دەستەواژە شیعریەکانی، پەیام وناوەڕۆکی شیعرەکە، هەمووی دەلالەتە لە پرسی گەلێکی بێ دەوڵەت، کە ئەویش کوردە. خوێنەر کاتێ ئەو دەقە دەخوێنێتەوە، ناتوانێ شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە نەکات، وێرای هەموو خەوشەکان. ناتوانێ پەیوەست بوونی خۆی بەنەتەوە و نیشتمان پیشان نەدات. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، ناوەڕۆکی ئەو شیعرە بەهیچ شێوەیەک مانای نەتەوەپەرستی و هزری شۆفێنیو ڕەگەزپەرستیانە، لەئاست نەتەوەکانی تردا ناگەیەنێت. چونکە هەر خودی شاعیر لەشیعرەکەیدا، وەلامی ئەو گومانانە دەداتەوە کاتێ دەڵێ:

گەلان هەموو برای منن..

هەر زۆردارانم دوژمنن..

داوای ولاتی کەس ناکەم..

پەنجە بۆ مافی کەس نابەم..

ئەمەش دەلالەتە لەوەی کە شانازیکردن بەنەتەوەو نیشتمان، پەیوەست بوون بەکورد و ناسنامەی کوردایەتی، تەنها لەسۆنگەی داواکردنی مافی نەتەوەیی خۆمانە، نەک چەوسانەوەو ڕەتکردنەوەی نەتەوەکانی تر. وەک ئەوەی دوژمنان بەدرێژایی مێژوو، بەرامبەر بە کورد نواندویەتیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

---------------------------------------------------

**لە نێوان (شاناز و شانازی)دا**



دیار ئەحمەد

کاتێک باس دێتە پێشەوە باس لە گەورە نووسەرێک یان گەورە سیاسییەکی سمبوول بکەین، بێگومان ناکرێت و نابێت مەجلیسی کۆڕو گفتوگۆ سیاسی و ئەدەبیەکانمان بەناوی گەورە سیاسەتمەدارو نووسەرو ڕۆشنبیری کورد مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) دەست پێ نەکات.

پیاوی (سپی) هی ئەوە نییە حیزبێکی خێڵەکی نادیموکراسی بیانەوێت بەو هەموو مێژووە ڕەشەیانەوە، (پەڵەی ڕەشیان) بخەنە سەر پاکی و سپێتی پیاوێک کە جارێکی دیکە لە مێژودا دووبارە نابێتەوە.

دەی با لەو باسە گەڕێین چونکە مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) لەو ئاستەدا نیە حیزبێک بەهەوڵە نەزۆکەکانی کەتووشی گەورەترین شکستخواردن بووە (چ)لە رابردو (چ)لە ئیستاش دا، کە نەسیاسی بوون نەتێ گەشتوون لەمانای دیموکراسی تا تێکەڵ بکرێت.

دەی خۆدیارە (گەورەی و مەقامی) مامۆستا ئیبراهیم لە جیهاندا لەچ ئاستێکی باڵادایە، ئەشێن میللەتەکەمان شانازی بکات

بەو پیاوە مەزنەوە کە گەورە شاعیرو نووسەری گەورەی کورد (پیرە مێرد) لەسەری وەستاوە کە پیرەمێردی شاعیر و خاوەنی ڕۆژنامەی ژیان لە نووسینێکدا ستایشی ئیبراهیم ئەحمەد دەکات و دەڵێت: ژیان چاوەڕێی ئەم کوردییە ڕەوانەیە پیرەمێردیش بەهیوای نەوجەوانانە، کاتیکێش مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خوێندن تەواو دەکات، دیسان پیرەمێرد باسی دەکات و دەڵێت لە خوێندەوارە هەڵبژێردراوەکانمان (ئیبراهیم ئەحمەد) کە کۆلێژی مافی تەواوکردووە هتد، ئەم گەورەییە بەحیزبێکی مێژوو ڕەش بچووک نابێتەوە زۆر دەمێکە خەریکن، بەڵام هەوڵەکانیان هەمیشە وەک خۆیان نەزۆکن.خاتوونێک لە یەککاتدا هەم قەڵەم و هەم فرمێسکی چاوی کوڕو کچی شەهیدەکانمان بێت. ئیدی چۆن جێگەی شانازی نییە؟!!

وەک چۆن برا پێشمەرگەکانمان لە سەنگەری جەنگ بێ ماندوو بوون دەجەنگن بۆ پاراستنی خاک و نیشتمانەکەمان. ئاوەهاش نەوەی شۆڕشگێری گەورەی کورد مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئەمڕۆ بەدەر لە قەڵەمەکەی کە چاوی ناحەزان و هەل پەرستان و گەندەڵکارانی پێ کوێر کردووە، بێ ماندوو بوون ڕۆژانە لەگەڵ ئازارو خەمەکانی ماڵە شەهید و بریندارەکان دا، لەگەڵ فرمێسکی کەسوکاری شەهیدەکان دا، بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان ناوەستێت و نەوەستاوە. خۆ ناکرێت ئەم (شاناز)ە جێگەی شانازی نەبێت.

زۆر توولی نادەمێ گەر هەوڵ هەبێت بۆ بێدەنگ کردنی قەڵەمەکەی ئەوا گومانی تێدانییە هەوڵە بۆ لەگۆڕنانی خەونی کەسووکاری شەهیدەکان و هەژاران و قاعیدە و جەماوەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەشێت ئەوەش بزانن و گومانیشی تێدا نیە لە هەوڵێکی شکستخواردو زیاتر هیچی دیکە نییە. چونکە ئەو شانازییانەی (شاناز) تۆماری دەکات، هەمان خەونی کادیرێک یان لایەنگرێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کە ببێتە (شاناز)و شانازی بۆ چەپکە گوڵەکەی خوێندنگاکەی (مام)، بۆ ڕێبازە هەمیشەییەکەی (مام)، تۆمار بکات و بیخاتە سەر خەرمانە بەخوێن ئاو دراوەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین پریس - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریویری ٢٠١٦

-----------------------------------------------------

## لە یادی شانزەساڵەی ماڵئاوایی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دا
## ئەو ئاوازەی بەئاواتەوە بوویت تەواوی کەی!



مستەفا ساڵح کەریم

بەدەگمەن کەسانی وا هەڵدەکەون کە لەچەندین بواردا بەهرەدار بن و ناووناوبانگیان سنوور ببەزێنێ، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یەکێک بوو لەو کەسایەتیە دانسخانەی کە لەچەندین بواردا بەپێشڕەوو پێشەوا ناسرا بوو، چیرۆکنووسێکی داهێنەرو ڕۆمانووسێکی بەسەلیقە بوو، ڕۆمانی (ژانی گەل)ی کە کرا بەفلیم لەسینەمای کوردیدا جێی دیاری هەیە، کورتە چیرۆکەکانی لەبواری هونەری چیرۆکنووسیدا ڕێچکەشکێن بوون، جگەلەوەی قوتابخانەیەکیش بوون بۆ ئەو نووسەرانەی کەوتنە ژێر کاریگەریی چیرۆکەکانی مامۆستا ئیبراهیمەوەو خۆیان بەخوێندکاری خوێندنگەکەی ئەو دەزانی، هەروەها شاعیر و پەخشان نووسێکی بەتوانا بوو، تا ئێستاش و بۆ دوارۆژیش شیعرە شۆڕشگێڕەکانی هەردەم بەزیندوویی لە کوردستانا دەمێننەوە، ئەمە جگەلە شیعرە ڕۆمانسیەکانی کە بوون بەسروود و بەگۆرانی و جەماوەر بەگوێ لێ بوونیان هەمیشە شادمان ئەبێ.

* ئەمانەی باسم کردن ئاماژەیەک بوون بە لایەنە ئەدەبیە بەپێزەکەی، لەبواری ڕۆژنامەنووسیشدا بەحەقیقەت پێشەوا بوو، لەڕیزی پێشەوەی ئاڵا هەڵگرانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیا بوو، ئەو بوو کە لەگەڵ زانای ئایینی و ڕوناکبیری سەردەم مامۆستا سەجادیدا بەردی بناغەی یەکەمین گۆڤاری ئەدەبییان بەزمانی کوردیی دانا، گۆڤاری «گەلاوێژ» کە وەک جگەرگۆشەیەکی نازداری مامۆستا ئیبراهیم بوو ماوەی دە ساڵ ئاڵاکەی لەکوردستان و لەعیراقا بەبڵندی دەشەکایەوە، وتار، مێژوو، ئابوری، تەندروستی پەند، قسەی خۆش،چیرۆکی کوردی، چیرۆکی بیانیی، شیعر، هەمەجۆر بابەت لەدوو توێی ئەو گۆڤارە سەنگینەدا دەخوێنرایەوە، گەلاوێژ ئەستێرەیەک بوو تا ئەو ڕۆژەی کەوتە بەر چەپۆکی حوکمی عورفیەوە لەئاسمانی کوردستانا دەدرەوشایەوە، ئەمەندە جێی شادمانی شاعیران و ڕوناکبیران بوو کە داخرا «پیرەمێرد» چەندین شیوەنی بۆ کرد لەوانە ئەم شیعرەی وەک نموونە دەهێنمەوە:

داد لەدەستی جەورت، هەی چەرخی سەرچەوت
وا گەلاوێژ کەوت، گەلاوێژ بۆچ کەوت؟
ئاسۆی ئەدەبی کوردیی پڕ تەمە
سفێدەی بەیان شینە ماتەمە
(ژین) بۆ (گەلاوێژ) بوو بە پەرژین
ئێستا لەدوای ئەو بێزارە لەژین

ئەمجا دێتە سەر مامۆستا ئیبراهیمی خاوەنی گەلاوێژ کەبەحوکمی عورفی دوو ساڵ زیندانیی کرابوو، پیرەمێرد لەو بارودۆخە ناهەموارەدا، لەژێر هەڕەشەی ئەو ئیرهابە ڕەشەدا سڵ ناکاتەوەو بوێرانە ئەڵێ:

(ئیبراهیم) لەناو «نارا» سووتاوە
(سەجادەی) تەقوا بێ ڕایەڵ ماوە
هیوامان وایە کە چەرخ وەرگەڕێ
سەجادەم بەسەر شەتدا بگەڕێ
پیاوێکمان ئەمرێ تەعزێی بۆ دەگرین
بۆچ بۆ (گەلاوێژ) نەگرین تا ئەمرین

* لەدوای شۆڕشی چواردەی تەممووزیش سەرەڕای ئیشوکاری سیاسی و پەیوەندیی ڕۆژانەی بەکاربەدەستانی ئەو ڕۆژگارەوەو ڕێبەرایەتی کردنی حزبێکی سیاسیی گرنگ وەک سکرتێرێکی لێهاتوو، ئەڵێم سەرەڕای ئەوانەش لەبەرئەوەی عەشقێکی زۆری بۆ ڕۆژنامەنووسی هەبوو بووە یەکەم سەرنووسەری یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی سیاسیی کەبەزمانی عەرەبی لەشاری بەغدا دەردەچوو، ئەو پەرۆشیەی ئەوو هەڤاڵانی بوو کە ڕۆژنامەی «خەبات» بوو بە سەکۆیەک بۆ هەموو ئازادیخوازانی عیراق و بەرگریکارێکی پۆڵایین لەمافە ڕەواکانی گەلی کورد.

* لەبیرمان نەچێ، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی مافناس ساڵۆنەکانی دادگاکانی کوردستان شایەتی ئەوە ئەدەن کەئەم کەسایەتیە مەزنە چ پارێزەرێک بوو، تەنانەت لەهەندێ داوادا کەئەو مورافەعەی تێدا بکردایە لاوان هەوڵیان ئەدا بچنە هۆڵەکانەوەو گوێی لێ بگرن، هەر ئەویش بوو ژیانی خۆی خستە مەترسیەوە لەئەنجامی بەرگری کردنی لە جوتیاران و زەحمەتکێشانی ڕەنج خوراو، سەرەڕای ئەوەی تووشی ڕاونان و گرتن و دوورخستەوە بوو لەلایەن دەسەڵاتەوە، خەریک بوو ژیانیشی لەدەست بدات کاتێ لەلایەن ناحەزانییەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللە.

ئەمانەی باسم کردن گشتیان بەهرەی هەڵبژاردەن، ئەدەب، ڕۆژنامەوانیی، یاساناسیی، بەڵام سیفەتی سەرەکی کە ئەم پیاوەی پێ ناسرا بوو بواری سیاسەت بوو کە پێویستە هەروا بەڕاگوزاریی بەسەرمانا تێنەپەڕێ.

* مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەهەرەتی لاویدا وەک کوردپەروەرێک بەشداریی ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ی کرد. لێرەوە ڕێبازی سیاسیی ئەم پیاوە دەستی پێ کردو حەفتا ساڵی تەواوی خایاند، لەناوەڕاستی چلەکانا سکرتێری لقی (ژ.ک)ی کوردستانی باشوور بوو، پاشان کە چوە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، وەک سەرکردەیەکی سیاسیی لێهاتوو سەرپەرشتی حزبەکەی کرد چ وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی و چ وەک سکرتێری حزب.

* لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٨ کەوتە بەر شاڵاوی ئیرهابی حوکمی عورفی و بۆ چەند ساڵێک لەبەندیخانەی ئەبوغریب زیندانی کرا. پیاوێکی ئازاو بوێر بوو، نەزیندانیی کردن و نەفشاری سیاسی و تەنانەت هەوڵدان بۆ کوشتنیشی کاری نەکردە سەر ئەو ڕێبازەی گرتبویە بەر.

* لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووز ڕۆڵێکی دیاری بینی لەچەسپاندنی مافی کوردا، سەروتارەکانی لەڕۆژنامەی (خەبات) دا بەڵگەی زیندووی ئەو هەڵوێستانەی مامۆستان، تا لەئەنجاما لەسەر ئەو نوسینانە درایە دادگا، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لەپارێزەرە دیموکراسیخوازەکان خوازیاری ئەوە بوون کەلەدادگا بەرگری لێ بکەن، بەڵام ئەو خۆی وەک پارێزەرێکی سەرکەوتوو ئەرکی بەرگری کردنی نەخستە سەر کەس.

* دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ سەرکردەیەکی ئازای دڵسۆز بوو بۆ بیروباوەڕەکەی، وەک هەر پێشمەرگەیەکی شۆڕش ئەرکی خۆی بەجێ دەهێنا. بەم شێوەیە ژیانی مامۆستا ئیبراهیم زنجیرەیەکی نەپساو بوو لەخەباتی نهێنی و ئاشکرا، لەشارو لەشاخ، لەبەندیخانەو لەئەشکەوتەکان. هەرگیز نابێ ڕۆڵی هاوسەرەکەی و شەریکی ژیانی و هاوڕێی سەفەرە سەختەکەی خاتوو گەلاوێژی نووسەرو تەوازوعکارو خەمخۆری گەلمان لەبیر بچێ کەلەهەموو ناخۆشیەکانی ژیانی مامۆستادا بەشدار بوو، لەئاوارەیی، لەشاخ، لەژیانی خۆشاردنەوە، لەهەندەران و غەریبایەتی.

* دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەریتانیای هەڵبژارد کە وەک پەنابەرێکی سیاسی ژیانی تێدا بباتە سەر، لەوێش کۆڵی نەدا، بەشداریی هەموو خۆپیشاندانێک و ڕێپێوانێک و کۆنفرانس و کۆنگرەیەک دەبوو، کەلەپێناو مەلەسەی ڕەوای گەلەکەیدا بەئەنجام دەگەیەنرا.

* مێژوونووسانی عیراق و باسکارە ئەکادیمیەکان باش ئەوە ئەزانن کەمامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پێشڕەوی ئەو کەسانە بوو

کەبەردی بناغەیان بۆ برایەتی کوردو عەرەب دانا، کتێبە بەناوبانگەکەی (عەرەب وکورد) کە تا ئێستا چەندین جار چاپ کراوەتەوە، باشترین شایەتە بۆ هەوڵدانی دڵسۆزانەی مامۆستا لەپێناو چەسپاندنی برایەتیەکی چونیەکی و هاوبەش لەنیشتماناو شەریک لەخێرو شەڕی وڵاتا، برایەتێکی ئەوتۆ هیچ لایەنێک خۆی بەبرا گەورە دانەنێ.

* مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەک سیاسەتمەدارێکی مەزن پەیوەندی سیاسی و دۆستانەی لەگەڵ چەندین کەسایەتی ناوداری عیراقیدا هەبوو، لەسەردەمی یەکخستنی هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆندا بۆ ڕوخانی ڕژێمی سەددام، مامۆستا ئیبراهیم لەنزیکەوە هاوخەباتیان بوو، جێی متمانەو ڕێزی تایبەتیان بوو.

* بەو تەمەنەشەوە بەماندووبوون و هەندێ جاریش بەنەخۆشی ڕێگای دووری دەبڕیو دەچوە برۆکسل بۆ بەشداری کردنی لەکۆنگرەی نەتەوەیی کوردا، زۆریش بەختیار بوو کە بەدیداری تێکۆشەرانی کوردستانی باکوور شاد دەبوو.

* تائێستاش پەیامە بەنرخەکەی جێی مێژوویی خۆی هەیە کەلەکاتی وتووێژی سەرکردایەتی سیاسی کوردا لەگەڵ ڕژێمی عیراق ساڵی ١٩٩١ بەرەو ڕووی بەرەی کوردستانی کردەوە کەتێیدا پێداگری لەوە کردبوو، دەبێ سووربین لەسەر داخوازیە سەرەکیەکانمان و بەقسەی پف هەڵدراوی ڕژێم باوەڕ نەکەین.

* ڕۆژی هەشتی نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ لەلەندەن چرای ژینی ئەم تێکۆشەرە شۆڕشگێڕە مەزنە کوژایەوە، خەم و ماتەمینی سەراپای کوردستانی گرتەوە، لەهەمان کاتدا چەندین سەرکردەی دیار لەدنیای عەرەب و جیهانی دەرەوەش لەعیراق و لەکوردستان بەخەم وپەژارەوە بەنامەو بەبروسکە ماڵئاواییان لەم کەسایەتیە هەڵکەوتوەی کورد کرد.

ئێمەی گەلی کوردیش بەکۆچی دوایی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سەرکردەیەک و پێشەوایەکمان لەکیس چوو، کەهەموو کاتێک پێویستمان بەعەقلی وردو بەبیرو هۆشیاری و دووربینی ئەو بوو، بەڵێ: کۆچی دوایی ئەو خۆشەویستەی گەلی کورد ئاوازێکی خەمگینی سەمفۆنیای سەربەخۆیی کورد بوو، کەلەژیانیا بەدڵ وبەگیان بۆی تێکۆشاو بەڵام ئاوازەکە هێشتا تەواو نەبوە کەئەو ماڵئاوایی لێ کردین.

هەزار سڵاو لەیادت ئەی پیاوە بەوەفاکەی کورد.
هەر نەمر بێ ناوونیشانت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٧

### مامۆستا برایم ئەحمەد، لە باسی پەیوەندیی ژێکاف بە (هیوا)و بیرەوەرییەکانی لەگەڵ مامۆستا رەفیق حیلمی دا



گۆران حکیم

مامۆستا برایم ئەحمەد، ئەم بیرەوەرییانەی خۆی لەو سیمینارەدا پێشکەشکرد، کە رۆژی ٣١ - ٨ - ١٩٩٧ لە لەندەن لە هۆڵی کوردستاندا، بەسترا. سیمینارەکە لە چالاکییەکانی ساڵی ١٩٩٦ - ١٩٩٧ی مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد بوو. لەو سیمینارەدا جگە لە مامۆستا برایم (مامۆستا هاوار)و (د. فەرەیدون رەفیق حیلمی)ش وتار یان بیرەوەریی خۆیان پێشکەشکرد.

لاوەکانی خۆشەویستی قەومی کورد راپەڕن
کاتی تێکۆشانو هەوڵە، با ئەمیش تێپەڕ نەبێ
داری ناکۆکی لەبندا، هەڵکەنن تۆڕی بدەن
ئێوە ئاوی ئەو درەختانە بدەن بێبەر نەبێ
چۆن ئەپارێزرێ لە تیری دوژمنا، خوێنی کورد
تا لە دەوری نیشتیمانا، سنگی تۆ سەنگەر نەبێ

رەفیق حیلمی

برایانی بەڕێز: ئەو شتانەی من ئەمەوێت سەبارەت بە خوالێخۆشبوو مامۆستا رەفیق حیلمی بیگێڕمەوە، زۆربەی بیرەوەریی

خۆمە دەربارەی ناسیاویم لەگەڵ مامۆستا دا- مامۆستا رەفیق حیلمی، لە مەکتەب لە ساڵی یەکەمی ناوەندیما، مامۆستای ئێمە بوو، وانەی (ریازیاتو حیسابو هەندەسە)ی پێئەوتین. مامۆستایەک بوو، جیاواز لە زەبتو رەبتا. ئەیویست پۆلەکە رێکوپێک بێتو تەلەبەکانی جوڵانەوەی جوانیان هەبێت. من بۆ بەدبەختی، کورێکی بزێو بووم. ساڵی یەکەمی ناوەندیی من بوو، تەلەبە لە پۆلدا، بەپێی ئەلفو بێی ناوەکانیان دەبوو دابنرێن. ناوەکەی منیش (ابراهیم احمد)، بۆیە ئەبوو لەسەر کورسیی یەکەمی پۆل دابنیشم. ئەمە بۆ من ناخۆشییەک بوو، چونکە نەمئەتوانی بێدەنگو بێ جووڵە بمو هەر تەماشای مامۆستا بکەم. من چاوم ئەگێرا بەملاوئەولا. ئەمەش شتێک بوو مامۆستا قبووڵی نەئەکرد. لێم تووڕە ئەبوو، جاری وا هەبوو زللەی لێئەدامو هەندێجاریش دەریئەکردمە دەرەوە. بەڵام لەدواییدا، وازیهێنا لە زللەو هەر ئەیگووت بلە وا مەکەو بلە چاک دابنیشەوبلە مەجوڵێو پاشانیش ئەیکردمە دەرەوە.

رۆژێکیان کە دەریکردمە دەرەوە، لەبەرامبەر قوتابخانەکەمان مزگەوتێ هەبوو. مەکتەبەکەمان ئەو بینایە بوو کە پێیان ئەوت (ئۆفیس/مەکتەبی سیاسی ئینگلیز) ماوەیەک حکومەتی شێخ مەحمودی تیابوو، پاشان مەکتەبی (فەیسەڵییە)یان پێئەگووت. بەرامبەرەکەی مزگەوتێکی لێبوو، دیواری نەبوو. لەپاڵ مزگەوتەکە کابرایەکی لێبوو رەسمگر بوو، ناوی نوری بوو، رەسمی شەمسیی ئەگرت، سەتڵێکی دانابوو، پەردەیەکی رەشی ئەیایە سەرێو رەسمی ئەگرت، منیش گووتم کاک نوری وەرە لەگەڵم، ئیشمان هەیەو مامۆستا ئەیەوێت رەسم بگرین. سەتڵەکەم بۆ هەڵگرتو پێشیکەوتمو لە دەرگامان دا، بێگومان مامۆستا خۆی دەرگا ئەکاتەوە. تەلەبەکان ئەمەیان دی، هەموو دەستیانکرد بە پێکەنین. مامۆستا گووتی: بلە سەگ ئەمە چییە؟ گووتم: وەڵڵاهی مامۆستا گیان ئەم پیاوەم هێناوە رەسمێکم بگرێو ئیتر شەرت بێ بەشێوەی ئەو رەسمە دائەنیشمو نەجوڵێمەوە. تەماشای کردم، سەری باداو برە پارەیەکی خستە دەستی کابراو گووتی: تۆ برۆ رەسممان ناوێت. بلە وەرە تۆش دانیشە لەجێی خۆت. دوو رۆژی پێنەچوو (ئەحەی میرزا) هەبوو زۆر رەفیقم بوو، لەگەڵ رەشۆڵ هاتن پێیانگووتم کە مامۆستا رەفیق حیلمی ئەیەوێت لە ماڵی خۆیان دەعوەتمان بکات. ماڵەکەیان لە کن ماڵی عیزەت بەگەوە بوو، لەسەر ئەو رێگەیەی کە ئەرۆی بۆ سەر (گۆل). ئێمە هەرسێکمان دەعوەت کرابووین، نانێکی خۆش، دانیشتنێکی زۆر خۆشترو رەشۆڵیش هەندێ گۆرانیی بۆ گووتین. هەندێ گۆرانیی وا کە بە خەیاڵی رەشۆڵیش نەئەهاتەوە. لەو رۆژەوە مامۆستا رەفیق حیلمی رای خۆی بەرامبەر بە من گۆڕا. یەکەم شت ئەوەبوو جێگەکەمی گۆڕیو چوومە پشتەوە دانیشتم. منیش رەئیم بەرامبەر بە مامۆستا بەتەواوی گۆڕا.ئیتر بووین بەو مامۆستایەی کە دەعوەتی بۆ کردمو منیش بەو تەلەبە باشەی کە ئەو ئەیەوێت. ساڵ تێپەڕی، مامۆستا رەفیق حیلمی، نازانم لەبەرچی گوازرایەوە بۆ هەولێر. کە چووە هەولێر، ئەوەندەی پێنەچوو لەوێوە، نامە نووسینو کارتو رەسم ناردن لە قوتابیانی هەولێرەوە بۆ سلێمانی دەستیپێکرد.یەکێک لەوانەی کە زۆرترین کاغەزو رەسمی بۆ ئەهات، من بووم. یەعنی ئەو هەولێرەی، ئێمە لەو وەختەدا وامانئەزانی کوردایەتی تێدا کزە، کوردایەتییەکیان ئەنواند کە ئێمەیان بۆ ڕیابوو. یەکێک لەو رەسمانەی بۆیان ناردبووم. رەسمێکە تیایا دوو گەنجی گورد دەمانچەیان بەدەستەوەیە. ئەم رەسمەم دا بە ژنێکی ئەمریکی تا بڵاوی بکاتەوە، ژنێکی ئەمریکی کە ئەیەوێت کتێب لەسەر تاریخی کورد

بڵاو بکاتەوە.ئەوم ڕەسمەم دایێ، تائێستا بیست جار زیاتر یان فاکسی بۆ ناردووم، پرسیاری ناوی ئەو دوو کەسەی ناو ڕەسمەکەم لێئەکات بە کورتی دەرکەوت کە مامۆستا ڕەفیق حیلمی، چوونەکەی خۆی بەکارهێناوە بۆ ژیاندنەوەو پتەوکردنی بیری کوردایەتی لەناو قوتابیانی هەولێرا. ئەوە بەلای منەوە ڕێئەدا بڵێم ڕەنگە ئەو کەسانە ڕاستبکەن کە ئەڵێن حیزبی هیوا، کە سەرەتاکەی بەناوی کۆمەڵەی (دارکەر) بوو، لە هەولێرەوە دەستیپێکردووەو ئەگەر لە سلێمانییەوە دەستی پێبکردایە، مامۆستا ڕەفیق حیلمی نەئەکرا بەسەرۆک. بەڵام نیشتیمانپەروەریی مامۆستا ڕەفیق حیلمی، لە هەولێرا زیاتر دەرکەوتووەو ئاشکراو دیار بووە، لەبەرئەوە، ئەوەی هەر لە سەرەتاوە بە سەرۆکی حیزب دانراوە، شتێکە هۆیەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییانەی مامۆستا دروستیکردوونو ئەو کوردایەتییەی کە ئەو بڵاویکردۆتەوە.بەتایبەتی لەناو قوتابیانو ڕۆشنبیرانی شارەکەدا.

لەو ماوەیەدا، پەیوەندیی من لەگەڵ مامۆستا لەوە زیاتر نەبوو. لەپاشاندا ئێمە کە لە بەغدا خەریکی کۆمەڵی لاوان بووین. کۆمەڵی لاوان، وەکو میراتێک لە (مستەفا صائیبو عەبدولواحید نوریو کەریمی زانستی) یەوە بۆ ئێمە مابۆوە. ئەم کەسانە ئەم ئیشەیان لە پێش ئێمە، لەسەرەتاوە بەڕێوەبردووە.ئێمە خەریکی ئەو کارانە بووین، کوردایەتییەکی سنووردار، هەر ئەوەندەی کە کوردینو ئەبێ یەکبگرین. هەموو ئیشەکەمان ئەوەبوو ساڵی جارێ کتێبێ، نامیلکەیێ بڵاو بکەینەوەو بۆ (دیاری لاوانو یادگاری لاوان) ڕەسم ئەگیرا. ژمارەمان لە دەوروبەری چل کەسێ بوو. هەر ئەوەندە بووین. شتێ پارەمان کۆئەکردەوە. مانگی دینارێ یا دوو دینارمان ئەدا بەو کەسانەی کە موحتاج و نەبوو بوون. لەو کاتەیا، هیچ پەیوەندییەکمان نەبوو بە کارو چالاکییەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمییەوە. لاموایە لەو ساڵانەشدا (١٩٣١ - ١٩٣٢ -١٩٣٣) کاری کوردایەتی زۆر بە کەمی ئەکرا، چالاکیی دەگمەن بوو. شۆڕشێ کرا لە بارزانا، ئەویش زیاتر شۆڕشێکی عەشایری بوو. چونکە حکومەتی ئینگلیز یارمەتیی حکومەتی عیراقی ئەدا، کە ئەو عەشیرەتە کوردانەی تائێستا ئازاد بوونو خۆیان ئیدارەی خۆیان ئەکرد، بخرێنە ژێر ڕکێفی حکومەتەوە، ئەو شۆڕشەی بارزان، شۆڕشی (١٩٣٢ - ١٩٣٣) لەگەڵ ئەوەشا باسی کوردی هێنابووە پێشەوە، ئەگینا شتێکی تر لەناوانا نەبوو.

لەپێش ئەوەی حقوق تەواو بکەم، شتێکم بڵاو کردبۆوە، بۆئەوەی خەڵک زیاتر لەوەی هەیە سەبارەت بە کورد بزانن ئەویش نامیلکەیەک بوو بەناوی (الاکرادو العرب) بۆ ئەوە حکومەت خۆی کردی بە هەرایەکی گەورە، دایانم بە دادگای عورفی، کێشمەکێشی زۆریان بۆ دروستکردم. دوای ئەوە کە لە ١٩٣٧ حقوقم تەواوکرد، هاتم بۆ سلێمانی تا لەوێ پارێزەری بکەم.ئەوەی لەو کاتانەدا لە سلێمانی خەریکی چالاکیی کوردایەتی بوو، شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بوو. ئەو ڕۆشنبیرانو تەلەبەو سەرۆک عەشیرەتەکانی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە، ئەو چالاکییانەی ئەکرد. من هیچ پەیوەندییەکم نەبوو بەو کارانەوە، چونکە ئەو کتێبە وای لێکردبووم، کە لەلای کوردەکانا بەزۆری وەکو شیوعی دەناسرامو لەلای شیوعییەکانیشا وەکو قەومی تەماشا ئەکرامو لەلای عەرەبە قەومییەکانیشا وەکو دوژمنی (قەومیەی عەرەبیو وەحدەتی عیراق) ئەناسرام،

ئیتر شتێکی زۆر سەیری بۆ دروستکردبووم. بۆیە شێخ لەتیفو دەوروبەری پەیوەندییان بەمنەوە نەکردبوو، لەبەرئەوە ئاگام لە چالاکیو کارەکانیان نەبوو، بەڵام هەموو ئاواتی من لەپاش تەواوکردنی حقوق، ئەوەبوو، نەک وەکو ئەوانیتر ببمە فەرمانبەری حکومەت، من بۆیە چووبووم بۆ حقوق بۆئەوەی ببمە رۆژنامەنووس. رۆژنامەنووسی لەلای من یەکێک بوو لەو ئیشانەی کە ئەمویست بیکەمو سەریخەم. هەمیشە بانگیان ئەکردمو داوایان لێئەکردم ببمە فەرمانبەر، بەڕێوەبەری ناحیە، حاکمو دادوەر و... چی..چی، بەڵام من هەر لەسەر ویستی خۆم بووم.کە داوای دەرکردنی گۆڤار (موجەلە) بوو. لە ١٩٣٩ بەهۆی برادەرێکەوە، کە بەڕێوەبەری تحریری سلێمانی، ناوی (محمد باشقە) بوو، راستو رەوان لە بەڕێوەبەری (مدیری دعایەو نشر) ئیجازەیان وەرگرت. من لەو رۆژەوە ویستم لە سلێمانی گۆڤار دەربکەم. لە پاشانا شەڕ دەستییپێکرد، ئێمە وەکو دەرچووی حقوق بانگ کراین بۆ (کلیە الحربیە) تا ببین بە ئەفسەری یەدەک (ضابط احتیاط) چووین بۆ بەغدا، لەوێ محمد باشقە خەبەری دامێو گووتی: ئەگەر شەش مانگ تێپەڕێ بەسەرو هیچ ژمارەیەکت دەرنەکردبێ، ئیجازەکەت ئەفەوتێ. بۆیە لە (کلیە الحربیە) بووم کە دەستمانکرد بە کاری دەرکردنی یەکەم ژمارەی (گەلاوێژ).

گەلاوێژ: دەنگدانەوەیەکی زۆر سەیری دایەوە، زیاتر چونکە بارودۆخەکە لەباربوو.لەبەرئەوە هەروەکو رۆشنبیرێکیش کە نایەوێت ببێ بە فەرمانبەر، لەلای حکومەت حیسابێکی ترم بۆ ئەکرا، تەماشام کرد، لەلای رووناکبیرانی کوردیش، کە ئەیانبینی ئەوە گۆڤارێکی کوردییەو دەرئەکرێ، بەجۆرێک رێزگرتنیان لە من زیاتر بوو، کە من شیاوی نەبووم. لەو وەختەدا، رۆژێک برادەرێکم هەبوو، لە تەمەنا لە من گەورەتر بوو، ناوی (رەشید عارف) بوو، بانگی کردمو گووتی: لە ماڵی ئێمە میوانداریی ئەکەم بۆ ئەمین رەواندوزیو برادەرانی ترم، تۆیش وەرە بۆ ئەوێ،. منیش چووم بۆ میوانداریییەکە، تەماشام کرد، دانیشتووەکان بە جۆرێکن واتا تەمەنیان جیاواز بوو. لەدواییا دەرکەوت ئەمە یەک دوو کەسی تازەیان هێناوە، کە ببن بە ئەندام لە حیزبی هیوا، لەوەوپێشیش بیستبووم کە حیزبێک دروستبووە بەناوی حیزبی(هیوا) وە. منیش زانیارییەکی ئەوتۆم تا ئەو دانیشتنە، دەربارەی ئەو حیزبە نەبوو. منیان بردە ژوورەوە، لاموایە وەکو بیرم بێ یەکێک لەو کەسانەی سوێندیان ئەدا (عبدالله سامی) بوو، برای (فەخری سامی). ئەمین رەواندزی، گووتی: بلە ئەبێ تۆش ببی بە ئەندام گووتم: وەڵڵاهی من هێشتا لە هیچ حیزبێکا نیم. ئەوە یەکەمین جار بوو کە لە کوردستاندا، شتێ بەناوی حیزبەوە دروستبێت. ئەوانی پێشووتر، یا (جەمعیەت) یا (کۆمەڵە) یان پێئەگووت. واتە یەکەمین جار رێکخراوێکی سیاسی بەناوی حیزبەوە (هیوا) بووە. گووتم: با بزانین. گووتی: باشە تۆیش دابنیشە بزانە چۆنە. گووتم: پرۆگرامەکەتانم بدەنێ، نووسراوەکانتانم بدەنێ. گووتیان: وەڵڵا نیمانە. بۆ سوێندخواردن، قورئانێک، وێنەیەکی مامۆستا رەفیق حیلمیو دەمانچەیەک دانرابوون. ئەبوو سوێند بەو سێیانە بخورێتو بگوترێت کە سوێند ئەخۆم کە خیانەت لە کورد ناکەم! من ئەمەم بینی، ئیتر دوایی ئەوە گۆڕا یاخود نەخێر، من ئەمە نازانم. بۆیە پێمگووتن ئەگەر پرۆگرام نەبێو ئەم شێوە قەسەمو سوێندخواردنەش هەبێت، من ئەمە ناکەم. ئەمین رەواندزی گووتی: باشە تۆ وەرە با لیژنەیەک دروستبکەین لەوانەی کە هەن. تا پێکەوە پرۆگرامی دائەنێن. گووتم: بەخوا من سوێندەکەشم بەدڵ نییە. گووتی: بۆ؟ گووتم: من سوێند بە دەمانچە

ناخۆمو خیانەت نەکردن لە میللەت، خەڵک نابێ سوێندی بۆ بخوات.هەموو کوردێک، ئەندامو نائەندام ئەبێ خیانەت لە میللەت نەکات، ئەوەی مرۆڤ ئەبێ سوێندی بۆ بخوات، ئەوەیە کە بڵێت، بەسەرو ماڵو ژیانمو هەموو شتێکمەوە ئامادەم خزمەتی میللەتەکەم بکەمو لەهەموویان واز ئەهێنم، تەنیا لە میللەتەکەمو هەقی میللەتەکەم نەبێت. هەندێ لەم قسانەم کرد، کە تا ئەو وەختە لەو کتێبو گۆڤارانەوە فێریان بووبووم. قسەکانم هەندێ سەیر بوو بەلایانەوە. گووتیان: باشە بابە،ئەگەر نابێ کەیفی خۆتە، ماوەیەک وا مایەوە، هەندێجار مامۆستا رەفیق حیلمی-م ئەدی، ئەو وەختانەی ئەمدی زۆر رێزم لێئەگرت، حورمەتم بۆی هەبوو، برایەتیمان باشبوو، بەڵام ئەو وەکو مامۆستاو من وەکو قوتابیی جاران. کاتێ هەرای (رەشید عالی گەیلانی) لە ١٩٤٠ دا قەوما، حکومەت داوای ئیحتیاتی کردەوە. منیش یەکێک بووم لەو ئەفسەرە بانگکراوانە. پەیوەندییەکی زۆرم هەبوو لەگەڵ هەموو ئەو ئەفسەرانەی کە ئەندام بوون لە گۆڤاری گەلاوێژدا، هەروەها ئەندامبوون لە حیزبی (هیوا) دا. چوومە لای یەکێکیان، چوومە لای ئەمین رەواندزی، ئەو لەوێ لە کەرکوک نەبوو. عارفە سوورم دی، عارف سەعید(مدیر انضباط عسکری) ی بوو لە کەرکوک. پیاوێکی باشو کوردێکی باش بوو، هەموو ئیشەکان لەدەستی ئەو بوو. چوومە لای، قسەم لەگەڵا کردو گووتم: من بانگکراوم بۆ ئیحتیات، من نامەوێت بچم بۆ عەرەب خۆم بە کوشتبدەم، ئەو شەڕە لەناو خۆیانە. گووتی: لەگەڵتم، بەڵام باشە چی ئەکەیت؟ گووتم: خۆم ئەشارمەوە تا هەراکە نامێنێو شتێ بە شتێ ئەکەم. گووتی: وا مەکە. گووتم: ئەی چی بکەم؟ گووتی: من لای خۆم تەعینت ئەکەمو ئەتکەم بە جێگری فەرماندەی پۆلیسی سوپا لە کەرکوک (معاونی ئامیر ئینزباتی کەرکوک) لەوێ مامەوە، بێگومان جێی دانیشتنو ماندوو دەرکردنی ئەفسەرێکانیانە (نادی عەسکەری) بوو. رۆژێکیان لەگەڵ دوکتۆر عەبدولڕەحمان، کەئەویش کرابوو بە ئەفسەری یەدەک لە خەستەخانەی عەسکەریی کەرکوک، پێکەوە چووین بۆ یانەکە. ئێمە هەردووکمان کەم کەم ئەچووین بۆ یانەی عەسکەری، زیاتر نادی (ئەهلی) یمان پێخۆشبوو.

لە یانەی عەسکەری، ئەفسەرە کوردەکان، لەناو باخچەی یانە(نادی) یەکە بە جیا لەلایەکەوە دانیشتبوون. قسەیان ئەکردو منو ئەورەحمانیش لەناویانا وەکو دۆستو برا دانیشتبووین. ئەوەندەی پێنەچوو مامۆستا رەفیق حیلمی دەرکەوت، کە هاتە بەردەرگای ئەو خانەیەی ئێمە تیایا دانیشتبووین، هەرچی زابتە کوردەکان هەیە راستبوونەوە، منو ئەورەحمانیش ئەمانزانی، بۆ رێزلێنان هەر ئەبوو راستبینەوە، بەڵام راستبوونەوەکەی ئەوان جیاواز بوو، لەگەڵ راستبوونەوە دەستیان بەرز کردەوەو هەموو پێکەوە گووتیان: (هەر بژی سەرۆکی باڵا) و مامۆستا رەفیق حیلمی دائەنیشت، کەس دانەنیشتەوە. ئەمە لەلای من دیاردەیەکی سەیر بوو. چونکە ئەو کەسانەی ناحەزی مامۆستا رەفیق حیلمی بوون، پێیان ئەگووت سەر بە ئینگیزە، ئەوەندە گووتبوویان من خۆم هەندێجار ئەهاتە خەیاڵم، کە بشێ ئەو قسەیە وابێت؟ بەڵام من هەندێ بە ویژدان بووم. ئەمگووت لە ٩٩%ی رووناکبیرانی کورد، کە ئەو وەختە پێیان ئەگووتن منەوەر، پێیان وابوو کە کورد هیچی پێناکرێت بەبێ یارمەتیی ئینگلیز. واتە لەو بڕوایەدا بوون کە ئەگەر ئینگلیز شتێک بۆ کورد نەکات، هیچ لایەکی تر ناتوانێت هیچمان بۆ بکات. بێگومان من کە ئەمەم لە ئەفسەرەکانو لە مامۆستا رەفیق حیلمی دی، شتەکە ئاسایی نەبوو.

کات، کاتی(حەرەکەتی رەشید عالی) بوو، کە بزووتنەوەیەکی (قەومی) بوو، گوایە دەستی ئەڵمانیای تێدا بووەو ئەو سەلامکردنە کە بۆ مامۆستا کرا، سەلامێکی نازییانە بوو، گەیشتبووە ئەوەی لە یانەی عەسکەریا، کە (قائیدی فرقە)و چی چیو بەشێکی زۆری لەشکری عیراق لە کەرکوکا کۆبووبووەوە.لەبەرچاوی هەمووانا ئەو کارە بۆ مامۆستا رەفیق حیلمی بکەن. دیارە ئەم رێڕەوە هەر ئەوە نییە کە ئێمە لێی تێگەیشتووین. مامۆستا رەفیق حیلمیش یەکێک بوو لەوانەی باوەڕیان هەبوو کە ئینگلیز شتێ بۆ کورد ئەکاتو دیارە بۆی دەرکەوتووە کە ئینگلیز شتێ ناکات بۆ کورد، لەبەرئەوە با جارێ رابووەستین بزانین چی ئەبێت.

من لەو رۆژەوە بیرم لەبەرانبەر ئینگلیزچییەتی حیزبی هیوا گۆڕا. بەڵام لە شتێ زۆر سەرم سووڕ ئەمێنێت، نە ئەفسەرەکانو نە مامۆستا رەفیق حیلمی، بیریان لەوە نەکردەوە هەرای رەشید عالی بەکاربهێنن، بەتایبەتی دوای گرتنی شێخ مەحمودو هاتنەوەی بۆ سلێمانیش، هیچ شتێکیان نەکرد، کە بەڕاستی هەلێک بوو کە حیزبی هیوا بتوانێت دەورێکی جیاواز ببینێت بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، هیوا خۆی پارتێکی نیشتیمانپەروەری ئازادیخوازی کوردانە بوو.بەڵام نەبوونی مەنهەجو پرۆگرامێکو دەرنەخستنو ئاشکرانەکردنی ئامانجێکی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی، وایلێکردبوو ناتەواوییەکی گەورەی تیا بێت. بەتایبەتی ئەفسەرو سەرۆک عەشیرەتەکان، تەنیا بەرامبەر بە مامۆستا رەفیق حیلمی نەبێ،دەنا دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو لە کاروباری حیزبەکەدا. ئەمە وایلێکردبوو لەناو حیزبی هیوا، نائارامییەکو جیاوازییەکی بیروباوەڕ هەبێت. خۆی هیوا بریتی بوو لە کۆکردنەوەی بەشی هەرە زۆری خوێنەوارانو سەرۆک عەشیرەتو ئەفسەرانی ئەو وەختەی کورد. لەبەر ئەوەی بیروباوەڕێکی ئاشکراو روونی نەبوو.هەتا شتێکی نووسراوی واشیان نەبوو کە شێوەی کوردایەتییەکەیان ئاشکرا بکات. ئەم خەڵتە رێکخراوەییە، بەلای منەوە هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانە بوو بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی. بەڵام لەناو ئەمەیا خەڵکی تر هەبوون کە حەزیان ئەکرد پرۆگرامێک، رێڕەوێک دروستبێ، ئاواتو ئامانجی خەڵکی تیابێتو بەشێوەی دیموکراتییانە ئیدارە بکرێتو هەڵبژاردنی تیا بێت. بۆ ئەمە هەندێ لایەن هەبوو، خەریکبوون خۆیان شتیان دروستئەکرد، من لەبەرئەوەی پەیوەندیم لەگەڵ ئەفسەرەکان هەبوو، زۆرجار بە منیان ئەووت کە یارمەتییان بدەم لەو ئیشانە، بە حیسابی خۆیان من باشتر لەوان شارەزای کارەکەم، بەتایبەتی لە کاری حیزبییان نەئەزانیو منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی کە ئیشیان لەگەڵدا بکەمو لەمانە میرحاج، مستەفا خۆشناو، حامد فەرەج، کە (مەعاونی شورتە)بوو لە کەرکوک، هەموو خەریکی ئەوەبووین بەرنامەیەک دابنێین بۆ هیوا، تا قبووڵ بکرێتو کۆنگرەی بۆ ببەسترێتو حیزبەکە بکرێت بە حیزبێکی رێکوپێکو یەکگرتوو. کێشەو جیاوازی لەناو هیوا هەبوو، بەڵام جیاوازی شەخسی، نەک کێشەی جیاوازی بیروباوەڕ، دەورێکی زۆری هەبوو لە دووبەرەکیی ناو حیزب، بیروباوەرشی چەپی هێشتا نەیئەزانی، ئایا حیزبی شیوعی کوردی دروستئەکرێ، یان چی دروستئەکرێ؟ ئەوە لەو کاتانەدا باش روون نەبوو، بەڵام کێ سەرۆک بێ، کێ گەورە بێ، کێ نوێنەری کورد بێ لە حکومەتا، کێ دەسەڵاتی هەبێ لە حیزبا، ئەمانە کێشەی ئاشکرا بوونو کاریان لەسەر ئەکرا. بۆنموونە، من لە ساڵی ١٩٤١ و ١٩٤٢یش، لە بەغدا مامەوە گوایە گۆڤاری گەلاوێژ دەرئەکەم، ماجد مستەفا، دوو سێ

جار، لەگەڵ من خەریکبوو کە مەکتەبێکم بۆ بکاتەوە، تیایا گۆڤارەکەی خۆشم دەربێنمو چالاکیش لەگەڵ ئەوا بکەم، مەبەستی چالاکی سیاسی بوو. هەرچەندە نەمتوانی وایلێبکەم تابزانم کە چالاکییە سیاسییەکەی ئەو چییە! لە چەند برادەرێکم پرسی، گووتیان: وەڵڵا چالاکییە سیاسییەکەی ئەوەیە کە مامۆستا رەفیق حیلمی لە سەرۆکایەتیی هیوا نەمێنێو نەشبێت بە هیچ! بەڕاستی نەمئەزانی کێشەکەیان لەسەر چییە، بەڵام دەنگوباسی جیاوازییەکەیان گەیشتبووە ناو خەڵکەکە، لەم ماوەیەدا بزووتنەوەیەک لە ناوچەی بارزان دەستپێیکرد، بزووتنەوەی ساڵی ١٩٤٣.

ئەم بزووتنەوەیە، بێگومان بزووتنەوەی عەشایەری بوو، تەنیا بۆ بەرژەوەندیی عەشیرەتی بوو، بۆ ئەوەبوو کە دەسەڵاتی حکومەت لە ناوچەکە کەمتر بێ بە دەسەڵاتی شێخ. حیزبی هیوا ویستی ئەمە بکات بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی. لەمەشدا ئەڵێن لە حیزبی هیوا، کێشە دروستببوو. لەنێوان ئەوانو مامۆستا رەفیق حیلمیدا، مامۆستا ویستوویەتی کە بێلایەن بن بەرامبەر بەم شۆڕشە، ئەوانیش ویستوویانە هاوبەشیی بکەن لەو کارەیا. لەبەرئەوە بە جۆرێ لەیەکتر جیابوونەوە، (یونس عەبدولڕەحمان عەبدولقادر) یان کردبوو بە سەرۆکی خۆیان. پڕۆپاگەندەی ئەفسەرەکان دژی مامۆستا رەفیق حیلمی زۆر بوو، هەتا یەکێک لەوانە(حەمەدرێژ) یان (محمدی شێخ مەحمود، بڵێ تا قبووڵی بکات کە ببێ بە سەرۆکی هیوا. باباعەلی قبووڵی نەکردبوو. من ئەو وەختە بابا عەلی (خوا عافوی کات)، زۆر دۆستم بوو. جارێک منیان نارد بۆ لای باباعەلی، تا تەکلیفی لێبکەن. باباعەلی بە منی گووت، باشە تۆ خۆت بۆ نابیت؟ گووتم. وەڵڵا باباعەلی، من لە بناری شاخا لەدایکبووموو جەنابیشت لە پۆپەی شاخ. من تا ئەگەمە پۆپەی شاخ ئەوە عومرێکی ئەوێ. بۆیە من قەت ئەوە بە خۆم رەوانا نابینم کە هەقی ئەوەم هەبێ لە هیوا، جێی مامۆستا رەفیق حیلمی بگرم. بەو حیسابە ئەگەر یەکێک هەبێ ئەبێ تۆ بیت..بەکورتی لەبەر هەر چی بێ باباعەلی رازی نەبوو، بەڵام ئەفسەرەکان وازیان نەهێنا، جیابوونەوە، خۆیان دەستەی خۆیان دروستکرد. عیزەت عەبدولعەزیزو برادەرانی کە نێردرابوون بۆ لای مەلا مەستەفا لایەنی ئەوان بوون. ئەیانویست بزووتنەوەکە بکەن بە بزووتنەوەی کوردایەتی. هەر بەڕاستیش بەچوونی ئەوان، بزووتنەوەکە رێڕەوەی گۆڕا بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی. مەلا مستەفاش، ئەوەی بەباشتر زانی ئەو وەختە زۆرتر شێخ ئەحمەد ناوی هەبوو، لەوێ بەدواوە، ناوی مەلا مستەفا هاتە پێشەوە. هەڵبەتە بەوەی گەنجو لاو بوو، هاوپەیوەندیی رێکوپێکی هەبوو لەگەڵ ئەفسەرەکانا. ئەمە وایکرد کە جیابوونەوەکەی هیوا زۆر ئاشکراتر بێت. پاشان شیوعییەکانو چەپەکانیش لێی دەرچوونو (شۆڕش)و (رزگاری) یان دروستکردو کەوتنە کاری خۆیان. لەم وەختەیا، ویسترا پەیوەندیی لەگەڵ کوردی ئێران بکرێ، بە حیسابی ئەوەی کە کوردی ئێران هەر لە دەستپێکردنی شەڕەوە لە ساڵی ١٩٤١ کە پەلاماری ئێران درا، بزووتنەوەی کوردایەتیی تیا پەیدابوو.من ئاگاداری ئەوەندەم کە لە ١٩٤٢دا بەناوی پارە کۆکردنەوەی گۆڤاری گەلاوێژ، ئەمین رەواندوزی لێی داوا کردم کە بچم بۆ کوردستان بۆ ناوچەی رەواندز. گوایە هەندێ ئیش هەیە من ئەتوانم بیکەم. منیان نـاردە ئەوێ چاوەڕوانی جەماعەتێکمان کرد. گوایە جەماعەتێک لە کوردی ئێران، دێن لەسەر سنوورا یەکتر ببینین، قسە بکەین، رێکخراوێکی کوردستانیی دروستبکەین. بەداخەوە لەو رۆژ و شەوەدا پروپاگەندەی ئەوە هەبوو گوایە لەسەر سنوور شتێک روویداوە، چوونە سەر



سەرچاوە
Serchawe

سنوور، مەترسیی زۆری لەدوایە. بۆیە ئێمە نەمانتوانی لەگەڵ ئەو برادەرانە یەکتر ببینین. لەمەیا مەبەستم هەوڵەکانی هیوایە بۆ دروستکردنی ئەو جۆرە پەیوەندییانە. چوونی میرحاجو مستەفا خۆشناویش هەر قسەو ئاواتو ویستی هیوا بوو. مامۆستا رەفیق حیلمیو برادەرەکانیشی ئەیانویست پەیوەندییان هەبێ لەگەڵ کوردی ئێرانا، کە خەریک بوو مەسەلەکە لەوێدا لەبارتر ئەبوو. لە ساڵی ١٩٤٤ بوو برادەرێکی ژێکاف هات بۆ کەرکوک.لە کەرکوکا مامۆستا رەفیق حیلمی دیبووو ئەفسەرەکانیشی دیبوو. منیش چاوم پێکەوت. من ئەو وەختە ئەندام نەبووم لە ژێکاف. ژێکاف دەستیکردبوو بە چالاکی، ئەگەرچی ئەو پرۆگرامەی کە میرحاجو مستەفا خۆشناو پێشکەشیان کردبوو بە ژێکاف، ئەوانیش سوودێکی باشیان لێبینیبوو، رەشنووسی ئەو پرۆگرامە بوو کە دانرابوو بۆ هیوا، کوردستانییەتەکەشی شتێکی زۆر ئاشکرا بوو. ژێکاف کە زیاتر کەوتە چالاکی، پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵ مامۆستا رەفیق حیلمیو کوتلەکەی پەیاکردبوو، بە ئەندازەیەک من گۆڤاری (نیشتیمان) لەلای موتەسەریفی سلێمانی بینیبوو. موتەسەریف گووتی: رەفیق حیلمی بۆی هێناوم، بۆ ئەو هاتووە. لە گۆڤاری نیشتیمانیشا، باسی هیوا ئەکرا، باسی ئەو لایەنەی سەر بە مامۆستا بوو. بەتەواوی لایەنگریی ئەو فراکسیۆنەی ئەکرد کە لەگەڵ مامۆستا رەفیق حیلمی کاری ئەکرد. بەڵام دوای ئەمەی کە ژێکاف لقی لە کرودستانی عیراقا دروستکرد، مامۆستا رەفیق حیلمی لەلایەن بەغداشەوە پشتیوانیی لێبرا. واتە ئەو تاییدەی کە جاران هەیبوو، کە لەلایەن مێجەر ئەدمۆنسەوە سەنگی بۆ دانرابوو. وا باو بوو کە مامۆستا پەیوەندیی هەیە لەگەڵ ئەدمۆنسو ئەدمۆنس بەڵێنی یاوەتێ کە پشتیوانیی لە کوردایەتێکەی ئەکات. واتە هیچ جۆرە پشتیوانییەک لەو رووەوە بۆ حیزبی هیوا نەما.

پەیوەندی من لەگەڵ مامۆستا رەفیق حیلمی، هەروەکو خۆی مایەوە بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەمموز، مامۆستا ببوو بە (موفەتیشی مەعاریفی ناوچەی کوردستان) من دادوەر (حاکم) بووم لە هەڵەبجە. کە ئەهات بۆ ئەوێ، زۆربەی کات پێکەوە دائەنیشتینو قسەمان ئەکرد. بڕوای باشمان بەیەکتر هەبوو. جیاوازییەک لە بۆچوونەکانماندا روونەدابوو، ئەگەرچی پەیوەندیی حیزبیمان نەبوو. لەپاش ئەوە شۆڕشی ١٩٥٨ پەیابوو. مامۆستا رەفیق حیلمی کرا بە (ملحق ثقافی) وابزانم لە تورکیا. زۆر چاک لەبیرمە کە هەموومان، کۆمەڵێ کەس بووین، بۆ بەڕێکردنی چووینە بەری الکرخ، بە شەمەندەفەر سەفەری کرد. ئیتر لەوە بەدوا ئاگام لە چالاکییەکانی مامۆستا نەما.

گومانم نییە لەوەی ئەوەی پێی کرابێ بۆ کوردایەتی، کردوویەتی، پاشان هاتووە بۆ عیراق، جارێکیان لەلای (عبدالرحمن البزاز) دیم. پێکەوە دانیشتین، لە بابەت کوردایەتیو چۆنیەتیی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، بیروباوەڕمان گۆڕی، لەو کاتەشا، ناکۆکیو جیاوازیی وام نەبینی لە بیروباوەڕی هەردووکمانا. هەروەها لە رۆژنامەی (خەبات) یشا نووسینو هاوکاریی هەبوو.

بەکورتی، بەلای منەوە، هیوا وەکو حیزبێک رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە کۆکردنەوەی ئەو هەموو خەڵکە لە دەوری بیروباوەڕی

کوردایـەتی، لـە تەشـەنەپیکردنو پتـەوکردنی بزووتنـەوەی کوردیـەتیا. ئـەتوانم بڵـێم کـە هـەتا لـە ناتەواوییەکانیشـا، وانەیەکی زۆر وەرگیرا، دەیان حیزب بە پرۆگرامەوە دروستکران، بـەڵام بـەلای منەوە، گەورەترین ناتـەواوی کە لە پارتـە کوردییەکانا هەبوویێت، ئەوەیە کە بیروبۆچوونی روونیان نەبووەو نییە. بەزۆری پشت بەستراوە بـە چینـی خـاوەن دەسـەڵاتو پارەدارو سەرۆک عەشیرەتو خانەدانو ئەشرافی بەرزەوە! جەماوەری خەڵک پتشگوێ خراوە. بێجگە لەمانە،

سەرکردایەتییەکی ڕێکوپێکی خاوەن بیروباوەڕێکی شۆڕشگێرانەی نەبووەو ئێستا بۆنموونە، ئـەوا پ.ک.ک ئـەبینێ، پـەیڕەو و پرۆگرامی هەیە. من ناڵێم پەیڕەوی دیموکراتی هەیە، چونکە شۆڕش (شەڕ) بە دیموکراتی نـاکرێو هـەروەها حـوکمیش بـە دیکتاتۆری ناکرێت.


هیوام هەیە لە یادی خوالێخۆشبوو، مامۆستا رەفیق حیلمیـا، بیـر لـەوە بکەینـەوە کـە خەبلاتەکەمان، خـەباتی هـەموو کـورد، هەموو خەڵکی کوردستان بێت لـە پێنـاوی ئـەو ئاواتـە بێـت، کـەوا لـە دڵـی ئەوانـەدا بـووەو هـەموویان بـەو داخـەوە سـەریان ناوەتـەوە. ئیتـر بـا خـەڵکی ئێمـەش بـەو داخـەوە سـەرنەنێینەوە یـا بـە برایانـە، بـە هاوکـاری، پشـتی یـەکترگرتن، بـە بیروبۆچوونی کوردستانییەتەوە، بۆ مافی چارەی خۆنووسین خەبات بکەین، تا مردن خەبات بکەین. یا بە سەربەرزی بـژین، تاکو ئەمرینو خۆمان میللەتەکەمان ئەگەیەنینە ئاوات.

لە کتێبی گەڕانەوە بەرەو پرنسیپەکانی کوردایەتی وەرگیراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٢ی ئاگۆستی ٢٠١٧

----------------------------------------

## ئیبراهیم ئەحمەد لەناو رووناکیی مێژوودا



**مەحمود مەلا عزەت**

* لەچلەی دواکۆچی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دا، برای خۆشەویستم دکتۆر کەمال فوئاد ئاگاداری کردم کە یەکێک لەو کەسانەی بۆ دانیشتەکانی ئەو چلەیە دەستنیشانکراوە کە قسە لەسەر لایەنی سیاسیی و حزبیی مامۆستا بکات، بەندەیە.. منیش بەخۆشحاڵییەوە داواکەم قبووڵکرد، هێندەی بۆ ئەو ماوە دیاریکراوە گونجا، باسێکی کورت و پوختم پێشکەش بەئامادەبووان کرد کە شیاو بێت بۆ بۆنەیەکی واو بۆ پیاوێکی گەورە و رابەرێکی وامەزن، کەنزیک بەحەفتا ساڵ لەتەمەنی پڕ لەخەبات و بەهرە و بەرهەمی بۆ نەتەوەکەی تەرخانکرد و بەسامانی کاری سیاسی و نووسین و شیعر و چیرۆک و رۆژنامەگەریی نەتەوەکەمانی زۆر دەوڵەمەند کرد.

* لێرەشدا لە بۆنەی یادی دوو ساڵەی کۆچەکەیدا و لەسەر داوای کوردستانی نوێ, لەرێگەی مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق-ەوە کەسەرپەرشتی بیرەوەرییەکە دەکات، هەوڵ دەدەم زیاتر لەو دوو لایەنەی ژیانی ئیبراهیم ئەحمەد، رووناکی بخەمەسەر ویستگە گرنگ و رۆڵە دیارو پرشنگدارەکانی، هەرچەندە زەحمەتە لە دەرفەتێکی واو لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە بتوانرێت ئەو کارە هەقی خۆی بدرێتێ.. بۆیە ئەم باسانە، زەمینەو پێشەکییەک دەبێت بۆ لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەو درێژ.

هەرچەندە باسەکە هەر لەرۆژنامەدایە، بەڵام بەپێی دابونەریتی رۆژنامەگەریی و لەبەر خسوسیەتی نووسینی ئاسایی رۆژنامە، کە ئەم جۆرانە لەخۆی ناگرێت، چونکە لە نووسینی ئاسایی سەر لاپەڕەی رۆژنامە درێژتر دەبێت، لێرەدا مەبەستم لەنووسینی رۆژنامەیە بەگشتی، نەک هەر لای خۆمان کە گەلێک جار نووسینی دوور و درێژ و بەئەڵقە دەگرێتە خۆی، ئەم دیاردەیەی کە کەمتر لەرۆژنامەکانی ئەوروپادا دەردەکەوێت، چونکە زیاتر رۆژنامە کاری هەواڵ و باسوخواسی رۆژە، نەک ئەو باسانەی کەگۆڤار و کتێب دەیانگرنە خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەم کە باسەکە جۆرێ لەرێبازی ( Narrative

article) بەخۆیەوە بگرێت، کەتێیداو لەنووسیندا نووسەر دەتوانێت لەباسە گشتی و سەرەکییەکانەوە بچێتە ناو باسە تایبەتیو خسڵەت نەزعەی ئینسانیو وردەکاری و درێژەکانەوە...تاد، بێ ئەوەی بمەوێ دوورو درێژ بێت.

### رابەری رووناکبیری و خەبات

* ناوو ناوبانگی شەخسییەتە ناسراوەکانی جیهان، زۆربەی هەرە زۆریان لەکارێکی داهێنەرانەی مێژووییدا دەبنە خاوەنی ئەو پلەوپایەیە و خەڵاتە بەنێوبانگەکان وەردەگرنو لاپەڕەکانی مێژوو لەئامێزیان دەگرن، دەبنە رەمزو کەسێتییەکی دەرکەوتووی ئەوتۆ لەناو میللەتی خۆیاندا. کەبەردەوام لەیاد و بۆنەکاندا بەسەربکرێنەوە وەک هێمای سەرکەوتنو پێشکەوتن و مرۆڤپەروەریی.

هەرچەندە ئەم شەخسییەتەی ئێمە، خەڵاتە بەناوبانگەکانی وەک خەڵاتی نۆبلی وەرنەگرت، وەک زانا و شەخسییەتە گەورە و بەناوبانگەکانی نەتەوە رزگاربووە خاوەن دەوڵەتەکان لەبەر گەلێک هۆی زانراو، کەهەرە سەرەکییەکانی کورد بوون بوو، رۆڵەی میللەتێکی چەوساوەو دابەشکراو بوو، کە تاسەردەمێکی زۆر نزیک لای زۆر لە گەلانی دنیا نەناسراو بوو، پشتگوێ خرابوو، تەنانەت دەنگی زوڵم و زۆرو کۆمەڵکوژیی نەدەبیسترا.

لەگەڵ ئەوانەشدا برایم ئەحمەد، لەناو میللەتی خۆیدا لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا، رابەری رووناکبیریو خەبات بوو، لەناو میللەتانی برادا، عەرەب و فارس و تورک و میللەتانی تری رۆژهەڵات، لەناو زۆر لەسیاسی و رۆژنامەنووس و پەرلەمانتار و لێپرسراوانی حزبی زۆر لەوڵاتانی تری ئەوروپاو ئەمریکاو جیهاندا ناسراو بوو، جێگەی تایبەتی خۆی هەبوو، هەم وەک رابەرێکی گەورەی کوردایەتی و هەم وەک چیرۆک و رۆماننووس و شاعیر و نووسەرو رۆژنامەوان و وەک مرۆڤ دۆستێکی ئەوتۆش. کە لەناو گەرمەی شەڕی لەناوبردن و کۆمەڵکوژیی خەڵکی کورددا، ئەو ئاڵاهەڵگری برایەتی و هاوسانی و ئازادیی بێت.

هەرچەندە برایم ئەحمەد، لەسەرەتای ژیانی سیاسیی و رووناکبیریدا، وەک هاندەرو رۆڵبینەر لەشەڕی بەردەرکی سەرا, کە بەڕاپەڕینی شەشی رەشی ئەیلوول ناودەبرێت، وەک پارێزەر، نووسەری نامیلکەی (العرب والاکراد - ١٩٣٧)و ئینجا بەگۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩ - ١٩٤٩) و لێپرسراوی لقی (ژ - ک) لەکوردستانی عیراق، بەحاکمیو بەرگریکردن لەجوتیاران. لەناو حزبە کوردی و کوردستانی و عیراقییەکاندا ناوێکی دیاری سەرشانۆی خەبات و سیاسییەکی دیاری ناو رووناکبیر و تێکۆشەران بوو.



سەرچاوە Serchawe

بەڵام بۆ بەندەو خەڵکی تری ئاسایی، رووداوەکەی ساڵی ١٩٥٤ کە لەسەر بەرگریکردن لەجوتیارو وەک پارێزەری ئەوان و پشتیوانی هەژاران، لەدادگا لەڕووی یاسایی و مافناسییەوە بەرگری لێدەکردن. ئەوە لای بەندە سەرەتای ناوبیستنی بوو، ئەو کاتە لەپۆلی دووی ناوەندیی سلێمانی بووم، رووداوێکی تری گرنگی هەمان ساڵ (ئەگەر باش لەزەینمدا مابێت)، هەڵبژاردنەکەی ئەو ساڵە بوو کە مامۆستا برایم وەک نوێنەری خەڵکی شار پاڵێوراو تا ئەم دواییەش ناوەکەی لەسەر پایە و دیواری خانوو و دوکانی سەرشەقامەکان مابوو, کەنووسرابوو: «هەڵبژێرن نوێنەرانی گەل ئیبراهیم ئەحمەد و مەعروف بەرزنجی».

## سەرقافڵەی کاروانی کوردایەتی

مامۆستا برایم ئەحمەد لەهەریەکە لەلایەنەکانی ژیانی سیاسی و دیپلۆماسیی، حزبایەتیو کاری فیکری و رێکخستن و تیۆری، رۆژنامەگەریی، شاعیری چیرۆک و رۆماننووسیی، نووسەری، زمانەوانی و رەوانبێژی، یاساناسی، ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردەواریی و سیاسییەکی گەورەی بەتوانا و رابەرێکی گەورەی کوردایەتی و رێبازی کوردستانییەت بووە، بیرچەپی واقیعبینانە هەمیشە پاڵپشتی هەژار و لێقەومان بووە، ئەمە لایەنە زۆر گرنگەکانی بیرو کاروانی کوردایەتی بوو کە هاوژیانی بووە، هەر لەسەرەتاوە تا دواکۆچی. بۆیە لێرەدا، هەر ئەوەندە بوار دەبێت کە لەدەرگای هەریەکە لەو ویستگە مێژووییانە بدەم کەتیایاندا توانیوێتی ئەسپی خۆی تاوبدات و ببێتە سەرقافڵەی کاروانی کوردایەتی.

رابەری و توانستی برایم ئەحمەد لەهەریەکە لەو بوارانەدا لەئاستێکدا بوو, کەناتوانرێت لایەنێکی بەگرنگ و سەرکەوتووتر لەوانی تر دابنرێت, ئەوە نەبێت کەئاستی فراوانیی پێوەندیی هەریەکە لەو لایەنانە بەکۆمەڵانی خەڵکەوە، نەک هەر بەنوخبەی رووناکبیر و نووسەر و رۆژنامەنووسیی، ئەوە دەردەخات کە لەکامە بوارو لایەن زۆرترین خەڵکی هەمەچەشنەو هەمەپیشەی لێبەئاگابووە, بۆیە ژیانی سیاسی و حزبایەتیی مامۆستا برایم، کوردایەتیو رێبازی کوردستانی، بیرچەپی و خەباتی بۆ رزگاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەگۆڤاری گەلاوێژ و لێپرسراوەتی لقی (ژێکاف) لەکوردستانی عیراق, چەند خەسڵەتێکی زۆر دیارو ئاشکرای سیاسیی و نیشتمانیی و فیکریی وەک چەند بەهرەیەکی دیاری لادەرکەوت و هەر لەسەرەتایەکی زووەوە رۆڵی سەرکردایەتیی حزبی و رابەری سیاسیی وەرگرت.

بەتایبەتی لەو کاتەوە کەبوو بەلێپرسراوی لقی (ژێکاف) لەکوردستانی عیراق، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو لقەوە تاهەڵوەشانی بەهۆی رووخانی جەمهوریەتی کوردستان و تێکچوونی کاتیی حزبی دیموکراتی کوردستان (١٧ -١٢ - ١٩٤٦), ئینجا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد (١٦ئابی ١٩٤٦) بیرکوردستانیی و خۆبەستنەوە بەرێبازی رزگاریی. ئاشکرا لای برایم ئەحمەد دەرکەوتوو بوو بەڕابەری سیاسی و رووناکبیری ئەو رێبازە، چونکە لەدامەزراندنی پارتیدا، ئەو ملی بۆ

هاوبەشیکردنی لەو حزبەدا نەدا، لام وایە دروشم و ستراتیجی ژێکاف کەرزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کورد لەلایەکو بڕوابوون بەرێگەی ئاشتی و شارستانیەت و ڕووناکبیریی لەلایەکی تر، دوو هۆی هەرە سەرەکیی خۆبەستنەوە بوو بەژێکاف ەوەو دوورەپەرێز وەستان بوو لەدامەزراندنی پارتیدا، کەوەک حزبی دیموکرات دروشمی ئۆتۆنۆمی بەرزکردەوە.
تێندێنسی هەڵوێست لەشەڕی چەکداری و خواستی شۆڕشەوە، دیاردەیەکی تری گرنگی هاوپێوەند بەژیانی سیاسیی مامۆستا و مەسەلەی شۆڕش بوو، سەرچاوەی گەشی ئەو بیروربیاز و ئامانجە گرنگانەی مامۆستا، سەرەتاکەی راپەڕینەکەی شەشی گەشی ئەیلول (١٩٣٠) بوو.

### خەباتی شارو شەشی سووری گەشی ئەیلول

لەو رۆژەدا، رۆڵەی دڵسۆز و کوردپەروەرانی سلێمانی و لەسەر ڕێبازی سوور بوون لەسەر مافە نەتەوەییەکان و وەک درێژەی خەباتی سەردەمی حوکمداری و مەلیکایەتییەکەی شێخی زیندوو، کە بەزۆری هێزی دوو داگیرکەر رووخێنرا، ئەوان بەخوێنی گەشیان داستانی شەشی سوور و گەشی ئەیلولیان تۆمار کرد، کە لەوەدا ڕووناکبیرێکی تازە لاو و پێگەیشتووی مەیدانەکە کەهاندەری خەڵک بوو بۆ راپەڕین و بۆ داوای مافی زەوتکراو، ئیبراهیم ئەحمەدی تازەلاو بوو.
ئەم رۆڵە لەمەغزایەکی گەورەی سیاسیی و فیکرییەوە هەڵقولا بوو, چونکە ئەو لەو سەرەتا زووەدا وەک ڕووناکبیر و وەک شۆڕشگێڕ، دەرکی بەیاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و حەقیقەتی قۆناغی مێژوویی خەبات و ڕێبازی گونجاو بۆ سەندنەوەی ماف و هەقی زەوتکراو کردبوو، هوشیاریی سیاسیی گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە زیاتر بڕوای بەخەباتی جەماوەریی‌و ڕووناکبیریی دوور لەچەکداریی بێت، بڕوای بەتێکەڵکردنی خەباتی شاخ و شار بێت.

ئەوە خاڵی وەرچەرخانی گواستنەوەی خەبات و ڕێبازی تێکەڵکردنی خەباتی شار و شاخ بوو، سەرەتای رۆڵبینینی خەڵکی شارو ڕووناکبیرو هاوبەشیکردن لەسەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتیدا بوو. ئەم دوو لایەنە گرنگە لەڕێبازی خەبات و پێکهاتەی سەرکردایەتیی، بۆ ئەو لەو تەمەنەدا سەرنجڕاکێشەر بوو, بەڵام لەدواییدا دەرکەوت کە ئەو ڕێبازە سەرەتایەکی هەروا سادە و کرچوکاڵ نەبوو، بەڵکو زەمینەی پتەوی ئەوە لەتێگەیشتنی یاسای جوڵانەوەی مێژوو و ڕێباز و ئاستی گەشەکردنە هەمەلایەنەکانی کۆمەڵگە و شێوەی خەباتو ڕێگەی دروستی بەدەستهێنانی ئامانجەکان بوو، کەلای مامۆستا درێژەی هەبوو. نزیکەی (٣٠)ساڵ دوای ئەوە و لەڕۆژانی پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول روونو کۆنکرێتی تر دەرکەوتن.

* ئەم بابەتە بەشێکە لە وتارێکی مامۆستا مەحمود مەلا عززەت کە پێشتر بە دوو بەش لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوی کردۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## ئیبراهیم ئەحمەدو رۆژنامەوانی



### بەشی یەکەم

**نەوشیروان مستەفا ئەمین**

### ١- کورتەیەک لە ژیانی برایم ئەحمەد

ساڵی ١٩١٤ کە ئیبراهیم ئەحمەد چاوی بەدنیا هەڵهێنا کوردستانی جنوبی بەشێ بوو لەقەڵەمڕەوی عوسمانیو، دەوڵەتی عوسمانی تێکەڵاوی یەکەمین جەنگی جیهانی بوو, کوردستان بوو بەمەیدانی جەنگو گەنجەکانی کورد راپێچی مەیدانی شەڕکرانو، سلێمانی توشی کارەساتێکی وەها بوو کاتێ کەجەنگ بڕایەوەو ئینگلیز گەیشتە نزیکی سلێمانی بوو بوو بە کەلاوەیەکی گەورەو لە ٤ بەشی دانیشتوانی، ٣ بەشی فەوتا بوو.

سەردەمی منداڵی (برایم ئەحمەد) هاوزەمان بوو لەگەڵ دەورانی یەکەمی حوکمداریێتی شێخ مەحمودو، شۆڕشی کورد دژی ئینگلیزو، هاتنەوەی ئینگلیز بۆ سلێمانیو دەرچوونی (پێشکەوتن)ی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەکوردستانی جنوبیداو، ئینجا گەڕانەوەی شێخ مەحمودو راگەیاندنی مەلیکایەتی کوردستانو، دیسانەوە شۆڕشی کوردو بۆردومانی چەند جارەو چۆڵکردنی چەند جارەی سلێمانیو داگیرکردنەوەی لەلایەن ئینگلیزو جەیشی عیراقەوەو بەستنی یەکجارەکی سلێمانی بەحکومەتی عیراقەوە.

(برایم ئەحمەد) لەسلێمانی چووە بەر خوێندنو بۆ تەواوکردنی سانەوی‌و کولیەیش چووە بەغدا. ئەو ماوەیە سلێمانی هەم مەڵبەندێکی چالاکی رۆشنبیریو رۆژنامەوانیو، هەم مەڵبەندێکی چالاکی کاری سیاسیو کوردایەتی بوو.

سلێمانی لەو ماوەیەدا بێ ڕۆژنامە نەبووە بەدوای پێشکەوتندا, بێ پچڕان, لەسەرەتای بیستەکانەوە بەدرێژایی سییەکان، بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستان و بانگی حەق و ئومێدی ئیستیقلال و ژیانەوە و ژیان و زبان و زانستی دەرچوون.

ئەم ڕۆژنامانە هەندێکیان حکومەتی بوون شارەوانی لەباتی دەسەڵاتی سیاسی بڵاویدەکردەوەو هەندێکشیان ئەهلی بوون خاوەنەکانی بڵاویان دەکردەوە، بەڵام لەناو فەرمانبەرانی حکومەتو خوێندەواران و ماموستاو خوێندکاران و دوکاندارەکانی شار کوێخانە دێو سەرۆکی عەشیرەتەکاندا بڵاودەکرایەوە.

ئەم ڕۆژنامانە کەبەدوای یەکدا دەردەچوون خۆیان بووبوون بە قوتابخانەیەکی تایبەتی ڕۆژنامەوانی، بابەتی جۆراوجۆری سیاسی، ئەدەبی، ئابووری، بازرگانی، کشتوکاڵی‌و، هەواڵی ناوخۆو دەرەوەو ڕیپۆرتاژیان دەنووسی. هەوڵی بژارکردنی زمانی کوردی‌و نوێکردنەوەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی‌یان دەداو، لەسەر مافەکانی کورد بەدەنگ دەهاتن.

هەر لەو ماوەیەدا سلێمانی ناوەندێکی سیاسی گرنگی خواستە نەتەوەییەکانی کورد بوو، شێخ مەحمود، دوای تێشکانی شۆڕشەکەی، بە گۆشەگیری لەگوندێکی سەر سنوور دانیشتبوو, بەڵام پیاوە ناسراوەکانی ئەوسای سلێمانی، کەیەکێکیان خواڵێخۆشبوو ڕەمزی فەتاحی مامی(برایم ئەحمەد)، هەیئەتی وەتەنیەیان دامەزراند بوو، بەچالاکی کەوتبوونە داوای سەربەخۆیی کوردستان‌و، ڕێکخستنی زنجیرەیەک خۆپیشاندانی گەورەی جەماوەری، کە بەرپابەرینی شەشی ڕەشی ئەیلول‌و، گیرانی ڕەمزی فەتاحی مامی‌و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی سلێمانی کۆتایی هات، ئەوسا شێخ مەحمود هاتەوە مەیدانی خەباتی سیاسی - چەکداری و سەر لەنوێ شۆڕشی دەستپێکردەوە.

(برایم ئەحمەد) لەناو ئەم هەلومەرجە سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتیەداو لەناو ئەو ڕووداوانەدا پێگەیشتووەو چاوی کراوەتەوە.

### ٢- سەرەتاکانی نووسین لای برایم ئەحمەد

وەکو دەردەکەوێ(برایم ئەحمەد) یەکەمین نووسنی کە پەخشانێکی ئەدەبیە بە ناونیشانی(لەشەوا) لە ژ ٣٢٦ی ١٦ حوزیرانی ١٩٣٢ی ژیان - دا بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ ئەم پەخشانەدا ئەم نامەیەی بۆ پیرەمێرد نووسیوە:

### گەورەی خۆم نویسندەی ژیان

کەبیستم چاکی ژیانتان گرتووە ویستم یارمەتیتان بدەم، ئەوی لەدەستم دێت نووسینی هەندێ مەقالەی ئەدەبیە بەکوردی

پەتی، وە یا وەرگێڕانی مەقالاتە لەرۆژنامەکانی غەربەوە بۆ کوردی، ئەمەم لەدەست دێت بەڵام شەرت ئەوەیە کەیارمەتییەکەم قبوڵ بکەن. نامەویٚ بەرامبەر بەو چەند شیعرە کەبۆتان ئەنێرم، یابەرامبەر بەو مەقالانەی کەبۆتان تەرجومە دەکەم چ تەشەکورێکم بکەن چونکە دەردی عەرەب ئەڵێن: لاشکر علی الواجب.

وا ئەم جارە ئەم مەقالەیەم بۆ ناردنو وا بزانم بەشی زۆری کوردی پەتیە، ئەگەر لەگۆشەیەکی رۆژنامەکەتانا نووسیتان وا دیارە یارمەتیەکەم قبوڵ دەکەن، وا دیارە کەهەروەکو خۆتان بەپیری دەستتان داوەتە چاکی ژیان ناتانەویٚ بە گەنجی هاووڵاتیان دەستی لیٚبەر بدەن.

قبوڵتانە ئامادەم هەموو وەختیٚ بۆ خزمەت, قبوڵتان نیە کارتان راست بێت, ئیتر خۆشی سەری ئێوە.

پیرەمێرد بەناوی ژیانەوە لەژێر ئەم نامەیەدا لەوەڵامدا نووسیوێتی: هەمیشە چاوەڕیٚی ئەم شێوە شیرینە کوردیە رەوانەیە پرەمێردیش بەهیوای نەوجوانانە.

هەر لەو ژمارەیەدا پەخشانی لەشەوا بڵاوکردۆتەوە(برایم ئەحمەد) وەکو خۆی لە ژمارەی داهاتوویدا لەنامەی دووهەمیدا بۆ پیرەمێرد نووسیوێتی: بە بڵاوکردنەوەی(یەکەم بەرهەمی گوڵشەنی خەیاڵی) ئەوەندە دڵخۆش دەبیٚو زات پەیدا دەکا رێزێک نووسینو پەخشانی ئەدەبی دەنێریٚ بۆ ژیان. لەوانە:

(شیرین لەسەرەمەرگا)، (شینی گوڵیٚ)، (لە بەیانا)، (ئاواتی دڵ: گەشتێک بەسەر باڵی پەڕندەی خەیاڵەوە). هەرچەندە ماوەیەکی درێژ بەسەر نووسنی ئەم بابەتەنەدا تێپەڕیووە بەڵام ئێستاش وەکو نموونەی پەخشانی ئەدەبی رۆمانسی نرخی ئەدەبی و زمانەوانییان هەر ماوە، هەر لەم ماوەیەدا لەژمارەکانی ئابو ئەیلولی ١٩٣٢ی ژیاندا بەزنجیرە وتارێکی بەناونیشانی (شاعیرەکانمان) بڵاوکردۆتەوە کەدەچێتە خانەی رەخنەی ئەدەبییەوە، ئەم وتارە هەوڵدانێکە بۆ تیۆریزەکردنی نوێکردنەوەی ناوەڕۆکو شێوەی شیعری کوردی، کەخۆی لە دانانی شیعری (یادگارو هیوا) دا پێڕەوی کردووە.

(یادگارو هیوا) چەند جاریٚ بڵاوکراوەتەوە, بەڵام یەکەمین جاریان بە ناونیشانی (یادگارو دڵداری) بەئیمزای(م. و) بەپێشەکیەکەوە بەئیمزای(س) لە ژمارە یەکی گۆڤاری(هاوار) ١٩٣٣دا کە لەشام جەلادەت بەردخان دەری کردووە، لەم پێشەکیەدا(س) ئاشکرای دەکا کە(م)کورێکی شەرمنەو رووی نایەت بەهەرمەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە نەوەکو گاڵتەی پیٚبکەن. سەیر ئەوەیە بەرهەمەکانی کە لەژیاندا بڵاوکراونەتەوە هەندێکی بیٚ ئیمزاو هەندێکی بە ئیمزای (نیقابداری سیاپۆش) و هەندێکی بەئیمزای (سیاپۆش) بڵاوکراونەتەوە.

ئەم خۆحەشاردانە لەنووسینەکانی دواتریشی‌دا، لەوتار، پەخشانی ئەدەبی، شیعردا، کە لەدیاری لاوان و یادگاری لاوانو گەلاوێژدا بڵاوی کردونەتەوە دەبینرێ. دەبینین شیعرە عاتیفیەکانی بێ ناو و چیرۆکو وتارەکانی خۆیو تەرجوومەکراوەکانی بەناوی(بلە، ە ل ب، أ.أ، ن,أ) یان بێ هیچ ناوێ بڵاوی‌کردونەتەوە.

### ٣- ئیبراهیم ئەحمەدو گۆڤاری گەلاوێژ

ساڵی ١٩٣٧(برایم ئەحمەد) حقوق تەواو دەکاو دەبێ بەمحامی. هەروەکو لەوتارێکدا کە لەو دواییەدا بەتایبەتی بۆ گەلاوێژ نوێی نووسیوە دەڵێ: هەر بۆیە چۆتە کولیەی حقوق بۆ ئەوەی ببێ بە رۆژنامەنووس یان راستتر ببی بەخاوەن رۆژنامە، چونکە ئەو زەمانە شەهادەی حقوق مەرجێکی رۆژنامە دەرکردن بووە.

ساڵی ١٩٣٩ ئیمتیازی مانگنامەی گەلاوێژی وەرگرتو لەمانگی کانوونی یەکەمدا, یەکەم ژمارەی لێ‌بڵاوکردەوەو تا لە ١٩٤٨ دا داخرا ١٠٥ ژمارەی لێ دەرکرد.(برایم ئەحمەد) ئەوکاتە جگە لەوەی هەڵگری شەهادەی حقوق بوو، خۆیشی شاعیرو نووسەرو ئەدیبێکی شارەزاو رۆشنبیر بوو. زانینی زمانی عەرەبیو ئینگلیزیش یاریدەدەرێکی گرنگ بوون بۆ ئەوەی سەرمایەیەکی گەورەی رۆشنبیریو زانین پێکەوە بنێ.

گەلاوێژ لەسەرەتاوە رێبازێکی ئەدەبی، رۆشنبیری، مێژوویی، زمانەوانی ئەوتۆی گرت کە دەتوانین بڵێین هەموو یان بەشی زۆری نووسەرانو شاعیرانی ئەوسای کوردی، سەرەڕای جیاوازی بیرو بۆچونیان، لەخۆی کۆکردۆتەوە. هەر لە ساڵی یەکەمیەوە قەڵەمی نووسەرو شاعیرانی بەتوانای وەکو ئەمین زەکی بەگ، توفیق وەهبی، پیرەمێرد، رەشید نەجیب، شێخ مەحەمەدی خاڵ، رەفیق حیلمی، گۆران، بێکەس، بەختیار زێوەر..ی لەخۆی کۆکردەوە.

گەلاوێژ قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆی لەڕۆژنامەوانی‌ی کوردی‌دا دامەزراند، کەهەتا ئێستاش کاریگەریی ماوە.

گەلاوێژ لەرووی دابەشکردنی بابەتەکانیەوە لاساییکردنەوەی هیچ گۆڤارێکی تر نەبوو, لەو سەردەمەدا چەندین گۆڤاری گرنگ بەزمانی عەرەبی وەکو (الهلال)ی میسریو (ریدرز دایجێست)ی ئینگلیزی دەرچوونو گەیشتونەتە خوێندەوارانی کورد، بەڵام ئەم لەهیچیان ناچێ، بەڵکو دەتوانین بڵێین داهێنانێکی کوردی‌یە.

#### لەڕووی ناوەڕۆکەوە:

گەلاوێژ بایەخێکی تایبەتی داوە بەبژاری زمانی کوردی لەوشەی ناقۆڵای بێگانە. بەرێزمانو داڕشتنی کوردانەی رستە،

بەڕێنوس و گونجاندنی لەگەڵ تایبەتمەندیە جیاوازەکانی زمانی کوردی لەهی فارسی و عەرەبی.

گەلاوێژ بایەخێکی تایبەتی داوە بەلێکۆلینەوەی زانستیانەی مێژووی کوردو کوردانی بەناوبانگو بەزمانی کوردی و جواگرافیای کوردستان.

گەلاوێژ بایەخێکی تایبەتی داوە بەنوسینی بێگانە لەکورد، بەشە گرنگەکانی نووسینەکانی(سۆن، ریچ، مینۆرسکی، ئێدمۆندز، ئەلبێرت حۆرانی) کردۆتە کوردی.

لەبواری ئەدەبیدا، ئەگەر چی شیعری شاعیرە کلاسیەکانی کوردی فەرامۆش نەکردووە، شیعری ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، ئەحمەدبەگی کۆماسی، مەولەوی، نالی، کوردی، سالم، مەحوی و پیرەوانی چەرخی بیستەمی ئەم قوتابخانەیە وەکو بێخودو عەلی باپیر ئاغای بڵاوکردۆتەوە، بەڵام هاندەرێکی بەهێزی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بووە، چەندین شیعری نوێی گۆران و شاعیرانی تازەپێگەیشتووی ئەو سەردەمەی بڵاوکردۆتەوە.

لە پاڵ دیوانی گەلاوێژدا، هەموو ژمارەیەکی چیرۆکێکی وەرگێڕاوی تێدایە، بەشێ لەم چیرۆکانە هی چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانی جیهانن و یەکسەر لە ئینگلیزیەوە کراون بەکوردی. خۆیشی ٥ چیرۆکی تێدا بڵاوکردۆتەوە کە پاشتر لەکوێرەوەریدا کۆکراونەتەوە، گەلاوێژ یەکەمین گۆڤاری کوردی بووە بایەخێکی تایبەتی بەچیرۆک بدا، هەر ئەمەیش یاریدەدەرێکی بەهێز بوو بۆ چەسپاندنی نەریتی چیرۆکنووسین و پێگەیاندنی چیرۆکنووسی کورد.

ئەگەرچی گەلاوێژ گۆڤارێکی سیاسی نەبووە, بەڵام رۆڵێکی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی پێشکەوتنخوازیو دیمۆکراسیو کوردپەروەریدا، لەناساندنی کەسایەتی مستەفا کەمال، لینین، ستالین، مۆسۆلێنی، ماوتسی تۆنگ،. چیانکای شیکو، تەجروبەی خەباتی گەلان، بەتایبەتی خەباتی گەلی چین، بە خوێندەوارانی کورد، چەندین شیعری سیاسیشی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە (یاران) ی(برایم ئەحمەد) بۆشینی پێشەواو(ئەی نائومێدی) پیرەمێرد بە بۆنەی روخانی جمهوریەتی مەهابادو شینی ٤ ئەفسەرەکەو (داری ئازادی) بێکەس بە بۆنەی راپەڕینی کانونی ٤٨ ەوە.

### لەڕووی هونەری رۆژنامەوانیەوە:

گەلاوێژ لەڕووی قەوارەی لاپەڕەکانی و ژمارەی لاپەڕەکانی و خەتی ناونیشانەکانی و دابەشکردنی بابەتەکانیەوە لەماوەی ١٠ ساڵی تەمەنیدا دەسکاریەکی ئەوتۆ نەکراوە, ئەمەش نیشانەی راست و دروستی سەرەتاکەی و پاش دەسپێکردنێتی. ئەم

جۆرە درێژەپێدان و بەردەوامیە و دەرچوونی بەردەوامی لەکاتی خۆیدا بەرێکوپێکی، نەریتی ڕۆژنامەوانی دەچەسپێنێ.

ئەو دابەشکردنەی لەژمارەکانی ساڵی یەکەمیدا پێڕەوی کراوە لەدوا ساڵی تەمەنیشیدا دەتوانین بڵێین وەکو خۆی ماوەتەوە، بابەتی ئەدەبی، دیوانی گەلاوێژ، چیرۆکی ئەم مانگە، کورد لای بێگانە، لەباخی گوڵێک، قسەی نەستەق، پەندی پێشینان، بۆ پێکەنین، دنیا هەر لەپێشکەوتنایە، ئەوانەی نامرن و، وەکو خۆی ماوەو هەموو جار لەژێر پێڕستی بابەتەکانی دا نووسیوێتی گەلێ باسی خۆشی تریش دەخوێننەوە.

گەلاوێژ نەوەیەکی کوردینووس و شارەزای ئەدەب و زمان و مێژووی کوردی پێگەیاندو، لەسەردەمی خۆی و لەپاش داخستنیشی جێگەی ڕێزی روشنبیرانی کورد بووە.

لە کوردستانی عیراقدا، زۆری ڕۆشنبیرە ناسراوەکانی کورد بەپەرۆشەوە بەشدارییان لەنووسین و بڵاوکردنەوەی گەلاوێژدا کردووە، پیرەمێرد وەکو مژدەیەکی خۆش هەواڵی دەرچوونی نووسیوەو، یەکێ لەشیعرە بەرزەکانی بەم بۆنەیەوە پێشکەشی گەلاوێژ کردووەو، هەمیشە بەدەستە خوشکی خۆشەویستی ژیان ناوی بردەوەو، ساڵانە بالۆرەیەکی زۆر خۆشی بۆ نووسیوەو، بەبۆنەی داخستنیشیەوە شیوەنی بۆ کردووە.

لەپەنجاکاندا گۆڤاری هەتاوی گیوی موکریانی لەهەولێرو گۆڤاری هیوای یانەی سەرکەوتنی کوردان لەبەغداو, لەسەرەتای شەستەکاندا، گۆڤاری ڕۆژی نوێی جەمال شاڵی لەسلێمانی بەئاشکرا شوێنەواری گەلاوێژیان پێوەدیارە.

لەناو رۆشنبیرانی کوردستانی ئێراندا، گەلاوێژ برەوی زۆری هەبووەو، نووسەرو شاعیرەکانی ئەوسای کوردستانی ئێران بەخوشیەوە بەرهەمەکانی خۆیانیان بۆ ناردووە، لەوانە: سەید تاهیری هاشمی، یەدوڵڵای کەڵهوڕ، ناسری ئازادپور، ئیبراهیمی نادری، دڵشادی رەسولی، هەژار، هێمن، مەلا مەعروفی کۆکەیی.

### بەشی دووەم و کۆتایی

هەموو بڵاوکراوەکانی قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی موکریان، پێش دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لەمەهابادو لەسەردەمی دامەزراندنیدا بە ڕێزەوە ناوی گەلاوێژیان هێناوەو، لەژێر تەئسیری ناوەڕۆک و زمان و ڕێزمان و ڕێنوسی گەلاوێژدا بوون. هەر بەم بۆنەیەوە ناوی یەکێ لەقوتابخانە سەرەتاییەکانی مەهابادیان ناوە گەلاوێژ. گۆڤاری (نیشتمان) بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - ک و، گۆڤاری (هەڵاڵە)و گۆڤارەکانیتر لەدابەشکردنی بابەتەکانیو لەقەوارەی لاپەڕەکانیدا لاسایی

گەلاوێژیان کردۆتەوە.

گەلاوێژیش هەواڵی دەرچوونی نیشتمان و کوردستان و هەڵاڵەی نووسیوەو شیعرو نووسینی لێوەرگرتون و، بەبۆنەی لەسێدارەدانی قازی محەمەدەوە.

برایم ئەحمەد شیعرێکی لەگەلاوێژدا بڵاوکردۆتەوە کەبەیەکێ لە شا شیعرەکانی کوردی دادەنرێ.

لەناوکوردەکانی سوریاشدا گەلاوێژ ناسراو بووە. لەژمارەکانی رۆناهیو رۆژانوو هاواردا باسی وەکو یەکێ لەباشترین گۆڤارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە.

### ٤- ئیبراهیم ئەحمەدو رۆژنامەوانی نهێنی حزبی

لەناوەڕاستی چلەکاندا برایم ئەحمەد دامەزرێنەرو لێپرسراوی لقی کوردستانی عیراقی کۆمەڵەی ژ - ک بووە. ئەم رێکخراوە ئەگەر چی لقی رێکخراوێکی کوردستانی ئێران بووە، بەڵام لقی کوردستانی عیراقی بەرنامەی تایبەت بەخۆیو هەندێ بڵاوکراوەی هەبووە. بەداخەوە نوسخەی ئەسڵی هیچ کام لەو بەڵگانە ئێستا لەبەردەسدا نین تەنیا یەکێکیان لەم ساڵانەی دواییدا لەناو هەندێ بەڵگەی ئەمریکاییدا دۆزراوەتەوەو, خۆی جارێکیتر لەئینگلیزیەوە کردویەتیەوە بەکوردیو لەچریکەی کوردستاندا بڵاویکردۆتەوە. شایانی باسە ئەم بەڵگەیە لەنووسینی برایم ئەحمەد خۆیەتی.

دوای روخانی حکومەتی کوردستان لەمەهابادو بڵاوەلێکردنی حزبی دیموکرات، برایم ئەحمەد لەگەڵ هاوڕێکانی کۆدەبێتەوەو ژ - ک هەڵدەوەشێننەوەو هەندێکیان دەچنە ریزی پارتییەوەو هەندێکیشیان دەچنە ناو حزبی شیوعییەوە. برایم ئەحمەد دەچێتە پارتییەوەو دەبێتە لێپرسراوی لقی سلێمانیو، شان بەشانی ئامادەکردنی نووسینەکانی گەلاوێژ، بەشدار دەبێ لەنووسینەکانی رزگاریدا، کە ئەوسا بەنهێنی زمانی پارتی بووە. ساڵی ١٩٤٩ گیرا. بەم بەهانایە گەلاوێژیش داخرا.

دوای بەربوونی لەزیندان کۆنگرەی پارتی بەسترا لەو کۆنگرەیەدا بوو بە سکرتێری حزبەکە. لەو کاتەوە تا ١٩٦٤ کەپارتی تێدا بوو بەدووکەرتەوە زۆری بەرنامەکانو بەیانو بیرخەرەوەو سەروتارو وتارە سەرەکییەکانی ئۆرگانەکانی پارتی لەسەردەمی مەلیکیدا: رزگاریو خەباتی کوردستانو لە سەردەمی جمهوریدا: خەبات، برایم ئەحمەد نووسیونی.

لەسەردەمی مەلیکیدا، ناوەڕۆکی نووسینە سیاسیە نهێنییەکانی بریتی بوون لە:

- سازدان‌و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکو هاندانیان بۆ خەبات لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کوردو، داڕشتنەوەی پێوەندی برایانەی کوردو عەرەب لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی یەکتری‌و سەلماندنی مافی وەکیەکی بۆ یەکتری.

- پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی حزبە نیشتمانییەکانی عیراق.

- دژایەتی رژێمی شایەتی و رژێمی دەرەبەگی و کۆنەپەرستی نۆکەری ئیمپریالیزم، پەیمانی بەغدادو، دامەزراندنی رژێمی جمهوری.

- داواکردنی ریفۆرمی زەوی و چاککردنی ژیان و هەلومەرجی کاری کرێکاران‌و جوتیاران و، ئازادی دامەزراندنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان.

- پشتیوانی یەکێتی سۆڤێتی، و وڵاتانی سۆسیالیستی،و ئاشتی جیهانی، و بزووتنەوەی دەوڵەتانی بێلایەن.

وتارەکانی زۆری لەسەر ئەم بابەتانە بوون کە بۆ ئەو رۆژگارە لەگەڵ ئەرکە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکانی حزبێکی کوردی‌و, لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردا دەگونجان.

لەپاڵ ئەم نووسینە سیاسیانەدا، لەپەنجاکاندا، چەند وتارێکی زمانەوانی بۆ گۆڤاری(هیوا) لەبەغدادو گۆڤاری (شەفەق) لەکەرکوک نووسیوە.

### ٥- ئیبراهیم ئەحمەد و ڕۆژنامەی خەبات

تا ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ کورد لەعیراقدا ڕێگەی نەدەدرا حزبی سیاسی قانونی دابمەزرێنێ‌و, ڕێگەیش نەدەدرا ڕۆژنامەی سیاسی رۆژانە بەکوردی دەربکا. پاش ١٤ی تەمموز ئاسۆیەکی فراوانی بۆکرایەوە چالاکی حزبایەتی‌و ڕۆژنامەوانی بنوێنێ. برایم ئەحمەد داوای وەرگرتنی ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی سیاسی کوردی - عەرەبی کرد بەناوی (خەبات - النچال)ەوە بۆئەوەی بیرو بۆچوونی سیاسی پدک و هەڵوێستی لەڕووداوەکانی روون بکاتەوە.

ڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٥٩ یەکەم ژمارەی خەبات دەرچوو لەڕۆژی ٢٨ی مارتی ١٩٦١دا دوای دەرچوونی ٤٦٢ ژمارە داخرا، لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کوردیدا زۆر جار ڕۆژنامەی کوردی, تێکەڵاو لەکوردی و زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی دەرچووە.



سەرچاوە
Serchawe

هەموو ئەو رۆژنامانەی بە ٢ یان ٣ زمان دەرچوون، چەند لاپەڕەیەکی بەکوردیو لاپەڕەکانی تری بۆ زمانەکەی تر تەرخان کراوە، برایم ئەحمەد ئەم نەریتەی گۆڕیو لەباتی ئەمە سەرەتا هەندێ ژمارەی هەمووی بەکوردیو هەندێکی تری بەهەمووی بەعەرەبی دەردەکرد. دوایی ئیمتیازی رۆژنامەیەکی تری کوردی بە ناوی کوردستانەوە وەرگرتو خەبات هەمووی بوو بەعەرەبی.

خەبات، کێڵێکی بەرزو دیارە لەسەر رێی کاروانی رۆژنامەوانی کوردیدا بەزمانی عەرەبی لەپایتەختی عیراقدا، خاوەنی سەروەرییەکی گەورەیە لەمەیدانی داکۆکیکردنی قانونیدا لەمافە نەتەوەییەکانی کوردو، لەمەیدانی داکۆکیکردنی قانونیدا لەمافە دیموکراتییەکانی گەلی عیراق.

ئەوانەی کەبەدەستی ئەنقەست مێژووی کورد دەشێوێننو دەیانەوێ سەروەری هەندێ کەس بکەن بەژێر پەردەوەو سەروەری درۆ بەپاڵ هەندێکیتر بدەن، ناتوانن هەندێ راستی هەیە بیشارنەوە:

**راستیی یەکەم**: خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری خەباتی زمانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵانی ١٩٥٩ تا ١٩٦١ برایم ئەحمەد بووە. لەهەموو ژمارەیەکیدا ئەمە نووسراوە. لەهەمان کات برایم ئەحمەد سکرتێری حزبەکەیش بووە.

**راستیی دووەم**: بەشێکی زۆری سەروتارەکانی خەبات چ هی ئەو چەند ژمارەیەی بەکوردی دەرچوونو چ هی ئەو چەند سەد ژمارەیەی بەعەرەبی دەرچوون بەقەڵەمی برایم ئەحمەد نووسراون.

هەموو سەروتارەکانی خەبات تەرخانکراون بۆ پشتیوانی لەکۆماری عیراقی هاوبەشی کوردو عەرەبو، بۆ داوای سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردو، بۆ داوای پێشخستنی باری ئابووریو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی کوردستانو، بۆ داوای کۆتاییهێنان بەباری نائاساییو قۆناغی گوێزانەوەو دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی. لەسەر ئەمەیش خەبات توشی چەندین مشتومڕو نەبەردی رۆژنامەوانی بوو، کەلێرەدا پێویستە ئیشارەت بەلایەنی کەمەوە بە ٣ بابەتیان بدرێ.

نەبەردی یەکەم, یەکێ لەسەروتارەکانی خەبات تەرخان کرابوو بۆ مادەی دووەمی دەستووری کاتیی عیراقو گەلی کورد. مادەی دووەم دەیوت: عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب. برایم ئەحمەد بەمەنتیقێکی زانستی بەرپەرچی ئەم مادەیەی دایەوەو, نووسی: کوردو عەرەب بەپێی مادەی سێیەمی دەستور هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، گەلی عەرەبی عیراقو عیراقی عەرەبی بەشێکن لەنەتەوەو نیشتمانی عەرەبو گەلی کوردی عیراقو کوردستانی عیراق بەشێکن لەنەتەوەو نیشتمانی کورد.



سەرچاوە
Serchawe

لەسەر ئەم وتارە برایم ئەحمەد بەتوهمەی نانەوەی دووبەرەکی لەناو گەلی عیراقدا درا بەدادگا. ئەمە جاری دووەم بوو لەسەر بابەتێکی لەو جۆرە، کەداوای دارشتنەوەی پێوەندی کوردو عەرەبی دەکرد لەسەر بنچینەیەکی نوێ، بدرێ بەدادگا. جاری یەکەم ساڵی ١٩٣٧ کەتازە حقوقی تەواوکرد بوو لەسەر نامیلکەی (الاکراد والعرب)و جاری دووەم لەسەر ئەم سەروتارەی خەبات.

نەبەردی دووەم، بەگژاچونەوەی رەگەزپەرستەکانی عەرەب بوو، بە تایبەتی بەرپەرچدانەوەی ئەو وتارەی کەرۆژنامەی (الپورە)ی بەغدادی لایەنگری قاسم سەبارەت بەتواندنەوەی گەلی کورد لەناو بۆتەی نەتەوەی عەرەبیدا نووسی بووی.

نەبەردی سێیەم، ئەو وتارانە بوو کەداوای کۆتایی هێنانی دەکرد بەماوەی گوێزانەوەو ئازادی حزبایەتیو رۆژنامەوانیو دامەزراندنی ژیانی دیمۆکراتیو هەڵبژاردنی گشتی.

**راستیی سێیەم**: لەدەرکردنی رۆژنامەی خەباتی رۆژانەدا چەند کەسێ لەهاورێو هاوکارە نزیکەکانی برایم ئەحمەد بەنووسینی بەردەوام ناوەرۆکی خەباتیان دەوڵەمەند دەکرد، ئەگەر چی لەو کاتەدا لەسەرکردایەتی پارتیدا بوون، بەڵام دواتر کەسیان لەو حزبەدا نەمان کەخوالێخۆشبوو مستەفا بەرزانی سەرۆکایەتی دەکرد، بەڵام ئەوە ناوی ئەوان، و رەنج،و شەونخونییان بۆ دەرچوونی رێکوپێکی خەباتو تۆمارکردنی سەروەرییەکانی، ناسرێتەوە، لەوانە:

- جەلال تاڵەبانی, کەئەوسا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو بەرێوەبەری نەقابەی رۆژنامەوانەکانی عیراق بوو، بەناوی (پیرۆت)ەوە رۆژانە (یومیاتی) لە خەباتدا دەنووسی.
- حیلمی عەلی شەریف کە بەناوی (ئاسۆ)ەوە رۆژانە تەعلیقی سیاسی دەنووسیو، رووە لەیەکچووەکانی خەباتی کوردو خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی روون دەکردەوە.
- د. سەید عەزیزی شەمزینی کەرۆژانە بەشێکی لەکتێبە بەنرخە پڕ بەڵگەکەی سەبارەت بەمێژووی نوێی کورد لەرووسییەوە دەکرد بەعەرەبی.

### ٦- ئیبراهیم ئەحمەدو رۆژنامەوانی لەشاخ

بەبیانووی کوشتنی صدیق میرانەوە فەرمانی گرتن بۆ برایم ئەحمەد دەرچوو لەباتی ئەوەی خۆی بەدەستەوە بدا خۆی شاردەوە. پێوەندی کوردو حکومەتی قاسم بەتەواوی بەرەو تێکچوون دەچوو. لەمانگی ئەیلولی ١٩٦١دا شەرو پێکدادانی چەکدارانە لەنێوان جەیشی عیراقو کوردا دەستی پێکرد. دوای ئەوەی هیچ ئومێدی بەوە نەما کەگرژی پێوەندی کوردو



سەرچاوە Serchawe

قاسم خاو و، بارودۆخی کوردستان ئاسایی ببێتەوە، برایم ئەحمەد کە ئەودەم سکرتێری پارتی بوو، لەکانوونی یەکەمی ١٩٦١دا لەگوندی عەودالآن سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی کردو، لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا سەرکردایەتی جوڵانەوەکە بکەنو، لەجوڵانەوەیەکی ناڕێکوپێکی خێڵەکییەوە بیکەن بەجوڵانەوەیەکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو هاوچەرخ. هەروەها بڕیاری دەرکردنەوەی خەبات درا.

برایم ئەحمەد بارەگای(م. س)ی لەمالومە دامەزراندو کەوتە رابەرایەتی شۆڕشەکە. یەکێ لەوکارانەی بەسەرکەوتوویی ئەنجامی دا هێنانی دەزگای چاپ بوو بۆ شاخ. دوای شێخ مەحموود کەلە بیستەکاندا دەزگای چاپی بردە ئەشکەوتی جاسەنە لەسووداش، برایم ئەحمەد دووەم سەرکردەی شۆڕشگێڕی کورد بوو دەزگای چاپی لەئەشکەوتەکەی گردەڕەشی ماوەت دامەزراندو، کەوتەوە دەرکردنی خەباتی کوردی و عەرەبی و بەیان و بڵاوکراوەکانی پارتی بەم دەزگایە، زۆری ئەدەبیاتی سەرەکی پارتی لەم قۆناغەدا تا ساڵی ١٩٦٤ کەئیتر هەردوو باڵەکەی پارتی لە یەک ترازان، لەلایەن برایم ئەحمەدەوە نووسراون.

ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٦٦ برایم ئەحمەد لەتاران بوو، لەو ماوەیەدا چالاکییەکی رۆژنامەوانی یا سیاسی گرنگی نەبوو، تا گەڕانەوەی بۆبەغداد، ئەوسا دەستی کردەوە بەنووسینو لەڕۆژنامەی خەباتی باڵی م. س دا کە بەنهێنی لەسلێمانی چاپ دەکرا. تا ئیمتیازی رۆژنامەی عەرەبی (النور) وەرگیرا. خاوەنی ئیمتیازی (النور)کە لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٨ دەرچوو لە، ٢٩ی مارتی ١٩٧٠ داخرا، خوالێخۆشبوو حیلمی عەلی شەریفو سەرنووسەرەکەی خوالێخۆشبوو عومەر مستەفا بوو. (النور) کەڕۆژنە لەبەغدادی پایتەختی عیراقدا بەزمانی عەرەبی دەردەچوو، مینبەرێکی کوردی زوڵاڵ بوو بۆ داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد. برایم ئەحمەد لە النوریش دا چەندین سەروتاری گرنگی سەبارەت بەخواستە نەتەوەییەکانی کورد نووسی.

هەر لەو سەردەمەدا بو حزبی بەعس هەندێ لەمافەکانی کوردی سەلماند. محافەزەی دهۆکی دروستکرد. جامیعەی سلێمانی دامەزراند. نەورۆزی کرد بەجەژنی رەسمی عیراق. رێگەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردیدا. ئیجازەی دەکردنی چەندین گۆڤارو رۆژنامەی کوردیدا. زۆری کاربەدەستەکانی شارەکانی کوردستانی لەکورد تەعین کردو ژمارەیەکی باشی کوردی لەکولیەی عەسکەریو شورتە وەرگرت.

کەبەیانی ئازاری ١٩٧٠ خوێندرایەوە برایم ئەحمەد بۆ تیماری نەخۆشی لەلەندەن بوو، دوای گەڕانەوەی بۆ عیراق هەردوو باڵەکەی پارتی یەکی گرتەوەو مانگی شوباتی ١٩٧١ لەسەر داوای بارزانی، برایم ئەحمەد چوو لەبارەگای بارزانی دانیشت، ئیتر خۆی لە کاروباری حزبییەوە نەگلاندو، بەدڵسۆزیو لەخۆبڕانەوە خزمەتی جوڵانەوەکەی دەکرد، لەو ماوەیەدا هەندێ



سەرچاوە
Serchawe

وتاری تیۆریی دەربارەی پێوەندی کوردو عەرەب نووسیو، لەگۆڤاری کادردا بڵاوکرایەوە. ئەو وتارانە هەتا ئێستاش نرخی سیاسی‌یان ماوە.

مانگی ئازاری ۱۹۷۵ کەرێککەوتنی جەزائیری شا - سەددام ئیمزا کرا، برایم ئەحمەد لەشاخ لایەنگری مانەوەو موقاوەمەت بوو، کەئاشبەتاڵکرا بەماڵەوە چووە, ئێران و لەوێوە کۆچی یەکجاری کرد بۆ لەندەن. ئیتر وەکو کەسایەتیەکی سیاسی سەربەخۆی خاوەن تەجروبەی دڵسۆزی کێشەی کورد کەوتە چالاکی.

کاتێ کەشۆڕشی نوێی حوزەیرانی ۱۹۷٦ بەڕێبەرایەتی یەکێتی هەڵگیرسایەوەو، ناکۆکیەکانی یەکێتی تازە دامەزراو و (ق. م) پارتی تەقیەوە، هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی جارێکی‌تر ناکۆکی لەناو کوردی عیراقدا دروست نەبێتەوە. هەوڵێکی زۆریدا، بەنامەو بەتەلەفۆن، لەگەڵ خوالێخۆشبوو بارزانی، ئەو کاتەی کەهێشتا لەکەرەجی نزیک تاران و کاتێ بەنەخۆشی لە ئەمریکا بوو، بۆ ئەوەی تەبایی بگێڕێتەوە بۆ ڕیزەکانی کورد، هەوڵەکانی سەری نەگرت.

هەر لەو ماوەیەدا کەنیشتەجێی لەندەن بوو، (چریکەی کوردستان)ی دامەزراند، لەبەرئەوەی لەم تەقەلایەدا خۆی تەنیا بوو، بەو تەمەنەوە نەیتوانی بەڕێکوپێکی درێژەی پێبدا.. بەڵام ئەو چەند ژمارەیەی دەری کردوون چەندین وتاری سیاسی‌و ئەدەبی و زمانەوانی‌یان تێدایە.

لێرەدا پێویست ناکا دەوری برایم ئەحمەد لەدامەزراندنی قوتابخانەکانی ڕۆژنامەوانی کوردیدا لەگەڵ هی کەسی‌کە بەراورد بکرێ، بێگومان برایم ئەحمەد یەکێ بوو لەگەورەترین ڕۆژنامەوانەکانی کوردو، ناوی ئەو لەمێژووی ڕۆژنامەوانی ئاشکرای ئەدەبی‌و سیاسی‌و، لەڕۆژنامەوانی نهێنی ژێر زەمینی شارو، لەڕۆژنامەوانی شۆڕشگێڕی شاخدا بەنەمری دەمێنی.

لەکۆتایی‌دا دەڵێم:

گیانی مامۆستا برایم ئەحمەد شادو, یادی هەمیشە زیندو بێ!

سلێمانی, بەیانی ١٦ی مایسی ٢٠٠٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ و ١٥ی جوولای ٢٠١٧

-----------------------------------------------

## ڕێبازەکەی مامۆستا ئیبراهیم



**بارزان شێخ عوسمان**

لە ڕێی نووسینو توێژینەوەو لێدوانو موحازەرەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدەوە ئەو ڕاستییە لای هەمووان بە تەواوی بەرجەستە دەبێت، کە فیکری مامۆستای نەمر ڕێبازێکی مەزنی کوردایەتییو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازە لەسەر بنەمایەکی یەکسانیی مرۆڤایەتییو وەک یەکییو دروستکردنی نەتەوەیەکی یەکگرتووی ئازادو سەربەخۆ ڕووناکبیر. نەوەکانیشی هانداوە کە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، هەرگیز سڵ نەکەنەوە لە قوربانیدانو خۆڕاگرییو پشوودرێژییو نوچ نەدان.

ئەو ڕێبازە مەزنەی ئەم سیاسەتمەدارە هەڵکەوتووە بلیمەتەی گەلەکەمان لەو کاتەوە بەرنامەی بۆ داڕشتووە کە شانی داوەتە بەر سەختییەکانی دنیای سیاسەت کە لەڕێی ئەدەبو ڕووناکبیرییەوە دەرگاکەی کردۆتەوە.

سەرەتا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی نەمر بواری ڕۆژنامەگەرییو ئەدەبیو شیعریی کردۆتە دەلاقەو دەرفەتێک بۆئەوەی ئەو پەیامە مەزنەی بگەیەنێت بە ڕۆڵەکانی گەلو بەو ڕێبازە سیاسییو فیکرییەیان ئاشنا بکات کە مەبەستی بووە بیکاتە بناغەی خەباتو تێکۆشان بۆ ڕزگارییو سەرفرازییو چەسپاندنی مافە ڕەواکانی نەتەوەییو نیشتمانییو چینایەتیی گەلەکەمان کە مرۆڤ پەروەرییو ئینسان دۆستیی یەکێک بووە لە سیماو خەسڵەتەکانی ڕێبازە مەزنەکەی ئیبراهیم ئەحمەد.
مامۆستای نەمر کە هاتۆتە مەیدانی خەبات بەرچاوڕوونییەکی تەواوو هەمەلایەنی هەبووە بۆ ئەرکەکانی خەباتی ئەو قۆناغە خاوەن فیکرێکی سیاسییو ستراتیژیی بووە، ئەمەش زەمینەی بۆ سازگارکردووە بۆ هاندانو فێرکردنی ڕۆڵەکانی گەلو کۆکردنەوەیان لە دەوری ڕێبازێکی مۆدێرن لەپێناوی ڕزگارییو چەسپاندنی پایەکانی دیموکراسیو بەدیهێنانو سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەییو چینایەتییمان. مامۆستای نەمر ویستو خواستی ئەوەبووە کە نەوەیەک پێ بگات پڕ چەک بێت بە فیکری سیاسیی پێشکەوتنخوازی هاوچەرخ، نەوەیەکی کۆڵنەدەرو پشوودرێژ پێبگات کە بە وریاییو ئاگاییو بیری سیاسییو هوشیارییەوە مامەڵە بکات لەتەک ڕووداوو پێشهاتەکانداو فێری مقاوەمەتی شۆڕشگێرانە بنو شێوەکانی خەباتکردنو لەکاتو ساتو هەلومەرجی خۆیدا بەکاربهێننو پەیڕەوی بکەن، نەوەیەک پێبگات کە ئاگاداری



سەرچاوە
Serchawe

مێژووی خۆیو نەهامەتییو بەسەرهاتەکان بێتو پەندو وانە لە هەڵەکانی رابردوومان وەربگیرێت.

نەوەیەک دروست ببێت کە زمانی دیالۆگو لۆجیک بکاتە سەرمەشقی خەبات بۆ یەکلاییکردنەوەی هەر کێشەو ئاستەنگێکو هەوڵبدات بۆ یەکخستنەوەی نەتەوەیی لەهەموو بەشەکانو خەباتشیان بۆ ئەو ئامانجە چڕ بکەنەوە تا حوکمڕانانی نەتەوەی سەردەست چیتر کورد بە برا بچووک سەیر نەکەنو خۆشیان بە براگەورە، نەوەیەک. بێتە ئاراوە کە شانازیی بە زمانو ئەدەبی کوردیی بکاتو شارەزای زمانەکانی تریش بن بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانیانو چەندین پەیامو ئامانجی مەزنی تر.

کەواتە رەواو هەقە هەمیشە خۆمان بەقەرزاری ئەم سەرکردەو بیرمەندە سیاسیی، قانونیی، ئەدیبو رۆژنامەنووسو پێشمەرگەیە بزانین و شانازیی بکەین بەوەی رێبواری بەوەفای رێبازە مەزنەکەیین، کە هەمیشە ئامۆژگاریی کردووین تەبایییو برایەتییو خۆشویستن یەکێک لە پایەکانی خەبات بێت لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستانو دروستبوونی نەتەوەیەکی یەکگرتووی ئازادو رۆشنفکر، هاتنە ئارای کوردستانێکی ئارامو ئۆقرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## پەلکەزێڕینەی خەبات و داهێنان



دووتوێیەکی فۆتۆییە بۆ ١٧ یەمین ساڵڕۆژی کۆچیدوایی مامۆستا برایم ئەحمەد - بلە

**ئەو پیاوەی لە زڕەی زنجیر دڵی نەلەرزی**

**کوردستانی نوێ**

برایم ئەحمەد لە ٦ - ٣ - ١٩١٤ لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی لەدایکبووە، ڕەمزی فەتاح کە ئەفسەرێکی کورد بووە و مامی مامۆستا برایم ئەحمەد بووەو کاریگەری زۆری لەسەر ڕۆشنبیر بوونی برازاکەی هەبوو، هەربۆیە زوو ڕەوانەی قوتابخانەی دەکات. ئەم کاریگەرییەی مامی تا قۆناغەکانی دواناوەندی خوێندنی هەربەردەوام بوو، لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری بەغدا کۆلیژی یاسا تەواودەکات. هەر زوو مامۆستا برایم ئەحمەد لە شاری سلێمانی گوێی لە سرووود و هۆنراوەی نیشتمانپەروەران و هەواڵی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر بووە، هەروەها بۆردومانی شاری سلێمانی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە کاری تێکردووە، جگە لەو هەلومەرجە تایبەتییەی ئەوکاتەی سلێمانی، (مامە ڕەمزی) یشی ڕێبەرایەتی کردووە بۆ ئاشناکردنی بەخەباتی رزگاریی و نەتەوایەتیی. لە ساڵانی سییەکاندا و لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کوردی لە بەغدا گروپێکی پێکهێناوە بەناوی (لاوانی کورد) و گۆڤارێکیشی بەناوی(دیاری لاوان) بڵاوکردۆتەوە. مامۆستا برایم ئەحمەد بەدامەزرێنەر و لێپرسراوی (ژ - ک) لە باشووری کوردستان دەناسرێت، کە سەر بەمەڵبەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە، کە سەروەری دامەزراندنی کۆماری کوردستان - مەهاباد ١٩٤٦)ی هەیە، لەگەڵ هەڤاڵەکانی دا توانیبووی لە زۆر ناوچەی کوردستان لق بۆ (ژ - ک) و پاشان بۆ (حدک) بکاتەوە. پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٧دا مامۆستا برایم ئەحمەد بەسەرۆکی لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

لە ساڵی ١٩٤٨ پاش ئەوەی دەسەڵاتداری ئەو کاتەی عێراق کەوتە گیانی شۆڕشگێڕانی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک بەندکرا. ئەو کاتەی ئازادکرا تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ی

عێراق ڕێگای خەباتی نهێنی گرتەبەر. لە شوباتی ساڵی ١٩٥١ لە میانەی کۆنگرەی دووەمی پارتی لە شاری بەغدا بەکۆی دەنگ کۆنگرە برایم ئەحمەدی بەسکرتێری گشتی پارتی هەڵبژارد. هەر لە میانەی هەمان کۆنگرەدا لەسەر پێشنیازی ئەو ناوی (پدک) گۆڕدرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێراق. لە هاوینی ساڵی ١٩٥١ لەسەر کار و چالاکی ڕامیاریی لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووک گوێزرایەوە. لە ساڵی ١٩٥٣ کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێبەرایەتی برایم ئەحمەد کرا و لەم کۆنگرەیەدا دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتان و لاوان و قوتابیان پەسەندکرا. لە ساڵی ١٩٦١ برایم ئەحمەد وەک سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات کاری دەکرد، پێش داخستنی ڕۆژنامەی خەبات و هەڵگرتنی مۆڵەتی پارتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١ ناچاربوو شاری بەغدا بەجێبهێڵێت و خۆی بشارێتەوە. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول ڕوویکردۆتە شاخ و لە ڕووی ڕامیارییەوە شۆڕشەکەی بەڕێوەبردووە. لە ساڵی ١٩٦٤ تا ساڵی ١٩٧١ سکرتێری باڵی (مەکتەبی سیاسیی) پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، پاش هەرەسی شۆڕشەکە ڕوودەکات هەندەران و زۆربەی ژیانی لە شاری لەندەنی پایتەختی بریتانیا گوزەراندووە. ژیانی وێژەیی و ڕۆژنامەوانی برایم ئەحمەد هەر لە سەرەتای ژیانییەوە دەستی داوەتە کاری نووسین و ڕۆژنامەوانی، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لە ڕۆژنامەی (ژیان) دا کاریکردووەو نۆبەرەی نووسینەکانی لەوێ بڵاوکردۆتەوە. لەبەر شارەزایی نووسین مامۆستا (پیرەمێرد)ی شاعیر و خاوەنی ڕۆژنامەی ژیان لە نووسینێکدا ستایشی برایم ئەحمەد دەکات و دەڵێت: «ژیان چاوەڕێی ئەم کوردییە ڕەوانەیە، پیرەمێردیش بەهیوای نەوجەوانانە. کاتێکیش خوێندن تەواو دەکات، دیسان پیرەمێرد باسی دەکات و دەڵێت:

«لە خوێندەوارە هەڵبژێردراوەکانمان ئیبراهیم ئەحمەد کە کۆلێژی مافی تەواوکردووە.. هتد.» لەساڵی ١٩٣٩ بۆ ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی گۆڤاری (گەلاوێژ) دەردەکەن، هەربۆیەناچار دەبێت لەساڵی ١٩٤٤ دەست لەکاری میریی هەڵبگرێت.

ساڵی ١٩٤٧ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ خاتوو(گەلاوێژ - ساجیدە ساڵح فەتاح) دا پێکهیناوە و لە ئاکامی تەمەنی هاوسەرێتییان دوو کوڕ و شەش کچیان بووە بە ناوەکانی (هەڵۆ، هاوڕێ، هێرۆ، شاناز، هەتاو، لیلۆز و مژدە).

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (رزگاری) پێبەخشرا و هاوکاتیش بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەی (خەبات)یش دەکرد. برایم ئەحمەد بێجگە لەو ڕۆژنامانەش خاوەنی ڕۆژنامەی (کوردستان)یش بوو، کە جەلال تاڵەبانی زاوای سەرنووسەری بووە. بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێکی بەڕووی دەسەڵاتدارانی عێراق دا، خەبات و کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ داخران و فەرمانی زیندانیکردنیش بۆ برایم ئەحمەد دەرچوو. لە گۆڕەپانی وێژەشدا برایم ئەحمەدی نووسەر و پارێزەر چەندین کاری بەنرخی نووسیوە، ئەویش بەچەند شاکارێکی بەنرخ وەک (ژانی گەل، کوێرەوەری، دوا تیری کەوان و هتد). نامیلکەی (الاکراد و العرب)یش کە لە ساڵی ١٩٣٧ بەعەرەبی نووسیوێتی


هەوڵێک بووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب لە وڵاتی عێراق دا.

برایم ئەحمەد لە تەمەنی ٨٦ ساڵییدا لەکاژمێر پێنجی ئێوارەی ٨ - ٤ - ٢٠٠٠ لە شاری لەندەن کۆچیدوایی کرد. تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ هەرێمی کوردستان و ڕۆژی ٢١ - ٤ - ٢٠٠٠ لە ڕێوڕەسمێکی شایستە و شکۆدار دا لە گردی سەلیم بەگ لە شاری سلێمانی بەخاک سپێردرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٧

---------------------------------------------

**چالاکییەکانی ١٧ـەمین ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا برایم ئەحمەد**




ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتی «بلە»

دوێنێ ٨ - ٤ - ٢٠١٧ لەهۆڵی تەلاری هونەر لە سلێمانی ١٥ یەمین ڕێوڕەسمی تایبەت بە دابەشکردنی خەڵاتی زێڕینی بلە بەڕێوەچوو.

پاش ساتێک وەستان بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدان، خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد وتارێکی پێشکەشکردو تێیدا جەختی لەوەکردەوە کە ساڵ لەدوای ساڵ کارو ئەرکی ڕێکخراوەکەیان قورسو سەختتر دەبێت لە دەستنیشانکردنی کەسانی نموونەییدا، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، «کەسانی نموونەیی هەزاران هەزارن لەناو گەلە نموونەییەکەماندا.

خاتوو شاناز بەئاماژە بۆ دۆخی ئێستای هەرێم رایگەیاند: ئەگەر نانو ئازادیی وەک پێویست هەبوایە، بۆ دەبوو لەساڵی

٢٠١٧ دا باس لەبرسێتیو نەبوونی سەروەریی یاسا بکەین؟، راشیگەیاند: دوای ٨٨ ساڵ تازە مشتومڕمانە لەسەر ئەوەی بەشێک لە داهاتی کەرکوک بدرێتەوە بەشارەکە، یان دوای ئەو هەموو ساڵە هێشتا بەشێوەیەکی شەرمنانە داوای مۆڵەت دەکەین بۆ ریفراندۆم، لەکاتێکدا لە چلەکاندا ئیبراهیم ئەحمەد بە کۆمیساری بەریتانیای وتبوو، بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی وەک هیندستان پێویست ناکات پرس بە ئێوە بکەین.

پاشان دەستکرا بە دابەشکردنی خەڵاتی زێرینی بلە بەسەر کەسانی نموونەیی دەستنیشانکراودا، لەوانە:

خەڵاتی یەکەم وەک دایکو ژنی تێکۆشەرو زیندانی سیاسیی نموونەیی بەخشرا بە خاتوو «مەحبوبە تەها قادر، بەڵام بەهۆی دۆخی باری تەندروستییەوە خاتوو مەحبوبە نەیتوانی لە رێوڕەسمەکەدا بەشدار بێت، هەربۆیە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم رۆژی هەینی لە هەولێر سەردانی ماڵیانی کردوو خەڵاتەکەی پێبەخشی.

دووەم خەڵاتی زێرینی بلە بەخشرا بە هونەرمەندی شەهید عەبدولقادر جەلال محەمەد، ناسراو بە قادر کابان، خەڵاتەکەش لە لایەن خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدەوە بەخشرا بە خاتوو نەسرین حاجی کەریم هاوسەری شەهید.

خەڵاتی سێیەم وەکو فۆتۆگرافەر بەخشرا بە دۆستی گەلەکەمان فێردیناند هێنا بیجلە، کە لەلایەن عەلی عوسمان پارێزگاری هەڵەبجەوە بە وەکالەت پێشکەشیکرا.

خەڵاتی چوارەمی بلە پێشکەشکرا بە مۆزەخانەی سلێمانی وەک دامەزراوەیەکی کلتوریو فەرهەنگی، هاشم حەمە عەبدوڵڵا لەبری بەڕێوەبەرایەتی مۆزەخانە خەڵاتەکەی وەرگرت،و حەمە تۆفیق رەحیم وەک کەسایەتی سیاسیی خەلاتەکەی پێبەخشی.

خەڵاتی پێنجەم بەخشرا بە د. مایکڵ دۆناڵد هیوسن وەک پزیشکی خۆبەخشو خەلاتەکەش لەلایەن د. جەمال ئەحمەد رەشید ەوە پێشکەشکرا.

خەڵاتی شەشەمو کۆتایی بەخشرا بە رۆژدا فەلات فەرماندەی هێزی ئازادکەری رەقە، لەبری خاتوو رۆژدا، خاتوو لەیلا هاوسەرۆکی نوێنەرایەتیی بەڕێوەبەرێتیی خۆسەریی لەهەرێم خەڵاتەکەی وەرگرت کە لەلایەن عەقید ناهیدە فەرماندەی فەوجی ژنان خەڵاتەکەی پێبەخشرا.

### هەڵمەتی چاندنی نەمام

دوێنێ ٨ - ٤ - ٢٠١٧ لە پارکی هەواری شار لەشاری سلێمانی بە ئامادەبوونی خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) و خاتوو (شاناز ئیبراهیم ئەحمەد) و ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆشنبیرانی شاری سلێمانی رێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن هەستا بەناشتنی ژمارەیەکی زۆر نەمام لەپارکی هەواری شار وەک وەفایەک بۆ شەهیدانی شەڕی داعش.

### چاپکردنەوەو بڵاوکردنەوەی «گەلاوێژ»

ئێوارەی رۆژی ٦ - ٤ - ٢٠١٧ بەئامادەبوونی خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) وخاتوو (شاناز ئیبراهیم ئەحمەد) لێپرسراوی ناوەندیدەرەوەی (ی.ن.ک) و ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆشنبیران، لەبنکەی ژین لەشاری سلێمانی، لەمەراسیمێکی شایستەدا رێورەسمی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ بەڕێوەچوو کە کتێبە کە لەلایەن (سدیق ساڵح، رەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە) ئامادەکراوە.

سەرەتای مەراسیمەکە بە چەند دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستپێکرد، دواتر لەلایەن (د. سدیق ساڵح) باس لەگرنگی گۆڤاری گەلاوێژو رۆڵی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کرا لەو سەردەمەدا، پاشان فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر گۆڤاری گەلاوێژ پێشکەشکرا.

### دوو بەرهەمی رۆژنامەگەریی برایم ئەحمەد

لەدرێژەی ئەو مەراسیمەی بۆ ناساندن و دابەشکردنی بەرهەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد بەڕێوەدەچێت رۆژی ٥ - ٤ - ٢٠١٧ لە کۆفی نێتی ئەمنەسورەکە هەردوو بەرگی (مجلە صرخە کردستان) کە دوا بەرهەمی رۆژنامەگەری مامۆستا برایم ئەحمەدە و نەوزاد عەلی ئامادەو پێشکەشیکردووە ناسێنراو بەسەر ئامادەبوواندا دابەشکرا.

نەوزاد عەلی ئامادەکاری کتێبەکە لە لێدوانێکیدا بەوبۆنەیەوە رایگەیاند: ئەمە گۆڤارێکە هەوڵمانداوە کۆی بکەینەوە، بەگوێی زانیاریەکانمان ژمارەکانی بە دەستی چەند کەسێکی کەم گەیشتبوو، ئەم کتێبە دوو بەرگەو هەر٥ ژمارەکەی (مجلە صرخە کردستان) لە خۆ دەگرێت، لە بەرگی یەکەمدا ژمارەکانی ١ و ٢ و ٣ مان داناوە، لە بەرگی دووەمیشدا ٤ و ٥ کە ژمارەیەکی دوانەن دامانناوە، سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبەکەش وتی: وەک مامۆستا برایم ئەحمەد دەڵێت ئەمە گۆڤارێکی بەڵگەنامەییە و بۆ جیهانی عەرەبی ئاراستە کراوە، بۆ ئەوەی بزانن کەچی دەربارەی رۆژنامەوانی کوردیدیدا وتراوە،


دەربارەی ئەوەی کە ئەم کتێبە چ پەیوەندیەکی بە مامۆستا برایمەوە هەیە، نەوزاد عەلی وتی: گۆڤارەکە مامۆستا برایم دەریکردوە، هەرچەند ناوی مامۆستای لەسەر نیە، لێکۆڵەر دەبێت سۆراخ بکات بۆ ئەوەی بگاتە راستیەکان، منیش دوای ئەوەی کە چەند نامەیەکی دەستنوسی مامۆستا برایم ئەحمەدم بینی کە لەسەری نوسرابوو؛ گۆڤارێکم لە لەندەن دەرکردوە وەک پاشکۆیەک بۆ (مجلە صرخە کردستان)، ئەم گۆڤاری چریکەش لە لەندەن مامۆستا بە زمانی کوردی دەریکردوە و درێژە پێدەری گۆڤاری گەلاوێژە، ئەوەش روونە کە مامۆستا برایم ئەحمەد نوسیویێتیەوە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆ بە زمانی عەرەبی کتێبەکەی چاپ کردوە، نوسەری سرخە کوردستان وتی: گۆڤارەکە بە زمانی عەرەبی دەرچوە و گۆڤاریش وەرناگێردرێت، هەروەها ویستوشمە پەیامەکانمان بگاتە کەسانی عەرەب و ئەوانەشی عەرەبی دەزانن.

جێی باسە گۆڤاری سرخە کوردستان لە شاری لەندەن لە نێوان ساڵانی ١٩٨١ - ١٩٨٦ دەرچوە، گۆڤارەکە ٥ ژمارەی بە زمانی عەرەبی و وەک پاشکۆی چریکەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، ئەم گۆڤارە گرنگی داوە بە بابەتە بەڵگەنامەیەکان و بە دەست چاپ کراوە، تەنها لە ژمارەکانی چوار و پێنجدا وێنەی تیایدا دابەزیوە، ئەویش نەخشەی کوردستان بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١٧

----------------------------------------

## پێناسەیەک بۆ کتێبی "برایم ئەحمەد و ستراتیژییەتی دەق"




ژینۆ عەبدوڵڵا

هەموو ئاگاداری ئەو ڕاستییەین کە برایم ئەحمەد هەڵگری چەندین پەیام وکارنامەی سیاسی و فیکری و ئەدەبی وشیعرییە.هەمووشیانی لە بازنەی کوردایەتیدا کۆکردۆتەوە. لەلایەکی تریشەوە هەموویانی لە پێناو گۆڕینی ئاڕاستە بیرکردنەوەییەکانی تاک وکۆمەڵگا بەتایبەتی لەزەمەنە تاریکەکانی ژیانی هاوچەرخی کوردیدا. ئەم کتێبە،برایم ئەحمەد و ستراتیژییەتی دەق، لەنووسینی ئەکادیمی وڕەخنەگر پ.د.زاهیر لەتیف کەریم، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی زانیارییە شاراوە و

پێویستییەکانی ئەو زەمەنە ئەویش لەرێگەی دەقە شیعرییەکانی شاعیر و ئەو رێبازە رەخنەییەی کەلەکتێبەکەدا بەکارهاتووە. بەمەش پێناسەکەمان بۆ ئەم کتێبە پشت بەناوەرۆکی ناونیشانەکان دەبەستێت کەلەکتێبەکەدا بەهەشت بەش هاتووە وەک:

١- فەرهەنگی شیعری.لەم لێکۆڵینەوەیەدا فەرهەنگ دوور دەکەوێتەوە لەپێکهاتە زمانییەکان و لەجیاتی ئەمە دەچێتە نێو ئامادەبوونی مانا جۆراو جۆرەکانەوە. ئەمەش بەیارمەتی:

أ شێوازە ئامارییەکانی و وشە و برگە و دووبارەبونەوەیان کەدواتر هەڵسەنگاندنێک لەکەسێتی و شوناسی شاعیر نیشان دەدات.

ب- جەمسەری چەندێتی و چۆنێیەتی و وشە و برگەکان.

ج- دراوسێیەتی نێوان فەرهەنگی زمانی وبنەما سیمانتیکەکانی ووشە وبرگەکان.

٢- رەهەندە زەمەنییەکان.لەم لێکۆڵینەوەیەدا نووسەر جەختی لەسەر دامەزراندنە زەمەنییەکان دەکات کەهۆکار و بزوێنەری بابەتەکانە بەجیاوازی زەمەنەکان وەک:

أ- زەمەنی فینۆمینیا کەمەرج نیە لەواقیعدا روویان دابێت بەڵام لەهەمان کاتیشدا بابەتەکانی نامۆ نین بەتاک وکۆمەڵگا.

ب- زەمەنی ئینترۆپۆڵۆژیا کەهەستەکان سەرچاوەیەکی هەرە گرنگی زانیارییەکانە وەک ئەوەی هەستەکان رۆڵی عەقڵەکان ببینێت.

ج- زەمەنی زمانی کەئەزموونی تاکەکان لەرێگەی زمانەوە بەدەردەکەوێت ودواتر ئەو ئەزموونە لەبازنەیەکی دیاریکراوی جێگەیی دەگوێزرێتەوە بۆ بازنەیەکی فراوانتر وبەمەش زۆرینە زیاتر سوود لەو ئەزموونە وەردەگرن.

د- زەمەنی دەقاودەق بەوەی رووداوەکان مانای زەمەنەکان دەخوڵقێنن.

ه- زەمەنی گێڕانەوە کەپشت بەزەمەنی لۆژیک وئەندازەییە زەمەنییەکان دەبەستێت.واتە گەڕانەوە بۆ زەمەنی مێژوویی وفیزیکی وواقیعی بابەتەکان.

٣- شیعرییەت و سیاسەت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا نووسەر جەخت لەسەر دوو پەیوەندی سەرەکی دەکات کەرەخنەگر تۆدۆرۆڤ پێشتر کاری لەسەر کردوون، ئەوانیش؛

**یەکەم؛** پەیوەندی ئامادەیی لەنێو پێکهاتە کتوپڕییەکاندا کەدواتر دەبنە رووداوێکی مێژووی کاریگەر بۆ زەمەنەکان.

**دوهەم؛** پەیوەندی نائامادەیی لەنێو پێکهاتە و ونبووەکاندا یان لەیادچووەکاندا. ئەم دوو پەیوەندییە هۆکارن بۆ خوڵقاندنی پێکهاتە سەرچاوەیی و دەقاودەقی و میتریاڵی و بونیادی و زەمەنییەکان.

٤- سیمانتیکای پەیوەستێتی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا نووسەر ئاماژەی بەدوو جۆر لەکەسێتی کردووە.

**یەکەمیان؛** کەسێتی داخراو کەبرایم ئەحمەد گەلێک دوورە لەم کەسێتییەوە بەوپێیەی ئەم کەسێتییە تەنها باوەڕیان بەخۆیانە و هیچ بایەخێک بەبەرامبەرەکان نادەن تەنانەت گەر ڕاستیش بکەن. هەروەها ئەم کەسێتییە لەبنەڕەتدا لەجۆری شەرمنییە و هێزی جەربەزەیی تێیدا زۆر لاوازە.
**دوهەمیان؛** کەیەکدەگرێتەوە لەگەڵ کەسێتی برایم ئەحمەد بریتیە لەکەسێتی کراوە. ئەم کەسێتییە، لەپێناو سەرخستنی ئامانجە پیرۆزەکان، پشت بەسەرجەم خودەکان دەبەستێت. ئەم کەسێتییە دەرئەنجامی تیۆری تەقەلاو هەڵە دروست دەبێت. ئەم تیۆرەش لەسەر بنەمای هەستکردن و تێگەیشتنی شتەکان بونیاد دەنرێت کەخودێکی وەک برایم ئەحمەد دەرئەنجامی هەستکردن بەمەسەلە وشتە گرنگ و هەستیارەکان و هەروەها تێگەیشتنی بۆ ئەو مەسەلە وشتانە جووڵەیەک بەبابەت وبەرژەوەندییە ئایدیاڵیزمییەکانی خودە هاوشێوەکان دەدات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەبرایم ئەحمەد لەڕێگەی کەسێتییەکەیەوە دەیەوێت ئاڕاستەی مەسەلە و خودەکان بگۆڕێت ئەویش لەپێناو سڕینەوەی ئاسەواری گەندەڵییەکان کەجۆری یەکەمی کەسێتی(داخراوەیی) بەرپرسیاری سەرەکی ئەم گەندەڵییە. ئەم کردارەی برایم ئەحمەد گوشارێک دەخاتە سەر ئاستی بیرکردنەوە وڕاڤەکردنی خوێنەری کورد تا دەربازیان بێت لەجۆری یەکەمی کەسێتی.

٥- سیمانتیکای ناونیشان. لەم بەشەدا نووسەر بەپێی تیۆرە سیمۆلۆژیاکان گرنگی تەواوی بەووردەکارییە شاراوەکانی ناونیشانی دەقەکانی برایم ئەحمەد داوە تەنانەت ئەو دەقەشی کەناونیشانی نیە کەدەڵێت:

کوردی بێ کەس بەسیە هەستە و تێپەڕی هەنگامی شەو
ڕۆژی ئازادیت ببینە وتا نەمێنێ سامی شەو
خوێن بڕژە،لەش بنێژە،قەد مەچێژە تامی خەو
چونکە قوربانی ئەوێ،هەڵهاتنی رووی ڕۆژی نەو

نووسەر ناونیشانی دابەشکردووە بەسەر دوو کەرەستەدا.

**یەکەمیان؛** ناونیشان وەک کەرەستەیەکی کارنامەیی. لەم بەشەدا جەخت خراوەتە سەر کارنامە شیعرییەکان کەیاکۆپسن و



سەرچاوە
Serchawe

تۆدۆرۆف کاریان لەسەری کردووە وەک کارنامەی هەڵچوونی و پێکاریگەربوون و سەرچاوەیی و میتازمان و سەرنجراکێشی و ئیستاتیکا.

**دووهەمیان،** ناونیشان وەک کەرەستەیەکی گێڕانەوەگەری. نووسەر لەم بەشەدا ئاماژەی بەچەمکە گێرشانەوەییەکانی گریماس بەستووە کەبریتین لەویستێتی و پەیوەندێتی و ململانێتی.

٦- تیۆری زیرەکی ئارتیفیشاڵی. نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی بەوە داوە کەبۆ یەکەم جار ئەم تیۆرە دەچێتە بواری ئەدەبەوە چونکە تیورەکە لەبنەڕەتدا خۆی لەزانیارییە تەکنەلۆژی و دەزگا سەربازی وبەرگرییەکاندا دەبینێتەوە کەکارەکە بەکەسانی شارەزا و پرشۆفیشناڵ دەچێت بەڕێوە نەک پێچەوانەکەی. تیۆرەکە پشتی بە دوو ڕێگە و سستم بەستووە.

**یەکەمیان؛** بەبەرنامەکردنی ئەو تاک وخودانەی کەلەبنچینەدا کەسانێکی سروشتی نین بەتایبەتی لەڕووی بیرکردنەوە وراڤەکردنەوە هەر وەک لەبرایم ئەحمەدا بەرجەستە بووە.

**دووهەمیان؛** بەگەڕختنی بەرنامەکانی ئەم جۆرە تاک وکەسانە وەک ئەوەی گەر کەسەکەش نەبوو ئەوا هاوشێوەکانی دەتوانن بەکاری کەسی یەکەم هەڵسن. پێناسەی تیۆرەکەش خۆی لەم دەستەواژانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

أ- بریتیە لەو سستم وتوخمانەی کەوەک مرۆڤ بیردەکەنەوە.

ب- بریتیە لەو سستم وتوخمانەی کەوەک مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکەن.

ج- بریتیە لەو سستم وتوخمانەی کەبەشێوەیەکی عەقڵانی بیردەکەنەوە.

د- بریتیە لەو سستم توخمانەی کەبەشێوەیەکی عەقڵانی هەڵسەکەوت دەکەن.

٧- ستراتیژییەتی دەق. لەم لێکۆینەوەیەدا، نووسەر جەخت لەسەر چەند تەوەرێک دەکات کەسەرجەمیان دەستنیشانی ستراتیژییەتی دەقەکانی برایم ئەحمەد دەکەن ئەوانیش بریتین لە مەسەلە و دیدەیی و پرسیارکردن و ژیربێژی وپێشبینیکردن و شوناس. بۆنموونە لەپرسیارکردنەکەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەدات کەئەم پرسیارکردنە جیاوازە لەپرسیار بەوپێیەی پرسیار خۆی لەپرسیارێکی دیاریکراوی سروشتیدا دەبینێتەوە وەک ئەوەی پرسیارکەر بڵێت: کێ لەدەرگاکەی دا؟ پرسیارلێکراویش دەڵێت ئازاد. بەمەش کۆتایی بەئەنجامی پرسیارەکە دێت.بەڵام لەپرسیارکردندا بابەتەکان بەکراوەیی دەمێننەوە وەک ئەوەی کەبلە دەڵێت» نەورۆزی من». لێرەدا خوێنەر لەبەردەم چەند ئەگەرێکدا دەبێت وەک ئەوەی بۆچی نەورۆز تەنها پەیوەستە بەخودی بکەرەوە؟ یان بۆچی نەورۆز تەنها گەمارۆی خودی بکەری داوە؟ ئەم پرسیارە لەچییەوە هاتووە؟ ئەی پێگەی خودەکانی تر لەکوێدایە! بەمەش نەورۆز دوو مانا لەخۆ دەگرێت.

**یەکەمیان؛** مانایەکی سروشتی وەک ئەوەی نەورۆز جەژنێکی ساڵانەی کوردە و هێمای جوانی و خۆشییە کەئەم بۆچوونێکی سادەی تێکڕای خەڵکییە.

دوهـەمیان؛ مانایـەکی ناسروشـتی وەک ئـەوەی نـەورۆز هێمـای شـۆڕش و ئـازادی و سەربەسـتی و گۆڕنکـاری و دادپـەروەری و یەکسانییە کەئەمەیان لەدەقەکانی برایم ئەحمەدا بەرجەستە بووە.

٨- بلە ونەسەقی شیعری. لەم بەشەدا، نووسەر جەخت لەسەر ئەو نەسەقانە دەکـات کەپەیوەنـدی ڕاستەوخۆیان بـەخاک و نیشتمان و نەتەوەوە هەیە. نەسەقەکانیش بریتین لە:

أ- نەسـەقی سۆسیۆلۆژی. نووسـەر بـۆ ئـەم نەسـەقە دەڵێت »بریتیـە لـەڕێبازی فیکری سیاسـی کەلەبنچینـەدا لەڕێگـەی دوو جەمسەرەوە لەدایک دەبێت،

یەکەمیان؛ بەوێنەگرتنی کۆمەڵگا. دوهەمیان؛ بەرێبازگرتنی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگا». لەیەکەمیاندا برایم ئەحمـەد وێنـەی قـەدەر و پەرتپـەرتبوون و نـاکۆکی و نیفـاقی کوردمـان بـۆ دەگرێت. لەدوهەمیشیاندا ئـەو وێنانـە دەخرێتـە نێـو چوارچێـوەی ڕێبازێکی فیکـری و فەلسـەفی کارکردنـەوە چونکـە ناکرێت وێنـەکان لـەدەرەوەی سیاسـەتێکی ڕێبـازی کـارکردن خۆیـان نمـایش بکەن. هەر لەبەر ئەمەشە بلە بەپێی ڕێبازەکانی سەردەم کەلەجیهانی عەرەبی و ناوچەکەدا کاریان لەسەر دەکرا پـەنای بـۆ ئەو ڕێبازە ئەدەبیانە بردووە کەخزمەت بەوێنەکانی دەکەن بەتایبەتی ڕێبازی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە و سۆشیالیستانە.

ب- نەسـەقی ڕۆشنبیری.بلە گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی کەهەر تاکێکی کۆمەڵگا دەرئـەنجامی کاریگەرییـە ڕۆشنبیرییە دەرەکـی و ناوەکییەکان دروست دەبن ودواتر بەشدار دەبـن لەپرۆسە گەورەکەی فیکری ڕۆشنبیریدا. واتـە بلە ئـەو یەقینـەی لا دروست بووە کە هەوڵەکانی لەبواری شیعردا بـەفیرۆ نـاچن چونکـە زۆربـەی تاکـەکان، بـەهۆی کاریگەرییـەکانی سـەردەمەوە، بەشـدار دەبن لەپرۆسە سیاسی وفیکرییەکەی. جگە لەمەش هەندێک جار ئەم نەسەقە بەشێوازێکی خۆڕسکی لەدایک دەبێت وتاکـەکان خۆیان دەکەونە ئەو پرسیارەی کەبۆچی ژێر دەستەن یـان بـۆچی دەچەوسێنەوە؟!. لێرەشـەوە چـەند ئاسـتێک بەدەردەکـەون وەک ئاستی ئایدیۆلۆژیایی و ڕەوشتی وکەرەستەیی کەنووسەر سەرجەمیانی بەنموونەوە بەسەر کردۆتەوە.

ج- نەسەقی سروشتی. نووسـەر دەڵێت» مرۆڤ لەبنچینـەدا بەشێکە لەسروشت وهـەر لـەوێوە بۆچوونـەکانی لا دروست دەبێت وئـاوێتـە وبەرجەستەشـیان دەکـات. بۆنموونـە ئـامـاژەی بـەڕووداوە نەخواسـتراوەکان دەکـات کەلەچرکـە سـاتێکی کتووپڕیـدا بەدەردەکەون وتاکەکانیش وەک کـارێکی سروشـتی ڕووبـەڕوی ئـەو ڕووداوە دەبنـەوە وهـەوڵیش دەدەن چارەسـەری گونجـاوی بـۆ بدۆزنـەوە.ئـەم هەڵوێسـتە خۆڕسکییە دەرئـەنجامی ئامـانجێکی پیـرۆز دروست دەبێت کەسـەرجەم تاکـەکان بـەجیاوازی فیکـر وئایدیاوە گرێ دەدات. بـرایم ئەحمـەد ئـەم جۆرە نەسـەقە دەقۆزێتەوە و لەهـەوڵی ئەوەدایـە تاکـەکان بـەلای گوتـارەکەیدا ڕابکێشێت، یان ڕۆشنبیریان بکات.

لەکۆتایدا نووسەر هەموو ئەو بۆچوون و تایتڵ و ناونیشانانەی کەلەکتێبەکەیدا هاتوون خستۆتە نێو بواری پراکتیکەوە و

زۆر بەووردی و چڕی و لەئاستێکی نوێخوازانەی ڕەخنەیدا کاری لەسەر کردوون. هەر لەبەر ئەمەشە ڕاستەوخۆی دەڵێت» ئەم کتێبە زۆر دوورە لەپیاهەڵدان چونکە لەلایەکەوە برایم ئەحمەد پێویستی بەستایش و پیاهەڵدان نیە وخۆی بۆتە حەقیقەت و دەقێکی سەردەم لەڕووی فیکر و سیاسەت و ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە تەنانەت ناحەزەکانیشی ناتوانن ئەم مافەی لێ بسەنەوە یان داگیری بکەن. لەلایەکی تریشەوە ڕێبازی کارکردنەکە ڕێگە بەپیاهەڵدان و ستایش نادات، بەڵکو تەنها ڕاستییە شاراوەکان بەدەردەخات کەتەنها خوێنەری بەئەموون و نموونەیی دەتوانن هەستی پێ بکەن».

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٧

-----------------------------------------------

## گەلاوێژ لەسلێمانی هەڵدێتەوە




بنکەی ژین بەهاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری و لەسەر بودجەی پایتەختی رۆشنبیری هەموو ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژی چاپ کردەوە.

ئەم گۆڤارە کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و لەساڵانی ١٩٣٩ - ١٩٤٩ دەرچووەو بەگۆڤارێکی دیارو کاریگەری کاروانی رۆژنامەوانی کوردی دادەنرێتو ئەدمۆنزی کوردناس بەیەکێک لەگرنگترین گۆڤارەکانی ئەوسای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەسفی کردووە.

گۆڤاری گەلاوێژ ١٠٥ ژمارەی لێدەرچووەو لەچوارچێوەی ١٧ بەرگی قەشەنگو بەرگتێگیراودا لەچاپخانەی رۆژهەڵاتی شاری هەولێر چاپکراوە.

چاپی نوێی گۆڤاری گەلاوێژ بەشاکارێکی گەورە دادەنرێتو نامەخانەی کوردی دەوڵەمەند دەکاتو دەبێتە سەرچاوەیەکی

بەنرخ بۆ توێژینەوەی زانستی قۆناغێکی  گرنگی مێژووی گەلی کوردستان.

ماوەیەک لەمەوپێش وتارێکم لەسەر ئەو گۆڤارە بەنرخە نوسی بەپێویستی ئەزانم جارێکی تر بڵاوی بکەمەوە.

**گەلاوێژ ئەستێرە درەوشاوەکەی ئاسمانی کوردەواری**

**نوسین: خەلیل عەبدوڵڵا**

ئەگەرچی لەکۆتایی سییەکانی سەدەی رابردوودا گەلاوێژ وەک  گۆڤارێکی ئەدەبیو رۆشنبیری لەکایەی کەلتوریدا خۆی ناساندو بەشی زۆری بابەتەکانی بۆ ئەو بوارانە تەرخان کرد بوو.

بەڵام لەناوەرۆکدا بایەخیشی بە بواری سیاسی دابوو، چەندین بابەتی ئەو بوارەشی بڵاو کردۆتەوە.

ئەم گۆڤارە لەنێوان ساڵانی( ١٩٣٩ - ١٩٤٩) بۆ ماوەی ١٠ساڵ دەرچووەو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیازو مامۆستا عەلادین سەجادی سەرنوسەری بووە.

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٤٩ نوری سەعید بووەوە بەسەرۆک وەزیرانی عیراق، بڕیاری قەدەغەکردنی حزبە سیاسییەکانو رۆژنامەو گۆڤارەکانی داو لەچوارچێوەی ئەو بڕیارەدا گۆڤاری گەلاوێژیش داخرا.

گۆڤاری گەلاوێژ بایەخی بەبڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیو رۆشنبیریو سیاسی داوە ئەوەش لەوکاتەدا خزمەتێکی گەورەی بەرەوتی روناکبیری لەکوردستان کردووەو هۆکاری سەرەکی گەشەپێدانی رۆژنامەگەریو  پاراو کردنی زمانی کوردی بووە.

ئەم گۆڤارە شێوازی رێنوسی نوێی کوردی هێنایە ئاراوەو زمانی کوردی لە وشەی بێگانە بژار کردو کوردییەکی جوانو پاراوی هێنایە کایەوە.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەژمارە چواری ساڵی یەکەمی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٧ گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا، چیرۆکی هەڵهاتنی گەلاوێژی دێرین دەگێڕێتەوەو ئاماژە بەوە دەکات کە رۆژنامەگەری جێگەی بایەخی بووەو خەونو خولیای ئەوە بووە کەکاری رۆژنامەنووسی بکات. سەرباری ئەوەی رەمزی فەتاحی مامی حەزی کردووە کە بەشی زانستی تەواو بکاتو ببێتە پزیشک، بەڵام مامۆستا برایم حەزی لەوە بووە کە بەشی ئەدەبی تەواو بکاتو بچێتە کۆلیجی ماف، بۆ ئەوەی ببێتە

پارێزەرو ببێت بە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارێک.

ماميشی لەبەرئەوەی پیاوێکی رۆشنبیر بووە، رێگەی پێداوە بەپێی خواستو خولیای خۆی رێ بکاتو ئیدی مامۆستا برایم دەچێتە بەشی ئەدەبیو دواتر دەچێتە کۆلیجی ماف لەشاری بەغداو ئەو کۆلیجە بەسەرکەوتوویی تەواو دەکاتو دەگەرێتەوە شاری سلێمانی بۆ ئەوەی خەونو خولیاکەی بکاتە راستیو بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ گۆرانی شاعیرو حامد فەرەجو مستەفا سائیبو کامل حەسەنو چەند هاورێیەکی تریدا بیرۆکەکەی خۆی بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی کوردی دەخاتە رووو ئەوانیش پشتیوانی مادیو مەعنەوی بۆ دەردەبڕنو لەسەر پێشنیازی گۆرانی شاعیر بڕیار دەدەن کە گۆڤارەکە ناوبنێن گەلاوێژ.

ئیدی مامۆستا برایم لەرێی مەجید یەعقوبی پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانییەوە داوایەک پێشکەش بەوەزارەتی ناوخۆ دەکات بۆ ئەوەی مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤارەکەی پێ بدەن.

هەرچەند یەعقوبی کە مامۆستا برایم دەبینێ پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات کە واز لەبیرۆکەی دەکردنی ئەو گۆڤارە بهێنێو لەرێی وەزیفەی حکومییەوە خزمەت بکاتو پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات کە پۆستی بەرێوەبەری ناحیەی سەرچنار وەربگرێت کە پۆستێکی باش بووەو موچەی مانگانەی ١٨ دینار بووە کە پارەیەکی زۆر بووە بۆ سەردەمە.

بەڵام مامۆستا برایم وەرگرتنی ئەو پۆستە رەت دەکاتەوەو لەسەر دەرکردنی گۆڤارەکە سور دەبێ.

هەرچەند بۆ جاری یەکەم پێدانی مۆڵەتی گۆڤارەکە رەت دەکرێتەوە، بەڵام مامۆستا برایم هەر سور دەبێ لەسەر داواکەیو بۆجاری دووەم داوایەکی تر پێشکەش دەکاتو مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ وەردەگرێتو سەرباری کۆسپو ئاستەنگەکان بەهاوکاری هاورێکانی دەست بەدەرکردنی گۆڤارەکە دەکاتو یەکەم ژمارەی لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٣٩ دەردەکاتو بۆ ماوەی ١٠ ساڵو تا مانگی ئابی ١٩٤٩ بەردەم دەبێو بەهەمووی ١٠٥ ژمارەی لێدەردەکات.

گۆڤاری گەلاوێژ گۆڤارێکی سەنگین بووەو قەڵەمی دیاری وەک( ئەمین زەکی، پیرەمێرد، تۆفیق وەهبی، شاکر فەتاح، شێخ محەمەدی خاڵ، حسین حوزنی عەبدوڵلا جەوهەرو چەندانی تر بەرهەمەکانیان تێدا بڵاو کرۆدتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو گۆڤارە لەو سەردەمەدا بەئابونەی ئەندامانو یارمەتی عەلی کەمال بەگ دەرچووەو بۆماوەی ١٠ ساڵ بەردەوام بووە.



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژ لەسەردەمی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبووەو خەڵکی لەسەرانسەری کوردستانی گەورەو تارانو بەغداو سوریاو لوبنانەوە بەتاسەوە چاوەڕێی دەرچونیان کردووەو پێشوازییان لێکردووەو بابەتەکانیان خوێندۆتەوە.

ئەم گۆڤارە بایەخی بەبڵاوکردنەوەی بابەتی هەمەچەشنی وەک (شیعر، چیرۆک،وتار، زانیاری گشتی، بابەتی مێژوویی، جوگرافی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، لێکۆڵینەوە، پزیشکی، وەرگێڕان،رەخنەی ئەدەبی، زمانی کوردی، پەندی پێشینانو قسەی نەستەق)و چەندین بابەتی تر داوە.

دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ لەو سەردەمە تاریکەی جەنگی دووەمی جیهانیو ساڵانی دوای شەڕ بەشۆڕشێکی ڕۆشنبیری گەورە دادەنرێت لە خزمەتێکی گەورەی بە هەموو کایە فکریو ڕۆشنبیریو مەعریفییەکانی کۆمەڵی کوردستان کردووەو روخسارێکی جوانی ڕۆشنبیری بەشاری سلێمانی داوەو بۆتە هۆی ئەوەی هەر لەو سەردەمەوە بەهەوڵی مامۆستا برایمو روناکبیرانی تر سلێمانی وەک شاری ڕۆشنبیری بدرەوشێتەوە.

گۆڤاری گەلاوێژ بە بابەتە زۆرو دەوڵەمەندەکانی هی ئەوەیە لەچەندین گۆشە نیگاوە لێکۆڵینەوەی جیا جیای لەسەر بکرێو رۆڵی لەخزمەتکردنی کایەکانی ئەدەبیو ڕۆشنبیری رون بکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠١٧

--------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٨ - ٢٠١٩ و ٢٠٢٠

### بیری نەتەوەیی لە هۆنراوەکانی (برایم ئەحمەد )دا



ئەم باسە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی، کە لەلایەن (سامان سەلاح لەتیف)، وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی پلەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردییدا، لە بەشی کوردیی - کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کەرکوک، بە سەرپەرشتی (پ.ی. ئازاد عەبدولواحد کەریم) ئەنجام دراوە.

کوردستانی نوێ-ی هەفتە بە چەند ئەڵقەیەک چەند بەشێکی لێکۆڵینەوەکە بڵاو دەکاتەوە.



سامان سەلاح لەتیف

بەشی یەکەم

تەوەری یەکەم:

**ژیاننامەی برایم ئەحمەد:**

**براهیم ئەحمەد فەتاح مستەفا رەشید غفور حسین لە بەهاری ١٩١٤ لە گەڕەکی گوێژەی شاری سلێمانی لەدایک بووە، سەرەتا لە ساڵی ١٩٢٢ لە قوتابخانەی نمونەیی سەعادەت لە سلێمانی دەستی بە خوێندن کردووە. لە ساڵی ١٩٢٣ گواستویەتییەوە قوتابخانەی لەتیفیە ئینجا چوەتە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەم، لە پاشانا لە ساڵی ١٩٣٢ لە قوتابخانەی ناوەندی سلێمانی بووە بە قوتابی، بنەچەی ماڵەکەیان بۆ ناوچەی قەڵاچۆلان دەگەڕێتەوە.**

**بە هۆی دەست کورتی ماڵی باوکیەوە مامی گرتویەتییە خۆی بردویەتییە بەغدا، لە قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی لە بەغدا دەگەیەنێتە ئەنجام.**

**لە ساڵی ١٩٣٤ - ١٩٣٧ کۆلێجی ماف (حقوق) لە بەغدا تەواو دەکات و دەبێت بە (محامی) ماوەیەک خەریکی کاری پارێزەری دەبێت تا لە ساڵی ١٩٤٢ کاری دادوەری (قازی) پێ دەسپێردرێت کارەکەی لە هەولێر و هەڵەبجە بە موچەخۆری دەباتەسەر.**

**لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا (١٩٤٤) براهیم ئەحمەد لەگەڵ چەند رۆشنبیرێکی کورددا لقی (کۆمەڵەی ژ.ک )یان لە سلێمانی کردەوە. لە ساڵی ١٩٤٩ گیراوە و فەرمانی ساڵ و نیوێک بەندکردنی بۆ دەرچووە، ئەو ماوەیەی لە بەندیخانەی ناوەندی بەغدا بردوەتە سەر.**

**لە دوای ئازادبونی لە بەندیخانە خەریکی کاری ئەوقاتی (پارێزەری) بووە. هەر لەو ساڵەدا لە کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کورد (دواتر کوردستان) لە بەغدا بە سکرتێر هەڵبژێردراوە.**

**براهیم ئەحمەد رۆشنبیرێک بووە لەسەر هەژارانی کردوەتەوە، هەمیشە لە دژی کردەوەی دەرەبەگەکان بووە. رق و کینەی دەرەبەگەکان گەیشتبوە ئاستێک کە هەوڵی کوشتنی براهیم ئەحمەدیان داوە، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٥٤ تەقەیان لێ کرد و برینداریان کرد.**

**لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دا ماڵی براهیم ئەحمەد لە شاری کەرکووک بووە. بە ئاشکرا ئەوقات (پارێزەر) بووە، بە نهێنی خەباتی سیاسی دەکرد. لە دوای کودەتا سەربازییەکەی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ ماڵی لە کەرکوکەوە دەگوازێتەوە بۆ شاری بەغدا و خەریکی سیاسەت بووە.(١)**



سەرچاوە
Serchawe

برایم ئەحمەد لە دووبەرەکیەکەی ساڵی ١٩٦٤ لە ناو ریزی پارتیدا ئەم لایێک بووە. لە پاشان چەند چون لە ناو هەردوو بەرەدا تەشەنەی کرد تا گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٦ شەڕی ناوخۆ روبدات، لەو ماوەیەدا برایم ئەحمەد لە بەغدا بوو تا ساڵی ١٩٧٠ و دەرچوونی بەیانی ١١ی ئازار.

لەو ماوەیەدا هەردوو بەرەکەی پارتی لێک نزیک بونەوە تا ساڵی ١٩٧٥ و کۆتایی هاتن بە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ی کوردستانی عێراق. لە دوای ئەمە برایم ئەحمەد وازی لە کاری پارتایەتی هێنا و نیشتمانی بەجێهێشت، لە پێشانا چوەتە ئێران و پاشان چوەتە لەندەن و بوە بە پەنابەری سیاسی.

برایم ئەحمەد هەڵوێستی لە ژیانی لەندەنیدا رۆشنبیرانە بوو. وەک کەسێکی بێ لایەن خۆی دەخستە روو، برایم ئەحمەد دۆستی پارتی کرێکارانی کوردست (PKK) بوو. خۆی لێیان نزیک کردبووەوە و بە ئەندامی پەرلەمانی خۆیانیان هەڵبژاردبوو لە دەرەوەی نیشتمان.

برایم ئەحمەد رۆژانە کاتی خۆی بە خوێندن و نوسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی بیروباوەڕی سیاسییەوە دەبردە سەر(٢).

سەرەتای نوسینی برایم ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی (١٨) ساڵی و لەو کاتەدا رووی لە رۆژنامەی (ژیان)ی پیرەمێرد کردووە و نۆبەرەی بەرهەمی تێدا بڵاوکردوەتەوە و پیرەمێردیش لەو ژمارەیەدا پیرۆزبایی و ئافەرینی لێکردووە.

دواتر لەگەڵ نووسینی هەمە جۆردا سەرەتا تاقێکی لە پەیامی پیرۆزی شیعر کردووە و یەکەم شیعری بە ناوی (هیواو و دڵداری) لە گۆڤاری (هاوار)ی ساڵی ١٩٣٣ بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵانی ١٩٣٣ - ١٩٣٤ لەگەڵ مامۆستایان (گۆران و شاکر فەتاح و حامید فەرەج) و دەستەیەک روناکبیری تردا دوو بڵاوکراوەی ناوازەیان بە ناوی (یادگاری لاوان) و (دیاری لاوان) ئامادە کردووە و بە کۆمەکی یەکتر بە چاپیان گەیاندووە(٣).

برایم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٥ لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دەرکەوتوی ئەو رۆژگارەدا هەوڵی دامەزراندنی (یانەی سەکۆی شکاک)یان داوە و بەلام رێیان پێ نەدراوە. برایم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٧ نامیلکەیەکی بە ناوی (الاكراد والعرب) بە زمانی عەرەبی نوسیوە و بە یارمەتی (هەمزە عەبدوڵلا) بڵاوکراوەتەوە. هەرچەندە بابەتەکە ناوی نوسەری پێوە نەبووە، بەڵام گۆبەندی بۆ ناوەتەوە و لێپرسینەوەشی لەگەڵدا کراوە.

(پیرەمێرد)ی شاعیریش پێی گەشاوەتەوە و لە رۆژنامەی (ژیان)دا بەم جۆرە لێی دوواوە و بە خوێندەوارانی ناساندوە: (لە خوێندەوارە هەڵبژێر دراوەکانمان برایم ئەحمەد کۆلێجی حقوق ی تەواو کردووە، سەودای وەزیفەی نەکەوتوەتە کەللەوە هاتووە ئەوقاتی ئەکا، ئەم کورە ئێمە ئەیناسین لە هەرچی زمان هەیە شێوەیەکی زۆر پەسەندی بۆ خۆی داناوە، خەلەفی - خەلەف شەوقی یە، زەوقێکی عیلمی جەزبەیەکی شاعیری هەیە، ئەتوانێ دەعوا لە پەردەیەکی جواندا تەسویر بکا و بیباتە زیهنی گوێگرانەوە، خوا وێنەیان زیاد بکات)(١).

برایم ئەحمەد لە ساڵانی ١٩٤٢ - ١٩٤٤ لە هەولێر و کۆیە و هەڵەبجە حاکم بووە، لە ساڵی ١٩٤٤ بە مەبەستی بەردەوامبونی گۆڤاری ناوداری (گەلاوێژ ١٩٣٩ - ١٩٤٩) وازی لە وەزیفە هێناوە، لە ساڵی ١٩٤٤ پەیوەندی کردوە بە کۆمەڵەی (ژ.ک)ەوە بوە بە لێپرسراوی لقی سلێمانی کۆمەڵەکە.

برایم ئەحمەد لە دوای روخانی کۆماری کوردستان و نەمانی (ژ.ک) چوەتە ناو (پارتی دیموکراتی کورد) و بوە بە لێپرسراوی سلێمانی، لە شوباتی ١٩٥١ دا و لە کۆنگرەی دووەمی پارتیدا بە کۆی دەنگ بە سکرتێری پارتی هەڵبژێردراوە و پێشنیاریشی کردوە بکرێتە (پارتی دیموکراتی کوردستان).

لە ساڵانی نێوان (١٩٣٩ - ١٩٤٩) بە هاوکاری عەلادین سەجادی و بۆ ماوەی (١٠٩ ساڵ گۆڤاری گەلاوێژی بەڕێوەبردووە، رۆژی (١٧)ی نیسانی ١٩٤٩ گیراوە و لە مانگی ئابی ١٩٤٩دا گۆڤاری گەلاوێژ داخراوە و بەم بۆنەیەوە پیرەمێردی شاعیر ئۆقرەی لێ ئەبڕێت و نامەیەکی بەپەلە بۆ عەلادین سەجادی دەنێرێت و لە رۆژنامەی (ژین)دا بۆی دەلاوێنێتەوە(٢).

برایم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ نووسەر و شاعیر و پارێزەری شەهید (شێخ مارف بەرزنجی) لە نوێنەرانی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو بوون لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٨ لە دەستەی نوسەرانی گۆڤاری (شەفەق ١٩٥٨ - ١٩٦١) بووە لە هەمان ساڵدا برایم ئەحمەد بەشداری نوسینی لە گۆڤاری هیوادا کردووە.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ برایم ئەحمەد وەک سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و سەرنوسەری رۆژنامەی (خەبات) کاری کردوە.

لە ساڵی ١٩٥٩ کۆمەڵێ چیرۆکی بە ناوی (کوێرەوەری) بە چاپ گەیاندووە. کە پێشتر لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوی کردبونەوە. لە ساڵی ١٩٦١ برایم ئەحمەد دەبێتە خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی (کوردستان). لە ساڵی ١٩٦٨ یەکێک بوە لە نوسەرە سەرەکیەکانی رۆژنامەی رۆژانەی (النور) و لە ساڵی ١٩٧٢ رۆمانی (ژانی گەل)ی بەچاپ گەیاندوە، لە لەندەن

گۆڤاری (چریکەی کوردستان)ی بڵاوکردوەتەوە. برایم ئەحمەد هەمیشە شیعرەکانی بە ناوی خوازراوەوە بڵاودەکردەوە نەک ناوی خۆی وەک (بکە، ر ، ە ، ل ، ب ، ا ، ب ، أ ، أ ، کوڕە کاژاو) لە سەرەتایشدا (نیقابدار)(١).

باوکی برایم ئەحمەد لە ساڵی (١٨٨٧) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، کەسێکی کاسبکاری ریندار بووە و بە (ئەحە رەشی حاجی فەتاحە رەشی مستەفا) ناسراوە، لە ژیانیدا سێ ژنی هێناوە، لە ژنی یەکەمی کوڕێک و سێ کچی بووە بە ناوەکانی (برایم، سەبیحە، نەعیمە، حەمدیە )(٢).

لە ژنی دوەمیشی تەنها کچێکی بووە بە ناوی (نەبیهە)، لە ژنی سێیەمیشی دوو کوڕ و کچێکی بووە بە ناوی (رەوف، مستەفا، عەتیە)، بەم شێوەیە برایم ئەحمەد پێنج خوشک و دوو برای هەبووە، دایکی برایم ئەحمەد ناوی (خونچە)یە و کچی عەبدوڵڵا دەروێشی قەمچیە.

جێگەی باسە دەرکەوتوترین کەسی بنەماڵەکەیان (رەمزی فەتاحی) مامی برایم ئەحمەدە، کە کەسایەتیەکی ناودار و دیاری شاری سلێمانە بووە و یەکێک بووە لەو ئەفسەرانەی سوپای عوسمانی کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی شێخ مەحمود گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی بە مەبەستی بەشداریکردن و هاوکاریکردنی ئەو هەلومەرجە سیاسیە نوێیەی کە لە ناوچەکەدا هاتبووە ئاراوە(١).

(رەمزی فەتاح) وەک زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی تری ئەو سەردەمە هەڵگری بیر و باوەڕی نیشتمان پەروەری و نەتەوەیی و مۆدێرنیزم بوە و لە شاری سلێمانیدا خاوەن پلە و پایەیەکی بەرزی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە.

لە راستیدا رەمزی فەتاح هەر زوو هەستی بەوەکردبوو کە برایم ئەحمەد خاوەن توانا و بەهرەیەکی بەرزە لە کەسێتیدا، هەر بۆیە گرنگی تایبەتی پێ داوە و وەک کوڕی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و هەوڵی داوە بەرەو دواڕۆژێکی روون ئاراستەی بکات.

هەر لەسەر دەستی ئەویش خوێندنی تەواو کردووە و فێری گەلێک خووڕەوشتی بەرزی کردوە وەک سادەیی و راستگۆیی و سەر راستی و بیروباوەڕی دژایەتی کردنی داگیرکەربوون. هاوکات برایم ئەحمەد لە ڕوی بیروباوەڕی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەرییەوە تەواو کەوتبووە ژێرکاریگەری بیروڕاکانی مامیەوە.

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد سەبارەت بە کاریگەریەکانی مامی لەسەری دەڵێت: (مامم هەر ئەوە بوو هانی دام بخوێنم و

نەبمە دوکاندار و شاگرد، بەلام باوکم بڕوای بە خوێندن نەبوو چونکە خۆی نەخوێندەوار بوو)(٢).

هەر سەبارەت بە کاریگەری مامی (ڕەمزی فەتاح) لەسەر برایم ئەحمەد، فازیل کەریم ئەحمەد دەڵێت: (مامی لە دوو لاوە کاری کردووەتە سەر برایم ئەحمەد بە تایبەت کەسایەتی برایم ئەحمەد، بەر لە هەموو شتێک هانی داوە لە قوتابخانە بخوێنێت و زانکۆ تەواو بکات، لە لایەکی تریشەوە بە بیری نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری پەروەردەی کردووە).

برایم ئەحمەد وەک زۆربەی هاوتەمەنەکانی سەرەتا لە حوجرەی (مەلا فاتم) خوێندویەتی ژیانی منداڵی برایم ئەحمەد بۆ سەردەمێکی ئاڵۆز و ناهەمواری شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە، لە لایەکەوە بە هۆی لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی لە ئەڵمانیا و تێکشکانیان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی ڕووبەڕوی داگیرکردن و برسێتی و نەبونی ببووەوە، لە لایەکی دیکەشەوە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود بۆمباران کردنی شاری سلێمانی لە لایەن فڕۆکەکانی ئینگلیز و دەردەرکردنی دانیشتوانی شارەکە و حوکمڕانی شێخ مەحمود و شەڕی دەربەندی بازیان و دەستگیرکردنی شێخ و دوبارە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا، لە گرنگترین ئەو ڕوداوانەبوون کە هاوکاتن لەگەڵ ژیانی منداڵی (برایم ئەحمەد) بێگومان هەلومەرجێکی لەو شێوەیە و گۆڕانکارییە سیاسییە یەک لە دوای یەکەکانی شاری سلێمانی، کاریگەری ڕاستەوخۆیان بۆ سەر پێکهاتەی کەسێتی برایم ئەحمەد هەبووە، کە بوەتە هۆی ئەوەی لە منداڵیەوە هەستی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری لا دروست ببێت(١).

برایم ئەحمەد سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی و کاریگەری هەلومەرجی سیاسی ئەو سەردەمەی تێیدا گەورە بووە دەڵێت: ژیانی منیش وەک زۆربەی لاوە هاوتەمەنەکانی ئەو وەختەی من، لەبەر ئەوەی لە شاری سلێمانی بوین، بە هۆی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودەوە، هەستێکی کوردایەتی بەرز هەبوو، بۆ نموونە منداڵی ئێمە لە دیواری مەکتەبەوە سەیرمان ئەکرد، قوتابی مەکتەبی مەحمودیە، گۆرانیان ئەوت (وا نابێ ئینگلیز وا نابێ، ئەم خاکە هەر بۆ تۆ نابێ)، ئەمە وایکرد منیش وەک ئەو خەڵکەی تر زووتر تێکەڵی سیاسەت بم، بۆیە لە ساڵی (١٩٢٩)ەوە کاتێکم زانی کەوتومەتە ئەو گێژاوەی کە شارەکەمی تیایە(٢).

برایم ئەحمەد بەشێکی ژیانی لە گەڕەکی دەرگەزێن بەسەربردووە و ماوەیەکیش لە گەڕەکی سابونکەران ژیاوە ، هەر لە تەمەنی (١٢ - ١٣) ساڵییەوە ئارەزوی لە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک هەبووە و لە تەمەنی (١٤ - ١٥) ساڵیشەوە وردە وردە دەستی بە شیعر و وتار نوسین کردووە.

لە بواری کاری پارێزەریدا بەردەوام بەرگری لە جوتیاران و هەژاران کردووە و دژی زۆردار و دەرەبەگ بووە، برایم ئەحمەد



سەرچاوە
Serchawe

زۆر جار بەبێ بەرامبەر بەرگری لە ماف خوراوان و هەژاران کردووە، لەم بارەیەوە غەفوری میرزا کەریم دەڵێت: برایم ئەحمەد زۆر مەردانە لەسەر گیراوی پێشکەوتوخواز بە خۆڕایی پارێزگاری دەکرد، هەموو جارێک لە کۆڕی دادگادا پارێزگاری لەو کەسانە دەکرد کە بە ناوی پێشکەوتوخوازەوە دەگیران. هاوکات تەها بابان لە بارەی هەڵوێستی برایم ئەحمەد لە کاری پارێزەریدا دەڵێت: «هەمیشە بەرگری لە حەپسە سیاسییەکان کردووە، هەرچەندە هاوبیریش نەبوبن، لە لایەکی ترەوە دوای دەرچونی یاسای تەسویە بۆ تۆمارکردنی زەوی و زار، کێشەیەکی گەورە لە بەینی عەشاماتێ:ی زۆری جوتیار و دەرەبەگدا دروست بوو، جا هەرچەندە جوتیاران رەش و رووت و بێ پارە بوون، بەڵام مامۆستا لای دایە لای ئەوان، چونکە پێی وابوو کە زەوی دەبێت هی ئەو کەسە بێت کە ئەیکێڵێت(١).

لە هەمان کاتدا بە لای (تەها بابان)ەوە پارێزەری کارێکی بازرگانیە، وەک هەموو کارێکی دیکە بۆ دەستکەوت و بژێوییە، بەڵام پارێزەری لای برایم ئەحمەد پەیام و مرۆڤایەتی بووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا برایم ئەحمەد هەندێ جار پشتگیری و پشتیوانی لە شێخ مەحمود کردووە و رووبەڕووی جوتیاران بوەتەوە(٢).

لەم بارەیەشەوە مام جەلال دەڵێت: لە هەموو دەعوایەکدا لایەنگری زۆرلێکراو و کۆمەڵانی خەڵک بووە و پشتیوانی ئەوانی کردووە، هەموو جارێک بۆخۆی ئەیگێڕایەوە و ئەیووت (بەبیرم نایات هیچ دەعوایەکم لە دژی جوتیاران گرتبێت تەنها بۆ شێخ مەحمودی نەمر نەبێت). ئەگینا بە درێژایی عومری خۆی لایەنگری جوتیاران بووە بۆ ئەوەی ئەرزیان دەستکەوێت، بێ گومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت برایم ئەحمەد دەعوای لە دژی جوتیاران گرتبێت و مافی هەژارانی پێشێل کردبێت، بەڵکو لە چوارچێوەی یاسادا وەک پارێزەرێک پشتگیری لە شێخ مەحموود کردووە(٣).

جێگەی باسە زۆرداری و خراپی دەسەڵاتی ئاغا و دەرەبەگەکان نەبووەتە هۆی سڵکردنەوەی برایم ئەحمەد لە پشتگیریکردن و لایەنگریکردنی زۆرلێکراوان و جوتیاران، هەر بۆیە لە کێشەی نێوان ئاغا و براژنێکدا لە ساڵی (١٩٥٤)دا سەرەڕای چەندین هەڕەشە و ئاگادارکردنەوە بە مەبەستی وازهێنان لەو کێشەیە بەڵام بە پێچەوانەوە برایم ئەحمەد زیاتر بەرگری لە ماف خوارەوەکە کردووە، لە بەرامبەر ئەوەدا (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا) فەرمان بە سێ کەس لە پیاوەکانی خۆی دەکات بۆ کوشتنی برایم ئەحمەد، ئەنجامدانی ئەو کارەش لە لایەن (حەمەی رەشە قۆلچێ)ەوە ئەنجام دراو بە دەمانچە لە شەوێکی سەرما و سۆڵەدا لەبەردەم دەرگای ماڵی خۆیاندا تەقەی لە برایم ئەحمەد کردووە(٤). بەڵام هەوڵی لەناوبردنی برایم ئەحمەد هەڵایەکی گەورەی لە سلێمانیدا لێکەوتەوە، بە تایبەت دڵسۆزانی برایم ئەحمەد و ئەندامانی پارتی لە هەوڵی ئەوەدابوون کە تۆڵە لە ئەنجامدەرانی ئەو کارە بکەنەوە، بەڵام برایم ئەحمەد هەرگیز بەوە رازی نەبووە و دژی هەر جۆرە کاردانەوەیەکی لەو شێوەیە بووە و بە دڵێکی فراوانەوە تاوانبارەکەی بەخشیوە.

لە ساڵی ١٩٤٧ ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ (گەلاوێژ خان)دا پێکەوە ناوە و دوو کوڕ و شەش کچیان بووە بە ناوی (هەڵۆ، هاوڕێ، هێرۆ، شاناز، هەتاو، لیلۆز، مژدە).

گەلاوێژ خان سەبارەت بە سادەیی و هەڵسوکەوتی برایم ئەحمەد لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیدا دەڵێت: «باوکی (هێرۆ) لە ناو خێزان وماڵدا پیاوێکی سادە و بێ ئەرک و ئاسان بوو، چ لە خواردندا کە هەر نان و ماستەکەت لەبەردەم دابنایە نەی دەگوت بۆ؟، چ لە ڕووی جلوبەرگ و کەل و پەلی ناوماڵ و فەنتازیەوە ئەوە هەر بڕوای پێ نەبوو، مناڵ و نەوەکانی لە خۆی خۆشتر ئەویست، بەڵام هەرگیز فەرقی نەئەکرد لەگەڵ مناڵی فەقیر و بێ چارە و لێقەوماواندا(١).

برایم ئەحمەد لە هەمان کاتدا جیاوازی نەکردووە لە نێوان کوڕ و کچدا، هەر بۆیە لە ساڵانی چلەکاندا کاتێک (هێرۆ)ی کچی لەدایکبووە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داب و نەریت و دژی بیروڕای ئەو کەسانەی کە فەزڵی کوڕیان بەسەر کچدا داوە، مژدانە و شیرینی بەخشیوەتەوە(٣).

یەکێکی تر لە سیفەتەکانی نوسەر و شاعیر و ڕووناکبیر برایم ئەحمەد بریتی بووە لەوەی کە هەمیشە کەسێکی بە بەزەیی و لێبوردە بووە، لەم بارەیەوە گەلاوێژخان دەڵێت (باوکی هێرۆ ئەوەندە بە ڕەحم بوو دڵە گەورەکەی پڕ لە بەزەیی و ڕەحم و لێبوردەیی بوو. تەنانەت ئاژەڵ و گیانەوەرانیشی لەبیر بووە، زۆر جار لە لەندەن خواردنی بۆ ئاژەڵ و گیانەوەران ئەبرد و خەمی ئەخواردن.

برایم ئەحمەد لە دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە وەک پەنابەرێک لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ژیاوە و لەو کاتانەدا کە لە لەندەن دەژیا بەشداری هەموو کۆڕ و کۆبونەوەکانی تایبەت بە چارەنوس و دۆزی کوردستانی کردووە.

لە ڕۆژی ٨ - ٤ - ٢٠٠٠ و لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا برایم ئەحمەد لە نەخۆشخانەی (سانت هیلەر) لە شارۆچکەی (سەتن) لە نزیک لەندەن بە نەخۆشی (نیمونیا)، (ذات الرئە) کە چەند ڕۆژێک پێشتر دوچاری ببوو کۆچی دوایی کردووە، لە ڕۆژی ٢١ - ٤ - ٢٠٠٠ لە (گردی سەلیم بەگ) لە سلێمانی بە خاک سپێردراوە(١).

لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا برایم ئەحمەد ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە چونکە ڕۆژنامەگەریی وەک فاکتەرێکی سەرەکی ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی بینیوە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (کوردستان ١٨٩٨ - ١٩٠٢)(٢) وەک سەرەتایەک لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی پشکی سەرەکی بەرکەوتووە کە وەک ناوەندێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی جێگەی لەم بارەیەوە دیارە.



سەرچاوە
Serchawe

ئاشکرایە کوردستان بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و لە سەردەمی یەکەمین حوکمداریّتی (شەیخ مەحمود)دا ژمارەیەکی بەرچاو رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی ئەدەبی بە خۆیەوە بینیوە کە زۆربەیان لە لایەن شارەوانی ئەو کاتەی حکومەتی عێراقەوە لە جیاتی دەسەڵاتی سیاسی بڵاو دەکرانە و هەندێکیشیان رۆژنامە و گۆڤاری ئەهلی بوون کە لە لایەن خاوەنەکانیانەوە بڵاو دەکرانەوە کە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر وریا بوونەوەی خەڵکی کوردستان و جۆشدانیان بە بیرو هۆشی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی هەبوو(٣).

هەریەکە لە بڵاوکراوە و رۆژنامەی (پێشکەوتن و بانگی کوردستان و رۆژی کوردستان و بانگی حەق(٤) و ئومێدی ئیستقلال و ژیانەوە و ژین و ژیان)، نموونەی بەرچاوی بواری رۆژنامەگەرین لە باشووری کوردستان.

ئەم رۆژنامانە کە لە شاری سلێمانیدا دەردەچوون و بابەتی جۆراو جۆری وەک سیاسی و ئەدەبی و ئابووری و بازرگانی و کشتوکاڵی و هەواڵی ناوخۆ و دەرەوە و ریپۆرتاژیان دەنووسی و هەوڵی بژارکردنی زمانی کوردی و نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردییان دەدا و لەسەر مافەکانی کورد هەڵوێستیان دەردەبڕی.

شایەنی باسە رۆژنامەگەریی بەشێکی فراوانی لە ژیانی (برایم ئەحمەد) داگیر کردووە یەکێک لە حەز و ئارەزووەکانیشی کارکردن بووە لە بواری نووسین و رۆژنامەگەریدا، چوونیشی بۆ کۆلێژی یاسا هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە، چونکە لەو کاتەدا هەر یەکێک کە خاوەن ئیمتیاز یان سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین بوایە پێویست بوو کە دەرچووی کۆلێژی یاسا بێت، کە بێگومان ئەمەش جۆرێک لە فشار و سانسۆری حکومەتی پاشایەتی دەردەخات بەرامبەر بە خاوەنداریّتی رۆژنامە و بڵاوکراوەکان(١).

ساڵی ١٩٣٠ (کۆمەڵەی لاوان) لە لایەن ژمارەیەک خوێندەواری کوردەوە لە بەغدا دامەزرا، کە ئەو کات بەغداد شوێنێک بووە تا رادەیەک وشیارترین لاوی کوردی تیا کۆبووەتەوە و جێگەیەک بوو دەیانتوانی لە نزیکەوە ئاگاداری گۆڕانکارییە سیاسییەکان بن و گفتوگۆ لە بارەی هەل و مەرجی کوردستان بکەن.

برایم ئەحمەد یەکێک بوو لەو لاوانەی کە هەر زوو پەیوەندی بەو کۆمەڵەیەوە کردووە و بووە بە ئەندام تیایدا، لە هەمان کاتدا ئەرکی سەرپەرشتی کردن و لێپرسراوێتی دەرکردنی نامیلکەی ئەو ساڵەی پێ سپێردراوە، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت «کە ئێمە چووینە بەغدا ئەم کۆمەڵەیە چالاکیەکانی لاواز ببوو، ئێمەش هەوڵماندا کە ئەو کۆمەڵەیە زیندوو بکەینەوە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە بە تەمەن لە ئێمە گەورەتر بوون وەک (فازڵ تاڵەبانی، حامید فەرەج، شاکر فەتاح) رۆڵی سەرەکییان هەبوو لەو بارەیەوە(٢).

ساڵی (١٩٣٣) بە هاوکاری کۆمەڵە خوێندکارێکی کورد برایم ئەحمەد توانی لە بەغدا گۆڤارێک بە ناوی (یادگاری لاوان) دەربکات، کە چەندین وتار و شیعری بە چێژی تیا بڵاو کراوەتەوە.

دیارە ئەرکی سەرەکی نووسین و دەرکردنی ئەم نامیلکەیە کەوتووەتە سەر شانی برایم ئەحمەد، هەروەک خۆشی لەم بارەیەوە دەڵێت «بە یارمەتی چەند نووسەرێکی لاوی تر (یادگاری لاوان)م دەرکرد کەوا پێشەکیەکەی و نزیکەی ٤ - ١ی وتار و شیعرەکانی نووسینی خۆمن بەبێ نووسینی ناوم»(١).

جێگەی باسە کە ئەم کۆمەڵە لاوە بەشدارییان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەییدا کردووە و گرنگییەکی زۆریان داوە بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هۆنراوەی نیشتمانی و وتاری پەروەردەیی و رۆشنبیری، لەم نێوەندەشدا برایم ئەحمەد پێشەنگی ئەو کۆمەڵە لاوە بووە و پێشەکی نامیلکەکەی کردووەتە دیاری و پێشکەشی لاوانی کوردی کردووە.

ئاشکرایە کە هەستی نەتەوایەتی لای ئەم کۆمەڵە لاوە تا رادەیەکی باش گەشەی کردووە و بە نووسینەکانیانەوە دیارە، لە لایەکی دیکەوە کاریگەریی راستەوخۆشیان بۆ سەر وریابوونەوەی هەستی نەتەوایەتی هەبووە و شیعری (یادگار و هیوا)ی برایم ئەحمەدیش نموونەی دیاری ئەم لایەنەیە(٢).

ساڵی ١٩٣٤ کۆمەڵەی لاوان بڵاوکراوەیەکی تری دەرکرد بە ناوی (دیاری لاوان) کە چەندین بابەتی گرنگیی نووسەرانی تیا بڵاوکراوەتەوە، لە بارەی رۆڵی برایم ئەحمەد لە دەرکردنی هەردوو بڵاوکراوەی (یادگاری لاوان) و (دیاری لاوان)دا، پرۆفیسۆر (بوخارد بریتس) مامۆستای زانکۆی (هالە) لە ئەڵمانیا لە باسێکدا کە لە ساڵی (١٩٦٤)دا لە گۆڤاری زانستی زانکۆی ناوبراودا بڵاوی کردووەتەوە لە ژێر ناونیشانی (لە بارەی هەندێ کێشەی مێژووی جوڵانەوەی نیشتمانی کورد)ەوە نووسیویەتی» لە بەغدا ئەڵقەیەک لە خوێندکارانی کوردی هۆشیار لە دەوری (برایم ئەحمەد) پێک هاتبوون گۆڤاری (یادگاری لاوان) و (دیاری لاوان)یان دەردەکرد، لە ناویاندا دژایەتی فاشیزم بەدی دەکرا و کاریگەرییان لە ناو جوڵانەوەی نیشتمانی کورددا دیار بوو(٣)، برایم ئەحمەد وتاریشی لە دژی فاشیزم لە رۆژنامەکانی بەریتانیاوە وەردەگێڕا و لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بیرۆکەی خەباتی یەکگرتوو، یەکگرتنی کورد و عەرەب دژی ئیمپریالیزمیان بۆ یەکەمجار بڵاوکردەوە«(٤).

جێگەی باسە چالاکی رۆشنبیرانی کورد لە (کۆمەڵەی لاوان)دا چوارچێوەیەکی تەسکی لەخۆگرتبوو، تەنها گرنگییان بە لایەنی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی داوە و کەمتر بە لای سیاسەتدا رۆیشتوون(١)، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی پاشایەتی دژی هەموو هەوڵدانێک بوو کە بۆ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی بدرێت، بەڵام لەو پێشەکییەی (یادگاری لاواندا) کە لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە نووسراوە، بۆنی بەیانێکی سیاسی لێ دێت و بە ئاشکرا هەموو رووبەکی

کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی تیا بەدی دەکرێت(٢).

١٣ی جوولای ٢٠١٨

-----

**بەشی دووەم**

لە راستیدا برایم ئەحمەد لە دەرکردنی (دیاری لاواندا) رۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە و لێپرسراوێتی دەرکردنیشی نەگرتۆتە ئەستۆ هەر وەک خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت «لە ساڵی دووەمدا من وازم لە سەرپەرشتی نامیلکەکە هێنا و زیاتر شاکر فەتاح سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام بەبێ ئەوەی زۆربەی نووسینەکانی هی ئەو بێت، نیوەی خەڵک نووسیان و نیوەکەی دیکەی هی من بوو، بەڵام بە هەمان شێوە ناوی خۆمی لەسەر نەبوو»(٣).

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە چالاکییە ئەدەبییەکانی برایم ئەحمەد لە چوارچێوەی (یادگاری لاوان) و (دیاری لاوان)دا نموونەی بەرچاوی رەوتی رۆژنامەگەریی کوردین لە سییەکانی سەدەی رابردوودا.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٣٢)دا گروپێکی سیاسی لە کەسانی رۆشنبیر و پێشکەوتوخواز لە بەغدا کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیر و رای چەپ و پێشکەوتوخوازی و رۆژنامەیەکیان بە ناوی (ئەل ئەهالی)یەوە دەرکرد، کە دواتر هەر بە ناوی رۆژنامەکەیانەوە ناسران، کەسایەتی ناودار و نیشتمانپەروەری وەک (کامل چادرچی، محەمەد حەمید، عەبدولفەتاح برایم، عەبدولقادر ئیسماعیل، حسێن جەمیل) و چەند کەسانێکی تر رۆڵی سەرەکییان لە بەڕێوەبردنی رۆژنامەکە و کۆمەڵەکەدا دەبینی(٤). لەبەرئەوەی دەستەی (ئەل ئەهالی) هەڵگری بیر و باوەڕێکی پێشکەوتوخوازانە بوون، تا رادەیەک هەستی ژمارەیەک رۆشنبیر و رووناکبیری کوردیان بە لای خۆیاندا راکێشابوو(١)، هەر بۆیە دەرچوونی رۆژنامەی (ئەل ئەهالی) سەرەتایەکی شۆڕشگێڕانەی لە مێژووی کوردا تۆمار کرد و بوو بە هەوێن بۆ هەژاندنی مێشک و دڵ و دەروونی لاوان و خوێندکاران و گۆش کردنیان بە بیری نوێ و چاو هەڵهێنانیان بە ڕێگە و شوێنی تازەی تێکۆشان و بەرزکردنەوەی دروشمی رەوا لە ناو گەلدا. ساڵی (١٩٣٥) سەرەتای بڵاوبوونەوەی بیر و باوەڕی چەپ و دیموکراتی بوول لە ناو لاوانی کوردی عێراقدا، رۆشنبیرانی وەک (برایم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵڵا، رەشید عارف، عەبدولسەمەد محەمەد، حەسەن تاڵەبانی) و چەندانی تر پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ دەستەی (ئەل ئەهالی)دا هەبوو(٢). دیارە رۆژنامەی (ئەل ئەهالی)یش زەمینەیەکی لە باری بۆ گەشەکردنی بیری رۆژنامەگەریی لای برایم ئەحمەد رەخساندووە و هاندەر و ناوەندێک بووە تا بتوانێت لە داهاتوودا حەز و ئارەزووەکانی بهێنێتە دی لە رووی دەرکردنی رۆژنامە یاخود بڵاوکراوەیەک تا بتوانێت بەو هەوڵەی کەلێنێک لە بواری رۆژنامەگەریی کوردیدا پڕ بکەنەوە(٣).

برایم ئەحمەد لە سەرەتای لاوێتییەوە هەوڵی داوە دوا ڕۆژی خۆی دەستنیشان بکات و ئەو بوارەشی دەستنیشان کردووە کە لە دوا ڕۆژدا خزمەتی میللەتی کوردی پێ بکات، هەروەک خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت « لەو ڕۆژەوە کە بیرم لە دوا ڕۆژی خوێندنی خۆم کردەوە ڕۆژنامە چێتیم لا خۆشترین کار بوو کە بیکەم، ئەگەرچی مام (ڕەمزی فەتاح) کە خۆی ناردمیە بەر خوێندن و یارمەتی ئەدام، نیازی ئەوە بوو کە ببم بە دکتۆر... نیازی وا بوو ئەگەر لە (گبیە)ی بەغداش وەرنەگیرام بمنێرێتە بەیروت، بەڵام من هەر لەسەر ئامانجی خۆم سوور بووم، هەر بۆیە کە لە خوێندنی (ناوەندی) بوومەوە لە جیاتی ئەوەی بچمە (لقی علمی) کە مامم حەزی دەکرد، من چوومە (لقی ئەدەبی) چونکە تەنها دەرچووی ئەو لقە لە (کولیەی حقوق) قبوڵ ئەکرا و هەر ئەو کەسانەی لەم (کولیەیە) دەرئەچوون بۆیان هەبوو مافی خاوەندارێتی و بەرپرسیاری گۆڤار و ڕۆژنامە دەرکردن وەرگرن»(١).

بۆ ئەم مەبەستە (برایم ئەحمەد) لە دوای تەواو کردنی کۆلێجی یاسا لە ساڵی ١٩٣٧دا ، بەردەوام لە هەوڵداندا بووە بۆ دەرهێنانی گۆڤار یان بڵاوکراوەیەک بە زمانی کوردی، لەم بارەیەشەوە پرس و ڕای بە هاوڕێکانی کردووە بە تایبەتی (گۆران، حامید فەرەج، مستەفا سائیب، کامیل حەسەن)، ئەوانیش هاوکاری و یارمەتییان پێ داوە(٢)، دواتر لەسەر پێشنیاری (گۆران) ناوی گۆڤارەکەیان ناوە » گەلاوێژ « چونکە بە تەواوەتی وشەیەکی کوردییە و هەردوو پیتی (گ - ژ)ی تیایە(٣).

گرنگیی لایەنی ڕۆژنامەگەری وای لە (برایم ئەحمەد) کرد کە داواکاری سەبارەت بە دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکات، لە بەرامبەردا حکومەتی پاشایەتی بە هیچ جۆرێک ڕازی نەبووە بە پێدانی مۆڵەتی فەرمی بۆ گۆڤارەکە - لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام کۆسپ و تەگەرەیان خستۆتە بەردەم پرۆژەکەی و هەوڵیان داوە برایم ئەحمەد لە بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارەکە دوور بخەنەوە، لە هەمان کاتدا لە ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەری پۆلیسدا هاتووە کە «داواکاری گۆڤارەکە یەکێکە لەوانەی کە لایەنگری بیر و باوەڕی کوردایەتین»، بەڵام لە دوای هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر بە هاوکاری و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی «محەمەد باشقە» کە دۆستێکی نزیک و دڵسۆزی برایم ئەحمەد بوو، توانی ساڵی ١٩٣٩ مۆڵەتی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ بەدەستبێنێت.

دیارە نەبوونی ناوەندێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری وەک گۆڤاری گەلاوێژ لە باشووری کوردستاندا بە تایبەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانی شەڕی جیهانی دووەمدا، کەلێنێکی گەورەی لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا دروست کردبوو، لەبەر ئەوە سووربوونی برایم ئەحمەد لەسەر دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ لەو بارودۆخەدا خزمەتێکی گەورەی بە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی و ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەیی کورد کردووە(١).

لە راستیدا لە بارەی فکری دەرکردنی گۆڤار یان بڵاوکراوەدا، برایم ئەحمەد کەوتبووە ژێر کاریگەری فکری (لینین)ەوە، هەروەک خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: «من خەیاڵی گۆڤار دەرکردنم لە (ئەبێ چی بکەین)ی لینینەوە وەرگرتووە، لینین لەو کتێبەدا باس لەوە دەکات کە پێویستە گۆڤارێک هەبێت خەڵک، خوێنەواران، تێگەیشتوان، کرێکاران، پرۆلیتاریا، هەموو چین و توێژەکان کۆبکاتەوە لە دەوری ئەو بیر و باوەڕەی کە گۆڤارەکە بڵاوی دەکاتەوە» (٢).

ئاشکرایە دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ بۆ هەمان ئەو مەبەستە بووە کە (لینین) لە سەردەمەکەی خۆیدا بە پێویستی زانیوە، لەبەر ئەوەی گەلاوێژ توانیویەتی زۆرترین نووسەر و خوێندەوار لەم پەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ لە خۆی کۆبکاتەوە.

دوای وەرگرتنی مۆڵەتی دەرچوونی گۆڤارەکە، سەرەتا بڕیاریاندا کە لە سلێمانی لای پیرەمێرد چاپی بکەن کە لەو کاتەدا چاپخانەیەکی نوێی کڕی بوو، بەڵام برایم ئەحمەد نەیدەویست سنووری چالاکییەکانی تەنها شاری سلێمانی بگرێتەوە، هاوکات ئەو بیر و تەکنیکە نوێیەی ئەوان هەیان بوو پێویستی بە چاپخانەیەکی نوێ و ناوەندێکی رۆشنبیری بەهێزتر هەبوو، لەبەر ئەوە بڕیاریاندا کە چالاکییەکانیان لە بەغدا بەجێ بگەیەنن و ئەرکی چاپکردنەکەشی بە چاپخانەی (النجاح) سپێردرا(٣).

سەبارەت بە چۆنێتی دەرکردنی یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە، برایم ئەحمەد دەڵێت: «لە کاتێکدا من لە سلێمانی خەریکی کۆکردنەوەی بابەت و کەرەستەی پێویست بووم بۆ گۆڤارەکە، لە لایەن وەزارەتی بەرگرییەوە بانگ کرام بۆ کولیەی عەسکەری لە بەغدا بۆ بەشداریکردن لە مەشقی دەرەوەی زابتی (ئیحتیاگ)، منیش بۆ ئەوەی مۆڵەتی گۆڤارەکەم لەدەست نەچێت کە بە تێپەڕبوونی (شەش) مانگ بەسەر وەرگرتنیا هەڵدەوەشێنرایەوە، بە پەلە و لە کاتێکدا کە لە مەشقدا بووم بە یارمەتی چەند کەسانێک ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەم دەرکرد»(٤).

گومانی تیا نییە دەرکردنی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری گەلاوێژ لەو بارودۆخە نائاساییەدا بۆ بەتوانایی و لێهاتویی برایم ئەحمەد دەگەڕێتەوە.

لە سەروتاری ژمارەیەکی گۆڤاری گەلاوێژدا کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٩دا لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە نووسراوە هاتووە: «هیچ گومان ناکەم کە هەمووتان وەکو من سەرشۆڕ ئەکەن و شەرمەزار ئەبن کە بە رێکەوت یان بە پرسیاری بێگانەیەک بەتەوە بیرتان کە لە سەردەمی رووناکی و خوێندندا، لەم پلە بەرزدا کە شارستانێتی گەیشتوویەتی لە رووی زەمیندا گۆڤارێکی کوردی نییە» (١).

مەبەستی برایم ئەحمەد لەم وتارەدا ئەوە بووە کە رۆشنبیران و خوێندەواران هان بدات بۆ هاوکاریکردن و بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبەردنی گۆڤارەکەدا، تا بتوانرێت گۆڤارەکە لە ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری و ئەدەبیدا درێژە بە دەرچوونی بدات.

هەر لە ژمارەیەکی گۆڤاری گەلاوێژدا (برایم ئەحمەد) ئامانجی گۆڤارەکە دەستنیشان دەکات و دەڵێت: «گەلاوێژ... یەکەمین نیازی بژاری زمانی کوردی و ژیاندنەوە و ژیاندنی ئەدەبیاتی کوردییە بە پاراستن و کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی کۆن و ماوەدان بە بلاوکردنەوەی ئەدەبیاتی تازە و تەرجەمە کردنی نووسینی جوان و کتێبی چاکی بێگانە» (٢).

گۆڤاری گەلاوێژ لە ماوەی (دە) ساڵی تەمەنیدا ( ١٩٣٩ - ١٩٤٩ ) توانی (١١٦) ژمارە بخاتە بەرچاوی خوێنەران، کە کۆی لاپەڕەکانی دەگاتە (٧٢٩٧) لاپەڕە ، کە تیایدا شان بە شانی گرنگیی دان بە بواری ئەدەبی و رۆشنبیری، رۆڵێکی گەورەشی بینیوە لە بڵاوبوونەوەی بیرو باوەڕی پێشکەوتوخوازی و دیموکراسی و کوردایەتیدا، کە بێگومان جێ پەنجەی برایم ئەحمەد لە زۆربەی ژمارەکانی ئەو گۆڤارەدا بە ئاشکرا دەبینرێت(٣).

گۆڤاری گەلاوێژ لە سەرەتاوە رێبازێکی ئەدەبی و رۆشنبیری و مێژوویی و زمانەوانی ئەوتۆی گرتەبەر کە دەتوانین بڵێین بەشی زۆری نووسەران و شاعیرانی ئەوسای کورد، سەرەڕای جیاوازی بیرو بۆچونیان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، لە ساڵی یەکەمەوە قەڵەمی نووسەر و شاعیرانی بە توانای وەک ( ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، پیرەمێرد، رەشید نەجیب، محەمەدی خاڵ، رەفیق حلمی، گۆران، بێکەس، بەختیار زێوەر) لە خۆی کۆکردەوە.

لەبارەی گرنگیی گۆڤاری گەلاوێژەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: «گەلاوێژ قوتابخانەیەکی تایبەت بە خۆی لە رۆژنامەگەریی کوردی دا دامەزراندوە، کە هەتا ئێستاش کاریگەری ماوە » (١).

لە راستیدا بۆچوونەکەی نەوشیروان مستەفا تا رادەیەکی زۆر لە جێی خۆیدایە لەبەر ئەوەی زۆر لە گۆڤارەکانی سەردەمی گەلاوێژ و ساڵانی دواتر لە زۆر رووەوە سوودیان لە گەلاوێژ وەرگرتووە و لاسایی ئەویان کردووەتەوە، لە لایەکی ترەوە گۆڤاری گەلاوێژ وەک قوتابخانەیەک دەیان خەڵکی رۆشنبیری تیا پێگەیشتووە کە کاریگەری ئەو رێبازەی برایم ئەحمەد و گۆڤارەکەیان پێوە دیارە.

هەر لە هەمان کاتدا گۆڤاری گەلاوێژ بەلای (مارف خەزنەدار)ەوە گرنگییەکی زۆری هەیە و دەڵێت «گەلاوێژ گۆڤارێکی ئەدەبی و مانگانەیە و بە شێوە زاری کرمانجی خوارو لە شاری بەغدا دەردەچوو، خاوەن و سەرنوسەری گۆڤارەکە شاعیر و چیرۆکنووسی دیاری کورد و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتوخوازی عێراق برایم ئەحمەد بوو»(٢).

لە رووی ناوەڕۆکەوە گۆڤاری گەلاوێژ گرنگییەکی زۆری داوە بە بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و بایەخێکی تایبەتیشی داوە بە رێزمان و داڕشتنی رستە بە شێوەی کوردانە، هاوکات بایەخێکی تایبەتی داوە بە لێکۆڵینەوەی زانستییانەی مێژووی کورد و کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد و جوگرافیای کوردستان، ئەمە جگە لەوەی هەڵوێستی بێگانەی دەرخستووە بەرامبەر بە کورد بە تایبەت نووسینەکانی (سۆن، ریچ، مینۆرسکی، ئیدمۆندز، ئەلبێرت حۆرانی) کە وەگێڕنراونەتە سەر زمانی کوردی(٣).

بێگومان (برایم ئەحمەد) جگە لە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤارەکە نووسەر و شاعیرێکی بەتواناش بووە، گەلێک وتراو و باسی هەمەجۆر و شیعر و پەخشانی بە ناوی خوازراوەوە بڵاو کردووەتەوە، کە لە خزمەتی گەل و نەتەوەکەیدا بووە لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە لە چوارچێوەی بەرهەمەکانیدا واقیعی ژیانی کوردەواری بخاتە روو بە مەبەستی بەئاگاهێنانەوە و وشیار کردنەوەی رۆشنبیر و خوێندەواری ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری(١). لە لایەکی ترەوە بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە رووبەرووی جیهان ببوەوە لە ئەنجامی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی دووەم و دەرکەوتنی بەرەی فاشیزم وەک لایەنێکی شەڕخواز، بیروڕاکانی برایم ئەحمەد زیاتر لە دژی فاشیزم بووە، لەم نێوەندەشدا رۆڵی بەرچاوی لە بواری بەربەرەکانی پڕوپاگەندەی فاشی و نازیزمدا هەبووە لە کوردستاندا(٢).

لە هەمان کاتدا گۆڤاری گەلاوێژ گرنگییەکی زۆری بە چیرۆک داوە، لە کۆی ژمارەکانیدا (١١٤) چیرۆکی تیا بڵاوکراوەتەوە کە (٨٢) چیرۆکیان لە بەرهەمی نووسەرە بەناوبانگەکانی جیهانن وەک (مۆپاسان، ئۆسکار وایلد، شکسپیر، چێخۆف، تۆڵستۆی...)، لە بارەی وەرگێڕانی ئەم چیرۆکانەدا برایم ئەحمەد خۆی سەرقافڵەیە و (١٥) چیرۆکیانی بەردەکەوێت کە زۆربەیانی راستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، لە هەمان کاتدا (پێنج) چیرۆکی خۆشی تیا بڵاوکردووەتەوە کە پاشتر لە کوێرەوەریدا کۆکراونەتەوە.

برایم ئەحمەد هەوڵی داوە لە رێگەی لاپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژەوە ئاستی وشیاری خوێندەوارانی کورد گەشە پێ بدات، بۆ ئەم مەبەستە زنجیرەیەک وتاری لە زمانی ئینگلیزییەوە لەسەر کەسایەتییە ناسراوەکانی وەک (هیتلەر، ستالین، ئەتاتورک، لینین، مۆسۆلۆنی، جەواهر لال نەهرۆ) لە گەلاوێژدا بڵاوکردووەتەوە(٣). ئاشکرایە کە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمە، کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلان لە ئاستی پەرەسەندندا بووە، گەلی کوردیش پێویستی بە دەزگایەک هەبوو کە بیروباوەڕی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری پەرە پێبدات، بە بۆچوونی ئێمە برایم ئەحمەد بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵی داوە لە رێگەی گۆڤاری گەلاوێژەوە خەباتی رزگاریخوازی لەناو رۆشنبیران و خوێندەوارانی کورددا بڵاوبکاتەوە و گەشەی پێ بدات، گۆڤاری گەلاوێژ لە رووی هونەری رۆژنامەگەرییەوە لە ئاستێکی باڵاو پێشکەوتوودا بووە، لە رووی قەوارەی لاپەڕەکانی و ژمارە و شێوازی نووسینی ناونیشان و چۆنیەتی دابەشکردنی

بابەتەکانییەوە لە ماوەی (١٠) ساڵی تەمەنیدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، کە ئەمەش جۆرێکە لە چەسپاندنی نەریتی ڕۆژنامەگەریی(١).

جێگەی باسە برایم ئەحمەد لە سەرەتای دەرکردنی گۆڤارەکەوە بە بەرنامەیەکی ڕێک و پێکەوە دەستی کردووە بەکارکردن، هەر ئەمەش وای کردووە کە جۆرێک لە شێوازی تازەگەری و داهێنان لە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەگەریدا لە گۆڤاری گەلاوێژدا بەرجەستە بکەن.

برایم ئەحمەد بە هۆی گۆڤاری گەلاوێژەوە زۆر جار لە لایەن حکومەتی پاشایەتییەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەی دەستگیرکردن بووەتەوە، هاوکات لە پێناوی مانەوە و بەردەوام بوونی گۆڤارەکە و دوورکەوتنەوە لە مەترسی دەستگیرکردن، لەسەر پێشنیار و ئامۆژگاری (عارف جیاوگ)، لە ١٢ی ئازاری ١٩٤٢ دا بووە بە دادوەری لێکۆڵینەوە لە دادگای هەولێر(٢).

پاشان بە هۆی نەبوونی دادوەر لە کۆیە، لەسەر بڕیاری پارێزگاری هەولێر لە ١٦ - ٣ - ١٩٤٢ دا گوازراوەتەوە بۆ شارۆچکەی کۆیە(٣)، دوابەدوای ئەوە لە ١٦ - ٤ - ١٩٤٢ دا بە فەرمانی وەزارەتی داد شوێنی کارکردنی گواستراوەتەوە بۆ هەڵەبجە، بە هەمان پۆست و هەمان مووچە وەک دادوەر لە شارۆچکەی هەڵەبجە دەست بەکار بووە(٤).

جێگەی باسە کە پیشەی دادوەری نەبۆتە هۆی ئەوەی کە برایم ئەحمەد لە گۆڤاری گەلاوێژ دووربخاتەوە، بەڵکو لە نزیکەوە سەرپەرشتی کردووە و مانگانە بابەتەکانی بۆ ئامادەکردووە، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت «لەو کاتەدا کە من لە هەڵەبجە وەک دادوەر کارم دەکرد مانگانە کەرەستەی گەلاوێژم ئەنارد بۆ مامۆستا» (عەلا) لە ڕاستیدا پێویستە ڕۆڵ و بایەخی لێهاتویی مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە بەڕێوەبردن و بەرەوپێشبردنی گۆڤاری گەلاوێژدا لەبەر چاو بگیرێت کە شان بە شانی برایم ئەحمەد جێ دەستی لە زۆربەی لاپەڕەکانی گەلاوێژدا بەدی دەکرێت.

بێگومان پەسەندکردنی پۆستی دادوەری لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە کارێکی گرنگ و لەجێی خۆیدا بووە، چونکە جگە لەوەی مافی جوتیار و هەژاری ماف خوارو و لێقەوماوانی لە دەرەبەگ و زۆرداران سەندووەتەوە، لە هەمان کاتدا چەند گرنگییەکی تریشی هەبوو کە کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر گۆڤاری گەلاوێژ هەبووە، سەرەتا خۆی لە زیندان و دەستگیر کردن ڕزگار کردووە، لەبەر ئەوەی دادوەر جۆرێک لە سەربەستی هەبووە و دوور بووە لە مەترسی دەستگیر کردن، لە لایەکی ترەوە پاڵپشتێک بووە بۆ بەردەوام بوونی گۆڤارەکە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گرنگیی و بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە(١).

بەڵام لە پلانێکی تری حکومەتی پاشایەتی و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی مێجەر (ئەدمۆنس) بۆ دوورخستنەوەی برایم ئەحمەد



سەرچاوە
Serchawe

لە کاری ڕۆژنامەگەری و پەکخستنی گۆڤاری گەلاوێژ، برایم ئەحمەد هەڵوێستێکی نیشتمانپەروەرانە و لەخۆبوردانەی نواندووە(٢)، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە وەزارەتی ناوخۆ ئاگاداری (برایم ئەحمەد)ی کردووەتەوە کە نابێت کارمەندی حکومی خۆی بە کاری ترەوە خەریک بکات و پێیان ڕاگەیاندووە (نابێت تۆ دادوەربیت و لە هەمان کاتدا خاوەنی گۆڤار بیت) لەبەر ئەوە پێویستە کە واز لە گۆڤارەکە بهێنیت، بەڵام برایم ئەحمەد خاوەندارێتی گۆڤارەکەی لە هەموو پیشەیەکی تر بە پیرۆزتر و باشتر زانیوە، هەر بۆیە بڕیاری داوە دەست بەرداری گۆڤارەکە نەبێت، بەم شێوەیە لە ٧ - ٨ - ١٩٤٤دا دەست لەکار کێشانەوەی خۆی لە کاری دادوەری ڕاگەیاندووە و بە یەکجاری گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە پاڵ کاری پارێزەریدا لە نزیکەوە و بە گڕوتینێکی نوێوە خۆی بۆ کاری ڕۆژنامەگەریی و خزمەتکردنی گۆڤاری گەلاوێژ تەرخان کردووە(٣).

ئاشکرایە کە دەربڕینی هەڵوێستێکی لەو جۆرە بۆ ئەو کاتە لە خۆبوردوویی و خۆنەویستی برایم ئەحمەد دەردەخات، لەبەر ئەوەی پۆستی دادوەری جگە لەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێز و حورمەتێکی زۆری هەبووە، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک ئیمتیازی گرنگیشی هەبوو، بەڵام برایم ئەحمەد گۆڤارەکەی لە هەموو ئەو ئیمتیازاتانە پێ باشتر بووە، چونکە لەو ڕێگەیەوە باشتر دەیتوانی چالاکییە سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی پەرەپێبدات.

ساڵی ١٩٤٩ ساڵی کۆتاییهاتنی تەمەنی پڕ سەروەری و خەباتی گۆڤاری گەلاوێژ بوو، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە حکومەتی نوری سەعید بڕیاری قەدەغەکردنی (٢٣٧) ڕۆژنامە و گۆڤاری دەرکرد کە گەلاوێژ یەکێک بوو لەوانە(١)، هۆی سەرەکی قەدەغەکردنی گۆڤاری گەلاوێژ بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە (برایم ئەحمەد)ی خاوەنی گۆڤارەکە لە بەندیخانەدا بوو(٢)، دوا ژمارەی گۆڤارەکە ژمارە (٨)ی ساڵی (١٠)یەمە کە لە ئابی ١٩٤٩ دا دەرچووە و لە (٧٢) لاپەڕە پێک هاتبوو(٣).

لێرەدا گرنگیی و بەتوانایی (برایم ئەحمەد)مان بۆ دەردەکەوێت لە گۆڤاری گەلاوێژدا کە توانی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بەبێ وەستان گۆڤارەکات ببات بەڕێوە، لەکار وەستانی گۆڤارەکەش لە دوای دەستگیرکردنی برایم ئەحمەد گرنگی و بایەخی برایم ئەحمەد دەسەلمێنێت لە گۆڤاری گەلاوێژدا.

لە ڕاستیدا داخستی گۆڤاری گەلاوێژ زیانێکی گەورەی بە بزووتنەوەی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری گەلی کورد گەیاند، لەم بارەیەوە پیرەمێردی شاعیر بە بۆنەی داخستن و لەکاروەستانی گۆڤاری گەلاوێژەوە لە (ژین)دا شین بۆ گەلاوێژ دەکات و دەڵێت:

داد لە دەست جەورت هەی چەرخی سەر چەوت وا، گەلاوێژ کەوت، گەلاوێژ بۆ چ کەوت

ئاسۆی ئەدەبی کـوردی پڕ تەمە سفیدی بەیــان شینە ماتەمە
ژین بۆ گەلاوێژ بوو بوو بە پەرژین ئێستە لە دوای ئەو بێزارە لە ژین
برایم لــە ناو نــارا سوتاوە سەجادەی تەقوا بێ رایەڵ ماوە(٤)

برایم ئەحمەد لە پاڵ کار و چالاکییەکانی لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا گرنگیی زۆری داوە بە رۆژنامە و بڵاوکراوە نهێنـی کە بـۆ ئەو رۆژگارە بایەخێکی زۆری هەبووە و کەلێنێکیان لە بواری رۆژنامەگەریی نهێنیدا داگیر کردووە.

(دەنگی راستی) یەکێکە لەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن لقی (ژ - ک)ی کوردستانی عێراقەوە دەرچووە، کە ئـەو کـات (برایم ئەحمەد) سەرۆکی ئـەو لقـەی (ژ - ک) بـووە لـە کوردسـتانی عێراقـدا، کـە زۆربـەی نوسـینەکانی ئـەو بڵاوکراوەیـە لـە لایـەن برایم ئەحمەدەوە نووسراوە(١).

بەڵام بە هۆی نهێنی کاروچالاکی رێکخراوەکە و نەبوونی کەلوپەلی چاپکردن تەنها چەند ژمارەیەکی لـێ بڵاوکراوەتـەوە(٢)، کە ئێستا هیچ یەکێک لەو بڵاوکراوانە لەبەر دەستدا نین.

ئاشکرایە کە زۆر لەو بڵاوکراوە و رۆژنامە نهێنیانە هیچ ژمارەیەکیان لە دوا بـەجێ نـەماوە تـا لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێت، یاخود زۆربەی ژمارەکانیان لەناو چوون، بە بۆچونی ئێمە هۆکاری ئەم لەناو چونەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند لایەنێک لەوانە:

زۆربەی ئەو بڵاوکراوانە بە دەستخەت نووسراونەتەوە، هاوکات لـە بـارودۆخێکی سـەخت و دژوار و پـڕ مەترسی وەهـادا چـاپ کراون کە پاراستنیان ئەستەم بووە، لە لایەکی تـرەوە توانـای ئەرشیف کردنیـان نـەبووە و تیراژیـان کـەم و سنوردار بـووە، جگە لـەوەی هەنـدێک لایـەن دۆست و لایـەنگرانی خۆیـان بـە جۆرێـک ئـامۆژگـاری کـردووە کـە لـە دوای خوێندنـەوەی خۆیـان بڵاوکراوەکە بفەوتێنن.

رزگاری ئۆرگانی (پـارتی دیموکراتی کورد)، یـەکێکی تـرە لـە مەیدانی خەبـاتی (برایم ئەحمەد) لـە بـواری رۆژنامەگـەریی نهێنی کوردیدا.

پارتی دیموکراتی کورد لە دوای دامەزراندنییەوە لە ١٦١ ئـابی ١٩٤٦ دا بـوو بـە خـاوەنی سـەرجەم پێداویستی و کەلوپـەلی چاپەمەنی گۆڤاری (رزگاری)، کە پێشتر زمان حاڵی حیزبی رزگاری کورد بوو(٣).



سەرچاوە Serchawe

لە هەمان کاتدا بە هۆی بوونی پێگەیەکی بەرز و ناوبانگێکی باشی بڵاوکراوەی (رزگاری) لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، بڕیاردرا ناوی (رزگاری) بۆ ئۆرگانی (پارتی دیموکراتی کورد)ی تازە دامەزراو دابنرێت(١).

جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکیدا بۆ نەوشیروان مستەفا ئەمین باس لە هەندێ: زانیاری دەکات سەبارەت بە (رزگاری) و دەڵێت «رزگاری یەکەم ژمارەی لە (٢)ی ئەیلولی (١٩٤٦)دا بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، نووسەری سەروتار و مەقالە گرنگەکانی کاک هەمزە عەبدوڵڵا بوو».

بە شێوەیەکی گشتی (رزگاری) لە ماوەی سێ ساڵی یەکەمی تەمەنیدا، رۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە هاندانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بۆ یەکگرتنی هێز و توانای هەردوو گەلی کورد و عەرەب لە پێناوی رووبەڕووبوونەوەی ئیستیعمار و پڕۆژە دوژمنکارییەکانیان(٢)، کە هەمزە عەبدوڵڵا لە دەورەی یەکەمیدا سەرنووسەر و لێپرسراوی یەکەمی بووە و زۆربەی نووسین و سەروتارەکانی لە لایەن ئەوەوە نووسراون.

خولی یەکەمی (رزگاری) لە دوای دەستگیرکردنی هەمزە عەبدوڵڵا و ژمارەیەک لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد لە لایەن رژێمی پاشایەتییەوە کۆتایی بە چالاکییەکانی دێت و لەکار کەوت(٣).

بەڵام دوای ئازاد بوونی (برایم ئەحمەد) لە زیندان و هەڵبژاردنی وەک لێپرسراو و سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە کۆنگرەی دووەمی پارتی لە ئازاری ١٩٥١ دا(٤) توانی سەرلەنوێ دەزگای چاپ (تایپ و رۆنیۆ) دابنێتەوە و لە مانگی ئەیلولدا دەستی کردووە بە دەرکردنی (رزگاری) بە کوردی و (نداو کردستان) بە عەرەبی(٥).

جەلال تاڵەبانی لەم بارەیەوە دەڵێت «رزگاری دەورەی دووەم لە ساڵی (١٩٥٤)ەوە مامۆستا برایم سەرنووسەر و نووسەری وتارە گرنگەکانی بوو کە بە کوردی دەردەچوو، لە کەرکوک چاپ دەکرا بە رۆنیۆ، رۆنیۆکەی شەهید عەلی حەمدی دەیکرد کە مودیری تاپۆ بوو لە کەرکوک، دابەشکردنەکەشی مام جەلال دەیکرد...، بەڵام زۆربەی زۆرە نووسینەکان هی مامۆستا برایم خۆی بوو، ژمارە (٦) ساڵی شەشەم کە لە مارتی ١٩٥٢ دەرچووە، نموونەی بەرچاوی ئەم دەورەیەیە کە لە (٤) لاپەڕەی فولسکابە و بە تایپ و رۆنیۆ بە زمانی کوردی چاپکراوە.

٢٠ی جوولای ٢٠١٨

-----



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی سێیەم**

پارتی دیموکراتی کورد لە دوای کۆنگرەی سێیەمی لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٥٣دا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە پێڕەو و پرۆگرامیدا روویدا کە برایم ئەحمەد رۆڵی سەرەکی و راستەوخۆی لەو بوارەدا بینیوە، یەکێک لەو گۆڕانکارییانە گۆڕینی ئۆرگانی پارتی بوو لە رزگارییەوە بۆ (خەباتی کوردستان)(١).

لە راستیدا بیروڕای نووسەران جیاوازە سەبارەت بەو ناوەی کە جێگەی (رزگاری) گرتووەتەوە، عەبدولستار تایەر شەریف دەڵێت «یەکێک لە گۆڕانکارییەکانی کۆنگرەی سێیەمی پارتی گۆڕینی ناوی ئۆرگانەکانی بوو لە (رزگاری)ەوە بۆ (خەباتی کوردستان)»، لە هەمان کاتدا عەلی عەبدوڵلا کە خۆی یەکێک بووە لە بەشداربووانی کۆنگرەکە دەڵێت «ئۆرگانی پارتی لە (رزگاری)ەوە گۆڕا بۆ (خەبات)»(٢) دوا بەدوای ئەمە زۆر لە نووسەران و توێژەران، ئەو دوو ناوەیان دووبارە کردووەتەوە بێ ئەوەی راستی و دروستی ناوەکە دەست نیشان بکرێت.

ژمارە (٢٩ی ساڵی (٩)ی رزگاری کە لە حوزەیرانی ١٩٥٥ دا دەرچووە، بەڵگەیەکی زیندووە بۆ سەلماندنی ئەو راستییەی کە (رزگاری) لە دوای (کۆنگرەی سێیەم)ەوە بەردەوام بووە لە دەرچوون(٣).

گومان لەوەدا نییە کە (برایم ئەحمەد) رۆڵی سەرەکی بینیوە لە گەشەکردن و بەرە و پێشبردنی رۆژنامەکەدا و زۆربەی زۆری وتار و نووسینە گرنگەکان لە لایەن ئەوەوە نووسراوە کە زیاتر رەوتی خەباتی (پارتی) و ئۆرگانەکانی بە لای بیر و باوەڕێکی پێشکەوتوو خوازانەی چەپ ئاراستە کردووە.

خەباتی کوردستان یەکێکی ترە لە مەیدانی چالاکییەکانی برایم ئەحمەد لە بواری رۆژنامەگەری نهێنی کوردیدا، دەرکەوتنی (خەباتی کوردستان)یش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦ کە هەردوو باڵە جیاوازەکەی پارتی (پارتی دیموکراتی کورد - بەرەی پێشکەوتوو) بەسەرکردایەتی (هەمزە عەبدوڵلا)و (پ.د.ک) بە سەرکردایەتی (برایم ئەحمەد)، یەکگرتنی خۆیان راگەیاند کە یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو یەکگرتنە گۆڕینی ناوی پارتی بوو بە (پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستان) و ئۆرگانەکەشی بوو بە (خەباتی کوردستان)(١).

گومانی تیا نیە کە بە هۆی ئەوەی (برایم ئەحمەد) لەو دەورەیەی پارتیدا سکرتێر بووە، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئەو بڵاوکراوەیەدا هەبووە و جێ پەنجەی بەسەر زۆربەی ژمارەکانی بڵاوکراوەکانی (پارتی)یەوە دیارە.

لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا ئەمین لە زاری (مام جەلال)ەوە دەڵێت «خەباتی کوردستان کە بە عەرەبی دەردەچوو زۆربەی مەقالەکانی مامۆستا برایم و مام جەلال دەیان نووسی، چاپەکەی بە رۆنیۆ بوو، تایپ و رۆنیۆکەی مام جەلال دەیکرد... ناو بە ناو کاک هەمزە و (حلمی عەلی شەریف)یش وتاریان بۆ دەنارد».لە هەمان کاتدا نەوشیروان مستەفا دەڵێت « زۆربەی بەیان و بیرخەرەوە و سەروتار و وتارە سەرەکییەکانی ئۆرگانەکانی پارتی (رزگاری و خەباتی کوردستان) لە سەردەمی مەلیکیدا برایم ئەحمەد نووسیویەتی» (٢).

(برایم ئەحمەد) وەک سیاسی و رۆشنبیرێکی لێهاتوو هەردوو لایەنی سیاسی و رۆژنامەگەری ئاوێتەی یەکتری کردووە و هەمیشە هەوڵی داوە رۆژنامەگەریی بۆ خزمەتی سیاسەت و پرسە چارەنووس سازەکانی کورد بەکار بهێنێت، بێگومان لەم بارەیەشەوە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە.

دەکرێت ناوەڕۆکی نووسینە سیاسییە نهێنییەکانی برایم ئەحمەد لە هەردوو ئۆرگانی (رزگاری و خەباتی کوردستان) لە چەند خاڵێکدا بخرێنە روو:

١- هاندان و رێکخستنی کورد بۆ خەبات کردن لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان و داڕشتنەوەی پەیوەندی برایانەی کورد و عەرەب لەسەر بنچینەی رێزگرتنی یەکتری و سەلماندنی مافی یەکسانی بۆ هەردوو نەتەوە.
٢- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی پارتە نیشتمانییەکانی عێراق.
٣- هاندانی خەڵک بۆ دژایەتی کردنی رژێمی پاشایەتی و رژێمی دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی و نۆکەرانی ئیمپریالیزم.
٤- دژایەتی کردنی پەیمانی بەغدا.
٥- هەوڵدان بۆ روخاندنی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی رژێمی کۆماری لە عێراقدا.
٦- داواکردنی ریفۆرمی زەوی و باشکردنی ژیان و هەلومەرجی کاری کرێکاران و جوتیاران و ئازادی دامەزراندنی رێکخراوە دیموکراتییەکان.
٧- دژایەتیکردنی بلۆکی سەرمایەداری و سیاسەتی وڵاتانی داگیرکەر و پشتیوانی کردنی بلۆکی سۆسیالیستی و یەکێتی سۆڤێت.

ئاشکرایە ئەم هەڵوێست و بۆچوونانەی (برایم ئەحمەد) لەو رۆژگارەدا لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد سیاسەتی (پارتی)دا هاو ئاهەنگ بوون.

برایم ئەحمەد شان بە شانی نووسینەکانی لە (رزگاری) و (خەباتی کوردستان)دا وتاری ئەدەبی و زمانەوانی بۆ هەردوو

گۆڤاری (هیوا)(١) لە بەغداو و (شەفەق) لە کەرکوک نووسیوە، ئەوەبوو وتارێکی گرنگیی لە بارەی زمانەوانییەوە لە ژێر ناونیشانی (چۆن زمانەکەمان بنووسین) لە گۆڤاری (هیوا)دا بە دوو بەش بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا باسی لە چۆنیەتی پەرەپێدانی زمانی کوردی و پێویست بوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی دەکات، ئەم وتارە کاریگەری بەرچاوی هەبووە و نووسەرانی تری لەو بارەیەوە هانداوە کە ڕەوتی نووسینەکانیان بۆ هەمان مەبەست ئاراستە بکەن(٢).

گۆڤاری (شەفەق) بەشێکی تری خەباتی (برایم ئەحمەد) دەردەخات لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، کە تیایدا لە پاڵ هاوکاریکردنی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و هەڵسەنگاندنی نووسینی نووسەرانی دیکە، گەلێک وتار و نووسین و چیرۆکی خۆی لەم گۆڤارەدا بڵاوکردووەتەوە(١).

مارف خەزنەدار ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە گۆڤاری (شەفەق)دا بەرز هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێت: «بۆ بەڵگە، دەستەی نووسەران سوودی لە تاقیکردنەوەی برایم ئەحمەد وەردەگرت، هەندێ لە نووسینەکانی بەناوی خوازراوی نهێنییەوە بڵاوکرانەوە وەک (ب) و (بلە)، برایم ئەحمەد بۆ هەڵسەنگاندنی نووسینەکانی کەڵکی زۆر زۆر بوو، لەبەر ئەوەی لە هەموویان گەورەتر بوو، بە تاقیکردنەوە بەرزتر بوو، گوێمان لە بیروڕای دەگرت و بە دەگمەن نووسینی نزم دەکەوتە ناو گۆڤارەکەوە» (٢).

هەر سەبارەت بە ڕۆڵی برایم ئەحمەد لە گۆڤاری (شەفەق)دا جبار محەمەد جەباری دەڵێت: «برایم ئەحمەد ئەندامێکی چالاکی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شەفەق بووە و یەکێکیش بووە لەو کەسانەی کە گۆڤارەکەیان دەرکردووە لە کەرکوک»(٣).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە (برایم ئەحمەد) تا بەرپابوونی شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی ١٩٥٨، یەکێک بووە لە ئەندامە چالاک و دڵسۆزەکانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شەفەق) کە کاریگەری بەسەر لاپەڕەکانی زۆربەی ژمارەکانی گۆڤارەکە دیارە.

لایەنێکی تری خەباتی (برایم ئەحمەد) لە بواری ڕۆژنامەگەریدا دەرکردن و کارکردنی بوو لە ڕۆژنامەی (خەبات)دا، کە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نوێیە هاتە ئاراوە کە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بە هۆی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨)ەوە بەخۆیەوە بینی گەلێک گۆڕانکاری گرنگیی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە لێکەوتەوە، کە یەکێک لەوانە لایەنی ڕۆژنامەگەری بوو کە بە هۆی پشتگیری کردنی ڕاستەوخۆی (عەبدولکەریم قاسم)ەوە بەرە و پێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی(٤).



سەرچاوە
Serchawe

لەم نێوەندەدا رۆژنامەگەریی کوردیش هەنگاوێکی فراوانی بە ئاراستەی پێشەوە نا، رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان زیادبوونێکی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینیوە کە ژمارەیان گەیشتۆتە نزیکەی (٢٩) رۆژنامە و گۆڤار(١)، کە ئەمە لە کاتێکدا پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز رێگە بە کورد نەدەدرا تەنها تاکە رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەی هەبێت کە بتوانێت لە رێگەیەوە بیرورِا و داواکارییەکانی خۆی سەبارەت بە پرسە چارەنووسازەکانی بە دەسەڵات دارانی عێراق و دنیای دەرەوە بگەیەنێت(٢).

ئەم بارودۆخە ئازادییە زەمینەی لە بەردەم پارت و رێکخراوە سیاسییەکاندا خۆش کرد تا داواکاری بۆ مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی رۆژنامەیەک پێشکەش بە کاربەدەستانی حکومەتی نوێ بکەن؟

برایم ئەحمەد وەک هەنگاوی یەکەم بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی ئیمتیازی رۆژنامەیەک تا ببێتە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، لە ١٩ ئابی ١٩٥٨دا داواکاری پێشکەش بە (عەبدولسەلام عارف)ی جێگری سەرۆک وەزیران و بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق کرد، بەڵام داواکارییەکەی پەسەند نەکراو لە لایەن ناوبراوەوە ئامۆژگاری کرا کە دەتوانن سوود لە رۆژنامەی (الجمهوریە) وەربگرن و پێی راگەیاند کە فەرمان بە ستافی ئەو رۆژنامەیە دەکات کە هەموو نوسراو و بابەتەکانیان بۆ بڵاوبکەنەوە(٣).

شایەنی باسە پەسەندنەکردنی داواکاری وەرگرتنی ئیمتیازی رۆژنامەیەک بۆ ئۆرگانی (پارتی) لە لایەن (عەبدولسەلام عارف)ەوە نەبووە هۆی بێهیوابوونی برایم ئەحمەد، ئەوە بوول لە هەنگاوێکی تر و لە دەرفەتێکی تردا هەمان داواکاری ئاراستەی (عەبدولکەریم قاسم) کردووە و ئەویش رەزامەندی لەسەر پیشان داوە(٤).

سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی ئیمتیازی رۆژنامەی خەبات برایم ئەحمەد دەڵێت «عەبدولکەریم قاسم وەک سیاسەتێ کە لە سەری دەرۆی دەیویست ئێمە جیابکاتەوە، کە من دەچوومە لای زۆر زۆر حورمەتی دەگرتم، کە مەلا مستەفاش دەچووە لای بە هەمان شێوە حورمەتی ئەویشی دەگرت، وایشی پیشان دەدا کە دڵمان لە یەکتری برەنجێ، جارێکیان پێی وتم چیت ئەوێ؟ بۆ داوای شتێک ناکەیت؟ وتم ئەگەر ئیمتیازی رۆژنامەیەکمان بدەیتێ باشە... وتی ناوی چی بێت؟ وتم ناوی (خەبات) بێت، وتی برۆ دەریکە».

جێگەی باسە (عەبدولکەریم) لە ماوەی حکومڕانی خۆیدا پەیڕەوی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە)ی کردووە و هەوڵی داوە هێز و رێکخراوە نیشتمانییەکان لەبەر یەک هەڵ بوەشێنێت و هەریەکە لە ئەندامانی ناو ئەو رێکخراوە بکاتە دوژمنی ئەوی تریان، دیارە هەڵوەشاندن و لێکترازاندنی (پ.د.ک)یش تا رادەیەک یەکێک بووە لە پلانەکانی (قاسم) بە مەبەستی

لاوازکردنی دەسەڵاتی کورد لە عێراقدا، پێی وابوو کە (برایم ئەحمەد) لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا داوای پارە و پێداویستی مادی لێ دەکات، بەڵام داواکارییەکەی برایم ئەحمەد داوایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی بووە و خزمەتێکی گەورەی بە بواری رۆژنامەگەری کوردی گەیاندووە، کە تا ئێستاش بایەخی لە زیادبووندایە.

دیارە مەبەستی برایم ئەحمەد لە دەرکردنی رۆژنامەی خەبات ئەوە بووە کە ببێتە ناوەندێکی راگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕە سیاسیەکانی (پ.د.ک) و هەڵوێست وەرگرتن لە ئاست پرسە چارەنووس سازەکانی گەلی کورد و داکۆکی کردن لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد.

دوای وەرگرتنی رەزامەندی زارەکی (عەبدولکەریم قاسم) لەسەر پێدانی ئیمتیازی رۆژنامەی خەبات، برایم ئەحمەد لە (٢٣)ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ دا داواکاری بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش بە وەزارەتی (ئیرشاد) کرد، لە (١١)ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ دا وەزارەتی ناوبراو رەزامەندی لەسەر وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی و دەرچوونی رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بە ناوی (خەبات) لە بەغدا پیشاندا(١).

دواتر وەزارەتی ئیرشاد لە (١٤)ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ دا، بە پێی بڕگەی (أ) و (ب)ی مادەی (٦) لە یاسای چاپەمەنیەکان ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٥٤)، داوای لە (برایم ئەحمەد)ی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی خەبات کردووە کە پێویستە لە پێش دەرچوونی ژمارە (یەک)ی رۆژنامەکە، بارمتە بە بڕی (٥٠٠) دینار بدات بە وەزارەتی ناوبراو(١).

رۆژنامەی (ژین) لە سەرەتای شوباتی (١٩٥٩)دا هەواڵی وەرگرتنی ئیمتیازی رۆژنامەی (خەبات)ی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی «وەزارەتی ئیرشاد ماوەی دا بە مامۆستا برایم ئەحمەدی محامی کە رۆژنامەیەکی سیاسی هەموو رۆژێک دەربکات بە کوردی و عەرەبی بە ناوی (خەبات)ەوە و خۆی سەر نووسەری بێت،... بێگومان دەمێکە چاوەڕێی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە دەکەین و هیوامان وایە بەم زوانە دەربچێت، چونکە پێویستمان بە رۆژنامەی وا هەیە کە خزمەتی گەلەکەمان بکات»(٢).

هەر لەو کاتەدا رۆژنامەی (ژین) لە ژمارەیەکی دواتردا نووسیویەتی «رۆژنامەی خەبات کە سەر نووسەری مامۆستا (برایم ئەحمەد)ە کە لەم رۆژانەی دوایدا دەرچێت و ئێستا خەریکی رێکخستنی کاروباری چاپکردنێتی» (٣).

لە راستیدا ئەم وتارەی رۆژنامەی ژین گرنگیی و بایەخی بوونی رۆژنامەیەکی سیاسی وەک (خەبات) دەردەخات کە پێویستییەکی گرنگیی ئەو رۆژگارە بووە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەرچوونی ژمارەیەکی ئەو رۆژنامەیە بوون، لە لایەکی ترەوە ئەو راستییەش دەردەخات کە خاوەنی راستەقینەی رۆژنامەکە برایم ئەحمەدی محامی

بووە.

ئامانج و مەبەستی ڕۆژنامەی (خەبات) لە لایەن (هەمزە عەبدوڵڵا)ەوە لە وتارێکدا بە ناونیشانی (ئامانجەکانمان) ، بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو «خەبات لەم ڕۆژەدا دەرئەچێت بۆ ئەوەی سیاسەتی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان دەربڕێت، ئەو پارتیەمان کە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی گەل لە کوردستانی عێراقدا ئەبا بەڕێوە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەرەبەگی »(٤).

برایم ئەحمەد بێجگە لەوەی سەرنووسەر و لێپرسراوی سەرەکی ڕۆژنامەکە بووە، لە هەمان کاتدا زۆربەی نووسینە گرنگەکان لە زۆربەی کاتدا لە لایەن ئەوەوە نووسراوە(١).

لە ڕاستیدا بە نووسینەکانی ژمارە (یەک)ی ڕۆژنامەی خەباتدا دیارە کە برایم ئەحمەد وەک سەرنووسەر کاریگەری بەسەر زۆربەی نووسینەکانەوە هەبووە، هاوکات سێ نووسینی بە ناوی خۆی (برایم ئەحمەد) و (بلە) و (ب)ەوە بڵاوکردووەتەوە، لە لاپەڕە (یەک)دا نووسینێکی هەیە بە ناونیشانی (سڵاوی خەبات بۆ خۆشەویستی گەل) بە ناوی خۆیەوە لە بری دەستەی نووسەران بڵاوکردووەتەوە، لە لاپەڕە (چوار)ی هەمان ژمارەدا دوو بابەتی (برایم ئەحمەد) بەرچاو دەکەوێت کە بە ناوی خوازراوەوە بڵاوی کردووەتەوە، یەکەمیان بە ناونیشانی (بە بۆنەی بیرەوەری دوانزە ساڵەی هەڵواسینی قازی محەمەدی شەهیدەوە) بە ناوی (ب)ەوە بڵاوکردووەتەوە، دووەمیان شیعری (شینی پێشەوا)یە بە ناوی (بلە)ەوە بڵاو کردووەتەوە(٢).

برایم ئەحمەد هەوڵی داوە شێوازێکی نوێ بۆ ناوەڕۆک و چۆنێتی ڕیزبەندکردنی بابەتەکان و ڕەچاوکردنی لایەنی هونەری لە ڕۆژنامەی خەباتدا پەیڕە و بکات، زۆر جار لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ڕۆژنامە بە زمانێکی هاوبەش و تێکەڵاو بە زمانی (کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی) دەرچووە، کە تیایدا چەند لاپەڕەیەک بە زمانی کوردی و لاپەڕەکانی تریشی بۆ زمانەکانی تر تەرخان کراوە، بەڵام برایم ئەحمەد ئەم نەریت و شێوازی گۆڕیوە و لە جیاتی ئەوە سەرەتا هەندێ ژمارەی بە کوردی و دواتر هەندێکی تر بە عەرەبی دەرکردووە(٣).

سەبارەت بە زمانی نووسینی ڕۆژنامەکە، لە سەرەتادا لە ژمارە (١ - ٥) بە زمانی کوردی دەرچووە، پاشان هەردوو ژمارەی (٦ - ٧) بە عەرەبی دەرچوون، ژمارە (٨ - ٩) بە کوردی و ژمارەکانی (١٠ - ١١ - ١٢) بە عەرەبی دەرچوون، لە ژمارە (١٣ بۆ ٢٤) بە زمانی کوردی دەرچووە و هەوڵ دراوە یەک لە دوای یەک ڕۆژانە دەربچێت، بەم شێوەیە ڕۆژنامەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە تا ژمارە (١١٢) ئیتر لەوە بە دواوە بە زمانی عەرەبی دەرچووە تا ڕۆژی داخستنی(٤).



سەرچاوە
Serchawe

دیارە گەلێک هۆکار ڕێگربوون لە بەردەم بەردەوامبوونی ڕۆژنامەکە بە زمانی کوردی، لەم بارەیەوە سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات لە ساڵیادی ڕۆژنامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە کێشەی چاپ و نەبوونی پیتی پێویست هۆی ئەوە بووە کە ڕۆژنامەکە چیتر بە کوردی دەرنەچێت(٢).

ژمارە (٦)ی ڕۆژنامەی خەبات یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەیە کە بە زمانی عەرەبی لە (٨)ی ئایاری ١٩٥٩ دەرچووە، کە بە هەمان شێوە چەند وتارێکی (برایم ئەحمەد)ی تیا بڵاوکراوەتەوە(٣).

ڕۆژنامەی خەبات پێش ئەوەی ببێتە خاوەنی چاپخانەی (سەلاحەدین)، لە چەند چاپخانەیەکی دیکە چاپ کراوە، لە سەرەتادا تا ژمارە (٩٧)ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩ لە چاپخانەی (النجاح) چاپکراوە، دوا بە دوای ئەوە تا ژمارە (١٠٥)ی ٢٥ تشرینی دووەم لە چاپخانەی (دار التمدین) چاپکراوە، پاشان تا ژمارە (٢٠٠)ی ٢١ نیسانی ١٩٦٠ لە چاپخانەی (الرأی العام) چاپکراوە، دواتر لە ژمارە (٢٠١)ەوە تا ڕۆژی داخستنی ڕۆژنامەکە لە چاپخانەی (سەڵاحەدین) چاپکراوە(٤). شایەنی باسە چاپخانەی (سەڵاحەدین) لە وەزارەتی (ئیرشاد) بە ناوی (برایم ئەحمەد و نوری شاوەیس و ڕەشید عارف)ەوە تۆمار کراوە(٥)، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تا ڕادەیەک خاوەندارێتی ڕۆژنامەی خەبات بۆ برایم ئەحمەد دەگەڕێتەوە، چونکە جگە لەوەی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و نووسەری سەرەکی ڕۆژنامەکە بووە، لە هەمان کاتدا یەکێک لەو کەسانەش بووە کە چاپخانەکەیان بە ناوەوە بووە.

نەوشیروان مستەفا ئەمین لە بارەی ڕۆڵ و گرنگیی (برایم ئەحمەد) لە ڕۆژنامەی خەباتدا دەڵێت «بەشێکی زۆری سەر وتارەکانی خەبات چ هی ئەو چەند ژمارەیەی بە کوردی دەرچوون و چ هی ئەو چەند سەد ژمارەیەی بە عەرەبی دەرچوون بە قەڵەمی برایم ئەحمەد نووسراون(٦).

هاوکات لەم بارەیەوە نەوزاد عەلی ئەحمەد دەڵێت: «مامۆستا برایم ئەحمەد وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەکە ئەو حەقەی بە خۆی دابوو کە دەستکاری بابەتەکان بکات و لە ڕووی هونەری نووسینەوە پێیاندا بچێتەوە بە تایبەتیش لە هەڵبژاردنی ناونیشانەکاندا، لە هەمووشی ڕوونتر و دیارتر و بەڵگەدار تر بەکارهێنانی قاڵبی (ئە) لە جیاتی (دە) کە (ئە) بە تەواوی کۆنترۆڵی نووسینەکانی کردووە، ئەمە و بێجگە لە دانانی خاڵبەندی» (١).

لە ڕاستیدا زۆربەی سەروتارەکانی ڕۆژنامەی (خەبات) ئەوانەی کە لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە نووسراون تەرخان کراون بۆ داواکردنی سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و پشتیوانی کردنی کۆماری عێراق و هەوڵدان بۆ پێشخستنی باری ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کوردستان و داواکردنی کۆتایی هێنان بە باری نا ئاسایی و قۆناغی گوێزانەوە و

دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی لە عێراقدا(٢)، کە بێگومان ئەم هەڵوێست و وتارە سیاسیانە (برایم ئەحمەد)ی رووبەڕووی دەیان کێشەی سیاسی و دادگایی کردووەتەوە لە لایەن حکومەتی ئەو کاتەی عێراقەوە.

لەم بارەیەوە لە یەکێک لەسەر وتارەکانی رۆژنامەی (خەبات)دا برایم ئەحمەد باس لەو جیاوازییە دەکات کە لە نێوان هەردوو مادەی (٢) و (٣)ی دەستوری کاتی عێراقدا هەبوو کە راستەوخۆ پەیوەندی بە کێشەی رەوای گەلی کوردەوە هەبوو، لە بەرامبەردا بە هۆی ئەم وتارەوە برایم ئەحمەد رۆژنامەکەشی رووبەڕووی لێپرسینەوەی دادگایی بوونەتەوە.

هەر لەو کاتەدا بە چەند وتارێک لە ژمارەکانی رۆژنامەی (خەبات)دا، بە توندی بە گژ هەڵوێستی عەرەبە رەگەز پەرستەکاندا چووەتەوە، لەو بارەیەوە بەرپەرچی ئەو وتارە دەداتەوە کە رۆژنامەی (الثورە)ی لایەنگری (عەبدولکەریم قاسم) تیایدا باس لە تواندنەوەی نەتەوەی کورد دەکات لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا.

شایەنی باسە بێجگە لە برایم ئەحمەد چەند کەسێکی تر رۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی رۆژنامەی (خەبات)دا کە رۆژانە نووسین و بابەتی بەپێزیان لە ئەو رۆژنامەیەدا بڵاوکردووەتەوە(٣).

جێگەی باسە ململانێی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، کاریگەری راستەوخۆی بۆ سەر دەستەی نووسەران و چۆنێتی بەڕێوەبردنی رۆژنامەی خەبات هەبووە، تەنانەت رەوتی فیکریی رۆژنامەکە بە پێی گۆڕانکارییەکانی ناو مەکتەبی سیاسی و دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی خەبات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە سەرەتادا رۆژنامەی خەبات لە لایەن (هەمزە عەبدوڵڵا، ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان، خەسرە و تۆفیق، نەژاد ئەحمەد عەزیز، محەمەد کریم فەتحوڵا)وە، سەرپەرشتی کراوە، برایم ئەحمەد لەو کاتەدا خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکە بووە، بەڵام هەر بە رواڵەت و بۆ بەرپرسی یاسایی سەرنووسەری خەبات بووە و هیچ رۆڵێکی لە سیاسەتی رۆژنامەکەدا نەبووە(١).

لەو ماوەیەدا رۆژنامەی خەبات بە هۆی لێپرسراوێتی (هەمزە عەبدوڵڵا) و بوونی دەستەیەک لە ئەندامانی دۆستی حیزبی شیوعی لە ناو سەرکردایەتی (پارتی)دا لە ژێر کاریگەری سیاسەت و فکری (شیوعی)دا بەڕێوە چووە(٢).

دواتر لە پێناوی مانەوەی سەربەخۆیی پارتی و گەڕانەوەی بۆ سەر رێبازی پێشووی خۆی، بارزانی راستەوخۆ (هەمزە عەبدوڵڵا) و هاوڕێکانی لە سەرکردایەتی پارتی و لێپرسراوێتی (خەبات) دوورخستەوە و ئەرکی بەڕێوەبردنی رۆژنامەکەی بە (جەلال تاڵەبانی) سپاردووە تا (برایم ئەحمەد) گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان(٣)، بەم شێوەیە جارێکی تر لێپرسراوێتی (خەبات) کەوتووەتەوە دەست برایم ئەحمەد.



سەرچاوە
Serchawe

دوای ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٩ - ٢ - ١٩٦٠دا مۆڵەتی فەرمی کارکردنی پێ دراو بوو بە پارتێکی ئاشکرا لە عێراقدا، لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی دەستەی دامەزرێنەری (پارتی)دا بە سەرۆکایەتی (مەلا مستەفا) و بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ناسراوەکانی عێراق، چەند بڕیارێکی گرنگیان سەبارەت بە ئایندەی ڕۆژنامەی خەبات و سیاسەتی پارتی دەرکرد، کە گرنگترینیان هەڵبژاردنەوەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە و بڕیاردان لەسەر تەنازول کردنی (برایم ئەحمەد) لە خاوەندارێتی (خەبات) بۆ ئەوەی ببێتە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان(١).

بۆ ئەم مەبەستە (برایم ئەحمەد) داواکارییەکی پێشکەش بە وەزارەتی (ئیرشاد)ی حکومەتی عێراقی کردووە بۆ ئەوەی ئیمتیازی ڕۆژنامەی (خەبات) بدرێتە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە جیاتی ئەوە ئیمتیازی ڕۆژنامەی ( (کوردستان)ی پێ ببەخشرێت و بخرێتە جیگەی (خەبات)، وەزارەتی ناوبراویش ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەو داواکارییە پیشانداوە(٢).

بەم شێوەیە (برایم ئەحمەد) تا داخستنی ڕۆژنامەی خەبات وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەکە لە پاڵ بەردەوام بوونی لە کاری سیاسیدا، لە ڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە ڕۆڵی سەرەکی لە (خەبات)دا بینیوە.

جێگەی باسە ڕۆژنامەی (خەبات) لە ساڵی یەکەمیدا تا ٦ نیسانی ١٩٦٠ - (١٩٤) ژمارەی لێ دەرچووە و لە ساڵی دووەمیدا تا ڕۆژی داخستنی لە ٢٨ ئازاری ١٩٦١دا، (٢٦٨) ژمارەی لێ دەرچووە کە کۆی گشتی ژمارەکانی لە ماوەی ئاشکرای تەمەنی ڕۆژنامەکەدا (٤٦٢)(٣) ژمارەی لێ دەرچووە کە (٤٢) ژمارەیان بە کوردی و (٤٢٠) ژمارەشیان بە عەرەبی بڵاوکراوەنەتەوە.

شایەنی باسە ڕۆژنامەی (خەبات) بە ئاشکرا ڕوخساری کوردستانێتی پێوە دیار بووە ، شان بە شانی کێشە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان گرنگیی زۆری بە کێشەی کوردی پارچەکانی تری کوردستان داوە، لە لاپەڕە (١)ی ژمارە (٢١)ی تەمموزی ١٩٥٩دا، بابەتێک نووسراوە بە ناونیشانی (خەباتی کوردستان - بوژانەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی داگیرکراوی بە زۆر بە تورکیا بەستراودا)(٤)، لە لایەکی ترەوە لە لاپەڕە (٢)ی ژماری (٢٣)ی تەمموزی ١٩٥٩دا نووسراوە (خەباتی کوردستان - دەربارەی کوردستانی بە سوریاوە بەستراو) (١)، هەروەها لە ژمارەیەکی تری ڕۆژنامەی (خەبات)دا بابەتێک سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر ناوی (خەباتی کوردستان - وێنەیەک لە خەباتی کورد لە کوردستانی بە زۆر بەستراو بە ئێرانەوە).

ئاشکرایە کە ئەم گرنگیی دانەی ڕۆژنامەی (خەبات) بە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا شوێن دەستی (برایم ئەحمەد)ی پێوە دیارە و تەواو لەگەڵ بیر و باوەڕی کوردستانی بوونی (برایم ئەحمەد)دا یەک دەگرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

دوای ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی پارتی و ڕۆژنامەی (خەبات) لە لایەن دادگای باڵای دەوڵەتەوە، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١ دا لە کۆنفرانسێکدا لە گوندی ( عەوالان ) بە سەرکردایەتی (برایم ئەحمەد) بڕیاریدا... نەک تەنها پشتگیری لە شۆڕشی ئەیلول بکرێت، بەڵکو پێویستە سەرکردایەتی شۆڕشەکە بگرنە ئەستۆ، دوا بە دوای ئەوە (برایم ئەحمەد) بارەگای (مەکتەبی سیاسی)ی لە (مالومە) دامەزراند و کەوتنە سەرکردایەتیکردنی شۆڕش لە ناوچەکەدا.

جێگەی باسە یەکێک لە چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکانی (برایم ئەحمەد) لەم ماوەیەدا، دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات و دامەزراندنەوەی دەزگای چاپ بوو لە شاخ، کە لە دوای (شێخ مەحمود) کە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا دەزگای چاپی بردە ئەشکەوتی جاسەنە لە سورداش، (برایم ئەحمەد) دووەم سەرکردەی شۆڕشگێری کوردە کە دەزگای چاپی لە (گردە ڕەش)ی ماوەت دامەزراند(٢).

ئەم بارودۆخە نوێیە کاریگەری راستەوخۆی بۆ سەر شێوازی کارکردنی ڕۆژنامەی خەبات هەبوو، لە ڕۆژنامەیەکی ئاشکرای خاوەن مۆڵەتەوە بوو بە ڕۆژنامەیەکی نهێنی و بەشێک لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کورد پێک دەهێنێت.

ڕۆژنامەی خەبات لە ئازاری (١٩٦١) تا لێکترازانی ناو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (١٩٦٤)دا، تەنها (١١) ژمارەی لێ دەرچووە ، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە ژمارەی خەباتی هەردوو باڵەکەی پارتی لە دوای جیابوونەوەیان لە ژمارە (٤٧٤)ەوە دەست پێدەکات(١).
دوا ژمارەی ڕۆژنامەی (خەبات)ی باڵی مەکتەبی سیاسی ژمارە (٥١١)یە کە لە حوزەیرانی (١٩٦٩)دا دەرچووە(٢)، هەر لەو ماوەیەدا باڵی (م.س) دەرەوەی دووەمی (خەباتی کوردستان)ی دەرکردووە، کە تەنها (٧) ژمارەی لێ دەرچووە، ناوەڕۆکی ئەو بڵاوکراوەیە باس لە ململانێی نێوان نێوان هەردوو باڵەکەی ناو پارتی (باڵی برایم ئەحمەد - (م.س) - و باڵی بارزانی) دەکات(٣).

ڕۆژنامەی (کوردستان) یەکێکی ترە لە مەیدانەکانی خەباتی برایم ئەحمەد لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، ژمارە (یەک)ی ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٤ - ٣ - ١٩٦١ لە بەغداد بە (٨) لاپەڕەی مام ناوەند لە چاپخانەی کوردستان بە زمانی کوردی دەرچووە، لەسەر دوا لاپەڕەی نووسراوە« ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە، خاوەن ئیمتیازی برایم ئەحمەد و سەرنووسەری پارێزەر جەلال تاڵەبانی«(٤).

٢٧ی جوولای ٢٠١٨

**بەشی چوارەم**

مانشێتی ژمارەیەکی رۆژنامەی کوردستان بە خەتێکی درشت نووسراوە (ئیمپریالیزم عەرەب بە خەباتی گەلی کورد ئەترسێنێ)(٥).

برایم ئەحمەد ئامانجی رۆژنامەکەی لە وتارێکدا بە ناوی (ئامانجی کوردستان) لە لاپەڕە (١)ی رۆژنامەکەدا بڵاو کردووەتەوە، کە تیایدا هاتووە «دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان) لەم کاتە ناسکەدا کە کۆمارەکەمانی پیا تێپەڕ دەبێت گرنگییەکی زۆری هەیە... جا بە هیواین کە (کوردستان) بتوانێ شان بە شانی (خەبات)ی هەڤاڵی، پێ بە پێی رۆژنامە دیموکراتییە کوردستانییەکانی تر لە خەباتی سەخت و مەردانەی گەلەکەماندا دژی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستی و بۆ چەسپاندن و گەشەپێکردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشە دیموکراتییە ئازادی خوازەکەمان پێشڕەوی خۆی سەربەرزانە و جوامێرانە بەجێ بهێنێت»(١).

دیارە رۆژنامەکە لە رێی (برایم ئەحمەدە)وە رۆڵێکی گەورە و گرنگ دەبینێ لە داکۆکیکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا، هەر بۆیە ناوەڕۆکی هەردوو رۆژنامەی (خەبات) و (کوردستان) بۆ ئەو مەبەستە ئاراستە کراون و هەوڵیشی داوە رۆژنامە بۆ خزمەتی سیاسەت و بەدیهێنانی مافە رەواکانی نەتەوەی کورد بەکار بهێنێت.

رۆژنامەی (خەبات) لە ژمارە (٤٤٥)دا، هەواڵی دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان)ی بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت «کوردستان رۆژنامەیەکی کوردستانی جەماوەرییە، هەوڵ دەدات لە پێناوی پارێزگاری کردنی کۆماری عێراق و دیموکراسی و ئازادە، بۆ مەبەستی بەهێزکردنی برایەتی خەباتی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب(٢).

دارمانی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و (پ.د.ک) لە لایەک و تۆمەتبارکردنی (برایم ئەحمەد) بە کوشتنی (سدیق میران) لە لایەکی دیکەوە، هۆکاری سەرەکی بوون بۆر ێگری کردنی بەردەوام بوونی رۆژنامەی کوردستان.

لە دوای خۆبەدەستەوە نەدانی برایم ئەحمەد بەو تۆمەتەی خرابووە پاڵی، دادوەری گشتی سەربازی لە (١)ی نیسانی ١٩٦١دا فەرمانی بە وەزارەتی ئیرشاد کرد کە رێگە لە دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان) بگرێت، لەبەر ئەوەی (برایم ئەحمەد)ی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکە داواکراوە لە بەردەم دەستەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە رووداوی شەقڵاوە ئامادەبێت، بەڵام ناوبراو بە پێچەوانەوەی یاساوە شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە، کە ئەمەش پێچەوانەی برگەی (٣)یە لە مادەی

(٣)ی یاسای چاپەمەنییەکان ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٥٤، کە تیایدا هاتووە پێویستە شوێنی نیشتەجێ بوونی خاوەنی ڕۆژنامەکە ئاشکرا بێت(٣).

دوا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە (پێنج)ە کە لە (١)ی نیسانی ١٩٦١ دەرچووە، بەم شێوەیە ڕۆژنامەی کوردستان وەک ڕۆژنامەیەکی سیاسی زمانحاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هۆی زوڵم و زۆری حکومەتی (قاسم) لە دوای (پێنج) ژمارەکۆتایی بە دەرچوونی هات.

ئاشکرایە لە مێژووی ڕزگاریخوازی گەلاندا زۆر جار تاکە کەسێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە ڕووداوەکاندا لە هەمان کاتدا مانەوە یاخود لەناوچوونی دامەزراوەیەک بە چارەنووسی ئەو کەسانەوە بەند بووە.

لەم ڕووەشەوە برایم ئەحمەد وەک ڕۆژنامەوانێک کاریگەری بەرچاوی هەبووە بەسەر بەردەوام بوون یاخود لەکاروەستانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە لە دوای بڕیاری دەستگیرکردن و نایاسیی بوونی (برایم ئەحمەد)، بڕیاری لەکار وەستانی هەر یەکە لە (گۆڤاری گەلاوێژ، ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی کوردستان) لە لایەن حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق دەرچووە(١).

بەشێکی تری خەباتی (برایم ئەحمەد) لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بەشداریکردن بووە لە ئامادەکردن و دامەزراندنی (ڕادیۆی دەنگی کوردستان) لە گردە ڕەشی ناوچەی ماوەت.

لەم بارەیەوە هۆمەر دزەیی کە خۆی یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕادیۆکە بووە دەڵێت ڕۆژێکیان لە مانگی ئەیلولدا دوو گەنجی ئەوروپییمان لێ پەیدا بوو من وام زانی کە ڕۆژنامەوانن، بەڵام هێندەی نەبرد مامۆستا (برایم ئەحمەد) لە (م.س)ەوە هاتەلامان و قۆڵی منی گرت و پێی گوتم شتێک هەیە نابێ کەس پێی بزانێت گوتی وێستگەیەکی ڕادیۆمان لە ئەڵمانیاوە بۆ هاتووە کە کاک کەمال فواد سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا تەرتیبی کردووە، دەمانەوێت لە ئەشکەوتی گردە ڕەش دایبمەزرێنین، ئەم دوو گەنجەش ئەڵمانین و ئەندازیاری ڕادیۆن، تۆش کە ئەڵمانی دەزانی هەمیشە لە گەڵیانبە ، بەڵام لای خەڵک بڵێ ڕۆژنامەوانن»(٢).

ئاشکرایە (برایم ئەحمەد)لەو کاتەدا (ئەیلوولی ١٩٦٣) وەک سکرتێری (پ.د.ک)، لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی پەیداکردن و گواستنەوەی بۆ کوردستان و دامەزراندنی ڕادیۆکە بووە، ئەمەش بە یەکێک لە کارە گرنگ و پڕ بایەخەکانی (برایم ئەحمەد) دادەنرێت لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا، لەبەر ئەوەی دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بە



سەرچاوە
Serchawe

یەکێک لە هەرە پێداویستییە گرنگەکانی شۆڕشی ئەیلول دادەنرێت، کە رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە ناساندنی شۆڕشی کورد و بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە کە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر جۆشدانی خەڵکی کوردستان هەبووە.

رۆژنامەی (النور) قۆناغێکی تری رۆژنامەگەری ئاشکرای کوردییە کە (برایم ئەحمەد) رۆڵی بەرچاوی تیا بینیوە، کە رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانە بووە، خاوەن ئیمتیازی حیلمی عەلی شەریف و سەرنووسەرەکەی عومەر مستەفا بووە کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە بەغداد دەرچووە، ژمارە (١)ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٨دا بە عەرەبی دەرچووە و دوا ژمارەی ئەم رۆژنامەیە ژمارە (٤٣٢)وە کە لە ٢٩ی مارتی ١٩٧٠ دەرچووە(١).

نەوشیروان مستەفا ئەمین لە بارەی رۆڵی برایم ئەحمەد لە رۆژنامەی (النور)دا دەڵێت «بەشێک لە سەروتارەکانی رۆژنامەی (النور) بە تایبەتی ئەوانەی کە دیفاع لە حقوقی کورد دەکات برایم ئەحمەد نووسیویەتی » (٢).

ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە (برایم ئەحمەد) هەمیشە هەوڵی داوە رۆژنامە بکاتە ناوەندێک بۆ داواکاری مافەڕەواکانی کورد و رۆژنامەی وەک بەشێک لە سیاسەت بەکارهێناوە.

رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کۆتایی بە تەمەنی رۆژنامەی (النور) هێناو بووە هۆی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی (پ.د.ک) و دوورکەوتنەوەی (برایم ئەحمەد) لە کاروباری سیاسی.

بەم شێوەیە برایم ئەحمەد لە نێوان ساڵانی (١٩٧١ - ١٩٧٤) لە سەرداوای (بارزانی) لە ناوچەی (چۆمان) و (ناوپردان) نیشتەجێ بووە و هەندێک وتاری سیاسی لەسەر جۆری رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب لە گۆڤاری (کادر)دا بڵاوکردووەتەوە(٣).

دەکرێ رۆڵ و بایەخی برایم ئەحمەد لە بواری رۆژنامەگەریدا لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە.

برایم ئەحمەد هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە خۆی بۆ کاری رۆژنامەگەریی تەرخان کردووە و چونیشی بۆ کۆلێژی یاسا هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە.

- برایم ئەحمەد دەستبەرداری گەلێک پۆستی ئیداری گرنگ بووە لە پێناوی بەردەوامبوونی لە کاری رۆژنامەگەریدا.
- دامەزرێنەری هەندێک لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بووە و هەر خۆشی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەریان بووە.

- چارەنووسی گۆڤاری (گەلاوێژ) و رۆژنامەی (خەبات و کوردستان) بە چارەنووسی (برایم ئەحمەدە)وە بەند بووە، هەر بۆیە لە دوای بڕیاری دەستگیرکردنی برایم ئەحمەد بڕیاری لەکاروەستانی ئەوانیش دەرچووە.

- زۆربەی زۆری سەروتارە سیاسییە گرنگەکانی رۆژنامەی (رزگاری، خەبات، کوردستان) لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیدا و رۆژنامەی (خەبات، کوردستان، النور...) لە سەردەمی حوکمی کۆماریدا لە لایەن (برایم ئەحمەد)ەوە نووسراون، یا بیروڕای ئەو لە بارەیانەوە وەرگیراوە.

- برایم ئەحمەد شان بە شانی کاری رۆژنامەگەریی ئاشکرا، رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بواری رۆژنامەگەریی نهێنیدا، کە دیارترینیان رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی وەک (دەنگی راستی، رزگاری، خەباتی کوردستان، (خەبات) لەسەردەمی شاخ،...).

- برایم ئەحمەد چەند جارێک رووبەڕووی دادگا و کێشە و گیروگرفتەکانی یاسایی بوەتەوە بەهۆی داکۆکی کردنی لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە رێگەی رۆژنامەوانییەوە(١).

سەبارەت بە رۆڵی برایم ئەحمەدیش لە بواری رۆشنبیری و بڵاوکردنەوە و چاپەمەنیدا بێ گومان پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکانی دوا چارەکە سەدەی بیستەم قۆناغێکی تایبەتمەند و کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد بە گشتی و باشووری کوردستاندا بە تایبەتی تۆمار کرد، کە لە ئەنجامی زنجیرەیەک گۆڕانکاری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکاندا هاتە گۆڕێ.

شۆڕشی ئەیلول کە خاوەنی دەیان ساڵ خەباتی پڕ سەروەری و فیداکاری بوو لە پێناوی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردا، وێڕای ئەوەی کە لەوپەڕی بەهێزیدا بوو ساڵی (١٩٧٥) بە پلانی وڵاتانی ناوچکە و هاوکاری نێودەوڵەتی بە چەشنێکی تراژیدیا هەرەسی پێهێنرا.

لەم بارودۆخە ناهەموارەدا سەرکردایەتی کورد هەریەکە و بە لایەکدا پەرتەوازە بوون، برایم ئەحمەد وەک زۆر لە کەسایەتییەکانی تری کوردستان لە (تاران) نیشتەجێ بوو، لەو کاتەدا حکومەتی عێراق هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی وا لە (برایم ئەحمەد) بکات بگەڕێتەوە بۆ عێراق، بەڵام هەوڵەکەی بێسوود بوو، دواتر حکومەتی تاران لەسەر داوای حکومەتی عێراق داوا لە برایم ئەحمەد دەکەن کە یان ئەوەتا لە (زاهدان) نیشتەجێ یان خاکی ئێران بەجێ بهێڵێت، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت « کاربەدەستانی ئێران پێیان راگەیاندم کە ئێستا تۆ ئەبێت یان بە خاو و خێزانەوە بچنە (زاهدان) یان خاکی ئێران بەجێ بهێڵێت، منیش ئەمەیانم پەسەند کرد و هاتمە بریتانیا و کرام بە پەنابەر و لەو ساتەوە بە ماڵ و منداڵەوە لە لەندەن ئەژیم»(١).

لێرەدا وا دەردەکەوێت کە برایم ئەحمەد بە لای هەردوو حکومەتی (عێراق و ئێران)ەوە جێگەی مەترسی بووە بە تایبەتی

مەترسی ڕێکخستنەوە و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە دژیان، هەر بۆیە حکومەتی عێراق هەوڵی داوە گەر نەتوانێت سوودی لێوەربگرێت ئەوا هەوڵ بدات لە ناوچەکە دووری بخاتەوە.

ئەوە بوو لە هەمان ساڵدا ڕێکخراوێکی نوێ بە شێواز و پرۆگرامێکی نوێ و سەرکردایەتییەکی نوێوە سەری هەڵدا و توانی ئەو بۆشاییە سیاسی و سەربازیەی کە لە ئەنجامی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە هاتبووە کایەوە پڕ بکاتەوە و لە ژێر ناوی (شۆڕشی نوێ) درێژە بە شۆڕش و خەبات بدات، ئەو ڕێکخراوەش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو کە هەر لە سەرەتاوە برایم ئەحمەد هەوڵی دا پەیوەندی بەو شۆڕشە نوێیەوە بکات.

برایم ئەحمەد لە هەندەران هەوڵی داوە لە بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیدا درێژە بە خەباتی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری بدات، بۆ ئەم مەبەستە بیری لەوە کردووەتەوە کە لە ڕێگەی دەرکردنی گۆڤارێکەوە بتوانێت هەستی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری لە دڵ و دەروونی کوردی هاندەراندا زیندوو بکاتەوە و هەوڵ بدەن بە هەموو لایەک یەکێتیەک پێکبێنن تا بتوانن لە ئاست پرسە چارەنووسسازەکانی میللەتی کورددا هاو ئاهەنگ و هاو دەنگ بن(٢).

بۆ ئەم مەبەستە ساڵی (١٩٧٩) برایم ئەحمەد بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤاری (چریکەی کوردستان)ی لا گەڵاڵە بوو(١)، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت «لە سەرەتای ساڵی(١٩٨٠) دا لەگەڵ هەندێ دۆستی وەک (وەهبی بەگ و کاک هاوار و چەند کەسێکی تر قسەم کرد کە گۆڤارێکی وەرزی دەربکەین لە پێشا بە کوردی و دواتر بە عەرەبی و ئینگلیزی و ئەو زمانانەی پێمان ئەکرێن، پاشان بەڵێنی هاوکاریان داو منیش کەوتمە دەرکردنی گۆڤاری (چریکەی کوردستان) و پاش ماوەیەک چاپی عەرەبیشمان لێ بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (صرخه کوردستان)»(٢).

لە راستیدا وا پێ دەچێت کە دەرچوونی گۆڤاری چریکەی کوردستان لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٩) بووبێت نەک ساڵی (١٩٨٠) لەبەر ئەوەی ژمارە (یەک)ی ئەو گۆڤارە لە تەمموز و ئابی (١٩٧٩) لە لەندەن بڵاو کراوەتەوە(٣).

لەسەر بەرگی ئەم گۆڤارە نەخشەی کوردستانی گەورە دروستکراوە و بە زمانی ئینگلیزی ناوی ئەو وڵاتانەی لەسەر نووسراوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە.

مەبەستی برایم ئەحمەد لێرەدا دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان و گەیاندنی پرسی مێژو و وێنەی گەلی کوردە بە جیهان، لەبەر ئەوەی سەرنجدانی نەخشەی سەر بەرگی گۆڤارەکە پوختەیەک لە تراژیدیای دابەشکردنی کوردستان ئاشکرا دەبێت.

ژمارە (یەک)ی گۆڤاری چریکەی کوردستان پێکهاتووە لە (١٠٥) لاپەڕەی قەبارە مام ناوەند کە بە تایپ چاپ کراوە و بە دەستی (برایم ئەحمەد) خۆی تایپ و فۆتۆکۆپی کردووە(٤).

لە بارەی چۆنێتی دەرکردنی ئەم گۆڤارەوە گەلاوێژ خانی خێزانی برایم ئەحمەد دەڵێت «لە ساڵانی هەشتاکاندا بە ئاوارەیی لە لەندن برایم ئەحمەد گۆڤاری چریکەی کوردستانی دەردەکرد و لەبەر ئەوەی لە رووی ماددیەوە دەستمان کورت بوو زۆربەی کارەکانی بە دەستی خۆی ئەنجامی دەدا، واتە هەر خۆی تایپی ئەکرد و فۆتۆکۆپی و رێکخستنی هەمووی لەسەر شانی خۆی بوو تەنها بۆ بەرگ تێگرتن ئەینارده بازاڕ»(١).

چریکەی کوردستان لە رووی ناوەڕۆکەوە و شێوازی هونەری و داڕشتن و هەڵبژاردنی ناونیشانەکانەوە تا رادەیەکی زۆر لە ئاستێکی پێشکەوتوو دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی شێوازی تایپ و کاغەز و قەبارەوە کەم و کووڕی تیایە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی باری دارایی برایم ئەحمەد و کەمی ستافی کارکەر لە گۆڤارەکەدا، لە بەر ئەوەی ئەو کەسانەی لەو گۆڤارەدا کاریان کردبوو لە (پێنج) کەس تێپەڕیان نەکردووە ئەوانیش) برایم ئەحمەد، تۆفیق وەهبی، محەمەد رەسووڵ هاوار، د. کەمال فواد، کەمال میراو دەلی) بوون(٢).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە لە ئەستۆی برایم ئەحمەددا بووە، هەروەک خۆی ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت « جگە لە نووسین ئەرکی خوێندنەوەی وتارەکان و هەڵبژاردن و بژارکردن و تایپ و هەڵە راستکردنەوە و چاپ کردن و پێچانەوە و پۆستەکردنیم بە ملەوە بوو»(٣).

لێرەدا ماندوونەناسی ولەخۆبووردەیی (برایم ئەحمەد)مان بۆ دەردەکەوێت کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا هەوڵی داوە چریکەی کوردستان بکاتە ناوەندێکی رۆشنیری و سیاسی بۆ روونکردنەوە و ئاشکراکردنی کێشەی رەوای کورد بۆ وڵاتانی دەرەوە و ناساندنی کوردستان بە جیهان.

گۆڤاری چریکەی کوردستان بە لای (برایم ئەحمەد)ەوە درێژەپێدەری گۆڤاری گەلاوێژە و هەوڵ داوە بیکاتە قۆناغێکی نوێ لە گەلاوێژ(٤)، بەلام لە رووی شێوە و بارستایی و قەبارەوە لە گەلاوێژ نزیکە، بەڵام لە رووی ناوەڕۆکەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بەر لە هەموو شتێک لە دوو سەردەمی جیاوازدا دەرچوون، گۆڤاری گەلاوێژ مانگانەی ئەدەبی بووە و زۆربەی زۆری نووسەر و رۆشنبیرانی کورد لە ساڵانی سی و چلەکاندا بەشداریان تیاکردووە، ئەمە لە کاتێکدا چریکەی کوردستان لە ئاوارەیی و تاراوگەدا بە توانایەکی کەمی مادی و کەمی نووسەر لە ماوەی حەوت ساڵدا تەنها (٩) ژمارەی کوردی و (٥) ژمارەی عەرەبی لێ دەرچووە(١).



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە دەتوانین بڵێین راستە هەردوو گۆڤارەکە دامەزراوی کەسێکن کە ئەویش (برایم ئەحمەد)ە و لە هەندێک لایەنیشەوە هاوشێوەی یەکترن بەڵام لە زۆر لایەنەوە جیاوازییان تێدایە، بە تایبەتی کە گۆڤاری گەلاوێژ گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشنبیری بووە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رێگەی شیعر و چیرۆک و وتارەوە هانی شۆڕش و خەباتی داوە، بەڵام چریکەی کوردستان گۆڤارێکی رۆشنبیری و ناوەڕۆکێکی سیاسی پێوە دیارە کە راستەوخۆ دژی داگیرکەران و چەوساندنەوەی کورد دواوە.

برایم ئەحمەد لە پێناوی گەشەکردن و بەرە و پێشچوونی گۆڤارەکەدا داوای هاوکاری خوێنەر و رۆشنبیران دەکات و دەڵێت «داوا لە برا خوێنەرە دڵسۆزەکان دەکەین کە لە یارمەتیدانی گۆڤارەکەیاندا درێغی نەکەن، سا ئەو یارمەتییە بە نامە و وتاربێت یا بە رەخنەگرتن و رێ پیشاندان و هەڵە راستکردنەوە، یان بە بڵاوکردنەوەی چریکە و دەستگرتنی ماددی بێت، چونکە لەوان زیاتر هیچ پشت و پەنایەکی کە شک نابات و مان و نەمان و کزی و گەشەکردنی هەمووی بە دەست ئەوانە» (٢).

دیارە مەبەستی برایم ئەحمەد لەم داواکاریەدا ئاشکرایە و درکی بەو راستییە کردووە کە بە تەنها ناتوانێت درێژە بە کارەکانی بدات، لەبەر ئەوە داواکارییەکەی لە دۆستان و رۆشنبیرانی کورد بۆ ئەوە بووە کە بتوانێت زیاتر درێژە بە خەباتی رۆشنبیری بدەن و گیانی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری پەرە بسێنێت.

گۆڤاری چریکەی کوردستان زیاتر بابەتی رۆشنبیری و مێژوویی و سیاسی و زمانەوانی و هۆنراوەی سیاسی لەخۆگرتووە، لە ژمارە (یەک)ی ئەو گۆڤارەدا برایم ئەحمەد وتارێکی لە ژێر ناوی (پێشکەش و شکاک)دا نووسیوە کە ئامانج و رێبازی گۆڤارەکەی بە روونی پیشان داوە، سەرەتای وتارەکەی بەوە دەست پێدەکات و دەڵێت « خوێندەواری خۆشەویست: گومان نابەین کە لەم رۆژەدا لەسەر رووی زەمین نەتەوەیەک ببێ لە کورد زۆر لێکراوتر، چەوسێنراوەترو ئەوەندەی ئەویش پشت گوێ خراوتر و بێ ناونیشانتر بێت»(١).

لێرەدا برایم ئەحمەد هەوڵ دەدات ئەو بارودۆخە نالەبارە بە بیر خوێندەواران و رۆشنبیرانی کورد بهێنێتەوە کە کورد تیایدا ژیاوە، ئەمەش فاکتەرێکی بەهێز بووە بۆ پەرەپێدان و زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی بە تایبەتی لە لای کوردەکانی تاراوگە.

هاوکات لە بەشێکی تری وتارەکەیدا دەڵێت « باوەڕ ناکەین هیچ کوردێکی دڵسۆز و پاک هەبێت کە ئەم حاڵە نالەبارە پڕ ئازارەی وڵات و گەلەکەی و ئەم بێ دەنگی و بێ باکی و کەمتەرخەمییەی دەوڵەتان و کاربەدستان و رێکخراوە مرۆڤایەتیەکانی جیهان بەرامبەر بەو زوڵم و زۆرەی بە ئاشکرا و بێ شەرم و ترس لە کورد ئەکرێت، دڵی هەڵنەگلۆفێت و

پەژارە نەیووروژێنێت و ویژدانی ئازار نەدات و رقی هەڵنەسێنێت»(٢).

برایم ئەحمەد لێرەدا رۆشنبیران و کوردپەروەران هان دەدات کە کاردانەوەیان هەبێت بەرامبەر بە رەفتارەکانی حکومەتی رەفتار فاشستی بەغداد و بێ باکی و کەمتەرخەمی دەوڵەتان لە ئاست کردەوەکانی حکومەتی عێراق.

هەروەها لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێت «ئەبێ هەریەکەمان بە پێی کاروبار و دەسەڵات و غیرەتی خۆی تێکۆشین بۆ گۆڕینی ئەم بارە نالەبارە، هەرچەندە ئاشکراشە ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییە لە ناوخۆی کوردستاندا نەبێت نایەتە دی، بەڵام بە هیچ ویژدان و دڵێک بە پێی هیچ بیر و باوەڕێک رەوای حەق نیە گەلەکەمان لەم شەڕی ژیان و مردنەدا بێت.. ئێمەش کوردانی دەرەوەی کوردستان بێ باک دەستەوەستان لێی دابنیشین و خەریکی ژیان و رابواردنی خۆمان بین»(٣).

ئاشکرایە کە برایم ئەحمەد لە دوای وەبیر هێنانەوەی رۆشنبیران بەرامبەر رەفتاری دوژمنانی کورد و گوزەرانی نالەباری ژیانی کوردستان داوای شۆڕشێکی سەرتاسەری دەکات بۆ گۆڕینی بارودۆخی کوردستان، بۆ گۆڕینی هەلومەرجی باری داگیر کراوی کوردستان، جا ئەگەر ئەو شۆڕشە لە کوردستاندا شێوازێکی چەکداری وەربگرێت، ئەوا لە دەرەوەی کوردستان پێویستە لە لایەن کوردەکانی هەندەرانەوە شێوازێکی فکری و سیاسی و رۆشنبیری و کوردایەتی پەیڕەو بکرێت، هاوکات داوا دەکات کە هەر کوردێک لە هەر وڵاتێک بێت بە پێی توانای کار بکاتب ۆ بەرژەوەندی خاک و نەتەوەکەی.

بێگومان داواکاری و بانگەوازەکەی برایم ئەحمەد کارێکی زۆر دروست و لە جێی خۆیدا بووە، لەبەر ئەوەی کوردەکانی هەندەران، (جالیەی کورد)، لە هەموو کاتێکدا دەتوانن دەنگی کورد و پرسە رەواکەی بە جیهان رابگەیەنن و بوونی خۆیان بسەلمێنن.

لە کۆتایی ئەو وتارەشدا چەند خاڵێکی پێشنیار کردووە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەک:

١- پێوەندییەکی گورج و گۆڵ و توندوتۆڵ لەگەڵ هێزە خەباتکارەکانی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتدا ببەسترێت بۆ ئەوەی ئەم گۆڤارە ببێتە سەرچاوەیەکی بەرێز و باوەڕپێکراو و قسە رەوا لە بارەی دەنگ و باسی کوردستانەوە.
٢- پەیوەندی هاوڕێیانە و هاوخەباتانە لەگەڵ پارت و رێکخراوە دیموکراتی و نیشتمانی و شۆڕشگێڕی و پێشکەوتووخوازەکاندا ببەسترێت کە دۆست و هاوڕێمانن.

٣- پەیوەندییەکی لەگەڵ دامەزراوە رۆشنبیریەکان ببەستریت لە دەرەوەی وڵات بۆ ناساندنی زمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەمان پێیان و روونکردنەوەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆیان و سەرنج راکێشانیان بۆ باری سەخت و ئاڵۆز و ناخۆشی کوردستان(١).

لە راستیدا ئەم وتارەی برایم ئەحمەد هەولێکی گرنگە بۆ گەیاندنی پەیامی کوردایەتی بە دنیای دەرەوە لە پێناو بەدەستهێنانی کۆمەک و پشتیوانی بۆ بزاڤی کوردایەتی و یەکخستنی توانای ئەدیب و رۆشنبیرانی کورد لە هەندەران و گەیاندنی دەنگی نارەزایی خەڵکی کوردستان لە دژی داگیرکەرانی کوردستان بە وڵاتانی دەرەوە.

بەڵام وا پێدەچێت کە داواکاری برایم ئەحمەد لە رۆشنبیران بۆ هاوکاری کردنی گۆڤارەکە لە پێناو بەردەوام بوون و بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا، مەبەستەکانی برایم ئەحمەدی نەپێکاوە و بەدەنگەوە هاتنی رۆشنبیران زۆر بە کەمی تیا بەدی دەکریت، لەم بارەیەشەوە برایم ئەحمەد دەڵێت « بە داخەوە هاوارەکانمان هەر ئەوەندە دەنگ ئەداتەوە کە لە گۆڤارەکەدا ئەیبینن»(٢).

چریکەی کوردستان پاشکۆیەکی بە ناوی (صرخە کردستان)ەوە دەرکردووە کە (پێنج) ژمارەی بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە و بە هەمان دروشم و نەخشە و قەوارە و ناوەرۆکەوە ژمارە (یەک)ی لە مانگی حوزەیرانی (١٩٨١) لە لەندەن بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە(١).

کۆی بەرهەمەکانی برایم ئەحمەد لە (چریکە و صرخە)دا (سی) بەرهەمی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردووەتەوە کە بەرهەمەکانیش بەم شێوەیەن (دوو چیرۆک، چوار هۆنراوەی کوردی و دووانی عەرەبی، حەڤدە وتاری کوردی و دووانی عەرەبی، لەگەڵ سێ بابەتی وەرگێڕان)(٢).

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە برایم ئەحمەد وابەستەی تەنها لایەنێکی رۆشنبیری و ئەدەبی نەبووە، بەڵکو گرنگی بە بواری چیرۆک و هۆنراوە و وتاری سیاسی و وەرگێڕانیش داوە.

بە شێوەیەکی گشتی گۆڤاری چریکەی کوردستان ناوەندێکی رۆشنبیری گرنگ بووە بۆ دژایەتی کردنی داگیرکەرانی کوردستان و پەردە هەڵماڵین لە رووی کار و کردەوەکانی حکومەتی بەغداد و کوشت و بڕی بێ سنووری خەڵکی کوردستان و سیاسەتی بەعەرەب کردن و کۆچ پێکردن و بە بەعسی کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە باشووری کوردستاندا.



سەرچاوە
Serchawe

لە هەمان کاتدا ئەگەر سەرنجی ژمارە و لاپەڕەکانی چریکەی کوردستان بدەین دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسی دەربارەی جەنگی کاول کارانەی (سەددام حسێن) لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و جینۆسایدی هاووڵاتیانی کوردستان بەدی دەکرێت.

لە ئەنجامی ئەمەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە گۆڤاری چریکەی کوردستان لە ئاستێکی بەرزی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دایە و بۆشاییەکی فراوانی لەو بوارەدا پڕکردووەتەوە بۆ خزمەتکردن بە زمان و ئەدەب و مێژووی کوردستان.

دوا ژمارەی ئەم گۆڤارە لە ئەیلولی (١٩٨٥)دا دەرچووە کە لە (١٤٤) لاپەڕە پێکهاتووە(٣).

دیارە هۆکاری بەردەوام نەبوونی گۆڤاری چریکەی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کارو فرمانەکانی لە ئەستۆی برایم ئەحمەد دا بوون، لە هەمان کاتدا هۆکاری ناڕاستەوخۆش کاریگەریی لەسەر وەستانی گۆڤارەکە هەبووە، لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت: «نالەباری و ئاڵۆزی وەزع لە کوردستان و پەیوەندی دژانەی هێزە نیشتمانییەکانی وڵات هێنامیانە سەر ئەو بڕیارەی کە دەست لە چریکە هەڵگرم و بە داخەوە دەستم لێ هەڵگرت»(١).

لە ڕاستیدا لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا کوردستان پێویستی بە دەرکردنی دەیان گۆڤار و بڵاوکراوەی تر هەبوو نەک داخستن و دوورکەوتنەوە لێی بەڵام واپێ دەچێت کە زۆری تەمەن و خراپی باری دارایی و نەبوونی هاوکاری و یارمەتیدەر و بەدەنگەوە نەهاتنی ڕۆشنبیران هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی لەکاروەستانی گۆڤاری چریکەی کوردستان بووبێت.

شان بە شانی کاری ڕۆژنامەوانی لە هەندەران (برایم ئەحمەد) خۆی بە نووسینی ڕۆمانی (دڕک و گوڵ)ەوە خەریک کردووە(٢)، کە لە سێ بەش پێکهاتووە و بە شێوەیەکی گشتی باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی میللەتی کورد و گرتن و کوشتنی ناڕەوای خەڵکی بێ تاوانی کورد دەکات لە لایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقەوە(٣).

لە بارەی کاری نووسینەوە برایم ئەحمەد لە نامەیەکدا کە لە (٣ - ٦ - ١٩٩٢) بۆ عەبدوڵڵا مەردۆخ دەنوسێت « هەتا ئێستا جگە لە (کوێرەوەری) تەنها داستانی (ژانی گەل)م بڵاوکراوەتەوە، ئەم ساڵ داستانێکی کەشم لە سوید چۆتە ژێر چاپکردن بە ناوی (دڕک و گوڵ)ەوە، کە بریتییە لە بەشی (١ - ٢)ی داستانەکە، بەشی سێهەمیشی هیوام وایە چاپ بکرێت»(٤).

هەر لەو نامەیەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک بەرهەمی چاپ نەکراو و نووسینی بیرەوەرییەکانی دەکات و دەڵێت» سێ داستانی

درێژی کەی چاپ نەکراویشم هەیە لەگەڵ (بیرەوەرییەکانم)»(٥).

ئەمانەش دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە برایم ئەحمەد لە دوای ساڵی (١٩٧٥)ەوە لە بواری ئەدەب و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕۆمان نووسیندا خزمەتێکی گەورەی بە لایەنی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی کوردی کردووە.

٣ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---------

## بەشی پێنجەم

شیعر وەک بەشێکی سەرەکی لە ئەدەب، گرنگیی و بایەخێکی فراوانی هەبووە بە لای (برایم ئەحمەد)ەوە، لەم بارەیەوە دەیان شیعری بەتوانای نووسیوە کە راستەوخۆ ڕەنگدانەوەی بارودۆخی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەوارین لەو ڕۆژگارەدا(١).

هەرچەندە شیعرەکانی (برایم ئەحمەد) ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام ئاستێکی هونەری بەرز و ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندیان هەیە، لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بەو راستیەش بکەین کە لێهاتوویی و پایەی شاعیر بە چەندێتی شیعرەکانییەوە پێوانە ناکرێ، بەڵکو هونەر و جێکردنەوەی خاسییەتە بەرزەکانی شیعر و تێڕوانین و تێگەیشتنی دروست دەبنە نیشانە و مەرجی بنەڕەتی شاعیر(٢).

یەکەم بەرهەمی شیعری (برایم ئەحمەد) بریتییە لە شیعری (یادگار و هیوا) کە لە ساڵی ١٩٣٣ دا بڵاوکراوەتەوە و دەڵێت:

لەبەر چاوی بەد لە ترسی بەدکار
بە گریانی وشک بە ناڵەی بێ دەنگ
شیرین بەهارە بەهاری شادان
جەژن و بەهار و سەیران و خۆشی
دڵ خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار
دێنمە لەرزین تەختی کردگار
بێ بەهرەن لە ژین گەل نامرادان



سەرچاوە Serchawe

**گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان(٣)**

برایم ئەحمەد هەوڵی داوە لە روانگەی شیعرەوە پەیامی سیاسیی خۆی بە نەتەوەی کورد رابگەیەنێت، تیایدا داوای خۆسازان و خەباتی نهێنی و رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر و دوژمنانی کورد دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو رەوتەشی دەستنیشان کردووە کە خۆی خەباتی تیا دەکات ئەویش بەرەی هەژاران و رەنجدەرانە، لە لایەکی ترەوە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە (ژیان) دەردەخات و پێی وایە کە ژیان بریتییە لە خەبات و فیداکاری و خۆبەخت کردن لە پێناوی رزگاری نیشتمان و گەلەکەیدا، نەک رازی بوون بە ژیانی ژێر دەستەیی و دیلیی.

لە راستیدا شیعری یادگار و هیوا کە لە لایەن (برایم ئەحمەد)ی تەمەن (١٨) ساڵەوە نووسراوە لەگەڵ هەموو واتا گرنگ و پڕبایەخەکانی لەو رۆژگارەدا بوونەتە وێردی سەر زاری لاوە هۆشیارەکانی کوردستان و دواتریش لە لایەن هونەرمەند (تایەر تۆفیق)ەوە کراوە بە گۆرانی کە تا ئێستاش هەر بە زیندوێتی ماوەتەوە(١).

برایم ئەحمەد لەگەڵ ئەوەی لەو سەردەمەدا تازەگەری لە شیعری کوردیدا کردووە، لە هەمان کاتدا ژانەری نوێی لە ئەدەبی کوردیدا داهێناوە کە خۆی لە شێوازی نووسینی (پەخشانە شیعر)دا دەبینێتەوە و شیعری بەرە و رووناکی نموونەی بەرچاوی ئەم داهێنانەیە(٢)، لەو بارەیەوە دەڵێت:

بەرەو رووناکی

لە ناو جەرگەی تاریکیەوە دەست بە کەلەپچە و تەوق لە مل و زنجیر لە پێ لە کانگای نەزانی و هەژاری و دیلیەوە کەوتومەتە رێ هاتوم ئەڕۆم بەرە و رووناکی(٣)

برایم ئەحمەد لەم پەخشانە شیعرەدا رێگەی مەینەتی و ئازار و چەوساندنەوە دەگرێتە بەر و باوەڕی تەواوی بە سەرکەوتن و دوا رۆژی گەشی کورد هەیە، کە بێگومان ئەوەش لە ئەنجامی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردەوە بەدەست دێت.

لە هەمان کاتدا ئەم پەخشانە شیعرە خۆی لە خۆیدا هاوچەرخێتییە لە بواری ئەدەبیدا، چونکە لە رووی ناوەڕۆکەوە بە دیمەن و وێنەی ریالیزمی شۆڕشگێڕانە هاتۆتە کۆڕی ئەدەبیاتی کوردییەوە، لە رووی روخساریشەوە لە دەربڕینی کورت و بەهێز و وشەی کوردی پارا و پێکهاتووە(١).

شیعری (دواتیری کەوان) یەکێکە لە هەرە شیعرە نایابەکانی کە ئەوپەڕی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی تیا بەدی دەکرێت،

سەردەمی نووسینی ئەم شیعرە بۆ ساڵی ١٩٤٩ دەگەڕێتەوە کە بارودۆخی شڵەژاوی و نائارامی باڵی بەسەر عێراقدا کێشابوو، هەر لەو ساڵەدا ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕشگێڕانی پارتە سیاسیەکانی عێراق لە لایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە دەستگیر کرابوون کە (برایم ئەحمەد)یش یەکێک بووە لەو کەسانە لە ڕێگەی زینداندا دەست بە کەلەپچەوە لەگەڵ (ساڵح دیلان)دا ئەم شیعرەی وتووە(٣):

دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن
دوا سەرکەوتنی تۆیە و دوانووچی گەلە دوژمن
شەوی ترساندنت سامی نەماوە تاریک و روونە
بە ئاسۆی ئەرخەوانیدا هەتاو لەودیو کەلە دوژمن(٣)

برایم ئەحمەد لەم شیعرەدا جگە لەوەی گیانی خۆڕاگری و ئازایەتی و باوەڕی نەگۆڕ بە حەتمیەتی سەرکەوتنی گەل بەسەر دوژمندا ئاشکرا دەکات، هاوکات وێنەی بیر و باوەڕی سەردەمەکەش دەردەخات کە شیعرەکەی تیا نووسراوە، سەردەمێک کە جیهان دابەش ببوو بەسەر دوو ئۆردودا ئۆردوی ئیمپریالیزم بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ئۆردوی رزگاری و سۆسیالیزم بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت(٤).

لە زەمەنی شاعیریشدا، ڕژێمە سەرکوتکەرەکان، بە نموونەی صەددام سەرچاوەیەکی کاریگەری فیکری و سیاسی بوون بۆ خودی بکەر تا ئەو رادەیەی ئەم سەرچاوەیە و مۆنیڤێکی هەر بە نرخی ئازار و کێشە و ئازادییەکانە وەک ئەوەی سەربەستییەکان لە ڕێگەی ئازارەکانەوە لەدایک ببێت یان وەک ئەوەی بلە نرخی ئازادییەکان لە ئێش و ئازارەکاندا ببینێتەوە(١).

وەکو کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا، تەواو چۆتە ناخی ئەم سەرچاوە ترسناکەوە و بە وردی و سروشتی ئەم سەرچاوەیەمان بۆ دەگرێت. گرتنی وێنەکانیش بە مەبەستی چێژلێوەرگرتنی میتریالیزمی خودی بکەر نییە، بەڵکو لە لایەکەوە هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردە، لە لایەکی تریشەوە بەشداریکردن و جوڵەی ئەم تاکەیە لە پرۆسەی ئازادی تا لەنزیکەوە بەرپرسیارێتی دۆخە سیاسی و فیکرییەکە بگرێتە ئەستۆ، نەک تەنها خودی بکەر. ئەم کارەش دەچێتە نێو قاڵبی بە گوتارکردنی دۆخەکە.

پێکهاتەی دەق و دەق وەک پەیوەندی خودی بکەری شاعیر بە بابەتەکەیەوە بەبێ گوشاری دەرەکی.

لە شیعری (هەر کورد ئەبین) ڕووداوێکی دیاریکراوی پێشوەخت لە ئارادا نییە، بەڵام شاعیر، بە هۆی هێزی لە ڕادەبەدەری فەنتازیاوە، خۆی بۆ خۆی بابەتێک دەخوڵقێنێت کە دواتر ئەم بابەتە کاریگەرە لەسەر تاکەکان. بە پێی سیاقی مێژوویی و سەرچاوەیی، شاعیر ئەو یەقینەی لا دروستبووە کە داگیرکەر لە هەچ شوێنێک بێت ئەوا هەمیشە دڵی پڕ لە قین و بێویژدان و بێ ئایینە. لە بەرامبەر ئەمەشدا، بە هۆی هێزی پەیوەستبوونی و ئایدۆلۆژیایی، گەشبینە لە کوردبوونی خۆی و نەتەوەکەی. بۆیە سیاقەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە کورد لە پێش ئاگرپەرستی و موسڵمانیدا، لە خۆشی و ناخۆشیدا هەر کورد بووە. بە پاڵپشتی ئەزموونی ئەو نەتەوانەی کە وەک کورد ژێردەستە بوون و دواتر ڕزگاری خۆیان ڕاگەیاندووە(٢)، شاعیریش ئەو ڕاستییەی لا دروست بووە کە میللەتەکەی هەر دەبێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێ و رووخانی گەورە دیکتاتۆریەتی ڕۆژهەڵات لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بەڵگەی پەسەندکراوی ئەم پێشبینیکارییەی شاعیرە:

داگیرکەری دڵ پڕ لە قین
دڕندەی بێ ویژدان و دین
گەر قەندیل و ئاگری و شیرین
یەکسان کەی لەگەڵ رووی زەمین
ناتوانی واکەی کورد نەبین
* * *
گەلان هەموو برای منن
هەر زۆردارانم دوژمنن
خەبات و چالاکی ئەوان
بۆ من هیوایە و پشتیوان
ورە و پەندیان لێوەرئەگرم
* * *
بۆ مافی گەل و خاکەکەم
هەتا ماوم خەبات ئەکەم(١)

شیعرێکی تری برایم ئەحمەد هەیە لە ساڵی ١٩٥٩ز لە ژێر سەر ناوی (روو بەڕووی مردن) دایناوە، نزیکەی هەشتا دێڕە شیعرە و بۆ عەبدالکریم قاسم دانراوە بە بۆنەی ڕزگار بوونی لە هەوڵی تیرۆرکردنی لە لایەن عەرەبە نەتەوە پەرستەکانەوە. دیارە لە ساڵی ١٩٥٩ ز عبدالکریم قاسم لە ناو میللەتی عێراق بە گشتی و لە لای خەڵکی کوردستان بە تایبەتی خۆشەویست بوو. چونکە قاسم رابەری ڕاستەقینەی شۆڕشی چواردەی تەمموز بوو، ئەو شۆڕشەی ڕژێمی پاشایەتی



سەرچاوە
Serchawe

سەر بە ئیمپریالیزمی سەرەنەگون کرد و گەلی عێراقی ئازاد کرد و بە مادەی سێی دەستووری کاتی دان بە مافەکانی گەلی کورد نراوە کورد و عەرەبی کردە هاوبەش و برا لە نیشتمانی عێراق. عێراق لە ناوچەی ئیستەرلینی هاتە دەرەوە و یاسای چاککردنی کشتوکاڵ هێنایە کایەوە و زەوی و زاری بەسەر جوتیارەکان دابەش کرد و ئازادییە سیاسییەکانی راگەیاند و کۆمەڵێک بڕیاری گرنگی دەرکرد لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵک. لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە قاسم لای کورد رێزی هەبوو، برایم ئەحمەدیش ئەم شیعرەی بەو بۆنەیەوە بۆ داناوە:

(روو بەرووی مردن)

کەریم لای گەل ئازادییە

ئاشتی ئاسایش، شادییە

مانای سەربەرزی ژیانە

بۆ گەل بۆ ئەم نیشتمانە

بۆ هەرچی کە هەمانە

گەر ماڵ و حاڵ گەر گیانە

ئەیکەینە قوربانی کەریم

ئەگینا کەریمی تەنیا

وەک ئەو کەریمانەی دنیا

کەس نازانێت مرد یا ژیا(١)

جێگەی باسە ئەم شیعرە رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و هاندانیان بۆ بەردەوام بوون لە خەبات و پتەوکردنی گیانی شۆڕشگێڕی و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن بە تایبەت لە رۆژگاری شۆڕشی ئەیلولدا.

شیعری (چۆن رزگار ئەبین) نموونەیەکی تری شیعری شۆڕشگێڕانەی (برایم ئەحمەد)ە کە لە ساڵی (١٩٦١)داو لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولدا نووسیویەتی، ئەم شیعرە چەندە بەرهەمێکی نایابی شیعری بەرەنگاریە، ئەوەندەش لە دوو توێی دێڕو بڕگەکانیدا چارەنووسی شۆڕشی کوردستان و ستراتیژی رزگاربوونی گەلی کورد دیاری دەکات(٢).

لەوبارەیەوە دەڵێت:

هەتا پڕ نەبێت گشت گۆشەی زیندان

دوژمن کول نەبێ لە سزا و لێدان
کەلەپچە، مەچەک باش نەتەزێنێت کۆت
پێوەن، زنجیر، لەش دانەڕزێنێت
رزگاری نابێ ئەم کوردستانە
تیا دەرناچێ ئۆردوی بێگانە
گەلێ ئەمانە نەگرێتە ئەستۆی
هەرگیز نابینێ رزگاری بۆ خۆی(١)

شاعیر لێرەدا وێڕای دەرخستنی دڕندەیی و زوڵم و زۆری دوژمنانی کورد ئەو راستیەش دەردەخات کە بزافی رزگاریخوازی گەلی کورد رێگەیەکی سەختە و پێویستی بە فیداکاری و خۆبەخت کردن هەیە، هەر گەلێکیش ئامادە نەبێت لە پێناوی رزگاری نیشتمانەکەیدا فیداکاری بکات، مەحاڵە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

جیگەی باسە برایم ئەحمەد کەمتر بە لای باسی ئەفرەت و خۆشەویستیدا رۆیشتووە، زیاتر شیعرەکانی وەک کەرەستەیەک لە پێناوی بەرگری کردن لە مافی هەژاران و جۆشدانی شۆڕشگێڕان بۆ خەبات بەکار هێناوە و راستەوخۆ لایەنە ئەدەبییەکەی بۆ خزمەتی سیاسەت بەکارهێناوە.

برایم ئەحمەد بێجگە لەو شیعرانەی کە خۆی نووسیویەتی، زیاتر لە (بیست و پێنج) پارچە شیعری شاعیرە ناودارەکانی جیهانی لە زمانە جیاجیاکانی وەک (عەرەبی، ئینگلیزی، ئیتاڵی و...) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە گرنگترینیان بەرهەمی شاعیرە ناسراوەکانی وەک (شکسپیر، شیللی، تۆماس کۆر، بارباولد)، کە زۆربەیان لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو کراونەتەوە(٢).

هەریەکە لە شیعرەکانی (دوای مردن، کە هەرجار نەبێت بمرین، دڵداری ناکەم، خەونی عەبدێک، ژیان(٣) نموونەی بەرچاوی شیعرە وەرگێڕاوەکانی (برایم ئەحمەد)ن، مەبەستی سەرەکی لە وەرگێڕانی ئەو شیعرانەدا ئاشناکردنی خوێندەوارانی کوردە بە شاعیر و بە نووسەرانی جیهان.

جگە لە شیعرەکانی لە ووتارە سیاسیەکانی رۆژنامەی خەبات و کوردستان و (النور)ی عەرەبی و چریکەی کوردستان و صرخە کوردستان کە لە لەندەن دەری دەرکرد و لە گۆڤاری گەلاوێژ و ئامۆژگارییەکانی کۆڕ و کۆبوونەوە حیزبیەکانی تاکیدی لەسەر خەباتی سەرتاسەری دەکردەوە(٤).



سەرچاوە
Serchawe

لە شیعری (ئێستەی تەماوی)دا کە بۆ مامۆستا بێکەسی شاعیری وتووە، بلە بە شێوەیەکی شاراوە پەیوەندییەک لەگەڵ ئەوەی بەرامبەری ونبوو دروستدەکات. گەرچی شیعرەکە، مۆرکێکی کۆمەڵایەتی و سۆزداری پێوە دیارە بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەکردن بە بێکەس تەنها سۆزی هاورێیەتی و هاوپیشەیی ناگەیەنێت بەڵکو ئایکۆنێکە بۆ مەسەلە نەتەوایەتی و فیکری هەڵوێستەکان، بەو پێیەی بێکەس لە نێو ئەدەب و شیعری کوردیدا بە شاعیری هەستە نەتەوایەتییەکان ئەژمارکراوە.

لێرەدا بێکەس گەرچی لای بلە بۆشاییەکی زەمەنی فیزیکی دروستکردووە، بەڵام بە مانای زۆر شت دێت لەوانە هەڵوێستە و نامە و رەوشت و گوتارەکان کە کاریگەرن لەسەر بونیادی (بلە) بەڵکو لەمەش زیاتر نەتەوایەتییەکەی بێکەس سەرچاوەیەکی گرنگی فیکری و سیاسییە بۆ هەموو بە (بلە)شەوە(١). بە ئاراستەیەکی تر، پەیوەندیی نێوان بلە و بێکەس پەیوەندییەکی راستەوخۆ نییە، بەڵام دواتر لە رێگەی گوتارە شیعرییەتەکەوە پەیوەندییان لە دۆخی نائامادەیی پێدەنێتە دۆخێکی کاریگەریی و ئایۆلۆژیایی:

ئێستەی تەماوی و لەمەوپاشی تار
باڵ ئەگرن بەدڵ بۆ کوێ یادگار
ئەگەڕێ بە نێو هەردە و شاخان
وەک بولبول بە نێو گوڵی باخانا
وەک شێت ئەگەڕێ لە شوێن هەواران
هەوارگەی بەزم و خۆشی بەهاران
هەردە کش و مات، چیا گشت خامۆش
باخ داخدار و خونچە خەزان پۆش
هەوارگە چۆڵ و هۆڵ وەک قەبرسان
گیان پەککەوتنە، دڵ دەستەوەستان(٢)

لە شیعری (نەورۆزی من)یشدا بلە لە زەمەنی دەقدا دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی سەرچاوەی رووداو (نەورۆز) و بەسوود وەرگرتن لەم سەرچاوەیە نەخشەی سیاسی و فیکریی زەمەنی ئێستامان بۆ دەکێشێت. وەک کارێکی کاریگەریی و ئایدیۆلۆژی خودی خۆی، بۆ جارێکی تر، دەبێتە پاڵەوانی زەمەنی ئێستا و بۆچوونە سیاقییەکانی دەرەوەی رووداو پووچەڵ دەکاتەوە بەوەی نەورۆز جەژنی دارودرەخت و هەڵپەڕکێ و سەمایە. لە جیاتی ئەمانە زەمەنی رووداو دەبێتە قۆناغێکی هەستیاری ئازار و شۆڕش و ئازادی:

پێم ئەڵێن نەورۆزە ئیمڕۆ، ڕۆژی جەژن و خۆشییە

وەختی هەڵپەڕکێ و سەمایە، مەوسمی تەڕ پۆشییە

دەشتودەر گوڵپۆشە، ئەم ڕەشپۆشییەت بێهۆشییە

مۆنی ڕووت بێ جێیە، عالەم کەیفی بادە نۆشییە

من ئەڵێم نەورۆز و شادی و جەژنی دیل ئازادییە

ئەم دوو پەیوەندییەی کە ئاماژەمان پێدا بەدوای تایبەتمەندییەکانی گوتاردا دەگەڕێت تا بزانرێت ئەو مانایانەی کە شاعیر مەبەستێتی چۆن دەستیدەکەوێت و لە ڕێگەی چی و کێوە دەستی دەکەوێت، بلە بۆ ئەم مەبەستە بەدوای ئەو نەسەقانەدا دەگەڕێت کە پەیوەندیی بە خودی بکەری خۆی و بابەتەکەوە هەیە. لە هەمان کاتدا ئەم دوو پەیوەندییە بە دوای مەبەستیی شاعیردا دەگەڕێت ئەویش لە ڕێگەی پێکهاتەی سەرچاوەیی وەک پەیوەندی خودی بکەر بە واقیعی دەرەوەی خۆی. لە شیعری (کاوەی راستەقینە)دا ١٩٦٢، وەک ڕووداوێکی واقیعی یان ئەفسانەیی و مێژوویی، خودی بکەری شاعیر بە پەرۆشەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەم سەرچاوە زەمەنییەدا دەبەستێت. بە لایەوە گرنگ نییە (کاوە) کێیە و کوێنەرییە، دیسانەوە گرنگ نییە (نەورۆز) جەژنی نەتەوەی کوردە یان نا، بەڵکو ئەوەی کە گرنگە سوودوەرگرتنە لەم سەرچاوەیە کە چەند کاریگەر و بزوێنەرە لەسەر زەمەنی ئێستا. بەسوودوەرگرتن لەم سەرچاوەیە شاعیر ئاماژەی بە چەندین وێنەی کاریگەر داوە کە سەرجەمیان پەیوەندیی بە فیکری سیاسی کورد و هێزی دەسەڵاتی سەرکوتکەرەوە هەیە(١). لە لایەکی دیکەوە جەخت لە داماوی و یەکنەگرتن و بەدیلبوونی گەلی کورد دەکات. لە لایەکی تریشەوە بێبەزەیی هێزی سەرکوتکەر بەرامبەر بەم گەلە کە نەک باوەڕی بە دروستکردنی قەوارەیەکی جوگرافیی کورد نییە، بەڵکو زمانی کوردی لە خوێندنگاکان قەدەغە دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا ئەنجامی شیعرەکە بە گەشبینی دەشکێتەوە ئەویش بەوەی تەختی زۆرداران لە لایەن کاوەی نوێ و جوتیار و کاسبکار و خوێندکار و هەموو دڵسۆزانی گەل هەرەسدێنێت هەروەک لە ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٩١ ئەنجامدرا کە ئەمە پێشبینیکارییەکی شاعیرە بۆ زەمەنی دوای دەق.

برایم ئەحمەد لە ڕۆژگارێکی تایبەتی شیعری نوێ و جۆش و کوڵی ڕۆمانسیزم ڕووی لە مەیدانی شیعر و نووسین کرد، دواتریش لە ئەنجامی بەرە و پێشچوونی بیر و جۆشدانی خەبات و تێکەڵبوون بە جەماوەر و کارکردن لە ڕیزەکانی کۆمەڵ و پارتە سیاسییەکان، گرتن و ڕاونان و چەندین دەردی سەری، ڕەوتی شیعری بەرەو ڕێبازی ڕیالیزم هەنگاوی ناو بە چەشنی شاعیرێکی ڕیالیستی بیری دەکردەوە(١). شیعرەکانی بوونە ئاوێنەی خەبات و ژیان. دیارە ئەم گۆڕان و وەرچەرخانە لە پێویستییەکانی ئەدەبی کوردی بووە و (ڕۆژگار و بارودۆخی دیاریکراویش ئەدەبێکی دیاریکراو دێنێتە کایەوە)(٢).

شاعیر وەک هونەرمەندێکی ڕاستگۆ دوای دەربڕینی کۆمەڵێک هەستی ڕۆمانسییانە، کە سەرڕێژن لە کروزانەوە و فرمێسک

رشتن، بەئاگا دێتەوە و بە پێی توانا رەوتی شیعری دەگۆڕێت:

ژیان بە لاتی و بێدەسەڵاتی
هیچ درۆی نەبێ سەد مەرگەساتی
مرۆڤ بەدیلی بژی خۆشە یان
بمرێ بۆ بەرزی خۆی و وڵاتی
* * *
مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان
لە زەرەی زنجیر دڵت نەلەرزێ
پێوەند بۆ لەشە، نەوەک بۆ گیان

نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بە چەشنی جوامێرێکی باوەڕ پتە و گاڵتەی بە فرمێسک رشتن و کروزانەوە دێت و سروودی تێکۆشان دەچڕێنێ:

چاوە وەک لێزمەی بارانی بەهار
فرمێسکی خوێنت بۆ پیا دێە خوار
گریان کردەوەی بێ دەسەڵاتە
بێدەسەڵاتان ئەڕزێن لە ژێر بار
* * *
بێ دابنیشین دووربین لە شادی
بمرین بە مەردی و گەردن ئازادی
بمرین لە رێگەی تۆڵە سەندنا
نەک لەسەر جێگا بە نامرادی(١)

لە کاتێکدا (برایم ئەحمەد) لە دوا ساڵەکانی خوێندنی دەبێت لە کۆلێجی حقوق، دیارە لەو کاتەدا سەرقاڵی سیاسەت و کاری نیشتمانپەروەری بووە، لەو ساڵەدا شیعرێکی نیشتمانی و بەرەنگاری دادەنێت و چەند دێڕێکی لێ هەڵدەبژێرێ و بە کارتێک بڵاویدەکاتەوە. روانینێک بە ناوەڕۆک و تان پۆی شیعرەکە یەکسەر نموونەی باڵای شیعری بەرەنگاریی و

بەگژاچوونەوەی زۆردارانمان نیشان دەدات:

کوردی بێکەس بەسیە هەستە تێپەری هەنگای شەو
ڕۆژی ئازادیت ببینە، تا نەمێنێ سامی شەو
خوێن بڕێژە، لەش بنێژە، قەت مەچێژە تامی خەو
چونکە قوربانی ئەوێ، هەڵهاتنی رووی ڕۆژی نەو(٢)

هاندان و رووکردنە کۆڕی خەبات و ئامادەکاریی لە گێژەنەکانی ژیاندا، پشتبەستوو بە بازووی دلێرانەی نەتەوە، روانینە ئاسۆی سەرفرازیی و گەشبینی بە رەنگ و رووی شیعرەکانەوە دیارن(٣).

هەموو پێشکەوتنێکی تۆ بەرە و چاڵی نەمان ئەتبا
هەموو سەرکەوتنێکیشت بە وێنەی بڵقی سەرئاوە(٤)

شاعیر بەمشێوە بەجێیە لەسەر رەوت و باوەڕی نەگۆڕی بەردەوام دەبێت و بە بەرچاوی روونییەوە نەمانی بەرەی زۆرداران نزیک دەخاتەوە و نموونەی زیندوویان دەخاتە پێشچاو:

ئەوە هیتلەر خواوەندی شەڕی سە ڕووی زەمین بۆخۆ
قەڵای سەرمایەداری پڕ تفاقی ئاسنین بوو خۆ
هەموو ئەڵمانیای نازی لەدەستا وەک نگین بوو خۆ
لە ڕێی ئازادیخوازانا وەکو شورایی چین بوو خۆ
کوا (فیرماخت)(١)ی ئەڵمانی کە ئەتوت هەر زەوی خوێنە؟

ڕەنگخواردنەوەی شاعیر بە درێژایی تەمەنی سیاسی خۆی لە ساتەوەختە هەستیارەکاندا تەقینەوە هەڵچوونییەکان بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لە شیعری (یادگار و هیوا)، خودی بکەری شاعیر چیرۆکی ئازاری خۆیی و نەتەوەکەیمان بۆ دەخاتە سەر پرۆسەی شیعر بەو پێیەی شیعر کاردانەوەیەکی خێرای دۆخەکانە؟ لەو چیرۆکەدا سروشتی کارەکتەری خودی بکەر بە ئاشکرا بەدەردەکەوێت. جوانترین وێنەش فیداکارییە وەک ئەوەی شاعیر مردنی پێ باشتر و جوانترە لە کۆیلایەتی ژیان:

مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان



سەرچاوە Serchawe

چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی ژیان
لە زرەی زنجیر دڵت نەلەرزێ
پیوەند بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان(٢)

پێکهاتەی میتریالیزمی وەک پەیوەندی خودی بکەری شاعیر بابەتێکی دیاریکراوی پیرۆزە. لە شیعری (بەرە و رووناکی) بلە زۆر بوێرانە جەخت لەسەر هێزی گەل و ئیرادەی جەماوەرەکەی دەکات بەوەی گەر لە زەمەنی رابردوودا شکستێکی خواردبێت ئەوا ئەمڕۆ بە هۆی یەکهەڵوێستی و یەکئیرادەییەوە بەرە و رووناکی دەچێت و هەوڵەکان، لە خاک و نیشتمان و ئازادی، بەدەستدێن(٣)

لە شیعرێکی تردا کە بۆ سەدام حوسێنی نووسیوە و لە گۆڤاری چریکەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە لە ژێر ناوی (بۆ سەدام حوسێن) دەڵێت:

صەدام کوردستان موڵکی تۆ نییە
نە هی ئەتاتورک نە خومەینییە
مەلای لا بەلا کوردی خستە داو
ئینگلیزیش ئێوەی لێ کردین بە پیاو
تاقە بستێکی ئەم کوردستانە
داگیر نەکراوە بە جەنگی مەیدان
هەموو بە پاکی و دڵسافی خۆمان
بە فرت و فێڵی زۆڵە موسڵمان
کورد بێبەش کرا لە ماف و نان
لە ماڵی خۆیا بوو بە بێگانە
کوردی خاوەن ئەم نیشتمانە
پڕ خێر و بێر و پڕ نەوت کانە
خاوەنی مێژوو هی ئەم زەمانە
بەرگری هەموو گورزی زەمانە
بەگوڕ سپێری سەد هاری وەک تۆ
بۆ نەگرێتە دەست چارەنووس خۆ؟

بۆ هەقی نەبێ ئەویش وەک ئێوە
ئالای خۆی هەڵکا لەم کەژ و کێوە..

ئەم شیعرەش وەکو شیعرەکانی تری زیاتر کوردستانییە و بە مافی سەرجەم نەتەوەی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان، شیعرەکە ئاراستەی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر کراوە و پێی دەڵێت کوردستان خاکی تۆو تورک و فارس نییە و ئێوە خاکی کوردانتان بە فێڵ و تەڵەکەبازی داگیر کردووە(١).

١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---------

بەشی شەشەم

برایم ئەحمەد شارەزاییەکی قووڵی لە مێژووی نەتەوەکەیدا هەبووە، بۆیە بە ئاگادارییەوە لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، شاعیر بە لایەوە گرنگ نییە کە یەکێکی وەکو کاوەی ئاسنگەر یان هەر کەسێکی تر کورد بووبێت.

کوا (لوفوافە)(١)ئەو هێزە نەپارێزە مەرگ چینە؟
کوا تۆپی؟ کوا تانکی؟ کوا ئوستۆڵی بێ وێنە؟
بە جارێ گۆڕی گوم بوو گشتی وەک خۆی بێ سەروشوێنە
لە لای ئێمە هەڵئەنگوتن، یەکەم هەنگاوی زاڵبوونە
لە نێو بۆتەی خەباتا توانەوە هەر شەرتی قاڵبوونە
لە نوجدان و هەڵئەنگوتن نییە ترسی گەلی کوردان
وەکو ڕێگەی خەباتی خۆی، شکانی تۆی لە لا روونە(٢)

شاعیر لە دواکۆپلەدا بەرنامەی خەبات دەخاتە بەرچاو، سیفەتی نەگۆڕی و ورە بەرنەدان و باوەڕی پتە و بە بالای ڕۆڵەکانی نەتەوەدا دەبڕێ:

لەگەڵ کاروانی رزگاری گەلان ئەڕوا بە چالاکی
لە سەختی رێ، لە دووری جێ، دڕی دوژمن، نییە باکی

نە کۆڵدان و نە لادان و نە وێستانی نییە هەرگیز
پشوو نادا هەتا نەبڕێ ڕەگی چەوسانەوە و ماکی

برایم ئەحمەد لە شیعری (بەرە و رووناکی)دا(٣) (ڕێگەی مەینەتی و هەڵدێری ژیان دەگرێتەبەر، بەڵام ورەی بەرزە و بڕوای بە دواڕۆژی رووناک هەیە، بە خەباتی نەپساوی رۆڵەکانی گەل داری ئومێد گۆپکە دەکا و دێتەبەر)(٤) یان نا، بەڵکو بە وردییەوە سەیری بارودۆخی نەتەوەکەی دەکات کە چۆن پەرێشان و پەژمەردە و لەتوپەت کراوە، بەم بۆنەیەوە ساڵی (١٩٦٢) لە گەرمەی شۆڕشی کوردستاندا بە ناونیشانی (کاوەی راستەقینە)(٥) شیعرێکی درێژ دادەنێت و بەڵام لەو کاتەدا بڵاوناکرێتەوە، شیعرەکە بریتییە لە سەربووردێکی مێژوویی نەتەوەکەی کە چۆن بە درێژایی مێژوو چەوساوەبووە و کەسیش فرمێسکی بۆ نەڕشتووە:

هەندێ کەس ئەڵێن کاوەی قارەمان
هیچ پەیوەندییەکی نییە لە گەڵمان
نە کورد بووە و نە بۆ کوردستان
خوێنی زوحاکی رشتۆتە مەیدان

* * *

نە نەورۆز جەژنی گەلی کوردبووە
مە کوردیش هێندە زیخ و گوردبووە
کورد مێژووی نییە نووسین بهێنێ
چونکە هەمیشە پەیژە و پردبووە

* * *

من ناڵێم ئەمە وایە وانیی
ناشڵێم ئەو کەسە شارەزانییە
جەژنی نەورۆز کاوەی ئاسنگەر
وابن وانەبن هیچی تا نییە
هەتاکو ئێمە وەها داماوبین
لەگەڵ یەک وەکوو ئاگر و ئاوبین
دیل و ژێردەست و داگیرکراوبین
بۆ دوژمن کەوتوو، لە ئاست یەک پیاوبین

* * *

هەموو گەلانی سەر ڕوویی زەمین
هەیان بێ مافی چارەی خۆنووسین
تەنیا لە چارەی کورد نووسرابێ:
هەتاکو ماون بە دیلی بژین

* * *

داوای بە زمانی کوردی خوێندنی
بەس بێ بۆ بیانووی لەناوبردنی
ئاشتی پشێوی، دنیا تێکبچێ
بە داوای مافی ژیان کردنی

* * *

ماڵی بووبێتە سەربەشی ماڵان
گەل و وڵاتی چووبن بە تاڵان
بەشێ لە ڕۆم و بەشێ لە عەجەم
بەشێ لە عێراق دیل بن هەڤاڵان

* * *

نەوێرێ بڵێ منیش وەکوو تۆم
نەتەوەیەکم لەسەر خاکی خۆم
چەند لای تۆ خۆشە شنەی ئازادی
هەزار هێندەی تۆ بۆی تامەزرۆم

* * *

گوێچکەی ڕۆژئاوا لە عاستی کەڕبێ
ڕۆژهەڵات هێشتا لێی بێ خەبەربێ
چەوساوەترین گەلی دنیابێ
کەچی ڕۆڵەی خۆی لێی بە حەزەربێ

* * *

لەگەڵ دنیادا لە شێوەنابێ
بۆ هەمموان دایم دەست بە دوعابێ



سەرچاوە
Serchawe

کەچی لە داوای کەمترین مافا
لەم دنیایەدا تاکو تەنیا بێ

* * *

هەمیشە یەک نە، بە سەدان زوحاک
دوژمن خوێنە خۆی، لەگەڵ خۆی ناپاک
نەک هەر خوێنی کورد، هی کوردستانیش
بمژن وەکوو هار، بێ ترس و بێباک

* * *

نە بۆ تەماع و نە بۆ سەرەتا
نە بۆ نەهێڵان و ئاژاوەی دنیا
نە بۆ هەڵکەندن، رەگی زۆرداربێ
لایەک بەزەیی نەیەت بە کوردا

* * *

کورد بێ و کورد نەبێ کاوەی ئاسەنگەر
کەم ناکاتەوە داخ و دەردی سەر
نان ئەو نانەیە، ئیمڕۆ لە خوانە
گەلی ژێردەست و خاکی دەستەبەسەر

* * *

ئەو رۆژەی کە کورد پاڵە و جوتیاری
لەگەڵ کاسبکار، گشت خوێندەواری
هەموو دڵسۆزی دیهات و شاری
بڕیاری خۆی دا لەسەر رزگاری

* * *

بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی ژیان
بۆ ژیانێ:ی خۆش و کامەران
بۆ هاتنە ریزی گەلانی جیهان
پیکی کاوەیان نایە نەڕەی شان

* * *



سەرچاوە
Serchawe

تەختی زۆرداریان سەرە و نگون کرد
خوێ،خۆری گەلیان ئەنجن ئەنجن کرد
ئیمپریالیــــزم و چەوسانەوەیـــــان
لە رەگ دەرهێناو فەوت و شوێن ون کرد

* * *

ئەوساکە بڵێی کوردە بۆت ئەلوێ
چونکە گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ
کوردیش نەبووبێ ئەو کاوەیەی کۆن
هەر کوردە بۆ خۆی کاوەیەکە نوێ

لە سەرەتای شۆڕشی رزگاریخوازی ئەیلولدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان رابەریی دەکرد و برایم ئەحمەدیش سکرتێری گشتیی بوو، لەو دەمەدا سروودی پێشمەرگە دەنووسێ، کە یەکێکە لەو شیعرە شۆڕشگێڕانەی کە لە ریزی پێشەوەی شیعری بەرنگارییە:

من پێشمەرگەی کوردستانم
ئامادەی جەرگەی مەیدانم
بەسەر و ماڵ و ژیانم
ئەیپارێزم نیشتمانم
دەس لە خەبات هەڵناگرم
تا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
قەڵای دوژمن رووخێنەرم
لەناوبەری داگیرکەرم
نەوەی کاوەی ئاسنگەرم
بۆ مافی گەل پارێزەرم
دەست لە خەبات هەڵناگرم
تا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
بەو کوردستانە رەنگینە
کە بەهەشتی سەر زەمینە

بەو کوردەی بەشی لەم ژینە
چەوساندنەوە و سەربڕینە
دەس لە خەبات هەڵناگرم
تا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
تا کوردیش وەک هەموو گەلان
بە کوێرایی گشت دوژمنان
ئەبێ ئازاد و شادمان
ئەگاتە گشت مافی ژیان
دەس لە خەبات هەڵناگرم
تا سەر ئەکەوم یا ئەمـــرم(١)
ماوەت: ١٠ - ٧ - ١٩٦٢

برایم ئەحمەد شاعیرێکی نیشتمان پەروەر و شۆڕش گێڕبوو لـە شیعرەکانیدا کـەم باسی جوانی ئـافرەت و سروشتی کردووە، زیـاتر شیعری سیاسی بـە بۆنـە و موناسـەباتەوە گوتـوە، شـیعرێکی زۆر جـوان و نایـابی دانـاوە بـە بۆنـەی شـەهید بـوونی تێکۆشەری ماندوو نەناسی و سەربازی ونی گەلەکەمان حەمید باتاسی.

لە پاکپاکژتر کاکە حمید گیان
عاشقە رووتەکەی خاکی کوردستان
هێندە سوتـاوی ئازادی گەل بووی
ئەوێستای هەتـا خۆت کردە قوربان
چەند دوژمن گەوجە لای وایە مردووی
نازانێ ئیمڕۆ بەکام گەیشتووی
دوو ئاواتت بوو تۆل ە گێتی دا
خاکت بخەملێ لەسەربەستی دا
تۆش گیانت بدەی لە برێتی دا
سەر راست بووی بەشی خۆت پێشەکی دا
وات ۆ ئەگەوزێیت لە خاک و خوێنتا
ئێمەش گەر پیاوبین هاتوین بە شوێنتا

گەلێ ئازادی بە خوێنی بکڕێ
نییە بتوانێ ڕێگەی لێ بگرێ
زۆردار لای وایە بە زەبری کوشتن
گەل بێزار ئەکا لە خەبات کردن
نازانێ کەوا داری ئازادی
هەر بە خوێنی گەش دێـە بەرگرتن
هەر دڵۆپێکی خوێ،ی شەهیدێ
قارەمانێکی تری دێتە جێ
لاشەی زۆردار و خوێن مژانیش زوو
فڕێ ئەدرێتە زیلکاوی مێژوو
حمید بە گیانی خۆت و یارانت
بە کوردستانی دیل و وێرانت
یا ئێمەش هەموو هاتووینە کوشتن
یا دێنینە دی ئامانجی گیانت
گەلێ بتوانێ ڕێگەی لێ بگرێ(١)

(برایم ئەحمەد)، نووسەر و شاعیرێکی ڕەسەن و دڵسۆزی سۆزی خۆی بووە، شێوازی تایبەتی خۆی هەبووە لە نووسیندا، لە دوای ژیانێکی پڕ لە خزمەتی ڕۆشنبیری و داهێنانی ئەدەبی، سامانێکی بەپێزی بۆ ئێمەی کورد، جیهانی ئەدەبیاتی بەجێهێشت.

ناوەڕۆکی شیعری شاعیر، هەمەڕەنگە و شیعری بۆ ویژدانی خۆی وتووە، سەلیقەی شیعری لە بەهرەی خۆیەوە هەڵقوڵاوە، وردبینی لە دەربڕینی بیر، لە نووسینەکانیدا دیارن، بە توانابووە لە دۆزینەوەی شتی نوێ و ئەو لایەنانەی کە کاریان لە شیعری شاعیر کردووە، لەگەڵ سەردەمی ژیانیدا، ڕێکدەکەون بە تایبەتی لایەنی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لە ناو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکدا(٢).

(بەرە و ڕووناکی) یەکێکە لەو دەقە شیعرییانەی کە لە بارودۆخێکی ناهەموار نووسراوە، کە ئەوسا ڕووداوی سیاسی گرنگ لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەسەر کوردستاندا هاتووە، دکتۆر (مارف خەزنەدار) لە بەرگی حەوتەمی مێژووی ئەدەبی کوردی لە بارەی ئەم دەقەوە دەنووسێت و دەڵێت: (ئەم کارەی شاعیر لە نێوەندی ئەدەبیدا زۆر بەناوبانگە، لە

کاتی خۆیدا کە بڵاوکرایەوە رووی رەخنەی لێ کرایەوە، هەندێ کەس بە پەخشانیان دادەنا، هی دیکە بەخشانە شیعریان پێ دەوت « یا شیعری پەخشانی » سێیەمیان بە شیعری نوێی تەواویان دەژمارد، هەروەها کە بڵاوکرایەوە خاوەنی بەو ناوە کە بڵاوی کردەوە گوایە لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕدراوە، ئەوی راستی بێ ئەم بەرهەمە لە دانانی براهیم ئەحمەد خۆی بوو، بە ئانقەست نووسیبووی وەرگێڕدراوە بۆ ئەوەی سانسۆری میری بە چاوێکی دیکە تەماشای بکا، چونکە نووسینێک لە لایەن دەسەڵاتەوە پەسەند نەکرابایە و لە زمانێکی بێگانەوە بکرایە بە کوردی یا عەرەبی تاوانی خاوەنەکەی سووکتر دەبوو لەوەی رەسەن بێ و خاوەنەکەی دانەری بێ، ئەم بەرهەمەی برایم ئەحمەد نموونەیەکی بەرزی ئەدەبی کوردییە، دەچێتە ناو ئەدەبی بەرگرییەوە، لە پێناو مافی ئادەمیزاد، مافی چارەنووسی هەموو نەتەوەیەک بۆ دروست کردنی کۆمەڵێک هەموو کەس وەک یەک تیایدا بژین)(١).

لە یەکێتی بابەتدا، بەرز و باڵایە، هەردوو شێوە و ناوەڕۆک، ئاوێتەی یەکترن.

پشتم داڕزاوی جەزرەبەی قامچییە
ناوچەوانم تفی پیا دێتە خوارەوە
پێـــم شەلـــی دارکـــارییە
فرمێسکیشم لە چاوما قەتیس ماوە
پێستم بەسەر ئێسکمدا وشک بۆتەوە
بەڵام بە دڵێکی وەک پۆڵاوە رێم گرتۆتەبەر
ئەڕۆم بەرە و رووناکی...

لێرەدا شاعیر سەرەڕای هەموو ئازار و ژانێک، دەنگی خۆی تێکەڵ بە دەنگی چەوساوەکان دەکات و بێدەنگ نابێت لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک، بۆیە بە کوردییەکی پەتی و بێ گرێ، پەیامی خەباتی خۆی ئاشکرا دەکات لە پێناو مافی چارەنووس و خۆی لە سەنگەری ئەوان جیا ناکاتەوە(٢).

ماندووم و رێگاکەم دوورە
برسیم، دوژمنەکانم تێرن، رووتم و ئەوان پۆشتەن
بێ هێزم و ئەوان بەدەسەڵاتن
من دەست و پێ بەستراوم ئەوان بەرەڵان
لەگەڵ ئەوەشا بە ویستێکی نەگۆڕەوە



سەرچاوە
Serchawe

بە گیانێکی نەبەز و زاتێکی مەردانەوە
ئەڕۆم بەرە و ڕووناکی...

شیعر لای خوالێخۆشبوو، لە دەقێکی ئاسایی نەدەچوو، بێگومان ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ ڕەگەزەکانی شیعر کردووە و کاری مەزنیشی پێ ئەنجام داوە.

یەکێ لەو خاڵە گەشبینانەی کە هەستی خوێنەر دەجوڵێنێ دەرخستنی لایەنی بابەتی و بێ لایەنانەی ڕووداوەکانە، کە وێنەیەکی وردی واقیعە تاڵەکەی خستووەتەڕوو، شاعیر لە دەربڕینەکانیدا ئاماژەی بەو وردەکاریانە کردووە کە پەیوەستن بە دەقی شیعرەکانیەوە، چونکە شاعیر ئامادە نەبووە لەبەردەم نەهامەتییەکانی ژیان چۆک دابدا. بۆیە کۆمەڵانی خەڵک پەلکێش دەکاتە ناو خەمەکانی خۆی و لە ڕێگایانەوە دەلالەتی گشتی و ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێ دەوڵەمەند کردووە، هەر ئەمانە وایانکردووە کەسایەتیەکی تایبەت و ڕوخسارێکی جوان بدەنە دەرەوە و ناوەوەی شیعرەکانی(١).

نا... نا من هەر خۆم نیم
بە تەنیا نەکەوتوومەتە ڕێ
هەزاران هەزاران هەزارین
بەرە و ڕووناکی ئەڕۆین و
بێ گومان بە کوێرایی چاوی هەموو دوژمنان
سەرەڕای هەموو
سەختی و تووشی و مەترسی و تاریکی ڕێ و بان
گەیوین و ئەیگەینێ...

بە شێوەیەکی گشتی، ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی کورد بە هەموو دەنگ و ڕەنگ و بەرفراوانی خۆیانەوە، لە شیعری خوالێخۆشبوودا، ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەبووە، بۆیە شیعر لای (برایم ئەحمەدی نەمر) بۆتە جۆرێک لە سەنگەرەکانی بەرگریکردن لە مافی ئادەمیزاد.

سەرچاوەی شیعرییەتی شاعیر لە سیاسەتەوە سەری هەڵداوە، هۆکاری ئەمەش لە هەندێ ڕووەوە ڕوون و ئاشکرایە کە شاعیر، هەر لە سەرەتای بیرکردنەوەکانی خۆی لە نێو بازنەی سیاسەتدا دیوەتەوە، کە ئەم سیاسەتە تەواو کۆنترۆڵی کردووە و بە دەگمەن بە لای بارە کۆمەڵایەتییە سۆزدارییەکانیدا بردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر بەر لەوەی


سەرچاوە
Serchawe

شاعیر بێت ئەوا کەسێکی سیاسی و خاوەن هەڵوێستی ئایدۆلۆژیایی خۆی بووە وەک ئەوەی بۆ سیاسەت خوڵقا بێت، بەمەش هێزی شیعرییەتی ئەم شاعیرە لە سیاسەتدا خۆی دەبینێتەوە، هەر وەک یاکبسون بۆی چووە، چارەسەری کارنامەی شیعر دەکات بە هەموو بابەت و ماناکانییەوە بە تایبەتی ئەو نامەیەی کە خودی بکەری شاعیر مەبەستێتی و باوەڕی پێیەتی، لەم ساتەوەختەدا گوتارەکان لەدایکدەبن، پەیوەندی ئامادەیی لە نێوان پێکهاتە کتوپرییەکاندا (بلە) بەو بڕە شیعرە کەمەی کە خاوەنێتی توانیویەتی لە چرکە ساتەکانی رووداوە گرنگەکانی مێژووی سیاسی کورددا رۆڵێکی بەرچاو ببینێ و ئەو رووداوانە لە لایەکەوە بەرجەستە بکات وەک ئەوەی کە هەیە، لە لایەکی ترەوە جوڵەیەک بە خودەکانی تر ببەخشێت. لە شیعری (یاران)دا کە لە بنەڕەتدا لاواندنەوەیەکی بەسۆزە بۆ پێشەوا قازی محمەد، شاعیر چەند راستییەکی زەمەنی نووسینی دەقمان بۆ دەردەخات کە رۆژی لەسێدارەدانی پێشەوایە(١).

بەشێک لەو راستییانە یەکبوونی فیکر و ئایدیایە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی نەتەوایەتی کە هەموو پارچەکانی کوردستانی گرتبووەوە، گەرچی بە پێی پلانی وڵاتە زلهێز و ئیمپریالیزمەکان کوردستان دابەش ببوو بەسەر چەند رووبەروو وڵاتێکدا، بەڵام لای بلە کوردستان یەک کوردستانە و شەهیدبوونی پێشەوا و روخانی کۆماری کوردستان ناسنامەی هەمووانە بەبێ جیاوازی شوێن و فیکر و دیالێکت(٢).

گوتاری سیاسی شاعیریش لێرەدا بەدەردەکەوێت ئەویش بەوەی گەر دوژمن ئەو بۆچوونەی لا درووستبووبێ کە پێشەواو کۆمارەکەی هەرەسیهێناوە، ئەوا بە لای بلەوە خەیاڵیان خاوە و شەهیدبوونی ئەم سەرکردەیە لە لایەکەوە بنجی ناکۆکی و نیفاق و دووبەرەکی لە رەگ هەڵدەکێشێت، لە لایەکی تریشەوە لە رێگەی یەکگرتن و هەوڵ و تەقەلای میللەت گەل ئازاد دەبێت و گیانی شەهیدیش هەر بەسەربەرزی دەمێنێتەوە. بە مانایەکی روونتر گرنگیی شاعیر لەوەدایە کە لە دوورەوە سەیری رووداوەکان ناکات بەڵکو قورسایی رووداوەکە و گوتارەکەی بزوێنەرێکی دینامیکییە بۆ ئامادەبوون و راکێشانی خودی شاعیر و خودەکانی تر، وەک ئەوەی هەمووان بە پەرۆشەوە ئامادەی زەمەنی رووداوەکە بن:

یاران با بادەی پڕ مەی بڕێژین
با کۆرپەی شادی و خۆشی بنێژین
با بە ئوف، بە ئاخ، بە حەسرەت، بە داخ
تەماوی بکەین، ئاوێنەی دەماخ
* * *
با بە قوڵنگی تیژی فەرهادی
هەڵکوتینە سەر بێستوونی فەرهادی

* * *

گەرچی شیوەنە، شینی پیشەوا
گریان نەنگییە لە شینی ئەوا
بێخی ناکۆکی، نیفاق هەڵکەندن
ڕێگە و شوێن دانا بۆ تۆڵەسەندن
یەکگرتن، جەنگین، نەبەرد تا مردن
هەوڵ و تەقەللای گەل ئازاد کردن
گیانی بڵندی سەرۆک ئەکەن شاد
ئـــەیگەیەننــە بەهشتی مـــراد(١)

هەمان هەڵوێستە، لە شیعری (بۆ گیانی حەمید باتـاس) بەدیـدەکرێت. سـەرەتا حەمید باتـاس، هـەر وەک عومەر بـەرزنجی پەراوێزێکی لەسەر نووسیوە، خەباتگێڕ و کوردپەروەرێکی دڵسۆزی کوردایەتی بوو، لە هەمان کاتدا هاوڕێی خەبات و ژیـانی بلەی شاعیر بوو، کە لە ڕێگەی کوردایەتیدا ژیـانی خۆی بـەخت کـرد و چووە نێـو کـاروانی شـەهیدانەوە. شـەهیدبوونی ئـەم سەرکردەیە لە کاتێکی ناوەختدا گورزێکی کوشندەبوو بۆ شاعیر، بەڵام ئەم شەهیدبوونە زۆر شتی بەخشی بـە خـودی بکـەری شاعیر و خودەکانی تریش، ئەویش جۆش و خرۆش و جوڵەی هەستی نەتەوایەتی بـۆ سـەرجەم ئـەو تاکانـەی کـە وەک بلـە و شەهید دەیانڕوانییە کوردایەتی. لە هەمان کاتدا ئەم قوربـانییە نامەیەکی کراوە بـوو بـۆ بـەردەم دەسـەڵاتی سـەرکوتکەر کـە قوربانییەکان هۆکاری سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی ئـاوات و داواکارییـەکان و هـەر دڵۆپێـک لـە خوێنی ئـەم شـەهیدە چەنـدین قارەمانی تر بەرهەم دێنێت(٢).

١٧ی ئاگۆستی ٢٠١٨

-------

### بەشی حەوتەم و کۆتایی

بـرایم ئەحمـەد شـارەزاییەکی قـووڵی لـە مێـژووی نەتەوەکەیـدا هـەبووە، بۆیـە بـە ئاگادارییـەوە لاپـەڕەکانی هەڵدەداتـەوە، شاعیر بە لایەوە گرنگ نییە کە یەکێکی وەکو کاوەی ئاسنگەر یان هەر کەسێکی تر کورد بووبێت.

کوا (لوفوافە)(١)ئەو هێزە نەپارێزە مەرگ چینە؟

کوا تۆپی؟ کوا تانکی؟ کوا ئوستۆلی بێ وێنە؟
بە جارێ گۆڕی گوم بوو گشتی وەک خۆی بێ سەروشوێنە
لەلای ئێمە هەڵئەنگوتن ، یەکەم هەنگاوی زاڵبوونە
لەنێو بۆتەی خەباتا توانەوە هەر شەرتی قاڵبوونە
لە نوچدان و هەڵئەنگوتن نییە ترسی گەلی کوردان
وەکو رێگەی خەباتی خۆی، شکانی تۆی لەلا روونە(٢)

شاعیر لە دواکۆپلەدا بەرنامەی خەبات دەخاتە بەرچاو، سیفەتی نەگۆڕی و ورە بەرنەدان و باوەڕی پتە و بە بالآی رۆڵەکانی نەتەوەدا دەبرێ:

لەگەڵ کاروانی رزگاری گەلان ئەڕوا بە چالاکی
لەسەختی رێ، لەدووری جێ، دڕی دوژمن، نییە باکی
نە کۆڵدان و نە لادان و نە وێستانی نییە هەرگیز
پشوو نادا هەتا نەبڕێ رەگی چەوسانەوە و ماکی

برایم ئەحمەد لە شیعری (بەرە و رووناکی)دا(٣) (رێگەی مەینەتی و هەڵدێری ژیان دەگرێتەبەر، بەڵام ورەی بەرزە و بڕوای بە دوارۆژی رووناک هەیە، بە خەباتی نەپساوی رۆڵەکانی گەل داری ئومێد گۆپکە دەکا و دێتەبەر)(٤) یان نا، بەڵکو بە وردییەوە سەیری بارودۆخی نەتەوەکەی دەکات کە چۆن پەرێشان و پەژمەردە و لەتوپەت کراوە، بەم بۆنەیەوە ساڵی (١٩٦٢) لە گەرمەی شۆڕشی کوردستاندا بە ناونیشانی (کاوەی راستەقینە)(٥) شیعرێکی درێژ دادەنێت و بەڵام لەو کاتەدا بڵاوناکرێتەوە ، شیعرەکە بریتییە لە سەربووردێکی مێژوویی نەتەوەکەی کە چۆن بە درێژایی مێژوو چەوساوەبووە و کەسیش فرمێسکی بۆ نەڕشتووە:

هەندێ کەس ئەڵێن کاوەی قارەمان
هیچ پەیوەندییەکی نییە لە گەڵمان
نە کورد بووە و نە بۆ کوردستان
خوێنی زوحاکی رشتۆتە مەیدان
* * *
نە نەورۆز جەژنی گەلی کوردبووە

مە کوردیش هێندە زیخ و گوردبووە
کورد مێژووی نییە نووسین بهێنێ
چونکە هەمیشە پەیژە و پردبووە

* * *

من ناڵێم ئەمە وایە وانیی
ناشڵێم ئەو کەسە شارەزانییە
جەژنی نەورۆز کاوەی ئاسنگەر
وابن وانەبن هیچی تا نییە
هەتاکو ئێمە وەها داماوبین
لەگەڵ یەک وەکوو ئاگر و ئاوبین
دیل و ژێردەست و داگیرکراوبین
بۆ دوژمن کەوتوو ، لە ئاست یەک پیاوبین

* * *

هەموو گەلانی سەر رووی زەمین
هەیان بێ مافی چارەی خۆنووسین
تەنیا لە چارەی کورد نووسرابێ:
هەتاکو ماون بە دیلی بژین

* * *

داوای بە زمانی کوردی خوێندنی
بەس بێ بۆ بیانووی لەناوبردنی
ئاشتی پشێوی ، دنیا تێکبچێ
بە داوای مافی ژیان کردنی

* * *

ماڵی بووبێتە سەربەشی ماڵان
گەل و وڵاتی چووبن بە تاڵان
بەشێ لە ڕۆم و بەشێ لە عەجەم
بەشێ لە عێراق دیل بن هەڤاڵان

* * *



سەرچاوە
Serchawe

نەوێرێ بڵێ منیش وەکوو تۆم
نەتەوەیەکم لەسەر خاکی خۆم
چەند لای تۆ خۆشە شنەی ئازادی
هەزار هێندەی تۆ بۆی تامەزرۆم

* * *

گوێچکەی رۆژئاوا لە عاستی کەڕبێ
رۆژهەڵات هێشتا لێی بێ خەبەربێ
چەوساوەترین گەلی دنیابێ
کەچی رۆڵەی خۆی لێی بە حەزەربێ

* * *

لەگەڵ دنیادا لە شێوەنابێ
بۆ هەمموان دایم دەست بە دوعابێ
کەچی لە داوای کەمترین مافا
لەم دنیایەدا تاکو تەنیا بێ

* * *

هەمیشە یەک نە ، بە سەدان زوحاک
دوژمن خوێنە خۆی ، لەگەڵ خۆی ناپاک
نەک هەر خوێنی کورد ، هی کوردستانیش
بمژن وەکوو هار ، بێ ترس و بێباک

* * *

نە بۆ تەماع و نە بۆ سەرەتا
نە بۆ نەهێڵان و ئاژاوەی دنیا
نە بۆ هەڵکەندن، رەگی زۆرداربێ
لایەک بەزەیی نەیەت بە کوردا

* * *

کورد بێ و کورد نەبێ کاوەی ئاسنگەر
کەم ناکاتەوە داخ و دەردی سەر
نان ئەو نانەیە، ئیمڕۆ لە خوانە

گەلی ژێردەست و خاکی دەستەبەسەر

* * *

ئەو رۆژەی کە کورد پاڵە و جوتیاری

لەگەڵ کاسبکار، گشت خوێندەواری

هەموو دڵسۆزی دیهات و شاری

بڕیاری خۆی دا لەسەر رزگاری

* * *

بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی ژیان

بۆ ژیانێکی خۆش و کامەران

بۆ هاتنە ریزی گەلانی جیهان

پیکی کاوەیان نایە نەڕەی شان

* * *

تەختی زۆرداریان سەرە و نگون کرد

خوێن خۆری گەلیان ئەنجن ئەنجن کرد

ئیمپریالیـــزم و چەوسانەوەیـــان

لە رەگ دەرهێناو فەوت و شوێن ون کرد

* * *

ئەوساکە بڵێی کوردە بۆت ئەلوێ

چونکە گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ

کوردیش نەبووبێ ئەو کاوەیەی کۆن

هەر کوردە بۆ خۆی کاوەیەکە نوێ

لە سەرەتای شۆڕشی رزگاریخوازی ئەیلولدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان رابەریی دەکرد و برایم ئەحمەدیش سکرتێری گشتیی بوو، لەو دەمەدا سروودی پێشمەرگە دەنووسێ، کە یەکێکە لەو شیعرە شۆڕشگێڕانەی کە لە ریزی پێشەوەی شیعری بەرنگارییە:

من پێشمەرگەی کوردستانم

ئامادەی جەرگەی مەیدانم

بەسەر و ماڵ و ژیانم
ئەیپارێزم نیشتمانم
دەس لە خەبات هەڵناگرم
تا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
قەڵای دوژمن رووخێنەرم
لەناوبەری داگیرکەرم
نەوەی کاوەی ئاسنگەرم
بۆ مافی گەل پارێزەرم
دەست لە خەبات هەڵناگرم
تا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
بەو کوردستانە رەنگینە
کە بەهەشتی سەر زەمینە
بەو کوردەی بەشی لەم ژینە
چەوساندنەوە و سەربڕینە
دەس لە خەبات هەڵناگرم
تا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
تا کوردیش وەک هەموو گەلان
بە کوێرایی گشت دوژمنان
ئەبێ ئازاد و شادمان
ئەگاتە گشت مافی ژیان
دەس لە خەبات هەڵناگرم
تا سەر ئەکەوم یا ئەمــرم(١)

ماوەت: ١٠ - ٧ - ١٩٦٢

برایم ئەحمەد شاعیرێکی نیشتمان پەروەر و شۆڕش گێڕبوو لە شیعرەکانیدا کەم باسی جوانی ئافرەت و سروشتی کردووە، زیاتر شیعری سیاسی بە بۆنە و موناسەباتەوە گوتوە ، شیعرێکی زۆر جوان و نایابی داناوە بە بۆنەی شەهید بوونی تێکۆشەری ماندوو نەناس و سەربازی ونی گەلەکەمان حەمید باتاسی.

لە پاکپاکژتر کاکە حمید گیان
عاشقە رووتەکەی خاکی کوردستان
هێندە سوتاوی ئازادی گەل بووی
ئەوێستای هەتا خۆت کردە قوربان
چەند دوژمن گەوجە لای وایە مردووی
نازانێ ئیمڕۆ بەکام گەیشتووی
دوو ئاواتت بوو تۆ لە گێتی دا
خاکت بخەملێ لەسەربەستی دا
تۆش گیانت بدەی لە برێتی دا
سەر راست بووی بەشی خۆت پێشەکی دا
وا تۆ ئەگەوزێیت لە خاک و خوێنتا
ئێمەش گەر پیاوبین هاتوین بە شوێنتا
گەلێ ئازادی بە خوێنی بکڕێ
نییە بتوانێ رێگەی لێ بگرێ
زۆردار لای وایە بە زەبری کوشتن
گەل بێزار ئەکا لە خەبات کردن
نازانێ کەوا داری ئازادی
هەر بە خوێنی گەش دێە بەرگرتن
هەر دڵۆپێکی خوێنی شەهیدێ
قارەمانێکی تری دێتە جێ
لاشەی زۆردار و خوێن مژانیش زوو
فڕێ ئەدرێتە زیلکاوی مێژوو
حمید بە گیانی خۆت و یارانت
بە کوردستانی دیل و وێرانت
یا ئێمەش هەموو هاتووینە کوشتن
یا دێنینە دی ئامانجی گیانت
گەلێ بتوانێ رێگەی لێ بگرێ(١)

(برایم ئەحمەد)، نووسەر و شاعیرێکی رەسەن و دڵسۆزی سۆزی خۆی بووە، شێوازی تایبەتی خۆی هەبووە لە نووسیندا، لە دوای ژیانێکی پڕ لە خزمەتی رۆشنبیری و داهێنانی ئەدەبی، سامانێکی بەپێزی بۆ ئێمەی کورد، جیهانی ئەدەبیاتی بەجێهێشت.

ناوەڕۆکی شیعری شاعیر، هەمەڕەنگە و شیعری بۆ ویژدانی خۆی وتووە، سەلیقەی شیعری لە بەهرەی خۆیەوە هەڵقوڵاوە، وردبینی لە دەربڕینی بیر، لە نووسینەکانیدا دیارن، بە توانابووە لە دۆزینەوەی شتی نوێ و ئەو لایەنانەی کە کاریان لە شیعری شاعیر کردووە، لەگەڵ سەردەمی ژیانیدا، رێکدەکەون بە تایبەتی لایەنی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لە ناو دڵ و دەروونی هەموو کوردێکدا(٢).

(بەرە و رووناکی) یەکێکە لەو دەقە شیعرییانەی کە لە بارودۆخێکی ناهەموار نووسراوە، کە ئەوسا رووداوی سیاسی گرنگ لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەسەر کوردستاندا هاتووە، دکتۆر (مارف خەزنەدار) لە بەرگی حەوتەمی مێژووی ئەدەبی کوردی لە بارەی ئەم دەقەوە دەنووسێت و دەڵێت: (ئەم کارەی شاعیر لە نێوەندی ئەدەبیدا زۆر بەناوبانگە، لە کاتی خۆیدا کە بڵاوکرایەوە رووی رەخنەی لێ کرایەوە، هەندێ کەس بە پەخشانیان دادەنا، هی دیکە بەخشانە شیعریان پێ دەوت « یا شیعری پەخشانی » سێیەمیان بە شیعری نوێی تەواویان دەژمارد، هەروەها کە بڵاوکرایەوە خاوەنی بەو ناوە کە بڵاوی کردەوە گوایە لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕدراوە، ئەوی راستی بێ ئەم بەرهەمە لە دانانی براهیم ئەحمەد خۆی بوو، بە ئانقەست نووسیبووی وەرگێڕدراوە بۆ ئەوەی سانسۆری میری بە چاوێکی دیکە تەماشای بکا، چونکە نووسینێک لە لایەن دەسەڵاتەوە پەسەند نەکرابایە و لە زمانێکی بێگانەوە بکرایە بە کوردی یا عەرەبی تاوانی خاوەنەکەی سووکتر دەبوو لەوەی رەسەن بێ و خاوەنەکەی دانەری بێ، ئەم بەرهەمەی برایم ئەحمەد نموونەیەکی بەرزی ئەدەبی کوردییە، دەچێتە ناو ئەدەبی بەرگرییەوە، لە پێناو مافی ئادەمیزاد، مافی چارەنووسی هەموو نەتەوەیەک بۆ دروست کردنی کۆمەڵێک هەموو کەس وەک یەک تیایدا بژین)(١).

لە یەکێتی بابەتدا، بەرز و باڵایە، هەردوو شێوە و ناوەڕۆک، ئاوێتەی یەکترن.

پشتم دارژاوی جەزرەبەی قامچییە
ناوچەوانم تفی پیا دێتە خوارەوە
پێـــم شەلـــی دارکـــارییە
فرمێسکیشم لە چاوما قەتیس ماوە
پێستم بەسەر ئێسکمدا وشک بۆتەوە
بەڵام بە دڵێکی وەک پۆڵاوە رێم گرتۆتەبەر

ئەڕۆم بەرە و رووناکی...

لێرەدا شاعیر سەرەڕای هەموو ئازار و ژانێک، دەنگی خۆی تێکەڵ بە دەنگی چەوساوەکان دەکات و بێدەنگ نابێت لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک، بۆیە بە کوردییەکی پەتی و بێ گرێ، پەیامی خەباتی خۆی ئاشکرا دەکات لە پێناو مافی چارەنووس و خۆی لە سەنگەری ئەوان جیا ناکاتەوە(٢).

ماندووم و رێگاکەم دووره
برسیم، دوژمنەکانم تێرن، رووتم و ئەوان پۆشتەن
بێ هێزم و ئەوان بەدەسەڵاتن
من دەست و پێ بەستراوم ئەوان بەرەڵان
لەگەڵ ئەوەشا بە ویستێکی نەگۆڕەوە
بە گیانێکی نەبەز و زاتێکی مەردانەوە
ئەڕۆم بەرە و رووناکی...

شیعر لای خوالێخۆشبوو، لە دەقێکی ئاسایی نەدەچوو، بێگومان ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ رەگەزەکانی شیعر کردووە و کاری مەزنیشی پێ ئەنجام داوە.

یەکێ لەو خاڵە گەشبینانەی کە هەستی خوێنەر دەجوڵێنێ دەرخستنی لایەنی بابەتی و بێ لایەنانەی رووداوەکانە، کە وێنەیەکی وردی واقیعە تاڵەکەی خستووەتەڕوو، شاعیر لە دەربڕینەکانیدا ئاماژەی بەو وردەکاریانە کردووە کە پەیوەستن بە دەقی شیعرەکانیەوە، چونکە شاعیر ئامادە نەبووە لەبەردەم نەهامەتییەکانی ژیان چۆک دابدا. بۆیە کۆمەڵانی خەڵک پەلکێش دەکاتە ناو خەمەکانی خۆی و لە رێگایانەوە دەلالەتی گشتی و ناوەڕۆکی شیعرەکانی پێ دەوڵەمەند کردووە، هەر ئەمانە وایانکردووە کەسایەتیەکی تایبەت و روخسارێکی جوان بدەنە دەرەوە و ناوەوەی شیعرەکانی(١).

نا... نا من هەر خۆم نیم
بە تەنیا نەکەوتوومەتە رێ
هەزاران هەزاران هەزارین
بەرە و رووناکی ئەڕۆین و
بێ گومان بە کوێرایی چاوی هەموو دوژمنان

سەرەڕای هەموو
سەختی و تووشی و مەترسی و تاریکی ڕێ و بان
گەیوین و ئەیگەینێ...

بە شێوەیەکی گشتی، ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی کورد بە هەموو دەنگ و ڕەنگ و بەرفراوانی خۆیانەوە، لە شیعری خوالێخۆشبوودا، ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەبووە، بۆیە شیعر لای (برایم ئەحمەدی نەمر) بۆتە جۆرێک لە سەنگەرەکانی بەرگریکردن لە مافی ئادەمیزاد.

سەرچاوەی شیعرییەتی شاعیر لە سیاسەتەوە سەری هەڵداوە، هۆکاری ئەمەش لە هەندێ ڕووەوە ڕوون و ئاشکرایە کە شاعیر، هەر لە سەرەتای بیرکردنەوەکانی خۆی لە نێو بازنەی سیاسەتدا دیوەتەوە، کە ئەم سیاسەتە تەواو کۆنترۆڵی کردووە و بە دەگمەن بە لای بارە کۆمەڵایەتییە سۆزدارییەکانیدا بردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر بەر لەوەی شاعیر بێت ئەوا کەسێکی سیاسی و خاوەن هەڵوێستی ئایدۆلۆژیایی خۆی بووە وەک ئەوەی بۆ سیاسەت خوڵقا بێت، بەمەش هێزی شیعرییەتی ئەم شاعیرە لە سیاسەتدا خۆی دەبینێتەوە، هەر وەک یاکبسون بۆی چووە، چارەسەری کارنامەی شیعر دەکات بە هەموو بابەت و ماناکانییەوە بە تایبەتی ئەو نامەیەی کە خودی بکەری شاعیر مەبەستێتی و باوەڕی پێیەتی، لەم ساتەوەختەدا گوتارەکان لەدایکدەبن، پەیوەندی ئامادەیی لە نێوان پێکهاتە کتوپرییەکاندا (بلە) بەو بڕە شیعرە کەمەی کە خاوەنێتی توانیویەتی لە چرکە ساتەکانی ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی سیاسی کورددا ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێ و ئەو ڕووداوانە لە لایەکەوە بەرجەستە بکات وەک ئەوەی کە هەیە، لە لایەکی ترەوە جوڵەیەک بە خودەکانی تر ببەخشێت. لە شیعری (یاران)دا کە لە بنەڕەتدا لاواندنەوەیەکی بەسۆزە بۆ پێشەوا قازی محەمەد، شاعیر چەند ڕاستییەکی زەمەنی نووسینی دەقمان بۆ دەردەخات کە ڕۆژی لەسێدارەدانی پێشەوایە(١).

بەشێک لەو ڕاستییانە یەکبوونی فیکر و ئایدیایە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی نەتەوایەتی کە هەموو پارچەکانی کوردستانی گرتبووەوە، گەرچی بە پێی پلانی وڵاتە زلهێز و ئیمپریالیزمەکان کوردستان دابەش ببوو بەسەر چەند ڕووبەڕوو وڵاتێکدا، بەڵام لای بلە کوردستان یەک کوردستانە و شەهیدبوونی پێشەوا و ڕوخانی کۆماری کوردستان ناسنامەی هەمووانە بەبێ جیاوازی شوێن و فیکر و دیالێکت(٢).

گوتاری سیاسی شاعیریش لێرەدا بەدەردەکەوێت ئەویش بەوەی گەر دوژمن ئەو بۆچوونەی لا درووستبووبێ کە پێشەواو کۆمارەکەی هەرەسیهێناوە، ئەوا بە لای بلەوە خەیاڵیان خاوە و شەهیدبوونی ئەم سەرکردەیە لە لایەکەوە بنجی ناکۆکی و نیفاق و دووبەرەکی لە ڕەگ هەڵدەکێشێت، لە لایەکی تریشەوە لە ڕێگەی یەکگرتن و هەوڵ و تەقەلای میللەت گەل ئازاد

دەبێت و گیانی شەهیدیش هەر بەسەربەرزی دەمێنێەوە. بە مانایەکی روونتر گرنگیی شاعیر لەوەدایە کە لە دوورەوە سەیری رووداوەکان ناکات بەڵکو قورسایی رووداوەکە و گوتارەکەی بزوێنەرێکی دینامیکییە بۆ ئامادەبوون و راکێشانی خودی شاعیر و خودەکانی تر، وەک ئەوەی هەمووان بە پەرۆشەوە ئامادەی زەمەنی رووداوەکە بن:

یاران با بادەی پڕ مەی برێژین
با کۆرپەی شادی و خۆشی بنێژین
با بە ئوف، بە ئاخ، بە حەسرەت، بە داخ
تەماوی بکەین، ئاوێنەی دەماخ
* * *
با بە قوڵنگی تیژی فەرهادی
هەڵکوتینە سەر بێستوونی فەرهادی
* * *
گەرچی شیوەنە، شینی پیشەوا
گریان نەنگییە لە شینی ئەوا
بێخی ناکۆکی، نیفاق هەڵکەندن
رێگە و شوێن دانا بۆ تۆڵەسەندن
یەکگرتن، جەنگین، نەبەرد تا مردن
هەوڵ و تەقەللای گەل ئازاد کردن
گیانی بڵندی سەرۆک ئەکەن شاد
ئـــەیگەیەننــە بەهشتی مـــراد(١)

هەمان هەڵوێستە، لە شیعری (بۆ گیانی حەمید باتاس) بەدیدەکرێت. سەرەتا حەمید باتاس، هەر وەک عومەر بەرزنجی پەراوێزێکی لەسەر نووسیوە، خەباتگێڕ و کوردپەروەرێکی دڵسۆزی کوردایەتی بوو، لە هەمان کاتدا هاوڕێی خەبات و ژیانی بلەی شاعیر بوو، کە لە رێگەی کوردایەتیدا ژیانی خۆی بەخت کرد و چووە نێو کاروانی شەهیدانەوە. شەهیدبوونی ئەم سەرکردەیە لە کاتێکی ناوەختدا گورزێکی کوشندەبوو بۆ شاعیر، بەڵام ئەم شەهیدبوونە زۆر شتی بەخشی بە خودی بکەری شاعیر و خودەکانی تریش، ئەویش جۆش و خرۆش و جوڵەی هەستی نەتەوایەتی بۆ سەرجەم ئەو تاکانەی کە وەک بلە و شەهید دەیانڕوانییە کوردایەتی. لە هەمان کاتدا ئەم قوربانییە نامەیەکی کراوە بوو بۆ بەردەم دەسەڵاتی سەرکوتکەر کە قوربانییەکان هۆکاری سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی ئاوات و داواکارییەکان و هەر دڵۆپێک لە خوێنی ئەم شەهیدە چەندین

قارەمانی تر بەرهەم دێنێت(٢).

**ئەنجام**

دەکرێت لە دوای ئامادەکردن وتەواوکردنی توێژینەوەکە ئەنجامەکەی لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

هۆنراوەی نەتەوەیی یان نیشتمانی یان ناسیۆنالیزمی، هۆکارێکی بەهێزە بۆ جوڵاندنی هەستی نەتەوەیی و دەرونی رۆڵەکانی گەل بەرامبەر بە جەور و ستەم و زۆرداری دوژمنان و هاندانیان بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمن.

هۆنراوەی نەتەوەیی لە لای زۆربەی هۆنیارانی کورد بوونی هەیە چ لە کۆندابێت یان نوێ و لە سەرجەم رێبازەکاندا دەردەکەوێت.

هۆنراوەی نەتەوەیی بە رێگایەکی بەهێز دادەنرێت بۆ رزگاربونی ولات و گەل لە دەستی زوڵم و ستەم و زۆرداری.

برایم ئەحمەد رووبەرێکی فراوان لە هۆنراوەکانیدا بۆ هۆنراوەی نەتەوەیی و نیشتمانی تەرخان کردووە، هەوڵی داوە لە رێی پێنوسەکەیەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشانی بدات لە پێناو رزگارکردنی نەتەوەکەیدا.

برایم ئەحمەد خۆشەویستی بۆ خاک و نەتەوەکەی لە هۆنراوەکانیدا بە روونی دیارە، هەوێنی هۆنراوەکانی لە ناو جەرگەی کارەساتەکانی ژیانی کوردەوە هەڵهێنجاوە و هەمیشە لە بەرەی گەلدا و لەناو ئازار و ژانی میللەتەکەیدا ژیاوە.

هۆنراوەکانی برایم ئەحمەد بە زمانێکی سادە و ساکار نوسراون کە هەموو کەسێکی خوێندەوار و نەخوێندەوار لێ تێدەگات.

برایم ئەحمەد لە هۆنراوەکانیدا هەردەم جاڕی خۆڕاگری و بانگەوازی چۆک دانەدان و بەردەوامی داوە دژی دوژمنانی کورد.

هۆنیار لە هۆنراوەکانیدا ئەوەی سەلماندووە کە هاوبەشی ئازار و ئەندێشەی چەوساوەکانی نەتەوەکەی بووە، هەمیشە پشت و پەنای چینی چەوساوە و زەحمەتکێش بووە.

بە درێژایی سەدەی بیستەم برایم ئەحمەد خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبی کوردی کردووە چ لە بواری هۆنراوەدا بێت یان چیرۆک یان رۆمان یان رۆژنامەوانی و چاپکردندا بێت.

برایم ئەحمەد لە زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، ئیتاڵی، هتد) زیاتر لە (٢٥) پارچە هۆنراوەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە هی شاعیرانی وەک (شکسپیر، شیللی) تێدایە.


تێبینی:

لیستی سەرچاوەکان و پەروێزەکانی ئەم بابەتە لەگەڵ هەمان بابەت لەسەر وێبساتی کوردستانی نوێ (www.knwe.org) بڵاوکراوەتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---------------------------------------------------------------

**بۆ یادی مامۆستا برایم و یادی ڕۆژنامەگەری کوردستانی نوێ بەرگی سێیەمی چریکەی کوردستان بڵاودەکاتەوە**



ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

بە بۆنەی یادی کۆچی دوایی مامۆستا برایم ئەحمەد و یادی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، کوردستانی نوێ بەرگی سێیەمی کۆبەندی ژمارەکانی گۆڤاری چریکەی کوردستان چاپ و بڵاودەکاتەوە.

لە پێشکەشکردنی ئەم بەرگەدا ستران عەبدوڵڵا لە جیاتی ماڵباتی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەڵێت، ساڵی ٢٠١١ یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی، لە دووتوێی دوو بەرگدا، حەوت ژمارە لە گۆڤاری "چریکەی کوردستان"ی چاپکرد، لە پێشەکیدا نووسیویانە ئەم گۆڤارە حەوت ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بۆ پاشکۆی گۆڤارەکە "صرخە کوردستان" نووسیویانە دوو ژمارەی لێدەرچووە، لە ئەنجامی پشکنینی هاوکارمان کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد بە ناو ئەرشیفی

رۆژنامەوانیدا ساڵی پار دەرکەوت ئەو پاشکۆیە پێنج ژمارەی لێدەرچووە نەک دوو ژمارە، چونکە رۆژنامەکەمان لە یادی کۆچی دوایی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد هەر پێنج ژمارەکەی لە دوو بەرگدا چاپ کردووە، رۆژی ٨ - ٤ - ٢٠١٧ لە مەراسیمێکدا کتێبەکەی بڵاوکردەوە. ئەمڕۆش بە چاپکردنەوەی جمکە ژمارەی ٨ - ٩ لە گۆڤاری "چریکەی کوردستان" دەردەکەوێت، ئەو گۆڤارە حەوت ژمارەی نییە، بەڵکو ٩ ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئاماژەشیکردوە، ناوەڕۆکی ئەم جمکەژمارەیە وەک ژمارەکانی تر دەوڵەمەندە بە بابەتی مێژوو، زمانەوانی، رۆشنبیری، ئەدەب و رۆژنامەگەری. وەک لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئاماژەی پێدراوە، گۆڤاری چریکەی کوردستان دەکرێت بە درێژکراوەی گۆڤاری گەلاوێژ دابنرێت کە مامۆستا برایم لە نێوان ساڵی ١٩٣٩ - ١٩٤٩ بە هاوکاری عەلائەدین سەجادی دەریکردووە. باسی لەوەشکردوە کە ئێمە وەک رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەر لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئەمڕۆ، زیاتر لە ١٠٠ کتێبمان چاپکردووە، چاپکردنی ئەم کتێبەش خەرمانی کتێبە چاپکراوەکانمان دەوڵەمەندتر دەکات. سوپاسی ئەندامی ستافی دوێنێ و هاوکاری بەردەوامی رۆژنامەکەمان کاک نەوزاد دەکەین، ئەم بەرگەی لە گۆڤاری "چریکەی کوردستان" ئامادەکردووە و لێکۆڵینەوەی بۆ نووسیوە.

هەر لەو بارەیەوە، نەوزاد عەلی ئەحمەد لە پێشەکی ئەم بەرگەدا نووسیویەتی، بۆ ئەوەی هەر زوو خۆم لە پرسیارێکی کلاسیکی جێگا گومان رزگار بکەم، کە بۆچی دیسان ئیبراهیم ئەحمەد؟ نەمری پەیوەندی بە خەلقکردنی داهێنانەوە هەیە، ئەو پیاوەش لە شیعردا هێزێکی تری بە رۆمانسیەت دا تا شیعری کوردی هەڵگری ناسنامەی ریالیزمی شۆڕشگێڕییێت، لە چیرۆکدا ئەوەندە بە سەلیقە زمان و هونەرکاری و رووداوی بەرجەستە کردووە رەخنەگر ناتوانێت بیخاتە پەراوێزی نووسینەوە، لە رۆماندا ترسی کوردی لە نەبوونی رۆماندا شکاند، ژانی گەل تا ئێستاش هێزی خۆی لە دەست نەداوە، لە سیاسەتدا ژیانی حزبایەتی و کوردایەتی فراوانتر کرد تا زۆربەی چین و توێژەکان لە حزبدا خاوەن دەنگ و بڕیاربن. ئاماژەشیکردوە، لە دنیای رۆژنامەنووسی و رۆژنامەگەریشدا ئەگەر هەر تەنیا باس لە گۆڤاری «گەلاوێژ» بکرێت سەروەرییەکی گەورەو دیار و ناسراوی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردییە، داهێنەرانی بواری ژیان و کولتوور مەرج نییە خالقی کەرەسەکانی دەوروبەرین و نەمری تۆمار بکەن، بەڵام برایم ئەحمەد لەو قەڵەمە بە برشتانەیە لە لوتکە دەژیت و ناوێکە هیچ کەس و حزب و دەسەڵاتێک ناتوانێت بچووکی بکاتەوە و بیسڕێتەوە، ئەم فاکتەرانەی پێشەوە بەڵگەن بۆ ئەوەی چەندبارە و بەردەوام کار لەسەر بەرهەمەکانی مامۆستا برایم بکرێن.

نەوزاد عەلی ئەحمەد دەڵێت، لەم نووسینەدا هەوڵدەدەم بە دوابەرهەمی رۆژنامەگەریی مامۆستا برایم کە بریتییە لە گۆڤاری «چریکەی کوردستان» ئاشناتان بکەم، کە لە دوا وێستگەی تایبەتی ژیانی واتە دوای هەرەسی ١٩٧٥ کە لە لەندەن پایتەختی بەریتانیا گیرسایەوە دەریکردووە، لەم نووسینەدا لەژێر چەند ناونیشانێکی جیاجیادا گۆڤارەکە

دەناسێنین و لە ناوەڕۆکی دەدوێین و فۆرمەکەی وردتر دەکەینەوە، سەرەڕای دەربڕینی وردە سەرنجی تر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٨

---------------------------------------------------

**برایم ئەحمەد**



**لەتیف فاتیح فەرەج**

**١**

لەم ڕۆژانەدا دوو کتێب لە بارەی برایم ئەحمەدەوە گەیشتە دەستم، یەکەمیان کتێبێکی حامید گەوهەریە، کە دەبوو لەو تەمەنەدا کە ٧٣ ساڵێتی خاوەنی قسەی خێرو باشە با نەک تۆوی دووبەرەکی و ناشرینی، ئاخر برایم ئەحمەدی خاوەنی گەلاوێژو ڕۆمانەکانی کوێرەوەری و ژانی گەل، برایم ئەحمەدی خاوەنی «دواتیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن» هی ئەوەیە ناهەقی بەرانبەر بکرێت یان شانازی پێوە بکرێت، کتێبەکەی گەوهەری لە بەرگەوە بۆ بەرگ ناهەقی و ستەمە لە پیاوێک کە پیرە مێردی شاعیرو زانا لە بارەیەوە وتویەتی «ئێمە چاوەڕێی ئەم کوردیە پاراووپەتیە دەکەین» ئەو لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بە کوردی پاراو بۆ ژیانی نووسیوە، ئەو حزبانەی داوای تەبایی و پێکەوەیی دەکەن ناکرێ ڕێ بە بڵاو کردنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە بدەن، گەوهەریش لەو تەمەنەدا دەتوانێ پەرە بە گیانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بدات نەک شتی تر.

**٢**

کتێبی دووەم ژمارە ٨ و ٩ کەی چریکەی کوردستانەکەی مامۆستا برایم ئەحمەدە کە نەوزاد عەلی ئەحمەد ئامادەی کردووە و

کوردستانی نوێ بە چاپی گەیاندووە، ناوەڕۆکی ئەم دوو ژمارەیەی چریکەی کوردستان، دەیان بابەت و شیعری تێدا بڵاو کراوەتەوەو هی ئەوەیە خوێنەوارەکان هەڵوەستەی لە سەر بکەن، لە کاتی ناساندنی کتێبەکەدا فەرید ئەسەسەرد بە تەنیشتمەوە بوو، گوێم لێبوو وتی ئەمە بۆ توێژەران و فێرخوازانی ماستەرو دکتۆرا زۆر گرنگە، تۆ بڵێی لە هەموو شوێنێ بوار بدرێت ماستەرو دکتۆرا لە سەر برایم ئەحمەد بخوێنرێت، ئەو پیاوەی هەژاری شاعیر بەر لە گەوهەری ناهەقی بەرانبەر کردووە.

## ٣

گۆشەیەکی کورت بۆ مامۆستا برایم کەمە، بۆیە رەنگە هەر لەم گۆشەیەدا جارێکی تر بێمەوە سەر باسکردنی، ناکرێ بە هۆی جیاوازی سیاسیەوە هەرچی جوانی یەکتر هەیە تەفرو تونای کەین، ستەمە ناهەقی بەرانبەر پیاوێک بکرێت تا ئەو ساتەی کۆچی کرد دەستبەرداری داکۆکی کردن نەبوو لە کوردو کوردستان، پیاوێک کە بە دەنگی بەرز دەیگوت:

مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان<br>
چۆن قازانج ئەکەی تانەکەی زیان<br>
لە زڕەی زنجیر دڵت نەلەرزێ<br>
پێوە بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان

تیر نان بەو پیاوەوە تیر نانەبە هەموو کوردەوە لەم کورتە نوسینەدا هەر ئەوەم لە دەست دێ بە حامید گەوهەری بڵێم خۆزگا ئەو ماندووبوونەت بۆ کاری تریاو دەستی نەوزاد ئەحمەدیش بگوشم.

بێ دابنیشین لە ناو گوڵشەنا<br>
لە ژێر سێبەری دارو دەوەنا<br>
لە ترسی دوژمن بە سۆزەی بەیان<br>
گفت و گۆ بکەین لە تەک وەتەنا


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠١٨

-----------------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## ژن لە قەڵەمە نهێنییەکەی ئیبراهیم ئەحمەد دا




### توێژینەوەیەک لە بارەی پێگەی ژن لە گۆڤاری گەلاوێژ دا



مەریوان مەسعود*

### پێشەکی

بەو پێیەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، هەموو شتێکی کردۆتە قوربانی بۆ ئەوەی گۆڤارێکی پڕ لەداهێنانی وەکو گەلاوێژ دەربکات، کە مەبەستی سەرەکیشی خوێندەوارکردنی کۆمەڵگای کوردی و زیندوو راگرتن و برەودان بووە بە کوردایەتی، جگە لەمەش سیاسەتی ئەو کاتەی بۆ خوێنەوارانی کورد روونکردۆتەوەو چەندین وتاری وەرگێڕدراوی لە زمانە زیندووەکانی دونیا وەرگێڕاوە بۆ کوردی وەکو ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی و فارسی کە بەمەش ویستوویەتی خوێنەواری کورد کە بەپێی هەموو سەرچاوەکان رۆژی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ کە بەشێوەی مانگانە دەرچووە، وەکو ئاهەنگێک بووە لە شارێکی وەکو سلێمانی، لەبەر ئەمەشە وەکو مامۆستا ئیبراهیم لە وتارێکدا لەبارەی چاپکردن و دەرکرنی گۆڤاری گەلاوێژ دەڵێت کە خەڵکێکی زۆری دڵسۆزی کورد هاوکاری مادی گۆڤارەکەیان دەکردو بەبەشێک لەخەبات و کوردایەتیان دەزانی چونکە گەلاوێژیان بەدەنگی خۆیان دەزانی.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی لەم باسەدا من کارم لەسەر کردووە، تەوەرێکی تری شاراوەیە کە مامۆستا ئیبراهیم هەوڵیداوە وەکو پەیامێک بە کۆمەڵگای کوردی بگەیەنێت ئەویش مەسەلەی ماف و یەکسانییە لەنێوان ژن و پیاو، بۆیە هەمیشە لە سەرجەم ژمارەکانی گەلاوێژدا، بەتایبەت لە ژمارەکانی ساڵی یەکەم ی زۆر جەختیان لەسەر دەکاتەوە.

دەمەوێت بەراشکاوانە ئەوەش بڵێم کە بەداخەوەم بەوە کە ئەم هەموو رێکخراو و بڵاوکراوەی تایبەت بە مافی ژنانمان هەیە، کەچی کەسیان درکیان بەو گەورەیی و پەیامانەی مامۆستا ئیبراهیم نەکردووە کە ویستویەتی گەورەیی ژن، هیچی کەمتر نەبێت لە هاوژینەکەی کە پیاوە. دیارە من لەم باسە هەوڵمداوە تەنیا کار لەسەر ساڵی یەکەمی گۆڤاری گەلاوێژ بکەم کە ١٢ ژمارەی لێدەرچووەو بەشێوەی مانگانە، کە دیارە کاتێک لە ناونیشانی باسەکەش ورد دەبنەوە زاراوەی (قەڵەمی نهێنیم) بەکارهێناوە، ئەویش بەو مانایەی کە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژ ویستوویەتی پەیامەکانی بۆ بەرگریکردن و گەورەیی ژن بگەیەنێت و ناوی خۆی لا گرنگ نەبووە، بۆیە زۆربەی وتارو پەیام و چیرۆک و کورتە نووسینەکانی کە لەمبارەیەوە لە ژمارەکانی گەلاوێژ بڵاوبوونەتەوە، بێ ناون، یان ناوەکان بەپیت نووسراوە، یان تەنیا ناوی ئەسڵی نووسەرە بیانییەکە نووسراوە لەو چیرۆک و نووسینانەی کە وەرگێردراون بۆ کوردی، بۆیە ناوم ناوە قەڵەمە نهێنییەکە، چونکە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئەوەندەی پەیامەکەی لا گرنگ بووە، گوێی بەناوی خۆی نەداوە.

مێژووی پڕ لە شکۆ و سەروەری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد تەنیا لە رووی سیاسیی و رووناکبیری و رۆژنامەنووسیی نەبووە، کە دیارە من پێموایە لەم سێ بوارە توێژینەوەو نووسینی باشی لەبارەوە نووسراوە، کە من لەم توێژینەوەم ناچمەوە سەریان، بەڵکو لێرە باسی ئەو گەورەیی و وردی و ئامانجە دەکەم کە مامۆستا برایم لە دەرکردنی یەکەم ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژەوە ویستویەتی پێی بگات ئەویش گەورەیی ژن و مافەکانیەتی کە پێی وابووە ژن هیچی کەمتر نییە لە پیاو، تەنانەت بۆ ئەمەش هەم بە وتار و هەم بە توانج و هەم بەقسەی نەستەق و هەم بە نوکتەو هەم بەچیرۆک و تەنانەت بە وەرگێرانە سەنگینەکانیشی ویستویەتی پەیامێک بگەیەنێت بە کۆمەڵگا لەو سەردەمە کە لەساڵانی کۆتایی سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو، کە لەم کاتەدا کۆمەڵگای کوردیی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر دوا کەوتوو بووە بەبەراوردی ئێستا،کەچی پیاوێکی کورد، نووسەرێکی بوێر هاتووەو گەورەیی ژنی نەشر کردووەو دوودڵ نەبووە لەوەی کە بەرگری لەژن بکات و مافی پاراستووە، لەمانەش سەرنجراکێشتر بەلای منەوە ئیبراهیم ئەحمەد، لەچەندین شوێن توانج و رەخنەی لەژنی کورد گرتووە بۆ ئەوەی خۆی چاک بکات و «ئەوەندە خەریکی خۆجوانکردن و رازاندنەوە نەبێت، بەڵکو با ژیریی و لێهاتوویی پشتگوێنەخات».

* ساڵی یەکەمی گۆڤارەکە

لەژمارەی (١)ی ساڵی یەکەمی گۆڤاری گەلاوێژ کە لە کانونی یەکەمی ١٩٣٩ دەرچووە، لە بابەتێکدا کە لەلاپەڕە (٤٥)



سەرچاوە
Serchawe

نووسراوە یەکەم بابەتە کە مامۆستا بەبێ ناوی نووسەر نووسیویەتی و نموونەیەکی زیندوو دێنێتەوە لەبارەی گەورەیی ژن، ئەویش خۆی لەخۆیدا وەڵامێکە بۆ ئەو کۆنە پەرستانەی کە بەناوی ئایینەوە دەڵێن: ژن لە پەراسوی لای چەپ و شکاوی پیاو دروستکراوە بۆیە قەد ڕێکنابێتەوە کە بەداخەوە ئەم فەرموودەیە بەناوی پێغەمبەری ئیسلامیش تۆمارکراوەو لە (صحیح البخاری)یش پشتڕاستکراوەتەوە، کەچی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوێرانەو لەژێرناویشانی (ژن و پیاو)دەنووسێت: «وتراوە کە خوا بۆیە حەوای لە سەری ئادەم دروست نەکرد کە لەخۆی بەگەورەتری بزانێ و بۆیە لەپێی دروستی نەکرد نەوەکو لەخۆی بەکەمتری بڕوانێ و بۆیە لە کەلەکەی دروستی کرد کە بەهاوشان و هاوڕێی خۆی دابنێ و بەتایبەتی لەکەلەکەی چەپی دروستی کرد کە نزیک بێ لە دڵی و هەمیشە خۆشی بوێت».

ئەگەر سەرنج لەم نووسینە کورتە بدەیت کە لە گۆڤاری گەلاوێژ لەو سەردەمە بڵاوکراوەتەوە، ئەمە ئازایەتییەکی خۆی ویستووە، چونکە ئەگەر ئەم نووسینەی سەرەوە پێشتریش بەکارهاتبێت کێشە نییە، بەڵام کاتێک مامۆستا ئیبراهیم دێت و لە گۆڤارێکی کوردیدا نەشری دەکات ئەمە بایەخی خۆی هەیە، چونکە کۆمەڵگای کوردیی و تەنانەت عەرەبی عیراقیش لەو کاتانەدا کۆمەڵگەیەکی تەواو ئاینی بووەو وەکو دەوترێت مەلا هەموو شتێک بووە، بۆیە لەو کاتانەدا بێیت و ژن یەکسان بکەیت بە پیاو و فەرموودەیەکی ئایینی بە کوردی بکەیت و بەشێوەیەکی ئەدەبی و کاریگەر دایبڕێژیتەوەو تەنانەت لەناونیشانەکە (ژن)ی پێش (پیاو) هێناوە.

جگە لەمەش بەکارهێنانی حەدیسێکی سەحیح لەو کاتەدا، بۆ ئەوەبووە بە کۆمەڵگا پیاوسالارییە کوردییەکەی ئەو کاتە بڵێ ئەوەتا خوای گەورەو پێغەمبەری ئیسلامیش ڕێزیان بۆ ژن داناوەو یەکسانیان کردووە بە پیاو، ئیتر ئێوە بۆچی بە کەمتر لە پیاو سەیری ژن دەکەن.

هەر لە ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمدا و لەلاپەڕە (٦٣) لەژێرناویشانی (ژنی دونیا) بابەتێکی وەرگێڕدراو بڵاوکراوەتەوە کە دیارە لە ئینگلیزییەوە مامۆستا خۆی وەریگێڕاوەو تێیدا بەراوردێک لەنێوان ڕێژەی ژن و پیاو دەکات لە وڵاتانی ئەمریکاو ئەوروپا، بەمەش دەیەوێت بەخوێنەری (گەلاوێژ) بڵێت کە ژن لەدونیا ڕێژەی زیاتر بێت کەمتر نییە بۆیە دەبێت بەهەمان ڕێزو حورمەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ئەوەتا نووسراوە: «بەرامبەر بەهەر ١٠٠ پیاو لەبەریتانیا ١٠٩ ژن و لەفەرەنسا ١٠٧ و لەئەمریکاو کەنەدا ٩٨ و لەئەڵمانیا ١٠٨ و لەژاپۆن ٩٩.... هتد».

* شێرە ژن و قارەمانێتی ژنی کورد

لە ژمارەی (٢)ی ساڵی یەکەمی گۆڤارەکە کە لە کانوونی دووەمی ١٩٤٠ دەرچووە، وەکو نەریتێکی گۆڤارەکە کە هەموو



سەرچاوە
Serchawe

ژمارەیەک (چیرۆکی مانگ)ی بڵاودەکردەوە، لەژمارە (٢) و لەلاپەڕە ٦١ دا، چیرۆکەکە لەژێرناونیشانی (شێرە ژن)ە، کە چیرۆکەکە باس لەقارەمانێتی ژنێک دەکات کە کاتێک دوژمنەکان خۆشەویستەکەی دەکوژن، ئەویش دەچێت بۆ قەڵا دوژمنەکان و تۆڵەی بۆ دەکاتەوە وەکو شێرە ژنێک و لەمانەش گرنگتر پاڵەوانی چیرۆکەکەی گۆڤاری گەلاوێژ کە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، گوللەیەک دەنێت بە سەری خۆشیەوەو کۆتایی بە ژیانی خۆشی دێنێت بۆ ئەوەی بچێت بۆ لای خۆشەویستەکەی!.

ئەگەر ئێوە سەرنج بدەن، تێدەگەن، کە گۆڤاری گەلاوێژ هەربەوە نەوەستاوە لەرێگەی ئەم چیرۆکەوە ئازایی و بوێری شێرە ژنەکانی کوردمان بۆ دەربخات، بەڵکو ئازایی و بوێری ئەوەشیان هەیە کە خۆیان بکوژن لەپێناو عشق و خۆشەویستی، کە بەراستی لە زۆربەی هەرەزۆری چیرۆک و رۆمان و تەنانەت شیعرەکانیش بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی، کەم جار هەبووە ژن رۆڵی ئەم پاڵەوانەی پێبدرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە پیاو خۆی بەخت کردووە، ئەوەتا فەرهاد کێوی بێستون کون دەکات لەپێناو شیرین و وەلی دێوانە دێوانەی کێو و دەشت دەبێت و چەندین نموونەی تریش، بەڵام ئەمجارەیان شێرەژنێک هەیە لەپێناو عەشقەکەی تۆڵە دەکاتەوەو دواتر بوێری ئەوەشی هەیە کە خۆی بکوژێت لەپێناوی ئەوەی ماچێکی پاکی خۆشەویستەکەی بکات لە دونیایەکی تر!.

کەواتە، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بە ئەنقەست ئەم رۆڵە جوان و پاڵەوانەی بە کەسایەتی ژنی کورد داوە ئەگەرچی چیرۆکیش بێت و واقیع نەبێت، چونکە دواتر چیرۆک رووبەکی واقیعی و راستەقینەی کۆمەڵگایە، واتە دیارە مامۆستا ئیبراهیم لەو سەردەمەدا کە نزیکەی ٦٧ ساڵ بەر لەئەمڕۆیە درکی بەوە کردووە کە ژن پێویستە هەموو رۆڵ و ئەرکێکی پێبدرێت کە بەپیاو دەدرێت، تەنانەت لەپاڵەوانێتی چیرۆکەکانیش هەمان کەسایەتی بەهێزو فیداکاری پێداوە کە پێشتر زۆربەی کات بەپیاو دراوە.

هەروەک ئامانجیشی لەبڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە کورتە چیرۆک و حیکایەتانە، ئەوەبووە، کە بوێری بدات بە قەڵەمەکانی ئەو سەردەمەی رووناکبیرانی کورد، تا ئەوانیش بتوانن و بوێریان هەبێت، رۆڵی شایستەو مەزن و کاریگەر لە کاراکتەری نووسینەکانیان بدەن بە ژن، نەک هەر بە کۆیلەو کەسی دووەم سەیرییان بکرێت و لە نووسینەکانیش رەنگبداتەوە.

لەژمارە (٤)ی گۆڤارەکەش کە هەر ساڵی یەکەمەو لە مانگی مارت ی ١٩٤٠ دەرچووە، دیسانەوە گۆڤارەکە خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێت کاتێک لە گۆشەی (چیرۆکی مانگ)، چیرۆک بڵاودەکاتەوە بەناوی (داستانی کچێک)، کە لەم چیرۆکەش بەرگریەکی بێ وێنەو ئازایانە لە ژنان دەکات، کاتێک پاڵەوانی چیرۆکەکە کە کچێکە لەدەست پۆلیس رادەکات کە دەیانەوێت بە تۆمەتی داوێنپیسی بیگرن، ئەویش قۆڵدەکات بەپیاوێکی بێگانەداو لێی دەپاڕێتەوە کە رزگاری بکات لەدەست

ئەم پۆلیسانە، پیاوەکەش هەر وادەکات، دواتر کاتێک پیاوەکە لێی دەپرسێت بۆ ئەم لەشفرۆشیە دەکەیت؟ ئیتر کچەکە داستانەکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە کە پیاوەکان لەیەکەم هاوسەرگیرییەوە چۆن قۆڵیان بڕیوەو تا یەک بەدوای یەک تووشی ئەم کارەی دەکەن، لەکۆتایی چیرۆکەکەش پیاوەکە کە من خۆم پێموایە رستەی جەوهەری چیرۆکەیە کاتێک دەڵێت: کە ئەم کچە هەژارەم بینی، لەو کاتەوە بەزەییم بەژن دێتەوەو گەلێ رقم لە پیاوە.

ئەوەتا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئەگەرچی چیرۆکەکەی لەچیرۆکێکی درێژی (مۆباسان)ەوە وەرگرتووە، بەڵام دەیەوێت بڵێت، ئەی ژن تۆ پاکیزەیت ئەوەی پاکیزەییت نایەڵێت پیاوە نەک خۆت، بۆیە کاتێک بەو حیوارەی سەرەوە کۆتایی بە چیرۆکەکە دێت کە بەزەیی بەژن دێتەوەو رقی لەپیاوە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە ژن لە دێرزەمانەوە غەدری لێدەکرێت و دەچەوسێندرێتەوەو قوربانی ئارەزووە بێ بەزەییەکانی پیاوە.

هەروەک هاتووە لە چیرۆکێکی درێژ کە مۆباسان نووسیویەتی، تەنیا ئەو کورتەو پوختەی دەکاتە کوردی کە مانا ئەسڵیەکەی تێکستەکە دەبەخشێت و بەرگرییەکی سەرسەختانەش لە ژن دەکات.

پاشان، لەژمارە (٧)ی ساڵی یەکەم کە لە حوزەیرانی ١٩٤٠ دەرچووە، لە گۆشەی بۆ پێکەنین لە لاپەڕەی ٥٦، گۆڤاری گەلاوێژ پەندێکی نووسیوە بەمشێوەیە:

کڕیار: کتێبی (پیاو گەورەی ژنە)ت هەیە؟

کتێبفرۆش: کتێبی ئەفسانە نافرۆشم

ئەگەر لەم پەندە وردبیتەوە، هەرچەندە لە گۆشەی بۆ پێکەنین بڵاوبۆتەوە، زۆر پڕ لەمانایە، چونکە لە ئاینیی ئیسلام لەزۆر شوێن تەئکید لەسەر ئەوەکراوەتەوە کە (پیاو سەید - گەورەی ژنە)، بەڵام لەم پەندە (گەلاوێژ) ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە بەهیچ شێوەیەک پیاو گەورەی ژن نییە بەڵکو یەکسانن، بۆیە دەڵێت تەنیا لە ئەفسانە (چیرۆکی ناراستی) مەگەرپیاو ببێتە گەورەی ژن، ئەگینا شتی وا قبوڵ نییەو قبوڵیش نابێت، بەمانایەکی تر جارێکی تر مامۆستای گەورە ئیبراهیم ئەحمەد پەیامی ئەوەمان پێ دەگەیەنێ کەپیاو هەرگیز گەورەتر نییە لەژن، بەڵکو ئەگەر لە کەلەکە (پەراسووی) پیاویش دروستکرابێت ئەوا لەلای دڵ و دەروونی دروستکراوەو یەکسانن.

هەروەک بەم دوو دێڕە کە بەشێوەی نوکتە بڵاوکراوەتەوە، ئەوەشمان پێدەڵێت، کە کتێفرۆش تەنیای فرشیارێکی ئاسایی

نییە، بەڵکو درکی بەشتەکان هەیە، بەتایبەت لە مەسەلەی ژن و گەورەیی ژن لە کۆمەڵگاو دونیادا.

لەژمارە (٨)ی گۆڤارەکەش کە لە تەمموزی ١٩٤٠ دەرچووە، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سور بووە لەسەر ئەوەی گەورەیی و شکۆی ژن بەرامبەر پیاو رابگرێت و داوا لەخوێنەوارانی کورد بکات کە رێزی ژن بگرن و ئەگەر ژن سەرکردەشیان بێت قبوڵیان بێت و پێویستە پشتگیری بکەن، ئەوەتا لە لاپەڕە (٤٣)ی ئەم ژمارەیە چیرۆکێکی بەناوی (دوا رۆژی کیلۆپاترە) بڵاوکردۆتەوە، کە دیارە دیسانەوە خامە نهێنیەکەی خۆی چیرۆکەکەی وەرگێڕاوە بۆ کوردی کە باس لە چیرۆکی کیلۆپاترەی شاژنی کۆنی میسر دەکات کە کاتێک رووبەڕووی دوژمنەکانی دەبێتەوە لەپێناو خاکەکەی و ئازایان شان بەشانی پیاوەکان و سەرکردەکانی شەڕ دەکات تا لەکۆتایی شەڕەکە دەکوژرێت و چیرۆکەکەش بە حیوارێکی نێوان دوو سەربازی پیاوی شاژن کۆتایی دێت کە یەکێکیان لەسەرە مەرگەو دەڵێت:

«بەڵێ چاکمان کرد ئێمەش قوربانی شاژنین، شاژنێکی وەها کە ئێستەیش بەمردویش هەر شاژنە، مردنی گەورەترە لەژینی».

ئەمە دوا دێڕی چیرۆکەکەیە، کە پێموابێت جارێکی تر مامۆستا هاتووە تا پێمان بڵێت ئەوەتا ژنە هەر غەدری لێناکرێت و ناچەوسێندرێتەوە، بەڵکو دەبێت بەشاژن و سەرکردەو شەرکەریش و تەنانەت شەهیدیش دەکرێت، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە لەو هەموو چیرۆکە زۆرەی دونیا کە مامۆستا ئیبراهیم موتابعێکی زۆرو باشی رۆژنامەو گۆڤارو کتێبە جیهانییەکانی ئەو سەردەمە بووە، بۆچی دێت و چیرۆکی شاژنێکی قارەمان و شەڕکەری وەکو کیلۆپاترەمان بۆ وەردەگێڕێت و کورتی دەکاتەوەو یاری بە دێڕەکانی دەکات؟، وەڵامەکەشی ئاسانە، چونکە مامۆستا ویستویەتی هەردەم گەورەیی ژن هەر بمێنێت و بەردەوام ئەوە بیر خوێنەوارانی کورد بێنێتەوە کە بەسە چەوساندنەوەی ژن، ئەوەتا مێژوو و کەلتوری گەلان ژنی ئاوهایان هەبووەو بائێمەش رێزی ژنانی خۆمان بگرین، شەرم لەوە نەکەین کە پۆست و پلەو پایە وەربگرن و چیتر بەچاوی نزم سەیریان نەکەین!.

* رەخنە لە ژن

یەکێکە لەو رەخنەو گلەیی و گازەندانەی کە لەو بڵاوکراوانەی تایبەتن بەپرسی ژن دەگیرێت بە بەردەوامی و منیش یەکێکم لەو کەسانە، ئەوەیە کە ئەم بڵاوکراوانە بەردەوام بەداخەوە ژن بە غەدرلێکراو و گوناح و مایەی بەزەیی و بەشخوراو نیشان دەدەن، لەکاتێکدا کەسیان جورئەتی ئەوەیان نییە، کە رەخنەش لە ژن بگرن، بۆ ئەوەی راچڵەکێت و بەردەوام خۆی بە بەشخوراو نەزانێت و وەکو دەڵێن پاڵی لێبداتەوە، ئەوەتا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەپاڵ ئەو بەرگرییە مەعریفی و

پڕ لە جورئەتی لەژنی کردووە، بەڵام رەخنەشی ئاراستە کردووە بۆ ئەوەی خۆی چاکبکات، بۆ نموونە چەندین نوکتەو پەند لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ هەیە کە دەچنە خانەی رەخنەو توانج لەژن بۆ ئەوەی بە هۆش خۆی بێتەوەو خۆی بناسێت ئەگەر نموونەیەک باس بکەین ئەوەتا لە ژمارە (٨)ی گۆڤارەکە ساڵی یەکەم لە لاپەڕە (٤١) لەگۆشەی قسەی نەستەق، پەندێکی نووسیوەو دەڵێت: ژن تا لەبازاڕی جوانیا نرخی نەشکێ، لەبازاڕی ژیرییدا بەهای دەرناکەوێ. واتە راستە جوانی بەلای ژنەوە گرنگەو هەموو ژنێک و لەهەموو سەردەمێک حەزی پێکردووەو دەکات،بەڵام دەبێت ژیریی و عەقڵیشیان بیربێت، نەک جوانی بخەنە پێش ژیرییەوە کەی جوانی نەما، ئینجا ژیرییان بیر بکەوێتەوە، واتە ژن بەدەست خۆیەتی کە دەتوانێت ژیر بێت یان بە پێچەوانەوە.

* ساڵی دووەمی گۆڤارەکە

لەسەرجەم ژمارەکانی (گەلاوێژ) یان وەکو مامۆستا برایم ئەحمەد و عەلی کەمال و عەلائەدین سەجادی دەڵێن (گەلاوێژی نازدار)، کە لەساڵی دووەمی تەمەنی دەرچووە واتە ساڵی ١٩٤١، دیسانەوە چەند بابەتێک لەسەر ژن و ئەو زوڵم و زۆرەی لە کۆمەڵگای کوردیی بەگشتیی لەژن دەکرێت هەیە، وەکو هەندێک توانج و رەخنەشی لەخودی ژنان هەیە.

لەژمارەی (١ و ٢)ی ساڵی دووەم کە مێژووی مانگی کانونی دووەم وشوباتی لەسەرە، واتە دوو ژمارە کراوە بەیەک ژمارە، لەلاپەڕەی (٨)دا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد شیعرێکی لەئینگلیزییەوە تەرجەمە کردووە بەناونیشانی (تاریکی)، کە دیارە ناوی نووسەرە ئەسڵەکەی لەسەر نییە تەنیا نووسراوە (لە انگلیزییەوە)، واتە مەبەستی پیاهەڵدان و ستایشی ژن بووە لەرێگەی ئەم شیعرەوە، شیعرەکەش دەڵێت:

حەز بەتاریکی ئەکەم چونکە رام ئەکێشێ بۆ زولفە رەشەکانت
حەز بەشەو ئەکەم چونکە لەشەودا تێرچاو ئەبڕمە مانگ
و ئەستێرەکان، ئەویان چاوە جوانەکانت ئەمیان دانە مرواریيەکانتم

هەر لە هەمان دوو ژمارەدا، لەلاپەڕەی ٧٠ دا لەگۆشەی قسەی نەستەق، چەند وتەیەک هێنراوەتەوە بەناوی (دڵداری و ژن)، کە لەم گۆشەیەش، سەرنووسەری گەلاوێژ دەیەوێت چەند لایەنێکی جوانیی و دڵداری ژن نیشان بدات و بۆیە باس لەوەفاو دڵسۆزی زیاتر ژن دەکات لەچاو پیاو، ئەوەتا لەیەکێک لەو وتانە دەڵێت: هەر لەیەکەم دڵداریاندا، ژن دڵدارەکانیان خۆش ئەوێت....هتد.

هەر لەو ژمارەیەدا، ئەمجارە بەشێوەیەکی تر لە ژن دەدوێت، بۆیە چەند نوکتەیەکی لەژێر ناوی (بۆ پێکەنین) هێناوەتەوە، کەتێیدا بەشێوەیەکی تەنز ئامێز رەخنەی لەژن دەگرێت، بۆ ئەوەی ژن هوشیارتر دەربکەوێت و ئەو پەتی بچووکبوونەوەو خۆ بەکەمزانینە بشکێنێت کە بەرامبەر بەپیاو هەیەتی.

جگە لەمەش لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە نوکتانە سەرنووسەری گەلاوێژ دەیەوێت لە ئاسانترین رێگا بچێتە ناو ناخی خوێنەرەوە کە ئەویش مەسەلەی پێکەنین و کۆمیدیایە، چونکە دەزانێت کە کاریگەری کۆمیدیا خێراو باشترە تا نووسینێکی جیدی و وشک.

### دەرئەنجام

بەپێی ئەو وردبوونەوەی کە لەسەرجەم ژمارەکانی ساڵی یەکەمی گۆڤاری گەلاوێژ و چەند ژمارەیەکی ساڵی دووەم کردوومانە، بۆمان دەردەکەوێت، کە مەسەلەی ژن و هۆشیاری کۆمەڵگا بەرامبەر بەژن، ئامانجی سەرەکی ئیبراهیم ئەحمەد بووە، چونکە خۆی بەشێوەیەکی بەردەوام و خێرا ئاگاداری رووداوەکانی جیهان و بڵاوکراوە جیهانییەکان بووە لەو سەردەمەدا، کە ئەوانەی لەشێوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوونە، نەک هەر لەکوردستان، بەڵکو لە عیراقیش ژمارەیان کەمبووە، کە زمانەکانی ئینگلیزی و تورکی و فارسی و عەرەبی و چەند زمانێکی تریش بزانێت و ئاگاداری رەوشە سیاسیی و روناکبیرییەکانی دونیا بێت. بۆیە کاتێک بەدوای هۆشیاریی و یەکسانیی و گەورەیی ژن گەڕاوە، لەو سەردەمەدا ئەرکێکی قورس بووە، بەڵکو ئەو زاتە هەر شانی داوەتە بەرو دریغی نەکردووە، بۆیە هەردەم ژنی بە یەکسانی پیاو زانیوە، تەنانەت لە هەندێک ئاماژە بە گەورەتر و ژیرانەتریش وەسفی کردووە.

ئەمە جگە لەوەی گۆڤاری گەلاوێژ، کە بوێری و ئازایی ئەوەی هەبووە لەو سەردەمەدا بەرگرییەکی باش لە مافەکانی ژن بکات، ئەوەشی زانیوە کە لەلایەن دەرەبەگ و پیاوسالاریی لەو سەردەمەدا، بەرەنگاری بوونەتەوە، بەڵام هەر گەلاوێژیش بووە، وایکرد لەو سەردەمە چەندین کەسایەتی دیار ناوی بنێن (گەلاوێژی نازدار)، بەو مانایەی کە کاریگەری زۆر هەبووە لەکۆمەڵگا، کە دیارە ئەو ئابونەو هاوکارییەی لەلایەن رووناکبیرو دەوڵەمەندو خەڵکی کوردستانەوە بۆ گۆڤارەکە کراوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، شایەدی ئەو راستیەن کە گەلاوێژ چەندە نازدار بووە.

* دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٩

### برایم ئەحمەد، مەشخەڵی بیری نوێ



ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

مامۆستا برایم ئەحمەد سەرباری ئەوەی کە کەسایەتییەکی گەورەی سیاسیی کوردستان بووە، لە بوارەکانی ئەدەبیو روناکبیریشدا قەڵەمێکی دیارو مەشخەڵێکی داگیرساوی بیری نوێو پێشکەوتنخواز بووەو لەقۆناغێکی تاریکدا بەرهەمەکانی وەک چرایەکی رۆشنو پرشنگدار کوردستانیان روناک کردۆتەوە.

مامۆستا برایم لەرۆژی ٥ی ئاداری ١٩١٤ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایک بووە.

لەسلێمانیو بەغدا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٣٧ کۆلیجی مافی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە.

مامۆستا برایم ئەحمەد هەر لەسەردەمی لاوییەوە خولیای جیهانی ئەدەبو نوسین بووەو لەتەمەنی ١٨ساڵییەوە لەرۆژنامەی ژیانی پیرەمێرد بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوەو پیرەمێرد پێی سەرسام بووەو وەک کوردیزانێکی رەوانو نەوجەوانێکی هەڵکەوتوو وەسفی کردووە.

مامۆستا برایم لەسەردەمی خوێندکاری لەبەغدا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا کۆمەڵەی لاوانی کوردی دامەزراندووەو گۆڤاری دیاری لاوانی دەرکردووە.
مامۆستا برایم سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو بووەو لە حزبەکانی ژێکافو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو پارتی

دیموکراتی کوردستانی عیراق رۆڵی دیاری هەبووەو وەک سەرکردەیەکی روناکبیر شوێن پەنجەی بەئەدەبیاتی سیاسی ئەو حزبانەوە دیارە.

مامۆستا برایم لەکایەی ئەدەبیو روناکبیریشدا شوێن پەنجەی دیارەو پیاوێکی فرە بەهرە بووەو لەبوارەکانی شیعرو پەخشانو رۆمانوچیرۆک و مێژوو و زمانو وەرگێڕان خزمەتی کردووەو خاوەنی ٢٦ کتێبەو ژانی گەلو کوێرەوەریو دواتیری کەوان لەنمونەی شارەکارە بەرزەکانی ئەون.

مامۆستا برایم ئەحمەد لەبواری رۆژنامەگەریشدا رۆڵی دیارو درەوشاوەی هەبووەو گۆڤاری گەلاوێژ بەیەکێک لەو ئەستێرە پرشنگدارو درەوشاوانە دادەنرێت کە دەوری زۆری لەهۆشیاری سیاسیو روناکبیریدا هەبووە.

ئەم گۆڤارە لەنێوان سالآنی( ١٩٣٩ - ١٩٤٩) بۆ ماوەی ١٠ساڵ دەرچووەو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیازو مامۆستا عەلادین سەجادی سەرنوسەری بووە.

گۆڤاری گەلاوێژ بایەخی بەبلآوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیو رۆشنبیریو سیاسی داوە ئەوەش لەوکاتەدا خزمەتێکی گەورەی بەرەوتی روناکبیری لەکوردستان کردووەو هۆکاری سەرەکی گەشەپێدانی رۆژنامەگەریوپاراو کردنی زمانی کوردی بووە.
ئەم گۆڤارە شێوازی رێنوسی نوێی کوردی هێنایە ئاراوەو زمانی کوردی لە وشەی بێگانە بژار کردو کوردییەکی جوانو پاراوی هێنایە کایەوە.

گۆڤاری گەلاوێژ گۆڤارێکی سەنگین بووەو قەڵەمی دیاری وەک( ئەمین زەکی، پیرەمێرد،تۆفیق وەهبی، شاکر فەتاح، شێخ محەمەدی خاڵ، حسین حوزنی عەبدوڵلا جەوهەرو چەندانی تر بەرهەمەکانیان تێدا بلآو کرۆدتەوە.

دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ خزمەتێکی گەورەی بە هەموو کایە فکریو رۆشنبیریو مەعریفییەکانی کۆمەڵی کوردستان کردووەو روخسارێکی جوانی رۆشنبیری بەشاری سلێمانی داوەو بۆتە هۆی ئەوەی هەر لەو سەردەمەوە بەهەوڵی مامۆستا برایمو روناکبیرانی تر سلێمانی وەک شاری رۆشنبیری بدرەوشێتەوە.

مامۆستا برایم ئەحمەد لەبوارەکانی سیاسیو روناکبیری خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردووەو شوێنی دیارە.

بەداخەوە ئەم پیاوە گەورەیە لە رۆژی ٨ی نیسانی ٢٠٠٠ بۆ دواجار لەشاری لەندەن ماڵئاوایی کردو تەرمەکەی هێنرایەوە


بۆ کوردستان و لەگردی سەلیم بەگی شاری سلێمانی بەخاک سپێردراو چووە ریزی نەمرانی کوردستانەوە.

درودی رێزی وەفاو ئەمەکداری بۆ گیانی پاک و پیرۆزی مامۆستا برایم ئەحمەدی سیاسەتمەدارو روناکبیرو مەشخەڵی بیری نوێ.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## ئیبراهیم ئەحمەد، باوکی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد



نووسینی: ڕێبین عومەر



ئێمەی کورد هەمیشە شانازی بە سیمبولی نەتەوەکانی تری دنیاوە دەکەین، بەلامانەوە ئاساییە شۆڕشگێڕەکانی خۆمان بە ماندێلاو چێ گیڤارا بچوێنین و حەقیان وەک خۆیان نەدەینێت کەسایەتی راستەقینەی خۆیان وون کەین و بەرگی کەسایەتی و سیمبولی نەتەوەکانی تریان لەبەرکەین، ئەگەر حەق هەبێت و وەک خۆی نەخشی راستییەکان بکات و رووداوەکان وەک گەواهیدەرێک بگێڕێتەوە، ئەوا ئێمەی کورد خاوەنی سەدان و هەزاران چێ گیڤاراین و خاوەنی سەرکردەی سەنگینی هاوشێوەی وەک ماندێلاو جۆرج واشنگتۆن و ماوسیتۆنگ و .....هتد.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە زۆرکات مێژووی نەوێی نەتەوەکەمان وەک خۆی حەقی نەداوەتێ یان وەک پێویست ئاماژە بەو وەرچەرخانە مێژوویە نەکراوە کە لەسەر دەستی ئەو شۆڕشی گەلەکەمان لە شۆڕشی هۆزو گوندەوە بووە شۆڕشی شارو عەقڵ و مەنتیقی بەهاداری ستراتیژی.

لەو دیدەوە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد،بیرمەندو گیانی پڕبەهای نیشتمانی بزوتنەوەی رزگایخوازی میلی کورد بووە کە وەک باوکی شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد ناسراوەو لەسەر دەست و بیروباوەڕی گەلێک گۆڕانکاری گەورە لە رەوتی شۆڕشگێڕی کوردی لەگشت بوارەکان کرا، رەنگبێت زۆرکات مێژوو بەهۆی ئەوەی براوەکان و ترسنۆکەکانی جەنگ دەینوسنەوە حەق و راستی رووداوە مێژوویەکان وەک خۆی ئاماژە پێنەکەن، ئەگەرنا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەو بیرمەندو سەرکردە گەورە سیاسیانەی جیهانە کە ڕەوتی مێژووی گەلەکەیانیان گۆڕی و تا ئەندازەیەکی زۆر هۆشی خستەوە بەر لاشەی نوستووی گەلێکی بەش مەینەت و پارچە پارچە کراو لە مێژووی سیاسی ئێمەدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بە باوکی نیشتمانپەروەری نێوزەند دەکرێت شۆڕش لە مێژووی سیاسی ئەوە توانی فۆڕمی خێڵ و دەرەبەگ و مەلا تێپەڕێکات و ببێتە شۆڕشی گەل و نەتەوە.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یان رێبەری رووناکی لەو سیاسیاسەتمەدارانەی گەلەکەمانە، کە زۆرینەی تەمەنی شۆڕشگێڕی خۆی لە بڕەودان بە توانان و وزەی شۆڕشگێڕی دژی ستەمکاری ئەو رژێمە سەردەستانە تەرخان کردووە کە کوردیان لە سادەترین حەقی نەتەوەی لێ بێبەشکردووە.

## تاگۆچان تێکۆشان

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد رۆڵی گەورەی گێڕاوە لەپێناو ئەوەی تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەژێر یەک سەیوانی سیاسی کۆببنەوەو ببنە خاوەن یەک گووتاری نیشتمانی شۆڕشگێڕیی و پێکەوە دژی داگیرکەرانی کوردستان بوەستنەوە.

لەبەرئەوەش بە بەردەوامی جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لەهەربارێکەوە تەماشایی بکرێت بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد شایستەی ئەوەیە کە لە ئاستێکی بەرزدا فیداکاری گەورەی بۆ ئەنجام بدەیت و برەو بەئاستی تێکۆشانی نەتەوەی تێدا بدەیت، تا گەیشتن بەسەربەستی و رزگاری نیشتمانی.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەهای روانیویەتی کە کێشەی نەتەوەی کورد کێشەیەکی ئینسانییەوە پەیوەستە بە ماف و حقووقی گەلێکی ٦٠ ملیۆنی لەسەر رووی زەوی کە رژێمەکان بە بەردەوامی هەموو رێگەیەک بۆ قەڵاچۆکردنی دەگرنەبەرو


نایانەوێ کە کورد بەهیچ کلۆجێک بگاتە مافەڕەواکانی خۆی.

لەوبارەیەوە وەها شرۆڤەی بیروبۆچوونەکانی کردووە دەڵێت: هەموو کوردێک برای منەو پێیان رادەگەیەنم: کە راسترین رێگە رێگەی بەرخودان و شۆڕشگێڕییە بۆ سەرخستنی کوردایەتی، بۆیە هەرگیز لەسەر ئەو رێگەییە هەست بە گومان نەکەن، چونکە لە هەربارێکەوە لێی بڕوانیت راسترین رێگەیە بۆ گەیشتن بە حەقی گەلێکی بندەست، چونکە ئینسانیترین رێگایە، دیموکراتیترین رێگەیە، مارکسیانەترین رێگەیە، محەمەدیانەترین رێگەیە، مەسیحیانەترین رێگەیە، بۆچوونی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد وەها شرۆڤە دەکرێت کە هەموو بیروباوەڕە دنیاییەکان لە راستەوە تا چەپ، لەگەڵ ئەوەدان کە گەلان لە سێبەری خۆیاندا بژین و بندەست نەبن و ماف خوراو چەوساوە نەبن و بە حەق و حقووقی نەتەوەی خۆیان بگەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٩

---------------------------------------------------------------

## بەها زاڵەکان لە شیعری برایم ئەحمەد دا



پ. د. زاهیر لەتیف کەریم

پ. د. نیان نەوشیروان فوئاد مەستی

پێشەکییەکی تیۆری:

باسکردن لەچەمکە تیۆرییەکان، بەبێ پراکتیک، هەتا ئەمڕۆ بۆتە دیاردەیەکی لێکۆڵینەوەیی لەناوەندە ئەکادیمی وڕۆشنبیرییەکاندا کەئەمە خۆی بۆخۆی کردارێکی سوودبەخشە بۆ تێگەیشتن ودامەزراوە تیۆرە ڕەخنەییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم تیۆرانە بەبێ کردارە پراکتییەکان ناتوانێت دەستنیشانی داهێنانە دەقییەکان بکات. ئەم لێکۆڵینەوەیە، هاوشێوەی لێکۆڵینە تایبەت وهاوبەشەکانمان، ئەو ڕاستییە دەسەلمێتێت کەدەقە ئەدەبی وشیعرییەکان، بەبێ بەکارهاتنە

ڕەخنەییەکـان، لەگۆشـەیەکی فەتیسـماوی وجێگیـرۆدا دەمێنـنەوە، بەڵکـو بەهـا وداهێنانەکـانی بەدەرنـاکەون. تیـۆرە بەکارهاتووەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیە لەخۆتەنییە بەهاییەکان، بەتایبەتی لەجۆرە زاڵەکان یان باڵادەستەکان. بەردی بناغەی ئەم تیۆرە لەلایەن فۆرمالیزمە ڕوسییەکانەوە ئەنجام درا بەتـایبەتی لەهەوڵەکـانی ڕۆمـان یاکۆپسن دا کەپێشەنگ ودەستپێشـخەری ئەم تیـۆرەیە. ئەم تیـۆرە ڕەخنەیـیە لەبنەڕەتـدا پشـتی بەدیـاردە پراگماتیکەکـان بەسـتووە کەتوانـای دەستنیشـانکردنی وێـنە شـاراوە وخۆتەنییەکـانی دەقـی هەیە لەوێشـەوە چەمکی شیعرییەت بەدەردەکەوێت. بەهـا زاڵەکـان کەرەستەیەکی بنەڕەتـی شیعرییەتە کەلەووشە ودەستەواژە دەربڕینەکـان دەزگـایەکی مەعریفـی و فیکری و سیاسی و ئەدەبـی دەخوڵقێـت. دەرئەنجـامی ئەم کـردارە، بەتێگەیشـتنە کلاسیزمەکەی، بونیادنـانی بـابەت و ناوەڕۆکەکـانێتی. بەڵام بەلای خـوڵقێنەری بەهـا زاڵەکـان، ڕۆمـان یاکۆپسـن، بـریتیە لەکـارلێکە پێکهاتەییەکـانی دەق کەخـوێنەر لەڕێـگەی خـاڵێکی دیـاریکراوەوە دەچێـتە نێـو وردەکـاری بەهـا زاڵەکـان، یـان گواسـتنەوەی شێوە ونـاوەڕۆکە سروشـتییەکان بـۆ ڕەگەز وفـرە ماناییەکان.

## کێشەی لێکۆلینەوەکە:

بەهۆی زوڵم وستەمی داگیرکەران بەرامبەر بەمەسەلە وئامانجەکـانی تـاکی کورد، هەروەهـا بێبەشبوونی کۆمەڵگا لەهەموو ڕوویەکی ژیانەوە بەتایبەتی ئابووری و فیکری و سیاسی و فەرهەنگی و ڕووەشنبیری... هتد، بەها زاڵەکان بـریتین لەئـازادی و سەربەسـتی و پرسـی کـورد و سـەربەخۆیی و فیـداکاری و ڕزگـاربوون لەداگیـرکەران وگەڕان بەدوای شـوناس و خـاک و نیشـتماندا. لەپێنـاو نزیکخسـتنەوەی پەیوەنـدییەکانی نێـوان ئەدەب و ئایـدیۆلۆژیا و بەهـا زاڵەکـان پشـتمان بەدەقە شیعرییەکانی بـرایم ئەحمەد بەستووە بەوپێیەی لەلایەکەوە کەسێکی سیاسەتمەدارە، بەڵکو دامەزرێنەری بیر و بـاوەڕێکی نوێخـوازی تێکۆشـانە. لەلایەکی تریشەوە، بەوپێیەی هەست بەلێپرسینەوە فیکری و سۆسیۆلۆژی و سیاسییەکان دەکـات و لەهەمـان کاتیشدا هەڵگری ڕەفتـارێکە کەدەشێت گۆڕاکـارییە گەورەکـان لەپێنـاو تاکاکاندا ئەنجـام بـدات ئەوا دەقەکـانی ڕەنگدانەوەی بەهـا زاڵەکانی کۆمەڵگەی کوردە. ئەم بەهـا زاڵانە بەشێکی هەرە گرنگی مەسەلەکانی داگیر کردووە. بـرایم ئەحـمەد، وەک سـتراتیژ وبەرنـامە نـاوەڕۆکییە شـیعرییەکەی، دەیەوێتتـاکی کـورد لەسـەر ئەو بەهـا زاڵانە ڕابهێنێـت و تاقیکردنەوەشی لەگەڵدا بکەن.

## ڕووبەری لێکۆڵینەوەکە:

### ئەم لێکۆلینەوەیەجەخت لەسەر ئەم جەمسەرانەی لای خوارەوە دەکات:

- بەهای پێکهاتە مەعریفییەکان.

- بەهای پێکهاتە ویژدانییەکان.
- بەهای پێکهاتە ڕوشتی وڕەفتارییەکان.
- بەها سۆسیۆلۆژییەکان.
- بەها نەتەوەییەکان.
- بەها مرۆڤایەتییەکان.

کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

بەوپێیەی بەها زاڵەکان، لەنێو ئەدەبیاتی جیهانیدا بەشێوەیەکی گشتی و ئەدەبیاتی کوردی بەشێوەیەکی تایبەتی وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە وڕەخنەگرە عەرەبەکانیش چەند ئاماژەیەکی کوورت وخێرای تیۆریان پێداوە بەبێ پراکتیکێکی پڕاوپڕ، ئەوا بێگومان هەوڵەکەمان لەڕووی سەرچاوە وزانیارییەکان ڕەنگە جێگەی پرسیارکردن بێت. ئامانجی ئێمەش کردنەوەی ئەو پرسیارانەیە لەلایەن ڕەخنەگران وئەکادیمیانەوە. ئەمەش لە پێناو تێگەیشتنی زیاتر وبەرجەستەکردنی تیۆرەکە لەڕێگەی توێکاریی دەقەکانی برایم ئەحمەدەوە.

ناوڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

فۆرمالیزمە رووسەکان، لەسەرەتای چەرخی بیستەمدا، شۆڕشێکی فیکری وئەدەبیان لەسەر ڕێبازە ڕەخنەییە هاوچەرخ ونوێیەکان دروست کرد وتێڕوانینیان بۆ ئەدەب بریتی بوو لەکۆمەڵێک چەمکی مەعریفی کەلەنێوانیاندا کارلێکەکان، بەنێگەتیڤ و پۆزەتیڤەوە، بەدەردەکەون، لەو دیدەیکەئەدەب نەسەق وبونیادێکی سادەیە بەڵام دەبێت ووردبکرێنەوە بۆ وێنە جۆراوجۆرە پڕ ماناکان. هەر لەبەر ئەمەش بوو مامەڵەیان بۆ دەقە ئەدەبییەکان وەک بونیادێکی زیندووی پڕ لەجووڵە بوو. لەمەش زیاتر، فۆرمالیزمەکان بەناوەڕۆکە ناوەکییەکان قایل نەدەبوون و هەوڵیان دەدا کەبەرەو دیاردەگەراییە جیهانییەکان بڕۆن، یان کەوتنە کردنەوەی دەرگا داخراوەکان و لەوێشەوە بۆ نێو سەرچاوە سیاقییە جیاوازەکان. ڕۆمان یاکۆپسن ڕووبەر و مەودای ڕەخنەی گەورەتر وفراوانتر کرد ئەویش لەڕێگەی کارنامە زمانی و پەڕەلێلی و شیعری و بەها زاڵەکان. بەلای ئەم ڕەخنەگرەوە بەها زاڵەکان توخمێکی کاریگەری کردارە ئەدەبییەکانە کەهەوڵ دەدات بازنەیەکی سەربەخۆی چەقبەندی دروست بکات وەک ئەوەی هیچ دەقێکی ئەدەبی سەرکەوتوو بەبێ سەرچاوە چەقییەکان سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت (رومان یاکبسون: ٨١). ئەم چەقە لەفیکر و ئایدیا گوشار دەخاتە سەر پێکهاتەکانی دەق بەنموونەی پێکهاتە گرامەری و سینتاکسی و عەروزی و وێنەیی...هتد. بەمەش بەها زاڵەکان پێدەنێتە قۆناغی دەستنیشانکردنی پێوەرەکان کەتوانای پۆلین و جوداکردنەوەی دەقەکانی هەیە ئەویش بەوەی دەقێک سەر بەڕێبازی سایکۆلۆژی و ئەوی تر سۆسیۆلۆژی و

هەروەها. دوای دەستنیشان و پۆلێنکردن تێبینی ئەوە دەکرێت ، بەڵکو دەردەکەوێت کەتوخمێک یان چەند بابەتێک لەڕووی هێز ودەسەڵاتەوە زاڵ دەبێت بەسەر بابەتەکانی تردا. لێرەشەوە ستراتیژیەت و بەرنامە وگوتاری دەق وخاوەنەکی ئاشکرا دەبن بەوەی سەر بەچ ڕێبازێکی کارکردنە. ئەو توخمە زاڵبووە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کەتوخمەکانی تر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. ئەمەش بەو مانایە دێت کەبەها زاڵەکان پێدەنێنە نێو کردارێکی بونیادی وخوڵقێنەر کەدەتوانێت ئاراستەی توخمەکانی تر بگۆڕێت یان کۆنترۆڵیان بکات. واتە، بەها زاڵەکان شێوەیەکی تایبەت لەخۆ دەگرێت کەجودا دەبێتەوە لەتوخمەکانی تری دەق، وە کارلێکە پێکهاتەییەکان فاکتەر و هۆکارێکی سەرەکین بۆ دەرکەوتن و زاڵبوونی توخمێک لەسەر توخمەکانی تر کەبەمە دەوترێت بەها زاڵبووەکان یان باڵادەستەکان (محمود العشیری: ٣٧). کەواتە توخمە ئەدەبییەکان بریتیە لەبونیادێکی شێوەیی کەبەها زاڵەکان گەورەترین سەرچاوەیەتی وەک ئەوەی خوێنەر ناتوانێت دەستنیشانی پێکهاتە ئیستاتیکی و ناوەڕۆکی و بابەتی دەق بکات تا نەچێتە نێو پرۆسەی بەها زاڵەکانی دەقەوە. هەر ئەم بەها زاڵانەیە کەدەتوانێت یەکەی دەقەکان لەنێو بازنەیەکی فیکری دیاریکراودا کۆبکاتەوە و لەوێشەوە هەوڵ دەدات کاریگەری لەسەر بازنەکانی تر دروست بکات (جان مورکاروفسکی: ٣٨ - ٣٩). بەئاراستەیەکی تر، بەها زاڵەکان دەبنە کردارێکی رووکاری و دامەزرێنەری بۆ ئەو توخمانەی کەدەبنە کرداری یارمەتیدەر بۆ توخمە سەرەکییەکە. ئەمە بەلای جان مورکاروفسکییەوە پێی دەوترێت «توخمە زاڵبووەکان» (جان مورکاروفسکی: ٤٠). لەگۆشەیەکی جیاوازەوە، ڕۆمان یاکۆپسن دەستنیشانی کردارە پەیوەندی و گەیەنەرییەکانی دەق دەکات کەبریتین لەشەش توخمی سەرەکی: نێنەر، نامە، وەرگر، زمان، ڕێڕەو، سەرچاوە . گوتاری ئەدەبی یان بەها زاڵەکان هەندێک جار لەڕێگەی ئەم شەش توخمە گەیاندییانەوە ئەنجام دەدرێت کەدواتر کارنامە شیعرییە سەرەکییەکانی لێ دەکەوێتەوە وەک هەڵچوونی و ئیستاتیکی و کاریگەری و پاراستنی و وەسفی و سەرچاوەیی (دیفید کارتر: ٣٤ - ٣٥). بەمانایەکی تر، بەها زاڵەکان دەچنە نێو پرۆسەی پێکهاتە کارنامەییە شیعرییەکانەوە وەک ئەوەی هەندێک جار بەهاکان لەڕێگەی هەڵچوونێکی کاریگەری خودی بکەرەوە بەدەردەکەوێت یان دروست دەبێت.

لەلایەکی تریشەوە، گوتاری شیعری بریتیە لەکۆمەڵێک بەهای جیاواز کەلەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازیان هەیە ئەویش بەهۆی جۆری ئامانج و ستراتیژییەتی کارکردنی شاعیرەکان. بۆ نموونە، بەهای شاعیرێکی ڕێبازی ڕۆمانسیزم، کەبەهاکانی خۆی لەخەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازەدا دەبینێتەوە وەک یاخیبوون لەواقیع و عەفەوییەت لەدەربڕین و ملکەچکردن بۆ سۆز و خۆشەویستی و خەیاڵە بەرباڵاوەکان.. هتد. جیاوازە لەگەڵ بەهای شاعیرێکی سەر بەڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیزمانە یان شۆڕشگێڕانە. کەواتە، بەهاکان بەپێی سستمی کارکردن لەگۆڕانکاریدایە وبەپێی قۆناغە زەمەنی وڕێبازی فەلسەفییەکان جۆری بەهاکان دەگۆڕێن. بەمەش لەلایەکەوە بەهاکان خۆیان لەشێوەیەکی دارێژاوی جێگیردا نابینێتەوە، لەلایەکی تریشەوە ململانێکانی نێوانیان هەمیشە بەکراوەیی - دەمێننەوە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەدەب بەشێوە گشتییەکەی لای تۆدۆرۆڤ بریتیە لەکۆمەڵێک شێوە و ڕژێمی سەرەکی کەناوەڕۆکی ئەدەبەکەی لێ دروست دەبێت، هەندێکیان خۆیان لەشێوە و بەها مەعریفی و هەندێکی تریشیان لەبەها ویژدانی وڕەوشتی و ڕەفتارییەکاندا دەبینێتەوە(محمد فتحی: ٢٤٠).

لە پێناو بەرجەستەکرنی ئەو بەهایانە، بەشێوە تیۆری و پراکتیکییەکەی، ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەمان دابەشکردووە بەسەر هەر سێ بەها ئاماژەپێکراوەکەی سەرەوەدا هەروەک لەخوارەوە دیارە:

**یەکەم**، بەهای پێکهاتەمەعریفییەکان. ئەم پێکهاتەیە بریتیە لەهەستکردن بەچەمکی بەهاکان و ناوەڕۆکەکانی ئەویش لەڕێگەی بیرکردنەوە عەقڵییە تیژ و قوڵەکانەوە. مانا بنەڕەتی و ڕووتەکان هەمیشە لەهزر و هۆشی شاعیردا جێگیر دەبن کەئەم مانایانە لەڕێگەی شتە هەستپێکراوەکانەوە بەرجەستە دەبن کەدواتر ئەم مانا و هەستانە پێدەنێنە قۆناغی بەهاکانەوە بەنموونەی چاکە و خراپە و بوون و نەبوون و سەربەستی و ئازادی و کۆیلایەتی و بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و ستەم و بانگەوازی یەکسانی و دادپەروەری. لێرەدا شاعیر یان نووسەر لەبەردەم کۆمەڵێک پێوەردایە، یان خۆی کۆمەڵێک پێوەر دەکاتە بەرنامەی کارکردنییەوە کەزۆربەی هەرە زۆریان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەهەستە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و فیکرییەکانەوە هەیە کەئەم هەستانە لەبیرکردنەوەکان دەبنە بەردی بناغەی شێوە ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان. ئەمەش بەو مانایە دێت کەبەهاکان لەبنەڕەدا بریتیە لەکۆمەڵێک ڕەفتار کەتاکەکان بەباشی دەزانن چونکە لەلایەکەوە پێشتر خاوەن عەقڵەکان تاقیکردنەوەیان لەگەڵیدا کردووە، بەڵکو ئاشنایەتییەکی دۆستانەیان لەگەڵیدا هەبووە. لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی تەواوی بەئایندە و بەرژەوەندی خۆیانەوە هەیە (عبداللگیف محمد خلیفە: ٣٩). ئەم بابەتە تەواو پەیوەندی بەدیدگەراییەکەی لۆسیان گۆڵدمان وە هەیە لەکاتێکدا ئەم جۆرە لەدیدگەرایی هەڵدەستێت بەدەستنیشانکردنی هەستی تاکەکان لەڕوانگەی ئەوەی جیهان خۆی بۆ خۆی بریتیە لەپێکهاتەیەکی ڕاڤەیی بۆ ئەو بابەت و دیاردانەی کەپەیوەندی بەچارەنووسی تێکڕای خەڵکییەوە هەیە نەک تەنها تاکێکی دیاریکراو. لەم ڕووەوە لۆسیان گۆڵدمان دەڵێت دیدگەرایی جیهانی بریتیە لەکۆمەڵێک بەها وخواستی بەرز و بیروبۆچوون کەتوانای یەکخستنی تاکەکانی هەیە بەتایبەتی لەڕووی سۆسیۆلۆژی و فیکری و سیاسییەوە (لوسیان غولدمان: ٢٨). لێرەشەوە بابەتگەرایی لەدایک دەبێت کەبریتیە لەئەزموونی تاکێکی بزێو کەلەپێناو تاکەکاندا بەدوای بەها بەنرخەکاندا دەگەڕێت. پێشەنگی بابەتگەرایی، ئاین ڕەند (١٩٠٥ - ١٩٨٢) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەتاکە لێهاتووەکە دەبێتە بەشێک لەڕووداوە گشتییەکانی واقیعی فیکری و سیاسی و سۆسیۆلۆژی (سعید علوش: ١٢). هەر لەبەر ئەمەش بووە کەئاین ڕەند هەمیشە کەسێکی گەشبین بووە چونکە گەیشتبووە ئەو ڕاستییەی کەئەو جۆرە تاکانە توانای گۆڕینی ئاڕاستەی ڕووداوەکانیان هەیە و سەرکەوتنیش بەدەست دێنن. برایم ئەحمەد یەکێکە لەوانەی کەتەواو دەچێتە نێو بۆچوونەکانی گۆڵدمان و ئاین ڕەندەوە. لەشیعری «نەورۆزی من» دەڵێت:

پێم ئەڵێن نەورۆزە ئیمڕۆ، ڕۆژی جەژن و خۆشییە
وەختی هەڵپەڕکێ و سەمایە، مەوسمی تەڕ پۆشییە
دەشت و دەر گوڵپۆشە، ئەم ڕەشپۆشییەت بێهۆشییە

مۆنی ڕووت بێ جێیە، عالەم کەیفی بادە نۆشییە

من ئەڵێم نەورۆز و شادی و جەژنی دیل ئازادییە

(برایم ئەحمەد: ٣٢).

شاعیر، لێرەدا، و لەنێو پێکهاتە فیکری و مەعریفییەکان بەراووردێک دەکات لەنێوان جەژنی نەورۆز، کەجەژنێکی نەتەوایەتی کوردە، لەگەڵ پرنسیپی سەربەستی و ئازادی بۆ گەلەکەی وەک ئەوەی پێکهاتە فیکری و مەعریفییەکەی نەورۆز هیچ ئەنجام بەدەست ناهێنێت، بەڵکو فۆڕمێکی بێ بەهایە گەر ئازادی و سەربەستی بەدەست نەیەت. لەشیعرە بێ ناونیشانەکەیدا کەدەڵێت:

کوردی بێ کەس بەسیە هەستە، تێپەڕی هەنگامی شەو

ڕۆژی ئازادیت ببینە، تا نەمێنیچ سامی شەو

خوێن بڕێژە، لەش بنێژە، قەت مەچێژە تامی خەو

چونکە قوربانی ئەوێ، هەڵهاتنی ڕووی ڕۆژی نەو

(برایم ئەحمەد: ٣١).

بەئاشکرا تێبینی ئەوە دەکرێت کەمەسەلەی ئازادی و سەربەستی و مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد و کوردستان فیداکاری و قوربانی دەوێت وەک ئەوەی بەهای کوردایەتییەکە لەفیداکارییەکەدا خۆی دەبینێتەوە. واتە، جارێکی تر، نامە و گوتارە فیکری و مەعریفییەکەی شاعیر هیچ بەهایەکی نیە گەر تاکی کورد فیداکاری نەبەخشێت. بەمەش بەها زاڵەکەی هەردوو نموونە ئاماژەپێکراوەکەی سەرەوە خۆی لەچەمکی ئازادیبوون و فیداکاریبووندا دەبینێتەوە. بەپێچەوانەوە بەها گشتی و دەسەڵاتدارەکە بەدەرناکەوێت. لەگۆشەیەکی ترەوە دەقکە و تەنانەت وەرگریش ناتوانن دەستنیشانی بەها زاڵەکان بکەن گەر کردارە یارمەتدارەکانی وەک ئازادی و فیداکاری پشتگیری نەکەن. لەشیعرێکی تریدا بەنێوی «کوردە هاوارە» کەدەڵێت:

کوردە قوربانە ڕۆژێکە و ئەمڕۆ

بەقسەی دوژمن مەبە دەستخەڕۆ

جووتێ دوژمنت بەربوونە یەکتر

زەحمەت هەڵکەوێ هەلی گەورەتر

دوژمنی گەورەی تۆ داگیر کەرە

گەر هیوات بەو بێ ڕەنجت بێبەرە



سەرچاوە Serchawe

هەر بەیەکێتی و فیداکاری خۆت
ڕزگارت ئەبێ لەزنجیر و کۆت

(برایم ئەحمەد: ٦٥ - ٦٦).

شاعیر لەڕێگەی پێکهاتە مەعریفییەکانەوە گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی کەدوژمنەکان سەرقاڵی دژایەتی خۆیانن وئەمەش بەهەڵێکی گەورەی مێژووی دەزانێت کەبوارێکی گونجاو لەبەر دەم مەسەلەکەیدا هەیە. ئەمە خۆی بۆخۆی جۆرێکە لەبەها زاڵەکانی دەقەکە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەهایەکی زاڵتری کاریگەرتر بەدەردەکەوێت ئەویش تەبای ویەکێتی ڕیزەکانی گەل و فیداکارییەکانە. بەمانایەکی تر، هەڵێکی ڕێکەوتی، کەبۆتە بەهایەکی زاڵ لەدەقەکەدا، لەبەردەم کوردایە بەڵام ئەم هەلە نرخی نابێت گەر بێتو یەکێتی وفیداکاری لەگەڵدا نەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە دەقەکە لەبەردەم دوو بەهای تەواوکەری پیرۆزدایە بەوپێیەی کورد، لەبەشێک لەزەمەنەکانی، تاقیکردنەوەکانی خۆی لەگەڵ فیداکاریدا ئەنجام داوە بەڵام بێ سوود بووە چونکە بەها زاڵەکەی تر کەخۆی لەهەلەکەدا دەبینێتەوە بوونی نەبووە. یان وەک پێویست نەڕەخساوە. بۆیە بەهای زاڵی دوهەم دەبێتە کردارێکی یاریدەدەر یان گرو تینێک بەبەهای زاڵی یەکەم دەدەن. بەمەش ئامانجی سەرەکی شاعیر جێبەجێ دەبێت کەسەرکەوتنە.

**دوهەم**، بەهای پێکهاتە ویژدانییەکان. کردارە هەڵچوونییەکاندەچنە نێو ئەم جۆرەی بەهاکانەوە ئەمەش لەو کاتانەی کەدیمەن و وێنەکان کاریگەری قورس لەسەر شاعیر دروست دەکەن و شاعیریش، وەک خودێکی بکەر، بەشدار دەبێت لەو دیمەنە کاریگەریانەدا بەتایبەتی ئەو دیمەنانەی کەپەیوەندی بەمەسەلە هەستیار و گرنگەکانەوە هەیە وەک خاک و نیشتمان و نەتەوە و پرسە داواکراوەکانیان. بەمانایەکی تر، شاعیر بەوپێیەی خۆی بەخاوەن مەسەلەکان دەزانێت و لەهەمان کاتیشدا بەرپرسیارێتی دۆخەکان لەخۆ دەگرێت ئەوا لێرەدا کاردانەوەکانی بەرامبەر بەنەیارانی بەدەردەکەون. لەکاتێکدا برایم ئەحمەد بەئاشکرا دەبینێت کەدوژمنان تاوان بەرامبەر بەنەتەوەکەی دەکەن ولەولاشەوە سەربەستییەکانی لێ زەوت کراوە ئەوا ئەم دۆخ و مەسەلانە تەواو کاری تێ دەکەن . ئەم کردارە دەبێتە موتیڤێک بۆ جووڵەی هەستەکانی بەرامبەر بەنەتەوە و خاک. لەم ساتە وەختەدا هەست بەخۆشی و بەختیارییەکی زۆر دەکات کەبەشدارە لەپرۆسەی کوردایەتی و بەرەنگاربوونەوەی دژ بەدوژمنان. لەشیعری «بۆ صەددام حسین» دا ڕەفتارەکانی ئەم دیکتاتۆرە بەرامبەر بەکورد و مەسەلەکانی لەکوشتن و گرتن و ئەنفالکردن و ڕاونان و ئەشکەنجە و ئازاردانی تاکی کورد بەتاک و کۆمەڵ کردارێکی کاریگەر بوو بۆ برایم ئەحمەد تا لەنزیکەوە بەشدار بێت لەخەم و ئێش و ئازاری نەتەوەکەی و لەهەمان کاتیشدا پەنا بۆ بەها زاڵەکان بەرێت بەنموونەی مێژوو و نیشتمان و فیداکاری بەدرێژایی زەمەنی داگیرکەر:

صەددام کوردستان موڵکی تۆ نیە



سەرچاوە Serchawe

نەهی ئەتاتورک نەخومەینییە

-----

تاقە بستێکی ئەم نیشتمانە

داگیر نەکراوە بەجەنگی مەیدان

هەمووی بە پاکی و دڵسۆزی خۆمان

بەفرت و فێڵی زۆڵە موسوڵمان

کورد بێبەش کرا لەماف و لەنان

-----

کوردی خاوەنی ئەم نیشتمانە

------

خاوەنی مێژوو هی ئەم زەمانە

بەرگری هەموو گورزی زەمانە

(برایم ئەحمەد: ٦٧).

لەشیعری «بۆ گیانی حەمید باتاسی»دا شاعیر بەهۆی لەدەستدانی ئەم سەرکردە قارەمان و سیاسییە تەواو هەستە هەڵچوونییەکانی بەکاردەهێنێت و لەو نێوەندەشدا چەند بەهایەکی زاڵ بەدەردەکەون وەک درێژەپێدان بەخەباتی سیاسی و جێگرەوەی سەرکردە شەهیدەکان بەنموونەی حەمید باتاسی و بەرگری دژ بەداگیرکەران و بەدەستهێنانی ئازادی لەڕێگەی فیداکارییەکانەوە. هەموو ئەمانە بەلای برایم ئەحمەدەوە کردارێکی و وزەبەخشن بۆ ڕەوینەوەی هەستە هەڵچوونییەکانی، یان دەربازبوون لەدۆخە سایکۆلۆژییە قورس و گرانەکان. بەمەش دواتر شاعیر زۆر بەختیارە بەوەی کەتوانیویێتی بەشدار بێت لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕش و مافە ویژدانییەکانیش بۆ شەهیدی سەرکردە حەمید باتاسی دەستەبەر بکات بەڵکو زیندووی بکاتەوە. واتە، پەنابردنی شاعیر بۆ ئەم سەرکردەیە تەنها خۆی لەپێزانیندا نابینێتەوە، بەڵکو دەیەوێت گوتارێکی لێ دروست بکات و لەڕێگەی ئەو گوتارە بەهاییە ویژدانییەوە دوو زەمەن تێکەڵ بەیەکتر بکات وەک ئەوەی گەر سەرکەوتنمان بەدەست هێنا لەزەمەنی ئێستادا ئەوا گەورەییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەها زەمەنییەکانی زەمەنی ڕابردوو کەئەو سەرکردەیە بەشێکە لەو بەهایە:

چەند گەوجە دوژمن، لای وایە مردووی

-----

ئێمەش گەر پیاو بین هاتووین بەشوێنتا

گەلێ ئازادی بەخوێنی بکڕێ

نییە بتوانێ ڕێگەی لێ بگرێ

-----

هەر دڵۆپێکی خوێنی شەهیدێ

قارەمانێکی تری دێتە جێ

(برایم ئەحمەد: ٦١ - ٦٢).

سێهەم، بەهای پێکهاتە ڕەوشتی و ڕەفتارییەکان. لەوکاتانەی کەبەهاکان دەگوێزرێنەوە بۆ ڕەوشت وڕەفتارە کردارییەکان ئەوا کۆمەڵێک ڕەوشتی گشتی کاردەکەنە سەر خودێکی بکەری شاعیر و شاعیریش، بەهۆی بەپرسیارێتی بەرامبەر بەمەسەلە پیرۆز و هەستیارەکان ئەو بەها ڕەوشتی و ڕەفتاریانە تێکەڵ بەڕووداوەکان دەکات و لەوێشەوە چەمکی پەیوەستێتی شاعیر و دەقەکەی بەدەردەکەون (حافظ نبیل: ٢١). لەمەش زیاتر، شاعیر خۆی، لەڕێگەی هەردوو پێکهاتەی مەعریفی و ویژدانییەوە، دەگوێزرێتەوە بۆ شێوەیەکی ڕەوشتی و ڕەفتاری و لەیەک کاتدا بابەتی بەها زاڵ و بابەتی ناوەڕۆکە ڕووداوییەکان دەخاتە نێو کارنامە شیعری وگوتارییەکانی دەقەکانیەوە. بەمەش کەسییەتیەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوشت و ڕەفتارانە دەبێت وەک ئەوەی فۆتۆ کۆپی یەکتر بن. لێرەدا سەرچاوەلێگرتنەکان دەبنە کردارێکی یارمەتدەر بۆ چەسپاندن و دیاریکردنی بەها زاڵەکان و ئەو ڕەوشت وڕەفتارانەی کەدەقەکەی لەسەر بونیاد نراوە. زۆربەی هەرە زۆری دەقەکانی برایم ئەحمەد بریتیە لەوەرگێڕانی هەست وێنە هەڵچوونی و ڕەوشتی و ڕەفتارییەکان. بەردی بناغەی ئەم ڕەوشت و ڕەفتارانەش بریتیە لەمەسەلە سەرەکییەکانی کورد بەنموونەی ئازادی و سەربەخۆی ودادپەروەرییە سۆسیۆلۆژییەکان. لەشیعری «هەر کورد ئەبین» دەبینین شاعیر تەواو تواوەتەوە لەگەڵ مەسەلەی کوردایەتی و ئەم کوردایەتییە، لەلایەکەوە ڕۆڵی بەهایەکی زاڵ دەبینێت بۆ شاعیر، لەلایەکی تریشەوە بۆتە بەشێکی هەرە گرنگی ڕەوشت وڕەفتاری شاعیر. ئەم بەها زاڵ و ڕەوشت و ڕەفتارە تەنها پەیوەست نیە بەخودی شاعیرەوە بەڵکو بەتێکڕای تاکە هاوشێوەکانی کەهەڵگری هەمان پەیام و نامەی شاعیرن. بەمەش زەمەنی کوردبوونەکەی شاعیر زۆر کۆنە و پەیوەندی تەنها بەزەمەنی ئێستاوە نیە. سەرچاوە مێژووییەکان پشتگیری لێ دەکەن لەکاتێکدا دەڵێت:

هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین

لەپێش ئاگر پەرستی دا

لەپێش موسوڵمانێتی دا

لەدیلی و سەربەستی دا

هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین

----

بڕیارە ومێژوو داویەتی

کە کورد بین وهەر کورد ئەبین

(برایم ئەحمەد: ٦٨).

ئەم جەختکردنە بەم ژمارە زۆرەی دەربڕینەوە، یان بەم بەم دووبارەبییەوە، نیشانەی ڕاستگۆیی و پەیوەستێتی هەستی شاعیرە بەبەها زاڵەکەوە کەبۆتە کەسێتی و سروشتێکی تایبەت بۆ شاعیر وهاوشێوەکانی. ئەمە تەنها لەم شیعرەدا بەدەرناکەوێت بەڵکو، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، زۆربەی هەرە زۆری گەر هەموویان نەبێت خۆی لەم بەها وڕەوشتی و ڕەفتارییەدا دەبینێتەوە کەبۆتە شوناسی دەقەکانی برایم ئەحمەد. هەر بۆ نموونە، لەشیعری «سروودی پێشمەرگە»دا بەهۆی گرنگی بەها زاڵەکە(کوردایەتی و کوردبوون) شێوازی ڕەوشتەکە لەتیۆرەوە دەگۆڕێت بۆ پراکتیک و شاعیر خۆی دەبێتە پێشمەرگەیەک بۆ بەهاکەی و فیداریشی بۆ دەدات، بەڵکو ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە و مەرگ دەکاتە دروشمێکی بۆ بەدەستهێنانی بەهاکەی. بەمەش تەنها لەدوورەوە بانگەواز بۆ ناوەڕۆکی بەها زاڵەکە ناکات و وەک سۆفییەک ڕۆحیانەتی خۆی تێکەڵ بەسەرچاوە گرنگەکەی دەکات کەبۆتە چەقی مەسەلە و بیرکردنەوەکانی. لێرەشەوە کوردستان دەبێتە تەنها نیشتمان بۆ شاعیر. بەئاراستەیەکی جیاوازتر، شاعیر بەهۆی بایەخدانی بەبەها زاڵەکان، بەنموونەی خاک ونیشتمان، هەمیشە لەجووڵەیەکی بەردەوامدایە کەئەو جۆرە جووڵەیە بەکەسانی سروشتی ئەنجام نادرێت وەک ئەوەی ئێمە بەشێوە گشتییەکەی ڕۆژانە ڕووبەڕوی چەندین وێنەی هەستهەژێن دەبینەوە وەک هەژاری وبرسێتی و زوڵم و ستەمدا بەڵام، بەهۆی ئەوەی شاعیر نین ئەوا ناتوانین ئەو وێنانە بەرجەستە بکەین وتەنها لەهزر و بیرماندا بەشێوە مێژوویی و دارِشتنییەکەی دەمێنێتەوە و ناگوێزرێتەوە بۆ هەڵوێستەیەکی ڕوشتی و ڕەفتاری:

من پێشمەرگەی کوردستانم

ئامادەی جەرگەی مەیدانم

بەسەر و ماڵ وژیانم

ئەیپارێزم نیشتمانم

دەست لەخەبات هەڵناگرم

تا سەر ئەکەوم یا ئەمرم

(برایم ئەحمەد: ٤٥).

هەموو ئەمانەی کەباسی لێوەکرا ئاماژەیە بەوەی کەبەهاکان هەڵگری چەند جۆرێکن، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها جەخت لەسەر سێ جۆریان دەکەین بەوپێیەی ئەم جۆرانە تەواو کۆنترۆڵی پێکهاتە شیعرییەکەی برایم ئەحمەدیان کردووە، یان ئەم جۆرانە بریتین لەبەها زاڵە سەرەکییەکانی شاعیر ئەوانیش:

**یەکەم**: بەها سۆسیۆلۆژییەکان. لەم جۆرەی بەهادا شاعیر دەکەوێتە هەڵبژاردنی ئاستی پێوەرەکان وەک ئەوەی ئەو ئاستانە جێگرەوەی هەڵوێستە سۆسیۆلۆژییەکان بن. ئەمەش بەوپێیەی شاعر بەنموونەی برایم ئەحمەد لەبنەڕەتدا کەسێکی خاکی و بێ فیزە و لەجیاتی ئەوەی وەک ئۆرستکراتییەک بژی تێکەڵ بەتێکڕای خەڵکی دەبێت و لەمەش زیاتر ژیانێک هەڵدەبژێرێت کەپڕە لەناڕەحەتی و ئێش و ئازار و گرتن و دوورخستنەوە و ڕووبەڕوبونەوەی مردن لەزەمەنی شاخ و پێشمەرگایەتیدا. بەمانایەکی تر، هەڵوێستە وەرگرتن بەرامبەر بەناوەڕۆکە سۆسیۆلۆژییەکان تەنها کردارێکی خۆڕسکی و عەفەوی نیە بەڵکو پێکهاتەیەکی عەقڵی و مەعریفیشە (عبداللگیف محمد خلیفە: ٣٧). واتە بەهای تاکەکان، برایم ئەحمەد بەنموونە، لەپێناو بەرژەوەندییە میتریاڵییەکاندا کار ناکات بەڵکو بایەخێکی ئایدیاڵیزمی بەمەسەلە وتێکڕای خەڵکی دەدات و لەپێناویاندا فیدکاری دەبەخشێت چونکە لەبنەڕەتدا کەس و تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە و ئایندە و بەرژەوەندییەکانیشی پەیوەستە بەئەوانەوە. هەر لەبەر ئەمەشە، خاوەنی کتێبی «زانستی سۆسیۆلۆژیا»، ئەنتۆنی گیدنز (١٩٣٨) دەڵێت ئەو تاکانە، بەهۆی ئەوەی هەڵگری بەهایەکی پیرۆزی سۆسیۆلۆژین، لەپێناو تێکڕای خەڵکیدا دەکەونە شەر و ململانێوە و پارێزگاریشیان لێ دەکات بەو پێیەی تێکڕای خەڵکی بونەتە ئامانج بۆ مەسەلەکان(انتونی غدنز: ٨٢). سەرجەم بەرهەمە ئەدەبی و شیعرییەکانی برایم ئەحمەد ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستیەن وهەر لەسەرەتای ژیانییەوە تاکۆتایی هەڵگری ئەم جۆرە پەیامە بوو. لەبری ئەوەی چێژ لەژیانە میتریاڵییەکە ببینێت، کەدەیتوانی، ئەوا چێژەکەی تەرخانکرد، یان خەست کردۆتەوە، بۆ ئازارەکان. ئەمەش بەهۆی گرنگی لەڕادەبەدەری بەها سۆسیۆلۆژی و فیکری و سیاسییەکانییەوە بوو کەهەمیشە وەک فانتۆمێک دەوروخولی شاعیریان دابوو. لەگۆشەیەکی ترەوە، برایم ئەحمەد لەبەرنامە ئەدەبی و شیعرییەکانیدا چەند پێوەرێکی کردە ئەجندای کارکردنییەوە تا بگات بەئامانجە داواکراوەکانی نەتەوەکەی نەک تەنها هەر خۆی. بەمەش مەسەلەی نەتەوەکەی لەڕووی سیاسی و فیکرییەوە پێدەنێتە بازنەی ئامانجێتی نەک شتی تر. هەر ئەمەش وایکردووە کەواز لەخۆشییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بهێنێت وبەرەو ناڕەحەتییەکان بڕوات کەئەم چێژ لەمەیان دەبینێت نەک ئەوەی پێشوو. ئەمەش بەو مانایە دێت کەبرایم ئەحمەد دوای بەها زاڵ وبەرزەکان کەوتووە وهەر لەوێشەوە ئامانجە بەرزەکانی ئەو بەهایانە بەدەست دێنێت، نەک لەپێناو خۆیدا بەڵکو نەتەوەکەی. دەشێت ئەم بۆچوونە پێچەوانەی گووتە ناودارەکەی میکافیلی بێت کەدەڵێت: «ئامانجەکان بەهانە بۆ ئامرازەکان دەهێننەوە»چونکە ئێمە نازانین ئامرازەکان چین و چۆنیش دروست دەبن. بەڵام برایم ئەحمەد جەخت لەسەر جۆرایەتی ئامڕازەکان دەکات کەسەرجەمیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەڕەوشت و ڕەفتارەکانەوە هەیە، بەتایبەتی ڕەوشتە ئایدیاڵیزمەکان کەچارەنووسی هەمووانی پێوە بەندە. چەمکی هەڵبژاردن و پۆلێنکردنی بابەتەکان بەپێی پێشترێتی و بەڕەچاوگرتنی بارودۆخەکان، بەتایبەتی سیاسی وفیکری



سەرچاوە
Serchawe

و زسۆسیۆلۆژی، موتیڤێکی ووزەبەخشە بۆ دەستنیشانکردنی بەها زاڵەکان. بۆ نموونە، برایم ئەحمەد لەشیعری: «بەرەو ڕووناکی»دا سەرەتا بەڕاهێنانەکانی خۆی دەست پێدەکات ودواتر ناوەڕۆکی ئەم ڕاهێنانانە دەگوێزێتەوە بۆ تێکڕای خەڵکی چونکە لەبنەڕەتدا ڕاهێنانەکان بۆ خۆی نیە بەڵکو بۆ دەرەوەی خۆیەتی بەتایبەتی ئەوانەی کەهەمان ئازاری ئەمیان هەیە، ئەم هەموانە بۆ برایم ئەحمە بونەتە ئامانجێک بۆ بابەتێکی پیرۆز کەکوردایەتی ونیشتمان پەروەرییە. بەمانایەکی تر، برایم ئەحمەد بەدوای کەرەستە گونجاوەکاندا دەگەڕێت کەپەیوەندییەکی توندی بەیاسا بەهاییەکانەوە هەیە کەپێشتر خۆی بڕیاری لەسەر داوە و لەهەمان کاتیشدا هەوڵی ئەوەی داوە کەبیگونجێنێت لەگەڵ ئەو دۆخە سۆسیۆلۆژی و ئابووری و فیکرییەکانی تێکڕای خەڵک:

ڕێم گرتۆتە بەر، ئەڕۆم بەرەو ڕووناکی
ماندووم و ڕێگاکەم دوورە
برسیم و دوژمنەکانم تێرن
ڕووتم و ئەوان پۆشتەن
-----
نا نا من هەر خۆم نیم
بەتەنیا نەکەوتوومە ڕێ
هەزاران هەزران هەزارین
هەموو کەرامەتی پلیشاوەمان هەستاوەتەوە

(برایم ئەحمد: ٣٤ - ٣٥).

هەمان شت لەشیعری «کاوەی ڕاستەقینە»دا دەبینرێت لەکاتێکدا شاعیر سەرەتا خۆی دەچێتە نێو مەنەڵۆگ لەسەر پرسیارە مێژوویەکانی زەمەنی کاوە و ئێستا و لەنێو ئەو مەنەڵۆگەدا بەدوای بەها زاڵەکاندا دەگەڕێت و مەبەستیشی نیە کاوە کوردە یان نا، یان نەورۆز جەژنی کورد بووە یان نا!بەڵکو ئەوەی مەبەستێتی ئەوەیە کەچەند سوود لەبابەت و ئەنجامی زەمەنی کاوە دەبینێت. لێرەدا کاوە و جەماوەرەکەی بەکۆن وتازەوە دەبنە ئامانجێک بۆ مەسەلەیەکی گرنگی زەمەنی ئێستا کەسەرکەوتنە بەسەر زوڵم وستەم و دەستپێکردنی زەمەنێکی نوێ کەپڕ بێت لەسەربەستی و ئازادی. ئەمە بەشێوە داینامیکییەکە پێدەنێتە بەرژەوەندییە ئایدیاڵیزمییە گشتییەکانی کۆمەڵ:

هەندێ کەس ئەڵێن: کاوەی ئاسنگەر
هیچ پەیوەندیکی نییە لەگەڵمان

نە کورد بووە و نە بۆ کوردستان

خوێنی زوحاکی ڕشتۆتە مەیدان

نە نەورۆز جەژنی گەلی کورد بووە

------

کورد بێ و کورد نەبێ، کاوەی ئاسنگەر

کەم ناکاتەوە داخ و دەردی سەر

نان ئەو نانەیە ئیمڕۆ لەخوانە

گەلی ژێر دەست و خاکی دەستبەسەر

(برایم ئەحمەد: ٥٠ - ٥١).

**دوهەم**؛ بەها نەتەوەییەکان. گەر بەهاکان بریتی بێت لەکۆمەڵێ پرنسپ و بنەمای فیکری و سۆسیۆلۆژی و سیاسی و ئابووری کەچەمکە ڕەوشتی و ڕەفتارییەکانی تاک بەرامبەر بەخۆیان و پێکهاتە جوگرافی و مێژوویی و نەتەوەیی دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆی، ئەوا لەهەمان کاتیشدابەها نەتەوایەتییەکان، بەدەر لەدەمارگیری بێ مانا، بریتین لەکۆمەڵێک چەمکی خۆشەویستی و تێکۆشانی و بەرگری و پارێزگاری. دەقی ئەدەبیش بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی زەمەنەکەیەتی و بۆ هەر زەمەنێک جۆرێک لەشێواز و دەربڕین و کارنامە. کارنامەکانی شیعری هاوچەرخ، بەنموونەی دەقەکانی برایم ئەحمەد، خۆی لەمەبەستێتیدا دەبینێتەوە کەبریتیە لەئاماژەکردن بەگرنگی خاک وکلتوور و زمان و مێژوو و ووروژاندنی تاکەکان بۆ ناوەڕۆکی ئەو مەبەستێتیە. لەدەقەکانیدا بەها نەتەوەییەکان خۆی لەم خاڵانەی خوارەودا دەبینێتەوە:

أ- هوشیارکردنەوە و ئاگارکردنەوەی تاکی کورد بەناوەڕۆکی خاک و نیشتمان و شوناس و پارێزگاریکرنیان لەداگیرکەر و دوژمنان.

ب- زیندووکردنەوەی هیواکان دوای ئەوەی مەسەلەی کورد بەهۆی کرداری داگیرکەرەوە پێی نایە قۆناغێکی مەترسیدارەوە و شوناسی کوردی لەژێر هەڕەشەی سڕینەوەدا بوو.

ج- گرنگیدان بەچەمکی ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی.

د- بانگەواز بۆ تێکۆشان لەپێناو پاراستنی شوناس و خاک و نیشتمان.

ە- هەڕەشەکردن لەداگیرکەر و دوژمنان کەتاسەر کردارەکانیان بۆ ناچێتە سەر.

لەهەموو ئەمانەدا برایم ئەحمەد، پشت بەست بەدیدگەرایی جیهانی بەوپێیەی کەسێکی ڕوناکبیر و ڕۆشنبیر بوو وە ئاگای لەخۆی و دەوروبەر بووە، هەمیشە هەوڵی دەدا کەڕێگە چارەی واقیعی و گونجاو بۆ دۆخە سیاسی و فیکرییەکان بدۆزێتەوە.

بەمەش کارەکەی زۆر دوور بوو لەکردارە هەڕەمەکییە خۆڕسکییەکانەوە. بەها نەتەوەییەکان لای برایم ئەحمەد دەبێتە ئامانجێکی هەرە پیرۆز، بەڵکو یەکێک بوو لەبەها زاڵە سەرەکییەکان، نەک هەر بۆ خۆی بەڵکو بۆ تێکڕای ئەندامانی نەتەوەکەی. بەهۆی ئەوەی سیاسەتمەدار بوو، یان باشتر وایە بڵێین دامەزرێنەری گروپە سیاسییە هاوچەرخەکانی کورد بوو، زۆربەی گوتارە شیعرییەکانی تەرخان کردبوو بۆ سیاسەت. لەنێو ئەو سیاسەتەشدا گرنگیدان بە بەها نەتەوەییەکان. لێرەدا، وەک سەرچاوەلێگرتنێک، سوودێکی تەواوی لەمێژوو وخەباتی سیاسی گەلان بینیوە ودواتر ئەو ئەزموونانەی گواستۆتەوە بۆ نەتەوەکەی. بۆ نموونە لەشیعری«ئازار و بەهار»دا لەلایەکەوە جەخت لەسەر ئازارە بەردەوامەکانی کورد دەکات کەبەدرێژایی زەمەن هاوڕێی زەمەنی بووە. بەڵام هاتووە لەم ئازارە بەها نەتەوەییەکان دەبینێت و دەستبەرداری نابێت. بۆ ڕزگاربوون لەقەیرانی هەرەس و ئازارەکان ئاماژە بەتەبایی و یەکڕیزی و هوشیاری و فیداکاری تاکی کورد دەکات وەک ئەوەی بڵێت گەر بمانەوێت کۆیلە نەبین دەبێت پەنا بۆ ئەو کردارانە بەرین کەئەوانیش بەشێوەیەکی داینامیکی دەچنە نێو بازنەی بەها نەتەوەییەکانەوە بەوپێیەی ئامانجەکانی شاعیر بەندە بەو کردارانەوە. بەپێچەوانەوە ئامانجەکان، هاوشێوەی ئازارەکان، پێدەنێنە قۆناغی سڕینەوە هەمیشەییەکان:

دیسان ئازارە، دیسان ئازارە
لای خۆی سەرەتای گوڵ وبەهارە
کەچی بۆ گەلی کوردی بێچارە
هەمووی پەژارە و دەرد و ئازارە
-----
دەبا ئازار بێ، با هەر ئازار بێ
سەد هێندەی ئێستەش دەردو ئازار بێ
-----
گەلی نەبەز و تەباو هوشیار بێ
-----
داگیرکەر نییە کەپایەدار بێ
------
ڕۆژێ دێ کوردیش هەڵئەسێتەوە
تەمی مەینەتی ئەڕەوێتەوە
ئاڵای ئازادی ئەشەکێتەوە
-----

تەنیا بەو مەرجەی تەباو هوشیار بین

(برایم ئەحمەد: ٦٣ - ٦٤).

گەر جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ شیعری «سروودی پێشمەرگە» ئەوا بەئاشکرا هەست بەکوردبوونی برایم ئەحمەد دەکەین و نەتەوە بۆتە چەقی مەسەلەکانی. لەکاتێکدا کەدەڵێت:

من پێشمەرگەی کوردستانم

(برایم ئەحمەد: ٤٧)

ئەوا لەلایەکەوە دەزانێت کەخەباتی نەتەوەکانی تر ورزگاربوونیان بەند بووە بەخەباتی چەکداری کەپێشمەرگە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی دەکات. لەلایەکی تریشەوە خودی بکەری شاعیر ئەو پێشمەرگایەتییە بۆ خودی خۆی دەستەبەر دەکات چونکە لەمەشیاندا باش دەزانێت کەدەرەوەی خۆی هیچی بۆ ناکات. لێرەدا، ناچارە کە لەلوتکەی سیاسەتەوە بێتە نێو ژیانی پێشمەرگایەتی بەوپێیەی سیاسەتمەدار بەبێ پێشمەرگایەتی بەها ڕاستەقینە نەتەوەییەکانی بەدەرناکەوێت. یان لەکاتێکدا دەڵێت:

ئامادەی جەرگەی مەیدانم

بەسەرو ماڵ وژیانم

ئەیپارێزم نیشتمانم

(برایم ئەحمەد: ٤٧)

ئەوا دەبینین شاعیر لەپێناو پاراستنی شوناس و بەها نەتەوەییەکەی سەرجەم ئامڕازەکان بەکار دێنێت وەک ئامادەباشی و فیداکاری و سەروەت و سامان.

یان لەکاتێکدا دەڵێت:

نەوەی کاوەی ئاسنگەرم

بۆ مافی گەل پارێزەرم

دەس لەخەبات هەڵناگرم

تا سەر ئەکەوم یا ئەمرم

(برایم ئەحمەد: ٤٧).

لەم بەشەدا، کاوە دەبێتە کردارێکی و وزەبەخش و یارمەتدەر و سەرچاوەلێگرتن بۆ بەها نەتەوەییەکەی. سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوڵم وستەم ئاماژەیەکە بۆ پاراستنی کەسێتی بەها نەتەوەییەکەی شاعیر لەزەمەنی ئێستادا. لەهەمان کاتیشدا و بەوپێیەی پسپۆڕی و وردی شاعیر یاسا و پارێزەری بوو ئەوا لەپاڵ خەباتی چەکداریش توانای بەرگری یاسایشی هەیە و دەتوانێت کەیسی مەسەلەی نەتەوەکەی بگوێزێتەوە بۆ دادگاکان و لەوێشەوە بەرگری لەبەها نەتەوەییەکەی خۆی بکات. گەر گوێشی لێ نەگیرا ئەوا، وەک خۆی دەڵێت، دەست لەخەباتکردن هەڵناگرێ بەدیوە نێگەتیڤی و پۆزەتیڤییەکەیەوە.

**سێیەم**، بەها مرۆڤایەتییەکان. بەوپێیەی مرۆڤ چەقی بوونەکانە، ئەوا چەمکی مرۆڤایەتی پەیوەستە بەچەمکی جیهانگیرییەوە. هەر لەبەر ئەمەشە شاعیر ورەخنەگرێئەمریکی ئارشیباڵد ماکلیش(١٨٩٢ - ١٩٨٢) دەڵێت: «هونەری شیعر لەبنچینەدا یەک شتە بۆ سەرجەم ئەدەب و زمانەکان بەجیاوازی دیاردە سەرەتاییەکانەوە»(ارشیبالد ماکلیش: ٧٣). تازەگەریش دەرئەنجامی بیری مرۆڤایەتیە وەک ئەوەی شاعیرلەپێناو شیعردا نانوسێت بەڵکو لەپێناو مرۆڤایەتیدا ئامانجەکانی دەخوڵقێنێت. ڕێزگرتن لەمرۆڤ و مەسەلەکانیشی بابەتێکی کۆنە و نوێ نیە. واتە بەر لەوەی مرۆڤایەتی دابەش بێت بەسەر نەتەوەدا ئەوا بوونی خۆی هەبووە و کاریشی لەسەر کراوە. بەمەش زەمەنییەها مرۆڤایەتییەکان پەیوەندی بە بیرکردنەوە میتافیزیکییەکانەوە هەیە کەلەسەرو واقیعەوە دەڕوانێتە شتەکان و ئایدیۆلۆژیا دووردەکەوێتە لەپێکهاتەکانی ئەم جۆرە لەبیرکردنەوە وراڤەکردن. برایم ئەحمەد گەرچی هەڵگری پەیامێکی نەتەوەی بوو بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەها زاڵەکانی مرۆڤایەتی کارێکتەرێکی سەرەکی ترە بۆ گوتارە فیکری وئەدەبییەکەی. بەمانایەکی تر هەستە نەتەوەییەکەی نەیتوانیوە دەرگای بیرکردنەوە مرۆڤایەتییەکان لەبەردەم شاعیردا دابخات، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشێک لەداهێنانەکانی دەگەڕێتەوە بۆ هەماهەنگی ئەو دوو جەمسەر جیاوازە (نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی). بەمەش چەند ڕێزی لەنەتەوەکەی گرتووە ئەوا لەبەرامبەریشدا ڕێزێکی تایبەتیشی بۆ مرۆڤایەتی داناوە. تەنانەت گەر سەیرێکی ئەو شیعرانە بکەین کەبرایم ئەحمەد لەئینگلیزییەوە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی ئەوا دەبینین خاوەن دەقەکان، بەنموونەی شکسپیر و شێللی و ئانا باربۆڵد و تۆماس مۆر، هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتی بوون، کە ئەمە ئاماژەیە بەوەی برایم ئەحمەد کاری لەسەر بەها مرۆڤایەتییەکان کردووە. بۆ نموونە لەشیعری: «هەر کورد ئەبین» دا ودوای ئەوەی لەڕووی مێژووییەوە دەیسەلمێنێت کە کورد بوونی خۆی هەبووە و بەشێک نەبووە لەعەرەب و عەجەم و ڕۆم کەئەمە مافێکی نەتەوەیی خۆیەتی و ئەرکی سەرشانێتی پارێزگاری لێ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مافی نەتەوەکانی تری پێشێل نەکردووە و بەڵکو وەک برایەک سەیری کردوون. و لەمەش زیاتر سوودی گەورەشی لێ بینیون. دیارە ئەمەش دوای ئەوە دێت کەگەلانی جیهانیش مافی سەربەستی وژیانیان هەیە و خاوەن ئەزموون وخەباتی هاوشێوە بوون. ئەم کارە گەرچی کارێکی سۆزداری و ویژدانییە بەڵام لەهەمان کاتیشدا دیدگاراییە جیهانییەکەش ڕۆڵێکی باشی بینیوە لە پێناسەکردنی گەلان، وەک پرۆسەیەکی سەرچاوەلێگرتن، چونکە جیهان بەچەمکە مرۆڤایەتییەکەیەهەندێک جار خۆی ڕاڤەی خۆی دەکات و کارلێکیش لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا دروست دەکات. هەر لەم گۆشەیەوە دیدگەرییە جیهانییەکە پێدەنێتە چالاکییە دەستە جەمعییەکانەوە بەڵام لەڕێگەی خودێکی بەتواناو زیتەڵەوە. برایم ئەحمەد لەم شیعرەدا توانیویەتی باڵانسێک ڕابگرێت لەنێوان هەردوو جەمسەری نەتەوەیی



سەرچاوە
Serchawe

و مرۆڤایەتی بەوپێیەی، وەک لۆسیان گۆڵدمان بۆی چووە، هەماهەنگی لەنێوان بۆچوونە تایبەت و گشتییەکاندا زیاتر نزیکمان دەخاتەوە لەهەستکردن بەبەرپرسیاریتی بەرامبەر بەمەسەلە جیاوازەکان، بەتایبەتی لەڕووی ئابووری و ئایدیۆلۆژییەوە (لوسیان غولدمان: ٥٠). لەلایەکی تریشەوە تێگەیشتنەکان بۆ ئەو مەسەلانە گەورەتر و فراوانتر دەبێت:

نە عەرەبم نە ئێرانیم
نە تورکێکی شاخستانیم
نەک هەر من خۆم، مێژووش ئەڵێ
کە کوردم و کوردستانیم
---------------------
گەلان هەموو برای منن
هەر زۆردارانم دوژمنن
خەبات و چالاکی ئەوان
بۆ من هیوایە وپشتیوان
ورەو پەندیان لێوەر ئەگرم
هاوخەباتیانم تا ئەمرم

(برایم ئەحمەد: ٦٨ - ٦٩).

لەشیعری «کاوەی ڕاستەقینە»دا برایم ئەحمەد کاوە وەک نموونەیەکی کاریزمایی و کارێکتەرێکی مرۆڤایەتی سەیر دەکات و، هەروەک پێشتر ئاماژەیەکمان پێداوە، بەلایەوە گرنگ نیە ئەم کاوەیە کورد بوبێت یان نا، بەڵکو ئەوەی گرنگ بێت سوود وەرگتنە لەوانەکانی زەمەنی کاوە و خوڵقاندنی کارێکتەرێکی هاوچەرخ، هاوشێوەی کاوە کەتوانای سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکەوتنەکانی هەبێت بەسەر داگیرکەر ودوژمناندا. بەمەش کاوە دەبێتە بابەتێکی بابەتگەرایی کەخۆی لەهەستە عەفەویی و ڕاڤەیی و ڕوشتی و هەستییەکاندا دەبینێتەوە. لێرەشەوە بەها مرۆڤایەتییەکەی کاوە دەرئەنجامی هەستێکی هزری و عەقڵییە و لەخۆڕا نەهاتۆتە نێو دەقەکەی برایم ئەحمەدەوە:

ئەو ڕۆژەی کە کورد پاڵە و جوتیاری
لەگەڵ کاسبکار، گشت خوێندەواری
هەموو دڵسۆزی دیهات وشاری
بڕیاری خۆی دا لەسەر ڕزگاری

بۆ سەربەخۆیی و ئازادی ژیان

بۆ ژیانێکی خۆش و کامەرانی

بۆ هاتنە ڕیزی گەلانی جیهان

پێکی کاوەیان نا یە نەڕەی شان

(برایم ئەحمەد: ٥١ - ٥٢).

دەرئەنجام:

ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

- چەمکی شیعرییەت، کە ڕۆمان یاکۆپسن پێشەنگێتی و کاری لەسەر کردووە، پشت بەبۆچوونە وەسفییە زانستی و بابەتییەکان و بەها زاڵەکان دەبەستێت. ئەمەش بەیارمەتی جووڵە دیدگەرایی و بابەتگەراییەکانەوە ئەنجام دەدرێت. برایم ئەحمەد، بەوپێیەی خاوەن ئەزموونێکی سیاسی و فیکری و ئەدەبیە و لەبواری ڕۆژنامەگەریدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، ئەوا لەڕێگەی بەها بچووک وزاڵەکانەوە دەقەکانی دەخاتە ژێر تاقیکردنەوەکانی کارنامە شیعرییەکانەوە وەک هەڵچوونی و کاریگەری و ئیستاتیکی و پاراستنی و وەسفی و سەرچاوەلێگرتنی.

- بەها زاڵەکان دەستنیشانی هێزی ماناکان دەکات چونکە پرۆسەی شیعر لەبنەڕەتدا پرۆسەیەکی رووکەشی وئاسایی نیە بەڵکو بریتیە لەکۆمەڵێک ڕژێمی مەعریفی وسۆسیۆلۆژی وویژدانی. دەقەکانی برایم ئەحمەد، گەرچی لەرووی دەربڕینە زمانەوانییەکانەوە بەئاسایی وسروشتی لەدایک بوون بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا و بەهۆی بەکارهاتنە بەهاییە زاڵەکانەوە پڕن لەمانای جیاواز. بەمەش دەقەکانی هەڵگری فرە خوێندنەوەین لەلایەن خوێنەرە نموونەییەکانەوە.

- بەها زاڵەکان هۆکارێکن بۆ دەستنیشانکردنی چەقی دەقەکان کەئەو چەقانە لەلایەکەوە دەگۆڕێن بۆ مەبەستێتی دەق. لەلایەکی تریشەوە دەبنە یاسا بۆ بەها بچووکەکانی دەق. لەدەقەکانی برایم ئەحمەدا بەها بچووکەکان کردارێکی یاریدەدەرن بۆ دەرخستن وتێگەیشتنی بەها زاڵەکان. بۆ نموونە لەشیعری «یاران» دا، کەگریانێکی بەسۆزە بۆ پێشەوا قازی موحەممەد دوای ئەوەی دوژمنانی گەل لەسیدارەیان دا وخەونی کۆمارەکەیان زیندەبەچاڵ کرد، شاعیر خۆی لەنێو دوو پێکهاتەی بەهاییدا دەبینێتەوە، یەکێکیان بچووک کەلەقازیدا بەرجەستە بووە. ئەوی تریان گەورەتر کەلەمەسەلەی کورد و کوردستاندا بەرجەستەوە بووە، بەڵکو کەسێتی بەها بچووکەکە هەڵقوڵاوی بەها زاڵەکەیە. هەر لەنێو بەها بچووک و گەورەکەدا چەند بەهایەکی تر بوونیان هەیە وەک سۆز و خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و هەڵچوونە سایکۆلۆژییەکان...هتد.

- بەها زاڵەکان توانای دەرخستنی ئاستە ڕۆشنبیری ومەعریفییەکانی دەق وخاوەنەکەی هەیە. واتە ئێمە ناتوانین بەشێوە زارەکی و دارشتنەییەکان دەستنیشانی ئەو جۆرە ئاستانە بکەین تا نەچینە نێو و وردەکارییەکانی بەها زاڵەکانەوە. لێرەشەوە چەمکی ئەدەبییەتی خاوەن دەق بەدەردەکەوێت. یان ئاستی بیرکردنەوەکانی دیاری دەکرێت ولەوێشەوە جیاوازییەکان لەنێوان ئەو شاعیرە و شاعیرانی تردا بەدەردەکەون.

- هەستەکان بەرامبەر بەمەسەلەکان پێویستیان بەبەها زاڵەکانە تا بتوانێت پەیوەندییەکانی نێوان خودی بکەر ووەرگر و نامە بدۆزێتەوە. بەئاڕاستەیەکی تریش بەها زاڵەکان جووڵە بەهەستەکان دەدەن و لەوێشەوە ڕاستگۆیی شاعیر بەرامبەر بەناوەڕۆکەکانی ئاشکرا دەبن. گەرچی ناوەڕۆکی دەقەکانی برایم ئەحمەد ڕوو لەفیکر وسیاسەت دەکەن بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەم ناوەڕۆکانە دەرئەنجامی هەستە ویژدانی و سۆسیۆلۆژی و ڕەوشتییەکانە وەک ئەوەی سەرچاوەی ئەو دەقانە لەهەستە ڕاستەقینەکانەوە بونیاد نرابێت. شاعیر، لە پێناو پارێزگاری لەهەستە ڕاستەقینەکان نەیتوانیوە گوشار بخاتە سەر خۆی تا لەڕووی چەندێتییەوە ژمارەی دەقەکانی گەورەتر بکات. بەڵام لەو بڕە کەمە توانیویەتی بابەت ورووداوەکان بەسەر بکاتەوە ومافی خۆشیان بداتێ.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


- ارشیبالد ماكليش,الشعر والتجربة ، ترجمة سلمى الخضراء الجيوسي، منشورات دار اليقظة العربية للتأليف والترجمة والنشر، بيروت، ١٩٦٣.

- انتوني غدنز، علم الأجتماع، ترجمة فايز الصياغ، مركز دراسات الوحدة العربية ، مؤسسة ترجمان، بيروت. ٢٠٠٥.

- برایم ئەحمەد، دیوان، کۆکردنەوە وساغکردنەوە وپێشەکی وپەراوێز، عومەر مەعروف بەرزنجی، ناوەندی چاپەمەنی وڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی،٢٠٠٧.

- جان موركاروفسكي، اللغة المعيارية واللغة الشعرية ، ترجمة: الفت كمال الدروبي، مجلة فصول، القاهرة، المجلد الخامس، العدد ١. ١٩٨٤.

- حافظ نبيل، مقدمة في علم النفس الأجتماعي، مكتبة زهراء الشرق، القاهرة، ١٩٧٧.

- ديفيد كارتر، النظرية الأدبية ، ترجمة: باسل المسالمة ، دار التكوين، دمشق، سوريا، ط ١، ٢٠١٠.

- رومان ياكبسون، نظرية المنهج الشكلي، ترجمة: ابراهيم الخطيب، مؤسسة الأبحاث العربية ، بيروت، لبنان، ط ١، ١٩٨٢.

- عبداللطيف محمد خليفة ، ارتقاء القيم، المجلس الوطني للثقافة والفنون والأداب، الكويت، ١٩٩٢.

- لوسيان غولدمان وأخرون، البنيوية التكوينية والنقد الأدبي، ترجمة: محمد برادة ، مؤسسة الابحاث العربية ، ١٩٨٦.





سەرچاوە Serchawe

- محمود العشيري، الاتجاهات النقدية والادبية الحديثة، ميريت للنشر والتوزيع، القاهرة، ط ١ ، ٢٠٠٣.
- محمود فتحي عكاشة و محمد شفيق زكي، المدخل الى علم النفس الأجتماعي، المكتب الجامعي الحديث ، الاسكندرية، مصر، ط ١ ،١٩٩٧.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠١٩

---------------------------------------

## مامۆستا برایم ئەحمەد، مامۆستای کوردایەتیی



ماڵپەڕی خاک

مامۆستا برایم ئەحمەد یەکێکە لەدیارترین سەرکردە و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا، ڕۆژی ٦-٣-١٩١٤ لە بنەماڵەیەکی ناسراو و خانەدانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، ڕەمزی فەتاح کە ئەفسەرێکی کورد بووە و مامی مامۆستا برایم ئەحمەدبووە کاریگەریی زۆری لەسەر برازاکەی هەبووە و بەزوویی ناردوویەتییە بەرخوێندن، پاشان پلە بە پلە دەستی گرتووە تا دواناوەندیی پێ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣٧ لەبەغدا کۆلێژی مافی تەواو کردووە.

ڕەوڕەوەی ژیانی پڕبووە لە ئاڵۆزیی و دەربەدەریی، چونکە هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە چۆتە مەیدانی سیاسەت، لەپاڵ ئەوەشدا کاری (پارێزەریی و ڕۆژنامەنووسیی و.. هتد..)ی کردووە، لە چوارچێوەی هەموو ئەو بوارانەشدا مامۆستا برایم خزمەتی زۆر و بەرچاوی بەکورد و کوردایەتیی کردووە.

کەسایەتی ئەم پیاوە بێ وێنەبووە، چونکە لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا شارەزا و پێشەنگ بووە، ئەو کاتەی خوێندکاربووە

دەستیکردووە بەچالاکییە سیاسیی و فەرهەنگیی و خوێندکارییەکان، لە پاڵ ئەوەشدا سەرکەوتووانە قۆناغەکانی خوێندنی تەواوکردووە تا لەکۆتاییدا دەبێتە پارێزەر، لەو بوارەشدا بەئینسافەوە کاریکردووە و بەرگیری لە هەژاران بەتایبەتی توێژی جوتیاران کردووە و دژی ئاغا و دەرەبەگەکان وەستاوەتەوە، لە ئەنجامیشدا رووبەڕووی هەوڵی کوشتن بۆتەوە و بەسەختی بریندارکراوە.

لەمەیدانی ئەدەب و رۆژنامەنووسیشدا کاری بەرچاوی پێشکەشکردووە، خاوەنی چەندین شاکاری وەک (ژانی گەل، کوێرەوەری، دوا تیری کەوان..هتد) بووە، هەر بۆیە لەلایەن رژێمەکانەوە چەندین جار رۆژنامە و گۆڤارەکانی داخراون و مۆڵەتی کارکردنیشی لێ سەندراوەتەوە و خۆشی زیندانی و دەربەدەرکراوە.

لە گۆڕەپانی سیاسەتیشدا لێهاتووانە کاریکردووە و رۆژ بە رۆژ پێگەی بەهێزتر بووە تا گەیشتۆتە هەرەمی دەسەڵاتی سیاسی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلولدا، یاخود لەناو (ژ - ک) لە کوردستانی عیراق.

دوای بەڕێکردنی کاروانی پڕ زەحمەتی تەمەنی ٨٦ ساڵی، سەعات (٥)ی ئێوارەی رۆژی ٨ - ٤ - ٢٠٠٠ لە شاری لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا کۆچی دوایی کرد.

## لە ڕووی سیاسییەوە

هەر لە زووەوە مامۆستا برایم ئەحمەد لەشاری سلێمانی گوێبیستی سرود و شیعری نیشتمانپەروەران و دەنگوباسی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر بووە، هەروەها بۆردمانی شاری سلێمانی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە کاریتێکردووە، جگە لەو هەلومەرجە تایبەتییەی ئەوسای سلێمانی، (مامە رەمزی)یشی رێبەرایەتی کردووە بۆ ئاشناکردنی بەخەباتی رزگاریی و نەتەوایەتیی.

لەساڵانی سییەکانداو لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کورد لەبەغدا گروپێکی پێکهێناوە بەناوی (لاوانی کورد)و گۆڤارێکیشی بەناوی (دیاری لاوان) دەرکرد.

دامەزرێنەر و لێپرسراوی (ژ - ک) بوو لەکوردستانی عیراق، کە سەر بە مەڵبەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان - ئێران بووە، کە سەروەری دامەزراندنی کۆماری کوردستان (مەهاباد ١٩٤٦)ی هەیە، لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا توانیبووی لە زۆر ناوچەی کوردستان لقی بەهێز بۆ (ژ - ک) و پاشان بۆ (حدک) دروستبکات.

مامۆستا بۆچوونی کوردستانیی هەبووە، بۆیە بەشداریی حزبە کوردییە عیراقییەکانی نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دۆستایەتی و ناسیاوی لەگەڵ حزبی رزگاری و پارتی و شۆڕشدا باش بوو.

لە کاتی بەستنی یەکەم کۆنگرەی پارتی، مامۆستا بانکراو ئامادەش بوو، بەڵام رازی نەبوو، بچێتە ناو ئەو حزبە و لقی (ژ - ک) هەڵبوەشێنێتەوە، تا کۆماری کوردستان (مەهاباد ١٩٤٧) رووخا، پاشان کۆبوونەوەیەکیان کرد و بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری چوونە ناو (پارتی)یان دا، مامۆستا برایم یش بەسەرۆکی لقی سلێمانی (پدک) هەڵبژێردرا، بەوهۆیەشەوە پارتی گوڕوتینێکی بەرچاوی بەخۆوەبینی.

بەڵام زۆری نەخایاند، راپەڕینی ١٩٤٨ روویداو حکومەتی عیراق بەربووە گیانی خەباتگێڕانی کورد، مامۆستا برایم ئەحمەد یەکێک بوو لەوانەو ماوەی ساڵ و نیوێک لەلایەن دادگای عورفیەوە حوکمدرا.

پاش ئازادبوونی رێگای خەباتی بە نهێنی گرتەبەر تاشۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بەوجۆرە کاریکرد.

لە شوباتی ساڵی ١٩٥١ کۆنگرەی دووەمی پارتی لە بەغدا بەستراو بەکۆی هەموو دەنگەکانی، مامۆستا برایم بەسکرتێری گشتیی پارتی هەڵبژێردرا، لەسەر پێشنیازی ئەویش کۆنگرە ناوی (پدک)ی گۆڕی بە پارتی دیموکراتی کوردستان-عیراق، پێشتریش خودی مامۆستا وشەی (پارت) ی لەجیاتی حزب بە کارهێنا، هەر خۆشی بەیاننامەی دامەزراندنی پارتی کرد بەکوردی.

لەو کۆنگرەیەدا مامۆستا برایم وەک سەرکردەیەکی هۆشیار و لێهاتوو کەوتە بەر دڵی هەردوو باڵە سەرەکییەکەی ناو پارتی و هەمووشیان بەڵێنی هاوکاریی تەواویان پێدا، ئەویش زوو دەستبەکاربوو بەپارەی خۆی دوو ئامێری رۆنیۆو تایپێکی بۆ پارتی کڕی.

بەهۆی هەڵسوڕانی و دڵسۆزیی بۆ پارتی و میللەتەکەی، لەلایەن حکومەتی عیراقەوە هەوڵی لەکارخستن و دوورکەوتنەوەی درا، بۆیە لەهاوینی ساڵی (١٩٥١) لەسلێمانییەوە بۆ کەرکوک نەفی کرا.

ساڵی (١٩٥٣) کۆنگرەی سێیەمی پارتی بەڕێبەرایەتی مامۆستا خۆی بەستراو پەیڕەو و پرۆگرامەکەی پەسەندکرا، لەسەر پێشنیازی ئەویش دامەزراندنی یەکتێیەکانی ژنان و لاوان و قوتابیان بڕیاریان لەسەردرا.



سەرچاوە
Serchawe

لە کۆڕی جووڵانەوەی ئاشتیخوازانی دنیاش لەعیراقدا، مامۆستا برایم وەک کەسایەتییەکی ناودار و چالاک دەرکەوت، ئەوەبوو ئەستێرەی زێڕینیان پێبەخشی، لە هاوکارییەکەی نێوان حزبە نیشتمانییەکانی عیراقیش لەساڵی (١٩٥٤) دا بەڕێنوێنی مامۆستا، پارتی بەشداریی تیاداکرد.

ئەو پیاوە تێکۆشەرەی گەلەکەمان لەگەڵ ئەوەی پێشتریش بەرپرسی ڕێکخراوێکی گرنگی وەک (ژ - ک) بوو خەڵکی بەبیری کوردایەتی پەروەردە دەکرد، کەهاتیشە ناو پارتییەوە بوو بەسکرتێر بەزوویی توانی ریزەکانی ناو پارتی ڕێکبخات و گۆڕینێکی چۆنایەتیی لەدروشم و ئامانجی ئەو پارتەدا دروست بکات، هەر بەو پێیەش بەپەرۆشبوو نێوانی پارتەکەی خۆی لەگەڵ لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تری عیراق و کوردستان باش بکات، ئەوەبوو لەساڵی (١٩٥٤) بەهۆی هەندێک لاوی مارکسی کە لەدەرەوەی (حشع) بوون وەک: نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغاو خەسرەو تۆفیق و ساڵح دیلان و کاکەی فەلاح و.. هتد کەپەیوەندیی لەگەڵیان خۆشبوو، هەوڵیدا پەیوەندیی کردبوو بەحەمید عوسمان-ی سکرتێری حزبی شیوعی عیراقی ئەوسا، لەئەنجامیشدا نێوانی هەردوو حزب باشبوو.

لەهەمان کاتدا هاتبووە سەر ئەو بۆچوونەی کە هەوڵی یەکخستنەوەی حشع (القاعدە) لەگەڵ وحدە الشیوعیین و باڵەکەی جەمال حەیدەری و مامۆستا عەزیز محەمەد-یش بدات.

مامۆستا برایم ئەحمەد جووڵانەوەی شیوعی عیراقی بە دۆستی گەورەی کوردایەتی دەزانی لەڕووی مەزوعییەوە، هەربۆیەش دەیوت: دەبێت هەوڵبدەین لەڕووی زانستییەوە وابێت و هاوکاریان بین. ئەوەبوو لە ژێر ڕۆشنایی ئامۆژگارییەکانی ئیبراهیم ئەحمەد بەڕێز مام جەلال و حەبیب محەمەد کەریم راسپێردران بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک لەنێوان هەرسێ لایەنەکە، لەماڵێکی پارتی کۆبوونەوەکە کرا بە بەشداریی شەهیدان عەبدولڕەحیم شەریف لە وحدە الشیوعیین و حەمزە سەلمان لە (حشع) (رایە الشغیلە)و سەلام عادل لەحشع و بەڕێز مام جەلال و حەبیب محەمەد کەریم-یش لەلایەن پارتییەوە ئامادەبوون. ئەنجامەکەشی هەڵوەشانەوەی وحدە الشیوعیین و وەرگیرانیان بوو لەناو حشع-دا، پاش ماوەیەکی تر رایە الشغیلە-یش هەمان کاری کرد. لەڕاستیدا ئەو کارە خزمەتێکی گەورە بوو مامۆستا ئیبراهیم بەجووڵانەوەی شیوعی عیراقی کرد.

ساڵی (١٩٥٥) بەڕێنوێنی ئەو وەفدێکی خوێندکاران و لاوانی کوردستان چوون بۆ بەشداریکردنی فێستیڤاڵی لاوان و خوێندکارانی جیهان لەوارشۆ، سەرۆکی وەفدەکەش بەڕێز مام جەلال بوو، کە یەکێک لەئەرکەکانی پەیوەندیکردن بوو بە مەلا مستەفا بارزانی-یەوە کە ئەوسا لەسۆڤیەت دەژیا.



سەرچاوە Serchawe

مامۆستا تا ساڵی (١٩٦١) وەک سکرتێری پ.د.ک و سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات دەستبەکاربووە، پێش داخستنی رۆژنامەی خەبات و هەڵگرتنی مۆڵەتی پارتی لە کۆتایی ساڵی (١٩٦١) ناچاربوو بەغدا بەجێبهێڵێت و خۆی بشارێتەوە.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول روویکردۆتە شاخ و لەڕووی سیاسییەوە شۆڕشەکەی بەڕێوەبردووە. لەساڵی (١٩٦٤) تا ساڵی (١٩٧١) سکرتێری باڵی مەکتەبی سیاسیی پدک بووە، پاش هەرەسی شۆڕشەکە بەناچاریی روویکردۆتە هەندەران و زۆربەی ژیانی لەشاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا گوزەراندووە.

### راگەیاندن و کاری رۆژنامەنووسیی

لەتەمەنی (١٨) ساڵیدا لەڕۆژنامەی (ژیان) کاریکردووەو نۆبەرەی نووسینی لەوێ بووە، هێندە دڵسۆز و شارەزایی بوارەکە بووە حاجی تۆفیق (پیرەمێرد)ی شاعیرو خاوەنی رۆژنامەکە لەنووسینێکدا ئاوا ستایشی دەکات: (ژیان چاوەڕێی ئەم جۆرە کوردییە رەوانەیە، پیرەمێردیش بەهیوای نەوجەوانانە) کاتێکیش خوێندن تەواو دەکات، دیسان پیرەمێرد باسی دەکات و دەڵێت : (لەخوێندەواره هەڵبژێردراوەکانمان برایم ئەحمەد-ەکە کۆلێجی حقوقی تەواوکردو.. هتد).

ساڵی (١٩٤٢) حاکم و فەرمانبەری میری بووە. ساڵی (١٩٣٩ - ١٩٤٩) لەگەڵ عەلائەدین سەجادی گۆڤاری گەلاوێژی دەرکردووە، لەبەرئەوە ناچاربووە ساڵی (١٩٤٤) دەست لەفەرمانی میریی هەڵبگرێت. لەوکاتەوە ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردی و کاری سیاسیی تەرخانکردووە. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨) بیری لەدەرچواندنی رۆژنامەو گۆڤاری سیاسیی کوردی کردەوە.

دوای وەرگرتنی رەزامەندیی و دەرچوونی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری رزگاری، ئیمتیازی رۆژنامەی (خەبات) یشی وەرگرت کەخۆی خاوەن و بەرپرسیاری ئەو رۆژنامە سیاسییەش بوو، یەکەم ژمارەی رۆژی شەممەی نیسانی ساڵی (١٩٥٩) بڵاوکرایەوە.

خاوەنی رۆژنامەیەکی تریش بوو بەناوی (کوردستان) کە بەڕێز مام جەلال سەرنووسەری بوو، بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێک بەڕووی دەسەڵاتدارانی عیراقدا، خەبات و کوردستان لەساڵی (١٩٦١) داخران و فەرمانی زیندانیکردنیش بۆ مامۆستا برایم دەرچوو.

زۆری سەروتارەکانی خەبات مامۆستا دەینووسین کەهەموویان تەرخانکرابوون بۆ داکۆکی لەمافی نەتەوەی کوردو دامەزراندنی

سیستمێکی دیموکراتی لەعیراق.

لەپاڵ نووسینە ئاشکراکانیدا بەشدارییەکی زۆری کردووە لەڕۆژنامەوانی نهێنی حزبیدا چ بەدامەزراندنی دەزگای نهێنی چاپ و چ بەنووسین.

ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوەکانی لقی کوردستانی عیراقی (ژ - ک) و وتارە سیاسییەکانی (رزگاری) لەساڵانی (١٩٤٧ - ١٩٥٦) و (خەباتی کوردستان) لەساڵانی (١٩٥٦ - ١٩٥٨) کەئۆرگانی پارتی بوون، لەنووسینی برایم ئەحمەدن.

لەسەردەستی مامۆستا، خەبات وەک رۆژنامەیەکی رۆژانەی پڕ تیراژی پێشکەوتنخوازی هەڵگری ئاڵای ئاشتیی و دیموکراسی و دوژمنی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستیی ناوی دەرکرد. دەنگوباسی وڵاتانی سۆسیالیستی و خەباتی گەلانی بڵاودەکردەوە، هەربۆیەش بە نوێنەرایەتی بۆ وڵاتانی چین و سۆڤیەت و بولگاریا و ئەڵمانیای دیموکرات بانگدەکران.

### لەڕووی ئەدەبی-یەوە

پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ دەربارەی مامۆستا دەڵێت: مامۆستا لەو کەسە کەمانەیە کەکۆمەڵێک بەهرەو توانای گەورەو جیاجیای تیابووە، لەزۆربەی بوارەکاندا یان سەرکەوتوو بووە، یان لوتکەی گەورەیی خۆی گرتووە، کە باسی شیعری کوردی دەکرێت، بێ برایم ئەحمەد و پارچەی رەنگینی (یادگارو هیوا) ناگونجێت. لەباسی چیرۆک و رۆمان و رەخنەی ئەدەبیشدا بەهەمان شێوە.

شیعرە بەناوبانگەکەی (یادگارو هیوا) بەشیرین بەهارە ناوی دەرکردووە، وای لێهات بووە وێردی سەرزمانی خەڵک، لەو شیعرەدا دیدی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ژیان دەردەکەوێ کەدەڵێت:

ژیان بەلاتی و بێ دەسەڵاتی
هیچ درۆی نەبێ سەد مەرگەساتی
مرۆڤ بەدیلی بژی خۆشە یان
بمرێ بۆ بەرزی گەل و وڵاتی
مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان

لەزرەی زنجیر دڵت نەلەرزێ
پێوەند بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان.

بێگومان لەمەیدانی ئەدەبیشدا وەک هەموو بوارەکانی تر خاوەنی داهێنان و چەند شاکارێکی بەپێزە، لەوانە (ژانی گەل، کوێرەوەریی، دڕک و گوڵ.. هتد).

نامیلکەی (الاکراد والعرب)یش کە لەساڵی (١٩٣٧) بە عەرەبی نووسیویەتی تا ئەمڕۆش نرخی خۆی وەک بەرنامەیەک بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان کوردو عەرەب لەعیراقدا وننەکردووە.

ساڵی (١٩٣٩) ئیمتیازی گۆڤارێکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی وەرگرت بەناوی (گەلاوێژ).

لەڕاستیدا خۆی داینەمۆی گۆڤارەکە بوو، لەسەرەتادا زۆربەی وتارەکان یان نووسین یان وەرگێڕانی خۆی بوو. وردە وردە گەلاوێژ بووە گۆڤاری خوێندەوارانی کورد و لە هەموو کوردستانی عیراق و ئێراندا ناوی دەرکرد، نووسەری ئەو سەردەمە و شاعیرەکانیشی نووسین و شیعریان بۆ دەنارد.

### کۆتایی

لەڕاستیدا ئەم نووسینە دڵۆپێکە لەدەریای کاری مامۆستا برایمی سەرکردە و پێشمەرگەو پارێزەرو نووسەردا، زۆر هەوڵ و پرۆژەی گرنگی ئەو تێکۆشەرە ماوە کە باسی لێنەکراوە لەم بابەتەدا. هەر لەبەرهەمە ئەدەبی و رۆژنامەوانییەکانیەوە تا دەگاتە کاری پارێزەریی و پشتگیریی لەجوتیاران، یاخود هەوڵدان بۆ قەناعەت پێهێنانی سەرانی عەرەب و رۆشنبیرەکانیان دەربارەی مەسەلەی کورد. مامۆستا ئیبراهیم هەوڵی زۆری لەگەڵ عەقڵی ناسیۆنالیستی عەرەب داوە.

### نامیلکەی (الاکراد والعرب) نموونەیەکی زیندووە.

ساڵی (١٩٥٤ لەگەڵ خوالێخۆشبووان مامۆستایان (سدیق شەنشەل، فائەق سامەرائی) دۆستایەتی پەیداکردووەو وایلێکردوون دان بەمافی کورددا بنێن، ساڵی (١٩٥٨) چاوی بە(مێشێل عەفلەق) کەوتووەو باسی هاوخەباتی کوردو عەرەبی بۆ کردووە، هەر لەو ساڵەشدا دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ مامۆستا (فوئاد رکابی) پەیدا کرد بوو کەئەوسا سکرتێری حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی عیراق بوو، لەگەڵ دکتۆر سەعدون حەمادی و عەلی سەعدی و شەهید فوئاد و چەندین سەرکردەی

تری بەعسی قسەو کۆبوونەوەی دەربارەی چارەنووسی کوردو هاوخەباتی نێوان کوردو عەرەب دژی ئیمپریالیزم کردووە، چاوی بەسەرۆک جەمال عەبدولناسر کەوتووە.


ئەگەر لە سەرجەم مێژوو و ژیانی بکۆڵینەوە، ئەوسا دەردەکەوێ کە پیاوی هەموو بوارەکان بووە و چەند خزمەتی نەتەوەکەی کردووە، چونکە پێموایە هێندەی خەریکی کاروباری شۆڕش و سیاسەت و ئەدەبیات بووە و لەخزمەتی گەلەکەیدا بووە، چارەکی ئەوە بۆ خۆی نەژیاوە، بۆیە لەشەشەمین ساڵیادی ئەو تێکۆشەرە دڵسۆزەی گەلەکەماندا تەنها ئەوەندە دەتوانین بڵێین سڵاو لەڕۆحی پاک و ماندووی ڕێبازی کوردایەتیت ئەی مامۆستا برایم ئەحمەد و بیلبیلەکەی چاوی پێشەوا قازی محەممەدی شەهید، چونکە پێشەوای شەهید لەجیاتی بلە، لەخۆشەویستیدا پێیدەگوتی بیلە - واتە بیلبیلەی چاو.

سوود لە ئەرشیفی کوردستانی نوێ وەرگیراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------

## برایم ئەحمەد و ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی



سەلاحوددینی موهتەدی

دەیەی سی لە چەرخی بیستەمدا، دەورەیەکی چارەنووسساز و سەرەتای وەرچەرخانێکی نەوعییە لەخەباتی رزگاریخوازی گەلی کورددا.

ناتوانین چەندوچوونی ئەم گۆڕانکارییە گرنگە تێبگەین، ئەگەر ئاوڕێک لەسەدەی پێشووتر نەدەینەوە.

لەدەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا پادشاو حاکمو میرەکانی کورد، دوای بەرەنگاربوونەوەیەکی قارەمانانەو خوێناوی

لەبەرامبەر هێرشی هەماهەنگی دەوڵەتانی داگیرکەردا، سەرەنجام یەک لە دوای یەک تێکشکانو دەوڵەتو دەسەڵاتی سەربەخۆو نیوەسەربەخۆی کوردی لەهەر چوارگۆشەی کوردستان، هەرئەوەی بەسەرهات کەگۆران لەزمانی سالم- ەوە دەڵێت:

زەلیلی نەجمو هیلالە شەوە، سولەیمانی

غرووبی کردووە رۆژی شکوویی بابانی

لە ئەنجامی ئەو تێکشکان و داگیرکرانەدا، رێگا خۆشبوو بۆ زنجیرەیەکی نەپساوە لە شۆڕشی رزگاریخوازی چەکدارانە، کە لەشۆڕشەکانی یەزدان شێرو شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی-یەوە دەستپێدەکات و بەشێخ مەحمودی مەلیک و شێخ سەعیدی پیران و کاپل ئاغای سمکۆ و سەرەنجام راپەڕینەکانی دەرسیمو ئاگری و بارزان کۆتایی پێدێت.

ئەم دەورەیە لەمێژووی کوردو کوردستاندا بەشێکی زۆر لەسەدەی نۆزدەو بەشێک لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستی بۆ خۆی تەرخانکردووە.

ئەم شۆڕشانە زۆر بەرین و جەماوەری بوون و هەموویان دوو سیفەتی هاوبەشیان هەبوو: یەکەم؛ راپەڕینی چەکداری بوون.. دووەم؛ لەدەوری سەرکردایەتی شێخێک یا سەرۆک عێلێک یان بنەماڵەیەکی ناودار کۆدەبوونەوە.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە، (جگە لەشۆڕشی چەکدارانە)، کاری گەورەی سیاسی، دیپلۆماسی و رووناکبیری کراوە، کە زەمینەسازبوون بۆ ئەو گۆڕانکارییە گرنگەی سییەکانی سەدەی بیست و خۆشیان هەرکام ئەستێرەی گەشی خەباتی کوردایەتی بوون، وەک کارە شاکارەکەی حاجی قادری کۆیی بۆ وەخەبەرهێنانی میللەت و دارشتنی تیۆری ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بناغەی یەکبوونی نەتەوەو نیشتمان و زمانی کوردی و بەرامبەربوونی هاووڵاتیان. هەموو تێکۆشانە بەنرخەکانی بنەماڵەی سەربەرزی بەدرخان؛ دیپلۆماسییەتی پرشنگدار و پڕسوودی شەریف پاشای خەندان، خەباتی سیاسیی شەهیدی مەزن شێخ عەبدولقادری شەمزینی و زاناو تێکۆشەرانی ناو تەعالی و تەرەققی لەئەستەمبوڵا و تێکڕای ئەو چاپکراوو گۆڤارو رۆژنامانەی کەسیمایەکی نوێیان بەخشی بەخەباتی گەلی کورد لەم سەردەمەدا، جا با کەڵەپیاوانی وەک نەمران: میقدادو سورەیا بەدرخانو حوسێن حوزنی موکریانیو حاجی تۆفیقی پیرەمێرد ناچاربووبن بەتەنیاو بەدەستی خاڵی دەستی بدەنێ و هەرکام یەک بەهەزار بن!

بەڵام چۆن ئەو کارە پیرۆزە پڕبایەخەو ئەو خەباتە بێوچانە دژوارە لەدەستی تاکە فەردی سیاسەتمەدار و بنەماڵەدار و رووناکبیرەوە بگوێزرێتەوە بۆ ناو جەماوەری فراوانی کرێکار و جووتیار و کاسبکار و خوێندەوار؟ بۆناو ملیۆنەها ئینسانو

خێزانی هەژارو بێدەرەتانی ناو دێهاتو شار، کەهەمیشە دەستەچیلەی ناو هەرسووتانێک بوون، چ لە پەلامارو زوڵمو زۆری داگیرکــــەرانداو چ لەڕاپەڕینو سەرهەڵدانەکانی میللەتی کورددا؟

چۆن شێوەیەکو ڕێبازێک لەخەبات دابمەزرێ، کەکۆمەڵانی خەڵک نەک هەر بەشدار، بەڵکو ڕێکخەر و بڕیاردەرو بەڕێوەبەری خەبات بن؟ئەوەش چۆن دەکرێ تا ئەو ملیۆنەها خەڵکە گوزەرانو بژێویی خۆیانو خێزانیان لەسەرکەوتنی خەباتەکەدا نەبینن؟ تا دڵنیانەبن کە لە ژێر سایەی دەوڵەتو دەسەڵاتی میلیدا، چەوسانەوە دەگۆڕێ بەحەسانەوە، برسیەتیو ترسو تالان جێی خۆی دەدا بەتەسلیو تەباییو ئاسایش؟

برایم ئەحمەد-ی گەنج, ئەم دەرسەی لەڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا فێربوو و پاشان بەدرێژایی تەمەنێکی پڕهەوراز و نشێو، هەموو بەهرەی خۆکردو خواپێداوی تەرخانکرد بۆ دارشتنو بەرەوپێشبردنو بەئەنجامگەیاندنی ئەم ئەزموونو بەرنامەیە. ناسیۆنالیزمی کورد لەسەر دەستی مامۆستا برایم ئەحمەد لەدەیەی سیی سەدەی بیست بەدواوە، بوو بەتێهەڵکێشی لەبارو هاوسەنگ لە (عەدالەتی کۆمەڵایەتیو مافی نەتەوایەتی).

برایم ئەحمەد؛ لەو ڕێبەرانەیە کەخەباتی خۆی وەک ڕووناکبیرو تیۆریسیەن لەگەڵ خەباتی وەک (سیاسەتمەدارو بەڕێوەبەر) لەیەکتری موتوربە کرد و لەئەنجام دا: دەستەملانێو هاوپەیمانیو هەماهەنگێکی دیالکتیکو هارمۆنێک لەنێوان داخوازی (چینایەتیو نەتەوایەتی)و دژایەتیکردنی هەر ڕێبازێکی راسترەو و چەپرەو، کەیەکێک لەو دوو ناوەرۆکە فەرامۆش بکات، حاشای لێبکات یان وەلای بنێ، بوو بەتیۆری ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی و بوو بەداهێنانێکی مێژوویی لەو کاروانە دوورو درێژەی کوردایەتیدا، کەمۆرکی برایم ئەحمەد-ی بۆ هەتاهەتا لەسەر نەخشاوە.

ئەم بابەتە لە پاشکۆی تایبەت بە مامۆستا برایم ئەحمەد لە کوردستانی نوێ بڵاوبووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠

## برایم ئەحمەد، مەشخەڵی بیری نوێ



لەیادی ١٠٦ هەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونیدا

خەلیل عەبدوڵڵا

مامۆستا برایم ئەحمەد سەرباری ئەوەی کە کەسایەتییەکی گەورەی سیاسیی کوردستان بووە، لە بوارەکانی ئەدەبیو روناکبیریشدا قەڵەمێکی دیارو مەشخەڵێکی داگیرساوی بیری نوێو پێشکەوتنخواز بووەو لەقۆناغێکی تاریکدا بەرهەمەکانی وەک چرایەکی رۆشنو پرشنگدار کوردستانیان روناک کردۆتەوە.

مامۆستا برایم لەرۆژی ٥ی ئاداری ١٩١٤ لەگەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایک بووە.

لەسلێمانیو بەغدا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو ساڵی ١٩٣٧ کۆلیجی مافی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. مامۆستا برایم ئەحمەد هەر لەسەردەمی لاوییەوە خولیای جیهانی ئەدەبو نوسین بووەو لەتەمەنی ١٨ساڵییەوە لەرۆژنامەی ژیانی پیرەمێرد بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوەو پیرەمێرد پێی سەرسام بووەو وەک کوردیزانێکی رەوانو نەوجەوانێکی هەڵکەوتوو وەسفی کردووە.

مامۆستا برایم لەسەردەمی خوێندکاری لەبەغدا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا کۆمەڵەی لاوانی کوردی دامەزراندووەو گۆڤاری دیاری لاوانی دەرکردووە.

مامۆستا برایم سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو بووەو لە حزبەکانی ژێکافو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانو پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق رۆڵی دیاری هەبووەو وەک سەرکردەیەکی روناکبیر شوێن پەنجەی بەئەدەبیاتی سیاسی ئەو حزبانەوە دیارە.

مامۆستا برایم لەکایەی ئەدەبیو روناکبیریشدا شوێن پەنجەی دیارەو پیاوێکی فرە بەهرە بووەو لەبوارەکانی شیعرو پەخشانو رۆمانوچیرۆک و مێژوو و زمانو وەرگێڕان خزمەتی کردووەو خاوەنی ٢٦ کتێبەو ژانی گەلو کوێرەوەریو دواتیری کەوان لەنمونەی شارەکارە بەرزەکانی ئەون.

مامۆستا برایم ئەحمەد لەبواری رۆژنامەگەریشدا رۆڵی دیارو درەوشاوەی هەبووەو گۆڤاری گەلاوێژ بەیەکێک لەو ئەستێرە پرشنگدارو درەوشاوانە دادەنرێت کە دەوری زۆری لەهۆشیاری سیاسیو روناکبیریدا هەبووە.

ئەم گۆڤارە لەنێوان ساڵانی(١٩٣٩- ١٩٤٩) بۆ ماوەی ١٠ساڵ دەرچووەو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیازو مامۆستا عەلادین سەجادی سەرنوسەری بووە.

گۆڤاری گەلاوێژ بایەخی بەبڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیو رۆشنبیریو سیاسی داوە ئەوەش لەوکاتەدا خزمەتێکی گەورەی بەرەوتی روناکبیری لەکوردستان کردووەو هۆکاری سەرەکی گەشەپێدانی رۆژنامەگەریو پاراو کردنی زمانی کوردی بووە.

ئەم گۆڤارە شێوازی رێنوسی نوێی کوردی هێنایە ئاراوەو زمانی کوردی لە وشەی بێگانە بژار کردو کوردییەکی جوانو پاراوی هێنایە کایەوە.

گۆڤاری گەلاوێژ گۆڤارێکی سەنگین بووەو قەڵەمی دیاری وەک (ئەمین زەکی، پیرەمێرد، تۆفیق وەهبی، شاکر فەتاح، شێخ محەمەدی خاڵ، حسین حوزنی عەبدوڵڵا جەوهەرو چەندانی تر بەرهەمەکانیان تێدا بڵاو کرۆدتەوە.

دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ خزمەتێکی گەورەی بە هەموو کایە فکریو رۆشنبیریو مەعریفییەکانی کۆمەڵی کوردستان کردووەو روخسارێکی جوانی رۆشنبیری بەشاری سلێمانی داوەو بۆتە هۆی ئەوەی هەر لەو سەردەمەوە بەهەوڵی مامۆستا برایم و روناکبیرانی تر سلێمانی وەک شاری رۆشنبیری بدرەوشێتەوە.

مامۆستا برایم ئەحمەد لەبوارەکانی سیاسیو روناکبیری خزمەتێکی زۆری پێشکەش کردووەو شوێنی دیارە.

بەداخەوە ئەم پیاوە گەورەیە لە رۆژی ٨ی نیسانی ٢٠٠٠ بۆ دواجار لەشاری لەندەن ماڵئاوایی کردو تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ کوردستان و لەگردی سەلیم بەگی شاری سلێمانی بەخاک سپێردراو چووە ریزی نەمرانی کوردستانەوە.

درودی رێزی وەفاو ئەمەکداری بۆ گیانی پاک و پیرۆزی مامۆستا برایم ئەحمەدی سیاسەتمەدارو روناکبیرو مەشخەڵی بیری نوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠٢٠

----------------------------------------

## مامۆستا!.. یادداشتێک سەبارەت بە جیهانبینیی



سوورێن ئیبراهیم

ڕۆمانی کوردیی (ناوبین) لە مامۆستا برایم ئەحمەدەوە دەست پێ دەکات. تاقەنە ڕۆمانەکەی: "ژانی گەل" و چیرۆکە درێژەکانی: "کوێرەوەریی، کەرەلۆتیی مەنوچەهر، خازێ، تۆڵەسەندن، لە وڵاتی قارەمانانا" و شیعرەکانی و... سەر بەو ڕێبازەن وا بە ڕیالیزمی سۆشیالیستیی ناودێر کراوە، گەر بمانەوێ وردتر پێناسەی ئەو ڕێبازە بکەینەوە، ئەوا لە ئاستی ئەدەبییاتی کوردییدا گەرەکە بڵێین: "ڕیالیزمی کەمینەکان"، کەمینەی مرۆیی و زمانیی و کەلتووریی... نازانم دەستەواژەکەم بۆ دۆخی ئەدەبییاتی کوردیی تا چەند فیتە، چونکە بەپێی گواتاریی و دۆڵۆز واژەی ئەدەبیی کەمینە، پێش ئەوەی پەیوەندیی بە ڕێژەوە هەبێ، پەیوەندیی بە جیاوازییەوە هەیە. ژانی گەل هەم هیی کەمینەیەکی نەتەوەیی و نەژادییە، هەمیش هەڵاوێردەیەکی زمانەوانیی.

کەسێتیی شیعریی و ئەدەبیی نێو ئەدەبییاتی کوردیی پێش جیهانبینیی مامۆستا برایم ئەحمەد، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو

هۆشیارییە پەرەگرتووەی نییە وا بخوازێ وەک جیاوازیی و شووناسێکی نەتەوەیی بپەژرێنرێ، ڕەنگە ئەمە کاریگەریی دەوڵەتی عوسمانیی بێت، کە یەکە و پێکهاتەیەکی بان - نەتەوەییە و ئوممەیی، بوار نادات ئەو هۆشیاریی و ڕاچڵەکینە سەرەتاتکێ بکات. لێ کەسێتی کوردیی لە جیهانبینیی مامۆستا برایم ئەحمەددا سەر بە "ئارەسەنێتیی و نانیشتەجێبوون"ـە. کەسێتییەکی زۆڵ کە هیچ ئینتیمایەکی بۆ دەوڵەت نەتەوەی پێکهاتووی پاش دابەشکاریی دەوڵەتی عوسمانیی نییە، "ئینفسالییەک، شعووبییەک، ئێرانییەک، داردەستێکی ئیمپریالیزم و کەوشەکوڵکینەیەک و..." دەرکراوێکی ڕەگەزیی و ئایینیی و فەرهەنگیی و سیاسیی، لەرزۆکێک، کە نە لە زمانی ئەوانی تردا، نە لە فەرهەنگی ئەوانی تردا، جێی دەبێتەوە. پوازێکە و نارێکییەک. خودی مامۆستا تەنانەت تاکوو مرد ناسنامەی ئێراقیی نەبوو. دەیوت ئیمرۆ دەڵێن ببەوە ئێراقیی، سبەی دێن دەڵێن وەرە ببە بە عەرەبیش! هاوشان کاتێ دەوترێ ڕۆمان بەرهەمی چینی بۆرژوای شارنشینە، ئەمە خۆی سیمبولێکە. شار، واتە نیشتەجێبوونێکی زمانیی و هێوریی و مافی کەلتووریی. کورد وەک هەبوونێکی کەلتووریی هەڵواسراو بوو!

جوامێری ژانی گەل، هەمان جوان مێهر و مەرد، هەمان نەڕەی سرووشت و ئەو مرۆڤە گەرۆک و بێشوێنەیە وا لە سنوورە واقعیی و مەجازییەکانی نێوان چوار ستاتۆی درکاویی و چەپۆکسالاری مۆدێرندا خوێن دەدەڵێنێ، هەمان مێیینەیی و ڕەسەنێتیی خاک! چەپێنراوێک کە هەمیشە دەبێ لە پێواردا زڵتەی چاوی بێ، کە نەتەوانی تر پێیان پەشم و نەنگە بێتەوە ڕیزیان، لە مێژووی پەرەگرتنی مرۆڤدا دەڵێن، کاتێ مرۆڤ پەرەسەندووەکان گەڕانەوە و سەروپۆتەلاکی باوانی ئەفریقایی خۆیان دیت، شەرم و تووڕەیی و قێز تێکڕا وای کرد بکەونە چنگەپۆپانێ و بە تەور و نێزە هەلاهەلایان بکەن، تا نەبنە یادەوەرییەک بۆ هەقیقەت و ڕەسەنێتیی ئەو/خۆیان.

فرۆید لە باسی تراومادا دەیوت، ئەوانەی وا دۆخی دەروونییان پەشۆکاوە و شێواو، لەگوینە لە منداڵیی و ساوایەتییدا تراومایان بەر کەوتبێت. کاتێ لە دۆخی کەسێتییە ئافرێندراوەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد ڕادەمێنین، ئەوا بەر کەسێتییەک دەکەوین تێکڕای ژیانی منداڵیی لە ڕاچڵەکین و تراومادا چوارمێخە کێشراوە. هەڵبەت من شتەکە گشتیی دەکەمەوە و مەبەستم کۆهەست و کۆنەست و کۆژینگەی کوردییە، ئەو منداڵە ساوا خەیاڵکراوەی وا هەموو ژیانی ساکان و داڕووخانە. کەسێتییەک کە هێشتانەکێش هەر ئەو ساوا ترساوە هەوڵەقماوەی نێو پانتایی جیهانی بەرهەست و دەرهەستە: شاکەسی جوامێری ژانی گەل و سۆفی هەسەنی کوێرەوەریی و مەنوچەهری کەرەلۆتیی مەنووچەهر و خازێی چیرۆکی خازێ و ژنەی نێو چیرۆکی تۆڵەسەندن و دایکەکەی چیرۆکی لە وڵاتی قارەمانانا، سەرپاکیان هێما بۆ ئەو کەسێتییە دەکەن وا لە سۆنگەی ڕسکانی دۆخێکی داتەپیو و ستەمکارییەوە تێکڕا بوون بە کۆیلەی زەویی و کۆیلەی سەردەست و کۆیلەی جوگرافیا، سا ئەو منداڵەن وا تراوما بەشێکی بنەڕەتی ژینیان پێک دێنێ. برایم ئەحمەد کەسێتییەک پەلکێشی نێو شانۆی ژیان دەکات کە سەدان ساڵە وا لە تاریکییدا، جا بۆیە کەسێتییەکە هاوشان مەرگەسات و بەزمەسات پێک دێنێ، لە تاریکیی هاتووەتە



سەرچاوە
Serchawe

دەرێ و تێکرا کەڵەکەبوونێکی کەلتووریی و زمانەوانیی و سیاسیی ئەوانی دی بەسەرا دادەبارن و هەلەکەسەمای پێ دەکەن! بۆیەکە گەر دیسانەوە باسی ئەو منداڵە خەیاڵکراوە دەرکراوەی نێو مێژوو بکەم، دەتوانم بڵێم منداڵێکە گۆج، برسیی، کە ئارەزووەکانی تێر نەکراوە و تووشی عوساب هاتووە. ناتوانێ هەنگاو هەڵهێنێ: مێژووی چەپێنراو!

لەو سۆنگەوە واژەی "مامۆستا" بۆ برایم ئەحمەد، پێش ئەوەی پێدراوێکی ئەکادیمیک بێ، پێدراوێکی فەرهەنگیی و پلەیەکی هۆشیارییە.

باختین لە باسی فرەدەنگییدا باسی ئەو ڕوانگە و گۆشەنیگایانەی دەکرد وا هەر کەسێتییەو خۆی لێوە دەنوێنێ، ئەو بەمەی دەوت: "دیموکراتییەتی ڕۆمان". کاتێ ئەمە لێل جیهانبینیی مامۆستا برایم ئەحمەددا لە بێژنگ دەدەین، ئەوا بەر ئەو جیهانبینییە دەرەحوجرەییە دەکەوین وا چیدی وەگێڕێکی باڵا و هەمووشتزانی نێو پەڕتووکی پیرۆز خۆی لە بنکلێشەیدا مەڵاس نەداوە، جیهانبینیی کەسێتییەکان ماتریاڵییتر، زەمینیتر، کەلەپچەکانی دەست و کلیلەکانی زمانیان شکاون... هەرکاو و شپرز و شپرێو دەبنە گۆڤانی سەردەمێکی مێژوویی و کەلتووری و ڕامیاریی... تێکڕا گەر بمانەوێ پێناسەی جیهانبینیی مامۆستا برایم ئەحمەد بکەین، دەتوانین دوو خاڵی گرنگی لێوە هەڵێنجین: نواندنەوەی ڕیالیزمی کەمینەکان و شاراندنی ئەدەبییاتی کوردیی. ئەمەش نیشتەجێبوونێکی هەم کاتەکیی و لەشەکیی و شوێنەکییە.

بۆیەکە هەوڵی ڕۆماننووسیی لای مامۆستا برایم ئەحمەد سەرەتا هەوڵێکە بۆ نیشتەجێبوون و پاوەگەزدان بە ڕووی دڕک و نێزەی چەند زمان و دەسەڵاتی تردا. ئەو جیهانبینیی و پێگەیەکی کۆمەڵایەتییش پەرچ دەداتەوە: دووانەی کۆنەپارێزی "حوجرە و دێوەخان'، چونکە چیدی شوێنێک نین بۆ نیشتەجێبوونی کوردیی. ئەم پرسیارە دەکەم: چۆن دەکرێ خۆت لە دەسەڵاتی کەلتووریی پێشیین داماڵی و دەسەڵاتی کەلتووریی و ستاتۆ نامۆ دەمامکدارە ڕەشپۆشە تازەکانیش پەرچ بدەیتەوە؟! دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی کورد و ژێکافی باشوور و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان و خەبات و دەرکردنی گۆڤاری دیاریی لاوان و ڕزگاریی و "گەلاوێژ" و چریکەی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پێشەوای کورد، قازیی محەمەد و ڕێبەر ئۆجەلان، دەچنە هەمان خانە، دەڵێن یەکەم ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیی لە بن ناوی: سیاپۆش، ئەو لە ڕۆژنامەی ژیان نووسیویەتی، پیرەمێرد پێی وتووە: "ژیان چاوەڕێی ئەم کوردییە ڕەوانەیە." مشتومالدانی زمانی شاریی و نیشتەجێبوون و شوناسمەندکردنی کەسێتیی و ماڵی کوردیی: سلێمانیی، نووسەری عەرەب، زوهێر جەزائیریی جارێکیان وتبووی: "ئێرە مەڵبەندی ڕۆحی کوردەکانە." سلێمانیی لێرەدا هێمایە بۆ بووژانەوە و نیشتەجێبوونی ڕۆحی کوردیی.

هەڵهاتن لە کۆچەرێتیی و ڕاڕایی پێشیین، ئەمەش شۆڕشە. ئێمە لەسەر ڕەگی خۆمان نیشتەجێ بووینەوە! چونکە "لە زڕەی

زنجیر دڵمان نەلەرزی!" هەمان نووسەر وتوویەتی: "بەعسییەکان پێیان وتم، متمانەتان بەم شارە نەبێت، ئەم شارە بۆسەیە."

بەڵێ، بۆسەیەکی کوردیی!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

**برایم ئەحمەد، ئەو رابەرەی کە هەمیشە رێبازەکەی ئاوەدان و فراوانتر دەبێت**



بارزان شێخ عوسمان

هەر لەگەڵ ناوی مامۆستای نەمر برایم ئەحمەد دێتە گوێم یان نووسینێکی ئەو زاتە گەورەیە دەخوێنمەوە، دەستبەجێ رستە بەناوبانگەکەی ناو وتارە بە پێزەکەی کاک نەوشیروانی سەرکردەم بیردەکەوێتەوە کە لەرۆژی مەراسیمی شادکردنی جەستەی مامۆستا برایم ئەحمەد بە خاکی دایک لە گردی سەلیم بەگ پێشکەشی کرد و تیایدا ئاماژەی کرد بەوەی کە نابێت بە هۆی ململانێ سیاسییەکانەوە رۆڵی ئەم رۆڵە هەڵکەوتووەی گەلەکەمان فەرامۆش بکرێت، لەوتارەکەیدا کاک نەوشیروان ئەو شەڕە قورسەی بەبیرهێنایەوە کە مامۆستا برایم ئەحمەد بە تەنیا لە رۆژنامەی زمانحاڵی پ د ک دا لە بەرامبەر بەعسییە قەومچییەکان کردی بۆ داکۆکی و سەلماندنی رەوایی مافەکانی کورد لە دەستووری عیراقدا .

بەڵێ مامۆستای نەمر وەک چۆن لە سەرەتا و تافی لاوییەوە خۆی تەرخانکردبو بۆ خزمەتکردنی گەلەکەی لەسەر بنەمایەکی زانستیی و پێشکەوتنخوازیی، کە چووە ناو ژیانی سیاسیشەوە ئیتر هەموو بوارەکانی بیرکردنەوەو روانینەکانی خۆی خستە خزمەتی کوردایەتییەوە کە قوربانیدان بە پلە وەزیفییە قانونییەکانی خۆی کردە قوربانی بەردەوامبونی گۆڤاری گەلاوێژ تا

درێژە بەژیانی ئەو گۆڤارە بدات لە پێناوی ئەو ئامانجە پیرۆزو ڕەوایەی کە بەرنامەی بۆ دارِشتبوو خزمەتی گەلەکەی پێ بکات و بە رزگاریی و سەربەخۆیی شاد بکات.
مامۆستای نەمر لە میانەی تێکۆشانیدا لە نێو هەموو پارتە سیاسییەکانی پێش(پارتی) دا، مەدرەسە و ڕێبازێکی هاوچەرخی دامەزراندبوو کە دەیان رۆڵەی تیادا پەروەردە ببوو، بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی پارتیدا ریزەکانی ئەو حزبە بووە مەیدان و چەقی خەباتی بەشی هەرە زۆری ئەو رۆڵە بە ئەمەکانەی کە بە ڕێباز و فیکری برایم ئەحمەد گۆش کرابون.

راستگۆیی ئەم کەسایەتییە رووناکبیر و بلیمەتەی گەلی کوردستان لەگەڵ بیروباوەڕو ڕێبازە سیاسیی و ئینسانییەکەیدا لە بوارەکانی پارێزەریی، ئەدەبیی، رۆژنامەگەریی و سیاسییدا رەنگی دابووەوە کە مۆرکێکی پێشکەوتنخوازیی، دیموکراسیی، مرۆڤدۆستیی، دادپەروەریی، یەکسانی، چینایەتیی و هاوچەرخیی لەخۆگرتبوو.ڕێبازە پیرۆزەکەی مامۆستای نەمر بریتیبوو لە سەلماندنی مافەکانی گەلی کوردستان بەو جۆرەی کە خۆی بڕیاری لەسەر دەدات لە سایەی سیستمێکی دیموکراسییدا کە هەموو چەوساندنەوە نەتەوەیی و چینایەتییەکانی تێدا بنبڕ بکرێت، شان بەشانی گەلان و میللەتانی هاوسێی. ڕێبازو مەدرەسە ئینسانییە پێشکەوتنخوازەکەی مامۆستا برایمی نەمر لەسەر بنەمای یەک پارچەیی کورد و خاکەکەی بنیات نراوە کە کورد خاوەنی یەک مەسەلەیە بە رەچاوکردنی هەلومەرج و بارودۆخ لەهەر پارچەیەکیدا، ئەویش رزگاریی و ئازادیی و شادبوونە بە مافی چارەنووس.

لەبارەی نەهێشتنی ستەمی رەگەزیی سەر ژنانیش مامۆستای نەمر بایەخێکی تایبەتی بەم لایەنە داوە کە هانی رۆڵەکانی گەل دەدات پێگەی ژنان بە هەند وەربگرن، ژنانیش خۆیان تەرخان بکەن بۆ چڕکردنەوەی خەباتیان لەپێناوی یەکسانیی و بەشدارییکردنیان لە کایەکانی ژیانی سیاسیی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییدا.
ئەو خاڵە گەشانەی کە دڵۆپێکن لە دەریای ڕێباز و فیکری مامۆستای نەمر ئاماژەن کە ڕێبازەکەی برایم ئەحمەد راستوڕەوایە و دەریچەی رزگاریی ئازادییە، مەدرەسەیەکی گشتگیری سەرتاسەرییە بۆ گەلی کوردستان و تەواوی دیموکراتخوازو پێشکەوتنخوازەکانی گەلانی دراوسێ و هاوبەشمان، هەموو پێشبینیی و نەخشەی ڕێگاکانیش بۆ بەدیهێنانی خواستە رەواکانی گەل کە دەیان ساڵ لەمەوبەر مامۆستای نەمر لە پەیامەکانیدا ئاماژەی بۆ کردوون تائێستاش هەر بەگەشاوەیی ماوە، بۆیە ڕێبازە پیرۆزەکەی رۆژبەڕۆژ ئاوەدانترو فراوانتر دەبێت.

هەزاران درود بۆ گیانی مامۆستا برایم ئەحمەدی رابەرو رووناکبیر و پارێزەر و رۆژنامەنووس و ئەدیبی گەورەی گەلەکەمان. هەر رۆشن بێت مەدرەسە و ڕێبازە ئینسانیی و کوردایەتییە هاوچەرخە پێشکەوتنخوازەکەی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١٩

## ئیبراهیم ئەحمەد، میراسێک تێکۆشان بۆ یەکێتیی نەتەوەیی



بەرهەم لەتیف

لە ماوەی ژیانیدا ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆڵی هەبووە لە زۆرینەی قۆناغە سیاسییەکانی کوردستان و بەیەکێک لە ڕێبەرانی تێکۆشانی سەدەی ٢٠ی باشوری کوردستان هەژماردەکرێت، لەپاڵ خەباتە سیاسییەکەشدا جێدەستی دیاربووە لە کایەی ڕۆژنامەنووسیی و ئەدەبیی کوردیدا، ڕۆژی ٤ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا کۆچی دواییکرد و ئەمڕۆش ٢٠ ساڵ تێپەڕبوو بەسەر کۆچی دواییدا.



### چەند وێستگەیەکی گرنگی ژیانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ناسراو بە "بلە"

لە ٦ی ئازاری ساڵی ١٩١٤ لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٣٧ لە شاری بەغدا کۆلێژی یاسا تەواو دەکات، هەر لەو سەردەمەی خوێندکاربووە لە زانکۆی بەغدا، لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کورد گروپێک بەناوی "لاوانی کورد" پێکدەهێنن و گۆڤارێکیش بەناوی "دیاری لاوان" بڵاودەکەنەوە.

لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە ئاوێتەی کاری ڕۆژنامەنووسیی بووە و نۆبەرەی نووسینەکانی لە ڕۆژنامەی "ژیان" بڵاوکردووەتەوە، ساڵی ١٩٣٩ بۆ ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی گۆڤاری "گەلاوێژ"یان دەرکردووە. خاوەنی ڕۆژنامەی

کوردستان بووە و ئەرکی بەڕێوبەردنی ڕۆژنامەی خەباتیشی لەئەستۆ گرتووە، بۆ ماوەیەکیش گۆڤارێکی بەناوی ڕزگاری دەرکردووە.



بە دامەزرێنەر و لێپرسراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێ - کاف) دەناسرێت لە باشوری کوردستان، کە سەر بە مەڵبەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی ڕۆژهەلآت بووە و بە پێشەنگایەتیی قازی محەمەد کۆماری کوردستانیان لە مهاباد دامەزراند، لە زۆر ناوچەی کوردستان لقی "ژ - ک" و پاشان حزبی دیموکراتی کوردستان "حدک" دەکاتەوە.

ساڵی ١٩٤٧ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ساجیدە ساڵح فەتاح ناوسراو بە گەلاوێژخان پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەشیان دوو کوڕ و پێنج کچە بەناوەکانی "هەڵۆ، هاوڕێ، هێرۆ، شاناز، هەتاو، لیلۆز و مژدە".

پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد، لە ساڵی ١٩٤٧ ئیبراهیم ئەحمەد و لقی "ژ - ک" بڕیاریاندا بچنە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و مامۆستا ئیبراهیم بە سەرۆکی لقی سلێمانی پارتی هەڵبژێردرا.

دوای جێهێشتنی کوردستان لەلایەن مستەفا بارزانییەوە و چوونی بۆ ڕوسیا، لە ساڵی ١٩٥١ەوە ئیبراهیم ئەحمەد کارەکانی سەرۆکی پارتی ڕادەسپێرێت و لە کۆنگرەی دووەمی پارتیدا لە ساڵی ١٩٥٣ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە، وەک سکرتێری گشتیی پارتی هەڵدەبژێردرێت و تا ساڵی ١٩٦١ بەردەوام دەبێت لەو ئەرکە.



لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق، ئیبراهیم ئەحمەد و شاندێکی پارتی هەوڵەکانیان چڕدەکەنەوە بۆ زامنکردنی مافەکانی باشوری کوردستان لە دەستووری نوێی عێراقدا، بۆ ئەو مەبەستە ڕوو لە بەغدا دەکەن و داواکارییەکانیان دەگەیەننە دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی عێراق، بەڵام زۆرینەی داواکانیان ڕەتدەکرێتەوە.

بۆ زامنکردنی مافەکانی گەلی کورد و بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ باشوری کوردستان، لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا سەردانی جەمال عەبدولناسر، سەرۆکی ئەوکاتی میسر دەکەن کە نزیکایەتیی زۆری لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی عێراقدا هەبووە.

ئیبراهیم ئەحمەد لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول-یشدا لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕوویکردووەتە شاخ و لە ڕووی سیاسییەوە شۆڕشەکەی بەڕێوەبردووە و کاریگەریی زۆری هەبووە، پاش هەرەسی شۆڕشەکە لە ١٩٧٥، ڕوویکردووەتەوە ئەوروپا و زۆربەی ژیانی لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا گوزەراندووە.

ساڵی ١٩٩٤ ئیبراهیم ئەحمەد لەڕێی محەمەد ئەمین پێنجوێنییەوە بەهاوڕێیەتیی مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ "هاوار" سەردانی عەبدوڵا ئۆجالان، ڕێبەری گەلی کورد دەکات لە دۆڵی بیقاع-ی لوبنان.



بەرهەمی ئەو سەردانەشیان کتێبی "دادگای مێژوو" دەبێت، تێیدا بە تێروتەسەلیی ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن سەبارەت بە نیو سەدەی خەباتی گەلی کورد و چەندین لایەنی شاراوەی جوڵانەوە کوردییەکان ئاشکرا دەکەن.

ئیبراهیم ئەحمەد، لە بەشێکی کتێبی دادگای مێژوودا، بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە لەبارەی دوژمنایەتیی دەوڵەتی تورک بۆ پرسی کورد و دەڵێت: لە سەروبەندی هەوڵەکانی زامنکردنی مافەکانی باشوری کوردستان دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی عێراق، ڕۆژێکیان کۆنسوڵی تورکیا هات بۆلام و بەتووڕەییەوە سکاڵانامەیەکی نارەزایەتیی پێدام، پێی وتم: بەناوی دەوڵەتەوە لەبەر ئەوەی دەستان لە کاروباری دەوڵەتەکەم وەرداوە شەرمەزارتان دەکەم.

ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت منیش لێم پرسی ئەو مەسەلە ناوخۆییە چییە کە ئێمە دەستمان تێوەرداوە؟ لە وەڵامدا وتی: مەسەلەی کوردە، منیش پرسیارم لێکرد لە وڵاتی ئێوەدا کورد هەیە؟ لە وەڵامدا وتی: نەخێر.

هەربۆیە ئیبراهیم ئەحمەد دەوڵەتی تورک بە دوژمنی سەرەکیی گەلی کورد لەقەڵەم دەدات و دەڵێت: دەوڵەتی تورک تەنها دوژمنی کوردانی باکور نییە، بەڵکو دوژمنی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانە، هەربۆیە پێویستە هەموو وڵاتپارێزێکی کورد دوژمنەکانی خۆی بناسێت و بزانێت، ئەگەر کوردانی باکوری کوردستان مافەکانیان بەدەستنەهێنن، لە هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستانیش دەوڵەتی کورد دابمەزرێت، مسۆگەر دەڕووخێت.

دوای ئەو دیدارەش، ئۆجالان لە ساڵی ١٩٩٥ نامەیەکی دەستنووس ئاراستەی ئیبراهیم ئەحمەد و مامۆستا هاوار دەکات و تێیدا ستایشی دیدارەکەیان دەکات و بە هەنگاوێکی گەورە و مێژوویی ناوی دەبات.

دەقی نامەکەی ئۆجالان:

بۆ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و هاوار "محەمەد ڕەسوڵ"

من زۆر خۆشحاڵ بووم، بینین و کۆبوونەوەکەمان مێژوویی بوو، هەنگاوێکی گەورەبوو، بۆ میللەتی کورد سەرکەوتن بوو، بۆ دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، من هەموو کات سەرکەوتن و ساغی بۆ ژیانی ئێوە دەخوازم و سڵاو دەکەم.

دوای دامەزراندنی  کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانیش لە ئەوروپا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەبێتە ئەندامی کۆنگرەکە و پێشنیاریش دەکرێت کە ببێتە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، بەڵام بەهۆی نەگونجاویی بارودۆخی تەندروستییەوە ڕەتیدەکاتەوە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.

دید و بۆچوونە نەتەوەییەکانی ئیبراهیم ئەحمەد:

فەلسەفەی سیاسیی ئیبراهیم ئەحمەد نەتەوەیی بوو، بەوە ناسراوە کە کەسایەتییەکی نەتەوەیی هەبووە و زۆرینەی نووسین و بەرهەمەکانیش گوزارشت لە دیدە نەتەوەییەکەی دەکەن، دژی زۆرداریی بووە و زۆرینەی تەمەنی تەخانکردووە بۆ وەستانەوە لەدژی دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتە سەردەستەکانی عێراق.

هەمیشە هەوڵیداوە خەباتی چینایەتیی و خەباتی نەتەوەیی ئاوێتە بکات و فەلسەفەی سیاسیشی لەسەر ئەو بنەڕەتە

دارێژاوە، کاتێکیش سەردانی عەبدوڵا ئۆجالان ڕێبەری گەلی کورد دەکات، دەربارەی خەباتەکەیان دەڵێت: فەلسەفەی سیاسیی من تێکەڵکردنی خەباتی سیاسیی و نەتەوەییە، کە چووم بۆلای ئۆجالان بینیم ئەو چەندین کتێبی لەسەر ئەمە نووسیوە و لە پراکتیکیشدا کاری پێدەکات.

سەرسامیی خۆشی بە شۆڕشی پەکەکە دەربڕیوە و خۆی بە بەشێک لەوان هەژمارکردووە، ڕۆڵی گرنگیشی هەبووە لە ئاشتەوایی نێوان یەکێتیی و پەکەکەدا لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ.

هەمیشەش دیدێکی تایبەتی بۆ یەکخستنی ناوماڵی کورد هەبووە و بەپێویستی زانیوە یەکێتیی و یەکڕیزیی گەلی کورد پێکبێت، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووسییشدا کە ساڵی ١٩٩٦ ئەنجامیداوە، ئیبراهیم ئەحمەد دووپات لە یەکڕیزیی ناوماڵی کورد دەکاتەوە و دەڵێت: ئێمە دوژمنەکانمان وەک یەک سەیرمان دەکەن و وڵاتەکەمان وەک یەک سەیر دەکات و بستێک پێشکەوتنمان بە قازانجی هەموو گەلەکەمان دەزانێت و ترسی هەیە تەشەنەبکات بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەو، ئەی ئێمە بۆ خۆمان ئەمە نەزانین؟ ئەگەر ئەقڵیشمان پێ ناشکێت با لە دوژمنەکانمانەوە فێربین، ئەوەی دوژمنەکانمان پێی ناوخۆشە بۆ ئێمە کەواتە لەقازانجی ئێمەدایە.

هۆنراوەی "هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین"-یش یەکێکە لە شاکارەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، کە تێیدا گوزارشت لە یەکێتیی کورد دەکات و دژایەتیی خۆی بۆ داگیرکاریی سەر کوردستانیش دەردەبڕێت و دەڵێت:

داگیرکەری دڵپڕ لە قین
دڕندەی بێ ویژدان و دین
ناتوانی واکەی کورد نەبین
هەر کورد بووین و هەر کورد ئەبین
نە عەرەبم نە ئێرانی نە تورکێکی شاخستانی
نەک هەر من خۆم مێژووش ئەڵێ
کە کوردم و کوردستانیم

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەبواری ئەدەبیشدا چەندین شاکاری بەنرخی نووسیوە وەک "ژانی گەل"، "کوێرەوەری"، "دوا تیری کەوان" و چەند بەرهەمێکی دیکە، ساڵی ١٩٣٧ نامیلکەیەکی بەناونیشانی "الاکراد و العرب" بە زمانی عەرەبیی نووسیوە، کە هەوڵێک بووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا.

ئێوارەی ٨ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە شاری لەندەن-ی پایتەختی بەریتانیا کۆچی دوایی دەکات دواتر تەرمەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆ شاری سلێمانی و لە گردی سەلیم بەگ بەخاکدەسپێردرێت.

ساڵانەش لەلایەن ڕێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشنەوە یادی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەکرایەوە و خەڵاتی "بلە"ش دابەشدەکرا، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە هیچ مەراسیمێک بۆ یادی کۆچی دوایی ئەو ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارە گەورەیەی گەلی کورد بەڕێوەناچێت.

ک.س

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠٢٠

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمەی ٢٧٢٠ی کوردی - مارچی ٢٠٢٠ی زایینی**

---

